SAYA

پڕفرۆشترین کتێب لە لیستی ئەمازۆن و نیویۆرک تایمز

# ژنی دەوڵەمەند

کتێبێک دەربارەی سەرمایە گوزاری بۆ خانمان



کیم کیۆساکی

KIM KIYOSAKI

# RICH WOMAN

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:
دلنیا دلشاد محەمەد

# پێڕست

پێشەکییەك لەلایەن ڕۆبێرت کیۆساکییەوە ........................ ٦
پێشەکی نوسەر ............................................ ٩
بۆچی ئەم کتێبە تەنها بۆ ئافرەتانە؟ .......................... ١٣
بەندی یەکەم ............................................. ٣٢
خوانی نیوەڕۆ لەگەڵ کچاکاندا ................................ ٣٢
بەندی دووەم ............................................. ٣٩
کچەکان ................................................. ٣٩
بەندی سێیەم............................................. ٥١
چیرۆکی من .............................................. ٥١
بەندی چوارەم............................................. ٧٣
بست ساڵ پێش ئێستا...... لەسەر دوورگەکە ........................ ٧٣
بەندیی پێنجەم ........................................... ٨١
ئەمە تەنها دەربارەی پارە نیە ................................ ٨١
بەندی شەشەم ............................................ ٩٩
" کاتم نییە" ............................................. ٩٩
بەندی حەوتەم ............................................ ١١٧
واتای سەربەخۆ بوونی دارایی چییە؟ ............................ ١١٧
بەندی هەشتەم ............................................ ١٣٢
"من بەگوێرەی پێویست لێهاتویم نییە" ........................... ١٣٢

بەندی نۆیەم.......................... ١٤٨
چۆن بەخێرای لێهاتووی زیاد دەکرێت .................... ١٤٨
بەندی دەیەم .......................... ١٥٧
"من زۆر ترسنۆکم"........................... ١٥٧
بەندی یازدەهەم.......................... ١٧٣
تا چەند ساماندارێت؟........................ ١٧٣
بەندی دوازدە هەم......................... ١٨٩
"من پارەم نییە" ........................... ١٨٩
بەندی سیازدەهەم.......................... ٢٠٨
زانیاری زیاتر دەربارەی ........................ ٢٠٨
بەندی چواردەهەم.......................... ٢١٨
هاوەڵەکەم ویستی لێی نییە......................... ٢١٨
بەندی پازدەهەم.......................... ٢٣٩
بۆچی ئافرەتان دەتوانن ببن بە سەرمایەگوزاری مەزن ............ ٢٣٩
بەندی شازدەهەم.......................... ٢٥٧
"من ئامادەم دەست پێبکەم" ........................ ٢٥٧
بەندی حەڤدەهەم .......................... ٢٦٦
لە سەدا نەوەتی سەرکەوتن لە ئامادەبوندایە ................ ٢٦٦
بەندی هەژدەهەم.......................... ٢٧٨
با پرۆسەکە دەست پیٚ بکات ...................... ٢٧٨
بەندی نۆزدەهەم .......................... ٢٩٦
سیٚ جۆری پیاوان / سیٚ جۆری سەرمایەگوزاری ............. ٢٩٦

بەندی بیستەم........................................ ٣١٤
سەرەکیترین چوار کلیلی بوون بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو ..... ٣١٤
بەندی بیست و یەك........................................ ٣٣٣
٥ کلیلی تر بۆ بوون بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو.............. ٣٣٣
بەندی بیست و دوو........................................ ٣٥٢
"پلانەکەم پیشان بدە" ........................................ ٣٥٢
بەندی بیست و سێیەم........................................ ٣٦٤
بەو پەڕی وزەوە........................................ ٣٦٤
بەندی بیست و چوارەم........................................ ٣٧٨
ئێوارە خوانێك لەگەڵ کچەکاندا........................................ ٣٧٨
دوا وتە........................................ ٣٨٦
دەربارەی نوسەر ـ کیم کیۆساکی........................................ ٣٨٧

# پێشەکییەک لەلایەن ڕۆبێرت کیۆساکییەوە

وتەیـەک هەیـە دەڵێـت " لـە پشـت هـەموو پیـاوێکی سـەرکەوتووەوە ئافرەتێکی بەهێز هەیە"، ئەم وتەیە بۆ منـیش زۆر دروسـتە. هـەرگیز بـەو سەرکەوتنەی ئێستا نەدەگەیشتم گەر هاوسەرەکەم کیم نەبوایـە. هەنـدێك جار ڕادەمێنم ئاخۆ بەکوێ دەگەیشتم بەبێ بوونی ئەو!

یەکەمجار کە کیمم بینـی جـوانی ڕووخساری بـوو کـە کـاریێ لێکـردم. لـە یەکەم دیدارماندا بۆم دەرکـەوت ئـەو تـەنها خـاوەنی ڕووخسـارێکی جـوان نییەو بەس بەڵکو خاوەنی مێشکێکی جوانیشە. ئەو زۆر زیرەکە.

دوای ئەوەی وردە وردە یەکمان ناسی بۆم دەرکەوت کە ناخی زۆر جوانتر لـە ڕووکەشـیەتی، هـەر ئەمـەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی بکەومـە داوی خۆشەویسـتییەوە. ئەگـەر شـتێك هـەبێت بـەناوی ڕووحـەوە ئـەوە مـن هاوڕووحی خۆمم دۆزیوەتەوە.

لـە ڕۆژە سـەختەکانماندا بـۆم دەرکـەوت کـە کـیم چـەند بـەهێزە. هێـزی نـاوەکی ئـەو بەجۆرێکـە کـە یارمـتـدەرمان بـوو لـەڕۆژە سـەختەکانماندا سـەربکەوین و ڕووبـەڕوو ببینـەوە کـە گومـانم هەیـە بـەبێ ئـەو بمتوانیایـە سەرکەوم. ساتەوەختی وامان هاتە پێش کە هـیچ پارەیـەکمان نـەبوو، نـە سـەقفێك کـە لەژێریـدابین، نـە سـەیارەیەك . کـیم لـەو سـاتەوەختانەدا لـە باوەشی دەگرتم و وەك کـوڕێکی بچوك لـە ئامێزیـدا بـەدڵ دەگریـام. ئـەو

کەسێکی زۆر بەهێز و بەتوانایە، کەسێکە هەرگیز لێم بێ ئەمەل نەبوە تەنانەت ئەوکاتانەش کە خۆم لەخۆم بێ ئەمەل بووم.

ئێمەش وەك هەر دوو هاوژینێکیتر دەماقڵە و ناهاوڕایی هەبووە لە نێوانمادا، بێگومان خۆ ئێمە ژیانی "ئۆزی و هێریتمان" نییە!

سەرباری هەموو ئەمانەش ئەو ساتەوەختە ناخۆش و بەرزی و نشێوی و هەڵانەی ژیانمان بوو بەهۆی گەشەسەندنی خۆشەویستی نێوانمان و زیادبوونی ڕێزم بۆ کیم. ئەو ئافرەتێکی سەربەخۆیە. ئەو پێویستی بە من نییە تا چاودێری بکەم. کیم کەسێکی نوێ خواز، هۆشیار، دەوڵەمەند، ڕووخۆش، میهرەبان، خۆشەویست، نازدار و سەربەخۆیە. کاتێك یاری گۆڵف دەکەین هەر وەك پیاوان بەهێز ئامانج دەگرێت. ئەو هەرگیز نایەوێت و چاوەڕێی ئەوەش نییە دەستەوەستان بمێنێت تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتە. بەداخەوە دەبێ بڵێم کیم زۆربەی جار لەمن دوورتر تۆپەکە دەهاوێژێت و خاڵی زیاتر تۆمار دەکات. دەبێ هەر سوپاس گوزاریش بم کە کاتێك دەیباتەوە گاڵتەم پێناکات و دۆڕانەکەم ناداتەوە بەچاودا. کاتێك ئێمە یەکمان ناسی من ئەوەی هەم بوو کۆڵی قەرزو هەڵەو وانەی بەپێزی ژیان و خەونێك بوو. کیم ئامادەبوو ژیانم لەگەڵ پێکبهێنێت گەرچی هیچم نەبوو تابتوانین پێکەوە ئەو خەونانەمان بکەین بەڕاستی. ئێمە ئێستا ئەو خەونە کۆنانەمان تێپەڕاندوە و لە خەون گەلێکدا دەژین زۆر لەسەرووی ئەو خەیاڵاتە پوچە سەرەتاییانەمانەوەن.

من دەزانم ئەو لەبەر پارە هاوسەرگیری لەگەڵدا نەکردووم، چونکە کاتێك یەکمان بینی بێپارە بووم. لەڕووی سەرمایەگوزارییەوە هەموو یارمەتی من بۆ کیم بریتی بوو لە فێرکرنی هەموو ئەو شتانەی لە باوکی

## ژنی دەوڵەمەند

دەوڵەمەندمەوە فێری ببوم. ئەو بەرەو سەرمایەگوزاری چوو هەر وەك مراوییەك كە بەرەو ناو ئاو دەچێت. ئەمڕۆ ئەو سەرمایەگوزاریكی زۆر لە من باشترەو گرێبەستی وا ئەنجام دەدات زۆر لەوانە گەورەترن كە من تاوەكو ئەمڕۆ ئەنجامم داوە. ئەو ئافرەتێكە پشت بەخۆی دەبەستێت، ئافرەتێكی دەوڵەمەندە.

هەر بۆیە زۆر شانازی بەوەوە دەكەم كە ئەم پێشەكییە بۆ یەكەمین كتێبی بنوسم .كیم نمونەیەكە بۆ ئافرەتانی سەردەم بە ڕووخۆشی، خۆشەویستی، میهرەبانی، جوانی،سەربەخۆیی، زیرەكی و دەوڵەمەندی. كاتێك باس دێتە سەر پارە و سەرمایەگوزاری دەزانێت لەچی دەدوێت. بەچاوی خۆم دەبینم چەند بەرەوپێش چووە لە خانمێكی گەنجەوە كە هیچی دەربارەی پارە و سەرمایەگوزاری نەدەزانی بۆ ئافرەتێك كە بووە بە پسپۆڕ لەو بوارەدا. كیم ئەوەی وەك ئامۆژگاری پێشكەشی دەكات پێشتر كاری پێكردووە. بەخۆشحاڵییەكی زۆرەوە ئەم پێشەكییە بۆ هاوڕێ و هاوكار و هاوسەرم كیم دەنوسم.

# پێشەکی نوسەر

زۆر سوپاس بۆ بایەخدانت بە کتێبی (ژنی دەوڵەمەند). پێم وایە کات و پەیام و فەلسەفەی ئەم کتێبە لەم ڕۆژگارەدا زۆر پێویستترە لەچاو پێشووەوە بۆ تەواوی ئافرەتانی جیهان. بۆچی؟ چونکە جیهانی ئەمڕۆی ئافرەتان زۆرجیاوازترە لە سەردەمی دایك و دایە گەورەو دایکی دایکمانەوە. یاساکان بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە پارەو سەرمایەگوزاری داراییەوە گۆڕاون.

لە ئێستادا کە خەریکی نوسینی ئەم پەرتوکەم بەرەو ساڵی ٢٠٠٨ دەچین و ساڵێکی زۆر جیاواز دەبێت. چەندین خاڵی ناڕوون لە بازارەکانی وڵاتە یەکگرتوەکاندا هەیە شانبەشانی بازارەکانی تری جیهان. بازاڕی دارایی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرێژەیەکی بەرچاو لە بارێکی ناجێگیردایە، ڕۆژێك سەد پاوەند زیاد دەکات و ڕۆژی دواتر دادەبەزێت. بازاڕی خانووبەرە ڕووبەڕووی کێشەمیکی گەور بوەتەوە لەگەڵ شکستهێنان و ژێرکەوتنی بەردەوامی قەرزی خانووبەرە و لەلایەکی تریشەوە زیادبوونی مولکی تاپۆکراوی حوکمی خۆی داوە لە بەرزترین ئاست. ئەو هۆکارانە شان بەشانی دابەزینی دۆلار و لاوازی ئابووری چەندین خێزان دەکەونە مەترسی ڕووبەڕوو بونەوەی ئاینەدەیەکی دارایی ناسەقامگیر و ناڕوونەوە. هەر بۆیە زۆرێك لەخەڵکی هاوشێوەی من لایەنی دارایی بۆیان جێی بایەخە.

شلەژانی ئابووری نەک تەنیا لە ولاتە یەکگرتوەکان بەڵکو لەزۆرێك لە ناوچەکانی جیهان، وایان کردووە زۆرێك لە خەڵکی هەست بەسەر لێشێوان و نیگەرانی بکەن. ئاخۆ دەبێ چی ڕوو بدات لەداهاتوودا؟ هیچ کەسێك بە دڵنیای نازانێت، منیش فالگرەوە نیم، بەلام شتێك هەیە دەیزانم ئەویش ئەوەیە ئەگەر کەمێك شارەزایی و پراکتیزەکردنی داراییت هەبێت بەبێگومان دەتوانیت داهاتووی داراییت پارەی زراوبێت و لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی بازاڕدا نەبێت. دەتوانیت خانمێکی دەوڵەمەندی سەربەخۆبیت لەڕووی داراییەوە.... ئەگر خۆت بتەوێت.

وای بۆ دەچم زۆرێك لە ئێمەی ئافرەتان ئەوەی لەڕووی داراییەوە دەمانەوێت ئاسودەی دەرونییە. دەمانەوێت دڵنیابین گەر هەر شتێك ڕوویدات لە ژیانماندا و تەنانەت لەڕووی داراییشەوە دەتوانین لەگەڵیدا بگوزەرێین. بەرزبوونەوە یاخود دابەزینی بازاڕ هیچ کارمان لێ ناکات چونکە زانیاری و ئەزمونمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەر بارودۆخێك کە دێتە پێشمان، ئەمەیە پێی دەوترێت ئاسودەیی دەروونی.

لەو کاتەوەی دەستم کردووە بەنوسینی 'خانمی دەوڵەمەند' لە ساڵی پارەوە و گەشتکردنم بۆ چەندین ولاتی جیاواز، ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوە کە پەیامی خانمی دەوڵەمەند جیهانییە و پەیامێکە لەلایەن ئافرەتانی ئەفریقای باشورەوە بەرەو ئوستراڵیاو هندستان و پۆڵەند و پیرۆ و نیوزلەندا، مەکسیك، ئیسرائیل، سوید، ژاپۆن، کەنداو کۆریا و ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە پێشوازی لێکراوە و بەرەوڕووی دەوروبەری بۆندێکی گشتی بەهێز هەیە کە ئافرەتانی تەواوی جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پەیامی خانمی دەوڵەمەند وەك هاوارێکی بە

ئاگاهێنانەوەی ئافرەتانە، دەنگی کردارە کە پێویستی بە بەدەستهێنانی شارەزایی داراییە بۆ ئەوەی ببێتە جێی بایەخی تەواوی کۆمەڵگاکانی سەرتاسەری جیهان تا پشتیوانی یەکتری بکەن و هانی یەکدی بدەن تاوەکو درك بە ئامانج و خەونە داراییەکانیان بکەن.

پێم وایە ئافرەت لە ئافرەتێکی ترەوە باشتر فێردەبێت، بەم شێوەیەوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی خانمی دەوڵەمەند مەیدانێکی بێ وێنەیە تاوەکو لێوەی فێربین، گەشەبسێنین و هاریکاری یەکدی بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش سایتی (Richwoman.com) مان دروستکرد وەك شوێنێکی کۆکەرەوەی خانمان تابەژداربن و برەو بدەن بەم کۆمەڵگەیەی تایبەت بە خانمان. خانمان لە ئێستادا پێویستیان بە پێشەنگێك هەیە، هەر بۆیە پێشنیار دەکەم کەسێك بە نموونەی پێشەنگ بۆخۆتان دیاریبکەن. من پێتان دەڵێم فێربن و کردارتان هەبێت و ببن بە ئەو پێشەنگەی سەربەخۆی دارایی و ئەوەی فێری بوون فێری تەواوی ئەو ئافرەتانەی بکەن کە لەدەوروبەرتاندا هەن.

باوەڕم وایە خانمێکی دەوڵەمەند لەناخی هەموو ئافرەتێکدا هەیە، کە لەڕووی داراییەوە لێزانەو دەتوانێت چێژ لەو خۆشیانە ببینێت کە ژیانێکی دەوڵەمەندانەی لەخۆ گرتووە. یەکێك لەو سودانەی کە ئافرەتان بەهۆی خستنە ژێر ڕکێفی لایەنی داراییانەوە وەری دەگرن زیادبوونی لە ڕادەبەدەری قەدری خۆزانینە. کاتێك ئافرەت هەست دەکات لەڕووی داراییەوە دەتوانێت ئاگاداری خۆیبێت متمانە بەخۆبوونی گەشەدەسێنێت. ئەوە دەزانم چون بۆ من بەو جۆرە بوو. کاتێك ئافرەتێك بەبایەخەوە لەخۆی دەڕوانێت پەیوەندی لەگەڵ مێردەکەی، هاوەڵەکەی،

منداڵـەکانی و خێـزان و هـاوڕێ و دۆسـتـەکانیدا بـەهێزتردەبێت. ئەمـەش بەهیچ شتێك ناخەملێندرێت.

باشتێك ڕوونبێت لاتان، دەوڵەمەندانە ژیان مانـای ئـەوە نییـە کـە لـەخوار ئاسـتی پێویسـت بـژیت. خـانمی دەوڵەمەنـد کارتـە متمانەییـەکانی نیمـان مـارکس داناخـات، خـانمی دەوڵەمەنـد چاوپۆشـی ناکـات لەخواردنـەوەی قاوەی مۆکا لاتس و بایەخدان بە ڕازاوەی نینۆکەکانی. ژیان لـە ئاسـتێکی نزمتر لـەوەی هەتـە ڕووحـت تێـك دەشـکێنێت. خـانمی دەوڵەمەنـد ڕێگـاو هۆکارکـان پەرەپێـدەدات کـە وادەکـات ئـەو ژیانـە بـژیت کـە دەتـەوێت و شیاوتە. خانمی دەوڵەمەند ئابوورییانە نازێت،بێ پەروا دەژیـت و چێژ لـە تەواوی ئەو شتە سەرنجڕاکێشانە دەبینێت کە ژیان پێشکەشی دەکات.

کەواتە ئێستا کاتی ئەوەیە خانمی دەوڵەمەندیی ناخی تـۆ بدۆزینـەوە.....

خانمێك کە ڕووحێکی بەهێزی هەیە وە دەوڵەمەنـدە بـە ئـەزمونی ژیـان و هـەموو ڕووە داراییـەکان. بـەو خانمـە دەوڵەمەنـدەی ناخـت دەڵـێم ' دەی بەدەرکەوە' .

دەستپێك

# بۆچی ئەم کتێبە تەنها بۆ ئافرەتانە؟

لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا پرسیارگەلێك وەك چۆن سەرمایەگوزاری بکەم؟ چۆن بتوانم چەند موڵکێکم هەبێت و بە قازانج بیدەم بە کرێ؟ چۆن پشکی گونجاو هەڵبژێرم؟ چۆن بتوانم دەستکەوتێکی باش بەدەست بهێنم لە سەرمایەگوزارییەکەمدا؟ بۆ ئافرەتان و پیاوان بە هەمان شێوەن، جا چی پشك و گرێبەستی خانووبەرەبێت لەڕووی دارایی و سەرمایەگوزارییەوە بۆ پیاو و ئافرەت فەرقێکی نییە کە هەستن بە کڕین، فرۆشتن، لە ئەستۆگرتن، تازەکردنەو یاخود بەکرێدانی موڵکەکان .

کەواتە هۆکاری هەبوونی کتێبێکی سەرمایەگوزاری تایبەت بۆ ئافرەتان دەبێت چیبێت؟

لە وەڵامدا دەڵێین هەرکاتێك باس دێتە سەر پارە پیاو و ئافرەت جیاوازن لەڕووی مێژوو و هزر و دەروونی و سۆزداریشەوە. ئەم جیاوازیەش لەناوجەرگەی ئەو هۆکارەدا خۆی دەبینێتەوە کە بۆچی زۆرێك لە ئافرەتان لەبواری پارەو سەرمایەگوزاریدا ڕێ دەرناکەن؟

هەر ئەم هۆکارەشە کە ڕەگەزەکان لەیەکدی جودا دەکاتەوە و هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم پەرتوکە تایبەت بکەم بە ئافرەتان.

ڕقم لەوە دەبێتەوە پێم بوترێت پێویستە چی بکەم!

ناونیشانی ئەم کتێبە لەناخی دڵمەوە هەڵقوڵاوە. لەگەڵ مێرەدەکەم ڕۆبێرت و چەند هاوڕێیەکمان خوانێکی نیوەڕۆمان هەبوو بابەتی ئەم کتێبە هاتە بەرباس. بەڕوونی دیاربوو ناونیشانی (خانمی دەوڵەمەند ) زۆر لەبار بوو، چونکە تا ئەو ساتە بڕیارمان لەسەر ناونیشانەکە نەدابوو. هەر لەو چوارچێوەیەشدا چەند بیرۆکەیەکمان ئاڵوگۆڕکرد. ڕۆبێرت ڕووی تێکردم و پرسی، " پێم بڵێ بۆچی تۆ هێندە سوری لەسەر ئەوەی لەڕووی دارایییەوە سەربەخۆبیت؟ ئەمە شتێکی نوێ نییە لەتۆدا و تۆ هەمیشە ئارەزووی ئەمەت کردووە، ئەوە شتێکەلە کرۆکی تۆدا هەیە. هۆکار چییە؟ چی لەم بابەتەدا خۆی حەشارداوە کە تۆ خۆت لە ئاو و ئاگر دەدەیت تا بە دەستی بهێنیت؟ پێمان بڵێ پاڵنەرت چییە بۆ ئەم کارە؟"

کچە هاوڕێکەم سۆزی لە تەنیشتم دانیشتبوو. من و ئەو تاڕادەیەکی زۆر وەك یەك بیرمان دەکردەوە هەر بۆیە سەیرێکی یەکتریمان کردوو هەردووکمان پێکەوە وتمان ،" ڕقم لەوە دەبێتەوە پێم بوترێت پێویستە چی کارێك بکەم." هەردوکمان لەشوێنی خۆمان هەڵوێستەمان کردو و پاشان چوینە سەر باسی ئەوەی چەند قورسە بۆمان بەرگەگرتنی ئەوە و یەك لەدوای یەك نمونەمان دەهێنایەوە لەسەر ئەو کاتانەی کە خەڵکی پێیان دەڵێن دەبێت چی بکەین و کاردانەوەمان لەبەرامبەردا چۆن بووە، ڕوونمان کردووە کە بۆچی ناهێڵین هەریگیز خەڵکی دەست بگرێت بەسەر ژیانماندا.

دەزانم زۆر ئافرەت هەن بەباشی لەوە تێدەگەن کە مەبەستم چییە، ڕەنگە تۆش بزانیت باسی چی دەکەم"

دەستمان هەڵگرت لە قسەکردن. سەیرێکی دەورووبەری مێزەکەم کرد هەمووان بێدەنگ بوون و زەردەخەنەیان دەکرد. ڕۆبێرت وتی پێی دەچێت ناونیشانەکەت دەست کەوتبێت.

**لەو کاتەوە کە فامم کردووەتەوە:**

ئەم دۆخە بۆ من نوێی نییە، لە وکاتەوەی کە لەباخچەی ساوایان بووم ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە کێشەم هەیە لە شوێن کەوتنی فرماندا. هیچ کام لە هاپۆلەکانم هێندەی من نە دەکرایە دەرەوەی پۆل و کاتی لە ڕێڕەوەکاندا بەسەر نەبردووە. لە ئێستا کاتێك هەیە لە بەینی وانەکان پێی دەوترێت وچان. من ئەوکاتیش نەم دەویست لەناو پۆلدا بمێنمەوە دەمویست لەگەڵ هاوڕێکانم لە دەرەوەدا یاری بکەم. دەمویست وێنە بکێشم نەك گوێ لە چیرۆك بگرم، وە زۆر ڕقم لەوە دەبوەوە ئەو خواردنە ناخۆشەی کافتریای قوتابخانەمان بخۆم، کە دەبوو لەسەرەدا بوەستم تاوەکوو بەرم بکەوێت.

مامۆستاکەم پێی دەوتم لاساریت، بەڵام من تەنها نەمدەویست پێم بوترێت پێویستە چی بکەم. من دوجار لە یەکەم کاری پیشەیم دوورخرامەوە کە لەدەرەوەی کۆلێژ ئەنجامم دەدا، وە پاشان دووجاریش لەهەمان کار دوورخرامەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەنا کە تەمبەڵ و نا ڕێك و پێك بووم، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە بوو. من زۆر بەپەرۆشی فێربوون بووم. هەر لەبەر ئەمەش بوو دووەم جار دووبارە وەرگیرامەوە، بەڵام ئەوە سروشتێکە لەمندا و ناگۆڕێت. من تەنیا کەمێك زۆر سەربەخۆم، لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا ئەنجامی ئەم سەربەخۆییەمم وەرگرت، ئەمەش شان بەشانی حەزنەکردنم بە فرمان وەرگرتن شتێکی باش نەدەبوو بۆ

هـەبوونی داهاتوویـەکی سـەرکەوتوم، لـەم کۆمپانیایـەدا. ئـەم خـووە بـەجۆرێك لەمنـدا ڕەگـی داکـوتی بـوو، تەنانـەت کاتێك کـە جـەخت لـەوە بکرایەتەوە پێویستە کارێك ئەنجام بدەم ئەگەرچی بشمزانیبا سودی بۆم هەیە ئـەنجامم نـەدەدا، تـەنها لەبـەر ئـەوەی نـەم دەویست پـێم بوترێـت پێویستە چی بکەم.

بـەڵێ، ئەمـە بـووە هـۆی بـەدی هێنـانی چـەن کێشـەیەك بـۆ ژیـانم..... لەهەمان کاتدا بووە هۆی ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر باش سەربەخۆ ببم.

ڕەنگە ئەو وتەیەت بیستبێت،" ئەوەی پارەدارە فرماندارە" بەڕای منـیش ئەوانەی پارەیان هەیە دەتوانن بەوانیتر بڵێین پێویسـتە چـی بکـەن. هـەر بۆیـە بڕیـاری پێشـوەختم داوە لـە فرمانـدەرەکان بم نـەك لـە فرمـان پێکراوەکان.

ئەو کارە پوچانەی زۆرێك لە ئێمەی ئافرەتان ئەنجامی دەدەین:

دوای نیوەڕوانێك ڕۆبێرت گەڕایەوە ماڵەوە مـن لەبـەر دەم تەلەفزیۆنەکـەدا وەسـتابووم هـاوارم دەکـرد،"بەخەبـەر وەرەوە! خـۆت گەمـژە مەکـە! بەسیە ڕەفتار کردن وەك کچێکی بچوکی بێ مێشك! گەورە ببە!"

ڕۆبێرت پێدەکەنی، "لێرە چی ڕوودەدات؟"

بـە وەڕەسییەکی زۆرەوە وتم،" ئـەوەی کـە دەبینـم ئافرەتـان لـە پێنـاو پارەدا چەندین کاری گەوجانـە دەکـەن خەریکە شێت ببم! ئـەم ژنـە لـە کەسێکی نـامۆ کـە چـەند پلاندانـەرێکی دارایـین و بـۆ ناوبـانگ دەرکردنـی خۆیان لە بەرنامـە تەلەفزیۆنییەکانـدا دەردەخـەن داوا دەکـات پێـی بڵـێن دەتوانێت چـی کارێك بکـات بـەو چـەند هـەزار دۆلارەوە کـە پاشـەکەوتی کـردون! لەبەرامبـەرا ئامۆژگاریـەکی خراپیـان پێـی دا، لـە ئەنجامـدا

ئافرەتەکە تەنها وتی، "ئۆو زۆر سوپاس هەر وا دەکەم کە پێتان وتم"چەند کارێکی بێ مێشکانەیە؟! ئەمە نمونەیەکی زۆر تەواوە بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکەو تێڕوانینەی کە هەمیشە کراوە بە کالأی بالأی ئافرەت و دەوترێت ئافرەت تێگەیشتنی نییە بۆ پارەو سەرمایەگوزاری."

ڕۆبێرت زەردەخەنەیەکی کرد و وتی، "پێی دەچێت ئەمە زۆر ناخی هەژاندبێت ،ڕەنگە ئافرەتان نەزانن خەریکن چی کارێك دەکەن، ئەمە دەرفەتێکە بۆ تۆ تا تێیان بگەیەنیت".

- لیستێك لەو کارە بێمانایانە

بەڕاستی ئەوەی بینیم ناخی هەژاندم، چونکە ئێمەی ئافرەت چەند شتانێکی گاڵتەجاڕانە و گەوجانە دەکەین لە ژیانماندا کە سەرتاسەری پەیوەندیدارە بە پارەوە. بڕوام وایە کاتی ئەوە هاتوە لەو ڕووەوە وشیارتربین.

ئایا من مەبەستم ئەوەیە ژنان گەمژەن؟ بەبێ هیچ گومانێك نەخێر، ئەوە هیچ بناغەیەکی ڕاستی نییە. من دەڵێم کارەکان گەمژانەن، وە زۆرێك لەو کارانەش پەیوەندیدارە بە پارەوە.

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە جەخت لەو ڕاستییە بکەمەوە چەند پێویستە ئامادەبیت بۆ هەر ڕووداوێك کە لەوانەیە پێش بێت. وە دەمەوێت هانت بدەم ئەو ڕاستییەت بۆ ڕوون بێتەوە کە پێویستە پشت بەکێ و چی ببەستیت بۆ داهاتوی لایەنی داراییت.

ئەمە لیستێك لەو کارانەیە :

- ئێمە لە پێناوی پارەدا هاوسەرگیری دەکەین.

- گوێ نادەین بە پلەبەرزکردنەوەیەك کە شیاومانە و لە هەمان پۆستدا دەبین و دەمێنینەوە.

- ئێمە ڕازی دەبین بەوەی موچەیەکی کەمتر لە هاوکارە نێرینەکانمان وەربگرین و لەکاتێکدا زۆرجار پاشماوەی کارەکانی ئەوانیش تەواو دەکەین.

ئێمە بەژداریکردن لە یاری دووگۆڵی و ئاهەنگی خوێندنگەی منداڵەکانمان لەدەست دەدەین لە پێناو کارەکانمان.

- ئێمە زۆرجار کاتێك بۆ داهاتوو دەڕوانین دەڵێین، " ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان........".

زۆرێکمان یەکیك یاخود زیاتر لەم کارە پوچانەمان ئەنجام داوە. نزمترین ئاستیش ئەوەیە گیانمان لەپێناوی پارەدا بفرۆشین .خراپی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دۆخە دەبێتە هۆی لەدەستدانی قەدری کەسیمان و متمانە بەخۆبوون و شیاوی خودیمان.

بەڵێ، ڕاستە ئەم کتێبە دەبارەی ئافرەت و سەرمایەگوزارییە بەلام لە ناوەڕۆکیدا زیاتر لەمە هەڵدەگرێت. لەوە دەدوێت چۆن ئافرەتان کۆنترۆڵی ژیانیان لە دەستی خۆیاندابێت و زیاتر لەمەش دەربارەی سەنگینی و شکۆداری و ڕێزی خودیە.

*پیاو، خێزان، کۆمپانیا یاخود دەوڵەت

ناونیشانی لە پێشینەی ئەم کتێبە ئەوەبوو" بۆچی زۆر جەخت لەوە دەکەمەوە کە پێویستە خانمان لەڕووی داراییەوە سەربەخۆبن و پشت بەپیاویان، خێزان، کۆمپانیایەك یاخود دەوڵەت نەبەستن تاوەکوو ئاگاداریان بن". ئەمە ئەو مەبەستەیە کە ئەم کتێبەی لە پێناودا

هەبوو ناوی میلۆدی بوو. لە تەمەنی ١٤ ساڵیەوە جیاواز لەئێمە ڕەفتاری دەکردو ئەو لە هەموو ئێمە کچەکان بەرچاوتر بوو . ئەو شانازی دەکرد بەو کاریگەریە سکسیەی هەی بوو.کاتێك لە پۆلی ٨ بووین ئەو ژوانی لەگەڵ کوڕانی ناوەندی و ئامادەی دەبەست وە کاتێك گەیشتە ئامادەی لەگەڵ کوڕانی کۆلێژدا لە ژواندا بوو. زۆر باش دەیزانینیت چۆن هەموو سەرنجی پیاوان بۆ خۆی ڕابکێشێت. ئێستا دەزانم میلۆدی لە ئێمە جیاواز بوو، ئەو ئاسایی نەبوو. ئەمە لەگەڵ ئەودا کە توانای سێکسی تەمەنی هەرزەکاریمان زۆر بەهێزبوو کە تەنیا کەمێك ناز و نوز کاری خۆی دەکرد.

ئەو پێویستیە سێکسیەی پیاوانە کە ئەو هێزە مەزنەی بە ئێمەی ئافرەتان داوە، لەو چاوارچێوەیەدا تێڕوانینەکانمان بنیات دەنێین کە پێویستە چی بکەین، و چۆن ڕەفتار بکەین تاوەکوو ئەوەی دەمانەوێت لە جیهاندا بە دەستی بهێنین. بەمجۆرە هاوکێشەکە کاری خۆی دەکات، تا ئەو کاتەی گەنجین و لەڕووی سێکسیەوە سەرنجڕاکێشین بەڵام بە بەرەو پێشچونی کات شتەکان دەگۆڕێن.

خاڵی وەرچەرخان

کاتێك تەمەنم ١٤ ساڵان بوو لە قوتابخانە گەڕامەوە بۆ ماڵێ بەرەو دەرگای ژووری دەچووم گوێم لە دایکم بوو لەگەڵ یەکێك لە نزیکترین هاوڕێکانیدا لە ژووری میوان قسەیان دەکرد. کاتێك ویستم بچم بۆ لایان دایکم چاوی پێکەوتم و ئاماژەی پێکردم کە نەیان وەستێنم و خۆم نەکەم بە قسە تایبەیەکانیاندا. چووم بۆ چێشتخانەکە تاوەکوو شتێکی کەم

- ئێمە درێژە بە ژیانێکی هاوسەری یاخود پەیوەندی سۆزداری خراپبوو دەدەین تەنها لە بەر ئەوەی ناتوانین لایەنی دارایی خۆمان لە ئەستۆ بگرین.

- ڕێگە دەدەین تەواوی بڕیارە داراییەکانمان لە دەستی پیاواندا بێت.

- ئێمە ئەو هەڵیت و پەڵیتانە قبوڵ دەکەین کە گوایە پیاوان لە ئێمە باشتر لە مەسەلەی پارە تێدەگەن.

- ئێمە ڕووبەڕووی بڕیارێکی دارایی هەڵەی پیاوێک نابینەوە تەنها لەپێناوی ئەوەی ڕقی هەڵنەسێت و نەفسی نەشکێت.

- ئێمە ئامۆژگاری لە کەسانێکی بەناو شارەزاوە وەردەگرین چونکە باوەڕمان وایە بەڕادەی پێویست لێهاتووییمان نییە.

- بێدەنگی دەنوێنین لە پێناو ئاشتەوایی.

- زۆرشت قبوڵ دەکەین لەپێناو ئاسودەی داراییمان.

- بەهیوای ئەوەین پیاوان بگۆڕێن.

- ئێمە بە ژیانێکی ئاسایی ڕازین لەکاتێکدا شیاوی باشترینین.

- ئەگەر پیاوێک ونیش ببێت داوای ڕێنیشاندان ناکات کەچی ئێمەش شوێنی دەکەوین.

- خۆمان هەرزان فرۆش و بێبایەخ دەکەین.

- هەموو نادادییەکی لە بەرامبەرمان دەکرێت لەسەر کارەکانمان پەسەندی دەکەین تەنها لەپێناو موچەیەک.

- هەست بەتاوان دەکەین ئەگەر چەند کاتژمێرێك زیاتر لەسەر کارەکانمان بمێنینەوە و نەچین بەلای منداڵەکانمانەوە.

نوسراوە. بە درێژایی مێژوو ئافرەتان فێری ئەوە کراون و چاوەڕوانی ئەوەیان لێیان هەبووە کە لە ڕووی داراییەوە پشت بە کەسێکیتر ببەستن بۆ ئەوەی خەرجیان لە ئەستۆ بگرێت. لە ئێستادا ئەوە دۆخێکی زۆر جێی مەترسیە چونکە سەردەمەکە بەتەواوەتی گۆڕاوە.

- پیاو

لەڕووی مێژوویەوە ئەستەمە بتوانین دەربارەی پیاو و ئافرەت و پارە بدوێین بەبێ باسکردی سێکس. پیاو و ژن وسێکس زۆر بەیەکەوە لکاون و زۆرجار کاریگەری یەکێکیان لەسەر ئەویدی هەست پێناکەین چونکە ئێمە وەك جیلێ پەروەردە بووین ئەم چەمکانە وەك شتێکی باوی کۆمەڵگە وەربگرین.

لەتەمەنی ١٦ساڵیمانەوە بگرە هەندێکمان خوار ئەم تەمەنەش،چی وەك کچ یاخود ژن هۆشمان هەبووە بۆ ئەو هێزە مەزنەی کە هەمانە کە ئەویش هێزی سێکسە.

لە کاتێکدا زۆرێك لە کوڕان، هێشتاش ناشرین و منداڵانە ڕەفتار دەکەن و بیردەکەنەوە وەك بەرخی ساوان، ئێمەی کچان تێبینی دەکەین هەم کوڕام و هەم پیاوان جیاواز سەیرمان دەکەن. ئەوان وردە وردە سێکسیانە لێمان دەڕوانن. بەزۆری کاتێك لەتەمەنێکی زۆر گەنجداین دەبینین پیاوە پێگەیشتوەکان زەردەخەنەمان بە ڕوودا دەکەن، هەندێکیان فیکەمان بەدوادا لێدەدەن، هەندێکیتریان زیاتر خۆیان نزیك دەکەنەوە و بە حەزێکی زۆرەوە دوامان دەکەون.

دڵنیام هەر یەکێکامان لەتواناماندا هەیە یەکێك لە کچە هاوپۆلەکانمان بهێنینەوە یاد کە لە ئێمە زیاتر گەشەی کردبوو. لە پۆلەکەی مندا کچێك

## ژنی دەوڵەمەند

بخۆم کاتێ کە پاکەتی شیرەکەم دەردەکرد لە سەلاجەکەدا بەبێ ویستی خۆم گوێبیستی گفتوگۆکەیان بووم.

دیار بوو کە هاوڕۆکەی دایکم گلۆریا زۆر دڵتەنگدبوو.ئەو دەی وت،"دەزانم کێشەی خۆمان هەبوو، بەڵام بەهۆی منداڵەکانمانەوە پێم وانەبو جێم بهێڵێت".

دایکم لێی پرسی ،"چی پێ وتیت؟"

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە،"پێی وتم لە پار ساڵەوە چاوی بە کچێکی شارەکە کەوتوە کە زۆر لە من گەنجترە، بەقسەی خۆی بێت ئەم کچە وای لێکردووە هەست  بکات کە پاڵەوانە لەکاتێکدا من توشی نا ئومێدیم کردووە."

دایکم وتی،"تۆ ئاگاداری ئەوە بوویت؟"

هاوڕێکەی وتی،" ڕاستی هەستم دەکرد شتێك لە ئارادایە، بەڵام نەمدەویست ئەوە بسەلمێت، هیواخوازبووم تەنها کەمێك بەدەورا هاتن بێت و پاشان وردە وردە بگرێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی".

دایکم بە مۆنێکەوە وتی،"واتا لە ناخی خۆتدا دەتزانی؟"

گلۆریا دانی پێدا نا وتی،" بەڵێ، پێم وایە بەوجۆرەبێت بەڵام نەمدەویست باوڕی پێبهێنم. چەندین ساڵە هاوسەرگیریەکەمان باش نەبووە، ساڵ بەساڵ لە یەکتری دوورتر دەکەوتینەوە. ئەو کاری خۆی هەیە و منیش منداڵەکان. ئەو خەریکی کەشتی بازرگانی بوو منیش لەماڵەوە دەمامەوە".

دایکم وتی،" مادام هاوسەرگیریەکەتان نە گونجاوبوو وە تۆش دەتزانیت لەگەڵ کەسێکیتردا پەیوەندی هەیە بۆچی مایتەوە؟"

گلۆریا بە خێرای وەڵامی دایەوە،"لەبەر منداڵەکان".

دایکم بە سەرسوڕمانەوە وتی،" منداڵەکان؟ گلۆریا: منداڵەکانت هەموویان گەورە بوونە. کوڕەکەت تازە کۆلێژی تەواو کردووە. لەوە زیاتر دەبێت چی بێت".

گلۆریا ڕاڕابوو پاشان بە هێمنی وتی،" من لەبەر پارە جێم نەهێشت. ئەگەرچی هاوسەرگیریەکەمان باش بەڕێوە نەدەچوو بەڵام لایەنی کەم لەڕووی داراییەوە ئاگادارم بوو. بیرکردنەوە لەوەی کە هەر خۆم ئاگاداری خۆم بم دەمتۆقێنێت. من بۆ ٢٠ساڵ دەچێت کارم نەکردووە. نازانم ئاخۆ دەتوانم خۆم، خۆم بەڕێوەبەرم. بەڵێ ڕاستە هاوسەرگیریەکەمان چەندین ساڵە لێك پچڕاوە بەڵام تەنها دڵخۆشی و پارەیزراویم ئەوەبوو لەڕووی داراییەوە باشم."

گوێم لێ بوو گلۆریا دەگریا و دەی وت،" نازانم دەبێت چی بکەم. ڕووبەڕووبونەی ئەو ڕاستییەی کە لە تەمەنی ٤٥ ساڵدا خۆم ئاگاداری خۆم بم و خەرجی خۆم بکێشم زۆر ترسێنەرە. لەخەویشدا نەم دەویست وەها بارودۆخێکم بەسەر بێت." پاکەتە شیرەکەم نایەوە ناو سەلاجەکەوە و چووم بەرەو ژوورەکەم. کاتێك بەسەر پلیکانەکاندا سەر دەکەوتم گوێم لێ بوو هاوڕێکەی دایکم دەی وت،" نازانم دەتوانم لایەنی داراییم لە ئەستۆبگرم" ئەو وشانەی ناخی هەژاندم. لە مێشکی خۆمدا بیرم دەکردەوە،" ئەم ژنە دەبینم لە ژیانێکی هاوسەری ناخۆشدایە وە بەردەوامیشی پێداوە لەبەر ئەوەی زۆر پشتی بە مێردەکەی بەستیوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی". لێرەدا بۆم دەرکەوت ژیانی ڕاستەقینە وەك چیرۆکە ئەفسانەییەکان نییە کە بۆ هەمیشە پێکەوە ژیان بە

بەختەری بوونی هەبێت،من وابیرم دەکردەوە وابێت. لەبیرمە ئەو ڕۆژە بڕیارێکم دا لەو ڕووەوە بۆ یانی دارایم.

"من هەرگیز پشت بە پیاوێک یاخود هیچ کەسێک نابەستم لەڕووی داراییەوە". وە ئەو بڕیارەشم بە درێژا ژیانم پێشڕەوی کردووم.

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت هاوکێشەکە بگۆڕین:

تکایە بزانە من دژی پیاوان نیم. من پیاوانم خۆش دەوێت. تەنها نامەوێت لەڕووی داراییەوە پشتیان پێ ببەستم و پێم وایە لە ئێستادا زۆربەی ئافرەتانیش وان.

زۆرجار بەرچاوم دەکەوێت ئافرەت لەتەمەنی ٤٠ و ٥٠ ساڵیدایە و تەڵاقدراوە یاخود لە کێشەدان. زۆربەی چیرۆکەکانیش هاوشێوەی یەکن لە زۆر ڕووەوە،" ئێمە زۆر دڵخۆش بووین کاتێک کە گەنج بووین. بەڵام هێواش هێواش لە یەکتری دەورکەوتینەوە و مێردەکەم جێی هێشتم لە پێناو ئافرەتێکی گەنج و جوانتر، ئێستاش بۆ یەکەمجارە ناچارم خۆم ژیانی خۆم بەڕێوەببەم. " من زۆر بە شانسم. دایک و باوکم پێشەنگێکی باشن بۆم لەڕووی ژیانی هاوسەرییەوە. ئەوان زیاتر لە ٥٠ ساڵە هاوسەرگیریان کردووە، من لەوان دەڕوانم و فێردەبم کە چۆن هاوسەرگیرییەکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕێز و بەردەوامیم هەبێت.

بەداخەوە زۆرێک لە هاوسەرگیرییەکان نەیان توانیوە لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگار دەربچن. ئاستی ڕێژەی تەلاق لە بەرز بوونەوەدایە، لە هەر دوو هاوسەرگیریەك یەکیان بە تەلاق کۆتای دێت. من ناڵێم نەخشە بۆ جیابوونەوەت بکێشە، من دەڵێم واقیع ببینەو و لە ڕووی داراییەوە سەرکەوتوبە وێڕای هەموو ئەو ڕوداوو خانەی دێنە پێشت. گلۆریا هیچ

پلان"B" یەکی نییە. ئەو تەنها یەك پلانی هەیە ئەویش ئەوەیە بەردەوام بێت لە هاوسەرگیرییەکەی سەرەڕای تەواوی ناخۆشیەکان تەنیا لەپێناو ژیانێکی ماددی ئاسودەدا.

هاوکێشەی بەکارهێنانی گەنجی و توانی سێکسی بەباشی کاری خۆی کردووە بۆ زۆرێکمان بە تایبەتی لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٣٠ساڵیماندا بۆ گەیشتن بە تەواوی ئەو شتانەی دەمانەوێت و ئارەزووی دەکەین. بەڵام ئەم هاوکێشەیە لە تەمەنی ٤٠، ٥٠، ٦٠ ساڵیماندا هیچ کەڵکێکی نامێنێت. بیرکردنەوە لەوەی پیاوان دەگۆڕن کات بەفیڕۆ دانە. ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمەی ئافرەتان خۆمان بگۆڕین. ئەو هاوکێشەیەی لە گەنجیماندا سودی هەبووو بۆمان کاتێك چووین بە تەمەندا کاریگەری لە دەست دەدات. کەواتە بۆ زۆرێك لە ئێمەی ئافرەتان کاتی ئەوە هاتووە ئەو هاوکێشەیە بگۆڕین و پارەش دەوری کلیلی چارەسەر دەبینیت لە هاوسەنگکردنی ئەو هاوکێشەیەدا. لە کاتێکدا توانای سێکسی هێزە لە گەنجیدا، پارەش زامنی ژیانمانە کاتێك دەچین بە تەمەندا.

کاسرین هاپێرن زۆر جوان ئەو خاڵەی پێکاوە، کەدەڵێت: " خانمان ئەگەر داواتان لێ کرا هەڵبژێرن لەنێوان پارە و سەرنجڕاکێشی سێکسی دا، پارە هەڵبژێرن، چونکە کاتێك دەچیت بە تەمەندا پارە دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشی سێکسیت".

ڕۆژگار لە چەندین ڕووەوە گۆڕاوە و ئێمەی ئافرەتیش دەبێت لەگەڵیدا بگۆڕێین. ئەوە ئەو مەبەستەیە ئەم کتێبە پێشکەشی دەکات، نەخشەیەکی ڕێنیشاندەر بۆ گۆڕان. ئەگەر تۆ ڕازیت بەوەی باشترین ستراتیجی دارایت ئەوەبێت پیاوێك خەرجیت دابین بکات تادەمریت، ئەوا

هیوای بەختێکی باش بۆ تۆ. وە بۆ ئەوانی دیتان کە دەتانەوێت گۆڕانکاری لە ژیانتاندا بکەن، زیاتر کۆنترۆڵیتان لەدەست بێت و ئامادەی کردار بۆ کردنن، ئەوا من ڕێگایەکی ترتان بۆ پێشنیار دەکەم.

## خێزان

هەندێك لە ئێمە چێژ لەوە دەبینین کە پشتت بە سامانی خێزانەکەمان ببەستین تا بە تێپەڕبوونی ساڵەکانی تەمەنمان بەرێمانەوە ببات.، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆرینەمان وا نین. یەکێك لە هاوڕێکانم لەبری ئەوەی پشت بە خێزانەکەی ببەستێت تا چاودێری بکەن، ئەو چاودێری خێزانەکەی دەکات.

یەکێك لە هاوڕێ کچەکانم دایکە نەخۆشەکەی بردە ماڵەکەی خۆی دوای ئەوەی دایکی چیتر توانایدا نەمابوو ئاگاداری خۆیبێت، وە بوو بە باشترین چاودێری کاری. نەك تەنها خەرجی دایکی زۆر گران بوو بگرە بڕێکی زۆر لە داهاتی کارەکەشی لە دەست دا چونکە دەبوو کاتژمێری کاری کەمتر بکاتەوە و کاتێکی زیاتر تەرخان بکات بۆ مانەوە لەگەڵ دایکیدا.

هاوڕێیەکیترم مانگانە ٨,٠٠٠ دۆلاری تەرخان کردووە بۆ پێدانی بەو پەرستارەی چاودێری دایکی دەکات لە ماڵەوە. لە کاتێکدا ئەو هەرگیز پلانی دانەنابوو بکەوێتە بارودۆخێکی وەهاوە. ئافرەتێك تر لە سکۆتەلەندا خانووی خێزانەکەی بە میرات وەرگرت دوای ئەوەی دایکی کۆچی دوای کرد. دایك و باوکی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لەو ماڵەدا ژیابوون. کێشەکە ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی ئەو خانووە لای زۆر بە بەهابوو کاتێك

خانوەکەی بۆ مایەوە لەگەڵیدا بڕێکی بێ شوماری پسولەی باجی کەوتە ئەستۆ. ئەم ئافرەتە لە توانایدا نەبوو باجی خانووەکە دابین بکات ، هەر بۆیە دەبوو خانووی خێزانەکەی بفرۆشێت تاوەکو باجەکانی پێ بداتەوە بەمجۆرە هیچی لە میراتەکە بۆ نەمایەوە.

سیناریۆیەکی دیش هەیە کە ئافرەتێک بەناوی سۆزان ئەم ماوەیەی پێشوو بۆی باسکردم، دیاریدەیەکە تا دێت زیاتر بەرچاومان دەکەوێت. باوکی سۆزان سامانێکی گەورەی پێکەوە نابوو لەماوەی ژیانیدا بەهۆی خانووبەرو و بازرگانی و پشکەکانییەوە. دایکی سۆزان کۆچی دوای کردووە و باوکی دووبارە هاوسەرگیری کردووەتەوە. پاشان باوکی بەخراپترین شێوە نەخۆش دەکەوێت، وە کاتێک لە نەخۆشخانە لە سەرەمەرگدا بووە هاوسەرە نوێیەکەی تەواوی وەسیەت نامەکە دەگۆڕێت تا هەموو سەروەتی پیاوەکەی بۆ خۆی و منداڵەکانی بێت. بەتەواوی سۆزان و خوشك و براكانی لە سەروەتەکە بێبەشکرد . کاتێک باوکی گیانی سپارد سۆزان هیچی لە باوکە سامانداره‌کەیەوە بۆ نامابۆیەوە.

مەبستم لەم نموونە هێنانەوەیە ئەوەیە هەرگیز خۆ بەشتێکەوە نەگری کە بەهەڵەماندا بەرێت. دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە چەند گرنگە بۆ هەر بارودۆخێك ئامادەبیت کە دێتە پێش . وە هانت بدەم کە وریابیت لەوەی پشت بەکێ و چی دەبەستیت بۆ داهاتوی لایەنی داراییت.

ئەوەی لە کۆمپانیاو دەوڵەتیشدا دەبینرێت پشتڕاستی ئەو هۆکارە دەکاتەوە کە بۆچی پشت بەستن بە خێزان بۆ لایەنی دارایت لەوانەیە باشترین هەڵبژاردە نەبێت.

کۆمپانیا و دەوڵەت

لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥ گۆڤاری تایم بابەتێکی بڵاوکردەوە لە پەڕەی یەکەم گۆڤارکەدا لەژێر ناونیشانی " فێڵی گەورەی خانەنشینی، داڕووتانی گەورەی خانەنشینی".لە سەردێڕدا ئاماژی بەوە دەکرد " ئەو ملیۆنان ئەمریکیەی پێیان وابوو بە قازانجێکی زۆرەوە خانەنشین دەبن بەرەو سوپڕایزێکی زۆر نا پەسەند دەچن، ئەوەش ئەوەیەکە چۆن دامەزراوەکان بە یارمەتی ئەنجومەن گیرفانی خەڵکی دەبڕن". هەروەها ئەوەشی ڕوون کردەوە کە چۆن زۆرێک لە کۆمپانیاکانی وڵاتە یەکگرتوەکان موچەی کرێکارانیان بڕیوە یاخود بە زاراوەیەکیتر ژێر بەژێر دزیوە. دەسەڵاتی یاسادانانی وڵات ڕێگەی بە کۆمپانیاکان داوە کە بە ئاسانی لەو بەڵێنانە پاشگەزببنەوە کە بە فەرمانبەرەکانیان دابوو گوایە مانگانە موچەیەکی خانەنشینی و بیمەی تەندروستیان بدرێتێ لەماوەی ساڵەکانی خانەنشینیاندا.

بابەتەکە ئەوەشی تێدا ڕاگەیەندرابوو:" بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی گۆڤاری تایم مایەکی زۆر پێش ئێستا ئەو ئەمریکیانەی ئێستا کاردەکەن و گەیشتونەتە تەمەنی خانەنشینی، بەبڕیارێکی یاسادانان لە لایەن ئەنجومەنەوە کە بۆ بەرژەوەندی دامەزراوە و کەرتە تایبەتیەکان بوو بەسەر ماف کرێکاراندا. ملیۆنان ئەمریکی کە زۆربەشیان ئافرەتن دەبات بەرەوە هەژاری، وە ملیۆنانی تریش بەرەو کۆتای پێهاتن دەبات بەجۆرێك ساڵەکانی خانەنشینی دەگۆڕێت بە ساڵانی دەستکورتی و هەژاری بۆ هەموان جگەلە دەوڵەمەندان".

کاتێك ئەم بابەتەم خوێندەوە زۆر سەرنجمی بۆلای خۆی ڕاکێشا. نوسەر ئاماژەی بە پێنج کەیس کردبوو کە ببونە قوربانی کێشەی موچەی خانەنشینی، هەر پێنج کەیسکەش ئافرەت بوون. یەکێکیان ئافرەتێکی تەمەن ٦٥ ساڵبوو کە ١,٢٠٠ $ ی موچەی خانەنشینی بۆ بڕابۆیەوە لە بەرامبەر ئەوەی مێردەکەی لە کاتی کارکردندا گیانی لە دەست دابوو. ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی قوتوی ئەلەمنیۆمیە تاوەکوو ٦٠ $ ی دەست بکەوێت تا بتوانێت زیندوو بمێنێت.

یەکێکیتریان ئافرەتێکی ٦٠ساڵانە، کە ماوەی ٣٥ ساڵ بوو بۆ دامەزراوەی پۆلۆڕادۆ کاری دەکرد ، لە فەرمانبەری فایلەوە دەستی پێکرد و بەردەوام بوو تا بوو بە جێبەجێکاری هۆڵی کۆبونەوە. پاشان بەژداری کرد لە پلانی ژێرخانی خاوەنداریەتی بۆ فەرمانبەران ESOP . لە ٨٪ ی موچەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەم پلانە لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە لەکاتی خانەنشینیدا بە هەزارەها وەردەگرێتەوە کاتێك پشکەکانی کاش دەکرێت. نرخی پشکەکانی کۆمپانیا دابەزین وبەهۆی لاوازی بڕیارە بازرگانییەکان و دەستێوەردان لە لایەن ئەنجەمەنەوە ئەم ئافرەتە ١٠٠,٠٠٠ بۆ ٢٠٠,٠٠٠ $ ی لە دەست دا. لەسەرووی ئەمانەشەوە ئەم ئافرەتە چاوەڕێی ئەوەبوو دەیان هەزار دۆلار وەك قازانج و موچەیەکی خانەنشینی وەربگرێت. کاتێك هەمووشتێك تەواو بوو، چەنێ هێنایان و بردیان ئەم ئافرەتە تەنها ٤٧ $ ی وەرگرت.

ئەو ٥ ئافرەتەی لەم بابەتەدا باسکران هەموو پێیان وابوو لە ماوەی خانەنشینیدا لایەنی دارییان سەلامەت و پارەی‌زرادەبێت، بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی هەژاری بونەتەوە. ئەمە خراپەکاریەکی گەورەیە کە

بەرامبـەریان کـراوە. وە وا دەردەکـەوێت هـیچ ئاماژەیـەك نـەبێت بـۆ زیندووکردنەوەی سیستەمی موچەی خانەنشینی لـە داهـاتوودا، ڕێك وەك ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویان دا.

ئەمە تەنها بۆ ئافرەتان ڕوونـادات بـەڵکوو بـۆ ڕێژەیـەکی لـە ڕادەبـەدەری مێـرد و ئەنـدامانی خێزانـەکان ڕوودەدات. ئـەم قەیرانـە وابەسـتە نییـە بـە تەنیا ڕەگەزێکی دیاری کراوەوە.

کەواتە ئەگەر تـا ئێسـتاش لەسـەر بناغـەی پشـت بەسـتن بـە خێزانەکـەت یاخود مێردەکەت دەژیت ڕەچاوی ئەم جۆرە بارودۆخەش بکە.

دەوڵەت

دەوڵـەت بەرپرسـە لـە هـەردوو سیسـتەمی ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی وسیستەمی تەندروستی کە لە بناغەشدا مایە پووچن. نـازانم ئایا هـەرگیز دەتوانن ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن یـاخود نـا. زۆرێـك لـە ڕاپرسـیەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئافرەتان و پیاوان لەتەمەنی ٢٠بۆ ٣٠ سـاڵیاندا ئـەوەیان بـۆ دەرکـەوتوە کـە ڕەنگـە لـەماوەی تەمـەنی خانەنشـینیاندا دەسـتەبەری ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتیان نـەکرێت، لـەڕووی پلانەکانی موچەی خانەنشینییەوە دەوڵەت لە توانایدا نییە ئەو بەڵێنانـەی لـەڕووی ئاسایشـی کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتیەوە بەدرێـژای مـاوەی ساڵەکانی کارکردن پێیانی داوە بهێنێتەدی.

لەدەستی خۆتدایە

کەواتە ڕەنگە پیاوخێزان، کۆمپانیا و دەوڵـەت لـەداهاتوودا بـوونی هـەبێت بۆت بەڵام نابێت پێی پشت بەسـتوو بین. کەواتـە داهـاتووی داراییمـان بەشتێکەوە گرێ نادەین کە دەسەڵاتی تەواومان بەسەریدا ناڕوات.

ئەمەش زۆر بەسادەی بەرەو ئەو بڕیارەمان دەبات ئایا دەتەوێت لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بیت یاخود پشت بەستوبیت بە کەس یاخود شتێکیترەوە؟ ئەمە بڕیارێکە لەدەستی خۆتدایە. ئەگەر پشتبەستوی دارایی هەڵدەبژێریت بزانە کە ڕازی بویتە بەوەی ڕێگە بە کەسێکیتر بدەیت بەرپرسبێت لە خۆشگوزەرانی داراییت وە دەبێت ئەو هەلومەرجە باش و خراپانەی بەدوایدا دێن قبوڵ بکەیت.

ئەگەر بە پێچەوانەوە، هەڵبژاردنەکەت سەربەخۆی داراییە ئەوا تۆ ئازادیەکی درێژ خایەنت بەسەر ئاسودەییەکی کاتیدا هەڵبژاردووە. تۆ بڕیارت لەسەر قورسترین ڕێگا داوە بەرەوە سەرەوە ـ بەرەوە ئەو ڕێگایەی زۆرێك لە ئافرەتان پشتی لێدەکەن تاوەکوو ژیانێکی ئاسانتر و خەڵاتکراویان هەبێت لە داهاتوودا.

من دڵنیام هەر ئافرەتێك بەڕاستی مەبەستی بێت کۆنترۆڵی ژیانی دارایی خۆی بکات سەرکەوتوو دەبێت. دەبینین ڕۆژانە ئافرەتان ئەوکارە دەکەن.

(ئەم کتێبە دەربارەی سەربەخۆی داراییە، چونکە پێم وایە کلیلی ئازادی ئافرەتان کەوتۆتە سەر ئەوەی سەرەتا لەڕووی داراییەوە ئازادبن)

## بەندی یەکەم
# خوانی نیوەڕۆ لەگەڵ کچاکاندا

من ئافرەتم لەسەرووی هەموو شتێیکیترەوە.
"جاکۆڵین کێندی ئۆنایسس"

من شاری نیویۆرکم خۆش دەوێت، کە یەکێکە لە بێوێنەترین شارەکان کە هەمیشە وزەیەکی زۆر و چالاکیەیکی زۆرم پێدەدات، هەرگیز ساتەوەختی بێزارکەری بۆم نەبووە. دەستم لە تەکسییەك ڕاگرت و لایدایە لاوە و هەڵیگرتم و بۆ شەقامیی ٥١ ی نزیك ناوەندی تایمز. وەك هەمیشە شەقامەکان قەرباڵغ بوون بەکەسانی خاوەنکار کە بەڕێوەبوون بەرەو چاوپێکەوتن ، فرۆشیارە گەڕۆکەکانی سەر شەقام کە کاتژمێر، جزدان و بەرووی برژاویان دەفرۆشت، وە کڕیارانێك کە تەنها لەدیوی دەرەوەی دووکانەکانەوە سەرنجی شمەکەکانیان دەدا لەگەڵ چەندین ژن و پیاوی برسی کە بەڕێوە بوون بۆ ئەوەی بچن نانی نیوەڕۆیان بخۆن، هەمان ئەو شوێنەی منیش بۆی دەچووم.
شۆفێرەکە پرسی:' بەرەو کوێ دەچن؟"
وەڵامم دایەوە:" دەچم بۆ ئۆتێل پلازا". ڕۆژێکی زۆر ڕازاوە و فێنك و خۆش بوو، ئاسمان شینێکی جوان بوو لەگەڵ شنەبایەکدا کە وایدەکرد کەشەکە فێنکتر هەست پێبکرێت.

گەیشتنم بە ئۆتێلەکە ماوەیەکی کەمتر لەوەی خایاند کە پێشبینیم دەکرد. کاتێك گەیشتینە دەروازەی سەرەرەکی شۆفێرەکە وتی، "٥٧٠ $ ە". کاتێك لە تەکسیەکە دابەزیم هەستم بە کەمێك بێتاقەتی و شادمانیش دەکرد لە هەمان کاتدا.من ئەو هەموو ڕێگایەم لە فینیکسەوە بڕی بوو بۆ نیو یۆرك تەنها بۆ یەك خوانی نیوەڕۆ. هیچ بیرۆکەیەم نەبوو دەبێ چاوەڕێی چی بم و ڕاستگۆیانە بڵێم تەنانەت دڵنیاش نەبووم لەوەی ئەم خوانە لەگەڵ کێدا دەبێت. وام دانا ئەم خوانە یاخود زۆر سەرنج ڕاکێش دەبێت یانیش هەڵەیەك دەبێت. بەڵام لە شتێك دڵنیا بووم ئەویش ئەوە بوو بێزارکەر نابێت. ئەو ئیمەیڵەی ٢ مانگ پێشتر پێم گەیشت نوسرابوو،

سڵاو کچینە!

بەڵێ ئەنجامم دا! بەروار و کات و شوێنی یەکگرتنەوەی کچانی خۆمانم داناوە. ئێمە هەمووومان لە ٢٢ی مارچ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە هۆتێل پلازا یەکتری دەبینین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ! لە هۆنولیۆوە بۆ نیوۆرك..... بەڵێ ڕۆژگار گۆڕاوە. زۆر بەپەرۆشی بینینی هەمووتانم تا گوێبیستی چیرۆکەکانتان بن.

لەگەڵ خۆشەویستیم

پات

من و پات هاوڕێی کۆلێژی یەك بووین کاتێ لە زانکۆی هاوای دەمان خوێند. لەوانەی فەلسەفەدا چاومان بەیەکتری کەوت و بۆماوەی ساڵێك لە یەك باڵەخانەدا پێکەوە ژیاین. ماوەی ٢٠ ساڵ دەبێ چاومان بە یەکتر

نەکەوتوە. پات بڕیاری داوە کاتی ئەوە هاتووە دووبارە گروپی هاوای یەکبخاتەوە.

گروپی هاوایمان لە شەش نزیکترین هاوڕێ کچەکان پێك هاتبوو. ئێمە هەموومان لەو ساتەوەختە لەبیرنەکراوەدا یەکمان بینیت، ڕۆژێك کە لە هۆنولیۆ بووین. ئەوکات گەنج و سەڵت بووین و لە دوورگەیەکدا دەژیاین، ئێمە باشترین ساتەکانی ژیانمان بەسەر دەبرد لەوێ.

نازانم چۆن پات ئەو کارەیکرد، چۆن توانیتی ئەوە بهێنێتە دی. پات شوێنی هەر پێنجمانی دۆزیوەتەو کە لەچەندین شاری جیاوازی نیویۆرکداین، خشتەکەی ڕێکخستوە و شوێن و بەرواری بۆ گرپی هاوای داناوە. بەڕاستی ئێمە زۆر پەیوەندیمان لەیەکتر ترازابوو بۆیە ئەمە هەنگاوێکی بچوك نەبوو. هەندێکمان هاوسەرگیریمان کردبوو و نازناوی خانەوادەی نوێمان هەبوو. هەموومان هۆنولیۆمان بەجێ هێشتبوو. من خۆم چەند جارێك شوێنم گۆڕیوە. دەزانم ئەوانیتریش هەر وا بوونە. بەڵام با لێگەڕێین بۆ پات خانمی ڕێکخەر جادوەکەی بەکار هێناوە و ئەم بۆنەیەی ڕێك خستووە. دواجار کە یەکمان بینیت ٢٠ ساڵ پێش ئێستا بوو کە هەموومان پێکەوە لە هۆنولیۆ نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد. هەموو بەنیازی دەستپێکردنی پیشەکانمان بووین وە هەموومان بیری زۆد فراوانتر لە ژیانمان لە خەیاڵدا بوو. ئێمە پێکەوە لە هونولیۆ زۆد گەشەمان سەند پێکەوە. من شەیدای ئەو شتانەبووم لەوێ ئەنجاممان دەدا..... چۆن ژیانێکی بەربلاو بوو.

هەنگاوم دەنا بەرەو فەرشە سورەکەی دەروازەی ئوتێلەکە. دەرگاوانەکە دەرگاکەی بۆ کردمەوە، کاتێك بەرەو هۆڵی ئوتێلەکە دەچووم هەستم

دەکرد کات وەستاوە. یەکسەر پات و لیزلیم ناسیەوە کە دە هەنگاوێك لـە دووری منـەوە وەستابوون. پـات بـەتواوی خـۆی کۆکردبـوەوە یـەك تاڵـە قژیشـی لەشـوێنی خـۆی دەرنەچـوو تەنانـەت دوای ئـەوەی شـەبقەکەی سەریشی لابرد. جلەکانی زۆر پێکەوە گونجاو بـوون، پوتـەکانی زۆر نـوێ دیاربوون هـەر وەك دەستکێشـەکانی دەسـتی. تـەواو ڕێـك و پێـك و شیك بوو. وەك هەمیشە. پات منی خستەبیری فێلیکس ئانگـەر کـە لەبەرنامـەی تەلەفزیۆنی( دوانە نامۆکاندا ) هەبوو .

پات هەمیشە دەی ویست هەر شتەو وەك خـۆی ئەنجامبـدرێت. هـەر بۆیـە ئەو ڕۆژەش کاتژمێرێك زووتر گەیشتبوو. بـۆ ئـەوەی دڵنیابێتـەوە هـەموو شتێك ڕێك بەو شێوەیەیە کە داوای کردووە بۆ یەکگرتنەوەکە. بـەڵێ پـات ئـەو کەسـەیە دەتوانرێـت داوای ڕێکخستنی هـەر کـارێکی لـێ بکرێـت، وە هەروەها سەرمەستت دەکات بە ناو هێنانی یەك بەیەکی وردە کارییەکان.

لیزلـی لـە تەنیشـت پاتـەوە وەسـتابوو. زۆر ڕوون دیـاربوو هێشـتاش هونەرمەنـدە. جلێکـی ڕەنگـاو ڕەنگـی لەبەردابوو_ تەنورەیـەکی فـش و قەمیسێکی خاڵ خاڵی بریقەداری لەبەردابوو لەگەڵ هێلـەکێك و ملپێچێك و قـاپوتێکی گەورەدا_ هەمووشـتەکانی ئـالآو والآبـوون تـاڕادەیکی زۆر پێچەوانەی پات بوو . لیزلـی وەك ئـەوە وابـوو بـا هـەڵی دابێتـە ژوورەوە. بـیرم لـەوە دەکـردەوە ئـەبێ چـی لـەو جانتـا گـەورەیـەی شـانیدا بێـت. بەحوکمی هونەرمەند بوونی هـەرگیز نەتـدەزانی چاوەڕێی چـی لـە لیزلـی بکـەیت. ئـەو بەهێواشـی و تاڕادەیـەك بـە شـپرزە دێتـە بەرچـاو بـەلآم لەڕاستیدا زۆر گەشاوەیە. ئەگـەر وێنـەی بینایـەك بکێشـێت کـە لـە ساڵی ١٨٠٠ دروسـتکراوە ئـەوا تـەواوی مێـژوو بیناکـەش دەزانێـت. لـەڕووی

چەرخ و هونەرمەندانی ئەو چەرخە و شێوازی وێنە کێشانیانەوە. ئەو بەڕاستی هونەرەکەی خۆش دەویست و تێیدا بەرجەستەبوو.

باوەشێکی گەرممان لە یەکتری داو کەوتینە قسەکردن بەجۆرێك تێبینیمان نەکردبوو کە ماوەی ۲۰ خولەکێکە بەیەکدا دێین و هاتووهاواری خۆشیمانە. کاتێك جەنیس بەڕاکە لە دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە ڕاستەوخۆ لە بەندەری ڕۆژئاواوە. بەخێرای هەناسەی هڵدەمژی و دەدایەوە و بەتەواوی هەناسکە برکێی پێ کەوتبوو. کەمێك ماندووبوو پاشان سەیرێکی کردین و کردیە هات و هاوا و وتی،" زۆر خۆشحاڵم دەتان بینم! باوڕ دەکەن! هەمووومان پێکەوەین لە نیو یۆرك. گەڕانم بەناو شارۆچکەکەدا کاتێکی زۆری ویست ئەوەش وایکرد لە چاوپێکەوتنەکە دوا بکەوم. ئایا ڕۆژێکی خۆش نییە؟" جەنیس بەبێ ئەوەی هەناسەیە هەڵمژێت هەر خەرکی قسەکردن بوو. پات و لیزلی و منیش بەبێدەنگی سەرمان ڕاوەشاند بۆ ئەوەی بڵێین 'خەڵکی هەرگیز ناگۆڕێن'.کە جەنیس هاتە ژوورەوە هەمان ئەو جەنیسە بوو کە هەمووومان دەمان ناسیت و خۆشمان دەویست. ئەو هەمیشە دە شتی لەیەك کاتدا تێدا هەبووە. هەمیشە خێرا قسەی دەکرد و خێرا دەڕۆیشت بەڕێدا و وزەیەکی بێ ئەندازەی هەیە. وە ئەو هەرگیز بە هێمنی خۆی نەدەکرد بەژووریدا. بۆ چەند ساتێکیتر پێکەوە قسەمان کرد و دەستمان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو لای خانمە خزمەتکار ئوتێلەکە کاتێك موبایلەکەی پات زەنگی لێداو گوێمان لێ بوو پات وتی،" زۆر شورەییە، پێی دەچێت ناچاربیت تا شەویش لەسەر کار بمێنیتەوە. زۆر سوپاس بۆ ئەو هەوڵەی دات تا بێی بۆ لامان، من بەتەواوی جێت پردەکەمەوە، ئاگات لەخۆت

بێت". پات پێی ڕاگەیاندین،"ترەیسی ناتوانێت بێت. دوا مۆڵەتی ئەو پڕۆژەیەیتی کە ماوەی مانگێکە کاری لەسەر دەکات. وای زانیبوو کە تەواوی کردووە بەڵام ئەم بەیانییە بەڕێوەبەرەکی چەند گۆڕانکارییەکی تێداکردووە بۆیە ناتوانێت مۆڵەت وەربگرێت. با پێتان بڵێم، ترەیسی هەموو کات خۆی تەرخان کردووە بۆ کارەکەی هەوڵی سەرکەوتن دەدات. بەداخەوە هەر وەك ئەمرۆ پیشەکەی پێش خستووە بەسەر ژیانیدا. وتیشی زۆر حەزیدەکرد لێرەبێت لەگەڵما".

لیزلی پرسی،" ئەو بۆ کوێ دەڕوات؟"

پات وەڵامی دایەوە،"شیکاگۆ، ئەو بۆ کۆمپانیایەکی گەورەی مۆبال کاردەکات.

خانمە خزمەتکارەکە پێشڕەوی کردین بەرەو لای مێزەکەمان. پات مێزێکی زۆر خۆشی لەلایەکی ژوورەکە داواکردبوو. ئەو تەنانەت بیری لە سندوقێکی بچوکی پڕ لەبەڕووی ئوسڕالی بەقاوە داپۆشراویش کردبۆیەوە وەك بەبیرهێنەرەوەیکی ڕۆژانی هاوایمان. ئەوەیا زیاتر سەرسامی کردین لەهەر شوێنێك وێنەیەیکی هەموومانی لە چوارچێوەگرتبوو کە هی دواین کۆبونەوەی گروپەکەمان بوو ماوەی ٢٠ساڵ پێش ئێستا. هەموومان دەمانزانیت خوانێکی نیوەڕۆی لەبیرنەکراودەبێت.

کاتێك لە وێنەکەم ڕوانیت بینیم هەموومان وەك خۆمان ماوینەتەوە و ڕووخسارمان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو. جەنیس وتی،"دڵنیام هەموومان هەمان ئەو قاتەی ئەوکات بۆ مەلە دەمانکردە بەرمان ئێستاش بۆماندەبێت" ، هەموومان ئاهێکمان هەڵکێشا.

لەکاتێکدا پەرداخی ئاوەکانمان پڕدەکرا پرسیم، ئەی مارسا؟ ئایا ئەویش دێت؟"

پات وەڵامی دایەوە،" بەهیوابووم بتوانێت بێت، بەلام لەدوایین ساتەکاندا پەشیمان بۆیەوە. مارسا وتی دایکی حاڵی باش نییە، بۆیە هەستی بەئاسودەی ناکرد بۆماوەی ٣ ڕۆژ بەتەنیا بەجێی بهێڵێت. بەگوێرەی ئەوەی بیستومە ساڵێك پێش ئێستا باوکی مردووە ، بۆیە ئێستا مارساو دایکی پێکەوە دەژین. ئەو برا و خوشکی نییە. پێی وتم خۆشەویستی ئەو بگەیەنم پێتان". جەنیس وتی ،" ٤ کەس لەو ٦ کەسە، ئەمەش هەر زۆرباشە".هەر لەوکاتەدا بەردەستەکە دەرکەوت بە شوشەیەك شەراب بە دەستێکیەوە و پەرداغی شەرابیش لەدەستێکیتریدا. پات بیری لە هەموو شتێك کردبۆیەوە. پەرداغەکان لەسەر مێزەکە دانران و شەرابەکە ڕاوەشێنرا و بەوریاییەوە پەرداغەکانمانی لێپڕکرا. پات ڕایگەیاند،" من پێشنیار دەکەم پێکێك بنۆشین. بۆ ئەو هاوڕێیەتیە نایابەی ساڵانێکە درێژەی هەیە".

پەرداخەکانمان هەڵگرتبەرامبەر بە یەکتری پێکەکانمان نۆشکرد.

پاشان دانیشتینەوە خوانێکی نیوەڕۆی دووروودرێژ و چێژ بەخش.

---

دواجار کە یەکتریمان بینیت ٢٠ ساڵ پێش ئێستا بوو کە هەمووما‌ن پێکەوە نانی نیوەڕۆمان لە هۆنولیلۆ خوارد. هەمووما‌ن بە نیازی دەسپێکردنی پیشەکانمان بووین و بیری زۆر فراوانتر لەچاو ژیانەوە لە مێشکماندا هەبوو.

---

## بەندی دووەم

# کچەکان

لەبیرت بێت، جینجر ڕۆجرس هەموو ئەو کارانەی کرد کە فرێد ئەستێر ئەنجامی دا، بەڵام جینجر لە دواوە و بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە ئەنجامی دا.

"فەیس ویستلێس"

بۆ ساتێکیش لە گفتوگۆکردن نەدەوەستاین . یەك بە یەك قسەمان دەکرد و پاشان کاردانەوەمان بۆ قسەکانی یەکتر دەکرد. بەهەر چواردەوری مێزەکەدا قسەمان بۆ یەکتری دەکرد. شتانێکی زۆر هەبوون بۆ یەکتری باس بکەین. جەنیس لە هەمووومان دەنگی بەرزتر بوو، بە دەنگێکی بەرز هاواریکردە لیزلی، " ئێ لیزلی پێم بڵێ ئەم ٢٠ ساڵەی پێشوو بەچییەوە خەریك بوویت؟" بەهۆی بەرزی دەنگیەوە سەرنجی هەموانی بۆلای خۆی ڕاکێشا و لە قسەکردن وەستاین و ڕوومان وەرگێڕا بەلای لیزلیدا تا گوێ بۆ وەڵامەکەی ڕابگرین. "

چیرۆکی لیزلی

لیزیلی بەوە دەستی پێکرد،" لەبیرتانە دوا خوانی نیوەڕۆمان لە هاوای من ئەو کات بەتەمابووم هۆنولیۆ جێ بهێڵم بۆ گەڕان بەدوای هەلیکاری باشتر؟"

هەموومان بەسەر ئاماژەی بەلێمان دا.

"بەڵێ ، ٦ مانگ دوای ئەوە چووم بۆشاری نیویۆرك ، وە بۆشم دەركەوت دەبێ بچم بۆ هەر شوێنێكیتر كە كارەكانمی لێ ڕابپەێنرێت، ئەمە باشترین دەرفەدەت دەبوو بۆم تا بچم بەرەو هونەری ڕێكلامی بازرگانی تەلەفزیۆنی جیهانی. زۆر بەبەخت بووم كە توانیم یەكسەر كارێكم دەست بكەوێت لە كۆمپانیایەك بەوێنەی گرافیكی سادەوە، ئەمە كانی پێبەخشیم تا شارەزایی شارەكەبم و بۆم دەركەوێت بەڕاستی چیم دەوێت.

لەسەرەتادا كەمێك ڕاڕابووم چونكە گواستنەوەم لە هاوایەوە بۆ نیویۆرك وەك شۆكێك بوو. من لەوەو پێشتر هەرگیز بەڕێگا ژێرزەمینییەكاندا تێنەپەڕیبووم. بەزووی فێربووم پێڵاوە پاژنەبەرزەكانم دانێم و چیتر پێیانەونەڕۆم بەڕێدا. چەند كارێكیتریشم كرد وەك كاركردنم لەبەشی هونەری بلومینگدەیلز و مایسی.

"لەكاتە بە تاڵەكانمدا هەمیشە وێنەم دەكێشا. كونجێكی ماڵەكەمم دابینكردبوو وەك ستۆدیۆیەكی هونەریم تەختەی وێنەكێشان و وێنەكانمم لێ دادەنا. خۆشترین شت كە ئەنجامی بدەم ئەوە بوو پێداویستیەكانم هەڵگرم و شوێنێكی شار دیاری بكەم وەك پاركی ناوەند یاخود ناوەندی ڕۆكفێلەر و بۆ چەندین كاتژمێر وێنە بكێشم. چەند ساڵێك پێش ئێستا تەنانەت پێشناگای تایبەتی خۆم كردەوە لە پێشانگاكانی شاردا. ئەوە بووە هۆی ئەوەی دەریكەوم. ڕاستە پارەیەكی زۆرم لێوەی دەست نەكەوت، بەڵام چەند نیگارێكم فرۆشت، ئەوە زۆر هەست بزوێن بوو بۆم كە دەمینی كارەكەم ئاڕاستەی خۆی وەرگرتوە."

"پاشان چاوم بە پیتەر کەوت، پیاوی خەونەکانم. ئەویش هونەرمەند بوو. ئێمە یەکترمان خۆشویست و دوای ساڵێك هاوسەرگیریمان کرد. دوو منداڵمان هەیە، کچێك و کوڕێك. بەڵام پێکەوە ژیانی دوو هونەرمەند پێکەوە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڕاستی ژیانەکەمان هیچ بەوجۆرە نەبوو کە دەمان هێنایە پێش چاوی خۆمانەوە.

پیتەر ستۆدیۆیەکی لەناو شاردا هەیە لەوێدا وێنە دەکێشێت، ئەو بۆ خۆی باش بەڕێوە دەچوو بە فرۆشتنی تابلۆکانی و وتنەوەی وانەی هونەرییەوە. بەڵام وای بۆ دەچم کێشەکە ئەوەبێت ئێمە زۆر بە یەکتر دەچووین، مەبەستم ئەوەیە لەو ڕووەوە کە هونەرمەند بووین! ئێمە هەردووکمان زۆر شپرزین و هەرگیز دامەزراونین و هیچیشمان ناتوانین هاوسەنگی چەکی بانکیمان ڕابگرین، بەڵام بە دڵنیایەوە پارەمان زۆر خەرج دەکرد. هاوسەرگیریکەمان بۆ ماوەی ٦ساڵ بەردەوام بوو دواتر وەك دوو هاوڕێ لە یەکتری جیابووینەوە.

"لەوکاتەوە تاوەکوو ئێستا زۆر جوان توانیومە دوو منداڵەکەمان بە تەنیا بەخێو بکەم. پیتەر تەنها بەبڕێکی کەم لەڕووی داراییەوە یارمەتی دەرم بووە، بەڵام ئەو خۆشی زۆری پارە دەست ناکەوت. کوڕەکەم ١٤ ساڵ وکچەکەم ١٢ ساڵ. لە ئێستادا هەر کاتێك دەرفەتم بۆ بڕەخسێت وێنە دەکێشم ، کە بەزۆریش کاتم زۆر نییە. لێرە لە پێشانگایەکی هونەری لەخوار شەقامەکانی شارەوە کاردەکەم.دایکێکی تەنهابوون بەڕاستی کارێکی سەختە. خەرجی ژیان زۆر گرانە لە مانهاتن، بۆیە گواستمانەوە بۆ نیوجێرسی تا بتوانین ژیانێکی خۆشتر بژین و منداڵەکانیش بچنە قوتابخانەیەکی گونجاو. بەم شێوەیە هەمووشتەکان بە باشی

بەڕێوەدەچن ،بەڵام بێگومان ئەو ژیانە نییە لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا پلانم بۆی دادەنا.

جەنیس هاتە ناو باسەکەوە وتی :" ناتوانم بیهێنمە پێشچاوم کە کە بتوانم دوو منداڵ بە تەنیا خۆم بەخێو بکەم.بەهەزار حاڵ دەتوانم ئاگام لە خۆم بێت هەر لەبەر ئەوەشە تا ئێستا سەڵتم. هەروەها خەرجی ژیان لە ئەلباما گرانە بەڵام وەك نیویۆرکیش نا. لیزیلی، بڕێکی زۆر کارتی کرێدیتت دەدەمێ."

لیزلی وەڵامی دایەوە،" سوپاستەکەم".

پات سەیرێکی جەنیسی کرد و وتی،" ژیان لە ئەلباما چۆنە؟ من هەرگیز ئەونە لەوێ نەماومەتەوە.

چیرۆکێ جەنیس

جەنیس دەستی پێکرد و وتی،" من ئەلبامام زۆر حەزلێیە، پێشم وایە زۆرجار زیاتر لە شوێنەکە چێژ لەکارەکەم دەبینم لێرە. وەك وتم من هاوسەرگیریم نەکردووە. ٨ساڵ پێش ئێستا زۆر نزیك بوو لەوەی شووبکەم،بەڵام هەر پێش ئەوەی بانگێشتنامەی هاوسەرگیریمان بڵاوبکەینەوە پێی ڕاگەیاندم پێویستی بەوەیە خۆی بدۆزێتەوە و پاشان چوو بۆ ئەورووپا! لە کۆتاییدا دوای ٦ مانگ نامەی بۆ ناردم نوسیبووی وای بۆ ناچێت ئامادەی هاوسەرگیری بێت. وەك بڵێی خۆم تا ئەوکاتە هەستم بە بەوە نەکردبێت و نەمزانیبێت وا دەڵێت! دواتر بیستم چوە بۆ بالی و فیجی و لەگەڵ کچێکی نزیك ٢٠ساڵاندا ژیانی پێك هێناوە. وا دیارە لە کۆتاییدا خۆی دۆزیوەتەوە!" هەرچەند من نەم دەویست خۆم دابەزێنم بۆ ئاستی ئەو.ئێستاش کە تەمەنم بەرەو سەر دەچێت ژوان

بەستن بۆم زۆر قورسترە وەك هەمیشە. دەبینم هەرچەند پیاوەکان بەتەمەنتر دەبن ژوان لەگەڵ گەنجتردا دەبەستن. چۆن دەتوانین ململانێی ئەو بارودۆخە بکەین؟!

"بەم شێوەیەش کارەکەم تاکە مەبەستمە. من بەردەوام بووم لە کارکردن لەگەڵ ئەو دوانەدا کە لە هۆنولیۆ لەگەڵیاندا دەست بەکار بووم. لەبیرتانە، ئەوان بازرگانییەکی کەمەری زۆر باشیان هەبوو؟ کاتێك لەڵیاندا دەستم بەکارکرد تەنیا دوکانێکیان لە هۆنولیۆ هەبوو. پاشان گەشەیان بە بازرگانییەکەیان داو کردیان بە سێ فرۆشگای گەورە لە هۆنولیۆ، یەکیان لە ماوی و ئەویتریان لە دوورگەیەکی گەورەدا بوو. دوای ئەوەش گەیاندنی پۆستەی ڕاستەوخۆیان بەرەو سەرەکیترین بەشەکانی کیشوەرەکە بڵاوە پێکرد. من بۆماوەی ٥ساڵ لەگەڵیاندا کارم کرد. ئەندازەیەکی لە ڕادەبەدەر پارەم پاشەکەوت کرد، بۆیە بڕیارمدا ئەو سەرکەشیە بکەم و چانسی خۆم تاقی بکەمەوە و کارێکی تایبەت بەخۆم دەست پێبکەم. بەهۆی ئەوەی فێری فرۆشتنی بە تاك ببوم و سەرم لێی دەردەکرد، وابیرم دەکردەوە ئەمە باشترین دەستەبەریم دەبێت، بەخۆمم وت دەتوانم ئەما بەتەنیا ئەنجام بدەم.

"بەڵێ، بۆم دەرکەوت چەند هەڵەبووم. بیرۆکەی دلخۆشکەرم ئەوەبوو باشترین فرۆشگای خۆراکە خوازراوەکان بکەمەوە. ئەوەنەی من بزانم تەنیا یەك فرۆشگای تری هاوشێوەی ئەوە هەبوو، کە قازانجێکی زۆری بەدەست دەهێنا. هەموو ئەو پارەیەی پاشکەوتم کردبوو لەگەڵ ئەو پارەی قەرزی بازرگانییەی هەمبوو شوێنێکی بچوکم لەدەرەوەی واکیکی لە شەقامی پاسەکاندا بەکرێ گرت، کەلوپەلەکانم کڕی و دەرگام خستە

سەر پشت و دەست بەکار بووم. دوای ئەوەی ٤ ڕۆژبوو دوکانەکەم کردبۆوە و هیچ مشتەرییەك نەهاتبوو. یەکەم شت کە هات بە مێشکمدا ئەوەبوو، من خۆم بە کەسم نەوتوە لێرە کاردەکەم. پێم وابوو خەڵکی خۆیان دەردەکەون . بەم شێوەیە جیاوازی نێوان فرۆشتنی پێداویستی وشکە و خۆراکم بۆ بەدەر کەوت. هەروەها ڕووبەڕووی ڕێگایەکی سەخت بوومەوە کە بەپێی گرێبەستێ بەکرێگرتنەکەم بەهۆی درەنگ پێدانی کرێکەوە توشی سزایەکی سەخت بوومەوە. چەندین جار گەیشتمە ئەوەی دەست هەڵگرم. لەبری ئەوە پەیوەندیم بەبەڕێوەبەری پێشوومەوە کرد و داوای یارمەتیم لێی کرد. لەسەرەتادا پێم پێکەنیت و وتی،" بەخێربێی بۆ جیهانی ڕێنیشاندەری کارکردن. پێم بڵێ چی ڕوودەدات؟" ئەو بوە ئامۆژگاری کارێکی باش بۆم تا کارەکەم بەرەوە باشتر بەرم. وای بۆ ناچم ئەو سەرکەوتنەم بەدەست بهێنایە ئەگەر بەهۆی ئەو ڕێنیشاندانانەی ئەوەوە نەبوایە.

"بێگومان وردە وردە پیشەکەم بەرەو پێش چوو. زۆر دڵخۆش بودم کاتێك یەکەم ئاگاداری هەلی کارم بڵاو بۆیەوە. لە کۆتایدا بەگوێرەی پێویست شتم فرۆشت کە بتوانم کەسێك بەکرێ بگرم یارمەتیم بدات. کاتێك یەکەم فرۆشگام کەوتە سەر ڕێی خۆی ، فرۆشگای دووەمم کردەوە. ئەم فرۆشگایەشم لەسەرتاوە ڕووبەڕووی کێشە بۆیەوە، بەڵام هێواش هێواش هەردوو فرۆشگاکەم بڕی فرۆشی زیادیکرد و داهاتێکی زۆرم لێی بەدەست دەهێنا."

"پاشان دووبارە بەرەو مەترسی دەچووم کە یەکێکیتر لە بیرۆکە بێ وێنەکانم بەمێشکدا هات، ئەویش دوکانێکی زۆر تایبەت بوو بۆ سەرجەم

پێداویستیەکانی ئافرەتان تا بتوانین ساتەوەختی چێژبەخشی بۆ خانمان پێ دروست بکەین.

فرۆشگاکە ژینگەیەکی ئارامبەخشی هەیە، ئێمە تەواوی بەرهەمەکانمان هەیە تایبەت بەو بوارە لە شامپۆی حەماوە بگرە هاتەوەکوو مۆم و هەنێك خزمەتگوزاریشمان هەیە بۆ ئامادەکردنی ئێوارەیەکی ڕازاوە لەڕێی فرۆشیارەکانمانەوە و دەگەیەنرێتە ماڵی کڕیاران.

بەم جۆرە فرۆشگاکانی هاوایم فرۆشت و بیرۆکەکانم لە کالیفۆرنیادا گیرسانەوە.پێم وابوو کارێکی ئاسان دەبێت .جەنیس هەناسەیەکی هەڵکێشاو پاشان وتی،" خەریك بوو هەمووشتێکم لەدەست بدەم. کڕین و فرۆشتن لە ئەلباما زۆر جیاوازە لە هۆنولیۆ. یاساکان جیاوازن و ئەو بەرهەمانەی کڕیارانیش خواستیان لەسەری هەیە جیاوازە. تەواوی ڕوانگەکان جیاوازن، وەك ئەوبوو لە هیچەوە دەست پێبکەمەوە. تەنێك شت فێربووم. بۆ ئەوەی چیرۆکەکە لە کورتی ببڕمەوە ، ئێستا سێ فرۆشگام هەیە، دوانیان لە ئەلباما و ئەویتریان لە سان دیاگۆیە. فرۆشگاکەمم دایە دەست فرۆشیارانێکی ئافرەتەوە، بەڵام ئێستا بوونی پیاوانیش لێی زۆر ئاسیی بوەتەوە. وەك من زۆر بایەخ بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بازارکردنی ئۆنلاین دەدەم، ئەمە چی جیهانێکی سەمەرەیە !"

کارێکی زۆرمان هەیە . ١٢ فەرمانبەرم هەیە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی چیرۆکێکیترە. من بەردەوام لەو بەینەدا هاتووچۆمە لەئەلباماوە بۆ سان دیاگۆ وە هەروەها بەتەمای گەشت و ڕێکلایمی بازرگانی و چاوپێکەوتن وگرێدانی ڕێککەوتننامەم بۆ ئەوەی کڕین و فرۆشتنەکەم بەردەوام لە

برەو سەندندا بێت. دەمەوێت بڵێم خەریکم داهاتووم بنیات دەنێم بەلام ڕاستییەکەی ئەوەی دەستم دەکەوێت دەبێ هەر بۆ بازرگانییەکەم خەرجی بکەمەوە. جەنیس بەمتمانە بەخۆ بوونەوە وتی،" من کارەکەمم خۆش دەوێت بەلام چاوەڕێی ئەوەم ڕۆژێك بێت دابنیشم و پارەکانم بۆخۆیان بێنە بەردەستم. بەدڵنیاییەوە ماوەیەکی زۆر دووروودرێژتر لەوە دەخایەنێت کە پێشبینیم دەکرد. ئاوڕ لە دواوە دەدەمەوە و دەبینم ئەم ٢٠ ساڵەی ڕابردوو خەریکی چی بوومە، وا دەردەکەوێت بۆ هەمیشەبێت پاشان ڕۆژانی ئاسودەی هۆنولیۆم بیر دەکەوێتەوە کە هەر دەڵێی دوێنێ بوو ، ئایی ئەبێ بتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەوکات؟"

هەمووومان ڕاستەوخۆ کەوتینەوە یاد ئەو ڕۆژانەی کە یەکتریمان ناسیت، تەواوی ئاهەنگەکانی کەنار دەریا کوڕەکان و گەشتەکانمان بەرەو دوورگەکانی دەوروبەر و یەکەم کارمان کوڕەکانی ئەوێ و ئەو خواردنە ناوچەییەی کە زۆر بیری دەکەین وە هەروەها جل و بەرگی مەلەکردنەکانمان، کە ئەمانە بەنرخترین و خۆشترین ساتەوەختەکانی ژیانمان بوو.... ئۆۆ و جا کوڕەکانیش.

لیزلی پرسی،" پات یەکەم کارتم لەبیرە. تۆ زۆر دڵخۆش بووی بەکارکردن بۆ ئەو ڕۆژنامەیە. ئێمە هەرگیز نەمان دەتوانیت بێدەنگت بکەین کاتێك دەکەوتینە باسی ئەو چیرۆکانەوە کە کارت لەسەریان دەکرد. ئایا ئێستاش خەریکی نوسینی؟"

چیرۆکی پات

پات ئارەزووی نوسینی دەکرد. پات لەباربوو بۆ زانستی سیاسی د ڕۆژنامەوانی. هەر زوو ئەوەی بۆ دەرکەوت کە دەیەوێت گەشت بەدەوری

جیهاندا بکات وەك پەیامنێر و دەربارەی ڕووداوەکانی جیهان بنوسێت.
دوای تەواوکردنی کۆلێژ تەنیا دوو داواکاری بۆ دوو باشترین ڕۆژنامای هۆنولیۆ نارد. کاتێك لێیان پرسی بوو چی دەکەیت ئەگەر قبوڵ نەکرێت، وەلآمی دابۆیەوە،" من بۆ ماوەی زیاتر لە ٤ ساڵە خۆم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە ئامادە دەکەم ئەگەر وەرنەگیرێم دەست بەردار نابم تا بەڵێ وەرنەگرم".

پات بەگشتی کەسێکی سەنگین و دوورەپەرێزە، مەگەر زۆر بەقوڵی لێکۆڵینەوە بکات بۆ چیرۆکی هەواڵێك، دەبینیت کەلەسەر مێزەکەیەتی و بەکۆمەڵێکی زۆر کتێب، گۆڤار و رۆژنامەوە دەوری خۆی داوە. ئەو هەمیشە بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵە لەڕاستیدا ئاڵوودەی هەواڵە. ئەو خۆی تۆمارکردووە بۆ پێنج ڕۆژنامەی جیاواز و بەشەو ڕۆژ لە کەناڵەکانی هەواڵەکاندا کار دەکات. ئەگەر ڕۆژێك ویستت بزانبت لە جیهاندا چی دەگوزەرێت، دەتوانیت پرسیار لە پات بکەیت. ئەو جۆرە دڵنیاییەکی هەبوو کە هەمووما ستایشمان دەکرد. ئەو دەیزانی چی دەوێت و بەرەکوێ دەچێت.

بەلآم هەندێکجار ژیان دەست لە خەونەکانمان وەردەدات.
پات دەستی کرد بەباسکردن وتی،" من کارم زۆر باش بوو لە ڕۆژنامەوانیدا . بەردەوام کاری باشتر و زیاتریان پێدەدام. هەمووشتێك ڕێك وەك ئەوەبوو پلانم بۆ دانابوو هەم لەڕووی داراییەوە و هەم لەڕووی کەسێتیشەوە. دوای ٣ساڵ لەدەست بەکاربوونم لەو ڕۆژنامەیەدا هاوسەرەکەم گرانتم ناسیت، هەردووکمان خەونی گەورەمان هەبوو.

" گرانت باشترین دەرفەتی کاری بۆ پێشنیارکرا لە دالاس لەلایەن یەکێك لە گەورەترین بانکەکان وڵاتەوە. داوام لێکردم هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم،منیش وتم ڕازیم. دەمزانی غەریبی هاوای و کارەکەم دەکەم بەلام ئەم دەرفەتی کارە لەڕووی داراییەوە بۆ هەردووکمان زۆر باش بوو. هەر ئەوەنەم زانیت خۆمان ئامادەکرد و بەڕێوەبووین بەرەو دالاس. من هیچ بەتەمای ئەوە نەبووم کە کارم لە یەکێك لە ڕۆژناماکانی دالاس دەستکەوێت ، بەلام شتێکی زۆر لەناکاو ڕوویدا. بۆم دەرکەوت کە دووگیانم، کە بەهیچ شێوەیەك پلانم بۆ ئەمە دانەنابوو."

ئێمە هەمووماں گاڵتەمان بەوە دەهات و بۆمان سەخت بوو باوەڕبکەین کە شتێك لە ژیانی پات ڕوویداوە کە هیچ خۆی بۆ ئامادە نەکردووە و پلانی بۆ دانەناوە. پات بەردەوام بوو وتی،" ڕەنگە وابێت کە ئێوە دەیڵێن. بەلام تۆ وەرە بتوانیت کارێکت بەدەست بکەوێت لەکاتی دووگیانیدا! پێم وابێت خۆم هەڵدەخەڵەتاند کاتێك بەخۆم دەوت کارێکی زەحمەت نابێت، بەلام لەڕاستیدا زۆر زەحمەت بوو. دەزانم یەکێك لەوانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کرد چۆن بیری دەکردەوە کاتێك پێم وت کە دووگیانم،" لەڕاستیدا ئێمە بۆکاتی خۆمان بەفیڕۆ بدەین؟ من تۆ ڕابهێنم و پاش ٦ بۆ ٧ مانگیتر جەنابت ئێرە جێبهێڵیت!" وا دەردەکەوت هیچ کەس ئارەزووی وەرگرتنی ژنێکی دووگیان نەبوو لەو کاتەدا، کە دەبێتە دایکێك بە منداڵێکی تازە لەدایك بوەوە. ئەمەش بەتەواوی منی وەستاند. جار جار لەملاو لاوە چەند نوسراوێکم هەبوو، بەلام زۆر پشت بەستووبووم بە دەستکەوتی گرانتەوە. ئەوەش زۆربێزارکەر و نائومێدکەر بوو، بەڕاستی گێڕامیە دواوە.

"هەستمان کرد حەزمان لە دوو بۆ سێ مناڵە بۆیە وتم ئەگەر ئێستا بمبێت کاتێك تۆزێ گەورەتربوون دەتوانم دەست پێبکەمەوە بە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەکەم. بەڵێ بەم شێوەیە چەند ساڵێك بوو بەچەندین ساڵ. من بووم بە دایکێکی خانمی ماڵەوە بە سێ منالی چاو گەشەوە. گرانت چەندین جار پلەی بەرزکرایەوە و ئێستا سەرۆکی کارمەندانە و پارەیەکی باشی دەست دەکەوێت، هەر بۆیە ناتوانم ناڕەزاییم هەبێت. ئێمە هەرگیز پێویس ناکات کارێکیتر بکەین تا پارەمان دەست بکەوێت، بۆیە چیتر هەولی گەڕانەوەم بۆ ڕێڕەوەی هەوالی نەدایەوە. ئێستا ٢ لە منداڵەکانم کاتی چوونە کۆلێژیانە، وابیردەکەمەوە کاتی ئەوە هاتوە خۆم بۆ نوسین تەرخان بکەمەوە، بەلام جیهانی هەواڵەکان زۆر گۆڕاوە و من کاتێکی زۆرم لەدەست داوە بەهۆی تێپەڕبوونی خێرای ئەم سالانەوە، نازانم وزەی ئەوەم هەیە ئەوەی لەم یارییەدا لە دەستم داوا بەدەستی بهێنمەوە."

یەکێك لە پڕدەنگە دەنگترین مێزەکانی ڕێستۆرانتەکە ئێستا بێدەنگە. هاواری پەشیمانیان لە قسەکانی پاتدا گوێ لێدەبوو. پاشان پات چاوی لەسەر پەرداخەکەی بەرزکردەوە و وەك بلێی مێشکمانی خوێندبێتەوە وتی،" بڕوانن ئێمە هەموو هەلبژاردنی خۆمانمان لەژێر دەستە، منیش هەلبژاردنی خۆم کرد. ئایا شتێکی جیاواز هەبوو ئەنجامی بدەم؟ بە دلنیاییەوە بەلام من لە ناو هەموویاندا دایکایەتیم هەلبژارد بەسەر پیشەکەمدا وپەشیمانیش نیم". بەگەرمی کۆتای بە قسەکانی هێنا.

پات وەك خۆری درەوشاوە بوو، بەم قسەیەی ئەو پەشۆکانەی ڕووی لە سەر مێزەکەمان کردبوو ڕەواندەوە، کە ئەمەش هانی جەنیسی دا

پەرداخەکەی بەرز بکاتەوە. جەنیس ڕایگەیاند،" بۆ هەڵبژاردنەکانی ژیانمان ، هەموومان دەتوانین باشترین بڕیارەکانی داومانە سودی لێ ببینین تا لەساڵانی داهاتوودا بڕیاری باشتر بدەین". هەموومان نۆشمانکرد. لیزلی سەیرێکی پەرداخە بەتاڵەکەی کرد و وتی،" پێم وایە پێویستمان بەبڕێکی زیاتری شەرابە، پاشان دەمەوێت گوێبیستی بەسەرهاتی کیم بم".

بەندی سێیەم

# چیرۆکی من

---

ئەگەر گوێڕایەڵی تەواوی یاساکان بیت، تەواوی خۆشیەکان لەدەست دەدەیت.

"کاسرین هێپبێرن"

---

شاگردەکە لە دوورەوە گوێبیستی قسەکەی لیزلی بوو و ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندە مێزەکەمان و دووبارە پەرداخەکانی بۆ پڕکردینەوە. کاتێک کە دوورکەوتەوە، لیزلی پرسی،" کیم ئەی لەماوەی ئەم ٢٠ساڵەدا چی لەژیانی تۆدا ڕوویدا؟"

بەوە دەستم پێکرد،" بەڕاستی ساڵانێکی دوورودرێژ بوو. لەبیرمە لەتەمەنی ١٣ ساڵیمدا کتێبێکم خوێندەوە دەربارەی ٤ پیاو و ژن، کە لەکۆتاییەکانی تەمەنی هەرزەکارییاندا بوون و سەرەتای تەمەنی بیست ساڵیەکانیان بوو، بەتەواوی ئەوروپادا گەشتیان کرد. چیرۆکەکە زۆر بە ئاشکرا لەو سەرکەشیانە دەدوا کە بەدرێژای ئەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی ببونەوە، چی باش و چی خراپ. لەو کاتەدا کە لە نیوجێرسی دەژیام ئەو شوێنەی لێی لەدایک بووم و گەورەبووم، ئەم کتێبە بوە هۆی ئەوەی چاوم بکرێتەوە بەو ڕاستییەی کە جیهانێک لەدەروەی نیوجێرسی،

نیویـۆرك و پەنسـلڤانیا هەیـە. کـە ئەمـەش یەکێکـە لـەهۆکارەکانی گواستنەوەم بۆ هاوای."

پات وتی،" لەبیرمە دایك و باوکت لە ئۆرگن دەژیان".

وەلأمم دایەوە،" کاتێك من ١٤ ساڵان بووم لە نیو جێرسیەوە ڕۆیشتین بۆ ئۆرگن. ئەوەش یەکەم سەرنجێکم بوو بۆ بینینی جیهـانێکیتر لـەدەرەوەی ئەو جیهانەی من دەمزانی هەیە. ئەوە بەجۆرێك چێژ بەخش بوو کـە هـانی دام چەندین شتیتر هەیە لە جیهاندا بۆ بینین، منـیش بڕیـارم دا دەمـەویت ئەو شتە جیاوازانە بینم".

"دایك و باوکم لێیان پرسیم دەتـەوێت بچیتە چـی شـوێنێك بـۆ خوێنـدنی کۆلێژ، منیش وت،" هاوای". وای بۆ دەچووم شـوێنێکی دلـڕفێن بێـت بـۆ ژیـان و گـەڕان. جێـی سەرسـوڕمان نـەبوو لام کـە چـەنێك کـات لـەناو پۆلدابەسـەر دەبـەم و چـەنێك کـات لەکـەنار دەریـا بەسـەر دەبـەم. ئەمە خاڵێکی گرینگ بوو. بەلأم بەوەی دەیانزانیت من قوتابیەکی گوێڕایەڵ نیم ولەواناش نییە لە زانکۆیەکی قەدیمیدا گەشەبسێنم، تەنها بۆ ساڵی یەکەم ڕازی بوون وەرمبگرن...وابـیران دەکـردەوە دوای سـاڵێك کـەش و هـەوای هـاوای وەردەگـرم لەگـەڵ سیسـتەمەکەدا ڕادێـم و خوێندنەکـەم بەجـدی وەردەگرم.

پات وتی،" تۆ هاوایت بەجێ هێشت، دواتر دووبارە گەڕایتەوە".

دانم پێدانا کە،" بەڵێ، وابوو. بەهۆی ئەوەی من حەزم بە گەشتکردن بوو لەماوەی چوار ساڵدا پێنج جار زانکـۆم گـۆڕی. لەکۆتاییـدا لەزانکۆیـەکی هاوای خوێندنم بەکۆتاهێنا بە بڕوانامەی بازرگانییەوە. من منـاڵترینی سێ کچـی خێزانەکـەمم. هـەر بۆیـەدایك و بـاوکم هەرسـێکمانیان نـاردە

بەرخوێندنی زانکۆ، کاتێك بڕوانامەی دیپلۆمەکەم وەرگرتەوە  پێچامەوە و بە پۆستە ناردم بۆ دایك و باوکم لەسەریشی نوسیم،" پیرۆزتات بێت، ئێوە زیاتر لەمن شیاوی ئەمەن."

پات وتی،" لەبیرمە جارێکیاند چاوم بە دایك و باوکت کەوت لەو گەشتەیاندا کە هاتبوون بۆ هۆنولیۆ. ئەوان زۆر خوێن شیرین بوون."

وتم ،"من زۆر بەبەختم ، دایك و باوکم هەمیشە باشترین پێشنگ بوونە بۆم. هەمیشە پێیان وتومە  دەتوانم هەرچیم بوێت پێی بگەم. هانیان داوم خۆم بیر بکەمەوە و دووبارە پێیان دەوتم" لەهەمووشتێك گرینگتر ئەوەیە  دڵخۆشبیت"، ئەوان خۆیان لەوەدا دەژیان کەفێری منیان دەکرد. دایکم کە مامۆستا بوو لە قوتابخانەیەکی کۆندا وانەی دەوتەوە شان بەشانی وانە وتنەوە بەو منداڵانەی خاوەن پێداویستی تایبەت بوون، ئەو هەمیشە زۆر گەشبینە. بەهۆی ئەوەوە فێری مانای میهرەبانی ،گرینگی پێدان و خۆبەدەستەوە نەدانی ئەو بەربەستە بچوکانە بووم کە دێنە ڕێی ژیانم،هەمیشە دەی پرسی" ئایا پێویست دەکات هێندە خۆتی بۆ دڵتەنگ بکەیت؟" باوکیشم وەك بازرگانێك وسودی شارەزایی‌ی فرۆشتن نمونەیەکی جوانی ڕاستگۆی و پاکی بووە بۆم. فێری کردم ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا ڕێککەوتم، ئەبێ بەوەفابم بۆ ئەو ڕێککەوتنە بەهەر نرخێك بێت. ئێستاش  دایك باوکم زۆر پشتیوانمن و شانازی دەکەن  بەوەی من و ڕۆبێرت ئەنجانی دەدەین."

جەنیس وتی،" تۆش هەر وەك ئێمە دوورگەکەت بەدڵ بوو و مایتەوە".

وتم،" با ڕاشکاوبین،بیهێنە پێش چاوت ئێمە هەموو گەنج و سەڵت بووین، لە هۆنولیۆ دەژیایین و تەنیا چەند بەپرسیارەتیەکی کەممان لە ئەستۆدابوو.چۆن ئەکرێ بەدڵم نەبووبێ؟"

چەنیس وتی،" زۆر ڕاستە، ئەوانە چەند ساتەوەختێکی زۆر پڕ چێژبوون."

یەکەم کارم

درێژەم بە چیرۆکەکەم دا. کاری تەواوی ڕۆژم لەبەشی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێك لە گەورەترین دەزگا ڕێکلامیەکانی هۆنولیۆ بوو. یەکەم کارێکی نایاب بوو. لەبەر ئەوەی هۆنولیۆ شوێنێکی بچوك بوو زۆر بە زووی ئاشنای کۆمەڵگای ڕێکلام بووم. ئەوان کەسانێکی ڕووخۆش بوون. " لە ئاژانسی ڕێکلامەوە چوومە لایەکیتری گۆڕەپانی ڕێکلایمی بازرگانییەوە وە لەکۆتایدا پلەیەکم وەرگرت لە ڕێکلامی فرۆشتندا. دوا جار کە پێکەوە بووین لەو بوارەدا کارم دەکرد. نازانم لەبیرتانە یان نافرۆشتن بەشێوەیەکی سروشتی بۆم ئەهات و من هیچ بەرنامەیەکی مەشقکردنی تایبەت بەکارم نەبوو. بەتەواوی کەوتبوە سەر ئەزمونی فێربوونی کارەکە. کاتێك بووم بە ٢٥ ساڵ گۆڤارێکم بەڕێوەدەبرد کە خزمەتی بازرگانی کۆمەڵگەی هۆنولیۆی دەکرد. ئەوەی زۆر جێی سەرنجم بوو فرۆشتنی ئەو ڕێکلامانەبوو بە چاپگەران. دوو نوێنەری تری فرۆشتنم هەبوو کا کاریان بۆم دەکرد. ئەگەر هیچمان نەفرۆشتایە هیچ گۆڤارێك لە ئارادا نابوو. لەهەر بارودۆخێکدا کە پەستانی زیاترمان لەسەر دروست دەبوو بۆ زیاتر فرۆشتنی ڕێکلامەکانمان لەچاو بارودۆخی پێشترەوە.

هەموو مانگێك زۆر بەسەختی کارمان دەکرد، بەهەر حاڵێك بوو تیایدا سەرکەوتین."

لیزلی پرسییتی،" دوا خوانی نیوەڕۆمان پێکەوە خەریکی ئەو کارە بووی، لەوێوە بەکوێ گەیشتیت؟"

وەڵامم دایەوە،" بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو گۆڤارە کارم کرد. وە بڕیارم دا کاتی ئەوە هاتوە گۆڕانکارییەکی گەورە بکەم لە ژیانمدا. پلانەکەم بەم شێوەیە بوو: هەنگاوی یەکەم، گواستنەوەم بۆ شاری نیویۆرك، بەرەو ناوەندی ڕێکلامی بازرگانی جیهانی. هەنگاوی دووەم، گرتنەبەری ڕێگای سەرکەوتن بەرەو بەرزترین ئاستەکانی بواری ڕێکلای بازرگانی. هەنگاوی سێیەم، وەرگرتنی نوسینگەیەك لەلایەکی مارسین ئاڤینیۆ! ئەمە پلانەکەم بوو، وە من زۆر پەیڕەویم لێدەکرد....یان وابیرم دەکردەوە پەیڕەوی دەکەم.

"بەزووی بۆم دەرکەوت بۆ ئەوەی بگەم بە بەرزترین ئاست دەبێت ڕابیم لەگەڵ جێبەجێکردنی فرمانەکاندا. پێویست بوو زۆر نمونەی بم لە شوێنکەوتنی ڕێنماییەکاندا. هەر وەك هەمووشتان دەزانن، بەڕاستی من حەز ناکەم پێم بوترێت چی بکەم. مێژوو ئەوەی دەرخستووە شوێن فرمان کەوتن لە سودی من نییە. پێم وتن کە لەسەر کاری یەکەمم دووجار دوورخرامەوە، وانییە؟

بۆیە بڕیارم دا ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بچمە سەر پلانی دوەمم. من دان بەم کەمووکورتیە کەسێتیەدا دەنێم،من ئومێدم نییە بەکارکردن بۆکەسێکی دیکە. بەخۆمم وت،" دەزانم چی دەکەم، خۆم دەبم بە بەڕێوەبەری خۆم!"

"ئەمە منی ڕووبەڕووی کێشەیەکیتر کردەوە، کە ئەوەبوو من هیچم نەدەزانی دەربارەی چۆنییەتی دەستپێکردنی بازرگانی. من لەناو بازرگانەکاندا گەورە نەبوومە. هیچ بیرۆکەیەکم نییە چۆن دەست پێ بکەم. من چی جۆرە بازرگانییەکم دەوێت؟ بەتەواوی خۆم تەرخان کرد بۆ بیرکردنەوە لەوە. بەڵام لایەنی کەم شتێکم دەزانیت،" من بازرگانییەکی تایبەت بەخۆمم دەوێت، چۆن گەیشتن بەوەش چیرۆکێکیترە. بەوەی کە هێشتا تەمەنم تەمەنمان ٢٠ساڵ بوو بڕیارمدا بچم بۆ شاری نیویۆرك لەوێ بەدوایدا بگەڕێم.

---

یەکێك لەو وانانەی باوکی دەوڵەمەند کە ڕۆبێرت بۆمی باسکرد ئەمەبوو: کلیلی سەرمایەگوزاری ئەوەیە پارەکانت زۆر بە سەختی کارت بۆ بکەن، تا تۆ ناچار نەبیت بۆ پارە کار بکەیت

---

یەکەم ژوانم لەگەڵ ڕۆبێرتدا

بانگێشتی کارینی هاوڕێمم کرد تا لەڕۆژی هەینیدا بێت بۆ لام بۆ هۆنولیۆ تا دەربارەی پلانی چونم بۆ بیگ ئەپڵ بدوێین". دوای چونمان بۆ یاری وەرزشی چاومان بەیەکتری کەوت، لە کاتێکدا لە بارەکە دانیشتبوین کارین ئاماژەی بە ڕۆبێرت کرد لەڵ هاوڕێکانیدا لەوێ بوون. سلاوێکمان لەیەکتری کرد و ئیتر هەر ئەوە بوو.... یاخود من وای بۆچووم کە وابێت. بۆ ئەوەی کە چیرۆکەکە زۆر درێژە پێنەدەم، ڕۆبێرت بۆ ماوەی زیاتر لە ٦ مانگ داوای لێدەکردم لەگەڵیدا بچمە دەرەوە، بەردەوام دەم وت نەخێر، بۆم ڕووم کردەوە کە من دەمەوێت بڕۆم بۆ شاری نیویۆرك بۆیە

نامەوێت بیر لە هەبوونی هاوڕێی نوێ بکەمەوە. جا سەرتان نەهێشێنم، دەرکەوت کە کارین ٨ ساڵ پێشتر هاوڕێی ڕۆبێرتبووە، بۆیە ڕۆبێرت پەیوەندی بە کارینی هاوڕێمەوە کرد و وتی،" کارین دەزانم تۆ و کیم نزیکترین هاوڕێن ، ئایا چاکەیەکم لەگەڵ دەکەیت؟" کارین وتبوی،" دەزانم شتێکت لەژێر سەردایە، بڵێ بزانم چیت دەوێت؟" ڕۆبێرت بەوە کە بازرگانە وتبوی،" من پەسەندنامەیەکم دەوێت!" کارین پێکەنی وتبوی،" دەزانم پەیوەندیکردنەکەت بۆ بەسەر کردنەوە نییە".

"بە دڵنیاییەوە کارین دەستی کرد بە پیاهەڵگوتنی ڕۆبێرت و چەند پیاوێکی باش و بێ وێنەیە. کێشەکە ئەوە بوو کارین هێندە بەباشی باسی ڕۆبێرتی دەکرد بەتەواوی قەناعەتم هێنابوو کارین هێشتاش ڕۆبێرتی خۆش دەوێت. بەهۆی ئەوەی زۆر دڵسۆزی هاوڕێکەم بووم، بەتەما نەبووم لەگەڵ کەسێکدا بچمە دەرەوە کە ئەم هەستێکی زۆری بۆی هەیە. بەمجۆرە دوو مانگیتریش تێپەڕیت: من هێشتا کارم لەسەر پلانی چوونم بۆ نیویۆرك دەکرد، تا ئەوکاتەی کارین قەناعەتی پێ هێنام هیچ هەست و سۆزێکی بۆ ڕۆبێرت نییە.

لەو مانگەدا ڕۆبێرت کە زۆر هەوڵی ڕازیکردنمی دەدا گوڵی بۆ دەناردم، کارتی پۆستەی گەشتەکانی و چەند کارتێك کە تێبینی تایبەتی لەسەر نوسرابوو و تا دەهات گوڵی زیاتر و زیاتری دەنارد. دوای نیوەڕوانێك ڕۆبێرت لەسەر کارەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و دووبار داوای چوونە دەرەوەی لێ کردم. من کە ئێستا دڵم گرتبوی و بانگێشتنامەکەیم پێ خۆش بوو، بۆیە وتم، "ڕات چییە دەربارەی ئەم شەو؟"

" بچینەوە سەر شارەزاییەکانی بواری کڕین و فرۆشتنی ڕۆبێرت. بەهۆی ئەو پەیوەندیانەی ڕۆبێرت بەکارینییەوەی دەکرد بۆ دۆزینەوەی زانیاری زیاتر لەسەرم، ٢ پەسندترین شتانێکی منی بۆ دەرکەوت کە ئەوانیش شەرابێکی خۆش و پیاسەکردن بوو لەکەنار دەریا. ئەوەش بەس بوو بۆ ڕۆبێرت تا پلانی یەکەمین ئێوارە خوانمان پێکەوە چۆن دابنێت. هەرکە پێم نایە سەرەتای هۆتێلەکەی کەنار دەریا کە لە کانار دەریای دایمەند هێد بوو، ئەو شوێنەی ڕۆبێرت لێی دەژیا، دەرگاوانەکە دەرگاکەی خستە سەر پشت بۆ ئۆتۆمبیلە تۆیۆتا سلیکا پرتەقاڵیە بچوکەکەم و وتی،" دەبێت ئێوە خاتوو کیم بن: ڕۆبێرت چاوەڕێتان دەکات. فەرمون با باڵخانەکەیتان پیشان بدەم". بەرەو پرسگەکە ڕۆیشتین و لەوێوە دەبوو بەبەرزکەرەوە کە بڕۆم بۆ شوقەکەی ڕۆبێرت. ڕۆبێرت دەرگاکەی کردەوە. چوومە ژوورەوە و بۆ ماوەیەکی کەم قسەمان کرد. پاشان چوینە نهۆمی خوارەوە بۆ میشێل ، کە یەکێکە لە باشترین ڕێستۆرانتەکانی هۆنولیۆ، کە ڕێک لە قەراغی دەریایە. بەردەستەکە هاتە پێشوازی و وتی،" بەڕێز کیۆساکی، مێزەکەتم حازر کردووە لە شوێنێکە بەسەر دەریاکەدا دەڕوانێت". باشە .... بە دڵمە. دوای ئەوەی شەرابەکەیان بۆ تێکردین دووبار سەرۆکی بەردەستەکان دەرکەوتەوە و پێشنیاری کرد،" ئەگەر حەز بکەن، بۆ پەرداخە شەرابەکانتان هەڵناگرن و ناچن بە درێژای دەریاکەدا پیاسەبکەن" . ئەوە زۆر باشە. من بووم بە داوەکەوە و لەو کاتەوە تا ئێستا پێکەوەین. هاوەڵی کار..... لە یەکەم نیگاوە

"لەو یەکەمین ژوانەدا تا کاتژمێر ٣ی بەیانی پێکەوە بوین و قسەمان کرد. هێشتاش ئەو پرسیارەم لەبیر ماوە کە ڕۆبێرت لەو شەوەدا لێی پرسیم. ئەو پرسیی،" دەتەوەێت چی کارێك ئەنجام بدەیت بۆ ژیانت؟" ڕاستەوخۆ بێ ویستی خۆم ئەم وشانە هاتن بەسەر زارم دا،" من بازرگانی تایبەت بەخۆمم دەوێت. هیچ بەینم نییە لەگەڵ وەرگرتنی فەرماندا، وە من زۆر حەزم لە کڕین و فرۆشتنە. وای بۆ دەچم ئەوە ڕێگە چارەبێت بۆ هەبوونی بازرگانییەکی تایبەت بەخۆمەوە" . وەڵامی ڕۆبێرت ئەوە بوو،" من دەتوانم لەو ڕووەوە یارمەتیت بدەم". لەماوەی یەك مانگدا یەکەمین سەودای بازرگانیمان پێکەوە ئەنجام دا. وێڕای ئەوەی لەو یەکەم ژوانەوە بوو بە هاوەڵی ژیانم لەهەمان کاتدا بووە هاوەڵی کاریشم.

" ئەو شەوە ڕۆبێرت ئەو شێوازە بازرگانییەی بۆڕوون کردمەوە کەلە باوکە دەوڵەمەندەکەیەوە فێری ببوو. ئەم هێڵکارییەی کێشا..."



کارتێکی تێبینیم لە جزدانەکەمدا دەرهێنا و هێڵکارییە چوارگۆشەییەکەم کێشا.

ڕۆبێرت وتی،" من بەمە دەڵێم چوارگۆشەی کاش فلۆ. ئەم هێڵکارییە ئەو چوار جۆرە کەسایەتیە دەردەخات کە لە دنیای بازرگانیدا هەن. پیتی 'E' ئاماژە بە فەرمان بەران Employee ) دەکات. پیتی 's' دەرخەری ئەو کەسانەیە کەکاری سەربەخۆ دەکەن(-self employed) پیتی 'B' تایبەتە بە خاوەنکارەکان (Businessowner ) وە پیتی 'I' ئاماژەیە بە سەرمایگوزاران دەکات .(Investors)

کە یەکەمجار ئەم هێڵکارییە چارەکە چوارگۆشەییەم بینی وتم،" من ئێستا لە ڕیز 'E ' دام. لە ڕۆبێرتم پرسی،" جیاوازچییە لە نێوان خۆ خۆ دامەزرێنەر (ئەوانەی کاری سەربەخۆ دەکەن) و خاوەنکارەکاندا، واتا لە نێوان (B و S) دا؟"

" بۆی ڕوون کردمەوە کە ئەوانەی کاری سەربەخۆ دەکەن دەکرێت دکتۆرێك، ژمێریار، میکانیکێك یاخود ئارایشتکاربێت، ئەم کەسانە خۆیان خاوەن کار و کار ڕاپەڕێنەریشن. ئەمان هەر خۆیان تاکە پێکهێنەری داهاتن لە کارەکەیاندا. لە کاتێکدا خاوەنکارەکان پشت بە کەسانێتر دەبەستن تا کارەکانیان بۆ بکەن و ئەرکەکانیان بە سیستەمێکی زۆر باش ڕاپەڕێنن. هارلی دەیڤنسن و ستاربەکسی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت نمونەی زۆر باشی کۆمەڵەی B ن . ئەمە جیاوازای نێوان ئەو دانەیە: ئەگەر کەسەکەی کۆمەڵی S مانگێك پشوو وەربگرێت، ئەوا دەستکەوتی لەو مانگەدا دەوەستێت. هەر کاتێك وچانێك بدات دەستکەوتیشی لەگەڵ

خۆیدا دەوەستێت، بەلام ئەگەر کەسانی کۆمەڵەی B مانگێك یان ساڵێك پشوو وەربگرن کاتێك دەگەڕێنەوە دەبینن کارەکەیان بەردەوامە و هەر وەکپێشووە گەر بەبێ ئەو باشتریش نەبوبێت، ڕۆبێرت وتی،" واتا سەرمایەگوزاری کە کلیلێکە بۆ ئەوەیە پارەکانت کار بۆ تۆ بکەن بۆ ئەوەی تۆ پێوستت بەوە نەبێت کار بۆ پارە بکەیت."

وتم،" کەواتە من دەمەوێت بچمە خانەی B و I یەوە ،کە کارەکەم پارەم بۆ پەیدا بکات جاچی خۆم لەسەر کار بم یا نا، وە سەرمایە گوزاریش بەهەمان شێوە".

ڕۆبێرت وتی،" ئەوە پلانەکەیە".

"دوو مانگ دوای ئەوە دەستمان بەیەکەم کاری بازرگانی کرد پێکەوە. لۆگۆیەکمان بۆ خۆمان دیزاین کرد کە لێی نوسرابوو" ببەرەوە/ ببەرەوە"، وە لەسەر چەندین قەمیس و چاکەت نەخشاندمان و لەچەندین کۆنفرانس و سیمینارو کۆبونەوەی هەمەجۆردا لەسەرتاسەری ولاتە یەککرتوەکان بلاومان کردەوە. ئامانجمان لەم کاری یەکەمە پەیداکردنی پارەی پێویست بوو بۆ ئەو گەشت و فێربوونانەی بەرنامە پەروەردەییەکان بۆ ماوەی ساڵێك. بەمجۆرەش ئامادە دەبوین بۆ کاری دواترمان".

تێبینی: کاتێك لەگەڵ خانمان دەدوێم دەربارەی کار و سەرمایەگوزاری، هانیان دەدەم لە خانەی E و S ەوە بچن بەرەو خانەی B و I هێڵکاری کاش فلۆوەوە. ئەمە ئەو ئاستەیە کە ماندووبونەکانتان بەباشترین شێوە پاداشت دەکرێت. (تکایە کتێبی Rich Dad بخوێنەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی هێڵکاری کاش فلۆ).

۱۹۸٥ ـ ناخۆشترینساڵمان

لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ۱۹۸٤ دا هەرچیمان هەبوو فرۆشتمان ئەگەرچی زۆریش نەبوو، وە هۆنولیۆمان جێهێشت تاوەکوو دەست بکەین بە بنیات نانی کاری بازرگانییەکەمان لە باشووری کالیفۆڕنیا. ماوەیەکی زۆری نەخایاند، بەدروستی نزیکەی دوو مانگی خایاند پێش ئەوەی ئەو پارەیەی هەمان بوو تەواوبێت. بەڕاستی ئێمە ڕووخابووین و هیچ کار و پیشەیەکمان نەبوو. ڕێگایەکی زۆر درێژمان لە پێش بوو بیبڕین پێش ئەوەی ئامادەبین بۆ دەست بەکاربوونی کارەکەمان. ئەو کات تەنانەت بێ ماڵیش بوون، لە پشتی سەیارە تویۆتا سلیکاکەدا دەخەوتین. ڕاستگۆیانە دەتوانم بڵێم ساڵی ۱۹۸٥ ناخۆشترین ساڵی ژیانمان بوو.

پات پرسی،" چۆن ساتەوەختێ بوو؟"

پرسیم،" ئایا هەرگیز بیستوتانە کەسێك بڵێت پارە ناتوانێت بەختەوەرت بکات؟"

لیزیلی وتی ،"بە دڵنیاییەوە".

وتم،" دەی با من پێت بڵێم هەرگیز پارە توشی ناخۆشیت ناکات. جاران وا بیرم دەکردەوە کەسانی دەوڵەمەند چاو چنۆك و دڵڕەقو چەپەڵن. بەڵام دواتر ڕێك و ڕاست بۆم دەرکەوت ئەو وەسفانە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیدار نییە بە سامانداریەوە. کاتێ من ڕۆبێرت هیچمان نەبوو دەمەقاڵەمان بوو پێکەوە و یەکترمان تۆمەتبار دەکرد. پەشیمانی هاتە کایەو و بەتەواوی نەبووین بە باشترینی یەکتر. زیاد لەوەی ئەقڵێ بڕی کات پاڵپەستۆمان لەسەر بوو. خراپترین بەشی ئەم حاڵەش ئەوە بوو متمانە بەخۆبوونم گەیشتبوە نزمترین ئاست. من هەمیشە ئافرەتێکی گەشبین و

دڵخۆش و زاڵ و بە ورە بووم. بەڵام کاتێك بەم ماوە سەختەدا تێپەڕین ،وام لێهاتبوو پرسیار و گومانم لە لەتەواوی ئەو شتانە هەبوو کە دەمزانی و باوەڕم پێیان بوو، یەکێك لەوانەش توانای ئەنجامدانی هەر کارێك کە بمەوێت. لەخۆم دەپرسی،" ئایا من هەر هیچ شتێك ئەبێ بزانم؟" ئەوەی کە تەنیا گومانی ناخی خۆم بوو بەخێرای پێچیکردەوە بەئاڕاستەیاکدا کە لەوکاتەدا وەك چاڵێکی گەورەی تاریك دەهاتە پێش چاو کە واپێی دەچوو دەرچوون لێی زۆر زەحمەت بێت".

پات پرسی،" بەس بزانم چۆن لەو تەنگەژەیە دەربازت بوو؟!"

**شەوێك بە دەربەدەری**

من و ڕۆبێرت لە دەرگای ئەو ماڵانەمان دەدا کە بەجۆرێ لە جۆرەکان دەمان ناسین و دەمانپرسی ئایا ئەبێ ڕێمان بدەن بۆ شەوێك لەماڵیان بمێنینەوە. ئەوە شەوە سامناکەی ژیانمان بۆ هەردووکمان زۆر لەبیر نەکراوە. کارتی کرێدیتەکانمان بەتەواوی وەستابوون. لەو ڕۆژانەدا هیچ کەسێك ئامێری کارتی کرێدیتی ئۆتۆماتیکی نەبوو تا بزانێت کارتی کرێدیتەکەمان چەندی لێ بەکارهێنراوە. دوای نیوەڕوانێك هاوڕێیەکمان بردمانی بۆ مۆتێلێکی ٦ پێنسی ، کە مۆتێلێکی هەرزان بوو لەسەر ڕێگا کراوەکەی سان دیاگۆدابوو. چووم بەرەو پرسگەکە و کارتی کرێدیتەکەم لەسەر مێزی ژمێریارەکە دانا، پەنجەکانم بەیەکدا دەهێنا و دەبرد نەکا پیاوی پشت مێزەکە کارتەکە بپشکنێت . ئەو بە دەستێکی مۆری لە کارتەکەداو کلیلی ژوورەکەی دایە دەستم. بەزۆر خۆم گرتبوو لە پرسگەکەدا دەست نەکەم بە هەڵبەز و دابەز لەخۆشیا. هەر ئەوەتا پام ناکرد کاتێك لە دەرگامە چوومە دەر و بەرەو لای سەیارەکە چووم.

هەرچەندی لەتوانامدا بوو بەدەنگی بەرز هاوارمکرد،" ژوورێکمان وەرگرت! ژوورێکمان وەرگرت! " بێ ئەوەی فەرمانبەری پرسگەکە گوێی لێ بێت.

" بۆ زۆر کەس ئەویێ تەنها مۆتێلێکی هەرزان بەها بوو، بەڵام ئەو شەوە بۆ ئێمە وەك بەهەشت وابوو. ئێمە بە درێژای شەقامی کنتاکی فراید چیکندا دەڕۆیشتین و قاپێك کینتاکیمان کڕی، پاشان بەرەو لای دوکانی سەوزە فرۆشەکان سەرەو ژوور بوینەوە و ٦ پاکەت بیرەمان کریت. گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەمان، لە کۆتایدا تەنیا هەردووکمان بووین. ئەو ساتە هەموو شتێك باش بوو، لەو زریانەدا پەناگەیەکمان دەست کەوتبوو. ئەوشەوە توند یەکمان لە باوش گرتبوو، نەمان دەزانیت بەیانی چی دێتە ڕێمان، بەڵام لایەنی کەم ئەم تاقە شەوەش بێت باشین."

" نە من و نە ڕۆبێرت هەرگیز وەها ساڵێکمان پێ تێنەدەپەڕێنرا ئەگەر یەکتریمان نەبوایە. تەواوی ئەو ماوەیە هاوڕێ و خێزانەکانمان پێیان دەوتین،" بۆ کارێك نا دۆزنەوە؟ چەکێکی قەرزی وەرگرن تا ئەوکاتەی کارەکەتان زیندوو دەکەنەوە و دەکەونەوە سەر پێی خۆتان." ئێمە دەمانزانیت دۆزینەوەی کارێك گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتا . ئێمە تا ئەو ئاستە گەیشتبووین نابوو لەوێوە دەست بەردار بین. وە دەشمانزانیت ئەگەر چاوەڕێی ئەوە بوینایە بە وەرگرتنی چەکێکی قەرزی ئاسودەبین هەرگیز ناتوانین کاری تایبەت بە خۆمانمان هەبێت. کاتێك ئاوڕ لە دواوە دەدەمەوە دەبینم ئێمە لەچ بارودۆخێکی ناخۆشدابووین کە پاشان بوو بەهۆی چ هێزێکی بەرو پێشبەر بۆمان لە دوایدا. پاڵنەرێك بوو تا دەروازەی ڕزگاریمان لەم بارودۆخە ناخۆشە بدۆزینەوە. ڕێگای

دەربازبوون ئاسان نەبوو وە بەدەستهێنانی کارێك نابوو. ئێمە خۆمان تەرخان کرد بۆ بنیاتنانی کارێکی بازرگانی تایبەت بەخۆمان."

**ئێستا کاتی ئەوەیە خۆمان جڵەوی کار وەربگرین**

بەردەوام بووم لە قسەکانم،" ئێمە گەیشتینە خاڵێك بگوێرەی پێویست باجی ئەو تەنگەژەیەمان دا کەبۆ خۆمان دروستکردبوو. ڕۆبێرت بەو ئەنجامە گەیشت کە هیچ کەسێك ژیانی باشتر ناکات جگە لە خۆی وە ئێستاش کاتی لێکدانەوەیەکی وردی دۆخەکەیە. من بڕیارم دا چیتر بۆ خۆم بەداخ نەبم. دەستم هەڵگرت لە تۆمەتبارکردن کەسانیتر بۆ ئەو بارودۆخەی تێی کەوتبووم. بەم جۆرە هەردووکمان بڕیارماندا جڵەی داهاتوومان لە دەستبگرین و دەست بەکاربین. هەر واشمان کرد."

جەنیس پرسی،" کارەکەتان چی بوو؟"

وەڵامم دایەوە،"کۆمپانیایەکی فێرکاریمان دامەزراند تایبەت بە بەڵێندەری کاری سەربەخۆ. لەو کاتەدا کە ڕۆبێرت چەند کارێکی دەستپێکرد لە هۆنولیۆ پێش ئەوەی بگوازینەوە بۆ کالیفۆڕنیا، چەندین ساڵ لێکۆڵینەوەی لەوە دەکرد چۆن خەڵکی فێردەبن، هەروەها لە دۆزینەوەی شێوازی نوێ و داهێنەرانەی فێرکاری دەکۆڵیەوە. کارەکەمان گەشەی سەند و بوو بە یازدە نوسینگە لە حەوت وڵاتی جیهاندا . بەردەوام بەرێگاوە بووین بە وشکانی و دەریادا. "

لیزلی پرسی،" کەی پێکەوە هاوسەرگیریتان کرد؟"

وتم،" ئێمە لە مانگی ١١ ی ١٩٨٦ هاوسەرگیریمان کرد لە لاجۆڵای کالیفۆڕنیا. لەوکاتادا کارمان هیچ لە سەرکەوتندا نەبوو، بەڵام ئێمە داهاتوویەکی زۆر گەشمان لەپێش خۆمان دەبینیت".

پات پرسی،" چی بەسەر ئەو کارەدا هات تا ئێستاش ماوە؟"

بۆم ڕوون کردەوە،" لە ساڵی ١٩٩٤ دوای ٩ ساڵ لە بەڕێوەچوونی کۆمپانیاکە، فرۆشتمان و خانەنشین بووین. لەوکاتەدا من تەمەنم ٣٧ ساڵ بوو وە ڕۆبێرتیش ٤٧ ساڵ بوو، باشترین شتی ئەم خانەنشینییەشمان ئەوەبوو چیتر ئێمە ئازاد بووین."

پات پرسی،" لەڕووی داراییەوە ئازاد بوون؟"

وەڵامم دایەوە ،"بەڵێ چیتر پێویستی نەدەکرد لە پێناو پارەدا کار بکەین. بەڕاستی هەستێکی نایاب بوو".

لیلزلی پرسی،" کەواتە پێی ئەچێ کۆمپانیاکەتان بە پارەیەکی گەلێك زۆر فرۆشتبێت وا چیتر پێویست بەوە نییە کار بکەن بەتایبەتیش کە تەمەنت تەنها ٣٧ ساڵ بووە. مانای وایە ئەوەندەی پارە کردووە تا تەمەنی ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵی یاخود زیاتریش بەش بکات".

پێکەنیم وتم،" زۆرێك لە خەڵکی وا بیر دەکەنەوە ئێمە بەهۆی فرۆشتنی کۆمپانیاکەمانەوە بوو کە توانیمان خەنەنشین بین ، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ئەگەر پشتمان بەو پارەیە ببەستایە تا پێی بژین، ئەوا هەر لە ماوەی ٢ ساڵدا تەواوی ئەوپارەیەی لە فرۆشتنی کۆمپانیاکەمانەوە دەستمان کەوتبوو تەواو دەبوو."

لیزلی بە سەر لێشێواویەوە پرسی،" من تێناگەم".

وتم" ئێمە بەهۆی ئەو سەرمایەگوزاریەوە کە کردومانە توانیمان لە ساڵی ١٩٩٤ خانەنشین بین. هەموو مانگێك بڕێك پارەمان دەست دەکەوێت لەو سەرمایەگوزاریەوە، زۆرێکیشی سەرمایەی خانووبەرەیە، کە

زۆرەبەی خەرجیەکانی ژیانمانی پێ بەڕێوە دەچێت. من مەبەستم ئەوەیە کاتێك دەڵێم لەڕووی داراییەوە سەربەخۆین".

یەکەم سەرمایەگوزاریم

پات دەریخست،" من هیچ نازانم دەربارەی سەرمایەگوزاری، هەموو ئەوانە زۆر نامۆن دەردەکەون بۆ من".

وتم،" منیش نەمدەزانی. ڕاستگۆیانە بڵێم کە سەرتا چوومە سەر ڕێگای سەرمایەگوزاری تەنانەت نەشم دەزانیت وشەی "سەرمایەگوزاری" مانای چییە، وە من ڕێگایەکی زۆر بەرز و نشێوم لە پێش بوو بۆ فێربوون."

"من سەرتا بە خانووبەر دەستم پێکرد. ئەمە زۆر بۆ من بەبایەخ بوو. یەکەمین موڵکی بەکرێدانم لە ساڵی ١٩٨٩ کڕیت. خانوییەکی بچوك و خۆش بوو کە دوو ژووری نوستن و گەرماوێکی هەبوو لەشاری پۆرت لاند،ئۆرگن. تەنها دوو دیواری بەین بوو لەگەڵ ئەو شوێنەی لێی دەژیاین. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ترسناکترین کارێك بوو تا ئێستا هاتبێتە ڕێم. تا لێواری مەرگ دەترسام. دوودڵ بووم و ترسم لەوەبو هەڵەیەکم کردبێت کە بەهۆیەوە پارەمان لە دەست بچێت. بەڕاستی نەمدەزانیت دەبێت چاوەڕوانی چی بم.

وتم، ئێستا با نەچینە تەواوی وردە کارییەکانەوە، بەڵام دڵشادبووم دوای ئەوەی مانگێك بەسەر خاوەنداریيەکەمدا تێپەڕیت بڕی ٥٠٠٠ دۆلارم پارەی نەقدی هەڵهێنجراو لەو موڵکە بەدەست کەوت. لەوکاتەوە من وابەستەی ئەم کارەبوومە. لە ئێستادا ملیۆنان دۆلارم لا ژێردەستدایە بەهۆی بەکرێدانی خانووبەرە و چەندین سەرمایەگوزاری دیکەم. وە هەر بەهۆی ئەو سەرمایەگوزاریانەمەوەیە مانگانە بڕێکی زۆر پارەی نەقدیم

دێتە دەست، ئەمەش وای کردووە ئێستا لەڕووی داراییەوە بەتەواوەتی ئازاد و سەربەخۆ بم."

جەنیس وتی،" کاتێ من وشەی سەرمایەگوزاری دەبیستم ڕاستەوخۆ بیرم دەچێت بۆ لای ئابونە و پارەی پاشەکەوتکرا و قەواڵە دەستەبەرییەکانەوە. بەگشتی بیرم بەلای خانووبەرەدا نەچووە. ئایا تۆ لەڕێی کڕین و فرۆشتنی خانوەوە پارە پەیدا دەکەیت؟"

وتم،" نا لەڕێی کڕین و فرۆشتنەوە نییە بەڵکوو لەڕێی کڕین و هەلگرتنەوەیەتی. بەڵام ئەوە بابەتێکی دووروودرێژە، ئەگەر بمانەوێت دەتوانین دواتر لە دەرفەتێکدا باسی بکەین."

*کۆمپانیای باوکی دەوڵەمەند

لیزلی لە پڕ هاتە قسەکانەوە،" تۆ و ڕۆبێرت دوای خانەنشین بوونتان چیتان دەکرد؟ ناتوانم بیهێنمە پێشچاوم هەموو ڕۆژێك چوبێتنە دەرەوە بۆ مەلاوەنگە و پیاسە".

زەردەخەنەیەکم کرد وتم،" نەخێر هەرگیز بەو شێوەیە نەبووە. ئەو ساڵە کێلگەیەکی ٨٤ یارد دووجام کڕیت لە شارۆچکەیەکی بچوم بەناوی بیسبی. بیسبی ناوچەیەکی جوانە لەسەر شاخەکانی باشوری ئەریزۆن. لە ناو زەوییەکدا کوخێکی ڕووخاوی تێدابوو کە پێشتر وەك گەراجی گالیسکەی گەشتکردن بەکار هاتووە کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ڕۆناواییە کێوییەکان. ئێمە دووبارە نوێیەنمان کردەوە و کردمان بە خانوویەکی یەك ژووری نوستنی لەگەڵ شوێنێکی جیادا کە وەك ستۆدیۆی هونەری دروستکرابوو. هیچ تەلەفزیۆن وڕادیۆیەکی لێ نەبووجگە لە ئاشتی و ئارامی.

"هەر لەو کەشە ئارامەدا بوو ڕۆبێرت کتێبی 'باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار'ی نوسیت لە ژێر ناونیشانی ' دەوڵەمەندەکان لە ڕوووی پارەوە چی فێری منداڵەکانیان دەکەن کە چینی هەژار و ناوەند فێریان ناکەن'. لە کاتێکدا ڕۆبێرت خەریکی نوسین بوو،منیش لە بۆنیکس بووم و خەریکی گۆڕینی هۆتێلێکی بچووک بووم بۆبینایەکی چەند نهۆمی. ئەوە یەکەم کار بوو بۆ من وە دڵخۆش بووم کە سەرکەوتنێکی باشم تێیدا بەدەست هێنا."

"باسی سەرکەوتنمان کرد، کتێبی باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار ئێستا یەکێکە لە ٤ باشترین و پڕفرۆشترین کتێبەکانی نیویۆرك تایمزو بۆ ماوەیەکی زۆر. پێش ئەم کتێبە ئێمە بۆردێکی یاریمان دروستکرد بەناوی بۆردی کاش فلۆ( پارەی نەقدی هەڵهێنجراو). ئەم بۆردە بۆ ئەوە دروستمان کرد تا خەڵکی بەشێوەیەکی ڕێکو پێك فێربکەین کە چیمان کردووە تا بتوانین لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بین. بە کردنی ئەم یارییەوە خەڵکی ئەزمونیان وەردەگرت لەبارەی سەرمایەگوزاری و ژماردنی پارەکانیانەوە. ئامانج لەم یارییە ئەوەیە خەڵکی لەو ڕاکە ڕاکەی ژیان دەربهێنرێت کەتێیدان و بچنە سەرڕێگایەکی خێرا کە سەرمایەیەکی زیاتری لێ بەدەست دێت. کلیلی دەربازبوونیش بریتیە لە کاش فلۆ(پارەی نەقدی هەڵهێنجراو). کاتێك پارە نەقدیە بەدەست هاتووەکانی سەرمایەگوزارییەکانت زیاترە لە خەرجیەکای مانگانەت، ئەوا تۆ لەو ڕاکە ڕاکەی ژیان دەربازبوویتە.

"من و ڕۆبێرت و هاوەڵی کارمان شارون لیچەر خۆمان کتێبی 'باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار'مان چاپ کرد. ڕاستی وابیرمان دەکردەوە وەك

ژنی دەوڵەمەند

خەڵاتێکی جەژنی کریسمس دەبێت و بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو پێی بەڕێوە دەچین. بەڵام هیچ کتێبخانەیەك کتێبەکەی نەویست، هیچ بڵاوکەرەوەیەکیش نەدەچوو بەلایدا، هیچ فرۆشیارێکی جوملەش تەنانەت پەیوەندیشی پێوە نەدەکردینەوە.

بۆیە خۆمان دەستمان دایە فرۆشتنی. یەکەمین شوێنێك کە کتێبەکەمان بۆ فرۆشتن لێی خستەڕوو شوێنی شۆرینی سەیارەی هاوڕێیەکمان بوو. هەر شوێنێك ببوایە لێمان دادەنا. وردە وردە کتێبەکە فرۆشی زیادی کرد. قسە لەسەر زارەوە بڵاوەی کرد و لە ماوەی ٢ ساڵدا 'باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار' بوو بە پڕفرۆشترین کتێبی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت. وەك کۆتری بەرزە فڕ لە سەرکەوتندا بووین.

"ڕاشکاوانە قسە بکەم نیازمان نەبوو کۆمپانیایەکیتر بنیات بنێین، بەڵام کۆمپانیای باوکی دەوڵەمەند زۆر زیاتر لەوەی بیرمان لێدەکردەوە گەشەی سەند. کاش فلۆ ١٠١ بە ١٦ زمانە و حیساباتت بۆ دەکات. زنجیرەیەکی تەواوی کتێبەکانی باوکی دەوڵەمەند بەردەستە شان بەشانی کتێبی ئامۆژگارانی باوکی دەوڵەمەند کە لەلایەن ئەو کەسانەوە نوسراوە کەئامۆژگاریمان لەبوارسەرمایەگوزاری و کاردا پێشکەش دەکەن. کارەکا گەشەی سەند و بەردەوام بوو لە گەشەسەندن تا بوو بە براندێکی جیهانی کە باسی لە ئازادی و سەربەخۆی دارایی دەکرد. هیچ کەس هێندەی من و ڕۆبێرت دڵخۆش و سوپاسگوزار نەبوو لەوڕووەوە."

لیزلی بە پەرۆشەوە وتی،" عەجیب ژیانێکە! ئێوە قەرەبووی ئەو ماوەی ٢ ساڵ بێ ماڵ و حاڵیەتان کردەوە و خانەنشین بوون لە یەکێك لە

سەرکەوتوترین کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکان. ئێوە زۆر بەبەختن. بەڕاستی من دەخوازم ئێستا لەجێی ئێوە بوومایە".

دانم پێدا نا کە،" بەڵێ بەڕاستی بەبەختم. بەڵام نازانم ئایا زۆرێك لە خەڵکی ئامادەیی ئەوەیان هەیە بەو دۆخەدا تێپەڕن کەمن و ڕۆبێرت پێیدا تێپەڕیتین تا گەیشتین بەمەی کە ئێستا هەین. ئێمە ڕێگە سەختەکانمان هەڵبژارد ئەو ڕێگەیەی کە زۆرێك لە خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە. لە بەرامبەر ئەو ڕێگایەدا کەوا پێشبینی دەکەن ئاسانتربێت لە داهاتوودا. خۆشبەختانە ئەو جۆرە کردارە لای ئێمە لابرابوو.

"کەواتە ئەمە چیرۆکی منە. لەشتێك دڵنیام ئەویش ئەوەیە دەزانم کە بێزارکەر نەبووە".

*تێبینییەکی تایبەت بۆ خانمان

لەکاتی قسەکردنم لەگەڵ چەندین ئافرەتدا کە بەهۆی کۆمپانیای باوکی دەوڵەمەندەوە چاوم پێکەوتن، ئەم پرسیارەم زۆر لێ دووبارە دەکرایەوە،" تکایە دەتوانیت باسی سەرمایەگوزاری بکەیت بۆ خانمان؟" ئەمە بووە پاڵنەری نوسینی ئەم کتێبە . ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە بەشێوەیەکی سادە هانی ئافرەتان بدات تاکو دەست بەکارین و تێبگەن کە ئازادی دارایی زانستی فەلەك نییە زۆر زەحمەت بێت، هەر یەکێك لە ئێمە دەتوانێت ئەنجامی بدات. تەنها کەمێك کات و شارەزایی دەوێت.

ئەو شتەی کە لەڕێی ئەم کتێبەوە دڵنیام کە وەك ڕۆژی ڕووناك دەبێت ئەوەیە،" لەم ڕۆدا زیاتر لەهەر کاتێکیتر ئێمەی ئافرەت ناتوانین چیدی

پشت بە کەسێکی دی ببەستین جا چی مێرد ، هاوەڵ، بەڕێوەبەر یاخود دەوڵەت بێت تا لەڕووی داراییەوە چاودێریمان بکەن. ئەوەی بۆ دایك و دایە گەورەمان دەگونجا لەمڕۆدا بۆ ئێمە دەست نادات. بەڕای من ئافرەتان دەبێت فێری سەرمایەگوزاری ببن تاوەکوو ژیانێکی دڵنیا و سەلامەت بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن. چیتر تەنها هەڵبژاردنێك نییە. یاساکان گۆڕاون وە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جڵەگیری داهاتووی داراییمان بکەین."

بەندی چوارەم

# بست ساڵ پێش ئێستا...... لەسەر دوورگەکە

---

ئافرەتان پیاو، کار، پارە، منداڵ، هاوڕێ، خۆشگوزەرانی،ئاسودەی، سەربەخۆی، ئازادی، ڕێز، خۆشەویستی و تەنانەت کۆلۆنێکی ۳ دۆلاریشیان دەوێت لەدەستاین نەچێت"

"فلیس دیلەر"

---

دوای ئەوەی گوێبیستی ئەوە بووین هەر یەکێکمان ئەو ۲۰ ساڵەی پێشوو بەچییەوە خەریك بووینە، گەڕاینەوە سەر باسی ئەو ڕۆژانەی کە لە هاوای پێکەوە بووین. دەستەواژەی " ئەوەت لەبیرە کە ......؟" هەر بەسەر زارەوە بوو.

پات دەستی بەرزکردەوە وتی،" کێ دوا خوانی نیوەڕۆمانی پێکەوە لە بیرە؟"

مێزەکە بۆماوەی ۳۰ چرکەیەك بێدەنگ بوو کاتێك هەموومان دەستبەجێ خۆمان گێڕایەوە بۆ ناو دوورگەکە. کەسمان لە هاوای گەورە نەببوین. هەموومان بەهۆکاری دیار ڕێمان کەوتبۆیە ئەوێ: ئەو کەنارە لماویە شێوازێکی ژیانی بێ وێنە بوو، ئاوی گەرمی ئۆقیانووس، ئاو و هەوایەکی خولگەی خەم ڕەوێن و گاڵتەو گەپ! خۆشی! خۆشی!

یەکەم گەشتم بۆ هاوای لەگەڵ خێزانەکەم بوو کاتێ لە قۆناغی ئامادەیی بووم. بڕیارمدا ئەو یەک هەفتە پشووە لە هاوای بەسەێ بەرم، کە بەهێزترین کەسەکانی جیهان لەوێ دەژیان وە منیش دواتر لەوێ ژیام. هەمووومان نوقمی خەیاڵی ئەو ڕۆژە بێ خەم وسەڵتیانە بووین کە لەو بەهەشتەدا تێیدا دەژیاین. لە کۆتایدا جەنیس بێدەنگیەکەی شکاند وتی،" بیست ساڵ پێش ئێستا لە تاهیشیان لاناى."

لیزلی پێکەنیت،" لە مانگی یەکدا بوو، ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆش بوو. هێشتاش جەنیسم لەبیرە بە شەبقە گەورمەی سەریەوە و مارساش بەجلە پەمەییە خاڵ خاڵەکەی بەریەوە. پیاوەکان هەر بەدوامانـدا هاتوو چۆیان بوو".

پات ئەمەشی بۆ زیادکرد،" منیش لە بیرمە هەمووومان لە دەرەوەدانیشتبوین،ڕێك لەقەراغ دەریاکە. بۆنی کرێمی بەرخۆرەکە بە لوتمان دەگەیشت. ئەوکات تەنها ئەو شەرابە هەبوو کە لە ماڵاندا دروست دەکرا نەك ئەم شەرابە گران بەهایانە. ئەوانە ڕۆژانێکی بێ وێنە بوون. هیچ بەرپرسیارەتیەکمان لەسەر نەبوو، خەمی هیچمان نەبوو وە زۆری بەدەگمەنیش ئەگەر پارەمان پەیدا بکردایە، بەڵام بە دڵنیایەوە خۆش دە ژیاین."

جەنیس وتی،" هەمووشمان پێستمان زۆر جوان بوو بەهۆی ئەوەی مەلەی پێویستمان دەکرد."

وتم،" هەمووومان چاك پێکەوە گەشەمان کرد. پێم ناخۆشە ئەمڕۆ مارسا و ترەیسیش نەیان توانی لێرە بن. زۆر باش دەبوو هەمووومان پێکەوە

بوینایە. بەڵام پات تۆ کارێکی زۆر شازت کرد کە هەموومانت کۆکردەوە، ئێمە قەرزاری تۆین."

## چیرۆکی مارسا

لە بیرمە مارسا هەمیشە جلی مەلەی لەبەردا بوو. هەمیشە تەختەی خلیسکێنەی سەر ئاوەکەی پێبوو لە کەنار دەریا بوو. بەڵێ ئەو باشترین کچی ئاوە خلیسکێنە بوو. ئەو لە کەنار دەریاکانی باشوری کالیفۆرنیا گەورە بووە.بۆیەخۆشەویستی بۆ ئۆقیانووس و ئەوەی پەیوەندی پێوەی هەبوو جێی سەرسوڕمان نەبوو کە چوو بەلای زانستی دەریاناسیدا."

جەنیس وتی،" لەبیرمە دواجار کە پێکەوە بوین مارسا دەستی بەکارکردن کردبوو لە پەیمانگای مارین لایفدا. ئەو وەك ئاسمانی حەوتەم بەزبوو بوو پلەی. ئەو تامەزرۆییەکی زۆری هەبوو بۆ پاراستنی ئۆقیانوس و ژیانی دەریایی. ئەو لەسەر خەیاڵی ڕزگارکردنی جیهان بوو! خەونی ئەوە بوو لەگەڵ جاکویس کەوستدا کاربکات لە بەلەمە بەناوبانگەکەیدا. بەناوی کالیپسۆ. ئایا دەزانیت ئاخۆ پێی گەیشتوە پات تۆ قسەت لەگەڵی کردووە چی وت؟"

پات وتی،" من زۆر بەکورتی قسەم لەگەڵیدا کرد. لێم پرسی بۆچی گەڕاویتەتەوە بۆ کالیفۆڕنیا؟ وتی لە ئەساسدا گەڕامەوە تاوەکوو یارمەتی باوکم بدەم لە کاردەکەیدا بۆ ماوەی ٢ مانگ بەهۆی ئەوەی باشترین فەرمانبەری لەپڕ وازی هێناوە. پێی وتم ئەوە بۆ ئەو ئاسانتر بوو، وە ئەو دەتوانێت لە هەرکوێ پێی خۆش بوو ئاوە خلیسکێنە بکات. لەبیرمە

دەی وت ئێستا ژیانم زۆر ئاسودەیە، بەڵام کاتێك قسەم لەگەڵی دەکرد دەنگی زۆر ماندوو دیار بوو.
وا دیار باوکی کۆچی دوای کردووە و ئێستا خۆی و دایکی پێکەوە دەژین. هەر وەك پێم ڕاگەیاندن نەیتوانی ئامادەبێت چونکە دایکی حاڵی باش نەبوو، وە مارساش تاکە کەسە کە چاودێری دەکات، پێی دەچێت کارێکی زۆر قورس بێت."
پرسیم ،"کەواتە ئەو هەرگیز نەگەڕاوەتەوە سەر دەریا ناسیەکەی؟"
پات وەڵامی دایەوە،" وا پێی دەچێت. هەستمکرد کاتێ پرسیاری ئەو بابەتەم لێکرد خۆی لێ دەدزیەوە."
وتم،" بەڕاستی ئەوە سەرسامی کردم!"
جەنیس پرسی،" ئایا وتی هاوسەرگیری کردووە یان منداڵی هەیە؟"
پات وەڵامی دایەوە،"وای نەوت".
چیرۆکی ترەیسی
پرسیم،" ئەی ترەیسی چۆنە؟ ئەو خەریکی چییە؟"
پات دەستیکرد بە باسکردنی،" کاتێك ئەمڕۆ قسەم لەگەڵی کرد زۆر بێزار دیاربوو. ئەو زۆر پێی ناخۆش بوو کە نەی دەتوانیت لێرە ئامادەبێت، وە زۆر ماندو و بێ حاڵە بەدەست جیهانی هاوبەشیکردنەکەیەوە. دڵنیا نیم لەوەی تەنها ئێستا وایە بەهۆی ئەو سەختیانەی ئەو پڕۆژەیەی لەبەر دەستیەتی، یاخود شتی زۆر زیاتر لەوەش هۆکارە. هەرچەندە چەندین جاریتر لە بۆنە جیاجیاکاندا پەیوەندیم پێوەی کردووە هیچ جارێکیان دڵخۆش دەرنەکەوتوە. هیچ لە دەنگیدا نەمابوو پێی دەچوو زۆر ماندوو بێت. دەزانم هاوسەرگیری کردووە و ٢ منداڵی هەیە. جیبەجێکاری

کۆمپانیایەك و بەخێوکردنی ٢ منداڵ و مێرد ڕێگایەکی ئاسان نییە بۆ گرتنە بەر. ئەو زۆر سەرنج ڕاکێشە."

وتم،" باشە وا دەردەکەوێت کە ترەیسی شوێنی ئاواتەکەی کەوتبێت. من و ئەو لەڕێی کارەوە یەکماناسیت.... بەجۆرێ لە جۆرەکان. ئایا هەموو شەوانێکی هەینی هۆنولیۆتان لەبیرە، دوای تەواوبوونی کار، شەقامە سەرەکیەکانی ناوجەرگەی شار دادەخران؟ ڕێستۆڕانتەکان تا درەنگانێك کراوە بوون. چەندین باندی لێبوو مۆسیقایان دەژەنیت. شەقامەکان پڕدەبوون لە خەڵکی، بەزۆری ئەو کەسانەی لەناو یاخود دەوروبەری ناوجەرگەی شاردا کاریان دەکرد. دەتوانی بە ئارەزووی خۆت لەم ڕێستۆڕانتەوە بچیت بۆ ئەویتر. باشترین شوێن بوو بۆ ناسینی خەڵکی، ئەمەش یەکێك بوو لە سودەکانی کارکردن لە ناوشاردا. هەر لەوێش ترەیسیم ناسیت. دەرکەوت هەردووکمان چوینەتە بەشی بازرگانی لە زانکۆ.

بەردەوام بووم،" ترەیسی زۆر خۆی بۆ جیهانی کاری هاوبەش تەرخاندەکرد. پلانی ئەوەبوو بەردەوام بێت لەکارەکەیت تا دەگاتە لوتکە، واش پێی دەچی هەر وایکردبێت. لەبیرمە ڕێك دوای تەواوکردنی کۆلێژ کارێکی دەست کەوت لە ئاستێکی دەستپێکدا بۆ یەکێك لە کۆمپانیا گەورکانی خۆراکی خۆماڵی، وە زۆر بەزوویی چەندین جار پلەی بەرزکرایەوە بۆ ئاستێکی زۆر باڵا. ئەو باسی گەشتە بازرگانییەکانی بۆم کرد بۆ دوورگەکانی دەرەوە و باسی ئەوەی کرد چەند دڵخۆشە بە وەی پوەندیم پێوەی کردووە. ئەو ئەوکات بەتەواوی خەریکی ئەوەبوو کەدەویست، باوڕیشم وایە تا ئێستاش وابێت."

پات بە ئامێکەوە وتی،" چەند سەرسام کەرە، ئەو هەموو شتە لە ماوەی ئەو ۲۰ ساڵەدا ڕوویانداوە. ژیانم ۱۸۰ پلە جیاوازە لەوەی خەیاڵم دەکرد. ئەوکات کە بیرم لە بنیات نانی خۆم دەکردەوە ، شتەکان زۆر ئاوەژوو بونەوە کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد."

لیزلی هاتە گۆ،" ئەوە پێی دەوترێت ژیان، ژیان ڕوویداوە. بۆ چەند ساتێك وەستا و وتی، " نازانم ئایا ئەو گفتوگۆیەتان لەبیرە کە لەدوا خوانی نیوەڕۆی پێکەوە بونماندا کردمان چی بوە پاڵنەری ئەوەی ئەمڕۆ لێرە بین؟" هەموومان دانمان پێدا نا کە نازانین بەتەواوەتی لیزلی مەبەستی کام گفتوگۆیەیە.

لیزلی وتی،" شتێکی لەم جۆرە ڕوویدا، جەنیس نیو کاتژمێر درەنگ گەیشتە لامان بەهەناسکە برکێ. چەندین خولەك باسی تەواوی ئەو شتانەی کرد کە بۆی پێش هاتبوو وە ببوە هۆی دواکەوتنی."

پات قسەکەی پێ بڕیت وتی،" هەندێ شت هەرگیز ناگۆڕێن".

جەنیس پێکەنیت وتی،" هێی! ئەوە ڕاست نییە!

---

پات هەناسەیەکی هەڵمژیت وتی،" ۲۰ساڵ تێپەڕیوە، وە ژیانم ۱۸۰ پلە جیاوازتە لەوەی خەیاڵم دەکرد، چی ڕوویدا؟!"

لیزلی وتی،" پێم وایە ئەوە پێی دەوترێت ژیان، ژیان ڕوویداوە."

---

لیزلی دەستیکرد بە گێڕانەوەی ئەو گفتوگۆیەی ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا ڕوویدابوو. " جەنیس لە کاتێکدا خەریك بوو جانتاکەی لەشانی بکەوێتە خوارەوە و کڵاوە گەورەکەی وەخت بوو لە سەری بەربێتەوە

پرسی،" ئەوە ئێوە باسی چیتان دەکرد پێش ئەوەی من بێم؟چیم لە کیس چوو؟ دەی دەی با منیش بێمە باسەکەوە".

"بەهەمومان کورتەیەکی بابەتەکەمان پێ وت وتێمان گەیاند لە کوێی قسەکانماندابن. پاشان پات وتی،" من بیر لەوە دەکەمەوە لە ئێستاوە تاوەکوو ٢٠ ساڵیتر هەر یەکێکمان دەبێ خەریکی چی بێت! "

مارسا هاواری کرد،" لە ئێستاوە تا ٢٠ ساڵیتر! ئێمە بەهەزار حاڵ ئەگەر بزانین دوای ئەم ژەمە چی دەبێت ،جا تۆش دەڵێی ٢٠ ساڵیتری داهاتوو! "

ترەیسی وتی،" دوای ٢٠ ساڵیتر هەموومان پیردەبین. کێ دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە؟ هەموومان پێکەنیتین، نەمان دەویست بیر لە ماوەیەکی وەها دووروودرێژ بکەینەوە. تەنیا دەمان ویست دڵخۆش بین بەو خوانە چێژ بەخشە لەگەڵ یەکتردا."

"بەڵام پات وازی نەهێنا، دەی کچینە، بزانم خۆتان لەکوێ دەبیننەوە، دەتانەوێت سەرقاڵی چی بن ئەوکات؟"

جەنیس هەڵیدایە،" دەمەوێت لەڕادەبەدەر ساماندارب‌م، شێتانە عاشق بم، وە گەشتی جیهان بکەم".

"منیش ئەوەم دەوێت"

"منیش"

"هاروەها منیش"

"منیش حیساب بکەن! "

هەموومان بیرمان دەکردەوە،وای! ئەمە ئێمەی برد بەرەو گفتوگۆیەکی دووروودرێژی جدی و ئاڕاستەکراوی قوڵ دەربارەی داهاتوومان. بەڕاستی

زۆرخۆشە کاتێك ڕۆژێ دابنیشیت بیر لە داهاتووت بکەیتەوە، وەك ئەوە بوو هەر لەو کاتەوەی لە قوتابخانە دەمان خوێند هەمان ئەمپرسیارەیان لێکردبین - دەتەوێت کاتێك گەورە بوویت ببیت بەچی؟ لێ گەڕێن با ئەمڕۆ بۆخۆمان کەیف خۆش بین،"

پات هێشتاش وازی نەهێنا و دوا سەرنجی وت،" من دڵنیام لە ماوەی ساڵەکانی داهاتوودا چاومان بەیەکتری دەکەوێتەوە، بەڵام واش پێی دەچێت هەر یەکێکمان بچین بەلایەکدا. چی دەڵێن دوای ٢٠ ساڵیتر دووبارە پێکەوە کۆببینەوە و یەکتری ببینین؟ ئایا خۆش نییە ئەوکات بزانین هەر یەکەمان سەرقاڵی چین؟"

"بۆ ئەوەی پات واز لەو بابەتە بهێنێت هەموومان ڕێککەوتین دوای ٢٠ ساڵیتر پێکەوە یەکبگرینەوە بۆ خوانێکی نیوەڕۆی کچانە و چی لە ژیانماندا ڕوویداوە بۆ یەکتری باس بکەین. بە ڵنیاییەوە ئەوەمان دیاری نەکرد کێ ئەو یەکتربینینە ڕێکبخات و چۆن تا ئەو کات پێکەوە لە پەیوەندیدا بین ."

هەموومان پێکەنیتین و دەستخۆشیمان لە لیزلی کرد ئەو ڕاستی دەکرد وابوو.

پات وتی،"لەبیرمە وام لە هەمووتان کرد ڕازی بن کە پێکەوە کۆببینەوە، بەڵام ئەویتریم بیر نایات."

جەنیسیش بە پێکەنینەوە وتی،" بەڵام بەڵێن بدەن دووبارە ئەمان خەنەوە ناو بیرکردنەوەیەکی قورس و قوڵەوە لەم خوانی نیوەڕۆیەشدا!"

پات وتی،" ئەوە لێدەگەڕێم بۆ خۆتان ئەمجارە".

بەردەستەکەمان پرسی،" ئایا حەز لە شیرنەمەنی دەکەن؟"

بەندی پێنجەم

# ئەمە تەنها دەربارەی پارە نیە

"دەتوانیت هەمووئەوەی دەتەوێت بەدەست بهێنیت،
تەنیا شەرت نییە بەیەکجار بێت"

"ئۆپرا وینفری"

داوای دوو قاپ شیرینیمان کرد تا لەنێوان هەرچوارمان دابەشی بکەین. هەر کە بەردەستە ڕۆیشت بەدەم داواکارییەکەمانەوە، لیزلی پرسی،" کیم تۆ وتت چەند ساڵ پێش ئێستا خانەنشین بویت، ڕاستە؟"
وەڵامم دایەوە،" بەڵێ لە ساڵی ١٩٩٤."
لیزلی وتی،" بە دڵنیایەوە پێشی ناچێت ئێستا ژیانێکی ئیسراحەت و دەست بەتاڵت هەبێت. تێڕوانینم بۆ خانەنشینی کات بەسەربردنە لە خولی یاری گۆڵفدا لە یانەیەکی شارۆچکەکە یاخود پاڵدانەوە لەسەر ڕووی کەشتیەکی گەشت و گوزار. بەڵام پێی دەچێت تۆ ئێستا لە هەمووکاتێك زیاتر کار بکەیت."
پێکەنیتم وت،" بە دڵنابیەوە ناڵیم ژیانێکی ئیسراحەتم هەیە. هەرچەند تۆ ئاماژەت بە خاڵیکی باش کرد. وای بۆ دەچم وشەی 'خانەنشینی' لە مێشکی زۆرێك لە خەڵکیدا ئەم وێنە خەیاڵیەی بۆ کێشراوە کە دوو خۆشەویست لەسەر لمی سپی دەریا پاڵیان داوەتە، یاری گۆڵف دەکەن

لەگەڵ نزیکترین هاوڕێکانیان دا یاخود گەشتکردن بۆ ئەو شوێنە دوورانەی هەمیشە خەونیان پێوە دیوە کە بۆی بچن."

جەنیس قسەکەی بڕی،" من حەزم لە شوێنە دوورەکان و لمی سپی قەراغ دەریایە."

هاوڕایم نیشان دا،" بەڵێ منیش حەزم لێیەتی. هەروەها چێژ لەیاری گۆڵفیش دەبینم، زۆر لەوانەش گرینگتر بەلامەوە، حەزم لە تاقیکردنەوەی شتی نوێیە، حەزم لە فێربوونە، وە کارەکەشم بەشێکی گەورەی ژیانمە. ئەمەویێ بڵێم کە دەڵێم خانەنشین بوومە مەبەستم ئەوەیە بارێکی دارایی‌م هەیە کە هەرکات بمەوێت کار نەکەم دەتوام. چیتر پێویستم بەوپارەیە نییە کە لە کارەکەمەوە دەستم دەکەوێت تاکوو پێی بژیم. من بمەوێت هەرچی بکەم دەتوانم بیکەم. مانای ئازادی دارایی لەو ڕووەوەیە ئازادم ئەوە بکەم کە دەمەوێت."

لیزلی هەر لەسەر قسەکەی بوو وتی،" ئەگەر ئاسایی بێت بپرسم، دەمەوێت بزانم چۆن بەو شوێنە گەیشتیت؟ دەزانم وتت پارەت دێتە دەست لەو سەرمایەگوزاریانەوە کە کردوتن، بەڵام تێناگەم چۆن ئەوە بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی پێی خانەنشین بیت. مەبەستم ئەوەیە کە دەڵێی پێویستت بە پار نییە، دیارە یانسیبت بۆ دەرچووە. چۆن ئەوەت ئەنجام دا؟"

دەستم کرد بە قسە،" یەکەم شت من یانسیبم بۆ دەر نەچووە. ئەوە پرۆسەیەکە ساڵانێکی زووتر هاتونەتە پێش ئێمە. باوکە دەوڵەمەندەکەی ڕۆبێرت هەمیشە پێی وتوە،" تۆ پێویستە فێربیت چۆن وا بکەیت پارەکەت کارێکی باشت بۆ بکات، تا تۆ پێویس نەکات بەسەختی کار بۆ

بەدەستهێنانی پارە بکەیت.ئەو دەی وت تا ئەوکاتەی تۆ ئەو پەڕی هەوڵت بۆ پارەبێت ئەوا هەرگیز ئازاد نابیت، چونکە دەبێت هەمیشە کاربکەیت تا پارت دەست بکەوێت".

جەنیس پرسی،" مەبەستت چییە لە باوکە دەوڵەمەندەکەی ڕۆبێرت؟"

وەڵامم دایەوە،" باوکی دەوڵەمەندی ڕۆبێرت یەکێکە لە نزیکترین هاوڕێکانی باوکی، کە لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لە قوتابخانە دەرچووە تاوەکوو هاوکاربێت لە دابینکردنی خەرجی خێزانەکەیدا. بەردەوام بوو تا بوو بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی هەرێمی هاوای. ڕۆبێرت زۆرێك لەوەی فێری بووە بە پشتیوانی باوکە دەوڵەمەندەکەی بووە."

"کاتێك تەمەنی تەمەنی ٩ سالان بوو،باوکە دەوڵەمەندەکەی ڕۆبێرت دەستی کردووە بە فێرکردنی ئەوەی چۆن وا بکات پارەکانی کاری بۆ بکەن. منیش لە ساڵی ١٩٨٩ دەستمکرد بە فێربوونی ئەوە. لەو ساڵەوە فێربووم چۆن وا لە پارەکانم بکەم کارم بۆ بکەن. بەم شێوەیە ڕووم کردە دنیای سەرمایەگوزاری."

لیزلی بەبێ ئارامی پرسی،" باشە تۆ چەند جارێك باسی سەرمایەگوزاریت کرد، من ئەوەندە تێڕوانینێکی جدیم هەیە کاتێك دێتە سەرباسی سەرمایەگوزاری. خەڵکی بەهۆی سەرمایەگوزاریەوە پار لەدەست دەدەن. من پێم وایە سەرمایەگوزاری ڕێگایەکی زیاندارە، وە زۆریش ئاڵۆزە، پێویستی بە مێشکی شارەزایی‌یانی دارایی‌یە تا لێی تێبگەیت! من هونەرمەندم! بەهەزار حاڵ هاوسەنگی چەکی بانکیم ڕادەگرم. هەرگیز پێم وا نییە بتوانم دەستم بگات بە سەرمایەگوزاری."

پات وتی،" من هەمیشە کاری سەرمایەگوزاری لێدەگەڕێم بۆ مێردەکەم. پێ ناچێت توانای ئەوەم هەبێت. ئەوە زۆر ئاڵۆزە. هەرگیز ناتوانم تێبگەم بریکارکانی کڕین و فرۆشتن چی دەڵێن". پاشان پرسی،" ئایا تۆ لەبازاڕی کڕین و فرۆشتندایت؟ ئایا پارەیەکی زۆر پەیدا دەکەیت لەڕێی کڕین و فرۆشتنی پشکەکانەوە؟ پیاوەکەم خەریك بوو مایە پووچ بێت کاتێ سەرمایەگوزاری کرد."

جەنیس ئەم قسەیەشی بۆ زیاد کرد،" من چەند پشکێك و سەرمایەی هاویەشم هەیە. بەڵام زۆر گرینگیان پێ نادەم. چەند ساڵێك پێش ئێستا کڕیانم. منیش کاری کڕین و هەڵگرتنەوەی موڵك دەکەم، بەڵام بەڕاستی وەك ئەوەیە موڵکێك بکڕیت و دانیشی هیوا بخوازیت نرخی بەرز بێتەوە. جگە لەوەش من زۆر سەرقاڵی کارکەمم کاتم نییە تا سەرقاڵی ئەوەش بم."

بەبێدەنگی دانیشتم تاوەکو ئەوان قسەی خۆیانکرد. هەموویان سەیریان دەکرد و چاوەڕێی وەڵام بوون لێمەوە. بە وریییەوە وشەکانم هەڵبژارد،" هەموو ئەوەی وتم ئەوەبوو سەرمایەگوزاری بکەن، وە هەر سێکتان ڕاستەوخۆ هێرشتان بۆ هێنام . لیزلی وتی زۆر زیانداره، پات وتی زۆد ئاڵۆزە، جەنیسیش وتی کاتم نییە، هەمووتان پێمتان وت بۆ سەرمایەگوزاری بۆ ئێوە نابێت."

بەردەوام بووم وتم،" باساتێك پێدا بچینەوە. لیزلی لێی پرسیم چۆن خانەنشین بوومە، منیش وتم لەڕێی سەرمایەگوزارییەوە. بەڵام ڕێگەم بدەن زۆد ڕوون پێتان بڵێم، ئامانجم ئەوە نەبوو سەرمایەگوزاری بکەم، ئامانجم تەنانەت ئەوەش نەبوو کە دەوڵەمەند ببم، ئامانجم ئەوەبود

لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بم. هەر بەوشێوی لە ژیانمدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە نامەوێت پشتبەستووم بە هیچ کەسێکەوە جا مێردەکەم، بەڕێوەبەر،هاوڕێ یان هەرکەسێکیتر بێت بۆ خۆشگوزەرانی داریم. وە لای من سەربەخۆی دارایی یەکسانە بە ئازادی. تا ئەو کاتەی بۆ بەزیندوو مانەوەم پشتم بەکسێکیتر دەبەست ئازاد نەبووم. زۆر بە سادەی ئەوها بوو. سەربەخۆی دارایی بەم شێوەیە بۆ من پێناسەکراوە: سەربەخۆی دارایی بریتیە لەوەی کاتێك مانگانە بڕێکی زۆر پارەم دێتە دەست بەبێ ئەوەی خۆم کاری بۆ بکەم، کە ئەو پارەیەش زیاتر لە خەرجی مانگانەی ژیانمە.

ڕوونمکردەوە،" چەندین ڕێگا هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەمە، بێگومان یانسیبێك هەیە بەڵام شانسی بردنەوەی باشترین خەڵاتم لە هیچ باشتر بوو. من پلانم دانەنا تا پارەم بە میرات بۆ بمێنێتەوە وە بۆ پارەش هاوسەرگیریم نەکرد."

جەنبس پچڕاندمی،" ئێریکتان لەبیرە کە لە یانەی تەندروستی کاریدەکرد؟ لەپێناو پارە هاوسەرگیری کرد

هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێك کرد ٣٠ ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو. کوڕەکە چەند بەسەرهاتێکی هەبوو، نازانم کامیان کێشەین زیاتر بوو کچەکە یان کوڕەکە."

هەمووومان سەیری جەنیسمان دەکرد نیشانەی سەرسوڕمان بەڕووخسارمانەوە دیار بوو!

جەنیس وتی،" ببورن تەنیا ویستم ئەمەش بێنمە باسەکەوە."

چومەوە سەر قسەکانم،" وەك وتم من لەبەر پارە هاوسەرگیریم نەکرد. هەندێك خەڵکی بەختی خۆیان لە کاردا تاقی دەکەنەوە. تەنانەت کاتێك من و ڕۆبێرت کاری خۆمان بنیات نا، هیچ دەستەبەریەکی سەرکەوتنمان نەبوو. وە ئەگەر کارەکەشمان سەرکەوتووبوایە کاتێکی زۆری دەویست تا بەڕێوەی بەرین! هەر بۆیە کاتێك ئاشنابووم بە دنیای سەرمایەگوزاری زۆر بە دڵم بوو."

لیزلی پێی دەچوو سەری لێ دەرنەکات وتی،" دەزانن من کاردانەوەم هەبوو، بەڵام ئێستاش کە لێرە دانیشتووم بۆم دەرکەوت نازانم سەرمایەگوزاری مانای چییە."

بزەیەکم کرد،" وەك وتم، منیش وابووم. ڕاستیتان پێ بڵێم ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام سەرمایەگوزاری نەبوو، بەڵکوو ئەو بیرۆکەیە بوو کە مانگانە پارم بۆ دێتەوە لەو سەرمایەگوزاریانەوە کە کردوومن، کە پێویستی نەدەکرد بەشێوەیەکی بەرجەستە خۆم کاربکەم. هەر وەك تۆ پێشتر ئاماژەت پێدا لیزلی ، هەر یەکێك لە ئێمە بۆ ئەوەی کار نەکات ئەبێ بلیتێ یانسیبی بردبێتەوە. وە ئەگەر من پلانم ئەوەبوایە بەو پاشەکەوتەی کە هەمە بژیم ئەوکات پێویستم بە یانسیبێکی پاشەکەوتکراو دەبوو. بەڵام ئەگەر لەجێی ئەوە مانگانە پارەت بێتە بەردەست لەو سەرمایەگوزاریانەوە کە کردوتن، ئەوکات پێویستت بەوە نابێت کە بڕێکی زۆری پارەی کاشت هەبێت تا ژیانتی پێ بەڕێوەبەریت. ئایا لەمە تێدەگەن؟"

هەر سێکیان بە دوودڵیەوە بە ئاماژەی سەر وەلامی بەڵێیان دایەوە.

پات پرسی،" کەواتە ئەوەی کە مانگانە بڕێك پارەت بۆ بێتەوە زۆر گرینگترە لەوەی ڕێژەیەکی لە ئەندازە بەدەرپارە پاشەکەوتکراوت هەبێت؟"

وەڵامم دایەوە،" بەڵێ، ئەمە پێی دەوترێت کاش فلێ(پارەی نەقدی هەڵهێنجراو). هەموو مانگێك پارەیەکی نەقدی دێتە بەردەستت."

پات پرسی،"پێویستە مانگی چەنێك پارەی نەقدیت بۆ بێتەوە؟"

پرسیارێکی جوانە،" کاریکەم یان نا دەمەوێت هەموو مانگێك پارەم دەست بکەوێت کە تەواوی خەرجیەکانی ژیانمی پێ دابین ببێت... لەگەڵ هەندێکیتردا. زۆر بەسادەی ئەوهایە. هەر لە سەرەتاوە ئەمە ئامانجەکە بوو. بۆ ئەنجامدانی سەرمایەگوزاریەك کە بە گوێرەی پێویست پارەی نەقدی لێ وەدەست بخەم کە شێوازی ژیانمی لەسەر بنیات بنێم. ئایا چیشتێکی ئەم کارە زۆر گرینگە؟ ئەوە زۆر گرینگە کە من لە تەمەنی ۳۷ ساڵیمەوە ئازادبووم. لەوکاتەوە پێویست نەبوو لە نوسینگە بمێنمەوە کە دەبووە هۆی لەدەست چونی ئەو شتانەی دەمویست ئەنجامیان بدەم یان لەلایەن بەڕێوەبەرەکەمەوە پێم بوترێت چی بکەم. لەوکاتەوە پێویستم بە کەس نەبوو تا لەڕووی پارەوە پشتی پێ ببەستم. ئازادبووم بۆ کردنی هەرچی بمەوێت و هەرکات بمەوێت. پێم وایە ئەوە خاڵێك بوو دەبوو لەخۆم بپرسم،"دەمەوێت لە ژیانمدا چی بکەم؟" وەك ئەوە بوو ۲۰ ساڵ گەڕابێتمەوە دواوە بۆ ئەوکاتەی لە هۆنولیلۆ بووم، هەر دەست بەکار بووم و بینیم ئەو هەموو هەڵبژاردنەم لەبەر دەستە، ئێستا لە پێشتر باشتر بوو چونکە چیدی خەمی پارەم نەبوو. ئێستا کێشەی ئەوەم هەبوو چی هەڵبژێرم تا خەریکی ئەنجامدانی بم. لەبەر ئەوەی

دەمەوێت نەك لەبر ئەوەی پێویستمە. سەربەخۆی دارایی واتا هەبوونی هەڵبژاردنی زیاتر.

ڕێگەم بدەن شتێکیتریش بڵێم،" من دەبیستم چەندین ئافرەت گرفتاری دەستی هاوسەرگیریەکی خراپن تەنیا لەبەر ئەوەی لەڕووی داراییەوە نەدارن و پشت بەستون بە مێردەکانیان، یان کارێك دەکەن کە ڕقیان لێیە تەنیا لەپێناوی موچەدا. بەڕای من ئەوان واز ناهێنن چونکە سەلامەتیان هەڵبژاردووە بەسەر متمانەبەخۆبووندا. بەلای منیشەوە ئەوە گەورترین تاوانە. چەندان ژن حاڵ و ژیانێکی ناخۆشیان هەڵبژاردووە تەنیا بە هۆکاری دارایی وە دواتریش دەڵێن" پارە ئەوەنەش گرینگ نییە". پارە گەورترین ڕۆڵ دەبیت لە ژیانی ئافرەتاندا لەچاو ئەوەی دانی پێدادەنێن. تەنیا لە خۆت بپرسە،" ئایا ئەگەر تەواوی پارەی جیهانت هەبێت، چی شتێکی جیاواز لە ژینتدا ئەنجام دەدەیت؟ پارە هێزی ئەوەی هەیە ئافرەت لە بەندکراوی بهێڵێتەوە یاخود ئازادی بکات،ئەوەش کەوتۆتە سەر خۆی".

هەر سێ خانمەکەی سەرمێزەکە بێدەنگ بوون وای بۆ دەچم سەرنجیانم بەدەست هێنابێت.

---

گەیشتمە ئەو خاڵەی لەخۆم بپرسم،"دەتەوێت لە ژیانتدا چی بکەیت؟" چونکە ئێستا هەڵبژاردن لەدەستی خۆمە. دەمتوانیت هەرچی کە ویستومە ئەنجامی بدەم لەبەر ئەوەی دەمویست ئەنجامی بدەم نەك لەبەر ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەم.

---

## ـچی دەبێت ئافرەتان ببن بە سەرمایەگوزار

ـەم دواییانە ڕۆژنامەنوسێکی گەنج هاتە نزیکم و زۆر بە پەرۆشەوە وتی،" ـێمە دەبێت ئافرەتان وریا بکەینەوە کە خۆیان کۆنترۆڵی پارەکانیان ـگرنە دەست. نابێت پشت بەکەسیتر ببەستن ئەو کارە بکات بۆیان!" ـوای ئەوەی زیاتر قسەم لەگەڵیدا کرد بۆم دەرکەوت ئەو پەرۆشیەی ـەبەر چییە. بۆم دەرکەوت دایکە تەمەن ٥٤ ساڵیەکەی بەم دواییانە جیابۆتەوە، هیچ شتێکی بۆ نەمابۆیەوە و ئێستاش لەگەڵ کچەکەیدا نیشتەجێیە. کچەکەی ئێستا بەرپرسی هۆی و دایکیشێتی. ئەم دۆخەش خۆی لەخۆیدا زلەیەکی وریا کەرەوەبوو بۆ ڕۆژنامەنە نوسە گەنجەکە، وە ئەمی بەرو پێشبردووە. کاتێك سەیری پێش خۆی دەکرد دەیبینیت ئەگەر موچەکەی بوەستێت، کۆی گشتی ٧٠٠٠ دۆلاری هەیە تا پێی بژێن، ئەمەش هانی دا زوو خەمی خۆی لیّ بخوات و هەنگاوی بۆ بنێت.

هەر وەك لە دەستپێکی کتێبەکەدا وتم، دەستواژەی " چۆن بتوانم سەرمایەگوزاری وەك چۆن پشکەکان بکرِم و بفرۆشمەوە، چۆن مولکی تاپۆکراوی بەکریّ دانم هەبێت یان چۆن سەرمایەگوزاری کار شیکار بکەم؟" بۆ ئافرەتان و پیاوان جیاوازی نییە، بەلاّم هۆکاری ئەوەی دەبێت ئافرەتان فێری سەرمایەگوزاری ببن لەڕووی ڕەگەزیەوە زۆر جیاوازە. دەزانین ژیانێکی زۆر جیاواز لە ژیانی دایکمان دەژین بەلاّم ڕەنگە سەرت سوڕمابێت وبپرسی ئایا لەچیدا جیاوازین. ئەمە ٦ هۆکاری مەنتیقیە بۆ وەلاّم دانەوەی ئەو پرسیارەی بۆچی دەبێت ئافرەتان بێنە ناو کایەی سەرمایەگوزارییەوە.

## ژنی دەوڵەمەند

### ١)ئامارەکان

ئەو ئامارانەی دەربارەی ئافرەت و پارەن زۆر هەژێنەرن. ئەمانەی دێن چەند ئامارێکی وڵاتە یەکگرتوەکانە کە پێم وایە بۆ وڵاتانیتری جیاهانیش زۆر هاوشێوەی ئەمانەن یاخود خەریکە بەهەمان ئاراستەدا برۆن.

له وڵاته یەکگرتووەکان

*٤٧٪ ی ئافرەتانی سەررووی زەوی تەمەن ٥٠ ساڵ سەڵتن.(ئەمەش واتا خۆیان بەرپرسن لەلایەنی داراییان).

*دەستکەوتی خانەنشینی خانمان لەهی پیاوان کەمترە بەهۆی ئەوەی ئافرەتان بە تێکرای ١٤بۆ ٧ ساڵ لە دەستەی هێزی کارکەران دەبن بەبراورد لەگەڵ پیاواندا کە ١بۆ ٦ ساڵە.( ئافرەتان بەگشتی سەرەکیترین چاودێریکەری ماڵن). ئەمەو شان بەشانی موچەی کەمتر و دەستکەوتی خانەنشینی کە تەنیا ١/٤ ی بەشی پیاوانە.( سەنتەری نەتەوەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی خانەنشینی ئافرەتان)

*٥٠٪ هاوسەرگیریەکان بە جیابوونەوە کۆتای دێت. (بەگشتی کێ چاودێری منالّ دەکات؟ ئافرەتان. کەواتە بەو بەتەنیا خۆی بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی دارایی خۆی و منالّەکەشی.

(ئەی ئایا زۆرێك لە ژن و مێردەکان لەسەر چی شەڕ دەکەن؟ پارە)

*لە یەکەم ساتی دوای جیابونەوە ئافرەت بەگشتی خەرجیەکانی نزیکەی ٧٣٪ یە.

*بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٠ وا پێشبینی دەکرێت ئافرەتان ٧ بۆ ١٠ ساڵ لە پیاوان زیاتر بژین.(ئان لێترسی، مانگی٦ی ٢٠٠٠).
ئەمەش مانای وایە دەبێت ئەو چەند ساڵە زیادەیە خۆیان خۆیان بژێنن.
وێڕای ئەمەش ئەو ئافرەتانەی دوای جەنگی جیهانی دوەم لە دایك بوون وا چاوەڕوان دەکرێت بە تێکڕای ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ زیاتر لە مێردەکانیان بژین.

*تێکڕای ئەو ئارفرەتانەی لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٨ و ١٩٦٤ن بەهەمان شێوە ناچاری کارکردنن لایەنی کەم تا تەمەنی ٧٥ ساڵیان بەهۆی نارێکی پاشکەوتی دارایی ودەستەبەری موچەی خانەنشینی.(سەنتەری نەتەوەیی لێکۆڵینەوەی خانەنشینی ئافرەتان - ١٩٩٦).

*ئەو بەتەمەنانەی لە هەژاریدا دەژین
- لە ٤ ئافرەتدا ٣ یان (مۆرینگ ستار وەبەرهێنەری دەرامەت)
- ٨٠٪ ئافرەتان کاتێك مێردەکانیان لە ژیاندا بوون هەژار نەبوون.
*نزیکەی لەهەر ١٠ ئافرەتێکدا ٧یان بە هەژاری دەژین لە چەند کاتێکی جیاوازدا.

ئەم ئامارانە چیمان پێدەڵێن؟ پێمان دەڵێن تا دێت ئافرەتان بەتایبەتیش ئەوانەی زیاتر دەچن بەتەمەندا، نەخوێندەوارن و خۆیان ئامادەنەکردووە لەڕووی داراییەوە ئاگاداری خۆیان بن. ئێمە تەواوی ژیانمان خەریکی چاودێری کردنی خێزانەکانمان بووینە بەڵام توانای ئەوەمان نییە گرینگی بە خۆمان بدەین لەم ڕێگە زۆر پێویستەدا. یان ئەوەتا پشتمان بە کەسێکیتر بەستوە ئەو کارەمان بۆ بکات، جا مێرد، هاوەڵ، بەڕێوەبەر،

خێزان یان دەوڵەت بێت. یان وا دابنێ ئەمانە هەمووی کێشە نییە.ئەم ئەو چیرۆکە خەیاڵیەیە کە پێوەی گەورە بووین.

*سێ دواهەمین ئامارەیتر کە پێویستە لەبەر چاو بگیردرێت:

١ـ ٩٠٪ی تەواوی ئافرەتان لە ماوەی ژیانیاندا بەپرسیاریەتی دارایی خۆیان هەر دەکەوێتە ئەستۆ... هێشتاش لە سەدا ٧٠ی ئافرەتان پلانیان بۆ ئەوە دانەناوە .

٢ـ ٥٨٪ی ئەو مێینانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە دایک بوون ،کەمتر لە ١٠,٠٠٠ $ وەردەگرن لە ماوەی خانەنشینیاندا.

٣ـ خەملێندراوە بە ٢٠٪ ی ئافرەتانی منداڵدار چاوەڕێی ئەوەن لەماوەی خانەنشینیاندا ئاسودەبن.( ئێم ئێس . ماگەزین. ٢٠٠٢)

ئەمەش مانای وایە لە ٦٠٪یان سەلامەت و پارەیزراو نابن. (هەرچەندە ئەوە کە تۆ ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە هەنگاوت ناوە بەرەو ڕیزی ئەو ٢٠٪ یە ). بە گشتیش تا ئافرەتان زیاتر بەرەوسەرمایەگوزاری بچن، ئەو ٢٠٪ بەشێوەیەکی زۆرباش زیاد دەکات.

٢) دوورکەوتنەوە لە پشت بەستویی

هیچ کەسێك هاوسەرگیری ناکات ئەگەر لە سەرەتاوە پێشبینی جیابوونەوە بکات. هیچ کەسێك دەست بەکارێك ناکات ئەگەر پێشبینی شکستهێنانی بکات لە دەست پێکەوە. بەلام ئەم شتانە ڕوودەدەن، وە لەم ڕۆژدا بەئاستێکی زیاتر دەبینرێت. پێشتریش وتم، بەلام ئافرەتان ئەگەر پشت بەستون بە مێردتان ،بەڕێوەبەر، یان هەرکەسێکیترەوە بۆ داهاتووای داراییتان،ئەوا دووبارە بیر بکەنەوە. ڕەنگە ئەوان نەمێنن.

بەزۆریش ڕەنگە هەستی پێ نەکەیت چەند پەیوەستی بەکەسێکەوە تا زلەیەکی ئاگادارکردنەوە بەر پەناگوێت نەکەوێت.

ئەمە چیرۆکی تایبەتی منە. من و ڕۆبێرت بوینە هاوەڵی کاری یەکتری دوای یەك مانگ لە یەکەم ژوانمان بە تێپەڕبوونی ساڵەکان چەندین کارمان ئەنجامدا.

نزیکەی ٦ ساڵ تێپەڕیت بەسەر هەبوونی کۆمپانیای فێرکاری بەڵێندەری کاریەکەماندا دەمەقاڵەیەکی نێوانمان زۆر بەرچاو ڕۆشنی کردم. کۆمپانیاکەمان لە ئوسترالیا و نیوزلەندا و ولاتە یەکگرتوەکان و هۆنگ کۆنگ و سنگاپورە و مالیزیا و کەنەدا بەڕێوە دەچوو. ئێمە وەك بەڕێوەبەر وڕاوێژکار و وێناکردنی بیرۆکە باشترین جۆری کارمان بنیات نا. ڕۆژێك من و ڕۆبێرت جیاڕاییەك کەوتە نێوانمانەوە. جیاوازیەکەشمان سەری کێشا بەرەو شەڕێکی گەورە. لە گەرمەی دەمە قالیەکەماندا بە توندی دەرگای ماڵەوەم دا بەیەکدا و ڕۆیشتمە دەرەوە. لەو کاتەدا هیچمان ژیرانە ڕەفتارمان نەکرد. پێویستم بەکات بوو تا بیربکەمەوە بۆیە سەرەو ژوور بەپیادە سەرکەوتم بەرەو ئەو شاخەی نزیك ماڵمان بوو. کاتێك لەگەڵ خۆمدا بەتەنیا مامەوە ڕاستییەکانم بۆ دەرکەوت. هەموو تەمەنم شانازیم بەوەوە دەکرد کە سەربەخۆم. لەو کاتەی لە قوتابخانەی ئامادەی بووم دەمزانی تا بتوانم پشت بەستوو نابم بەکەس بۆ پارە پەیداکردن. ئەگەرچی من و ڕۆبێرت لە بناغەی کۆمپانیاکەوە پێکەوە بنیاتمان ناوە بەڵام ڕاستییەکان زلەیەکی بە ئاگا هێنانەوەیان لێدام. لە پڕێکدا بۆم دەرکەوت ئەگەر من و ڕۆبێرت لە یەکتری جیاببینەوە من تەنیا هاوسەرگیریەکەم لەدەست نادەم بەڵکو کارەکەشم لە دەست

دەدەم! بەهۆی ئەوەی ڕۆبێرت سەرۆکی کۆمپانیاکە بوو، ئەگەر ئەو بڕۆیشتایە کارەکەمان هەرسی دەهێنا، وە ئەگەر ئەویش بمایاتەوە ئەوا من دەڕۆیشتم. لەهەردوو دۆخەکەدا بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەم من بەتەواوی بە ڕۆبێرتەوە پەیوەست بووم. ئەم دەتوانی باوڕ بەوە بکەم! دەزانم ڕۆبێرت وای نەدەبینیت، بەڵام لای من وابوو. ئەوە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی من بوو. وە ئێستاش دەمەوێت دڵنیا بم هەر بڕیارێکی دەیدەم لەسودی خۆمە نەوەك لە سودی حیسابی بانکیم.

من و ڕۆبێرت لەسەر ڕێکەوتنەکەمان کارمانکرد، وە زۆر ڕوونبوو بۆ هەردووکمان کە دەمانەوێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پێکەوە بین. بەڵام ئەو زەنگە بوە هۆی گۆڕینی ژیانم. تا ئەوکاتە چەند موڵکێکی تاپۆی بەکرێدانم هەبوو، بەڵام ئەوانە بۆ من تەنیا وەك خولیایەك بوو،بەڵام ئێستا وەك ئامرازێکی ئازادیم ئەیبینم. لەوێوە بوو تامەزرۆیم سەری هەڵداو چیتر سەرمایەگوزاری تەنیا خولیایەکم نەبوو بەڵکووە بە پەیامێك بۆم. سودێکی زۆر مەزنی چاوەڕوان نەکراوم کرد کاتێك بووم بەسەرمایەگوزار. هەر کە لە سەرمایەگوزاری تێگەیشتم و فێربووم چۆن پارە پەیدا بکەم بەبێ ئەوەی کار بکەم، بۆ یەکەمجار بۆم دەرکەوت چیتر پێویستم بە ڕۆبێرت نییە، ئەوەی زۆر بۆم دڵخۆشکەرتر بوو هەستمکرد هێشتاش دەمەوێ لەگەڵیدا بژیم. نەك لەبەر پێویستی بەڵکو لەبەر ویستن. لەوکاتەوە پەیوەندیەکەمان مانایەکیتری وەرگرت. هەردووکمان پێکەوە ماینەوە چونکە دەمانویست پێکەوە بمێنینەوە.

دیاریەکی تری زۆر بەهادار کە لەم پرۆسەیەدا بەدەستم هێنا ئەوەبوو قەدری خۆزانیم زیادی کرد. لە ئەنجامدا من و ڕۆبێرت ڕێز و خۆشەویستی و یەکسانی و بەختەوەری هاوسەرێتیمان لە جاران زیاتر بوو.

٣) نا بۆ جیاکاری ڕەگەزی

یەکێك لەبەربەستەکانی بەردەم ئافرەتان لە تەواوی جیهاندا ، بیرۆکەی جیاکاری ڕەگەزییە. پرۆسەی جیاکاری ڕەگەزی کە بەهۆی ڕەگەزەکەمانەوە ئافرەتان زۆر بە دەگمەن دەگەنە بەرزترین پلیکانەکانی سەرکەوتن. لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا بازاڕ پەیوەندی نییە بەوەوە تۆ نێری یاخود مێ، ڕەشی یان سپی، دەرچوی کۆلێژیت یان ئامادەی. بازاڕ تەنیا گرینگی بەوە دەدات تاچەند لەڕووی مامەڵەکردن بە پارەوە شارەزاییت. کلیلی ئەمەش فێربوون و ئەزمونی کارە. هەرچەند لێهاتووتربیت لە هەڵبژاردنە سەرمایەگوزاریەکانتدا، زیاتر سەرکەوتن بەدەست دێنیت وەك سەرمایەگوزارێك. هیچ سنور و چینایەتی و جیاکاریەك یان هەر شتێکیتر بوونی نییە بۆ ئافرەتان لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا.

٤) سنوردار نەبووی دەرامەت

بەهۆی جیاکاری ڕەگەزی و نایەکسانی موچەی ئافرەت و پیاوەوە کە تا ئێستاش بوونی هەیە ، بەزۆری ئافرەتان سنوردار کراون لەڕووی ئەوە داهاتەی دەتوانێت پێکەوەی بنێت. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن ئافرەتان بەهەمان ئاستی خوێندن و ئەزمونەوە کە وەك هاوکارە پیاوەکانیان کاردەکەن تەنیا ٧٤ سەنت وەردەگرن بەرامبەر هەر یەك دۆلارێکی هاوکارە پیاوەکانیانەوە. لە سەرمایەگوزاریدا ئەو پارەی

دەستت دەکەوتێ سنوری نییە.تۆ بەتەواوەتی دەبیت بە بەرپرس و کۆنترۆڵکاری ئەو برە پارەیەی دەستت دەکەوتێ وەك سەرمایەگوزارێك. بەهۆی ئەوەی کە نەمدەویست پێم بوترێت تۆ چەندت پارە دەست دەستدەکەوێت، بێ سنوریەکی لە ڕادەبەدەر لەداهاتەکەمدا پەیدابوو.

٥) ئاستی قەدری خۆ زانینت زیاد بکە

وەك خۆم پێم وایە ئەمە گرینگترین شتە بۆ ئافرەتانی سەرمایەگوزار. شتێکی ناسروشتی نییە کە ڕادەی قەدری خۆزانینی ئافرەتان پەیوەندیداربێت بە توانینی دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆیەوە. پشت بەستوی بەهەر کەسێکەوە بێت دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهای کەسیت. ڕەنگە تۆ کارگەلێك ئەنجام بدەیت ئەگەر لەبەر پارە نەبوایە هەرگیز ئەنجامت نەدەدان.

بیستومە بەهای خۆزانینی ئافرەتان زۆر زیادی کردووە کاتێك زانیویەتی دەتوانێت لایەنی دارایی خۆی بەڕێوەبەرێت. کاتێك بەهای خۆ زانینی ئافرەتان بەرزبۆیەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا لە گەشەسەندندا دەبێت. سەرتاپای ژیانی پەرەدەسێنێت چونکە هەست بەباشی دەکات دەربارەی خۆی و ئەو شتانە هەڵدەبژێرێت کە بۆ خودی خۆی باشن. بەهەر وردە سەرکەوتنێك کە بەدەستی دەهێنێت متمانە بەخۆبوونی زیاتر دەبێت. متمانە بەخۆبوونی زیاتریش سەردەکێشێت بەرەو بەهایخودزانییەکی زیاتر. کە قەدری خۆشت زیاتر گرن سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست دەهێنیت، ئەمەش بەرەو گرینگترین دەستکەوتنت دەبات کە ئازادییە.

## ٦) کۆنترۆڵی کاتەکانت بکە

یەکێك لەو ئاستەنگانەی ئافرەتان بەزۆری زیاتر لە پیاوان دێتە پێشیان لەڕووی سەرمایەگوزاریەوە کاتە. ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەو دایکانە ڕاستە کە چەندین کاتژێمر بەسەر دەبەن بە چاودێریکردنی مناڵەکانیانەوە. لە چەندین ئافرەتەوە بیستومە،" کاتێك لەکار دێمەوە بۆماڵێ دەبێت خوانی ئێوارە ئامادەبکەم بۆ منداڵەکانم،یارمەتیان بدەم لە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەیان، قاپەکانیش بشۆم. کاتێك هەمووان دەچنە ناو جێگەوە، چەند کاتێی زیادەم دەبێت بەڵام خۆم شەکەت بوومە".

وەك سەرمایەگوزاریك خۆت کۆنترۆڵی کاتەکانت دەکەیت. سەرمایەگوزاری کارێکە دتوانیت تەواوی کات یان نیوەی کاتەکانتی بۆ تەرخان بکەیت. شتێکە دەتوانیت لە ماڵی خۆتەوە ئەنجامی بدەیت یان لە نوسینگەکەت یان هەر شوێنێك کەبتەوێت.

هەروەها دەتوانیت منداڵەکانیشت بهێنیتە ناو کایەکەوە. چەندین دایك پێیان وتومە کە منداڵەکانیان بردووە بۆ سەیری موڵکەکان و کارە سەرمایەگوزاریە گرینگەکانیان. وە شتێکیتریش کە زۆر گرینگە ئەوەیە کاتێك منداڵەکانت بەژداری پێدەکەیت لە پرۆسەی سەرمایەگوزارییەکەدا، تۆ دەبیت بەمامۆستا بۆیان هەر وەك چۆن باوکە دەوڵەمەندەکەی ڕۆبێرت بوو بە مامۆستای بۆی.

من منالم نییە، بەلام بە دلنیاییەوە لە حەزی کات بەسەربردن لەگەڵ منداڵی خۆتدا تێدەگەم. ببینم کە بەبەر چاومەوە گەورەدەبن، لە هەموو هەنگاوەکانیاندا لەگەڵیاندابم. هەبوونی کات باشترین جۆری ئازادییە.

ئەگەر ببیت بەسەرمایەگوزار دەتوانیت هەرچۆنت ویست کاتەکانت بەسەر

ببەیت، جا لەگەڵ منداڵەکانتدا بێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا، لە پشوو یان ڕووانین و وردبوونەوە بێت لە شتانێکی گرینگدا. تۆ خۆتجڵەوگیری کاتەکانت دەکەیت.

پوختە

ئەم ٦ هۆکار دەریخست بۆچی ئافرەت و سەرمایەگوزاری شان بەشانی یەکتری دەڕۆن. ئامارەکان دەیسەلمێنن چەند ڕۆژگار گۆڕاوە و ئەوە دەردەخەن که پێویستمان بە فێرکاری دارایی ژیانی ڕاستەقینەیە و چیتر بۆ خۆشی نییە بەڵکو یەکێکە لە پێویستیەکان. پشت بەستن بە کەسێکیتر بۆ داهاتووی داراییت وەك هەڵدانی زاری یاریە لە لاس ڤێگاسدا. ڕەنگە لەکۆتایدا دەست کەوتەکان بەدەست بێن بەڵام زیانەکانیش لەبەر چاو بگرن کە دێتەڕێتان. جیاکاریڕەگەزی و سنورداری داهات شتانێکن ئافرەتان بۆ چەندین ساڵ لەدژی جەنگیون، هەردووکیشیان لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا نامێنن. پاشان دوو گەورەترین دەستکەوتیش کە ئاستێکی بەرزی بەهای کەسی و هەبوونی کات بۆ بەسەربردنی بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێت دەبێت بەهی تۆ. لەم ڕۆدا سەرمایەگوزاری تەنیا بیرۆکەیەکی باش نییەو بەس بەڵکو پێویستیەکە کە دەبێت ئەنجام بدرێت.

## بەندی شەشەم

# " کاتم نییە"

---

پێم وایە ئێمە تەنیا لە هەڵبژاردنەکانمان بەرپرسین، وە دەبێت
(ب)ەسەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو بەڵێن و وشە و بیرکردنەوانەی
لە تەواوی ماوەی ژیانمان. دێتە ڕێمان قبوڵ بکەین.

"ئیلیزابێس کوبلەر ڕۆس"

---

پات یەکەمجار هاتە قسە،" ئەمانە هەموویان هۆکاری بەرچاوپوونیم بوون. بە دڵنیاییەوە من هەست بەڕادەی پشت بەستن بە مێردەکەم لەڕووی داراییەوە دەکەم. من هەرگیز هەست بە ئاسودەی ناکەم کە بڕیاری دارایم بەبێ ئەو بدەم، چونکە پێم وایە ئەوەی پارە پەیدا دەکات ئەوە بۆیە من بەگوێرەی پێویست داهاتم نییە. تەنها بڕێکی کەم پارەی پاشەکەوتکراوم هەیە کە خستومەتە لاوە تا بەکاری بهێنم بۆ هەر شتێك کە بمەوێت.

پات وتی،" ئەوەی کە زۆر توشی حەپەسانی کردووم و ناخی هەژاندم ئەو حاڵەبوو کە بەسەر هاوڕێیەکی باشمدا ڕوویدا بوو لە ناوەڕاستی پرۆسەی جیابوونەوەدا بوو دوای ٢٢ساڵ لە هاوسەرگیری. دوای تەواوکردنی کاری جیابوونەوەکە هیچ شتێکی بۆ نەمایەوە جگە لەو پارەیەی دادەنرێت بۆ چاودێریکردنی منداڵ. ئەو ئافرەتە ڕێك دەچێتە

چوارچێوەی ئەو ئامارانەوە. وێڕای ئەوەی ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو
دەستەی هێزی کارکردن نەبووە. تەمەنی نزیکەی بۆ ٥٠ساڵ دەچێت
هەوڵدا نییە بۆ لەبەر چاوگرتنی کۆتای ژیانی وە لە کێشمە کێشم
ئەوەدایە چۆن دەست پێبکاتەوە و بەردەوام بێت. ئەو زۆر تۆقیوە".

جەنیس نا ئاسودە دەردەکەوت و دەستیکرد بە قسە،" با ئەمەت لێ
بپرسم، من کارەکەمم خۆش دەوێت وە پلانیشم وایە پاشماوەی ژیانم ل
کارەکەمدا بەسەر بەرم یان ڕەنگە کارەکەم بە دەستکەوتێکی باش
بفرۆشم - ئایا بۆچی پێویستم بەوەیە سەرمایەگوزاری بکەم؟خۆ من وا
هەست دەکەم پلانێکی متمانەپێکراوم دانابێت."

پێم وت،" تۆ پلانێکی بێ وێنەت هەیە. ئەوەی من باسی دەکەم هەبوونی
هەڵبژاردەیە. ئەگەر پلانەکەت وەك ئەوەی وێنات کردووە بەڕێوەچوو،
ئەوە زۆر شاز دەبێت. من بتناسم دەتوانیت ئەوە بکەیت. من بەهۆی
کۆمپانیای باوکی دەڵەمەندەوە دەزانم، لەسەرەتادا کە دێیتە پێشەوە و
دەست پێدەکەیت لەڕاستیدا سەربەخۆبوونی دارایی کارکەکانی زیاتر
بەرەو سەرکەوتن برد. کاتێك دەستمان بە کۆمپایناکە کرد، من و ڕۆبێرت
پێویستمان بەو پارەیە نەبوو کە لێوەی دەستمان دەکەوت تاکوپێی بژین
بۆ شارۆنی هاوکاریشمان هەروابوو. بۆیە هەر بڕیارێکمان کە دەدا
لەخۆمان دەپرسی،" باشترین بڕیار بۆ کۆمپانیاکەمان چییە؟" تەنها
ئەمەش بوەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر گەورە و خێرا کۆمپانیاکەمان
بەرەو پێش بچێت. ئەوەئێمەی والێکرد هەڵبژاردنی باشتر بکەین بۆ
کارەکەمان.

بەردەوام بووم وتم،" ئەمەش نمونەیەکیتری ئافرەتێکە کە کارەکەی خۆش دەویست. هاورێیەکی زۆر چاکم هەیە ناوی کارۆڵەکە پیشەی دکتۆری دانە. ئەو کاری خۆی هەبوو. بەم دواییانە توشی ژێرپەنجە بوو. سوپاس بۆ دکتۆرەکە بەزووی پێی زانیت و ئێستا باشە. دوای ماوەیەکی کەم لەو کارساتە پەیوەندی پێوەکردم و وتی،" ئەم نەخۆشیە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی گەورەیە بۆم. ئەوە من بووم دکتۆرێکی دانی سەرکەوتوو بووم و داهاتێکی باشم هەبوو چیم حەز لێ بوایە ئەنجامم دەدا. لەناکاو بینیم توشی ژێر پەنجە بوومە. لە پڕێکدا کەوتمە بیری ئەوەی چی ڕوو دەدات ئەگەر نەتوانم چیتر کار بکەم؟ داهاتە باشە پارەیزراوەکەم زۆر بەزووی سفر دەبێتەوە، وە پاشکەوتەکانیش ڕەنگە تا ماوەی ساڵێك بەرگە بگرێت. ساتە وەختێکی زۆر ترسناك بوو. ئەوەی توشی ببووم تەنیا ژێر پەنجە نەبوو بەڵکو خراپتر لەوەش ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کارەساتە داراییە بوو کە دەهاتە پێشم.

"لەئەنجامی ئەو زەنگی ئاگادار کردنەوەی کارۆڵ، ئێستا چەندین موڵکی تاپۆکراوی بەکرێدراوی هەیە کە مانگانە دەستکەوتێکی باشی دەخاتە بەردەست، وە واشی لە کارەکەی کردووە کە بەرێوە بچێت ئەگەر چی ئەم بڕیاریدا وازبهێنێت."

کۆتایم بە قسەکانم هێنا، " دووبارەی دەکەمەوە ئەمە دەربارەی هەبوونی دەرفەتی هەڵبژاردنە".

جەنیس بەسەر ئاماژەی هاوڕای نیشاندا.

یەکێك لە بیانوەکانی خانمان:

"بەڵام جەنیس تۆ یەکەم گرینگترین پرسیارت کرد کە ئافرەت یان هەرکەسێکیتر لەو ڕووەوە دەبێت پرسیار بکات کاتێك بێتە سەر دەستپێکردنی کارێکی نوێی وەك سەرمایەگوزارییەوە".

"چیم پرسی".

وتم،" شتێك بوو ئەگەر بە ڕاستگۆی وەڵام نەدەیتەوە دەرفەتەکانی سەرکەوتنت لەناو دەبات. سەرەتا ڕێم بدەن ئەمەتان پێ بڵێم،" من ئەمڕۆ لێرە نیم تا قەناعەت بە ئێوە بهێنم ببن بە سەرمایەگوزارێکی نایاب، ئەگەرچی پێم وایە ئەوە کارێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر لەلای خۆتانەوەئەنجامی بدەن. ئێمە ئەمڕۆ لێرەی تا چاومان بەیەکتری بکەوێتەوە و خوانێکی دڵڕفێنی نیوەڕۆ بخۆین و باسی ڕۆژەکانی ڕابردوو بکەین و چێژ لە ڕۆژەکەمام ببینین."

پات وتی،" ئاساییە ئەمەی باسیشی دەکەین بەسودە".

وتم،"زۆر چاکە چونکە هەندێك جار ناتوانم ئەوەی فێری بووم لەم چەند ساڵەدا بەو کەسانەی نەڵێم کە لەلام گرینگن. هەر کە دەستم پێکرد زەحمەتە بتوانرێت بێدەنگ بکرێم. بۆیە ئەگەر وا دەرکەوتم کە ئامۆژگاریتان بکەن، داواب لێبوردن دەکەم. ئەوەی کردم و فێری بوون بەهۆی زیرەکی، بڕوانامەی کولیەم یان هەبوونی شارەزایی بە تایبەتیەکانمەوە یان بەهۆی ئەوە بێت من لە هەرکەسێکیتر زیاتردەزانم نەبووە. ئەوەی ئەنجامم دا بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە بیرۆکەی نایابم هاتبێت بە مێشکمدا. پەیوەندی بەهیچ یەك لەوانەوە نییە. من لە چەندین مامۆستای زۆر باشەوە فێربووم کە زۆرێکیان هەر نەشیان دەزانیت وەك

مامۆستان بۆم. ئەوانەش بازرگانەکان، سەرمایەگوزاران، نوسەران، دایك و باوك و هاوڕێکانمن. بۆیە کاتێك باسی سەرمایەگوزاری و ئەوەتان بۆ دەکەم کە خەریکیم ئەوا من شارەزایی و ئەزمونی تەواوی ئەو کەسانە بۆ ئێوەی باس دەکەم."

"بەڕاستی لێرە نیم تا بۆ هیچ شتێك قەناعەتتان پێ بهێنم، من تەنها زۆر بەپەرۆشم چونکە ئافرەتانێکم بینیوە هەر کە ڕێڕەوی ژیانیان گۆڕیوە بەرەو ئەو کایەیە هاتوون . لەجێی ئەوەی من دابنیشم هەر بڵێم و قسەی نیوەچڵتان پێ بڵێم، ئەگەر دەتانەوێت زیاتری لەسەر باس بکەین دەتوانین کاتێکیتری بۆ دابنێین، بەڵام ئێستا با ئاهەنگی یەککگرتنەوەما بگێڕین."

پرسیارەکە چییە؟

جەنیس پێی بڕیم،" ئەوها بە خێرایش نا، تۆ وتت من پرسیارێکی گرینگم پرسیوە، دەمەوتێ بزانم پرسیارەکەم چی بوو؟"

سەیرێکی پات و لیزلیم کرد،" ئەو دوانەشتان دەتانەوێت گوێبیستی ئەمەبن؟ من دەتوانم دواتر دەربارەی ئەمە لەگەڵ جەنیس بدوێم".

لیزلی هاواریکرد ،" نا بردەوام بە. بە دڵنیاییەوە منیش دەمەوێت گوێ بیستی ئەمە ببم. من تەنیا حەپەساوم لەوەی دەیبیستم لەبەر ئەوەی ڕاستێکەی منیش بەدوای چەند وەڵامێکدا دەگەڕام لەم بوارەدا."

پاتیش وتی،" سەرنجی منت بۆلای خۆت ڕاکێشا، ئەگەر چی هەندێکیان زۆر ناخ هەژێنن بۆم . بەردەوام بە".

دەستم پێکرد،"باشە، جەنیس گرینگترین پرسیاری کرد. بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەکەی با چەند پێشەکییەکتان پێ بڵێم. با

سەرەتا پرسیارێ لە هەمووتان بکەم. ئەگەر داواتان لێ بکەم ٣ ڕۆژی تەواوی هەموو هەفتەیەک بچینە دەرەوە و خۆمان جوان بکەین، چی دەڵێن؟"

جەنیس دەستی پێکرد وتی،" من زۆر سەرقاڵم، ناتوانم ئەو ماوە زۆرە کارەکەم جێبهێڵم."

لیزلی دووەم کەس وتی،" بەڵێ منیش ناتوانم ٣ ڕۆژ لە هەفتەیە لە کارەکەم بەرم،ئەوە کاتێکی زۆر زۆرە."

پات کۆتا کەس وتی،"ئەگەر کاتم هەبوایە وامدەکرد، چونکە زۆر شێوەم تێک چووە".

پرسیم،" کات، هەمووی بەهۆی کاتەوەیە، وانییە؟

هەموویان بە بەڵێ سەریان لە قاند.

"ئێمە زۆر سەرقاڵین. کاتمان نییە، ئەگەرچی دەزانین ئەوە شتێکی باشە بۆمان، زۆر پێویستمان بەکات هەیە."

لیزلی پرسی،"کەواتە ئێمە چی لەمەوە حاڵی دەبین؟"

بەردەوام بووم،" ئێمە زۆرجار بەهانە بۆخۆمان دێنینەوە، شتانێکی نەبوو بۆخۆمان دەکەینە هۆکار کاتێک نامانەوێ کارێک ئەنجام بدەین. هۆکارەکەشی زۆر مەنتیقی و بەجێی دەردەکەوێت بەڵام وەک ئەوەیە کەسەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان بڵێت،" من ئەو کارە ناکەم یان نامەوێت ئەو کارە بکەم. ئایا یەکەمین بەهانە یان هۆکارێک کە ئەمڕۆ خەڵکی دەیهێننەوە چییە؟"

لیزلی وتی،"کاتم نییە!"

"بەتەواوی وایە! بەزۆری کاتمان نییە. گومانی تێدا نییە هەمووومان زۆر سەرقاڵین. چەند جار ئێمە وتومانە" خۆزگە چەند کاتژمێرێکی زیاترمان دەبوو لە ڕۆژێکدا؟" بەتایبەتیش ئافرەتان. چەندمان تەواوی ڕۆژەکە کارمان هەیە، منداڵ، مێرد یان لە پەیوەندیداین،وێڕای تەواوی ئەو چالاکیانەی لەڕۆژێك بۆ ڕۆژێکیتر دێتە ڕێمان؟ بۆیەی کاتێك کەسێك چالاکیەکی ترمان پێشنیار دەکات کە پێویستی بە کات بێت خەریکە پێیدا بتەقینەوە. کاتێك من دەڵێم"کاتم نییە" وەك ئەوەیە بڵێم " ئەوەی ئێستا خەریکیم زۆر گرینگترە لەو چالاکیەی تۆ بۆمت پێشنیار کردووە". ئەمە پرسیارێکە پێویستە لەخۆتی بکەیت،" ئایا چی شتێك بۆ من گرینگترە؟ زۆرجار بیانوی کات وەلاَمێکی ئۆتۆماتیکیە چونکە خۆمان کارمان زۆرەو ناتوانین بیر لە زیادکردنی چالاکیەکی تر بکەینەوە بۆ سەر ئەرکەکانی سەرشانمان".

جەنیس پرسی،" ئەی ئەگەر لە ڕاستیدا لە چەقی کار و چالاکیەکانمان بین و کاتمان لەبەر دەست نەبێت؟"

دانم بەوە دا نا،" ئەوە پرسیارێکی جوانە".

جەنیس پێکەنیت وتی،" من بۆ پرسیارکردن باشم بەلاَم بۆ وەلاَم دانەوە نا."

وتم،" یەکەمین هۆکار یان بیانوو کە لە ئافرەتانەوە گوێم لێدەبێت کاتێك دەربارەی دەستکردن بەسەرمایەگوزاری لەگەڵیاندا دەدەوێم ئەوەیە کە ئێوەش بۆی چوون،"کاتم نییە!" بۆیە ئەگەر تۆ پەلە قاژەتە لەنێوان خێزان،پیشەکەت، کارە خۆبەخشیەکانت، وەرزش و چالاکیەکانت لە ژمار

نایەن تەنیا بەردەوام بوون لەگەڵ هاورێکانتدا و ژیانی ڕۆژانەت، چۆن کاتت دەست دەکەوێت؟"

"بەداخەوە ناتوانین کاتژمێری دیکە بۆ ڕۆژ زیاد بکەین. لەڕێی قسەکردن لەگەڵ چەندین ئافرەتدا ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوە بۆ دۆزینەوەی کات دەبێت وەڵامی پرسیارە سەرکیەکەی جەنیس بدەینەوە."

جەنیس پرسی، "کامە بوو؟"

ئەو پرسیارە ڕەخنە ئامێزەت کە وتت، "بۆچی پێویستە سەرمایەگوزاری بکەم؟"

لیزلی بەسەر لێ تێکچووی پرسی ، "بۆچی ئەوە گرینگترین پرسیارە؟"

---

ئەوەی ئەنجامم داو فێری بووم بەهۆی ئەوەوە نییە کەمن زیرەکترم،یان بەهۆی بڕوانامەی کۆلێژم، یاخود من شارەزاییەکی تایبەتیم هەیە یان چون لە کەسانیتر زیاتر دەزانم.

ئەوەی ئەنجامم دا بەهۆی ئەوە نییە بیرۆکەی نایاب دێت بە مێشکمدا. ئەوە پەیوەندی بەهیچ یەك لەوانەوە نییە.

من لە چەندین مامۆستای زۆر باشەوە فێربوومە ـ کە زۆرێکیان درکیشیان بەوە نەکردووە وەك مامۆستان بۆم. ئەوانیش بازرگانەکان، سەرمایەگوزاران،نوسەران، دایك و باوك و هاوڕێیانن."

---

هۆکاری تایبەتیت بۆ پرسیاری 'بۆچی'

وەلامم دایەوە، " بەهۆی ئەوەی زۆرێك لە خەڵکی وابیر دەکەنەوە یەکەم هەنگاوی بەرەو سەرمایەگوزاری فێربوونی" چۆن وابکەمەکانە" ، چۆن

بریکارێکی باشی خانووبەرە بدۆزمەوە؟ چۆن گرێبەستی کڕین ئەنجام بدەم؟ چۆن بازرگانییەکی باشم هەبێت تاوەکو سەرمایەگوزاری پێ بکەم؟ ئەم هەموو 'چۆن'انە فێربوونیان قورس نییە. تەنها هەندێك کاتی پێویستە( دووبارە ئەو وشەیە هەیە'کات' ) لەگەڵ هەندێك شارەزاییی.

بەڵام یەکەمین هەنگاوی سەرەکی بۆ سەرمایەگوزاری ئەوەیە بزانیت بۆچی پێویستت بە سەرمایەگوزارییە، بۆچی دەتەوێت ئەو سەرکەشییە بکەیت؟ چی شتێك هاندەرت دەبێت بۆ ئەوەی هەوڵ و کاتت تەرخان بکەیت تا ببیت بە سەرمایەگوزاریکی باش؟"

لیزلی وەڵامی دایەوە،" من تەنیا دەمەوێت ڕێژەی پێویست پارم دەست بکەوێت تا چیتر هەموو ڕۆژێك ناچار نەبم بچمە سەرکار."

پرسیم،" ئایا بەدەستهێنانی پارەی پێویست کە چیتر ناچار نەبیت کار بکەیت هاندەر بۆ خوێندنەوەی کتێب و کاری سەرپێی و بەژداریکردنی سیمینار و چونە دەرەوە و چاوپێکەوتنی شارەزاییانی سەرمایەگوزاری یان ڕۆژێك بە پشوو وەربگریت؟"

لیزلی وتی،"وای! ئەوە کارێکی زۆر زۆرە، من تەنیا بەبیرکردنەوە لێی هەست بە ماندوێتی دەکەم".

ڕوونمکردەوە،" کەواتە ئەمە وەڵامی 'بۆچی'ت نییە ئەگەر هاندەرت نەبێت، ئەوا هۆکارێکی بەهێز و سەرنج ڕاکێش نییە بۆ کردنی ئەو کارە".

پات پرسی،" کەواتە هۆکاری گرینگی 'بۆچی' چییە؟ دەتوانیت نمونەیەکمان بدەیتێ؟"

بۆ چەند ساتێك بیرم کردەوە،" باشە لەبیرتانە کاتێك داوام لێکردن سێ ڕۆژی تەواوی هەموو هەفتەیەك بە مەشقکردنەوە بەسەر بەرین؟" هەموان

سەریان بە ئامازەی بەڵێ لەقاند. بەڕوونی دیارە کە هیچتان هۆکارێکی گرینگی 'بۆچی پێویستە ئەنجامی بدەین'تان نەبووە،هەر یەکێکتان چوون بەرەو هۆکاری بۆچی ناتوانن ئەنجامی بدەن، وابوو؟"

دووبارە بە بەڵی سەریان لە قاند.

بەردەوام بووم وتم،" ئەی ئەگەر چوون بۆلای دکتۆر پشکنینی بۆ کردن و وتی نەخۆشیەکی دەگمەنتان توش بوە، ئەگەر هەفتەی سێ ڕۆژ کات لەدەرەوە بەسەر نەبەن دەمرن. ئایا ئەو کات هۆکارێکی گرینگتان هەیە بۆ چونە دەرەوە؟"

چاوەکانیان ئەبلەق ببوو.

جەنیس وتی،" بە دڵنیایەوە بۆم دەگونجێت، لەناکاو چوونە دەرەوە دەبێت بە پێشەنگترین کارم."

بە دڵخۆشیەوە وتم،" ئێستا تێگەیشتیت! خۆی لە ڕاستیدا چونە دەرەوە پلەی سفیر هەیە لەڕیزی پێشەنگەکانی ژیانت. بەڵام هەر کە ئەو هۆکاری 'بۆچی' یەت بۆ ڕوون بۆیەوە دەبێت بە پێشەنگترین کارت. ڕێك مەبەستم ئەمەیە کاتێك دەڵێم هۆکارێکی تایبەت بەخۆت ۆ پرسیاری 'بۆچی' پەیدا بکەیت".

پات وتی،" کەواتە ئەگەر ئەو هۆکارە ڕاستەقینەیەی 'بۆچی' نەدۆزینەوە، ئەوا نابێتە کارێکی پێشەنگ و ناتوانین ئەنجامی بدەین."

وتم،" یان ئەگەر بەزۆر خۆتی پیاهەڵواستیت و ئەنجامی بدەیت، وردە وردە پەرۆشیت بۆی کەم دەبێتەوە و وازدەهێنیت. چەند جار هەبووە دەستتان بەکارێك کردووە کە زۆر گرینگ دیار بووە، بەڵام هەرگیز تەواوتان نەکردووە؟ ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە ئەو شتە بەلاتەوە باشترین

بیرۆکە بووە، بەڵام ئێمە هەرگیز کاتمان تەرخان نەکردووە تا هۆکاری سەرەکی پشت ئەنجامدانی بدۆزینەوە. کاتێك دێتە سەر دەستپێکردنی سەرمایەگوزاری پرۆسەیەکی فێربوونی سەختت لە پێشە بۆیە تەنیا ئەوە بەس نییە بڵێیت هۆکاری 'بۆچیم' ئەوەیە،" دەمەوێت پارەی زیاترم دەست کەوێت" یان " دەمەوێت خانەنشین بم". هەموو ئەمانە هۆکارن، بەڵام گومانم هەیە هاندەرت بن کاتێك دەگەیتە لێواری وازهێنان، چونکە کەمێك ناخۆش دەبێت کاتێك وا هەست دەکەیت ئەوەی پێویستت بوە ئەنجامت داوە و نەش گەیشتوە بەهیچ سەرەنجامێك. هۆکاری تایبەتت بۆ پرسیاری 'بۆچی' دەبێت رێگە رۆشنکەرەوە و جوڵێنەرت بێت تا ئەگەر گومانت بۆ دروست بوو لەسەر ئەوەی ئەنجامی دەدەیت،ئەم هۆکارە وات لێبکات بەردەوام بیت".

لیزلی وتی،" کەواتە تەنها ئەوەیبەخۆم بڵێم" دەبێت ببمە سەرمایەگوزار" یان " فلان و فلان وتویانە بیرۆکەیەکی باشە" ، نابێتە هاندەری بەردەوامیم بەهۆی ئەوەی سودی بنەرەتی خۆمم نەدۆزیوەتەوە، لەراستیدا چیم لێی دەست دەکەوێت."

چەند هۆکارێکی ' بۆچی':

وتم،" بەتەواوەتی وایە. ئەم رۆژانەی پێشوو چەند هۆکارێکی 'بۆچی' زۆر باشم بیست. لەگەڵ ئەو گەنجە پیتەر دا قسەم دەکرد. باوکێکی سەڵتە و کورێمی ٧ساڵانەشی هەیە. پێی وتم، " من ئەندازیارم. کورەکەم تەنیا چەند ساتێکی کەمی بەیانیان چاو پێدەکەوێت، پاشان ئەبرێت بۆ خوێندنگە لەلایەن باوکی یەکێکیتر لە منداڵەکانەوە، منیش دەچم بۆ سەر کار. خۆشبەختانەی پێش ئەوەی بخەوێت دەگەمەوەماڵەوە. هۆکاری

ئەوەی دەمویست لەڕووی داراییەوە ئازاد بم زۆر بە سادەی ئەوەبوو تا بتوانم هەموو ڕۆژێك خۆم کوڕەکەم بەرم بۆ قوتابخانە. هەر ئەمە. بەڵێ، چوار ساڵی خایاند تا ئەوەتا ئێستا ئازادم. ئەو پارە کاشەی لە سەرمایەگوزاریەکەمەوە دەستم دەکەوێت خەرجی ژیانی ڕۆژانەمی پێ دەردەچێت. وە چیتر خۆم هەموو ڕۆژێك کوڕەکەم دەبەم بۆ قوتابخانە. لەوانەیە من تەنیا کەس بم لە ئەلباما لەو کاتی جەنجاڵیەی ڕێگاو باندا لەسەر ڕێگای خێرام و زەردەخەنەیەکی پرشنگدار لەسەر ڕووخسارمە".

ئێستا ئەمە هۆکارێگی بەنرخی 'بۆچی'یە.

لیلزی وتی، " ئەوە منی خستەوە یادی دراوسێکەی تەنیشتم. من ئەو زۆر پێکەوە قسە دەکەین ، وە ئەو بۆی باسکردن چی شتێك بۆ ئەو وەك دایکێکی تەنیا زۆر بێزارکەرە. کاتێك تەمەتی ٥ ساڵان بووە دایك و باوکی لەیەکتری جیابونەتەوە ، وە باوکی چاودێری کارێکی بۆ گرتوە. کێشەکە ئەوە بوو باوکی هەرگیز لای نەبووە. ئەو هەمیشە کاری کردووە یان لەگەڵ هاوڕێ کچەکانیدا ڕابیواردوە. دراوسێکەم وتی هیچ ڕێنیشاندەر و ئاسودەییەکم نەبوە تا گەورە بووم. ئەو لەلایەن چەند مناڵ بەخێوکەرێکەوە گەورە کراوە. لە ئەنجامی ئەمەدا هەموو ئەوەی دەی ویست ئەوە بوو منداڵەکانی بزانن کە خۆشی دەوێن و پارەی بزراوێن و هەموو ڕۆژێك گرینگیان پێدەدرێت. ئەو تەنیا دەیەوێت هەرچەندی لە توانایدا بێت زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ منداڵەکانیا بەسەر بەرێت. کێشەکەی بەهاوشێوەی چەندان ئافرەتی تر ئەوەیە دەبێت تەواوی کات کار بکات تا خەرجی خێزانەکەی دابین بکات، کە ئەمەش وا دەکات

هەندێجاریش لەسەر کار بێت. ئەو هۆکاری پرسیاری 'بۆچی' هەیە، بەڵام هیچ ڕێیەك نازانێت تا ئەو کارە بکات.

پات ڕایگەیاند، "خوشکەکەم نمونەیەکیترە. لەوکاتەوەی کە توانای کردنەوەی کتێبی هەیە خەونی بەوەوە بینیوە کە بەجیهاندا گەشت بکات. چەندین کتێبی دەربارەی زەویە نامۆکان خوێندۆتەوە. توێژینەوە وەرزیەکانی خوێندنی هەمیشە دەربارەی ناوچە سەیرە کان بووە. کۆکراوەیەکی گەورەی هەیە لەو نامیلکەو وتارنەی دەربارەی تەواوی ئەو شوێنانەی خەونی بەسەردانکردنییەوە بینیوە. هەمیشە پێی دەوتم دەیەوێت بە خەونەکەی بگات پێش ئەوەی زۆر پیرببێت تا بتوانێت چێژی لێ وەربگرێت. ئەو زۆر دڵخۆش دەبێت بەبیستنی ئەمەی ئێستا باسی دەکەین".

وتم، " چەندان هۆکاری 'بۆچی' لە ڕادە بەدەر هەن. من دڵنیام هەر کەسەو هۆکارێکی خۆی هەیە. تەنیا کاتی بۆ تەرخان ناکەین تا بیدۆزینەوە. بەداخەوە زۆرێکمان ئەو هۆکاری 'بۆچییە' وەکوو زەنگێکی ئاگادارکردنەوە دەکێشێت بە ڕووخسارماندا."

جەنیس پرسی، " مەبەستت چییە لە زەنگی بەئاگا هێنانەوە؟"

وتم، " لەبیرتانە کەباسی هاوڕێ کچەکەم دکتۆری دانەکە، بۆکردن؟ هۆکاری'بۆچی' وەك ڕۆژی ڕوناك بۆدەرکەوت کاتێ توشی ژێر پەنجە بوو.لەڕاستیدا ئەوە دوو زەنگی ئاگادار کردنەوە بوو بۆی. یەکێکیان وەك دیار دەربارەی تەندروستی بوو، وە ئەو دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەی ژێر پەنجە. هۆکاری بنچینەییەکانی چیین؟ دەتوانێت چی شتێکی جیاواز بکات بۆ باسکردنی ئەو لایەنە نائاساییانەی هەن؟ ئایا پێویست دەکات

سیستەمی خۆراکی بگۆڕێت یاخود خوی کارکردنی؟ لەناکاو بۆی دەردەکەوێت تەندروستی پێش هەموو شتێکە.

دووەم زەنگی ئاگادار کردنەوەی دەربارەی پارەبوو. ئەو بۆی دەرکەوت گەر بێت و کارنەکات، هیچ داهاتێکی دەست ناکەوێت. پاشەکەوتەکانیش وەك ئەوە وایە نەبن. هیچ شتێك نابێت کەپێی بژێت ئەگەر نەتوانێت کاربکات. ئەمەش پەیامێك بوو بۆی کە پێویستە دەستبگیرێت بەسەر لایەنی دارایی ماوە درێژدا."

جەنیس وتی،" منیش زۆر جار بینیومە کاتێك خەڵکی دەکەونە بارودۆخەکەوە بەتەندروستیان پەیوەندیدارە. زۆرێکمان تەندروستیمان ناکەین بە گرینگترین بەشی ژیانمان تاتوشی کێشەی تەندروستی نەبین. ئەوە دەبێتە یەکەمین ترسی تەندروستیمان. بۆ من هەمیشە وەك جەنگ وایە کاتێك زەنگی کاتژمێرەکە لێدەدات لە بەیانیاندا لەنێوان ئەوەی بچم بۆ هۆڵی یاری وەرزشی یاخود بیکوژێنمەوە و بچمەوە ناو جێگاکەم؟"

لیزلی بە مۆنێکەوە وتی،"من چەندین جار ئەو کارەم کردووە."

وتم،"منیش چەندین جار لەولایەنەوە کەمتەرخەمیم کردووە زیاتر لە چەند جارێکێك."

کەواتە بێینەوە سەر یەکەمین بەهانە 'کاتم نییە'، هەر کە هۆکاری 'بۆچی' ڕاستەقینەی خۆتت دۆزیەوە بۆ ئەو پرسیارەی ' بۆچی دەمەوێت سەرمایەگوزاری بکەم" یاخود ئەو هۆکاری 'بۆچییە' ت بۆ هەرکارێکی نوێی بێت کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت ـ دەبینیت بیانوەکە بوونی نامێنێت.

پات بیرۆکەکەی تەواوکرد،" چونکە دەبێتە پێشەنگترین کاری ژیانت. لەبەر ئەوەی دەزانم لەو کارە چیم دەست دەکەوێت."

لیزلیش هاتە باسەکەوە،" بەڕاستی هیچ جیاوازی نییە لە گەڵ ئەوکاتەی ۲۰ساڵ پێش ئێستا دەستمان پێکرد. ئەوکات پێشنگترین شت لەلامان پیشەکەمان بوو. تەواوی سەرنجمان لەسەر ئەوە بوو. ئێمە دڵخۆش بووین بە چونە ناو ئەو کێشمە کێشمەوە! زۆربەی کاتەکانمان لە ناو کوڕان و کەنار دەریا و ژوان بەستندا بەسەر دەبرد.... ئەمانە پێشەنگی ژمارە یەك بوو لامان، وە ئەمە بۆ هەر یەکێکمام ڕوویدا. بەڵام دواتر لەبری ئەوەی بە بە وریای و بیرکردنەوەوە پێشەنگەکانی ژیانمان دیاری بکەین، کاردانەوەمان هەبوو بۆ هەندێ شت کە لە ژیانماندا ڕوویدا، وە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئەم ساڵانەی پێشوو ژیانم چۆن بەڕێوە چوە. ئێستا دەزانم من هەرگیز ێشەنگیەکانم نەکردووە بە پێشەنگ".

جەنیس بە گاڵتەوە وتی،" ئەوە زۆرفەلسەفەییانە بوو. بەڵام بەڕاستی ئەمە گفتوگۆیەکی نایابە. ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوەیە من تەنیا یەك هەڵبژاردنم بۆ داهاتووی خۆم داناوە - بنیات نانی کارەکەم و پاشان فرۆشتنی، وە ئەگەر ئەمە وا بەڕێوە بچێت نایابە. بەڵام ئەگەر شتێکی چاوەڕوان نەکراو وویدا، یاخود ئەی ئەگەر شکستم تێیدا هێنا؟ من پێویستم بەوەیە زیاتر لە هەڵبژاردنێکم هەبێت، وە بەتایبەتی زۆر پەرۆشی ئەو بیرۆکەیەم کە مانگانە پارەم بۆ بێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆم کاری بۆ بکەم. زیاترم لەو بارەیەوە پێ بڵێ، چونکە ئەوە بابەتێکە شتێکی وای لەسەر نازانم، هەروەها دەست دەکەم بە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری 'بۆچی'م وە کات وتوانام تەرخان دەکەم بۆ

ئەنجامدانی بۆ ·سەربەخۆی دارایی‌م وەک تۆ وتت بەبێ گوێدانە ئەوەی چی لە کارەکەم بکەم. چەند بیرۆکەیەکی ئازادی بەخشە!"

پات وتی،" ئەوەی لێرەدا تێگەیشتم ئەوەیە من هەرگیز بیرم لە هۆکاری 'بۆچی' نەکردۆتەوە لە هیچ کارێکدا کە کردومە. من تەنیا ئەنجامی دەدەم لەبەر ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت. هەرگیز دانەنیشتوم بڵێم،" ئەمانە کارە لە پێشینەکانی منن". من تەنیا لەگەڵ بێنە و بەردەکانی ژیاندا دەڕۆم بەڕێوە، بەبێ ئەوەی بپرسم بۆچی خەریکم ئەم کارە دەکەم. واو! دەتوانم ببینم چۆن ئەمە وا دەکات زیاتر جڵەگیری ژیانم بم".

لیزلی بە دەنگێکی بەرز پرسی،" ئەی هاوار ئێمە چۆن چوینە سەر گفتوگۆیەکی وەها زەحمەت؟ وایی! بە خوانێکی نیوەڕۆی چێژبەخش دەستی پێکرد، کەچی ئێستا باسی گۆڕینی دنیاکەمان دەکەین! بەهەر حاڵ کێ دەستی بە تەواوی ئەمانە کرد؟"

بۆ چەند ساتێك هەموومان بێدەنگ بوین پاشان لیزلی قسەکانی تەواوکرد،" باشە، هەر کەسێك بوبێت.... سوپاس دەکەم.... ئەمە ئەوە بوو پێویست بوو گوێبیستی ببم".

هەمووان ڕێککەوتین کە پێکەوە لە پەیوەندیدا بین. ڕەنگە جاری داهاتوو بتوانین مارسا و ترەیسیش بهێنین. یەکگرتنەوەیەکی دڵڕفێن بوو. هەموو زۆر دڵخۆش بووین کە هەوڵمان داوە چاومان بە یەکتری بکەوێتەوە. دووبارە ستایشی پاتمان کرد بۆ ڕێکخستنی ئەم نیوەڕۆ خوانە، پاشان چوینە دەرەوە بەرەو هەوا هەست بزوێنەکە تاوەکو تەکسێکانمان بانگ بکەین. کاتێك یەکەم تەکسی هات، جەنیس

هاواریکرد،" نۆو نا! من دەبوو نیو کاتژمێر پێش ئێستا لەم دەروازە گەورەیەدا وەستابومایە! من هەمیشە کات لەبیر دەکەم و دوا دەکەوم،" کاتێك دەچووە ناو تەکسیێکەوە وتی،"کاتێکی زۆر خۆش بوو! پەیوەندیم پێوە بکەن!" پاشان لەبەر چاو ون بوو.

هەرسێکمان سەیری یەکتریمان کرد،بەڵێ هەندێ شت هەرگیز ناگۆڕێن!

چۆن بتوانم هۆکاری 'بۆچی' تایبەت بەخۆم بدۆزمەوە بۆ ئەوەی لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بم؟

شوێنێکی بێدەنگ بدۆزەرەوە کە هیچ کەسێکی لێ نەبێت سەرنجت تێك بدات شوێنێك کە بهێڵێت لەگەڵ خۆتدا بمێنیتەوە. کاتت تەرخان بکە بۆ ئەم پرۆسەیە. بەپەلە بەسەریدا تێ مەپەڕە. ڕەنگە هۆکاری تایبەتی 'بۆچیت' دەست بەجێ بدۆزیتەوە و ڕەنگیشە پێویست بکات دووبارە بیری لێ بکەیتەوە.

١) ا- لەخۆت بپرسە،" هۆکاری ڕاستەقینەی من چییە بۆئەوەی لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بم؟"

بیربکەرەوە دووبارە

*چی دەکەیت ئەگەر چیدی پێویست نەکات کار بکەیت؟

*چی دەبێت ئەگەر تەواوی کاتی دنیات لەبەر دەستدابێت تا بەو شێوەیە بژیت کە دەتەوێت؟

*لەچی ڕوویەکەوە ژیانت جیاواز دەبێت ئەگەر نیگەرانی پارە نەبێت؟

ب- هەرچی هات بە مێشکتدا بینوسە.

٢)ا- دووبارە لەخۆت بپرسە،" ئەو هۆکارەی ناخم چییە بۆ ویستنی سەربەخۆی دارایی؟" قوڵتر بڕوانە.

ب ـ هەرچی هات بە مێشکتدا بینوسە.

٣)ا- بۆ جارێکیتریش لە خۆت بپرسە،" هۆکاری سەرەکی وگرینگم چییە بۆ ویستنی سەربەخۆی دارایی؟"

ب ـ هەرچی هات بە مێشکتدا بینوسەوە.

بەردەوامبە لە پرسیارکردن لە خۆت دووبارە و دووبارە و جار لە دوای جار وردتر سەرنج بدە، تا هۆکاری تایبەتی 'بۆچی' ت وەك ڕۆژی ڕووناك دەردەکەوێت.

بەندی حەوتەم

# واتای سەربەخۆ بوونی دارایی چییە؟

ویستی من ئەوە نییە ئافرەتان دەسەلاتیان هەبێت بەسەر پیاواندا،
ویستم ئەوەیە دەسەلاتیان هەبێت بەسەر خودی خۆیاندا."
"ماری ئۆلستن کرافت"

ەربەخۆی دارایی بەتەواوی واتا چی؟
ایا مانای هەبوونی کارێکی موچە زۆر دەدات تا بتوانیت خۆتی پێ بەڕێوەبەریت؟ ئایا مانای ئەوەیە بڕێکی زۆر پارەت پاشەکەوت کردووە کە بۆ ماوەی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵ بەشت بکات؟ ئایا پەیوەستە بە بۆمانەوەی میراتێکی لە ڕادە بەدەر؟ چەندین بیرۆکە هەیە لەبارەی ئەوەی سەربەخۆی دارایی چی دەگرێتەوە. ئەمانەیی خوارەوە چەند پێناسەیەکی منە، ماوەی چەند ساڵێکە بەکاری دێنم و هەر ئەم واتایانەش بوە هۆی ئەوەی لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا خانەنشین بم سەرەتا دەمەوێت بڵێم: زۆر بە گەرمی پێشنیار دەکەم کتێبی باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار بخوێنیتەوە کە لەلایەن مێردەکەم ڕۆبێرتەوە نوسراوە. کە چیرۆکێکی ڕاستە قینەیە لەسەر هەردوو باوکەکەی. باوکی هەژار باوکی بایۆلۆجیەتی، کە کەسێکی زۆر خوێندەوارەو بڕوانامەی دکتۆرای هەیە وە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی هەرێمی هاوایە. ڕۆبێرت پێی دەڵێت باوکی

هەژار، چونکە هەرچەندە پارەی دەست کەوێت تا کۆتای مانگ هیچی پێ نامێنێت. باوکی دەوڵەمەندی ڕۆبێرت وەك بۆ هاوڕێکانم باسکرد باشترین هاوڕێی باوکیەتی. ئاستێکی خوێندەواری زۆر نزمی هەیە بەڵام بەردەوام بوو تا ئیمپراتۆریتی خانوبەری بنیات نا لە هاوای. کەواتە باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار چیرۆکێکی سادەیە دەربارەی ئەوەی ئەو دوو باوکە چی فێری کوڕەکانیاندەکەن - ڕۆبێرت و باشترین هاوڕێی - لەڕووی پارەوە. زۆربەی فەلسەفەو هزرەکانی دەربارەی پارە و سامان و سەربەخۆی دارایی-ن کە من شوێنی کەوتوم لە ئەنجامی ئەو قسە و نوسراوانەی ڕۆبێرتەوە دەربارەی باوکە دەوڵەمەندەکەیەوە. بۆیە لەبری ئەوەی من وانەکانی ناو ئەو کتێبەتان وەك کەسی سێیەم پێبڵێم پێشنیار دەکەم خۆتان بیخوێننەوە. بناغە و بنچینەیەکی بەهێزتان دەداتی تا لێوەی دەست پێبکەن. بەڕاستی دەبێت بخوێندرێتەوە ئەگەر تۆ لە بابەتی داهاتووی دارایتدا جدیت.

سەیرترین شتێك کە لە زانیاریەکانی باوکی دەوڵەمەندەوە بۆم دەرکەوت ئەوەیە، ئەو کارەی باوکی دەوڵەمەند دەیکات بۆ ساماندرابوون نزیکەی ۱۸۰ پلە پێچەوانەی ئەوەیە کە لەلایەن شارەزایانی داراییەوە پێمان وتراوە. هەرچەندە ئەوە خۆ زانستی فەلەك نییە زۆر ئەستەم بێت، وە ئاڵۆزیش نییە. بەشێوەیەکی زۆر سادە پێویستی بە کات و فێربوون و درکپێکردنێکی دروستە.

با بگەڕێمەوە سەر سەربەخۆی دارایی، ئایا چییە؟ با بەڕوونی بەوە دەست پێبکەم کە ئەمانە چەند شێوازێکن کە من شوێنی کەوتوم و بەردەوام بووم لەسەری تا دەسەڵاتی دارایم بەهێزبوو گەشەی سەند. من

بیستومە سەربەخۆی دارایی بەچەندین شێوە لەلایەن چەندین کەسەوە پێناسەکراوە.وەلامێکی ڕاست یاخود هەڵە لە ئارادا نییە. بەشێوەیەکی سادە ئەو دەستەواژە و ئاڕاستانە ڕوون دەکەمەوە کە فێری بووم و بەکاری دێنم بۆ سەرمایەگوزاری تا لەڕووی داراییەوە ئازاد بم. ئەو شێوازەی من بەکاری دەهێنم بۆ سەربەخۆی دارایی هەمان ئەو شێوازەیە کە باوکە دەوڵەمەندەکەی ڕۆبێرت فێری ڕۆبێرتی کردوو، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بگەڕێرەوە سەر کتێبی ' باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار'.

شێوازەکە بەم شێوەیەیە:

من سەرمایەیەك دەکڕم و بنیات دەنێم کە لەڕێیەوە پارەی نەقدیم دەست بکەوێت. ئەو پارەی نەقدیەی لەو سەرمایەیە دەستم دەکەوێت خەرجیەکانی ژیانمی پێ دابین دەکەم کاتێك پارەی نەقدی دەستهاتووم یەکسان یان زیاتر بوو لە خەرجیەکانی مانگانەم ئەوا من لەڕووی داراییەوە سەربەخۆم. من سەربەخۆم چونکە سەرمایەگوزارییەکانم پارەی نەقدی دەخەنە بەردەستم و بۆم کار دەکەن. چیتر پێویست ناکات من بۆ پارە کار بکەم.

## Asset سەرمایە چییە؟

باوکە دەوڵەمەندەکەی ڕۆبێرت ڕێگایەکی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی شتەکان بە دەستەواژەیەکی زۆر ئاسان. پێناسەی ئەو بۆ سەرمایە ئەوەیە کە من بەکاری دەهێنم:

"Asset سەرمایە بریتیە لە هەر شتێك کە ئەگەر دەستیشت لەکارکردن هەلگرت پارە دەخاتە گیرفانتەوە. شتەکە ئاسانە. ئەگەر تۆ ئەمڕۆ وازبهێنی لە کارکردن مانای وایە موچەکەشت لەگەڵیدا دەوەستێت،

ئەوکات لە کوێوە پارە دەچێتە گیرفانتەوە؟ زۆرێك لە ئافرەتان کاتێك بۆ یەکەمجار ئەمەیان بۆ ڕوون دەکەمەوە وەڵام دەدەنەوە" هیچ شوێنێك. هیچ پارەیەك لە ئارادا نابێت."

یەکێك لەو ئافرەتانەی کە قسەم لەگەڵی کرد سور بوو لەسەر ئەوەی دەی وت،" بەڵام خۆ بازنە ئەڵماسەکەم سەرمایەیە".

لە وەڵامدا پێم وت،" ئایا نیازتە بیفرۆشیت؟"

بە قینەوە وتی،" بە دڵنیاییەوە نەخێر!"

پرسیم ، " ئایا لە ئێستادا پار دەخاتە ناو گیرفانت؟"

بەهێمنی دانی پێدا نا،" نەخێر".

"کەواتە ئاسانە بەگوێرەی پێناسەکەی باوکی دەوڵەمەند ئەوە سەرمایە نییە."

سەرمایە دەکرێت موڵکێکی تاپۆی بەکرێدان بێت کە پارەی نەقدی دەخاتە بەردەست. ئەکرێت کارێك بێت کە سەرمایەگوزاریت تێدا کردووە و ساڵانە پارەی نەقدیت پێدەدات. دەکرێت پشکێك بێت کە سووەکەی وەربگریت. کلیلەکە ئەوەیە بەوە دەوترێت سەرمایەگوزاری کە بەردەوام پارەی نەقدیت پێبدات.

لە لایەکی تریشەوە بە پێی قسەی باوکی دەوڵەمەند لەلایەکی ترەوە پابەندی دارایی ئەوەیە کە پارە لە گیرفانت دەبات. بۆیە ئەگەر وەستایت لە کارکردن، دەرفەتەکان بەم شێوەیە دەبێت ، سەیارکەت هەموو مانگێك پارە لە گیرفانت دەبات بۆ خەرجی سەیارە و گازۆلین و پێداویستیەکانیتری. خانووەکەت مانگانە پارەت لێدەبات لە ڕێی بارمتەی خانووبەرە، باجی شمەك، بیمە و پاراستنەوە. ئەمانەش

بەشێوەیەکی نەرێنی پارە دەبەن. بەگوێرەی قسەی باوکی دەوڵەمەند هۆکاری ئەوەی خەڵکی توشی کێشەی دارایی دەبن و هەرگیز لەدەستی دەرباز نابن بەهۆی ئەوەیە ئەوان چەند پابەندییەکی داراییان هەیە و واتێگەیەنراون وەك سەرمایە سەیری دەکەن. یەکێك لە گرینگترین وانەکانی کە لە باوکی دەوڵەمەندەوە فێری بووم زانینی جیاوازای نێوان سەرمایە و پابەندی داراییە . کەواتە یەکەمین بەشی هاوکێشەکە ئەوەیە کە سەرمایەیەك بکڕین و بنیات بنێین. بەگوێرەی قسەی باوکی دەوڵەمەندیش سەرمایە هەر شتێکە کە پارەی نەقدی ئەرێنی دەخاتە بەردەست.

**Cash Flow پارەی نەقدی هەڵهێنجراو چییە؟**

دوو شت هەن کە من سەرنجیان دەخەمە سەر بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە. یەکەمین و سەرەتاترینیان Cash Flow ە.

بابڵێین پارەیەکی زۆرت خستوەتە سەرمایەگوزاریەوە جا پشك بێت، خانووبەرە یان سەرمایەگوزاری کاربێت. کە هەموو مانگێك یان سێ مانگ جارێك یان ساڵی جارێك دەستکەوتێك یان موچەیەك وەربگرین لەو پارەیەوە کە خستوتە سەرمایەگوزاریەوە.

لە جیهانی پشکەکاندا ئەو بەشەی کە کرپوتە شێوازێکە لە هەڵهێنجانی پارەی نەقدی. ئەمە نمونەیەکە لە جیهانی کار: تۆ بڕی ٢٥٠٠٠$ دۆلار دەخەیتە سەرمایەگوزارییەوە لە کاری باشترین جۆری خۆراکدا.(ئاگاداری ئەوەبن سەرمایەگوزاری کردن بە پارەکەت لەگەڵ هاوڕێیەکتدا ئەوە بابەتێکی ترە). هەموو مانگێك موچەیەك ٤٠٠ دۆلاریت

دەست دەکەوێت لەو پشکەوە کە هەتە. ئەو ٤٠٠$ دۆلاری مانگانایەی وەری دەگریت Cash Flow ە.

ئەمەش نمونەیەك لە جیهانی خانوبەرەدا: تۆ بڕێك ٢٠,٠٠٠$دۆلار دادەنێیت بۆ خانووبەریەکی بەکرێدانی دوولایەنی. لە کۆتای هەر مانگێکدا دوای کۆکردنەوەی کرێکان و دابینکردنی خەرجی خانوبەرەکە و پێدانی بیمە داهاتی دەستکەوتوت ٣٠٠٠$دۆلار دەبێت. ئەو ٣٠٠$دۆلارە پارەی نەقدی دەستکەوتوی تۆیە، کە ڕاستەوخۆ بۆ گیرفانی خۆت دێت.

**ئەگەر لە پێناو پارەی نەقدی هەڵهێنجراو نەبێت لە پێناوی چی شتێکدا سەرمایەگوزاری دەکەیت؟**

زۆرێك لە خەڵکی لەبەر یەك یان دوو هۆکار سەرمایەگوزاری دەکەن ئەوانیش پارەی نەقدی هەڵهێنجراو و سەرمایەی قازانجکردووە. سەرمایەی قازانجکردوو دەستکەوتێکە یەك جار بەدەست دەهێنرێت. بەڵام پارەی نەقیدی هەڵهێنجراو بەبەردەوامی بۆت دێتەوە. بۆنمونە، تۆ خانویەك بە ١٠٠,٠٠٠ $ دۆلار دەکڕیت، پاشان دەیفرۆشیتەوە بە ١٣٠,٠٠٠ $ دۆلار. دوای پێدانی خەرجی خانوبەرە و پارەی نوسینگەی گۆڕینی تاپۆ،داهاتی دەستکەوتوت ٢٠,٠٠٠$ دەبێت. ئەم ٢٠,٠٠٠$ دۆلارە قازانجەکەتە لەو موڵکە. ئەگەر دوو پشکی ٢٠ دۆلاری بکڕیت و بە ٢٥ دۆلاری دوو پشکی بیفرۆشیتەوە، ئەوا ئەو داهاتەی لەو فرۆشتنە دەستت دەکەوێت سەرمایەی قازانجکراوە.

بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی قازانجکرا و دەبێت سەرمایەکەت بفرۆشیت. پارەی نەقدی بەردەوام دێتە بەردەستت تا ئەوکاتەی خاوەنی ئەو سەرمایە بیت، هەر کە ئەو سەرمایەیەت فرۆشت پارەی نەقدیشت

دەوەستێت. هەر کات ئەو سەرمایەگزاریەی کە کردوتە فرۆشتت ئەوا ئەوەی دەستت دەکەوێت لەشێوەی سەرمایەیەکی قازانجکراودایە.

**چۆن پارە نەقدیەکانت دەژمێریت؟**

ژماردنی پارە نەقدیە دەستکەوتوەکان کە لە سەرمایەی پشك و کارەوە دەستت دەکەوێت( وای دا بنێ تۆ سەرمایەگوزاری کاریت نەك ئەنجامدەری کار) زۆر ئاسانە. کاتێك تۆ پشکێك دەکڕیت کە کرێی مانگانەی لەگەڵدایە(واتا بەشت لێی هەیە) ئەو کرێیەی لێی دەستت دەکەوێت پارەی نەقدی هەڵهێنجراوە. لە پرۆسەی هەڵهێنجانی پارەی نەقدی هیچ شتێك نییە تا بژمێردرێت، بەڵام هاوکێشەیەك هەیە لەگەڵ پارەی نەقدی هەڵهێنجراودا دواتر باسی دەکەین.هەژمارکردنی پارەی نەقدی لەگەڵ سەرمایەگوزاریدا هیچ جیاوازیەکی نییە. تۆ بڕێکی زۆر پارە دادەنێیت بۆ سەرمایەگوزاری، ئەوا تۆ مانگی جارێك یان سێ مانگ جارێك چەکێکی پارەت بۆ دێتەوە لە بەرامبەر بەکارهێنانی پارەکەتدا بۆ ئەو کارە. وە ئەو پار نەقدیەی دەستت دەکەوێت ڕاستەخۆ لە داهاتی ئەو کارەوەیە.

ئەگەر ئەمە ناسروشتی دەردەکەوتێت، نابێت وا بمێنێتەوە. جیاوازی نییە لەگەڵ هەژمارکردنی پاشەکەوتدا. ئەوەی بەدەستت دەگات لە پاشکەوتەکانت دەتوانرێت وەك پارەی نەقدی هەڵهێنجراو ڕەچاو بکرێت. کێشەی پاشکەوت ئەوەیە بەهۆی ڕادەی ئەو سودەی دێتە سەری لە سەدا ۱ بۆ ۲ی پارە نەقدیەکەت یەکسانە بە هیچ. تۆ وەك سەرمایەگوزارێك دەتەوێت پارەکەت زۆر باش کارت بۆ بکات. ئەو ۱ بۆ ۲ لە سەدایەش زۆر کەمە. بە سەرمایەگوزاری کردن لە خانووبەرەدا جا

یـەك خانویـەكی خێزانـی بێـت، بینایـەكی چـەند نهـۆمی، نوسینگە یان بازاڕبێت هەژمارکردنەکە بەهەمان شێوەیە. ئەمە هاوکێشەکەیەتی:

داهاتی کرێ - خەرجیـەکانت ـ قـەرزەکانت = پـارەی نەقـدی هـەڵهێنجراو

گـرینگترین بەشـی هاوکێشــەکە ئەوەیــە پــارە نەقدیەکــەت ئــەرێنی بێت(زیاتربێت) نەك نەرێنی (کەمتر) بێت.

**بۆچی پارەی نەقدی هەڵهێنجراو زۆر گرینگە بۆ سەربەخۆی دارایی؟**

لەلای من سەربەخۆی دارایی تەنیا یەك مانای هەیە ئەویش ئازادیە.

من ئازادم لە کردنی ئەو کارانەی دەمەوێت بیکـەم، جا ئەگـەر بـۆ بەسەر بردنی ژیانێکی خۆش بێت یان بۆ سەرکێشیکردنی کارێکی نوێ بێت. من ئازادم لەگەڵ ئەو کەسانەدابم کە خۆم هەڵمبژاردوون. ئازادم لە دانانی ئەو خشتەی کاتەیَ دەمەوێت. کاتەکانم بەتەواوی موڵکی خۆمن.

---

سەرمایەیەك دەکڕم کە پارەی نەقدیم پێدەدات، ئـەو پارەیـەش کە لە سەرمایەکەوە دەستم دەکەوێت بۆ خەرجی ژیانم بەکاری دەهێنم .

هەر کـە ئـەو پـارە نەقدیـەی مانگانـە لـە سـەرمایەکەم دەسـتم دەکـەوێت یەکسـان یـان زیـاتر بـوو لـە خەرجیـەکانم ئـەوا مـن لـەڕووی داراییـەوە سەربەخۆم.

من ئازادم لەڕووی داراییەوە چونکە سەرمایەکەم پارەی نەقدیم بۆ دەست دەخات دەخـات و کـارم بـۆ دەکـات،من چـیتر پێویسـت ناکـات لـەپێناوی پارەدا کار بکەم.

---

ئازادی واتا هەبوونی هەڵبژاردەی زیاتر. ئەگەر تۆ دەرفەتێکت بێتە پێش هەڵبژێری لە نێوان گەشتێکی ئاسمانی لە شوێنی کەسانی ئاسایی یان جێگای کەسانی پلە بەرز کامیان هەڵدەبژێریت؟

زۆرێك لە خەڵکی هەڵبژاردنیان لەبەر دەستدا نییە. ئەوان لە شوێنێکی ئاسایی دادەنیشن و گەشت دەکەن چونکە تەنیا کرێی ئەونەیان پێ دەدرێت.

ئەگەر توانی هەڵبژاردنت هەبێت لەنێوان خواردەمەنییەکی هەرزان و باشی مەکسیکی وەك تاکۆ ستاند یاخود خواردن لە ڕێستۆرانتکی پێنج ئەستێرەی بەنرخترین خواردەمەنییەکان کامیان هەڵدەبژێریت؟ ئەوە کەوتۆتە سەر ئەوەی ئارەزووی خواردنی چی دەکەیت.(من لەوانەیە تاکۆ ستاند هەڵبژێرم). مەبەستەکە ئەوەیە کاتێك لەڕووی داراییەوە ئازادیت هەڵبژاردن لە دەستی خۆتە. بۆ زۆرێك لە خەڵکی یەك هەڵبژاردن هەیە ئەویش ژەمێکی هەرزان بەهایە.

کەواتە چۆن پارەی نەقدی هەڵهێنجراو لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەگونجێت؟

تا ئەوکاتەی پێویست بکات کار بکەیت ئازاد نیت. ( ڕەنگە خۆم کارکردن هەڵبژێرم بەلام ئەمە جیاوازە لەوەی بە ناچاری کار بکەم). کاتێ پێویست بکات هەموو ڕۆژێك شتێك بکەم تاپارەم دەست کەوێت ئەوا من ئازاد نیم.

ئەوەی من حەزم لێیە دەربارەی پارەی نەقدی هەڵهێنجراو ئەوەیە پارەم بۆ دێتەوە هەموو مانگێك جا کار بکەم یان نا. باڵەخانە چەند نهۆمیەکەم هەموو مانگێك پارەم بۆ دەنێرێتەوە کە ڕاستەوخۆ بۆ گیرفانی خۆمە.

موڵکە بازرگانییەکانم دەستکەوتێکی مەزنم بۆ دابین دەکات کە وەك کاتژمێرەکانی کار هەموو مانگێك دەستکەوتم دەبێت. مافی دانەری کتێبەکەی ڕۆبێرت هەموو مانگێك پارەی بۆ قازانج دەکات کە بۆ ئەمەش چیتر ناچار نییە کار بکات. ئەو یەکجار کتێبەکەی نوسی وە ئەگەرکتێبەکە بەهایەکی باشی هەبوو لەلایەن خوێنەرانەوە داواکرایەوە، دووبار پارەی دەست دەکەوێت.پارەی بۆ دێتەوە جا کار بکات یان نا.

ئامانجی پلە یەك ئەوەیە ئەو پارەیەی دەستت دەکەوێت زیاتر بێت لەو پارەیەی لەدەستت دەڕوات بەهۆی خەرجیەکانی ژیانتەوە. من دەمەوێت شتانێك بکڕم و دروست بکەم کە ئەو پارەیەم دەست بخات بەبێ ئەوەی خۆم کاری بۆ بکەم. ئێمە بەو شتە دەڵێین سەرمایە.

من دەمەوێت سەرمایەکەم کارم بۆ بکات نەك من بۆ پارە کار بکەم.

هەر لەبەر ئەوەیە سەرمایەی قازانجکراو لە ئاستی دووەمدایە لەڕووی سود گەیاندنی پێم، نەك ئامانجی یەکەمم. من دەبێت سامانەکەم بفرۆشم تا قازانجی سەرمایەم دەست بکەوێت. ئەو پارەیەش بەکار دەهێنم و خەرجی دەکەن بۆ پێداویستیەکانی ژیانم و بەمشێوەیە سووڕەکە بەردەوام دەبێت. من هەرگیز بەتەواوی ئازاد نابم.

کەسانێك دەڵێن،" من پارەکەم هەڵدەگرم تا هەموو ژیانم پێی بژیم."

باشە، تەنیا بیر لەمە بکەوە: پێویستە چەنێك کار کەمەیت و پارە کۆبکەیتەوە، تا ئەندازەی پێویستت هەبێت بۆ ئەوەی پێی بژیت؟ ڕێژەی قازانجی پاشەکەوتەکەت چەنێك دەبێت کاتێك خانەنشین دەبیت؟ ئایا نیازتە چاوت لەسەر دینار بە دیناری بێت کاتێك خەرجی دەکەیت لەترسی ئەوەی نەوەك بێپارە بمێنیتەوە؟ ئایا ئاستی شێوازی ژیانت نزم

دەکەیتەوە تا پاشەکەوتەکانت زیاد بکەیت؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن بیریان لێ بکەرەوە. دەزانم من و ڕۆبێرت هەردوکمان یەک ئامانجمان هەبوو ئەویش کڕین و بنیات نانی سەرمایەیەکە کە پارەی نەقدیمان بۆ بگەڕێنێتەوە تا هەموو مانگێك خەرجیەکانمانی پێ پڕ بکەینەوە. ئێمە لە ساڵی ١٩٩٤ بە تەنیا ئەنجامدانی ئەمە توانیمان خانەنشین بین.

خۆشیەکەی لەوەدایە پێویست ناکات بڕێکی زۆر پارەت هەبێت تا لەڕووی داراییەوە ئازادبیت. لە ساڵی ١٩٩٤ من و ڕۆبێرت تەنها ١٠,٠٠٠ $ دۆلارمان مانگانە بۆ دەهاتەوە لەو سەرمایەگوزاریانەوە کە کردبومان. ئەوکات خەرجی ژیانمان نزیکەی ٣,٠٠٠ $ دۆلار بوو مانگانە. لەو کاتەوە ئێمە ئازادین. ئێمە پارەی زیاترمان لە خەرجی پێداویستیەکانی ژیانمان بۆ دەهاتەوە هەموو مانگێك.

بێگومان ئێمە نەمان ویست لەوێوە بوستین، بۆیە بەردەوام بووین لە کڕین و بنیاتنانی سەرمایە. بەم جۆرە پارەی نەقدیمان زیادی کرد کە وایکرد خەرجی ژیانمان لەگەڵیدا بەرەو زیاتربوون بچێت، کە شێوازی ژیانمانی پێ بەڕێوە دەچوو.

**دووەم شت چییە کە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرمایە گرینگی پێدەدەیت؟**

پێشتر وتم من دوو شت زۆر گرینگی پێدەدەم کاتێك دێتە سەر باسی سەرمایەگوزارییەکی چاوەڕوانکراو. یەکەمیان پارەی نەقدی هەڵهێنجراو بوو، وە دووەم شت کە سەرنجی دەخەمە سەر، کە شان بەشانی پارەی نەقدی هەڵهێنجراوە ئەویش گەڕانەوەی دەستکەوتی سەرمایەگوزارییە.

**گەڕانەوەی دەستکەوتی سەرمایەگوزاری چییە؟**

گەڕانەوەی دەستکەوتی سەرمایەگوزاری بەتەواوی بریتییە لە ئەو بڕە پارەیەی کە لەو سەرمایەیەوە کە سەرمایەگوزاریت لێی کردووە بۆت دەگەڕێتەوە. بەشێوازێکیتر، چەند بەباشی پارەکەت کارت بۆ دەکات؟

چەندین ڕێگا هەیە بۆ ژماردنی دەستکەوتی سەرمایەگوزارییەکەت بە گوێرەی ئەوەی تۆ چی شتێک پێوانە دەکەیت. کاتێک ئاماژە بە گەڕانەوەی دەستکەوتی سەرمایەگوزاری دەکەم بەتایبەتی مەبەستم لەو پارە کاشە کە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان دەست دەکەوێت لە سەرمایەگوزارییەکەتدا. من شتێک زۆر لام گرینگە ئەویش ئەوەیە چەنێک پارە دێتە ناو گیرفانم.

هەندێك لە ڕێساکان دێتە سەر کەمکردنەوەی هەژمارەکانیان کاتێک دەستکەوتی سەرمایەی گەڕاوە کۆدەکەنەوە هەندێك ڕێسای نەرمەن وادادەنێن ئەوپارەیەی دەست دەکەوێت ڕاستەوخۆ دووبارە سەرمایەگوزاری پێدەکرێتەوە ئەمەش کۆدەکرێتەوە لەگەڵیدا. هەریەکێ لەو شێوازانە زۆر ورد و پوختن بەپێی ئەوەی تۆ دەتەوێت چی شتێ پێوانە بکەیت . بۆ من زۆر بە سادەی ئەوەیە دەمەوێت پارەی ئەنقدیم بۆ بێتەوە.

**چۆن ئەو پارە کاشە دوای لێ دەرکردنی خەرجییەکانت دەست کەوتو هەژمار دەکەیت؟**

هەژمارکردنەکە زۆر سانایە. لە شێوەی سەدی دادەنرێت و بەشێوەیەکی گشتی ساڵانەیە. هاوکێشەکەی بەم شێوەیەیە:

پارەی نەقدی ساڵانە بڕی پارەی سەرمایەگوزاری پێکراو- پارەی دووبارە بۆ گەڕاوەی سەرمایەگوزاری پێکراو بۆ نموونە، من موڵکێکی تاپۆ دەکرم. نرخی موڵکەکە ١٠٠,٠٠٠ $. من بڕی ٢٠٪ یان ٢٠,٠٠٠ $ پێشەکیم بە کاش دەدرێتێ - هەموو مانگێك پارەیەکی نەقدی ئەرێنی بە بڕی ٢٠٠ $ و بەشێوەیەکی ساڵانە ٢,٤٠٠ $ دەستدەکەوێت. ئەو ٢,٤٠٠ $ ( پارەی نەقدی ساڵانەم) دابەش دەکەم بەسەر ٢٠,٠٠٠$ (بڕی ئەو پارەیەی بۆ سەرمایەگوزاری لەو موڵکەدا دام ناوە) = ١٢٪ پارەی دووبارە سەرمایەگوزاری پێکراوی گەڕاوە.

بابڵێین پشکێك دەکریت. تۆ پشکەکە بە بڕی ٢,٥٠٠ $ دەکریت کە دەستکەوتی پشکی لەگەڵدایە. ساڵانە دەستکەوتی پشکیت بەبڕی ١٠٠ $ دەست دەکەوێت. ئەو ١٠٠ $ دابەش بکە بەسەر ئەو ٢,٥٠٠ $ = ٤٪ پارەی دووبارە سەرمایەگوزری پێکرای گەڕاوە.

ئێستا با دووبارە سەیرێکی تێکڕای هەژماری پاشەکەوتەکان بکەین. ڕەنگە تۆ بڕی ٢٪ ڕادی سووت دەست بکەیت لە پاشەکەوتەکانت، ئەگەر ١,٠٠٠ $ بە پاشەکەوتکراوی هەبێت ئەوا بانك ساڵانە بڕی ٢٩ $ بۆ دەگێڕێتەوە. دووبارە ڕێساکە ئاسانە. من چەنێك پارەی کاش سەرمایەگوزار پێدەکەم؟ وە چەنێکیش پارەی کاشم لەو سەمایەگوزاریە دەست دەکەوێت؟ هۆکاری تەواوەتی لە پاڵ گرینگیدان بە پارەی نەقدی بۆ گەڕاوە ئەوەیە کە پارکەت بەباشی کرات بۆ بکات تا پێویست نەکات تۆ بەسەختی کار بکەیت بۆ پارە. پارەی دووبارە سەرمایەگوزاری پێکراوی بۆ گەڕاوە پێوانەی ڕادەی باشی کارکردنی پارەکەت بۆ تۆ دەردەخات و ڕێگەت دەدات شێوازی سەرمایەگوزاریەکەت لە نوکەوە بۆ

نوك بزانیت. ئەگەر تۆ ٢٪ دەستکەوتی گەڕاوەی سەرمایەگوزاریت دەست بکەویت، ئەوا باش لە کاردا نییە بۆت. وە ئەگەر بڕی ٥٠٪ ت دەست بکەویت ئەوا تۆ سەرمایەگوزاریەکی چالاکی کارات هەیە.

بەردەوام بە

ئەو ڕێگایەی من شوێنی کەوتم و یارمەتی دام لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ بم زۆر زەحمەت نییە. لە ڕاستیدا ڕێساکان زۆر سادەن هەرچەندە ڕەنگە وەك پێویست ئاسان نەبن، پێویستی بە کات و فێربوونە. بەتەنیا شەوێك نایاتە دی.بەڵام گەرەنتی ئەوەت دەدەمێ هەر کە دەبینیت پارەی نەقدیت بۆ دێتەوە ، یاریەکە زۆر چێژ بەخشدەبێت.....وە هەوڵەکانیشت شیاوی ئەو ڕێگەیە دەبن کە گرتونە بەر.

کەواتە مادام ڕێساکان زۆر سادەن چی ڕێگرە لە ئافرەتان تا دەستبەکاربن و کۆنترۆڵی ژیانی داریینا بگرنە دەست؟ پێشتر یەکەمین بەهانەی ئافرەتانمان باسکرد بۆ نەکردنی کارێك کە دەڵێن، وە باوریان وایە،"کاتم نییە". دڵنیام ئێستا بۆت دەرکەوتوە کە هەمیشە دەتوانیت کات بۆ ئەو شتانە بڕەخسێنیت کە بۆت گرینگن. ئەمە لەبەر ئەوە نییە کاتمان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە خۆمان هەڵمانبژاردوە ئەنجامدانی کارەکانیترمان لەو کاتەدا بەنرخترن کە زۆرێکمان ملیۆنان میلمان لێی بڕیوە پێشوەختە. تەنیا بزانە ئەگەر تۆ بەخۆت دەڵێیت ، کە ڕەنگە ئێستا وابڵێیت،" من کاتم نییە"، ئەوا مانای وایە هێشتاش ئەوەی دەتەوێت نەتکردووە بەکاری لە پێشینەت. تۆ وەڵامی هۆکاری 'بۆچی' ـت نەدۆزیوەتەوە. بەڵام من دەتوانم پێت بڵێم کاتێك ئافرەت

خۆشگوزەرانی دارایی دەکا به کاری لە پێشینەی هیچ شتێك نییە بتوانێت بی وەستێنێت. تا دێت زیاتر و زیاتر بەرە و ئەوە دەچێت.

کەواتە تاکەی ئافرەتان خۆمان لە دواوە بهێڵینەوە؟ دووەم باوترین بیانویەك کە لە هەزارانی ئەو ئافرەتانەم بیستوە،" من باس لە شکاندنی سنورەکان دەکەم،نەك تەنیا شتانێکی گێلانە، بەڵکو دەربڕینی گەمژانە. کە ئەوە نەك بیانویەکی گونجاو نییە بەڵکو زۆریش دوور لە ڕاستی و نابەجێیە. ئەو بەهانەی دوەمەی ئافرەتان بەکاری دێنن بریتیە لە.........

## بەندی هەشتەم

# "من بەگوێرەی پێویست لێهاتویم نییە"

پێم وایە تاکە کلیلی ئافرەتان ئەوەیە هیچ بەربەستێك بۆ خۆیان دانەنێن".

"مارتینا نافراتیلۆڤا"

دوای یەك هەفتە لە خوانی نیوەڕۆکەی نیویۆرکمان، لە کاتێکدا لەناو سەیارەکەمدا بووم بەرەو چاوپێکەوتنێك دەڕۆیشتم کە زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا.

"سڵاو کیم، من لیزلیم. چەند ساتێك کاتت هەیە؟"

"بە دڵنیاییەوە".

"من زۆر بیرم لەو گفتوگۆیە کردەوە کە لە کاتی خوانی نیوەڕۆکەی نیویۆرك کردمان دەبارەی سەرمایەگوزاری و سەربەخۆی دارایی، هەموو ئەوانە زۆر باش دەهاتنە بەر گوێم. وەك ئەوە بوو ڕێك ئەوەم بوێت، بەڵام بەردەوام دووبارە دەگەڕێمەوە سەر هەمان کێشە."

پرسیم، "کێشەکە چییە؟"

لیزلی ڕوونیکردەوە، "من هەموو تەمەنم سەرقاڵی هونەر و ڕەنگەکان و شێوە و ستایل و تەکنیکەکانی بوومە . مێشکم بۆ ئەو شتانە باش کار ناکات، مێشکی من بەشێوەیەکی پەیڕەویانە و شیکاریانە کار ناکات.

نزمترین پلەش ئەوەیە من لەڕووی ژمارکان وبیرکاریەوە دەستەوەستانم من پێم وایە بەپێی پێویست لێهاتوویم نییە لەڕووی سەرمایەگوزاریەوە. تەنانەت چومە دەرەوە و ڕۆژنامەیەکی سەرشەقامی وۆڵ ستریتم کرییت. لەوانەشە شێوازی چینییەکانیش بخوێنمەوە. من پێم وایە کەسانێك هەن بەشێوەیەکی سروشتی ئەو توانایەیان هەیە و لە ژمارکان حاڵی دەبن، بەڵام من لەو کەسانە نیم."

لیزلی زۆر بە ڕوونی نائومێدی پێوە دیار بوو. بۆیە لەسەر خۆ دەستم پێکرد،" سەرەتا با لێت بپرسم، " ئایا وەڵامی هۆکاری ' بۆچی' سەرمایەگوزاریت دۆزیوەتەوە ؟"

لیزلی وەڵامی دایەوە،" هۆکارەکەم وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە. من دەمەوێت تەنیا وێنە بکێشم. هونەر ئەو شتەیە کە من تامەزرۆیم. کێشەکەم ئەوەیە زۆر سەرقاڵم بەکارکردنەوە لە پێشانگا کە بۆ پەیداکردن و هەبوونی موچەیەك، کە هەرگیز کاتم نییە بۆ وێنەکێشان. حەزم لەوەیە فڵچە و بۆیەکانم هەڵگرم و تەواوی ڕۆژەکەم بە وێنەکێشان بەسەر بەرم لەشوێنێکی دڵڕفێن و بێ وێنەدا. بەتایبەتی دەمەوێت بچم بۆ ئەورووپا و لەوێ وێنە بکێشم و خوێندنی ماستەرم تەواو بکەم. چەندین کۆرسی هونەری نایاب هەن حەز دەکەم بەژداریم تیایاندا. ئەگەر ڕۆژێکی ژیانم مابێت بە وێنە کێشان بەسەری دەبەم. بەڵێ من بەتەواوەتی دەزانم هۆکاری 'بۆچی' م چییە.

پێم ڕاگەیاند،" پیرۆزە، ئێستا بەدواوە پرۆسەکە دەست پێدەکات".

هیشتاش تاڕادەیەك بە نائومێدی پرسی،" کام پرۆسە ؟"

وتم،" دەوڵەمەند بوون و سەربەخۆی دارایی  لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات.
هەر کاتێك شتێکی  نوێ فێردەبین بێگومان ڕێگایەکی سەختی فێربونمان
لە پێشە کە پێویستە پێیدا تێیپەڕین. دەکرێت زۆر تاقەت پڕوکێن بێت
بەتایبەتی لە سەرەتاوە، لەبەر ئەوەی ئێمە بە مەیدانێکدا تێدەپەڕین کە
زۆر کەم شارەزایین."

وتی،" پێم وایە وەك ئەوکاتە وایە کە لەسەرەتای فێری شۆفێری بووم.
سەرەتا خۆم وەك گەمژەیەك دەبینیت چونکە زۆر بە قورسی بەنزینم
دەدایە  یان ئەونە لەناکاو برێکم دەگرت وەخت بوو لە جامی پێشەوەی
سەیارەکەوە دەرپەڕمە دەرەوە. یەکەمجار چوومە سەر شەقام وەخت
بوو سەیارەکە تێك بشکێنم".

دڵنیایم پێدا،" منیش بەتەواوی مەبەستم ئەوەیە، ئێستا تۆ پێویستت
بەوە نییە ٢ جار بیربکەیتەوە لە پایدەر و بانزین و برێك و تەنانەت
لێخوڕینیش. هەموو شتەکان خۆیان لائیرادی بەڕێوە دەچن. لەسەرەتاوە
پرۆسەی فێربوونەکە قورس بوو. بەڵام ئێستا سروشتێکی تری
وەرگرتووە."

ئەو بەردەوام بوو وتی،" کەواتە ئەمە پرۆسەیەکە، وە شتانێکی زۆر هەن
تا فێریان ببین. بەڵام من تەنیا نازانم بەگوێرەی پێویست لێوەشاوەم تا
بەردەوامی بەم کارە بدەم. سەرمایەگوزاری بەڕاستی کایەی پیاوانە.
ئەوان توانای زیرەکی ژمارەکانیان لە هی من باشتر بێت. نازانم دەتوانم
لە کایەی پیاواندا کێبڕکێ بکەم."

وتم،" سەرەتا، تۆ ڕاست دەکەیت پیاوان لە ژمارکاندا باشن ٣٦ ـ ٢٤.
٣٨ بە دەقیقی."

لیزلی پێکەنی؟

"بەڵام هەر بەڕاست بۆچی پێت وایە کایەی پیاوانە؟"

لیزای وەڵامی دایەوە،" باشە لەبەر ئەوەی زۆر بەکەمی لە هەواڵەکاندا دەبینم یان دەبیستم ئافرەتێک سەرمایەگوزار بێت. وادەردەکەوێت گەورەترین سەرمایەگوزاران هەموو پیاو بن. وە پێشم وایە پیاوان تێگەیشتنیان بۆ سەرمایەگوزاری باشترە لەچاو ئافرەتانەوە".

بە هێمنی وتم،" ئەم پرسیارەم بۆ تۆ، ئایا پیاوان باشترن لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانی حوکمەتدا؟ ئایا لەبەر ئەمەیە چەندینساڵی پێشوو پیاوان هەڵبژێردران؟ ئایا پیاوان فێرخوازانێکی باشترن لە ئافرەتان؟ لەبەر ئەمە بوو کە ئافرەتان لە زانکۆ و کۆلێژ بێبەشکاران؟ ئایا پیاوان باسشتربون لە بیستن و کێشانە و پێوانەی بەڵگەکاندا؟ ئەمە بوە هۆی ئەوەی پیاوان چەندین ساڵ لەسەر کورسی دەستەی بڕیاردەران دابنیشن؟

یزلی وەڵامی دایەوە،"بە دڵنیاییەوە نەخێر".

ەختم لەوە کردەوە،" تێبگە کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ردنی کارێك باشتر و کردنی کارێك بۆ ماوەیەکی درێژتر".

لەو ڕووەوە کە وا بیردەکەیتەوە وەك پێویست لێهاتوو لەبار نیت رووبدارابیەوە، سێ شت هەیە دەبێت لێیان تێبگەیت، پاشان دڵنیات کەمەوە ئەو بیرکردنەوانەت بۆ هەمیشە لەناو دەچن. ئەوانە بۆ منیش جۆرە بەسود بوون."

ی،" باشە، بەتەواوی گوێم بۆ گرتووی، ئەو سێ شتە چین؟

ەدنییە تەلەفۆنییەکەمان بەردەوام بوو،ئەوەی ئێستا بە ئێوەی م ،بە لیزلیشم وت.

ئێمەی ئافرەتان فێری چی کراوین

١ـ فێرکردن: با واقع بین بین، زانیاری گەلێکی باش دەربارەی سەرمایەگوزاری و پارە لە ئارادا نەبووە بۆ ئافرەتان. لەڕاستیدا ئەوەی فێرکراوین چەند چوارچێوەیەکی بێ بایەخ و لاواز بووە وەك چۆن هاوسەنگی چەکی بانکیم ڕابگرم؟ چۆن دەستەبەری سەیارە بکرم؟ چۆن خەرجیەکانم کەم بکەمەوە؟ یان چۆن چەند دینارێك لە بازاڕی سەوزە فرۆشی پاشەکەوت بکەم؟ بەڕاستی پێم وایە ئێمە لە مانەی باسکران زیاتر دەزانین.

بەڵێ تۆ دەبێت لایەنی داراییت ڕێك و پێك بکەیت. بەڵێ، بە دڵنیایەوە دەبێت بنچینەکان بزانیت. هەموو ئەمانە زۆر گرنگن. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوانە بەس نین لەمڕۆدا. ئەوە تەنها سەرەتایەکە بۆ دانانی بناغەکەت. هەر کە فێری بنچینەکان بویت، ئەوا کاتی ئەوە دێت کە هەنگاوێکی کارا بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجە داراییەکانت بنێیت.

ئەگەر جارێك گوێ بیست ببم پیاوێك بە لەخۆ بایی بونەوە بڵێیت، " هاوسەرەکەم تەواوی لایەنی داراییمانی ڕێکخستوە" هاواردەکەم لە ناو دە جار دا نۆ جاری ئەوکارە بکات. ئەو کرێی لیستی شمەکەکان دەدات و چەکی بانکیت هاوسەنگ دەکات. هەر ئەمە. ئەگەر زیاتر بەدوادا چونی بۆ بکەیت دەبینیت کە تەواوی بڕیارەکانی سەرمایەگوزاری و بڕیارە سەرەکیەکانی کڕین و فرۆشتنی وازلێهێناوە بۆ مێردەکەی. مێردەکەی کڕین و فرۆشتنی پشکەکان و مامەڵەی زەوی و زار و بڕیارە گشتیە داراییەکان دەدات ئەگەر بڕیاری هەمووشی نەدات. وە کاتێك مێردەکەی دەمرێت، خۆی دەمێنێتەوە بۆ ڕێکخستنی کارە داراییەکانی، نازانێت

کەچی بکات. ڕاستییە وشیارکەرەوەکە ئەوەیە لە ٨٠٪ ی ئافرتات کەلە هەژاریدا دەژین کاتێك مێردەکانیان زیندوو بوون هەژار نەبوون. لەبیرت بێت لە ٩٠٪ مان بەرپرسی کاروباری داراییمان دەبین لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ژیانماندا. بۆیە کاتێك مێردی ئافرەتێك دەمرێت، وە ئەم ژنە هیچ ئەزمون و شارەزاییەکی نییە لەڕووی داراییەوە، لە ئەنجام دا یان ئەوەیە بڕیاری هەڵە دەدات یاخود پرسیار لە 'بەڕێز یاریدەدەر' دەکات کە پلاندانەرێکی دارایی، بریکار دراو، بریکاری خانووبەرە یان پلاندانەرێکی خانووبەرەخانوبەرە دەکات تا بێت بە هانایەوە. ئەویش دەڵێت،"خۆم ئەوەت بۆ چارە دەکەم. ڕێگەم بدە خۆم پارەکانت بەڕێوەبەرم. من نوسراوێکی سەرمایەگوزاری بێ کەم و کورتیت بۆ دادەنێم، پێویست ناکات تۆ هەر بیریشی لێ بکەیتەوە." باشە ئازیزەکەم ئەگەر تۆ خۆت ئاگاداری پارەکانت نەبیت پێت وایە کەسێکیتر ئاگاداری ببێت؟!

ئەمە سیناریۆیەکی زۆر ترسێنەر لە Dawnی St. Louis کە نوسیویەتی:

من تەمەنم ٥٨ ساڵە. مێردەکەم زۆر لە ناکاو گیانی سپارد. من هیچ بیرۆکەیەکم نییە لەسەر ئەوەی چەندمان پارە هەیە و لە کوێدا هەڵگیراوە. ئەو خۆی پارەکانی بەڕێوەدەبرد و خۆی بەپەسەند دەزانیت تا دڵنیای ئەوەم بداتێ هەرگیز نیگەرانی پارە نەبم، ئەمەش واتا ئێمە هەرگیز باسی ئەو بابەتەمان نەکردووە. ئێستا کە ئەو نەماوە خۆم وەك منداڵێکی یەك ساڵەی دەستەوەستان دەبینم کە دەیەوێت هەستێتە سەرپێ بەڵام بەردەوام دەکەوێتەوە. پێش ئەوەی ڕێورەسمی بەخاك

سپاردنی مێردەکەم دەست پێ بکات چومە لای هاوڕێ کچەکەم و لێم پرسی،" چۆن پارەی ڕێوڕەسمەکە دەدەرێت؟ من بەتەواوی سەرم لێ شێواوە ! "

بۆیە ئەگەر تۆ بەڕاستی دەتەوێت کۆنترۆڵی لایەنی داراییت بکەیت و ناتەوێت لەسەر ئەنجامدا وەك دەونت لێبێت، ئەوا ئەم ڕستانەی خوارەوە کات و فێربوون و زیاتر لەچەند هەڵەیەك دێنێتە ڕێت. ئەم پرۆسەیەکە. لە تەنیا شەوێکدا بەدی نایات. بەڵام ئەم گەورەترین هەڵەیەکە پێت وابێت پیاوان لەتۆ زیاتر دەزانن. تەنها لەبەر ئەوەی کەسێك ناوی لەخۆی ناوە' شارەزایی دارایی' وامەزانە ئەو هەموو شێتك دەزانێت لەسەر باشترین شتێك بۆ تۆو پارەکانت ئەگەر وابیر دەکەیتەوە "هەمووان لەمن زیاتر دەزانن" ئەوا دەبیت بە نێرچیری ' بەڕێز یاریدەدەر' ەکانی جیهان وە هەرگیز ناتوانیت جڵەوی پارەکانت بگریتە دەست.

یەکەم هەنگاو بریتیە لە پەیداکردنی شارەزایی. ئایا شارەزایی پەیداکردن بەتەواوی واتای چییە؟ چەندین زانیاری جۆراوجۆر هەیە، لە کامیانەوە دەست پێدەکەیت؟ خاڵی دەستپێکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە. لەوانەیە لە فێربوونی جۆرە جیاوازەکانی سەرمایەگوزاریەوە دەست پێ بکەیت کە هەن. ئەوکات لەوانەیە بۆت دەربکەوێت تۆ بۆچی جۆرێکی دیاریکراوی سەرمایەگوزاری شیاویت. بۆ من سەرمایەگوزاری خانووبەرە شیاو بوو. بۆ هاوڕێ کچە ژمێریارەکەم هەڵبژاردەی پشکی شیاوە. هاوڕێ بەڵێندەرەکەم حەزی لە سەرمایەگوزاریکردنە لە

کۆمپایایەکی تازە خراوە کارە، لە چوارچێوەی پرۆسەی فێربوندا بۆت دەردەکەوێت کام جۆری سەرمایەگوزاری بۆت شیاوە.

ئەمە لیستی گرینگترین ئەو سەرچاوانەیە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات فێرببیت و ئەو شارەزاییە وەربگریت کە پێویستتە:

*کتێب بخوێنەرەوە: هەزارەها کتێب هەیە دەربارەی پارە و سەرماسەگوزاری بۆ ئەوانەتان کە تازە دەستبەکاربونە و ئەوانەشتان کە ماوەیەکە خەریکی سەرمایەگوزارین.

*گوێ لە دەنگە تۆمارکراوەکان و سیدیەکان بگرە: لە سەیارەکەتدا هەڵیان بگرە و لە ماوەی شۆفێریدا گوێیان لێبگرە. سود لە کاتەکانی ترافیك و هاتووچونی سەرکار و گەیاندنی ڕاسپاردەکان وەربگرە. لەوانەیە تۆمارە دەنگیەکە یان سی دیەکە باسی بابەتێك بێت لەسەر بەڕێوەبردنی پارە و سەرمایەگوزاری بۆ گەشەسەندنی خودیت. ڕەفتار بیرکردنەوەت دەورێکی بەرچاوی هەیە لەسەرکەوتنت لەهەر کارێکدا کە دەستی پێدەکەیت. وەك هێنری فۆرد دەڵێت،" ئەگەر وابیردەکەیتەوە دەتوانیت یان ناتوانیت کارێك بکەیت، ڕاست دەکەیت".

*لە سیمیناری فێرکاری و ۆرك شۆپ و کۆنفڕاسە سەرمایە گوزاریەکاندا بەژداری بکە: ئەمانە ڕەنگە چەند بەرنامەیەکی بەخۆڕای بێت لە ناوچەکەی خۆتدا یان چەند وانەیەك بن پێویستە پارە بدەیت و بەژداربیت تیایاندا. چەندین کۆلێژ و کار و یانە و دامەزراوە و گروپی ناوخۆی سەرمایەگوزاری بەزۆری ئەم جۆرە پرۆگرامانە پێشنیار دەکەن. هەندێك بەرنامەش ڕاستەوخۆ تایبەتکراوە بە ئافرەتانەوە.

*ڕۆژنامەو گۆڤارە داراییەکان بخوێنەرەوە: ڕۆژنامەکانی Wall street,Investors Business Daily و Barron سێ ڕۆژنامەی زۆر تایبەت بەسەرمایەگوزارین. ئەگەرچی بەتەواوەتی لە دەستەوەژەکان تێنەگەیشتیت بەردەوام بە لە خوێندنەوە و زانیاریەکانت بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەك زیاد دەکات بەتێپەڕبوونی کات. کتێبێکی زۆر نایاب هەیە لە لایەن وۆڵ ستریتەوە دەرکراوە بەناوی " ڕێنیشاندەرێك بۆ تێگەیشتنی پارە و سەرمایەگوزاری". ئەم کتێبە فێرت دەکات چۆن ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت بخوێنیتەوە و ڕوون بکەیتەوە.

*بەژدار بە لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆی تایبەت بە بڵاوکراوەی بازرگانی: لێرەدا سامانێك زانیاریت دەست دەکەوێت دەربارەی ئەوەی چی دەگوزەرێت لە ناوچەکەتدا. زۆر بەزووی دەزانیت کام بابەتانە پەیوەندی یاخود کاریگەری هەیە لەسەر بڕیارە هەمەجۆرە سەرمایەگوزاریەکانت.

*لەگەڵ بریکارانای خانوبەر و پشکەکان و خاوەنکارکان قسە بکە: دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت تا بڕێکی زۆر زانیاریت بدەنێ. بەڵام وریابە زۆرێکیان تەنیا هەوڵیان بۆ ئەوەیەی شتێکت پێ بفرۆشن، بۆیە چاو کراوە بە. بۆم دەرکەوتوە سەرکەوتوترین بریکارەکان ئەوانەن کە ئارەزوو دەکەن بڕێکی زۆر زانیاری و فێرکردن بەمەسانیتر بگەیەنن.

## ٣ خاڵی گرنگ

١- هەروەك چۆن بریکاری باش هەیە بەهەمان شێوە بریکاری خراپیش هەیە و بگرە زیاتریش. بۆ دۆزینەوەی بێکارێکی باش و شارەزا پرسیار لە کەسانی دەوروبەرت بکە بۆ ئەوەی بزانیت تا چەند پەسەندکاروە.

٢_ بەتایبـەتی لـەڕووی خانووبـەرەوە دڵنیابـەرەوە لەگـەڵ بریکـارێکی سەرمایەگوزاری خانوبەرەدا قسەبکەیت، نەك ئـەو بریکارانـەی نوسینگەی خانووبـەرەیان هەیـە و هـەموو هـەوڵێکیان بـۆ قایلکردنتـە بـۆ کـڕینی خانوویەك تا تێیدا بژیت. ئەم دوانە هەمان شت نین.

٣_ تـا پێـت دەکرێـت لەگـەڵ ئـەو بریکارانـەدا کـار بکـە کـە خۆیـان سـەرمایەگوزارن. زۆرێـك لـە بریکارەکـان تـەنیا فرۆشـیارن نـەك سەرمایەگوزار. ئەو بریکارەی خۆشی سـەرمایەگوزارە باشتر لە ویست و پێداویستیەکانت تێدەگات لەچاو ئەو بریکـارەوە کـە خۆی سـەرمایەگوزار نییە.

*لەگـەڵ سـەرمایەگوزارانیتردا قسـە بکـە: پرسیار بکـە لـەو کەسانەی خـەریکی سـەرمایەگوزارین چـی شـتێك جێـی بایەخـە بۆتـان و لەگـەڵیان بـدوێ. دووبـارە دەبینی سـەرمایەگوزارە سـەرکەوتوەکان زیاتر دڵخۆش دەبن کاتێك ئەوەی دەیزانن فێری تۆشی دەکەن.

*بـەژداری بکـە لـە یانەیـەکی سـەرمایەگوزاری ئافرەتانـدا: بـەگوێرەی Better Investingی کین جانك، لـە ئێستادا ئافرەتـان زۆرینـە پێك دەهێنن لە یانەکانی سەرمایەگوزاریدا. لە ساڵی ١٩٦٠ ٪٩٠ ی ئەندامانە یانـە سـەرمایەگوزاریەکان نێرینـە بـوون، وە لـە ٪١٠ ی ئەنـدامان مێینـە بـون. لـە ئێسـتادا لەسـەرووی لـە ٪١٠ ی ئەنـدامای مێینـەن. مـن زۆر پێشـنیاری ئـەو یانانـە دەکـەم کـە سـەرنج دەخەنـە سـەر فێرکـاری سـەرمایەگوزاری. وە مـن یـەکێك نـیم لـە لایـەنگرانی ئـەو یانانـەی کـە ئەندامانیان پارەکانیان بەکاردێنن بۆ کڕینی کەرتی سەرمایەگوزاری.

من بیستومە چەندین پەیوەندی هاوڕێیەتی تێک چووە بەهۆی چەند یاسایەکی ناڕوونی تایبەت بە سەرمایەگوزارییەوە، بۆ دۆزینەوەی یانەی سەرمایەگوزاری ئافرەتان سەیری ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوخۆییەکان بکە بۆ زانینی ئەو چاوپێکەوتنانەی لە شارۆچکەکەتدا ئەنجام دەدرێت لەو ڕووەوە. دەتوانیت ئینتەرنێت بەکاربێنیت و یانەی دیاریکراوی ئافرەتانی ناوچەکە بدۆزیتەوە. بەژدار بە لە چاوپێکەوتنەکانی ئافرەتە بازرگانەکانی ناوچەکەتدا و داوای بەرچاو ڕوونیان لێبکە بۆ چوونە ناو یانە سەرمایەگوزاریەکانەوە.

*یانەی سەرمایەگوزاری ئافرەتانەی خۆت دەست پێبکە: با مەرجەکانت قورس بن. تەنیا ئەو ئافرەتانە وەربگرە کە داهاتووی داری خۆیان زۆر لا گرینگە وە کە سانێك کە ئامادەی پاڵپشتی و هاندانی یەکترن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

چی ئەنجام دەدەیت لەو یانە سەرمایەگوزارییە؟

- دەکرێت وەك گروپێکی خوێندن دەست پێبکەن کە پێکەوە کتێبێك دیاریکراو دەخوێننەوە و ڕوون دەکەنەوە یاخود بەرهەمێکی دەنگی یان ڤیدیۆیەك هەڵبژێرە و لەسەری بخوێنن.

- چەند میوانێك بانگهێشت بکە بۆ نموونە سەرمایەگوزارە سورکەوتوەکان، بریکارە شارەزاکان(کە ئامادەن فێرت بکەن نەك بەرهەمەکانیانت پێ بفرۆشن)، بەڕێوەبەرایەتی دارایی، شارەزایانی فرۆشتن(ئەگەر فێری ئەوەی ببیت چۆن شتێك بفرۆشیت یارمەتیت دەدات بۆ کردنی هەر کارێك کە لە ئەستۆی دەگریت) یاخود هەرکەسێکیتر کە شتێك زیاد دەکات بۆ سەر زانیاریەکانی سەرمایەگوزاریت.

- فێربە چۆن سەرمایە گوزاریە گرینگەکان شی بکەیتەوە. چەند گرێبەستێکی خانووبەرە، بازرگانی پشکی لەبار و چەند سەرمایەگوزاریەکی کاری دیاریکراو بهێنە بۆ ناو گروپەکە تا ئافرەتان شیبکەنەوە و لێوەی فێربن. سەرمایەگوزاریکی بە ئەزمون و پرۆفیشنالیش بهێنە تا لە سەرەتاوە لەگەڵتان بێت و پێتان بڵێت چۆنیان شی بکەنەوە. هەرچەندە شیکاری سەرمایەگوزاری زیاتر بکەیت تواناکانت باشتر دەبن تا دەرفەتی کاری باش لە خراپ جیابکەیتەوە.

-بەژداری بکە لە یانەیەکی پارەی نەقدی **CASHFLOW** ناوچەکەتدا: ئەمانە نزیکەی ٢,٠٠٠ یانەی پارەی نقدی لەسەرتاسەری جیهاندا. لەرێی ئینتەرنێتەوە بگەرێ بەشوێن نزیکترین یانە لە خۆتەوە. دەشتوانیت سەردانی ماڵپەری ئێمە بکەیت بەم ناونیشانە (www.richdad.com). بۆ بینینی لیستی یانەکانی کاش فلۆ. هەر یەکێك لەو یانانە جیاوازن لەویتریان. زۆرێکیان مێزی یاری پارەی نقدی بەکاردەهێنن لەسەر بنچینە سەرەکیەکان، پشتیوانی یەکدی دەکەن لە ئامانجە سەرمایەگوزاریەکەیاندا، میوانێکیان بۆ بهێنە تاوەکو قسەیان بۆ بکات، لەهەمووشی گرینگتر ئەوەیە پێکەوە فێربن چۆن باشترین داهاتوی داراییتان هەبێت.

*ئینتەر نێت بەکاربێنە:

هێڵی ئینتەرنێت بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی تەواوی ئەو زانیاریانەی دەتەوێت لەو بوارە سەرمایەگوزارییەدا کە هەڵتبژاردوە. ئەم تۆڕە سەرچاوەیەکی ئەفسوناویە بۆ بەخێرا دۆزینەوەی ئەو شتانەی دەتەوێت

وێڕای چاوپێکەوتن و کۆنفرانس و پەیوەندییە سەرمایەگوزاریە مێلیەکان لەڕێی ماڵپەڕەکانەوە کە لە شێوەی ژووری گفتوگۆ و قسەکردندایە.

*بەناو شارۆچکەکەتدا بسوڕێرەوە:

هەولبدە بزانیت چی بەسەر خانووبەرە و بازرگانی ناوچەکەدا هاتووە کە تۆ لێی بێ ئاگایت. بەزۆری خەڵکی وابیردەکەنەوە پێویستە شارێك یان بازاڕێکی باش بدۆزنەوە بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری لێ ئەنجام بدەن بەڵام لە ڕاستیدا زۆر جار دەتوانیت دەرفەتی ناوازە بدۆزیتەوە ڕێم لە دەوروبەری ماڵی خۆتدا. هەرچەند لە خۆتەوە نزیکتربێت ئەوەی سەرمایەگوزاری تێدا دەکەیت ئەگەری سەرکەوتنت زیاترە. ئەگەر شوێنی سەرمایەگوزاریەکەت دوو کۆلانێك لێتەوە دووربێت زیاتر دەتوانیت دەستت بەسەریدا بڕوات وەك لەوەی ۲۰۰۰ میل لێتەوە دووربێت.

*سەیری بەرنامە هەواڵیە داراییەکان بکە لە تەلەفزیۆن:

دووبارە پێت دەڵێمەوە لەوانەیە تۆ لە تەواوی شتەکان تێنەگەیت ،بەڵام بەدڵنیایەوە زۆری لێوە فێردەبیت، وە هەرچەند زیاتر گوێیان بۆ بگریت زیاتر تێدەگەیت.

*بەژداربە لە پەڕاوێکی هەواڵی داراییدا: پەڕاوە هەواڵیەکان پوختەیەکی خێرات دەدەنێ دەربارەی ئەوەی چی ڕوودەدات لە بازاڕە سەرمایەگوزاریەکان و ئابووری بازرگانی چی لەڕووی هەرێمی وچی لەڕووی جیهانییەوە وە پێشبینییە هەواڵیەکانی داهاتوشت پێدەڵێن.

*پرسیار بکە، پرسیار بکە، پرسیار بکە

ئافرەتان لەبیرتان بێت ئەمە لەسودی ئێمەیە. بەهۆی ئەوەی کەمێك شارەزایی سەرمایەگوزاریت هەیە پێویست ناکات وا پیشان بدەت

دەتوانیت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە. هەرچەند زیاتر پرسیار بکەیت لێهاتوویت زیاتر دەبێت.وێڕای ئەوەش لەوانەیە فێرکارێکی نوێ بدۆزیتەوە لەو پڕۆسەیەدا. بەو بۆنەیەوە، خۆ فێربوون هەرگیز دوای نایەت. تا ئەوکاتەی کە بتەوێت بەردەوام بیت لە گەشەپێدانی سەرمایەگوزاریەکەت و فراوانکردنی هەگبەی بازرگانییەکەت هەمیشە ئاستی نوێی فێربونت دێتە پێش. هەر کە بازاڕ گۆڕانی بەسەردا هات و سەرمایەگوزاری گەشەی سەند بۆم دەردەکەوێت دەبێت بەردەوام بم لە نوێکردنەوە و فراوانکردنی زانیاریەکانم.

٢) پڕۆسەکە بەرامبەر بە دەستکەوت

هەمیشە بەبیری خۆمی دەهێنمەوە سەرمایەگوزاری پڕۆسەیەکە. هیچ ڕێسایەکی شاراوە بوونی نییە. 'خێرا دەوڵەمەند بە و لە ژانەسەر بە دووربە ' نییە. شەوێك ناچیتە ناو جێگاو بخەویت و بەیانی بە دەوڵەمەندی بەخەبەر بێیت. ڕەنگە کەسانێك هەبن بەڵێنی وەها شتێکیان پێدابێتن بەڵام من ئەوەی دەیڵێم دەتوانم ببینم بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت.

ئەوە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ دابەزاندنی کێشتدا. ئەگەر دەتەوێت کێشت دابەزێنیت و نەهێڵیت کە زیاد بکاتەوە، بێگومان پڕۆسەیەك هەیە تا پێیدا تێپەڕیت. دەبێت بەبەردەوانی ڕاهێنان بکەیت، چەند گۆڕانکارییەك لە ژەمە خۆراکەکانتدا بکەیت. بەتێپەڕبوونی کات ئەنجامەکەی دەبینیت. ئەوە هەرگیز بەشەوێك ڕوونادات.... تا چەوری لەشت دانەبەزێنیت.

تەنانەت دوای ئەوەش پێویستە شێوازی ژیانت ڕێکبخەیت تا بتوانیت لەو کێشە بەردەوام بیت. لە پرۆسەی بون بە سەرمایەگوزاریشدا فێردەبین وە کۆمەڵێك ئەزمونمان دەخرێتە بەر دەستەوە. هەڵەدەکەین و لە هەڵەکانمانەوە فێر دەبین و ئەزمونی زیاتر وەردەگرین. لەم پرۆسەیەدا شارەزایی و متمانە بەخۆبوون و تواناکانم گەشە دەسێنێت. باسی باسی هەژماری بانکیمان نییە. بەڵام کلیلەکە ئەمەیە ئەو پرۆسەیەی کەدا پێیدا تێدەپەڕین تەنانەت لە کۆتای ئامانجەکەش گرینگترە. لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەچنە پرۆسەکەوە لە ئەنجامی ئەو هەموو فێربوون و هەڵە و ئەزمونانەوە بەهای ڕاستەقینەیان بۆ دەردەکەوێت.پەندێکی چینی هەیە دەڵێت:

"گەشتەکە خۆی پاداشتە"

لە ساڵی ١٩٨٥ کاتێك من و ڕۆبێرت بە ناخۆشترین ساڵی ژیانماندا تێدەپەڕیین نکوڵی لێ ناکرێت خراپترین ساڵی ژیانمان بوو. بەهای خۆزانینم تێك شکابوو بێزاری بەردەوام بوونی هەبوو. دەنگی ناخم، ئەوەی بەخۆمم دەوت بەبەردەوامی نەرێنی بوو، دەی وت، "ناتوانیت ئەنجامی بدەیت"، "شکست دەهێنیت"، "تۆ هیچ شتێك نازانیت"، "تۆ دەستەوەستانیت". بەڕاستی شەو وا هەبوو دەچوومە سەر جێگاو بیرم دەکردەوە شتەکان زۆر ئاسانتر دەبوون ئەگەر هەرگیز خەبەرم نەبوایەتەوە. بەبێگومان نزمترین هەستی ساتەکانی ژیانم بوو.

چەند ساڵێك دواتر کاتێك ئاوڕم لەو ڕۆژانە دەدایەوە، درکم بەوە دەکرد کە من و ڕۆبێرت هەر یەکەو بە پرۆسەی تایبەتی خۆماندا تێدەپەڕین. ئەوە پێویستی بە خۆ نواندن نییە بەڕاستی بێ چارەی بوو. هێشتاش

تێپەڕبونمان بەم پرۆسەیەدا و گەیشتنە نزمترین ئاست و پاشان خۆمان کۆکردەوە و باشتربووین، بەڕاستی دەکرێت باشترین شت بوبێت لە ژیانی هەردووکماندا ڕوویداوە. کاتێك لە ناوەڕاستی ئەو کێشمە کێشمە بووم نەم دەزانی ئەو توانایە لە مندا هەیە تا بتوانم پێیداتێبەپەڕم،بەڵام بەیەکەوە تێپەڕبونمان بەو پرۆسەیەدا، بەئەنجام گەیاندنی ئەوەی پێویست بوو بەتەنیا یان وەك دوو خۆشەویست ئەنجامبدرێت و لەو سەرەوە بەسەرکەوتوی سەر دەربهێنینەوە، ئەزمونێکی زۆر باشی کەسێتیمان بوو. لە ئەنجامدا، ئەو ساتە وەختە زۆر سەختانە وایکرد هەریەکەمان بۆ خۆمان زۆر بەهێزتر و لێهاتوترین وە زۆر کرداری و دڵنیا کەرەوە بوو بۆمان وەك دوو هاوسەر. من کێم لێ دەرچوو و ڕۆبێرت کێی لێ دەرچوو بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە! بۆ هاوتا بوو. وە ئەوەش پاداشتی ڕاستەقینەبوو کە لە کۆتای پرۆسەکەدا پێی گەیشتین.

من زامنی ئەوە دەکەم کە تۆش لە پرۆسەکەدا هەڵە دەکەیت، هەندێکجار هەڵەکە زۆر گەورەش دەبێت، دەبێت ڕووبەڕوو بیتەوە. تۆ بەساتەوەختێکی سامناکدا تێدەپەڕیت. هەندێ کاتی وا دێتە پێش دەبێ بڕیار بدەیت بەبێ هەبوونی داهاتێکی دیار. لەو ساتەوەختانەدایە کە کەسایەتیت تاقیدەکرێتەوە. ئەگەر ئێمە خۆمان لەڕکابەری بەدووربگرین گەشەناسێنین وە فێریش نابین. وە ئەگەر بچینە ڕکابەرێکەوە جا سەرکەوتوبین یاخود نا دەستەبەری ئەوەی هەیە کە ئێمە بەرەوپێش دەچین و مێشکمان فراوانتر دەبێت لەوەی هەیە. ئەو دەستکەوتە ڕوناکبیری و هەستیانە ناتوانێت بخەملێندرێت.

بەندی نۆیەم

# چۆن بەخێرای لێهاتووی زیاد دەکرێت

ئەگەر بتوانم دووبارە ژیانم دەست پێبکەمەوە، هەمان ئەو هەڵانەی کردوومن زووتر ئەنجامیان دەدەم"

"تالولە بانکهێد"

لیزلی بەرەو تێگەیشتن دەچوو و دەستییێکرد وتی،" لەبەر ئەوە نییە کە من لێهاتوو نیم. لەبەر ئەوەیە من هەرگز فێری ئەو شتانە نەکراوم. هەرگیز فێریان نەکردووم بەوجۆرە بیربکەمەوە. ئەمەش جیاوازای نییە لەسەرتای دەستپێکردنی ئەسپسواری، کە پێویستە لەسەرەتاوە دەست پێبکەم وپاشان هەنگاو بە هەنگا و لەگەڵیدا برۆم."

" هەر بەو شێوەیەیە".

لیزلی بە پەشۆکاوی وتی،" هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم چەندین جار خستومەتە سەر بەرنامەی هەواڵە داراییەکان وە بەتەواوی سەرم لێشێواوە لە وشە و دەستەواژانەی بەکاریان دەهێنا. ئەوان بەڕاستی منیان وێڵ و سەرلێشێواو دەکرد. زۆر قورسە گوێلێگرتنیان لە کاتێکدا لە واتای نیوەی وشەکان تێناگەم.

### ٣)زمانی دژوار Jargon

وەلامم دایەوە،" تۆ خاڵێکی زۆر گرنگت ئاماژە پێدا. لە ڕاستیدا ئەمە خاڵی ژمارە ٣ یە. ئەوە پێی دەڵێن زمانی دژوار، کە پێکهاتوە لە چەندین وشەی تایبەت بەپارە و سەرمایەگوزاری".

بەردەوام بووم،" من پێم وایە زۆربەی ئاڵۆزیەکانی سەرمایەگوزاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وشانەی کە شارەزاییان، نیوە شارەزاو ئەوانەی ناوی شارەزاییان لە خۆیان ناوە ونەشارەزاییان بەکاری دەهێنن. هەندێکجار وای بۆ دەچم بەئەنقەست ئەو دەستەواژانە بەکاردێنن تا سەرمان لێبشێوێنن یان خۆیان زیرەکتر دەربخەن یاخود تاوامان لێ بکەن هەڵمانخەڵەتێنن و شتێکیان لێ بکڕین. ئێمە دان بەوەدا نانێین کە تێناگەین ئەوان لەچی دەدوێن، بەلام من دانی پێدا دەنێم. من لەگەڵ کەسانێك قسەم دەکرد و ئەوان وشانێکیان دەردەبڕیت کە نەمدەزانیت، لەجیاتی ئەوەی داوایان لێ بکەم بۆم ڕوون بکەنەوە وا خۆم دەردەخست کە تێگەیشتوم لەبەر ئەوەی نەم دەویست گەمژە دەربکەوم. خۆشم لەوەدا تاوانبارم".

---

وشەکان ئامرازێکی بەهێزن. لێیان تێبگە وە ئاستی تێگەیشتنت لە زانیاریە نوێیەکان بەشێوەیەکی لە ڕادە بەدەر زیاد دەکات. کاتێ وشەیەکت هاتە بەردەست لێی تێنەدەگەیشتیت، لە فەرهەنگدا بەشوێن ماناکەیدا بگەڕێ و تێبگە ئەو وشەیە مانای چییە و پاشان لە خوێندنەوەکەت بەردەوام بە.

---

لیزلی پێکەنی وتی،" حەز ناکەم دانی پێدابنێم بەڵام منیش کت و مت ئەوەم بەسەر هات ٢ مانگ پێش ئێستا. چووبوم بۆ ئاهەنگێکی کرانەوەی ڕێستۆرانتێکی ئیتالی. خاوەنەکەی یەکێك لە موشتەریانی خۆم بوو لە پێشانگاکە. بەژداری گروپێکم کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بازاڕی پشکەکان. هەموان زۆر بەو کۆمپانیان نویە دڵخۆش بوون کە تازە کرابوەوە ئەوان وتیان هاوڕێی هاوڕێشیان بەژداری کردووە لە کۆمپانیاکەدا( خەریك بوو ببێت بە بە مایکرۆسۆفتی داهاتوو). باشە، باسی زمانی دژوار کرا، هەموان بە جۆش و خرۆشەوە لە چوارچێوەی ئەو زمانە نامۆیە خەیاڵیەدا قسەیان دەکرد. ئەوە بۆ من تەنها قسەی بێ مانا بوو. شتێکم لەبیرە دەربارەی( ڕێژەی نرخ و خەرجی) وە ئەو پشکانەی نازدەق مامەڵەی پێوە دەکات. زۆر لێهاتوودەردەکەوتن. ئەوان زۆریش شادمان بوون. هەرچەندە من نەمدەزانی ئەوان باسی چی دەکەن بەڵام وا هەستم دەکرد چەند زانیاریەکی نهێنیم دەست کەوتوە لەسەر پشکەکان کە کەسیتر نایزانێت،جگە لەم گروپە بچوکە. بۆیە ڕۆژی داهاتوو چەند پشکێکم کڕیت. ئەوە دوو مانگ پێش ئێستابوو.

ئێستا پشکەکان بەنیوەی ئەو نرخەیە کە پێی کڕیم، وە ئێستا ئەوەی گوێ بیستی دەبم ئەوەیە پێشبینی دەکرێت داهاتووی کۆمپانیاکە زۆر دڵخۆش کەر نەبێت.

پێکەنیتم وتم،" پێم وایە ئەو دەستەواەی بیتسوەتە ڕێژەی نرخ د بەدەستهاتوو بووە ،کە نرخی پشکەکان بەراود دەکات بە ڕێژی دەستکەوتی کۆمپانیا بە تێپەڕبوونی ئەو ساڵانە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نازدەق کە بەتەواوی ئاڵوێرێکی ئەلیکترۆنییە. هیچ شوێنێکی فیزیای

نییە. بەڵام هەست بە خراپی مەکە لەڕووی ویستنی هەبوونی ژیانێکی هاوشێوەی چیرۆکی سەندرێلاو. هەمومان حەزمان لێیە باوڕ بە چیرۆکە ئەفسانەییەکان بکەین. دڵم دایەوە وتم،" ئەگەر ئەمە وام لێ بکات هەست بە باشتر بوون بکەم، نەك تەنیا باوڕ بە چیرۆکە ئەفسانەیەکان دەکەم، بەڵکوو وا بیر دەکەمەوە پشکێکم لە قازانجی ڕاستەقینە کڕیوە کە مێلکەی ئاڵتونی دەکات! ئەوەم وەك پاشەکەوتێکی زەخیرە کراوی تایبەت کڕیوە. هەروەها دەمویست باوڕ بەتەواوی بەڵێنەکان بکەم، هەموویان زۆر باشە بوون تا ببن بە داهاتێکی دروستکراو و تەواوی دڵخۆشیەکان و ڕێسا شاراوەکان و هۆڵی گرەیت. بەهۆی ئەوەی من تێنەدەگەیشتم لەو وشە و دەستەواژانەی بەکاریان دەهێنا، نەم دەتوانیت جیاوازی بکەم لەنێوان ئەوەی ڕاستە و ئەوەی هەڵەیە. واپێی دەچوو ئەوان خۆیان بزانن باسی چی دەکەن. بۆیە منیش هەموو بەشی کۆمپانیاکەم کڕیت. شتێکی تر کە بۆم دەرکەوت ئەوە بوو کۆمپانیاکە لەژێر چاودێریدایە و خاوەنەکەی ڕەوانەی زیندان کراوە. هێشتاش وێرای ئەوەی بانگەشەکان ئەمەیان ڕوون کردبۆوە باوڕم وابوو مانشێتی ڕۆژنامەکان درۆیە و بەڵێنەکانی پێیات داوم دێتە دی. بەڵام دواتر دەرکەوت بانگەشەکان ڕاست بوون وە منیش تەواوی سەرمایەگوزاریەکەمم لەدەست دا. خراپترین شت ئەوە بوو من بەو زمانە قسەم نەدەکرد وخۆشم ماندوو نەکرد بە هەوڵدان بۆ فێربوونیان، چونکە دەمویست چیرۆکە ئەفسانەییەکە ببێت بەڕاستی."

لیزلی هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژیت،" بەداخەوەم بۆ ئەو زەرەرەت،بەڵام زانینی ئەوەی کە هیچ کەس هەمووجارێك بەباشی بۆی بەدی نایات وای

لێکردم کە هەست بەباشتر بوون بکەم. هەروەها زانینی ئەوەی کە من تەنیا کەس نیم کە سەرم لێدەشێوێت و ڕێ دەرناکەم لەو هەموو زمانە دژوارە داراییەیە وای لێکردم هەست بەباشتر بوون بکەم."

پێم وت،" سود لەم چیرۆکە دەبینیت. بەیانیانێك ڕۆبێرت چاوپێکەوتنی هەبوو لە یەکێك لە بەرنامە تەلەفزیۆنییە هەواڵیە داراییەکاندا لەشاری نیویۆرك. پێشکەشکارەکە هەموو جۆرەکانی زمانی دژواری بەکارهێنا لە زاراوەی وەرگیراو، تێکڕای نرخ و دەست کەوت،ئاستەکانی بەرەنگاری...هتد. ڕۆبێرت لە ناوەندی گفتوگۆکە وەستاندی و وتی،" من پێم باشە زمانێکی ئاسایی بەکاربهێنین. پاشان بەردەوام بوو لە قسەکانی بە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەی خەڵك. کاتێك چوینە دەرەوە پیاوێکی گەنج هاتە پێشەوە، تەمەنی نزیکەی ٢٩ساڵێك دەبوو زۆر بەجوانی جلی پۆشی بوو کە قاتێك و پاڵتۆیەکی بەسەردا کردبوو. وتی لە بڵاوکراوەی وۆڵ ستریت کاردەکات و پاشان تەوقەی لەگەڵ ڕۆبێرت کرد و وتی،" هەر ئێستا سەیری چاوپێکەوتنەکەم دەکرد، دەمەوێت سوپاست بکەم کە بەزمانێکی ئاسایی بەردەوام بویت تا هەموان تێبگەن کە باسی چی دەکەیت". من ئەوەم وەك ستایشێکی گەورە بینیت لەلایەن کەسێکەوە کە لە پیشەسازیدا کاردەکات.

لیزلی وتی،" وای! هەست بە ژیانەوە دەکەم. من پێم وایە زۆربەی ئافرەتات وابیر دەکەنەوە بەڕادەی پێویست لێهاتوونین تاوەکو بێنە جیهانی سەرمایەگوزاریەوە وەك من.چونکە وابیردەکەنەوە ئەوان تەنها کەسانێکن کە تێناگەن. بەڕاستی خەریکە تێدەگەم ئەمە پرۆسەیەکی فێرکاریە، وە پێویستە بەردەوام بیت لە فێربوون بەهەمان ئەو ڕێچکەیەی

لەسەری هەیت." کۆتای هێنا بە وتنی،" سوپاس بۆ ئەو کاتەی پێت بەخشین! ئەمە ڕادەیەکی باش بەرچاوڕوونی پێدام. کەی دووبارە لە نیو یۆرك دەبیت؟"

وتم،" لەماوەی دوو مانگی داهاتوودا لەوێ دەبم ."

وتی،"ئەگەر کاتت هەبوو با یەکتری ببینین. خوانی نیوەڕۆ لەسەر خۆمە."

**چۆن تێدەگەیت کاتێك نازانیت؟**

ئامرازێکی زۆر باش فێرکراوم لە لایەن هاوڕێیەکمەوە کە چەندین ساڵی خوێندوە لە بواری چۆنییەتی فێربوونی کەسەکانەوە. ئەو لێی پرسیم،" ئایا هەرگیز بەسەرت هاتووە لەناکاو ببینی بۆ چەندین جار هەمان پارەگرافت خوێندوەتەوە؟"وتم،"بەڵێ، زۆرجار وامکردووە، ئەوە بۆچی ئەوهایە؟" توێژینەوەکەی دەری خستوە کاتێك خەڵکی وشەیەك تێناگەن و بەسەریدا تێدەپەڕن، ئەوا سەرنجیان لەسەر خوێندنەوەکەیان نامێنێت . ئەمەش وایان لێدەکات بەبێ ویستی خۆیان هەمان ڕستە و پارەگراف چەندجارێك دوبارە بخوێننەوە. کاتێك خەڵکی وشەیەك دەخوێنێتەوە کە مانای نازانێت، ئەوا تێگەیشتنیان لە تەواوی ئەو بابەتەی دەیخوێننەوە کەم دەبێتەوە. بۆیە لە هاوڕێکەم پرسی،"چۆن دەتوانرێت ئەمە چارەسەر بکرێت؟"

وتی،"ئاسانە، هەموو ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەیت دۆزینەوەی وشەکەیە لە فەرهەنگدا، لە ماناکەی تێبگە وە پاشان لە خوێندنەوەکەت بەردەوام بە. بەم شێوەیە ئاستی تێگەیشتنت بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر زیاد دەکات." هەر بۆیە ئێستا فەرهەنگێك لە نزیك خۆم دادەنێم و

هەرچی وشەیەك نەمزانی بەدوایدا دەگەڕێم. نیشانەیەکی دڵنیاکەرەوەی بەهەڵە تێگەیشتنی وشەیەك ئەوەیە دەبینیت دووبارە هەمان شت بۆ چەندین جار دەخوێنیتەوە. کاتێك دێتە سەر باسی جیهانی سەرمایەگوزاری ، زمانە دژوارەکان کێشەن. لە وانەیە لە یەك ڕستەدا چوار وشەی تیابێت کە مانای نازانم، منیش تەنها بەسەریاندا تێدەپەڕم و وا دای دەنێم گرینگ نین. لەبری ئەوە دەبێت زۆر لەخۆم بکەم فەرهەنگێك بێنم و بەدوای وشەکاندا بگەڕێم. ئەمە زیاتر لەوەیە تەنیا پێناسەی وشەکان بخوێنیتەوە . من دەمەوێت دڵنیا ببمەوە کە بەڕوونی ماناکەی دەزانم. هەندێك جار وەك ڕۆژانی قوتابخانە کاتێك مامۆستا پێی دەوتم وشەکە لە ڕستەدا بەکار بهێنە. ئەوەش زۆر سودی دەبوو. ڕەنگە لەسەرەتاوە کاتێکی زۆری بوێت بەلام تێگەیشتنم لەوەی دەیخوێنمەوە زۆر زیاد دەکات، وە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش وشەکاریم بەهێزتر دەبێت.

**تێگەیشتنی باشتر ،ئەنجامی باشتر**

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لەگەڵ بریکارێکی خانووبەرە قسەم کرد دەربارەی بینایەکی ٢٤ نهۆمی . دەستی کرد بە دەربڕینی تەواوی زاراوەکان. بڕی قەرز بەرامبەر بەهای سەرمایەی ٨٠٪ کرێی ساڵانە ٩٠٪ بڕی دسەتکەوتی بەدەستهاتوی دووبارە سەرمایەگوزاری پێکراو ١٩٪یە. هەتا دەهات زیاتر و زیاتری دەوت و بەردەوام بوو. بۆیە لێم پرسی "کرێی ساڵانە بەتەواوی واتای چییە؟ وتی ،"هەرچەند کرێی ساڵانەت باشتر ێت ڕێکەوتنەمەت باشترە "

'بەلام چۆن دەتوانرێت کرێی ساڵانە دیاری بکرێت؟ بەکام هاوکێشە؟ وە ، دیاریکراوی چی پێوانە دەکات؟ زۆر بە سارد و سرپەوە سەیرێکی

کردم و وتی،" ئەوە زۆرگرینگ نییە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە ئەم بینایە چەند شتێکی باشە."

ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئەو هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو دەربارەی ئەوەی لێی دەدوا. ئەو تەنیا وشەکانی بەکار دەهێنا بەبێ ئەوەی هیچ لێیان تێبگات. ئێوەش ئەمە بەرز دەنرخێنن: نەك تەنانەت ئەم بریکارە خانووبەرەیە خۆی شپرزەکرد بەهۆی ئەو زمانە دژوارەیەوە بەڵکو ئەو ژمارنەی دەشی وتن دەربارەری ئەم موڵکە بێ مانا بوون. ڕێکەوتنێکی نایاب نەبوو .

سێ یاسای ئاسان

* کاتێك باسی زمانی دژوار دەکرێت ئەو سێ یاسایە فێری بووم و بەکاری دەهێنم ئەمانەن:

١- ڕۆژانە وشەکاریت دزیاد بکە

کاتێك وشەیەك بەکاردەهێنرێت ترست لێ نەنیشێت و لەوەش گرینگتر خۆت بە تەمەڵ مەزانە. ئەگەر گفتو گۆیەکت هەبوو وشەیەکی نامۆ بەکار ـات، لە کەسە بپرسە کە بەکاری هێناوە مانای چییە، یاخود لەسەر ـەڕەیەك وشەکە بنوسە و دواتر لە فەرهەنگدا بەدوایدا بگەڕێ. ،ەگەر ـەتخوێندەوە یاخود سەیری تەلەفزیۆنت دەکرد و دەستەواژەیەکی ـەزانراو سەری دەرکێشا، وشەکە یاخود وشەکان لە فەرهەنگدا ـۆزەرەوە.

ـ پرسیار بکە

ـمیشە هوشیار بە تەنانەت ئەگەر هەندێك زانیاریشت لە بابەتەکەدا ـبوو هەر پرسیار بکە. دەتوانیت زیاتریش فێرببیت. دوو شت ـدەدات کاتێك پرسیار لە پسپۆڕ یان نیوە پسپۆڕێك دەکەیت:

ا- پەیوەندیەکی کاریگەر دروست دەکەیت لەگەڵ ئەو کەسەدا لەبری ئەوەی دەبینێت تۆ بەڕاستی حەز لە بابەتەکانی دەکەیت.

ب - تۆ زیاتر فێر دەبیت.

۳- هەرکات پێویست بوو خۆت گەمژە دەربخە

مەترەس لە وتنی،" من نازانم". خێراترین ڕێگا بۆ تەگەرە تێخستنی فێربونت ئەوەیە وا خۆت دەرخەیت هەموو وەڵامەکان دەزانیت. وا خۆت دەرخەیت هەموو ئەوەی کەسێك باسی دەکات دەیزانیت و لە ڕاستیشدا نایزانیت. تەنها ترست لەوەی گەمژە دەربکەویت وات لێدەکات گەمژە دەرکەویت. من وای بۆ دەچم یەکێك لەو سودانەی ئێمەی ئافرەتان وەری دەگرین لەم ڕۆدا ئەوەیە زۆرێکمان لەڕووی پارە و داراییەوە فێرنەکراوین بۆیە ناترسین لەوەی بڵێین،"نازانم" لەبەرئەوەی چاوەڕوانی ئەوەمان لێ ناکرێت بزانین، ئێمە ناترسین لە پرسیارکردن. ناترسین لە دان نان بەو ڕاستییەدا کە هەموو وەڵامێکمان لا دەست ناکەوێت ئەگەر چی دەیان جار وا دەرخەین باشترین ئافرەتین. مەهێڵە ئەو زمانە دژوار و وشە ترسێنەر و سەرلێشێوێنەر و ئاڵۆزانە ببنە بەربەست بۆت. ئەوانە تەنها کۆمەڵێك وشەن. وە هەموو وشەیەك پێناسەیەکی هەیە کە دەتوانیت لە فەرهەنگدا بەدوایدا بگەڕێیت. لەجیاتی ئەوەی دەستەوەتان بیت خۆشحاڵ بە هەر کاتێك گوێبیستی وشەیەکی نوێی دارایی بویت چونکە لەگەڵ هەر وشەیەکی نوێدا کە فێری دەبیت بە سەرمایە گوزارێکی باشتر و لێهاتووتر.

بەندی دەیەم

## "من زۆر ترسنۆکم"

دەتوانیت هێز، ئازایەتی و متمانە بەدەست بهێنیت لەڕێی ئەزمونێکەوە کە دەستت لە ترس هەلگرتوە. تۆ دەبێت ئەو کارە بکەیت کە وابیر دەکەیتەوە ناتواینت بیکەیت."

"ئیلینۆر ڕۆزفێلت"

با باسی ترس بکەین

ناکرێت ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخرێت کە زۆرینەی ئافرەتان توشی ترس دەبن کاتێك دێتە سەر سەرمایەگوزاری. ئەو پرسیارەی دووبار - دووبارە گوێم لێی دەبێت بەتایبەت لەلایەن سەرمایەگوزارە سەرەتاییەکانەوە ئەوەیە،" چۆن بەسەر ترسمدا زاڵ ببم؟" ئەگەر وابیر دەکەیتەوە تۆ تەنها کەسیت تاڕادەی مەرگ دەترسیت کاتێك یەکەمین موڵکی تاپۆکراوی بەکرێدانت دەکریت یان سەرمایەگوزاری بکەیت لە یەکەمین کاردا، یاخود کاتێکی دیکە کە ئەو پارەیەی بە زەحمەتیەکی زۆر پەیدات کردووە دەخەیتە سەرمایەگوزاریەکەوە تکایە بزانە تەنها تۆ وا نیت.

* لایەنە باش و خراپەکانی ترس

باشی ترس لە چیایە؟

ترس لایەنی باشیشی هەیە. ترس ئاگادارمان دەکاتەوە لە بارودۆخی سامناکەکانی ژیان. ڕەنگە هەست بە ترس بکەیت کاتێک درەنگانێکی شەو گوێبیستی دەنگێکی سەیر دەبیت، وابیر دەکەیتەوە کەسێک هەڵیکوتاوەتە سەرماڵەکەت. ڕاستەخۆ هەر پارێزگارییەک کە پێویست بکات دەیگریتە بەر. ترس سەرهەڵدەدات کاتێک خۆت دەبینیتەوە بە تەنیا لەناو پارکێکدا هاتووچۆ دەکەیت لە درەنگانێکی شەودا، بۆیە بەخێرای ڕێگایەکی سەلامەت بۆ دەرچوون دەگریتەبەر. ئەگەر لە ناوەڕاستی زریانێکی بەفراویدا شۆفێریت دەکرد کە ئەگەری بینین نزیکەی سفر بوو، ترس وات لێدەکات لە قەراغ جادەکەوە لابدەیت تاوەکو زریانەکە کپ دەبێتەوە. کەواتە بەشێوەیەکی بینراو لایەنی ئەرێنی هەیە ترس، هەروەها لایەنی ڕووخێنەریشی هەیە. لە کاتێکدا ترس ئاگادارمان دەکاتەوە لەو بارودۆخانەی هەڕەشەن بۆ سەر ژیانمان، دەکرێت کوژەریش بێت ـ کوژەری خەونێک، دەرفەتێک بۆ گەشەپێدانی کەسێتی و پەرۆشیمان تا ژیانمان بەتەواوی ماناکانییەوە بژین .

---

لە کاتێکدا ترس ئاگادارمان دەکاتەوە لە وبارودۆخانەی هەڕەشەن بۆ سەر ژیانمان دەشکرێت کوژەربێت ـ کوژەری خەونێک، دەرفەتێک بۆ گەشەسەندنی کەسێتیمان و پەرۆشیمان تا ژیانمان بە تەواوی ماناکانییەوەبژین.

---

هەر کاتێک دەچینە بوارێکی نامۆ و نەزانراوەوە کەمێک ترس شتێکی باشە. کەمێک ترس دەتوانێت هانمان بدات سەرنجێکی زیاتر و قوڵتر لە

ژمارەکانی موڵکێکی تاپۆی بەکرێدان یان بۆ بەدواداچونی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی دەربارەی پیشەسازیەك کە تازە پشکمان لێی کڕیوە. کەمێك ترس دەتوانێت لەسەر پێی خۆمان بمان هێڵێتەوە و هەندێ جاریش لەهەڵەی گەورە بەدوورمان دەگرێت. ئەمە ئەو بارانەیە کە تێیدا ترس سودمان پێدەگەیەنێت. لایەنە زیان بەخشەکانی ترس ئەوانەن کە ئیفلیجمان دەکەن . کاتێك ئێمە جوڵە نەکەین هیچ شتێکمان پێ ناکرێت. ئۆتۆماتیکی دەڵێین 'نەخێر' بەو هەلانەی دێنە بەردەستمان تەنانەت بەبێ ئەوەی بیریشی لێ بکەینەوە. هەموو ئەوەی دەتوانین بیبینین ئەو شتانەن کە خراپن و بەهەڵەدا دەڕۆن. ئێمە دەتوانین تەواوی ئەو هۆکارانە بڵێین کە بۆچی سەرمایەگوزاری خراپە، زیاندارە،وە سەودایەکی ناژیرانەیە کە بکرێت . لە ترسی ئەنجامدانی هەڵە و لەدەستدانی پارە سەردەکێشێت بۆ نائومێدی کەسی.

کەواتە بۆچی ڕێگە دەدەین ترس بمان وەستێنێت؟ ئەو دوو هۆکارەی بۆچی ئەمە ڕوودەدات ئەمانەن:

"من خەریکە بمرم"

یەکێك لەو ئەرکەکانی مێشك ناوەندی ترسە کە ئاگادارمان دەکاتەوە لەو دۆخانەی هەڕەشەن بۆسەر ژیانمان. هەرچەندە مێشك زۆر جار شتێك وەك مەترسی بۆ سەر ژیانت دادەنێت، کە وانییە. بۆ نمونە، ئەمە مێشکی کەسێکە دەدوێت،" سەرمایەگوزاری زیاندارە! من پارە لە دەست دەدەم! ئەی چی دەبێت ئەگەر نەتوانم قەرزەکانم بدەم؟ چیدەبێت ئەگەر نەتوانم بارمتەی خانووبەرەم بدەم؟ بانك خانوەکەم دادەخات؟

پاشان من بێ ماڵ دەبم! دەکەومە سورشەقامەکان! ئۆۆو خوایە، من خەریکە بمرم!

وایە! ئەو هەموو قسەیە. کەچی ئەوە جۆرە فێڵێکە کە مێشکت دەیکات. ئایای هەر بەڕاست دەمریت ئەگەر یەك سەرمایەگوزاری بکەیت؟ بێگومان نەخێر. بەڵام هەندێجار ئەو وەڵامە ئۆتۆماتیکی و نا ژیرانەیە ژیانمان بەڕێوەدەبات. کاتێك هەستت بەم ترسە لەناوبەرە کرد وادابنێ کە سەیری دەرفەتێکی سەرمایەگوزاری نوێ و نامۆ دەکەیت، سەرەتا ئەوە بەخۆت بڵێ، ئەمە دۆخێکە جێی مەترسی نییە بۆ ژیانم ئەمە خۆ یاری ئەنجامی بدە یان دەمریت نییە. دووەمیش بەشێوەیەکی کرداری بیر لە باشی و خراپیەکانی بکەوە، سودەکانی چین؟ زیانەکانی چین؟ چۆن دەتوانیت زیانەکانی کەم بکەیتەوە؟ بەدەبڕینێکیتر، بیرکردنەوە نا ماقوڵ و کارتێکراوەکەت بخەرە لاوە.

## ترس وەك بەهانەیەك

دووەم کاریگەرترین هۆکار کە ترس جڵەگیرت دەکات ئەوەیە کاتێك ترست بۆ دروست بوو وا ئاسانترە کە ڕووبەڕووی نەبیتەوە. کاتێك ئێمە ڕووبەووی شتێکی نەزانراو دەبینەوە ، شتێك کە ڕکابەریمان دەکات و فشارمان بۆ دروست دەکات، زۆر نائاسودە دەبین. ئاسانترین شتیش کە ئەنجامی بدەیت ئەوەیە هیچ نەکەیت. بۆ نمونە، ئایا هەرگیز ناچار بویتە لەناو خەڵکیدا وتار بدەیت؟ شارەزاییان دەڵێن ترسی یەکەمینی مرۆڤ قسەکردنە بۆ کۆمەڵێك خەڵك. ئەگەر تۆش ئەو ترسەت هەیە، ئاسانترین کارێك بیکەیت ئەوەیە ڕووبەڕووی ئەو ترسە نەبیتەوە و وتارکە پێشکەش نەکەیت. قورسترین کاریش ڕووبەڕووبونەوەی ترسەکەیە. دەبێت وتارەکە

بنوسیت و مەشقی لەسەر بکەیت وە بەژداری خولێکی وتاردانی گشتی بکەیت تا زیاتر مەشق بکەیت و لە کۆتایدا هەنگاو بنێیت بەرەو سەر ستەیج . بە تێپەڕبون بەوو پرۆسەیەدا گەشە دەسێنیت،بەڵێ دوورکەوتنەوەشی لاوازتر دەبیت. دەتوانیت ئێستا بیر لە یەك شت بکەیتەوە کە دەزانیت ئەگەر ئەنجامی بدەیت، ئەگەرچی ناخۆش و مەترسیدارە،ژیانت باشتر وخۆشتر دەکات لەبەر ئەوەی پێیدا گوزەرت کردووە؟ (لەوانەیە ئەوە کرینی یەکەمین موڵکی سەرمایەگوزاریت بێت).

ئەمە کاتێکە کە ترسەکەت یان ئەوەتا پاڵت دەنێت بەرەوپێش یاخود دەبێتە بیانویەك تا هیچ نەکەیت. لێرەدا تۆ بڕیاردەدەیت کە ئەنجامی بدەیت و ڕووبەڕووی ترسەکەت ببیتەوە یاخود دەکشێیتەوە و دەستەوەستان دەبیت و لەو شوێنەی کە هەیت دەمێنیتەوە. لە ڕاستیدا ئێمە هەرگیز بەو شێوەیە نامێنینەوە کە هەین، یان ئەوەتا بەرەوپێش دەچین یاخود دەکشێینەوە . بەهۆی ئەوەی جیهان لە جوڵەی بەردەوامدایە. ئەو بڕیارانەی دەیدەین یان ئەوەتا ژیانمان بەرفراوانتر دەکات یانیش ژیانمان سەراوژێردەکات. وای بۆناچم ئەگەرێکیتر لە و بەینەدا هەبێت.

ترس وەك سەرمایەیەك

ترس دەتوانێت باشترین سەرمایە بێت کە هەمانە. هەرکاتێم ترس دەرکەوت، وە تۆ بۆت ڕوون بۆیەوە هەڕەشە نییە بۆسەر ژیانت، مانای وایە هەلێکت بۆ ڕەخساوە بەروپێش بچیت ژیانت باشتر بکەیت. ئەمەش بەزۆری لەڕێی ئەم پرۆسە ئاڵۆزەوە دەبێت کە زیاد لەهەر شتێك

بەرەوپێشمان دەبات. وە کاتێك پێیدا تێدەپەڕیت شادی بەخشە! تۆ هەمان ئەوکەسەی پێش پڕۆسەکە نابیت.

بەم جۆرە بیری لێ بکەرەوە: ترس هۆکارێکە بۆ بەرەوپێش چوونم. لەجیاتی ئەوەی لە ترس هەڵبێیت ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی بکە و بزانە کە هەنگاوی دواتریشت بۆ دەرکەوتوە بۆ گەشەسەندن.... مادام وایە هەوڵ بدە لەدەستی نەدەیت.

ڕالف والدۆ ئێمیرسن بەم وتەیەی ژیانمی گۆڕیت:

"هەرکەسێك هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕووی ترس نەبێتەوە فێری نهێنی ژیان نابێت"

دوو جۆرەکەی ئازار

ناخۆشترین قسە کە دەیبیستم لەخەڵکی کاتێك زیاتر دەچن بەساڵدا ئەوەیە، "خۆزگە دەمتوانی.......(بۆشاییەکە پڕ بکەرەوە)، خۆزگە فلان شتم دەکرد............(بۆشیاییەکە پڕ بکەرەوە)".

ئەوان دەیانزانی شتانێکی زیاتر بۆیان لە ئارا دایە بەڵام بەگشتی بەهۆی ترسەوە خۆیان لێی دوورگرتوە. ترسەکە ڕەنگە ترسی شکستبێت یان ترسی ئەوەی ڕەنگە شتێکی باشتریان بێتە پێش یان ترسی لەدەستدان و ترسی ئەوەی سوکایەتیان پێبکرێت. ترەسەکە هەرچی بێت، بەهێزتر بووە لە دەرفەتی هەبوونی ژیانێکی ئارامتر و خۆشتر و بەدیهێنەری ویستەکان. گوێم لێ بوو ئانتۆنی ڕۆبنس کە وتاربێژێکی بواری هاندانە، لەسەر ستەیجەوە وتی، " دوو جۆر ئازار هەیە" ئازاری شکست و ئاواری پەشیمانی".

من هەموو ڕۆژێك ئازاری شكستم هەڵبژارد. بۆ من، ئازاری پەشیمانی خراپترین سزایەكە توشی خۆمی بكەم. دەزانم كاتێك واز دەهێنم. خراپترین ئاستیش ئەوكاتەبوو كە وازم دەهێنا كاتێك هەڵبژاردنێكی نوێم دەهاتە پێش. من ترسنۆكیم هەڵبژارد لەجێی ورە بەرزی. پێویست ناكات كەس پێم بڵێت كاتێك خۆم نەچوومە بەو لایەدا، من زۆر باش وریای ئەو ساتانەم وە كاتێك بیر لە ڕابردوو دەكەمەوە دەبینم ئازاری پەشیمانی زۆر كوشندەتر دەبوو.

لای زۆرێك لە ئافرەتان پەشیمانیان لە وازهێنانی پیشەكەیانە، بۆ ئەوانیتریش، ڕێگە نەدانە بە پیشەكەیان تا ببێتە بەربەست لەنێوان پیشە و خێزانەكەیاندا. شێوازی كۆنی پەشیمانیش لە مانەوە لە پەیوەندی یان هاوسەرگیرییەكی نەخوازراودایە لەبەر ئەوەی ئاوها بۆیان ئاسانترە و ئاسودە بەخشترە.

یەكێك لەو پەشیمانیانەی بەهیوام هیچ كەسێك نەیبێت. پەشیمانی فەرامۆشكردنی بەرژەوەندیە داراییەكان و ڕێگە دان بەكەسانیترە تا بڕیار بدات چی شتێك بۆمان باشترە. گومانی تیا نییە ئەنجامدانی گۆڕانكاری دیار لە ژیانماندا بوێری دەوێت. بوێری دەوێت بەرامبەر نەزانراوەكان بوەستین. هەواڵە باشەكە ئەوەیە هەركاتێك بوێری بەسەر ترسنۆكیدا هەڵبژێریت دەبیەیەتەوە. چونكە بوونی خۆمان فراوان دەكەین بەمجۆرە هیچ پەشیمانییەك لە ئارادا نابێت.

**ساتەوەختی بوێری**

گومانی تێدا نییە هەر یەكێكمان دەتوانین ساتە وەختێكی چاونەترسی بهێنینەوە یادمان كە بەسەر خۆمان یان كەسێكیتر هاتووە.ئەمە منی

خستەوە بیر یادەوەرییەکی کۆن ، لە ڕۆژانی پشوودا بوو کچێکی ٧ ساڵانم بینی خۆی ئامادە دەکرد، لەسەر بۆردێکی بەرزی مەلەوە لەسەروی حەوزێکی مەلەوانی بۆ یەکەمجار باز بدات. سەیرم دەکرد کاتێک بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوت، توند خۆی بە کۆڵەگەکانەوە دەگرت. چووە سەر لێواری تەختەکە. هیچ شتێکیتری لێ نەبوو. لەوێدا وەستابوو، چاوی بڕیبوە شتێك کە بۆ ئەو وادەردەکەوێت کۆتای نەیات. پاشان یەکەم هەنگاوی بەرەو پێشەوە نا، هێشتاش توند خۆی بە کۆڵەگەکەوە گرتبوو. ئێستا هیچ کۆڵەگەیەکی لێ نەبوو تەنها خۆیەتی لەگەڵ تەختە و ئاوەکەی خوارەوە کە وایێ دەچوو چەندین میل دووربێت.

زۆر بە دوودڵی بەرەو کۆتای تەختەکە ڕۆیش قاچەکانی کەمێك دەلەرزین. پاشان ساتەوەختی ڕاستی هاتە پێش - یان دەبوو ئەو بازە گەورە و ترسناکە بدات بەرەو ناو ئاوەکە یاخود بگەڕێتە دواوەو بەسەر پلیکانەکاندا بچێتە خوارەوە و بڵێت، "ناتوانم ئەنجامی بدەم".

ئەو بۆ چەند ساتێکیتریش وەستا و پاشان بەتەواوی ورە بەرزیەوە مەلەوانی ئەنجامی بدات، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، چاوی داخست و لەسەر تەختەکە بازی دا بۆ شوێنێکی نەزانراو. کاتێك کەوتە ناو ئاوەکەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدا. وەختێك سەری لەناو ئاوەکە دەرهێنا زەردەخەنەیەکی گەورە و پرشنگدار لەسەر ڕووخساری هەبوو، هاواریکرد، "ئەنجامم دا"، "ئەنجامم دا"، ئەو زۆر دڵشاد بوو! پێشتر تا ڕادەی مەرگ ترسا بەڵام توانیتی ئەنجامی بدات،ەی دواتر چی دەکات؟ دووبارە بەسەر ئەو پلیکانانەدا سەردەکەوێت و لەسەر ئەو تەختە بەرزەی بازداتەوە دووبارە و دووبارە بازدەداتەوە. ئەو کچە ٧ ساڵانەی

بەراستی لەگەڵ من و تۆیا جیاوازی نییە، تەنیا ڕەنگە بار و دۆخەکە جیاوازبێت، بەڵام سەختی ترس و تۆقان پێش بڕیاردانی بازدان یان بازنەدان جا بۆ ناو حەزێك بێت یاخود سەرکەشیەکی نوێ.

چۆن بەسەر ترسمدا زاڵ بم؟

کاتێك دێتە سەر باسی سەرمایەگوزاری بەزۆری ئێمە بەرەو ناوچەیەکی نادیار هەنگاو دەنێین. بۆ زۆرێکمان ئەنجامدانیکارێکە هەرگیز پێشتر ئەنجاممان نەداوە. شەرت نییە ئەزموونمام هەبێت، وە ڕێشی تێ ناچێت وەڵامی هەموو پسیارەکانمان لابێت. هیچ سەرمایەگوزارێك ناناسم کە وابوبێت. بۆیە ڕێگای فێربوون سەختە، ئەگەری هەڵەکردنیش زۆرە. وە ئێمە یاری بە پارەی ڕاستەقینە دەکەین، کە ئەمەش زۆرجار وا دەکات کاردانەوەیەکی زۆرمان هەبێت بەرامبەر ڕێساکان.

ترسەکانمان لە چەندین شێوەدا دەکرێت دەربکەون. دەکرێت ترسی لە دەستدانی پارە بێت. لەوانەشە ترسی هەڵەکردن بێت( ئەمە بەڕاستی شیاوی ئەوە نییە لێی بترسیت، چونکە پێشوەختە پێت وتراوە هەڵە دەکەیت، یاخود ڕەنگە وەك من بیستبێتت کە گەورەترین ترسی ئافرەت ئەوەیە لە کۆتای دا وای لێبێت ببێت بە ئافرەتێکی کۆڵ گێڕی سەر شەقام بە شکستخواردوی و نائومێدی. ئەگەر سەیری ئامارەکانت کردبێت دەربارەی ئافرەتە بەتەمەنەکان و پارەکانیان، دەکرێت تاڕادەیەك ترس بێتە پاساو. هەرچی بێت ترسەکە دەبێت دانی پێدابنرێت کە بوونی هەیە).

یەکێك لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی ترس بەبێ گومان فێربوون و ئەزمونە. هەرچەند زیاتر بزنیت و فێرببیت دەربارەی سەرمایەگوزاریەکەت ، زیاتر

بە متمانە بەخۆ بونەوە بڕیاردەدەیت ، دەبیتە خاوەن سەرمایەگوزاری زیاتر. وە خۆشت زیاتر دڵنیای کەسی بەدەست دەهێنیت و شارەزا دەبیت.

لە ئەنجامدا ترس ڕۆڵێکی کەمتری دەبێت لەهەر سەرمایەگوزاریەکتدا.

ئەزمونێکی گۆڕینی ژیان

زۆربەمان توشی ترس دەبین گەرچی زۆریش سامناک نەبێت بەگوێرەی گۆڕانی کاتەکان. ئەی چۆن بەسەریدا زاڵ ببین؟ بەژداریم کرد لە کۆرسێکی دەرەکی چۆنییەتی بەردەوامی دان بە ژیان چەند ساڵێك پێش ئێستا. تەواوی کۆرسکە دەربارەی چارەسەرکردنی ترس بوو. لە یەکێك لە چالاکیەکاندا دەبوو بەسەر ستونێکی دارینـدا سەربکەوم، کە هاوشێوەی بورجەکانی تەلەفۆن بوو، لەسەر لێواری ستونەکە وەستابووم بەبێ بەکارهێنانی دەستەکانم پاشان بازمـدا و خۆمبەتەنافێکـدا هەڵواسیت. بەردەوام پێم وابوو ترسناکترین بەشی خۆبازدانە بەرەو تەنافەکە. بەڵام وانەبوو. کاتێك بەسەر ستونەکەدا سەرکەوتم و هەر پلیکانەیەکم دەبڕیت بەخۆم دەوت،" ئەمە زۆر ناخۆشیش نییە". پاشان کاتێك گەیشتمە کۆتا پلیکانە، کە مانای وابوو تەنیا شوێنێك بتوانم دەستی پێوەبگرم لوتکە تەختەکەی ستونەکە بوو کە تیرەکەی نزیکەی ١٢ ئینج بوو . خەریك بوو بتۆقم لە تێسا. ئێستا هەردوو دەستم لەسەر لوتکەی لێواری ستونەکەیە و پێیەکانیشم لەسەر پەیژەکانی خوارەوە بوو. ترسناکترین بەشی ئەم مەشقە ئەوەبوو کاتێك دەبوو بەبەێ بەکارهێنانی دەستەکانم پێیەکانم لەسەر پلیکانەکان لابەرم و بەسەر

ستونەکەدا بازبدەم. لەوێدا وشك ببوم. ماوەیکی زۆر بوو کە لەو شوێنە گیرسابوومەوە، لە کۆتاییدا ڕێنماییکارەکە بانگی کردم ،"چی بووە؟"

لێم پرسی،" چۆن بەسەر ترسەکەمدا زاڵ بم؟"

گەڕایەوە وتی،"ئەمە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ترس نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە فێرببیت چۆن دەست بەسەر ترسەکەتدا بگریت کاتێك بۆت دێتە پێش. تەنیا هەنگاوی دواتر بنێ."

دەبێت پێتان بڵێم لەو کاتەدا هەموو توانای خۆمم خستەکار تا یەکێك لە پێیەکانم بگەیەنمە سەر ستونەکە و پاشان پێیەکەی تریشم بجوڵێنم و بیخەمە تەنیشت ئەویتریان. لەسەر ئەو ڕووتەختە بچوکودا وەستام کە بە زەحمەتیەکی زۆر جێاگای هەردوو پێمی تێداد دەبۆیەوە کە دەستەکانم درێژکردبوو بۆ پارەی‌زگاری کردن لە هاوسەنگی . وابیرم کردەوە ئەنجامم داوە. پاشان ترسی ژمار دووم هاتە کایە. ئێستا دەبوو بەڕاست و ڕێکی بازبدەم، ئامانجەکە گرتنی ئەو تەنافە بوو کە ٦ پێیەك لەپێشمەوە بوو. ئەوەی ڕێنمایکارەکە پێی وتم دووبارەم دەکردەوە، "دەبێت دەست بەسەر ترسەکەتدا بگریت. تەنها هەنگاوی دواتر بنێ".

بەو پێویەی هەناسەیەکی قوڵ و دووروو درێژم هەڵکێشا و لەسەر ستونەکەوە بازم دا لە هەوادا و دەستم بەتەنافەکەوە گرت. کاتێك بەرەو زەوی شۆڕیان دەکردمەوە جەستەم لە کاتی دەستپێکردن زیاتر دەلەرزیت. ڕێنمایکارەکەم هاتە سەرەوە بۆلام و پرسی،" لە وانەکە تێگەیشتیت؟" بەهەموو خانەکانی جەستەمەوە وانەکەم وەرگرت.

ڕووبەڕوو بونەوەی ترسی یەکەمین سەرمایەگوزاریم

ئایا کاتێك لەناو ئۆفیسی کۆمپانیای بریکاری دڵنیای وەرەقەکان لەبەر دەستمدا بوون و ئامادەی واژووکردنی یەکەمین موڵکی تاپۆی بەکرێدانم بووم لە ترسێکی زۆردا بووم؟ من تۆقیبووم لە ساڵی ١٩٩٨ رۆبێرت وەك رێنمایکارێك وانەی بەردەوامیدان بە ژیان پێی وتم، "کیم ، ئێستا کاتی ئەوەی هاتووە دەست بکەیت سەرمایەگوزاری".

بە واق ورماوی پرسیم، "سەرمایەگوزاری؟ مەبەستت چییە لە سەرمایەگوزاری؟"

رۆبێرت بە کورتی هەندێك لە بنەماکانی باوکی دەوڵەمەندی بۆ روون کردمەوە دەربارەی سەرمایەگوزاری و خانووبەرە. پاشان وتی، " ئێستا لەسەر خۆتە کە ئەنجامی بدەیت".

بیرم کردەوە، "ئۆو، نا! ئەو دەیەوێت دووبارە سەرم بخاتەوە بەسەر ستونەکەدا!"

بەم شێوەیە فێربوونی سەرمایەگوزاریم دەستی پێکرد.

ئەو پێشنیارەی رۆبێرت بۆی کردم ئەوەبوو، " دەروودراوسێ بگەڕێ".
منیش هەر وام کرد. چەند کۆڵانێك لەولای ئەو شوێنەی لێی دەژیاین،ئۆستمۆرلاند، نزیك پۆرتلاند،ئۆرگن، شوێنێکی لێ بوو بەناوی وێست مۆرلاند کە کۆمەڵگەیەکی زۆر جوان بوو، چەندین خانووی بچوکی جوانی لێ بوو کە حەوشە و داڵانی هەبوو. ناوپەکە بە باخ دەوردرابوون. بەهۆی دوکانە کۆن و رێستۆرانتەکانی زیاتر بە شارێکی کۆن دەچێت.
بۆ ئەوەی زۆر درێژەی نەدەمێ، خانوویەکی خۆشی دوو ژووری نوستنی و یەك گەرماوم دۆزیەوە کە بۆ فرۆشتن بوو باخچەیەکی پێشەیوەی جوان و گەراجێکی جیاشی هەبوو. تەنانەت وێنەیەکی جوانی ئاسنی پەپولە

لەسەرووی پێشەوەی خانوەکەدا هەبوو. زۆر نایاب بوو. نرخی خانوەکە ٤٥,٠٠٠ $ بوو، دەبوو ٥,٠٠٠ $ دابنێم. دوای تەواوی لێکدانەوەکانم بۆم دەرکەوت من نزیکەی ٥٠ $ بۆ ١٠٠ $ پارەی کاشی مانگانەم دێتە دەست. ئەم پارە نەقدیە هەڵهێنجراوە بە کۆکردنەوەی کرێ دەبێت لەنیشتەجێیانی ناوی، دەبوو پارەی پسولەکانم بدەم( وەك باج، خزمەتگوزاری، ئاو...هتد). من پارەی قەرزی خانووبەرەم دەدا، وە ئەو پارەیەی دەمایەوە پارە نەقدیە دەستکەوتوەکەم دەبوو کە ڕاستەوخۆ دەهاتە گیرفانی خۆمەوە.

بەهۆی ئەوەی ئەمە یەکەمین ڕێکەوتنی خانوبەرەم بوو نەمدەزانینت بەتەواوەتی خەریکم چی دەکە هەموو شتێکم ٣ بۆ ٤ جار لێك دایەوە، سەقفەکەی، سیستەمی بۆڕی، نەخشەی خانوەکە، باج، بیمە و هەشتێکی تری پەیوەندیدار پێوەی. لەگەڵ چەند بەڕێوەبەرێکی موڵکداریدا قسەمکرد تا بزانم ئەم موڵکە چۆن بەکرێ دەدرێت. من چوومە سەر ڕێگاکەم. بەلاّم هێشتاش کاتێك هاتە سەر ئەوەی وەرقەکانی واژووبکەم لە کۆمپانیای بریکاری موڵکی دەبوو من ٥,٠٠٠ $ دابنێم، دەستەکانم لەترسدا دەلەرزیت. هەمووکاری ماڵەوەم ببو بەم موڵکە. جارێك سود و جارێك زیانەکانیم لێکدەدایەوە. سێ جار تەواوی ژمارەکانم لێکدایەوە. باشە کەواتە بۆ هێند ترسابووم؟ بەردەوام بەخۆمم دەوت، "تەنها هەنگاوی دواتر بنێ".

ئەمە یەکەمین سەرمایەگوزاری خانووبەرەم بوو تەنها نەمدەزانی ئایا شیکردنەوەکانم هەموو دروستن. باشترینی ئەوەی دەمتوانیت ئەنجامم دا تا ڕێکی بخەم. بیرم دەکردەوە،" بەلاّم ئەی ئەگەر هەڵەم کردبێت؟"

،"ئەی ئەگەر لە ڕێکخستنی ژمارەکاندا لێم تێك چووبێت؟"، "ئەی ئەگەر ئەوەی هەموو مانگێك پارەم دەستکەوێت، پارە لەدەست بدەم؟"، "ئەی ئەگەر ٥,٠٠٠$ لە دەست بدەم؟" تەواوی ئەو بیرکردنەوانە لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون کاتێك لەسەر مێزەکە دانیشتبووم، ٥,٠٠٠$ دەرهێنا و دەمویست ڕادەستی بکەم، بەخۆمم وت،" ڕەنگە پێویست بێت ئەم ڕێککەوتنە پاشگازبیمەوە، ئەوە ئاسانترین کارێکە بیکەم، ڕەنگە پێویست بێت زیاتر فێرببم لەسەر خانووبەرە پێش ئەوەی شتێك بکڕم. ئەی ئەگەر ئەمە گرێبەستێکی باشە بۆچی هەموان بۆی نایەن؟" هەموو ئەو بیرانە بە هۆکارێکی باش دەهاتنە پێش چاوتا لە ڕێکەوتنەکە بێمە دەر. چەندین کەس هەن کە بڕیاری وازهێنانم بەرز دەنرخێنن لەم دۆخەدا. بەڵام بەخۆمم وت،" تۆ هەرچەندی کە پێتکرا توێژینەوەت لەسەر ئەم موڵکە کرد. بەگوێرەی ئەوەی بۆت دەرکەوتوە شتێکی باشە. ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە ئەنجام نەدەیت هەرگیز ناتوانیت لە خانوبەرەدا سەرمایەگوزاری بکەیت، یان ئێستا یان هەرگیز. باز بدە و تەنافەکە بگرە. بەم شێوەیە پەڕاوە حیسابیە بانکێکانم واژووکرد، چەکی پارەکەم وەرگێرا و پێشەکییەکەم دا، وە من شانازیم بەخۆم دەکرد وەك خاوەنی یەکەمین سەرمایەگوزاری موڵکداریم.

ئایا من بەهەڵەدا چووم؟ بەڵێ. ئایا هەڵەکە پارەی لێ بەفڕۆدام؟ بەڵێ. ئایا ژمارەکانم وەك ئەوەی پلانم بۆ دانابوو داست دەرچوو؟ نەخێر. ئایا ئەمە باشترین سەرمایەگوزاریم بوو؟ بەڵێ بێگومان. ئەوە یەکەمین سەرمایەگزاریم بوو ،لە هەنگاوی دەستپێکردن ڕزگارم بوو. یەکەمین دەروازەی بەڕووی چون بەرەو سەرمایەگوزاری زیاتر و زیاتردا کردەوە.

ئایا من لە واژووکردنی گرێبەستی دواتر دواتردا ترسام؟ بەڵێ. لە ڕاستیا واژووکردنی خانویەکی تاپۆی بەکرێدانم بۆ هاتە پێش خەریك بو لە ترسابگریم، چونکە دڵنیا بووم نرخی موڵکەکە دادەبەزێت. بەوەشدا تێپەڕیتم. وە لەگەڵ هەر سەرمایەگوزاریەکی نوێدا بڕێك زیاتر و زیاتر فێریووم . کەمێك لێهاتووتربووم، شارەزایی زیاترم بەدەست دەهێنا. بەڵێ ئەمە ئەو پرۆسەیە یەك هەنگاوی لە کاتێکدا دەنرێت. لە بەندی ۲۰ دا ئەو سەرمایەگوزاریانەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە کە لە ٩٥٪ ی ترسەکانمی لابرد بۆ هەمیشە، وە چۆن وابوو. ئەوە یەکێکە لەوانە گەورەکانی ژیانم

## چیرۆکی سەرمایەدارێك - "گرتنەبەری ئەو هەنگاوەی دواتر"

ئەمەی دێت چیرۆکی هاندەرە لە خانمێکە کە ڕووبەڕووی ترسی بۆیەوە لە یەکەمین سەرمایەگوزاری موڵکداریدا. لە ئەنجامدا ئێستا سەرمایەدارێکی دڵخۆش و سەرکەوتوە.

## چیرۆکی ڤێدا

من و مێردەکەم خاوەنی چەند کارێکی بچوك بوین. زۆر بەخێرای دەڕۆیشتین بەڵام بەهیچ کوێ نەدەگەیشتین. لە ڕاستیدا هەر مانگێك زیاتر بە پشتدا دەگەڕاینەوە.

من تەمەنم ٤٧ ساڵ بوو وە دوو منداڵم لە کۆلێژبوو وە سێ منداڵیشم لە ماڵەوە بوون. دۆزینەوەیکات بۆ خوێندنەوە و شارەزابوون و گەڕان بەدوای خانووبەرەی گونجاودا کارێکی قورس بوو. بەهەر شێوەیەك بێت کاتم ڕەخساند چونکە دەمزانی ئەمە چەند گرینگە بۆ من و خێزانەکەم. مێردەکەم زۆر پشتیوانی دەکردم، وە ئێمە چێژمان لە فێربونمان

دەبینیت پێکەوە. بڕیارماندا من لێکۆڵینەوە لەسەر خانوبەرە دەکەم لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵینەوە لە جۆرێکیتری سەرمایەگوزاری بکات وەك پشکەکان.

مۆرکردنی پەڕاوی موڵکداری یەکەمین سەرمایەگوزارین بەرپرسیارەتیەکی گەورە بوو لەسەرم. تەواوی پاشەکەوتەکان دەبوو دابنێین بۆ کڕینی بینایەکی چەند نهۆمی ، وە من تاڕادەی مەرگ ترسام. لەوکاتادا خەریم بوو ڕام بگۆڕم دەربارەی ئەنجامدانی ئەو کارە. گومانی تێدا نییە لە گرێبەستەکە دەکشامەوە ئەگەر هاندانی چەند کەسانێکی متمانەپێکراوی دەورووبەرم نەبوایە.

دەبوو بەردەوام بەبیری خۆمی بهێنمەوە کە بڕێکی زۆر پارە و کاتم تەرخانکردووە بۆ فێربوونی دارایی لەو چەند ساڵی پێشوودا وە ئێستا دەزانم خەریکم چی دەکەم. ئەمەم چەندین جار بۆ خۆم دووبار کردەوە. بۆ کردنەدەرەوەی ئەو دەنگەی بەردەوام هاوارم بەسەردا دەکات و دەڵێت کە نازانم خەریکم چی کارێکی نەفرەتی دەکەم و چۆن دەتوانم بیر لەوە بکەمەوە ئەمە سەر بگرێت بەتایبەتیش کە من تەواوی پارەی خێزانەکەم لەدەست دەدەم...هتد.

ئێستا کە بیر لەو کات دەکەمەوە پێدەکەنم، ئەوەش هەستێکی نایابە. من گرێبەستەکەم ئەنجام دا و موڵکەکە پڕە لە کرێچی و پارەیەکی نەقدی باشم بۆ بەدەست دەخات. من بەردەوام بووم و دەبم لەسەر فێربون و کڕینی موڵکی سەرمایەگوزاری زیاتر. من تا دێت لێهاتوتر دەبم و زیاتر متمانەم بەخۆم دەبێت و زیاتریش دڵشاد دەبم."

بەندی یازدەهەم

# تا چەند سامانداریت؟

---

ئافرەت هەمیشە پشت بەستوو دەبێت

بەکەسانیتر تاوەکو جزدانی تایبەت بەخۆی نەبێت.

"ئیلیزابێس کاری ستانتن"

---

بەیانییەك ئیمەیڵەکەم کردەوە، ناونیشانێکم بەرچاو کەوت بۆ ماوەیەك بوو نەم بینی بوو. پەیامی ئیمەیڵەکە بەم شێوەیە بوو،

"سڵاو کیم! ئەوە منم جەنیس! من سبەی لە بۆنیکس دەبم بەبڕیارێکی لەناکاو گەشتێکی یەك ڕۆژیم هەیە. دەتوانیت بۆ خوانێکی نیوەڕۆی خێرا چاوم پێت بکەوێت؟ دەت بینمەوە! جەنیس."

وەڵامم دایەوە،"سڵاو جەنیس، بەیانی زۆر باشە دەبێت. منیش حەز دەکەم بتبینم و بزانم خەریکی چی بویت. خۆشەویستیم بۆت. کیم."

لەسەر کات وشوێن ڕێککەوتین.

لەدواین ئیمەیڵدا جەنیس بەخۆشحاڵیەوە نوسی بووی،"کیم من زۆر بیرم لەوە کردەوە کە لە نیویۆرك قسەمان لەسەر یکرد. خەریکە تا دێت زیاتر لێی تێدەگەم، بەتایبەتی کە دەبێت هەموو ڕۆژێك دووبارە لەسەر کاریم.بە پەرۆشم تا زیاتر لەسەری قسە بکەین. سبەی دەتبینمەوە. خوات لەگەڵ . جەنیس" .

ڕۆژی دواتر زانیم کە دەبێت بەڕاستی پەرۆش بێت بۆ قسەکردن چونکە بۆ یەکەمین جار کە لەبیرم بێت جەنیس لەسەرمێزێکدانیشتبوو کاتێك کە من چوومە ژوورەوە. ئەو زوو گەیشتبوو! کاتێگ لە مێزەکە نزیك بوومەوە خوا حافیزی لە کەسێك دەکرد بە تەلەفۆن.

هەستایە سەر پێ و باوەشێکی گەرممان لە یەکتری دا. پێکەینت وتی،" تۆ زۆر قەشەنگ دەردەکەویت."

وتم،"زۆرم پێ خۆش بوو کە پەیوەندیت کرد. بێگومان تۆش وەك هەمیشە بێ وێنە دەردەکەویت."

لەو ساتە بەدواوە خوانەکە شپرزبوو. بۆماوەی نزکمەی کاتژمێرێك بۆ وەستان قسەمان کرد. دەزانم شتێکمان خوارد ، بەلأم ئامانجی یەکتر بینینەکە خواردن نەبوو.

دەستم کرد بە قسە وتم،" پێم بڵێ چی ڕوودەدات؟"

"پارە من بەڕێوە دەبات!"

جەنیس بە شێواوی وتی،" لەوکاتەوەی دواجار یەکمان بینیوە مێشکم گێژ و ئاڵۆز بووە. بێگومان هەموویم بە ئەنجام نەگەیاند ، بەلأم خەریکە تێدەگەم کە ژیانم چۆن دەبوو ئەگەر پار هۆکار نەبوایە. هەرگیز درکم بەوە نەکردووە کە ئایا چەندی بڕیارەکانم تەنها بۆ ئەوەبووە پارەی زیاتر بەدەست بهێنم لەبری ئەوەی چی باشترینە بۆ کارەکەم."

بەردەوامی پێدا،" بۆ نمونە، هەفتەی پێشوو بڕیارێکم هاتە پێش. دوو بۆنە هەبوو تا بەژداری تێدا بکەم بەلأم هەردووکی لەهەمان ڕۆژدا بوو؛ بۆیە دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرم. یەکێکیان دەربارەی کاری دەزگای تۆڕی و ڕۆژێکی فێرکاری بوو لەگەڵ چەند کەسانێکی پلە بەرزی پیشەسازی

تاك فرۆشی. ئەمە ئەو بەرنامەیە بوو خۆم دەمویست بەژداری تێدابکە ئەویتریان نمایشێکی بچوکی بازرگانی بوو کە دەمتوانیت بەرهەمەکانی لێ بفرۆشم."

بە ئارەزوو مەندی وتم،" پێم بڵێ چیت کرد؟"

وتی،" ئەو بڕیاری کە دام ئەوە نەبوو کە چی شتێك زۆر باش دەبێت بۆ ئامانجی ماوە درێژی کارەکەم". دوودڵ بوو لە وتنی ،"بڕیارەکەم بۆ ئەوەبوو چی شتێك ئەمڕۆ پارەی زیاترم دەست دەخات. بۆیە نمایشە بازرگانییەکەم هەڵبژارد".

خێرا وتم،" ئەی دواتر؟"

جەنیس بەردەوام بوو،" نمایشەبازرگانییەکە بەتەواوی کات بەفیڕۆ دان بوو. بڕێکی زۆر کەمم فرۆشت. ئەوانەی بەژداربوون کڕیاری من نەبوون. وە من خۆشیم لێی نەبینیت. لەجیاتی ئەوە دەمتوانیت بەژداری ئەو بەرنامە یەك ڕۆژیە بکەم کە دواتر زانیم دەمتوانیت چاوم بە دوو پاڵەوان بازرگانیم بکەوێت و پرسیاریات لێ بکەم، کە ڕانەگەیەنرابوو لەوێ دەبن. ئەو هاوڕێیانەم کە چووبون بەژداریان کردبوو زۆر بەباش ی باسیان دەکرد. وام هەستکرد دەمتوانیت زۆر شت فێرببم کە زۆر باش دەبوو بۆ گەشەسەندنی داهاتووی کۆمپانیاکەم. بەلآم من چووم بەلای دەستکەوتێکی کورت و کەمدا".

وتم،"وانەیەکی زۆر باش بوو".

وتی ،" دووبارە ئەمانە وردەشتانێکی نمونەی ئەوەن کە دەڵێم ژیانم چۆن دەبوو ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانەی دەمکردن پشتی بەوە نەبستایە لەم ڕۆدا چەند پارە قازانج دەکەم. ئەوەی لەم ڕۆدا دەمەوێت پێی بگەم

ئەوەیە ئەگەر بمزانیایە کە خەرجیەکانی ژیانم پڕدەبێتەوە و پشت بەکارەکەم نا بەستێت ئەوا کارەکەشم زۆر چێژ بەشتر دەبوو. چونکە بڕیارانێکم دەدا کە بۆ ئامانجی درێژخایەنی کارەکەم و ژیانم سودی دەبوو".

وتی،" دوێنی نانی بەیانیم لەگەڵ خانمێکدا بۆ هاتە پێش کە خەریکی ئەنجامدانی کارێکە من لە ماوەی ٢ ساڵی داهاتوودا دەمەوێت خەریکی ئەنجامدانی ببم. لەجیاتی ئەوە چیم کرد؟ چاوپێکەوتنێکم کرد لە گەڵ سێ فرۆشیاری خۆمدا چونکە مانگی پێشوو ئاستی فرۆشمان نزم بوو. ئێستا دەزانم کە ئەو چاوپێکەوتنی فرۆشیارانە گرینگ بوو بەڵام گەمژەییەکەی کردم لەوەدا بوو دەمتوانی دواتر چاوم پێیان بکەوێت هەمان ڕۆژ یاخود ڕۆژی دواتر. بەڵام لەوانە نییە دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێتەوە جارێکیتر ڕووبەڕوو ئەو خانمە ببینم کە بەڕاستی کەسانی تایبەت بەکاری من بوو. هەر ئەمەیە گەمژەیی."

پرسیم ،"ئەی لێرە بەدواوە پلانت چییە؟"

وتی ،" باشە ئێستا وا هەست دەکەم کە وەڵامی هۆکاری 'بۆچی' دەمەوێت دەستبەکار بم و بڕۆم بەرەو ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت سەربەخۆی دارایی. من دەمەوێت کارەکەم چێژبەخش بێت. دەمەوێت شوێنێك بێت لێوەی فێربم وگەشە بسێنم وە ئەوانەش کەکاریان لەگەڵدا دەکەم فێربن و گەشەبسێنن و شوێنی خەون و ئامانجەکانیان بکەون هەروەك چۆن من شوێنی خەون و ئامانجی خۆم کەوتوم. ئەوە بۆ من سەرنج ڕاکێش ئارەزوومەندانە دەبێت." کاتێك قسەی دەکرد پەرۆشیم لە چاوەکانیدا بەدی دەکرد.

دانی پێدا نا كه،" ئەوە هۆكارێكی 'بۆچی' سەرنجڕاكێشە.

من و جەنیس لە قسەكردن بەردەوان بوین.

باسی گفتوگۆكەی خۆم و لیزلیم بۆ كرد دەربارەی ئەوەی كە ئەو چۆن وابیری دەكردەوە بگوێرەی پێویست لێهاتوونییە. سەرەتا بەهۆی ئەو زمانەوە كە بەكاردەهات لەلایەن پسپۆڕانەوە. ئێمە باسی ئەوەمان كرد چەند گرینگە فێری ئەو وشەكاری ودژوارەی پارە و سەرمایەگوزاریدارایی بین.

جەنیس ڕەزامەنی دەربڕی،" ئەوە كلیلەكەیە. چونكە كاتێك ئەو هەموو هەڵیت و پەڵیتە دەبیستم و بەدوایدا دەگەڕێم مانایان بدۆزمەوە، پاشان تاسەمەندیم بۆ بابەتەكە لەدەست دەدەم."

ئێمە بەشێكی باشی خوانەكەمان بە گفتوگۆكردن لەسەر ئەوەی سەربەخۆی دارایی چییە وە بۆچی گرینگی سەرەكی بە پارەی نەقدی هەڵهێنجراو دەدرێت.

**هەنگاوی دواتر**

جەنیس وتی،"كەواتە لێرەوە بەرەو كوێ دەچم؟ هەنگاوی دواتر چییە؟"

لێم پرسی،"لەبیرتە پێشتر وتم ئامانجی سەرەكی ئەوەیە بڕێكی زیاتر پارەی نەقدیم بێتە دەست بەبێ ئەوەی كاری بۆ بكەم،وە لەو پارەیە زیاتر بێت كە لەدەستت دەڕوات وەك خەرجیەكانی ژیانم؟ "

وەڵامم دایەوە،" بەڵێ، ئەو بیرۆكەیەم بە دڵە.وە شتێكیتریشت وت كە زۆرم بە دڵ بوو ئەویش ئەوەبوو كە بۆ سەربەخۆی دارایی پێویست ناكات بڕێكی زۆر پارەت هەبێت، لەكاتێكدا من هەمیشە وا بیرم دەكردەوە ئەوە تاكە ڕێگەی بەئەنجام گەیاندنێتی".

وتم،" ڕاستە بەگوێرەی ئەو یاسایەی من بەکاری دەهێنم، سوپاس بۆ باوکی دەوڵەمەندی ڕۆبێرت، سەربەخۆی دارایی لەهەر کەسێکەوە بۆ ئەویتر جیاوازە. ئەو بڕە پارە نەقدیە دەستهاتووەی تۆ پێویستت پێیەتی جیاوازە لەوەی هاوڕێکەت یان دراوسێکەت پێویستێتی. بۆ جەنیسم باسکرد چۆن من و ڕۆبێر لە ساڵی ١٩٩٤ سەربەخۆ یدارایی‌مان بەدەستهێنا. تەنها ٥ ساڵی ویست تا سەربەخۆ بوین. لەبیرتە باسی کڕینی یەکەم موڵکی تاپۆی بەکرێدانم بۆکردیت کە لەساڵی ١٩٨٩ بوو: خانوەیکی بچوکی دوو ژووری نوستنی و یەك گەرماوی بوو؟ باشە ، ٥ ساڵ دوای ئەوە،لە ئەنجامی سەرمایەگوزارییە پار نەقدیە هەڵهێنجراوەکەماندا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی خانووبەرەبوو، مانگانە بڕی ١٠,٠٠٠$ پارەی نەقدی دەهاتە گیرفانمەوە. ئەوە پارەیەکی زۆر نییە، بەڵام باشیەکەی لەوەدایە ئەوکات خەرجی ژیانمان تەنها ٣,٠٠٠$ بوو. بۆیە بەو شێوەیە سەربەخۆبووین. چیتر پێویستی بەوە نەدەکرد کاربکەین بۆ دابینکردنی ئەو ٣,٠٠٠ $ مانگانەیە. لەبیر ئەوە ئێستا پارەکانم کاری بۆ دەکردم . وە ١٠,٠٠٠ $ پارەی نەقدی دەهاتە دەستم هەموو مانگێك.

جەنیس هەڵیدایە،"کەواتە هەنگاوی دواترم ئەوەیە بزانم چەند پارەی نەقدی هەڵهێنجراوم پێویستە بۆ پڕکردنەوەی خەرجیەکانی ژیانم. دەبێت خەرجی مانگانەم حیساب بکەم."

"بەڵێ وایە ! دەتواینت ئێستا ئەنجام ئەگەر خۆت بتەوێت ".

دەستی دا بەسەر مێزەکەدا وتی،"با ئەو کارە بکەین".

بیری لێ بکەرەوە ئایا کاتێك دەوترێت لەڕووی داراییەوە ئازاد و سەربەخۆم مانای وایە چیتر پێویست ناکات جارێکیتر لەپێناو پارەدا کاربکەیت چونکە پارەی پێویستت هەیە کە مانگانە بە نەقدی بۆت دێتەوە تاکو خەرجیەکانی ژیانتی پێ پڕبکەیتەوە. کەواتە سامانەکەت بێ ئەندازەیە چونکە هەرگیز دوای نایات."

---

دیاریکردنی سامانەکەت

وتم،" باشە، کەواتە بابزانین چەندت سامان هەیە".

جەنیس پرسی،" پێناسەی تەواوەتی سامان لای تۆ چییە؟"

وەلامم دایەوە،" پرسیارێکی زۆر باشە. وشەی سانان بێ ئەندازە پێناسەی هەیە. من ئەو پێناسەیە بەکاردێنم چەند ساڵێك پێش ئێستا پێم وترا. پێناسەکە لەلایەن سەرمایەدار و فەیلەسوف و چاکەخوازێکی هەڵکەوتوەوە بەناوی ئاڕ باکمنستەر فوڵەرە وە وتراوە. پێناسەی فوڵەر بۆ سامان ئەوەیە:

"توانای بەزیندوو مانەوەی کەسێکە بۆ ژمارەیەکی نادیاری ڕۆژەکانی ژیانی بەرەو پێش".

---

ئەگەر بە دەستەواژەیەکی داراییانە لێکی بدەینەوە پرسیارەکە ئەوەیە، دەتوانیت چەند ڕۆژ لە ژیانت بەردوام بیت بەبێ کارکردن؟ وە وشەی مەبست لێرەدا 'بەبێ کارکردنە' ە. ئەگەر تۆ ئەمڕۆ لەکارەکەت وەستایەت ،مانای وایە دەستکەوتی کارەکەشت دەوەستێت. چەنێك دەتوانیت بمێنیتەوە لە ژیان بەو پارەیەی کە هەتە؟

جەنیس پرسی، "چۆن بەتەواوەتی ئەمە دەدەکەوتێت؟"

وەڵامم دایەوە، "بەڕاستی زۆر سادەیە. سەرتا تەواوی خەرجیەکانی ژیانت دیاریدەکەیت. کە ئەمە هۆکاری مانەوەتە مانگانە. ئەگەر هیچ موچە و دەستکەوتێك لە کارەکەتەوە نەبێت، پێویستت بەچەنێك پار دەبێت تا پێی بژیت؟"

جەنیس ڕوونیکردەوە، " ئایا مەبەستت ئەوەیە چەندم پاشەکەوت هەیە؟ چونکە دەتوانم نان خواردنی دەرەوم وەلا نێم کە زۆربەی کات لە دەرەوە نان دەخۆم، هەروەها دەتوانم خۆشم ڕابینم لەسەر کەمتر بازاڕکردن."

خۆشحاڵم کە ئەوەت هێنایە باسەوە چونکە ئەوە جیاکردنەوەیەکی گرینگە. ئەم ڕێسایە بەندە لەسەر ئەو شێوازی ژیانەی ئێستا هەتە. من باسی ئەوە ناکەم بچیتە خانویەکی بچوکترەوە و سەیارکەت بفرۆشیت و بە پاس هاتو چۆ بکەیت. من لە لایەنگرانی "ژیان نزمتر لەوەی کە هەیت" نیم. بۆچی دەتەوێت لەڕووی داراییەوە سەربەخۆبیت ئەگەر پێویست بکات بگەڕێیتەوە سەر ئەو شێوازە ژیانەی کە حەزی لێ ناکەیت؟ سەربەخۆی دارایی ئوەیە لەسەر ئەو شێوازە باوە بژیت کە دەتەوێت. کەواتە ئەمڕۆ تۆ شێوازێکی ژیانت هەیە، وە ئەوەش ئەو پێداویستیانەیە کە دەبێت ڕەچاوی بکەیت. هەمیشە لە داهاتوودا شێواوی ژیانت بەرو پێش بەریت. کە من زۆر لەگەڵ ئەمەدام".

## هەنگاوی یەکەم - چەندت سامان هەیە؟

جەنیس بە دڵخۆشیەوە ئاماژەی پێدا، " کەواتە ئەوانەی لە خەرجی پێداویستیەکانی ژیامن ئەمانەن."

جەنیس لیستەکەی لەسەر پارەچەیەك نوسیت، کە بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| بارمتەی خانووبەرە | $ ٥٠٠ |
| باجی خانوبەرە | $٣٠٠ |
| بیمەی ماڵ | $١٥٠ |
| خەرجیە گشتیەکانی ناو ماڵ(شارەوانی، ئاو،تەلەفۆن، کارەبا) | $٣٥٠ |
| خەرجی سەیارە | $ ٥ |
| خوانەکان و ئاهەنگ( نان خواردن لە دەرەوە یان لەماڵەوە) | $ ٥٠٠ |

---

کاتێك دەتـەوێت لیسـتی خـەرجی پێداویسـتیەکانی ژیانـت دیاریبکـەیت، دەتوانیت ئەم خەرجیانە ڕەچاو بکەیت.

- بارمتەی خانووبەر
- باجی خانووبەرە
- بیمەی ماڵ
- خەرجیە گشتیەکانی ناو ماڵ (شارەوانی، ئاو، تەلەفۆن، کارەبا)
- کرێ
- خەرجیەکانی سەیارە
- چاکسازی سەیارە
- گاز
- خەرجی هاتووچۆ (شەمەندەفەر ، پاس، تەکسی)
- ژەمەکانت، لە ماڵەوە
- ژەمەکانت ، لە دەرەوە
- کات بەسەربردن - پرۆگران،کۆنسێرت، بۆنە وەرزشیەکان، ...هتد.

- خەرجیە گشتیەکان ( جل و بەرگ، کەلوپەلی ناو ماڵ، کتێب، قرژ چاکردن،...هتد)
- بەژداریکردن لە گۆڤار و ڕۆژنامە
- گەشت/ پشوەکان
- تایبەت بە منداڵ

*دایەن

*پێداویستی قوتابخانە

*جل و بەرگ

*خەرجی جۆراو جۆر (وەرزش/ وانەکان)

- بیمەی تەندروستی
- خەڵجی مەشق و چونە هۆڵێ وەرزشی
- خەرجی ئاژەڵی ماڵ( خواردن، تەندروستی، نیشتەجێ بوون).
- چاودێریکردنی باخچە
- خەرجی ئامێرەکانیتر( بەلەم، مۆتۆڕسکیل، کەرڤان)
- پڕۆگرامی فێرکاری
- خەرجی پارکینگی سەیارە
- هەر خەرجیەکیتر کە هەتە

---

دوای سەیرکردنی لیستەکەی جەنییس لێم پرسی،" کەواتە تێکڕای خەرجی مانگانەت کردیە چەند؟"

پێی ڕاگەیاندم،" ٤،٩٠٠ دۆلار بۆ هەر مانگێك".

لێم دڵنیاکردەوە،"ئایا لە ژمارکانتدا تەواو ڕاستگۆ نوسیوتە؟"

دوودڵ بوو وتی،" باشه، لەوانەیە بڕێکی زیاتر خەرج بکەم لە جل و بەرگ و کات بەسەربردندا. پێویستە کەمێکیتر ئەو ئەنجامە زیاتر بکەم. لەوانەیە شتێکی باش بێت ئەگەر بخرێنە ڕیزی یەدەگ یان خەرجیە هەمەڕەنگەکانەوە بۆ بۆ بارودۆخ و کەشێکی نوێ کە ئەگەر بێتە پێش".

قسەکەیم بەرز نرخاند وتم،" بیرۆکەیەکی جوانە. هەرچەند لەگەڵ خۆت ڕاستگۆتر بیت لەڕووی ژمارکانەوە، ئەوەندە دەرفەتی سەرکەوتنت لە گەیشتن بە ئامامجەکەت زیاترە."

وتم،" کاتێ من و ڕۆبێرت شکستمان هێنابوو، سەخترین شت بۆم ینینی دەفتەرگرەکەم بوو مانگی دووجار. ئەزمونێکی ناخۆش بوو کە لە گەڵیدادابنیشم و ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببمەوە کە چەنێك پارەمان دەست دەکەوتێ و چەنیشمان لەدەست دەردەچێت. وێڕای قەرزە لە ڕادە بەدەرەکانیشمان. بەڵام دانی پێدا دەنێم بەهۆی ئەوەی دەمزانیت بەکوێ گەیشتوین، توانیامان ئامانج دارنە ڕێکەتنی ڕوون لەگەڵ هەر وامدەرو بارودۆخێکدا کە دەهاتە پێش ئەنجام بدەین. ئەگەر ڕاستگۆ نەبوینایە لەو بارودۆخە دارارییەی تێیدا بووین بۆی هەبوو ئێستاش گیرۆدەی ئەو قەرزانە بوینایە. "

جەنیس وتی، "تێگەیشتم".

چەند وردە کاریەکی لە ژمارکانیدا کرد و پاشان ڕایگەیاند،" خەرجی مانگانەم ٥,٣٠٠ $".

پیرۆزبایم لێکد وتم،" دەستت خۆش بێت ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ زانینی ئەوەی چەندت سامان هەیە. لێم پرسی ،" ئای ئامادەیت بۆ هەنگاوی دووەم؟"

جەنیس وەڵامی دایەوە،" بەدڵنیاییەوە".

هەنگاوی دووەم - چەندت سامان هەیە؟

هەنگاوی دووەم ئەوەیە چەندت پارە هەیە لە ئێستاد، بەبێ لێکدانەوەی ئەو پارەیەی لە کار یان پیشەکەت دەستت دەکەوێت. بەمانایەکیتر ئەگەر ئەمڕۆ دەستت لەکار هەڵگرت چەندت پارەی پاشەکەوت هەیە، یاخود سی دی و پشك و هەشتێکیتر کە دەتوانرێت بفرۆشرێت و ڕاستەوخۆ حیسابەکەی ساغ بکرێتەوە بەبێ گومان پارەی نەقدی هەڵهێنجراویش لە سەرمایەوە بەدەست دێت."

جەنیس پرسی،" ئەی خشڵەکانم و پارچە زیوەکانی دایە گەورم؟ ئەوانە حیساب ناکرێت؟"

بۆم ڕوون کردەوە،" من ئەو جۆرە شتانە لەبەر دوو هۆکار حیساب ناکەم. یەکەمین، نازانم ئایا دەتوانم بیان فرۆشم. وە ئەگەر بشتوانم بیان فرۆشم بەهای کەمتر لەوە دەبێت کە پێشبینی دەکەم. دووەمیش، ئەگەر تۆ دەست بکەی بە فرۆشتنی هەر شتێك کە بفرۆشرێت ئەوا ئاستی ژیانی ئێستات دادەبەزێت."

جەنیس وتی،" لەوە تێگەیشتم. باشە با لیستەکەم کۆبکەمەوە، هەرگیز کاتێکی زۆری ناوێت."

دوای تاوتوێکردنی هەموو شتەکان، جەنیس ئەم لیستەی دانا:

پاشەکەوت

$ ١٨,٠٠٠

پشکەکان

$٦,٠٠٠

جەنیس وتی،" ئەمە لیستەکەی منە. دەزانم زۆر خێرابوو. کۆتا خاڵ ئەوەیە من تێکڕای بڕی ٢٤,٠٠٠ $ م هەیە لە ئێستادا.

**هەنگاوی سێیەم ـ چەندت سامان هەیە؟**

وتم ،"باشە. ئێستا ئەو ٢٤,٠٠٠ $ ی کە هەتە دابەشی بکە بەسەر خەرجی مانگانەتدا کە ٥,٣٠٠ $. بزانە چەند دەردەچێت؟"

جەنیس جانتای نوسراوەکانی هێناو حاسیبەکە دەرکرد. وتی،" کەواتە ٢٤,٠٠٠ $ دابەش ٥,٣٠٠ $ دەکەین یەکسانە بە ٤.٥. کەمێك واقوڕماو دەردەکەوت،" ئەمە مانای چییە؟"

وەڵامم دایەوە،"مانای وایە سامانت بەشی چوار مانگ ونیو هەیە. ئەگەر ئێستا دەست لە کارکردن بەردەیت بڕی پێویست پارەت هەیەتا ٤ مانگ و نیو خەرجیەکانتی پێ دابین بکەیت."

سەیرم دەکرد کاتێك شانەکانی جەنیس لە نائومێدیدا شۆڕبونەوە و بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری کردم وتی،" ئەوە ماوەیەکی درێژ نییە. هەرگیز پێشتر بەو جۆرە بۆم نەڕوانیوە."

پێم وت،" وەڵامی ڕاست یاخود هەڵە لێرەدا بوونی نییە. ئەمە تەنها خاڵی دەسپێکە. زۆرێك لە خەڵکی ئەگەر ئێستا دەست هەڵگرن لە کارکردن سامانیان سفرە یان خراپتریش و زۆر کەمتریش."

پرسی،" کەواتە هاوکێشەکە ئەوەیە من ئەو پارەیەی پاشەکەوتم کردووە دابەشی بکەم بەسەر خەرجی مانگانەمدا. ئایا ئەوە ڕاستە."

وتم،" ڕێك بەو ئاسانییە. لە چرکەیەکدا مەتەڵەکە دەدۆزرێتەوە. بەڵام با بڵێین خەرجی مانگانەی کەسێك ٢,٥٠٠$ و پاشکەوتیشی ٥,٠٠٠ $. ئەو ٥,٠٠٠ $ دابەش دەکەین بەسەر ٢,٥٠٠ $ کەدا دەکاتە ٢. ئەمەش مانای وایە دەتوانێت بۆماوەی ٢ مانگ خەرجی شێوازی ژیانی ئێستای دابین بکات.

وتم،" ئێستاش تەواوی هاوکێشەکە ئەمەیە."

لەسەر دەستەسڕێکی کاغەز نوسیم:

پاشەکەوتەکانت( ئەو پارە کاشەی هەتە) + ئەو داهاتەی دێتە دەستت بەبێ کارکردن / خەرجی مانگانەت = سامانەکەت

جەنیس وتی،" وەك دیارە من پارەیەکم دەست ناکەوێن بەبێ کارکردن ئەمەش پارچە ونەکەیە، وا نییە؟ کەواتە ئانجەکە چییە؟ ئایا وا دەبینیت بڕی سامانەکەم بەشی تەواوی ئەو ساڵانە بکات کە دەژیم ئەوە ژمارەیەکی زۆر زۆرە!"

ئامانجەکە چییە؟

ڕەزامەندیم پیشاندا،" ئەوە ژمارەیەکی زۆر زۆرە بەڵام تۆ پرسارێکی نایابت کرد. بۆ ئەوەی لەڕووی داراییەوە سەربەخۆبیت دەبێت سامانەکەت بێشوماربێت."

بەسەرسوڕمانەوە پرسی،" بێشومار؟"

دەستم پێکرد وتم،" بیری لێ بکەرەوە. بۆ ئەوەی لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ و ئازادبێت مانای وایە چیتر جارێکیترپێویست ناکات لە پێناو پارەدا کار بکەیت، چونکە هەموو مانگێك پارەی پێویستت لەو سەرمایەگوزاریەوە کە کردوتە بۆ دێتەوە تا بتوانیت خەرجی پێداویستیەکانی ژیانتی پێ دابین بکەیت. کەواتە سامانەکەت بێ سنورە چونکە هەرگیز دوای نایات."

"ئەگەر وای دابنێم پێویستم بە ١٠٠٠,٠٠٠ $ تاوەکو کۆتای ژیانم پێی بژیم، ئەوا پێویستە زۆر بەسەختی کاربکەم تا ئەو بڕە پارەیە کۆبکەمەوە . لەوانەشە هەرگیز نەی گەمێ. وە ئەگەر ئەوەشم دەست

کەوت، ئەو ١٠٠٠,٠٠٠$ وردە وردە خەرج دەکرێت و پاشان من دەکەومە کێشەیەکی گەورەوە.

وتم ئەوە ڕێك وەك ئەوە وایە کە باسی دەکەم".

بەباشی بیۆی دەرکەوت،" کەواتە خەرجیەکانم بڕی ئەوپارە نەقدیە دەست کەوتوە دیاری دەکات کە پێویستمە . ئێستا کە دەزانم خەرجیەکانم چەندن و کاتی ئەوەیە ئامانجەکەم لەسەر ئەوە دابنێم ئاخۆ پێویستە لەچیدا سەرمایەگوزاری بکەم."

بە زەردەخەنەوە وتم،" ئێستا تێگەیشتیت. ئەوە پێی دەوترێت پارەی نەقدی هەڵهێنجراو. پارە نەقدیەکەتە کە بۆت دێتەوە وە ئەو پارەیەش کە لەو سەرمایەگوزاریەوە دەستت دەکەوتێ پێی دەترێت داهاتی چالاك. داهاتێکی چالاکە چونکە تۆ خۆت کار بۆ بەدەستهێنانی ناکەیت."

جەنیس بە خۆشحاڵیەوە وتی،" وە ئامانجی پارەی نەقدی هەڵهێنجراوم ئەوەیە، من بڕی ٥,٣٠٠ $ پارەی نەقدیم دەوێت هەموو مانگێك بەبێ ئەوەی کاری بۆ بکەم!"

وتم،" بەڵێ هەموو مانگێك ٥,٣٠٠ دۆلار و زیاتریشت دەوێت."

ڕەزامەندی پیشاندا،" بەڵێ زیاتریش".

وتم،" ئێستا پرسیاری دواتر ئەوەیە چۆن ئەو کارە دەکەیت؟"

پێکەنیت،" منیش ەر ئێستا ویستم ئەوەت لێ بپرسم! بەڵام لە ڕاستیدا کاتێك ڕێسای سەرمایە گوزاریەکەتت باسکرد ئەوەت ڕوون کردەوە. وتت دەبێت سەرمایەیەك بکڕیت و بنیایت بنێیت. سەرمایەش ئەو شتەیە بە ئەنجامدانی پارە دەخاتە گیرفانمەوە . کەواتە هەنگاوی دواترم ئەوەیە فێرببم و ئەو سەرمایانە بدۆزمەوە کە پار دەنێرێت بۆگیرفانم !"

پاشان جەنیس وتی،" یەك پرسیاری ترم هەیە پێش ئەوەی بڕۆین، من ئەوەندەم پارەی تر نییە لەملاو لاوە ، وە بینیشت چەندم پاشەکەوت هەیە، ئایا پێویست ناکات پارەت هەبێ تاوەکوو پارە پێکەوەبنێیت؟ ئایا بڕێکی پارەت پێویست نابێت تا بچیتە کایەی سەرمایە گوزاریەوە؟"

وەلأمم دایەوە،" پرسیارێکی بێ وێنەیە. دەزانم هەردووکمان دەبێت خێرا بڕۆین، کەواتەبا ئەم بابەتە بمێنێتەوە کاتێکیتر لەم هەفتەیەدا بە مۆبایل قسەدەکەین".

کاتێك لەدەرەوەی ڕێستۆڕانتەکە قسەمان دەرد بە جەنیسم وت،" با تەنها ئەمەت پێ بڵێم لەسەر پرسیارەکەت دەربارەی پارە. تەنیا هەبوونی پارە نابێتە گەورەترین سود بۆت لەڕووی سەرمایەگوزاریەوە. بەزووی قسە دەکەینەوە! خوات لە گەڵ!"

## بەندی دوازدە هەم

# "من پارەم نییە"

پارە بەختەوەریت بۆ ناکڕێن، بەڵام دەتوانێت
یەکجار زۆر ئاسودەییت پێ ببەخشێت کاتێك لە ناخۆشیدایت.
"کلێر بۆس لویس"

پلانم دادەنا سەردانی شاری نیویۆرك بکەم، هاتەوە بیرم کە بە لیزلیم وتوە پەیوەندی پێوە دەکەم لەسەردانی داهاتوومدا. ژمارەکەیم لێدا.

لیزلی وەڵامی دایەوە،" ئەلوو؟

"سلاو لیزلی ، منم کیم. چەند ساتێك کاتت هەیە؟"

وەڵامی دایەوە،" بە دڵنیایەوە".

لێم پرسی،"هێی ، من لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا لە نیویۆرك دەبم . دەتەوێ چاومان بەیەکتری بکەوێت؟"

پێکەنیت وتی،" ئەگەر بۆ خوانی نیوەڕۆ بێت بەڵێ!"

زەردەخەنەیەکم کرد،"پێم وابێ خوانی نیوەڕۆ بیاوەکەمانە. جەنیس لێرە بوو چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ، وە چاومان بەیەکتری کەوت. بێگومان بۆ خوانی نیوەڕۆ".

بۆ چەند ساتێك پیکەوە قسەمانکرد و بڕیارمان لەسەر ڕۆژ و کاتدا. پێشنیارم کرد،" تۆ شوێنەکە دیاری بکە".

وەڵامی دایەوە،" من شوێنێکی زۆر باش دەزانم، ئەبێ بزانم کراوە دەبێت و پاشان پێت دەڵێمەوە" . پەیوەندیەکەمان کۆتای پێ هێنا.

خوانێکی نیوەڕۆ لەگەڵ کچەکاندا

لە کاتێکدا دەڕۆیشم بەرەو ئەو شوێنەی بۆ چاوپێکەوتنەکە دامان نابوو لەبیری خۆمدا وتم، ئەە بۆ هونەرمەندێك جێ بهێڵە تا ئەم شوێنە نایابە دیاری بکات بۆ خوانی نیوەڕۆ.

مۆبایلەکەم دەرهێنا لەبەر ئەوەی نەمدەزانی ئەو باشترین شوێنە پەسەندەی لیزلی کوێیە پرسیارمکرد لێی،" سڵاو لیزلی ! من ئێستا لە پردەکە دەپەڕمەوە. ئایا بەلای ڕاست یان چەپدا بڕۆم؟"

وتی،" بەلای ڕاستدا بڕۆ، بەدرێژای شەقامەکەدا وەرە، پاشان ئێمە دەبینیت. لێت تێك نەچێت. ڕۆژێکی خۆشە وانییە؟"

لەکاتکدا دەڕۆیشتم بەرێدا لەبەر خۆمەوە پێکەنیتم. هیچ هەورێك بە ئاسمانەوە نەبوو. کەشەکە هێندە گەرم بوو تەنها چاکەتێکی تەنکم بەس بوو. کاتێك لە شەقامەوە شۆڕ بومەوە ،بەڕادەی پێویست دڵێنا بووم لەوێیە. لەسەر سەرچەفێکی سوری کراوە دانیشتبوو لە ناوەڕاستی سێنتراڵ پارکدا، لە تەنیشتی سەبەتەیەکی گەورەی سەیران هەبوو. زەردەخەنەیەکی گەرم لەسەر ڕووخساری بوو.

کاتێك بەخێرای بەرەو لای دەچووم دەستم بۆی ڕاوەشاند ، سەرم سوڕما کاتێك بینیم ئافرەتێکی تریش لە تەنیشتی دانیشتبوو . پشتی لێم بوو. ئەو هیچ نەجولا کاتێك لیزلیش دەستی بۆ من بەرزکردەوە.

کاتێك لێیـان نزیـك بوومـەوە یەکسـە ئافرەتەکـەیترم ناسـیەوە، بەسـەر سوڕمانەوە وتم،"ترەیسی! چی تۆی هێناو بۆ ئێرە؟" باوشێکی گـەرمان لە یەکتری دا.

ترەیسی وتی،"زۆرم پێ ناخۆش بوو کـە کۆتـا یەکگرتنـەوەمانم لەدەسـت دا. کاتێك وتت دێم بۆ ئـەوێ، لیزلـی پەیوەنـدی پێـوەکردم و پرسـی ئایـا دەتوانی بێی بۆ لامان؟ نەن دەویست دەرفـەتێکیتری چاوپێکەوتنەوەتان لەدەست بدەم. بەتایبـەتی دوای ئـەوەی لیزلـی پێـی وتم چـەندە کـاتێکی خۆشتان پێکەوە بەسەر بردوە."

کاتـژمێرێکمان بـە قسـەکردنەوە بەسـەربرد وە ئـەو خواردنـە بەتامـەی سەیران کە لیزلی ئامادەی کردبوو خواردمان. ترەیسـی پێـی وتـین چـەند وەڕەسـە لەدەسـت ئـەو کـارەی کـە لـە شـیکاگۆ دەیکـات. بـە هەناسـەی پەشـیمانییەوە وتـی،" ژیـانم بـە ژیـان ناچـێت، لـە هـەموو کاتێـك زیـاتر کاردەکەم، بەڵام پاداشتی هـەموو ئـەو کـارە قورسـانە نـابینم. موچـەکەم زیـاد دەکـات، بـەڵام خـۆم پێـی ناچـێت بـەرەو پـێش بچـم. مێردەکەشـم هاوشێوەی من کار دەکات. دوو منداڵمان هەیە. یەکێکیان لـە قوتابخانـەی ئامادەییە، ئەوی تریشیان پـۆلی ٧ ە. هـەموو هـەوڵێکی خـۆم دەدەم تـا هـەموو شـتەکان جـێ بـەجێ بکـەم، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا لـە کۆتـای ڕۆژ وا هەست ناکەم بەرەو پێشچونێك هەبێت. بەتەواوی خێراییەمـەوە ڕادەکـەم تا بەس بەرەوپێش بچین، بەڕاستی ئامادەی گۆڕانکاریم."

هەروەها وتیشی،" ئەوەی دەمترسـێنێت ئەوەیـە دوو مـانگ پـێش ئێسـتا کۆمپانیای مێردەکەم فرۆشرا، وە ئەگەری ئەوە هەبوو لەسەر کار لابرێت چـونکە ئـەو کەسـانەی کۆمپانیاکـەیان کڕیـوە شـوێنی زۆرێـك لـە

فەرمانبەرانیان گۆڕیوە بە کارمەندی خۆیان. سوپاس بۆ خوا کە دەرنەکرا. ئەوە زەرەرێکی زۆری لە دەستکەوتەکانمان دەد . بەڵام ئەوە پیشانی دام چەندە لاوازین لەڕووی داراییەوە."

لیزلیش هاتە باسەکەوە،"هەندێك لەو قسانەی دەربارەی پارە و سەربەخۆی دارایی کردمان بۆ باسکردووە، وە پێی دەچێت ناخی ترەیسیشی هەژاندبێت."

ترەیسی دانی پێدا نا،" هەر وەك تۆ دەڵێیت کات لەمە باشتر ناگونجا بۆ من."

بە درێژای ماوەی خوانەکە قسەمان دەکرد.ترەیسی باسی ئەوەی دەکرد چەندە سەختە بەڕێوەبرایەتی خێزان و کار پێکەوە. گاڵتەم لە گەڵیدا کرد و وتەیەکی گلۆریا ستەینم بۆ گێڕایەوە، کە چالاکوانێکی فێمینیستە و دانەری گۆڤاری خانمانە. " هێشتاش گوێم لێ دەبێت پیاوان داوای ئامۆژگاری دەکەن لەسەر چۆنییەتی کۆکردنەوەی هاوسەرگیری و کارەکەیان پێکەوە" .

هەموو پێکەنیتین. پاش کەمێك بێدەنگی هەموومان درکمان پێکرد ئەو قسەیە چەند ڕاستە.

ترەیسی وتی،" وا بیر دەکەمەوە هەر بەهۆی ئەوە بێت کە بیری 'کاتم نییە' دەستی بەسەر زۆرێك لە ژیانماندا گرتوە. کاتێك کەسێك پێشنیاری شتێك دەکات کە یەك چرکەش لە کاتە بەنرخەکانمی بوێت ڕاستەوخۆ ئەو وشانە بەسەر زارمدا دێت. تێبی ئەوەم کرد ئەو بیرە یەکەم شتێك بوو بە مێشکمدا هات کاتێك لیزلی باسی گفتوگۆکەتانی بۆ کردم دەربارەی پارە و سەرمایەگوزاری . بەڵام من وا هەست دەکەم زۆر جڵەوی خۆمم لە

دەست داوە، دەمەوێت گۆڕانکارییەکی یەکلاکەرەوە بکەم. ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانی پرسیاری 'بۆچی' م کە ئەمڕۆ لێرەم. "

## Déjá Vu*........ پرسیارە باوەکە

هۆکاری 'بۆچی' ترەیس هەر پێشتر دیاربوو چییە. بابەتێکی زۆرمان لە ماوەیەکی کەمدا باسکرد. پاشان ترەیسی پرسیارێکی زۆر باووی وروژاند.

ئەو پرسی،" بەڵام ئایا پێویست نییە پارەت هەبێت تا سەرمایەگوزاری لێ بکەیت؟ ئایا سەرەتا پێویست ناکات پارەت هەبێت تا پارە پێکەوە بنێیت؟"

زەردەخەنەیەکم کرد وتم،" دەبێت پەیوەندی بە جەنیسەوە بکەین بە مۆبایل، چونکە ئەوە هەمان پرسیار بوو کە ئەو پرسی کاتێك ڕێستۆرانتەکەمان بەجێ هێشت ئەو ڕۆژە. کاتمان نەبوو کە باسی بکەین. "

ترەیسی وتی،" من زۆر شەرمەزارم لە دان نان بەمەدا، بەڵام دەزانن چی دوای ئەو هەموو ساڵە من و مێردەکەم زۆر کەممان دەست دەکەوێت تا بیخەینە لاوە. ئێمە بڕی ٤٠١ ks پاشەکەوتی خانەنشینمان دەبێت، دوو سەرمایەی هاوبەش لەگەڵ بڕێکی کەمتر کە بۆ خوێندنی منداڵەکانمان خستومانەتە لاوە. بەڵام لەوە زیاتر هەرچیمان هەیە خەرجی دەکەین بۆ پێداویستیەکانمان هەندێکجار زیاتر لەوەشە کە دەستمان دەکەوێت. "

لیزلی وتی،"نازانم ئەمە وات لێدەکات باشتر بیت یان نا، ترەیسی تۆ شێوەت زۆر لە من باشترە".

ترەیسی دووبارە پرسی،" کەواتە ئایا پارەی زۆر دەوێت تا پارە پێکەوە بنێیت؟"

دەستم کرد بە قسە،" با ئەمەت پێ بڵێم، کە هەمان ئەو شتەیە بە جەنیسم وت دوای خوانەکە. هەبوونی پارە باشترین هۆکار نەبوو کاتێک دەستم کرد بە سەرمایەگوزاری."

هەردوو ئافرەتەکە بە سەرسوڕماوی سەیریان کردم.

لیزلی پرسی،" ئەوە چۆن دەبێت؟ من لەگەڵ قسەکەی ترەیسیم پێم وایە دەبێت پارەم هەبێت تا سەرمایەگوزاری بکەم ".

وتم،" بەڵام ئایا پێویستت بە پارە دەبێ پێش ئەوەی دەسك پێبکەیت؟"

ترەیسی وتی،" تێنەگەیشتم لە مەبستت."

وتم،" ئایا هەرگیز وتوتە، "هەرکات پارەم هەبوو فلاّن شت و فیسار شت دەکەم؟" یان "کاتێك دەرفەتی دەست بەتاڵیم بۆ برەخسێت ئەو شتە دەکەم؟"ئایا هیچ یەك لەوانە ئاسایی دەدەکەوت بۆتان؟

ترەیسی وەڵامی دایەوە،" بەڵێ، بەڵنیایەوە ئەوانەم وتوە بەتایبەتی ئەوەیتن کە باسی کاتی بەتاڵی دەکات. کەواتە چی؟"

وتم،" ئایا هەرگیز کاتی دەست بەتاڵیت بۆ ڕەخساوە؟"

بۆ چەند ساتێك بیری لێ کردەوە و پاشان وتی،" تا ڕادەیەك هەرگیز".

لیزلی هاتە باسەکەوە،" من زۆر بەکەمی دەڵێم "ئەگەر ڕۆژێك پارەم هەبێت"، وە دەزانیت چی؟ ئەو شتانەی وتومە دەیان کەم تەنانەت کاتێ پارەشم هەبووە هەرگیز ڕووی نەداوە، دەزانن بۆچی؟ چونکە هەمیشە پارەکە بۆ شتێکیتر خەرج دەکرێت. بەڕاستی کاتێك ئەو وشانە بەکار دێنیت وەك ئەوە وایە بڵێی،" هەرگیز ڕوونادات".

وتم،"ئەوە مەبەستەکەیە. کاتێك دەبیستم کەسێك دەڵێت،" من کەی پارەم هەبوو دەست پێدەکەم" تاڕادەی دڵنیای دەزانم هەرگیز دەست پێناکات. ئەو بیر کردنەوەیە' هەرکات پارەم هەبوو' وات لێدەکات هیچ کارێك نەکەیت لەبەر ئەوەی ناتوانیت..... تا ئەوکاتەی پارەت دەبێت. بەڕاستی بینویەکی باشە بۆ هیچ نەکردن."

ترەیسی تا ڕادەیەك بە نائومێدی پرسی،" کەواتە ئەی ئەگەر من پارەیەکی وام نەبوو سەرمایەگوزاری بکەم، چی بکەم؟"

پرسیم،" دەتوانم چیرۆکێکتان بۆ باس بکەم، کە بۆ من، ئەوە بیرکردنەوەمی گۆڕیت کە پێم وابوو پێویستم بە پارەیە تا سەرمایەگوزاری بکەم؟"

ترەیس و لیزلی سەریان بە ئاماژەی بەڵێ لەقاند.

" هیچ پارەمان نییە"

کاتێك من و ڕۆبێرت لە ئۆرگن دەژیاین تازە دەستم بەکاری سەرمایەگوزارییەکەم کردبوو وە هیچ پارەیەکی پاشەکەوت کراومان نەبوو. لەڕاستیدا ئەوەی هەمان بوو بەشی ماوەیەکی زۆر کەمی دەکرین. تەنانەت پڕکردنەوەی پسولەی حیسابی مانگانەمان خۆی لەخۆیدا سەرکەشی بوو دوای نیوەڕوانێك لە گەشتکێی ٥ ڕۆژی لە ئوسترالیا دەگەڕاینەوە. گەیشتینە ناو دەرگای پێشەوە، هێشتا جانتاکنمان بەدەستەوە بوو، مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. بریکاری خانووبەرەمان بوو پەیوەندی دەکرد. پێی وتین تەنها یوك کاتژێمرمان لبەردەستە تا بچین سەیری ئەو بینا ١٢ نهۆمیە بکەین کە هەر ئەوکات لای خۆی لیستی

کردبوو، ئێمە یەکەمین کەس بووین پەیوەندی پێوە کردین. ئەگەر لە ماوەی یەك کاتژمێردا وەڵامی ئێمەی نەبیستێت بۆ سەرمایەگوزاریکێتری ناو لیستەکەی پێشنیار دەکات. بەحوکمی تازە گەڕانەوەمان لە گەشت دوای ٢٤ کاتژمێر، زۆر ماندوو شەکەت بووین رۆبێرت وتی،" من دەچم سەیرێکی دەکەم." هێشتاش ئەو قسانەم لەبیرە کاتێك بەدەنگی بەرز بۆ رۆبێرت هاوارم کرد لەوکاتەدا کە دەچوە ناو سەیارەکەوە،بەهۆی ئەو بارودۆخە داراییە ناخۆشەی هەمان بوو وتم،" نەیکڕیت!"

"بەمشێوەیە ، رۆبێرت بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە گەڕایەوە، یەکەمین وشە کە لە زارە بەخەندەکەی هاتە دەر ئەوەبوو، کڕیتم".

"دەمم داچەقا لە سەرسوڕمانت ڕاستەوخۆ وتم،"چی؟ خۆ ئێمە پارەمان نییە!"

وتی،"باشە ئەگەر پارەمان دەست نەکەوت نایکڕین. سەرەتا با بزانین دەتوانین چانێك پارە دابین بکەین من ئەو پێشنیارەم واژووکردووە، کە نوسرابوو ئێمە دوو هەفتەمان لەبەر دەستە تا تێڕوانینی خۆمان لەسەر موڵکەکو یەکلای بکەینەوە، بەلایەنی داراییشیەوە، وە فرۆشیارەکەش ڕازی بوو. ئەگەر بینیمان بۆمان ناگونجێت ئازادین لەوەی لەڕێککەوتنەکە بکشێینەوە. بەڵام ئەمە ئەوەش دەگەیەنێت ئێمە دوو هەفتەمان هەیە تا بزانین چەندمان پارە بۆ کۆدەکرێتەوە."

"دەبێت دانی پێدا بنێم زیاتر لە پێشوو نیگەران بووم"

"زانیاریە داراییەکانمان لە بریکارەکە وەرگرت لەسەر ئەو موڵکە. پاشان پەیوەندیمان بەهاوڕێیەکمانەوە ،دریو، کرد کە لە کەنەدە دەژیت وە سەرمایەگوزاریکی خانوبەرەی زۆر سەرکەوتوە. وتی کە ئارەزووی دەکات

بۆیە منیش ژمارکانم بە فاکس بۆ نارد. ئێمە پێویستمان بە پێشەکی ٥٠،٠٠٠ دۆلار بوو بۆ ئەم موڵکە کە نرخی فرۆشتنی ٣٣٠،٠٠٠ دۆلارە. لەدوای کاتژمێرێك لە قسەکردن، دری پەیوەندی کرد وتی،" من زۆر ئەم موڵکەم بە دڵە. ڕێکەوتنێکی نایاب دەبێت، من بە لە سەدا پەنجا بەژداری دەکەم." ئەمەش مانای وابو ئێستا ئێمە ٢٥,٠٠٠ دەبێت دابنێین و ئەویش خاوەنی نیوەی ئەو بینایە چەند نهۆمیە دەبێت لەگەڵماندا. ئێمە دەبوو ئەو ٢٥,٠٠٠$ ە دەبین بکەین. ڕۆبێرت وتی،" سبەی پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە و زانیاری تەواوت دەدەمێ."

کاتێك دریو پەیوەندی پێوەکردین لە سەیارەدا بووین. ئەو ساتەی دریو وتی،" منیش بەژداردەبم" هەستێکی تایبەت و دڵخۆشکەر هات بە دڵمدا. ڕووم کردە ڕۆبێرت وتم،" ئەگەر دریو کە هەموو ژیانی سەرمایەگوزاری خانووبەرەبوە وابیر بکاتەوە ئەمە ڕێککەوتنێکی نایابە، ئەوا دەبێت شتێکی باش بێ."

ڕۆبێرت هاوڕام بوو.

خەندەیەکم کرد وتم،" دەی با بەتەنها خۆمان ڕێککەوتنەکە بکەین و خاوەنی سەد لە سەدی موڵکەکەبین."

ڕۆبێرت سەیارەکەی خاوکردەوە ـ لەلایەمی شەقامەکەوە وەستا. بەڵێ براوانە وتی،" ببینە، دریو دیەوێت نیوەی پارەکە بدات و تەنها ٢٥,٠٠٠ دۆلار بۆ ئێمە دەهێڵێتەوە کە بیدەین. ئەگەر ئێمە ئەو موڵکە بەتەنها خۆمان بکڕین ئەوە دەگەینەوە خاڵی دەست پێککمان."

چەند ساتێك بێدەنگ بوو. بەڵام مێشكی هەردووكمان لەبیركردنەوەدا بوو. هەردووكمان سەیرێكی یەكترمان كرد، پاشان ڕۆبێرت وتی،"باشە با وا بكەین".

"ئێستا ڕەنگە زۆر كەس وابیربكاتەوە ئێمە كارێكی زۆر گەمژانەمان ئەنجام داوە. خۆشمان ئەوكات وابیرمان دەكردەوە. ئێمە كارێكی دڵنیامان خستە لاوە بۆ كارێك كە ڕەنگە هیچمان بۆ نەهێڵێتەوە. یان هەمووی یان هیچی."

"لەسەرتاوە دەستمان پێكردەوە. لەو ٥٠,٠٠٠ ڕامابوین. لەم بانك بۆ ئەو بانك دەچوین، هەموویان داواكاریەكەیان ڕەتدەكردینەوە. پەیوەندیمان بەو كەسانەوە كرد كە دەمان ناسیتن تا بزانین ئایا ئەو پارەیەمان دەدەنێ بە قەرز كە سوێكی باشیشی بۆ دەگرینەوە. بەڵام هیچ كەس ئامادە نەبوو بمان داتێ. پاشان دووبارە بەسەر لایەنی دارایی‌ماندا چوینەوە بەو وردی و سەرنجێكی زۆرەوە بڕێكی كەم لەو پارەیەی پێویستمان بوو پێمان دابینكرا . چوینە سەر كارەكەمان لەو ڕووەشەوە چەند بیرۆكەیەكی نوێمان بۆ هات كە فرۆشی زیاترمان بۆ بێنێتە دەست،پێش ئەوەی ماوەی ڕێككەوتنی ئەم موڵكە تەواوبێت. بەهەموی توانیمان بڕی ٢٥,٠٠٠ $ كۆبكەینەوە. بەخۆمم وت،" ئەمە ڕێك ئەو بڕەیە كە لەگەڵ دریو بەتەمابووین ڕێك بكەوین".

"بەردەوام بوین لە گەڕان....تەنها سێ ڕۆژمان لەبەر دەست مابوو پێش ئەوەی پێشنیارەكە ماوەكەی تەواوبێت . وەك دوا هەوڵێك چووین بەلای بانكەكەی خۆمانەوە . ئێمە خۆمان بە مەبەست لێی دووركەوتینەوە لەكاتی گەڕان لە بانكەكاندا چونكە تەنها بڕی ٣,٥٠٠ دۆلارمان لە

حیسابی بازرگانی تایبەتیماندا هەیە بۆیە وابیرماندەکردەوە ئەم بانکە زۆر دەستگیرۆیمان ناکات ."

"من و رۆبێرت چوینە ژوورەوە و داوامان رد لەگەڵ بەرێوەبەری بانکەکە ،جەیمس قسە بکەین . ئێمە جەیمسمان لە چەندین بۆنەیەکی جیاجیادا چاوپێکەوتوە. بانکێکی بچوکی نوێ بوو لە شارۆچکەکە و جەیمییش ئێمەی خۆش دەویست . لەسەر مێزەکەی دانیشتین . ئەو رێککەوتنی خانووبەرەیەمان بۆ روون کردەوە. لایەنە دارایییەکانمان پیشان دا و ئەوەشمان روونکردەوە کە پارەی ئەو قەرزەی دەمانداتێ لەو پارە نەقدیەی بۆمان دێتەوە لەو مولکو دەدەینەوە. جەیمس بە ئارامی رووی تێکردین و پێی وتین،" ئێوە زۆر چاونەترسن کە هاتوون بۆ ئێرە. یەکەم شت، من دەزانم هەردوکتان چەندتان پارە هەیە لە بانکەکەماندا. دووەمیش، ئێوە تەنها ماوەی دوو مانگە سەوداکەری ئەم بانکەن" . دەمانزانیت هەواڵێکی ناخۆس بەرێوەیە. جەیمس بەردەوام بوو،" ئەگەر تەنها بۆ چەند چرکەیەکیش بمەوێت ئەم قەرزە بدەم، کە زۆر لە ئەگەر و نەگەردایە، ئەوا یەکەم هەنگاو ئەوەیە پێویستە هەردوکتان ئەم قەواڵەیەم بۆ واژوو بکەن. کەواتە بۆ لایەنی کەم ئەوە ناکەن؟"

"زانیامان کە دەیەوێت لەگەڵماندا بەرێزبێت و ئازاری رەتکردنەوەکەمان کەم بکاتەوە کە خەریکە روودات.

ئێمە قەواڵەکەمان واژوو کردوو دامانەوە دەستی. ئەویش هەڵیگرت و خستیە ناو فۆڵدەری فایلە قاوەییەکانەوە. پاشان سەری بەرز کردەوە و سەیری کردین بە زەردەخەنەیەکەوە کە لەسەر رووخساری بوو وتی،" پیرۆزە ئێستا دەتوانن قەرزەکەتان وەربگرن"

ئێمە واقمان وڕمابوو، پرسیمان، بەڕاستتە؟ قەرزەکەمان پێدەدەن؟"
وتی،"ئەو موڵکە زۆر باشە. وێڕای ئەوەش من ئەو دوانەتانم چەند جارێك بینیوە،دەتوانم هەست بەوە بکەم چەند پابەندی کارەکەتانن، وە متمانەشم هەیە لەڕووی سەرمایەگوزاریەکەشتانەوە هەر وادەبن. بەختێکی باش بۆ ئێوە."
"بەم شێوەیە لە بانکەکە چوینە دەرەوە، هێشتاش واقمان وڕمابوو. پەیوەندیمان بە بریکارەکەمانەوە مرد و ڕێککەوتننامەکەمان ئەنجامدا... لە سەدا سەدی موڵکەکە هەمووی بوو بە هی خۆمان ".
"ئێستا ئەو بەڕێوەبەری بانکە هیچ هێۆکارێکی مەنتیقی نەبوو بۆ پێدانی ئەو بڕە قەرزە پێمان. چۆن هەرگیز پێشبینی ئەوەمان پێدەکرا کە دەکرێت دەرفەتێکمان پێبدات؟ هەندێکجار پارەت لە شوێنێکەوە دەست دەمەووێ کە کەمترین پێشبین دەکەین. وەك کارێکی جادووی. بەڵام مەبستەکە لێرەدایە ئێمە هەرگیز پارەمان پەیدا نەدەکرد و ئەو موڵکەمان نەدەکڕیت ئەگەر بینایەکی چەند نهۆمی ئەوهامان نەهاتایەتە پێش و ئەو جۆرە دوا مۆڵەتەمان پێ نەدرایە."
هیچ پارەت نییە؟ هیچ کێشە نییە
لیزلی وتی،" پێی دەچێت ئەوەی تۆ دەیڵێیت بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوەبێت کە بیرم لێدەکردەوە دەبێت ئەنجامی بدەم . تۆ دەیڵێی لەجیاتی ئەوەی سەرەتا پارەکە بدۆزیتەوە ئەوەی دەتەوێت سەرمایەگوزاری تێدا بکەیت بدۆزەرەوە ، ڕاستە؟"
وتم،" بەڵێ ڕێك ئەوە دەڵێم. زۆربەی خەڵکی دەڵێن،"سەرەتا پارە کۆدەکەمەوە، پاشان ئەوەی دەمەوێت سەرمایەگوزاری تێدابکەم بەڵام

لەبری ئەوە من فێربووم و دەڵێم ،"سەرەتا ئەوەی دەتەوێت سەرمایەگوزاری تێدا بکەیت بدۆزەرەوە، پاشان پارەکە پەیدا بکە."

لیزلی بە دوو دڵیەوە وتی،"بەردەوام بە".

بەردەوام بووم،" ئەوە ئاسانە سەرەتا ئەوەی دەتەوێ سەرمایەگوزاری تێدا بکەیت بدۆزەرەوە. پاشان بیکە کرداری، پێی دڵخۆش بە. بۆ نمونە، ئەگەر موڵکێکی سێ ژووری نوستنی و دوو گەرماوییە، سەیری بکە، دەستی لێبدە، پێیدا تێپەڕە، بزانە بڕی پارە نەقدیە هەڵهێنجراوەکەی چەندە. بیهێنە پێش چاوت بویتە بە خاوەنی . باسی بکە. ئێستا چیتر تەنها بیرێکە یان تیۆرێکنییە، بەڵکو ڕاستییە. لەو کاتەدا دەبینیت مێشکت خەرکیە دەست بەکاردەکات، وە سەرسام دەبیت کە دەبینیت چەندە بە بلیمەتی لایەنە دارایی‌یەکانت دیاری دەکەیت. ئەوە بۆ سەرمایەگوزاری کار یان هەر سەرمایەگوزاریەکیتر بێت کە تۆ حەزی لێدەکەیت بەهەمان شێوە. بەزۆری ئەوەی زۆر سەرنجی من ڕادەکێشێت پارە نەقدیە هەڵهێنجراوەکەیە. دەبینم کە سەرمایەگوزاریەکەم پارە بە من دەدات.

لیزای دووبارەیکردەوە،"کەواتە من سەرەتا ئەوەی دەمەوێت سەرمایەگوزاری تێدا بکەم دەدۆزمەوە پاشان پارەکە پەیدا دەکەم. ئەمە مانای وایە دەتوانم یەکسەر ئێستا دەست پێبکەم. لە ڕاستیدا من کەمێك بەرەو نائومێدی دەچووم کە چۆن دەتوانم ئەو پارەیەم دەست بکەوێت.هەموو ئەوەی دەهات بەمێشکمدا کارکردنی زیاتر بوو. تەنها بەبیرلێکردنەوەی ماندوو دەبووم هەر بۆیە هەرگیز هەوڵێکی باشم نەداوە بۆ ئەوەی دەست بە سەرمایەگوزاری بکەم."

ترەیسی هاتە قسە،" کەواتە تۆ دەڵێیت ئەگەر من موڵکێکی باشی سەرمایەگوزاریبدۆزمەوە،پارە خۆی بە شێوەیەکی موعجیزە ئاسا دەدۆزرێتەوە؟"

وتم،" پارە نادۆزرێتەوە کە هەر دابنیشیت و چاوەڕێ بکەیت و هیچ کارێك نەکەیت. تۆ دەبێت دەست بەکاربیت . دەبێت بڕۆیت بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە. دوو شت هەن لە سودی تۆ دەبن ئەگەر شێوازێکی سەرمایەگوزاری دیاریکراوت دۆزیبێتەوە. یەکەم ، ئێستا تۆ هەرماسەگوزاریەکی ڕاستەقینە هاندەرتە کە دەتوانیت باسی بکەیت و پیشانی قەرزدەر و سەرمایەگوزارە بەناوبانگەکانی بدەیت. دووەم، ئێمە بەزۆری کاتێکی سنوردارمان هەیە بۆ زیادکردنی بەشێك یاخودە هەموو پارەکەمان . ئێستا بارەودۆخێکی لەناکاو ، دوا مۆڵەتێك لە ئارادایە. بۆنەی ناتوانیت بڵێیت،" دواتر کاری لەسەر دەکەم". ئەمە ناچارت دەکات ڕاستەوخ دەست بەکاربیت. هەرچەند زیاتر لەگەڵ خەڵك، قەرزدەرو سەرمایەگوزاری بەتوانادا قسەبکەیت، وزەی زیاتر بەدەست دەهێنیت . هەرچەندە وزەی زیاتریشت هەبێت دەرفەتی زیاتر دێتە بەردەستت . وزە وزە ڕادەکێشێت. بەو شێوەیە جادوەکە کاری خۆی دەکات.... هەروەك چۆن ئەو بەڕێوەبەری بانکە قەرزی بە ئێمە دا."

لیزای پرسی،" ئایا هەمیشە پارە دەتوانێت بدۆزرێتەوە؟ ئایا هیچ جارێك بووە پارەت نە دۆزیبێتەوە؟"

"بە دڵنیایەوە، هیچ دەستەبەریەك بوونی نییە،بەڵام بەم شێوەیە لایەنی کەم دەچیتە یاریەکەوە، دەستی خۆتت تێدابینیوە. دەتوانیت بەخۆت بڵێیت،" من پارەم نییە . پێم پەیدا نابێت"، وە لە یاریەکە بچیتە

دەرەوە پێش ئەوەی دەست پێبکات. ئەگەر بەشوێن پارەکەدا بگەڕێیت ئەگەر بەدەستهێنانی سەرمایەگوزاریت لەوانەیە ٥٠ لە سەدا بۆ ١٠٠ لە سەد بێت. بەڵام ئەگەر پێشتر بڕیارت دابێت کە ناتوانیت پەیدای بکەیت ئەوا ئەگەری سەرمایەگوزاریت لە سەدا سفرە.

نەبوونی پارە خۆی لەخۆیدا سودێکە

ترەسی پرسی،" لەوە تێدەگەم کەپێویستە سەرتا ئەوەی دەتەوێت سەرمایەگوزاری تێدا بکەیت بدۆزیتەوە، بەلام لەوە دلنیانیم تێگەیشتبم چۆن نەبوونی پارە خۆی لە خۆیدا سودێکە. وا دەردەکەوێت هەوڵێکی زۆرت دابێت بۆ دۆزینەوەی پارەکە".

وەلامم دایەوە،"خاڵێکی باشت باس کرد. هەوڵێکی زۆری ویست. هەر وەك چۆن ڕێککەوتنی دواتر و دواتریشم هەوڵێکی زۆری ویست. لە ڕاستیدا ، نزیکەی تەواوی ئەو سەرمایەگوزاریانەی ئەنجامم داوە ،بەو پارەیەی پێویست بووە هەمان بێت لەبەر دەست نەبووە. کاتێك دەستم کرد بە سەرمایەگوزاری زۆر بە سادەی لەبەر ئەوەبوو هەمیشە ئەونەمان پار نەبووە . ،ئێستاش ۆەونەمان پارە نییە چونکە ئەو پارەیەی هەمانە بەردەوام لە سەرمایە گوزاریدایە."

ترەیسی وتی،" نەبوونی پارە سودێکە چونکە............ .

وتم ،"لەبەر ئەوەی ناچارت دەکات بیر بکەیتەوە. ناچارت دەکات چالاك بیت . لەبری هەبوونی تەنها ستراتیجیەتێکی دۆزینەوەی سەرمایەگوزاری، وەك بەکارهێنانی پارەکەم، من ئێستا چەندین ڕێگام لەبەر دەستە بۆ سەرمایەگوزاری دارایيم . گرینگترین سود ئەوەیە کە من هەرگیز ڕێگە نادەم ئەو بیانوەی کە پارەم نییە بم وەستێنێت لە گەڕان

بەدوای سەرمایەگوزاریەکی باشدا. ئەوە شتێکی زۆر خۆشە بتوانیت ئەو کارە بکەیت کە پێویستە ئەنجامی بدەیت.

"یەکێك لە گرنگیترین ئەو وانانەی باوکی دەوڵەمەندی ڕۆبێرت فێری ڕۆبێرتی کردووە ئەوەیە هەرگیز ئەم قسەیە نەکات،" ناتوانم پارە پەیدا بکەم". هەرکاتێك دەڵێیت 'ناتوانم' مێشکت ڕاستەخۆ دەوەستێت. لەجیاتی ئەوەی بڵێیت ناتوانم پارەکەی پەیدا بکەم ، باوکی دەوڵەمەند لەخۆی دەپرسی،" چۆن دەتوانم پارەکەی پەیدا بکەم؟" بە پرسینی ئەو پرسیارە مێشکت دەکرێتەوە و بەدوای ئوەلامدا دەگەڕێت. "

چۆن پارە پەیدا دەکرێت؟

یەکەمین وەستاندنی خەڵکی لە قەرزدان و پارەی پاشەکەوتکراوەکاندا لە بانکە کۆنەکانەوەیە. کاتێك ئەو یەکەم بانکە ڕەتیان دەکاتەوە، وازدەهێنن و دەڵێن،" ناتوانم قەرزێك وەربگرم". دووبارە وشەی 'ناتوانم' لەوێدا هەیە. ئەوەی ئەوان درکی پێناکەن ئەوەیە ئەو بانکەی یەکەمجار چونەتە لای تا قەرزیان پێبدات بۆ ئەو جۆرە موڵك و کارەی کە هەڵیان بژاردووە. هەربانکێك جیاواز پارە بەقەرز دەدات بۆ جۆرێکی جیاواز سەرمایەگوزاری لەپاڵ بانکە کۆنەکاندا، ئەمانە چەند ڕێبازێکی جێگرەوەی ترن بۆ دابینکردنی دارایی سەرمایەگوزاریەکەت. چەندین ڕێگای نوێ دەبینیت بۆ گەشەپێدانی پارەکانت کاتێك ئەزمونی سەرمایەگوزاریت بەرەو پێش چوو.

- قەرزی دارایی فرۆشیار: هەر وەك موڵکێکی تاپۆی بەکرێدان، فرۆشیار دەوری بانك دەبینێت . تۆ ڕێککەوتنێکی قەرزیت لەگەڵ فرۆشیاردا هەیە

که بڕی قەرزەکەت، بڕی ئەو سوەی دەچێتە سەری وە درێیژی ماوەی قەرزەکە دیاری دەکات.

- بڕی قەرزی دراوە کە لە پارە نەقدیە هەڵهێنجراوەکان دەردەکرێت: بۆ نمونە، تۆ پرۆژەیەك دەکڕیت و ڕێككەوتنێك لەگەڵ فرۆشیار، قەرزدەر یان سەرمایەدارەکەدا هەیە کە پارەکەیان دەدەیتەوە لەڕێی ئەو پارە نەقدیە وەدەستهاتوەی کە لەو پرۆژەیە دەستت دەکەوێت.

- پارە وەرگرتنی قەرزدەر: چەندین جۆری جیاوازی قەرزدەر هەن. لێرەدا بارمتەی خانووبەرە و بریکارەکانی کار دەکرێت ئەندامی بەنرخی تیمەکەت بن. ئەم بریکارانە دەزانن کام قەرزدەرە قەرز بۆ چی جۆرێکی سەرمایەگوزاری دەدات. قەرزدەر تێچووی بریکارەکە دە دات تۆ نایدەیت.

- قەرزی لە ئەستۆگیراو: لە خانوبەرەدا ڕەنگە موڵکەکە قەرزێکی لەگەڵدا بێ، کەمانای وایە دەبێت لە ئەستۆی بگریت بە هەولێکی شایستە لە لایەن خۆتەوە. هەروەها دەبێت ئەو ماوەیەی بۆ قەرزەکەش دانراوە لە ئەستۆبگریت، بڕی سو، ماوەی قەرز و هەر وردەکاریەکیتری دیاریکراو.

- سەرمایەدارەکانیتر: ئەمانە چەندین کەسن کە پارەیان هەیە بەلام هیچ ئارەزوی ناکەن و کات و ئەزمونیان نییە بۆدۆزینەوە و بەڕێوەبردنی سەرمایەگوزاریەکی دیاریکراو.ئەگەر دەری بخەیت سەرمایەگوزاریەکەت لەچیدا دەکەیت ئایا خانوبەرە، کار، بەڵگەنامەی بارمتەی باجی، کانزای بەنرخ یان هەرشتێکیتر بێت. ئەوا دەستکەوتێکی باش بۆ سەرمایەگوزارەکە دەگەڕێتەوە لەو پارەیەی کە داویەتی پاشان ئەو سەرمایەدارانە سەرچاوەیەکی باشی پارەپێدانن بۆت.

-خێزان و هاوڕێکان: دەتوانیت داوا لە خێزان و هاوڕێکانت بکەین لەسەرمایەگوزاریەکەتدا لەگەڵتدا بەژداربن. تۆ کات و هەوڵت دەخەیتە کار ئەوانیش پارە دەدەن. ئەگەر هاوڕێ یان خێزانەکەت بەژداری پێکرد، ئەوا دوو وشەی ئاگادارکردنەوە هەیەبیزانە. ١)لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانتدا وەك سەرمایەگوزاریك ڕەفتاربکە، نەك وەك کەسانێك کە خۆشیان دەوێیت و یارمەتیت دەدەن.ئەگەر تۆ دەتەوێ ببیت بە سەرمایەدار، ئەوە هەرکارێکی بەکارامەی ئەنجام بدە. بە سەرمایەدارەکانت بسەلمێنە کە چۆن پارەکە و دەستکەوتێکی باشیان بۆ دەگەڕێنیتەوە. با ڕێککەوتنێك لە نێوانتاندا هەبێت. ٢) بەهۆی هەبوونی پەیوەندییەکی سۆزدارانەوە لە نێوان تۆ و خێزان و هاوڕێکانتدا زۆر بە پێویستی نازانم ئەم ڕێگەیە بگریتە بەر. هاوڕێیەتیەکی بەهێز شیاوی ئەوە نییە بخرێتە مەترسیەوە بۆ سەرمایەگوزارییەك کە ڕەنگە زەرە پێویست نەبێت. من شەڕی خێزانیم بینیوە کاتێك زڕبرا بڕێك پار بەقەرز داوە بە زڕخۆشکی وە ناچاربووە و پێویستی بەو پارەیە بووە بۆی بگێڕێتەوە دوای ٧ مانگ، پاشان زڕخوشکەکە ئەم لا وئەولای دەکرد لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە لەلایەکیترەوە پارە پەیدابکات. شایەنی ئەوە نییە. هەموو سەرمایەگوزاریەك وەك کارێکی جیا مامەڵەی لەگەڵدا بکە چونکە خۆی لە ڕاستیدا بەو جۆرەیە.

"هەمیشە پارە هەیە"

بە هاوڕێکانم وت،" هەر هەفتەی داهاتوو بریکارێك کە لەگەڵیدا کاردەکەم هات بۆلام بەسەرمایەگوزاریەکی خانووبەرەوە. دوای چەند هێنان و بردنێك پێشنیارەکەم قبەڵکرا.بریکارەکە بینیت من چۆن لە هەوڵدام بۆ

دابینکردنی پارەی پێشەکییەکە، کە لە سێ سەرچاوەی جیاوازەوە هات. دەتوانم بڵێم ئەو کەمێك نیگەران بوو لەوەی ڕەنگە نەتوانم پەیدای بکەم. ئەو ڕۆژەی کە موڵکەکەم واژووکرد ڕوویتێمکرد وتم، " سوپاس بۆ ئەم ڕێککەوتنە باشە. هەرکاتێك یەکێکی نوێت دۆزیەوە پەیوەندیم پێوە بکە. لەبەیانی زووتر نابێت."

سەیرێکی کردم و وتی، " بەیانی؟ بەڵام ئایا تۆ پارەت لێ نەبڕاوە؟ وابیرم کردەوە ئەم ڕێککەوتنە تەواوی پاشەکەوتەکانتی تەواوکردووە؟"

بە متمانە بەخۆبوونەوە زەردەخەنەیەکم کرد وتم، " من هەمیشە دەتوانم پارە بدۆزمەوە بۆ ڕێککەوتنی نایاب".

ترەیسی وتی، " کەواتە خاڵی سەرەکی ئەوەیە من نابێت بیر لەوە بکەمەوە سەرەتا پارەم دەست بکەوێت. ئەگەر وابکەم هەرگیز دەرفەتی دەستپێکردنم نابێت. لەبری ئەوە دەبێت هەوڵبدەم سەرەتا ئەوە بدۆزمەوە کە دەمەوێت سەرمایەگوزاری تیابکەم پاشان گرینگی بە دۆزینەوەی پارەکەی بدەم.بە دڵمە".

وەڵامم دایەوە،"بەڵێ وایە . ئێستاش با دوا خاڵتان پێ بڵێم کە من و ڕێبێرت بۆ چەندین ساڵ بەکارمان هێناوە. ئەمە بۆ ئەوەیە چۆن پارە هەمووو ڕۆژێك کۆبکەیتەوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی دیار بکەین لە چاو ئەوەی ئێستا دەیکەیت: بەڵام سەرەتا ئەوقاپی پەنیرەم پێدەدەن تکایە."

بەندی سیازدەهەم

# زانیاری زیاتر دەربارەی

ئامانجی باش هاوشێوەی ڕاهێنانێکی سەختە،
وات لێدەکات تەواوی تواناکانتی بۆ بەکار بهێنیت."

"ماری کای ئاش"

ترەیس پپرسی، "کەواتە خاڵە گرنگەکە چییە؟"

وتم، " من چیرۆکێکیترتان بۆ دەگێڕمەوە. لەبیرتانە کاتێك باسی ئەوەم بۆ کردن کە چۆن من و ڕۆبێرت چوین بۆ ئۆرگن، هیچ پاشەکەوتێکیمان نەبوو و بەهەزار حاڵ پارەی پسو لەکانیشمان پێدەدرا؟"

هەردوو خانمەکە سەریان بە بەڵێ لەقاند.

"هەر لەو کاتەدا بوو بۆمان دەرکەوت دەبێت کارێکی جیاواز ئەنجام بدەین ئەگەر نا هەمیشە لە باردودۆخێکی دارایی نا ئاسودەدا دەبین. ئەگەرچی ئەوکات بڕێکی زۆر کەم پارەمان دەست دەکەوت بەڵام بڕیارماندا ئەگەر ئێمە بمانەوێت هەر جۆرە دارایییەکمان هەبێ لە داهاتوودا دەبێت ئێستا هەنگاوی بێ بنێین."

لیزلی پرسی، "کەواتە چیتان کرد؟"

پێم وت، " یەکەم شت کە کردمان بەکرێگرتنی ژمێریارێك بوو".

به واقوڕماوی وتی،" بۆ ژمێریار؟ خۆ تۆ وتت زۆر کەممان پارە هەبوو. ژمێریان بۆچی پێویست دەبێ ئەگەر تەنها بڕێکی زۆر کەم پارت هەبێت؟"

پرسیم،" دەزانن چەندە ئاسانە لەگەڵ خۆت درۆبکە دەربارەی پارەکانت؟ ئەوکات وابیرم دەکردەوە کێشەی پارەمان بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆیان موعجیزە ئایا چارەسەر دەبن. وەك کەسێکی گەشبین، دوا شتێك کە بیرم لێبکردایەوتە ڕوودەدات ڕووبەڕوو بونەوەی تەنگوو چەڵەمەی دارایی بوو. وتە بەناوبانگەکەم ئەوەبوو دەم وت،" ئەگەر بیری لێ نەکەمەوە، بۆخۆی دوور دەکەوێتەوە."

لیزلی پێکەنیت وتی،" ئەرێ تۆ مێشك خوێنەرەوەیت؟ ئەوە ڕێك ئەو قسەیەیە کە من بە خۆمی دەڵێم".

وەڵامم دایەوە،" ئەوە زۆر ئاسانترە لەڕوو بەڕووبونەوەی ڕاستییەکان ، وانییە؟ بۆیە قورسترین کار بۆم بەکرێگرتنی ئەو ژمێریارە بوو کە مانگی دوو جار چاوی پێم دەکەوت. هەموو دوو هەفتە جارێك بینینی ئەو ڕاستییە خەمینانەی لایەنی داراییمان دەهێنێتەوە بەرچاو. وەك دایکێك وابوو کە ڕێگەی نەدەدا منداڵەکەی مێزەکە بەجێبهێڵێت هەتا چێشتە فاسولیا کەی نەخوات.بێتی ڕێی نەدەدام چاوپێکەوتنەکەمان بەجێ بهێڵم هەتا تەواوی پسولە و دۆلارەکان دەستنیشان نەکرایە و نەژمێردرایە. ئەوە خۆش نەبوو. من لەهەموو چاوپێوتنێکدا ترسم لێدەنیشت."

ترەیسی بە گاڵتەوە پرسییتی،" ئایا لایەنی ئەرێنی ئەم چیرۆکە کامەیە؟"

پێکەنیتم وتم،" لایەنی ئەرێنی ئەوەیە دەمزانیت لەڕووی داراییەوە لە کوێدا وەستاوم. وا خۆم دەرنەدەخست هەموو شتێك باشە و بەهەر شێوەیەك بێت خۆیان چارەسەر دەبن. ڕاستی دەستکەوت و خەرجیەکانمانم دەزانیت . هەرکاتێکیش بزانیت گەیشتویتە کوێ ئەوا بەشێوەیەکی واقعی دەتوانیت بزانیت دەتەوێت بەرەو کوێ بچیت و چۆن دەتوانیت بەو شوێنە بگەیت کە دەتەوێت."

بەردەوام بووم،" پێش هاتنی ژمێریارەکەم بیتی.من وەك وشترمرخێك وابووم کە سەری خۆی لەناو لمدا حەشار دابێت.ئەوە ڕێك وەك ئەوە وابو پەیوەندی بە ڕێستۆڕانتێکەوە بکەیت و بپرسی،"چۆن دەتوانم بگەمە ڕێستۆڕانتەکەتان؟ بەڵام پێشیان نەڵێیت کە لە کوێ دەژیت. ئەگەر خاوەنی ڕێسۆڕانتەکە نەزانێت تۆ لەکوێی چۆن دەتوانێت ڕێگات پێشان بدات کە بەرەو کوێ بڕۆیت؟"

"کەواتە ئەگەر دەتەوێت بزانیت لەڕووی داراییەوە بەرەو کوێ دەچیت،دەبێت سەرەتا بزانیت ئێستا لە کوێدایت".

## خاڵە گرنگەکە

لەو چاوپێکەوتنانەدا کە دوو هەفتە جارێك لەگەڵ بیتی هەم بوو، یەکەم شت کە من و ڕۆبێرت بۆمان دەرکەوت ئەوەبوو ئێمە هیچ ناخەینە لاوە بۆ داهاتوومان. هەر دینارێکی پەیدامان دەکرد بۆ دانی پسولەکان بەکارمان دەهێنا هەرچەند لەتوانامان‌دا بوایە . بۆیە بڕیارماندا دەستکەین بەوەی سەرەتا پارە بۆ خۆمان پێکەوە بنێین پاشان بۆ کارتی بانکینەکانمانی دابین بکەین. بۆم دەرکەوت ئەو دەستەواژەیەی کە زۆر دووپات

دەبێتەوە، " سەرەتا پارەی خۆت دابین بکە" بۆ هەر کەسێك مانایەکی جیاوازی هەیە. بۆ ئێمەش ئەم مانایەی خوارەوە دەگەیەنێت .

"پلانەکەمان سادەیە. بۆ هەموو دۆلارێکی کە دەست خێزانەکەمان دەکەوێت ، جا لەهەر کوێیەکەوە هاتبێت ، سەرەتا لەسەدا ٣٠ی لێ لادەدەین. کەواتە ئەگەر ١٠٠ $ مان دەست بکەوێت ئەوە بڕی ٣٠$ ی لێ دەخستە لاوە. ئەگەر ١ $ بێت ئەوا ٣٠ سەنتمان لێ لا دەدا.

پاشان ئێمە پارەکەمان بەسەر سێ حیسابدا دابەشدەکرد:

١- حیسابی سەرمایەگوزاری ١٠ سەنت

٢- حیسابی پاشەکەوت ١٠سەنت

٣- حیسابی بەخشین و دەستەبەری دەوڵەت ١٠سەنت

"دوای ئەوەی ئەو لە٣٠٪ یەمان لێ دەرهێنا پاشان ئەو پارەیەی دەمایەوە بۆ پێدانی پارەی پسولەکانمان دەڕۆیشت.

دابینکردنی کرێی خۆت لەسەرەتادا مانای ئەو ٣٠ سنەتەیە کە بۆ بنیاتنانی داهاتوی دارایی‌مان بوو.

"کلیلی تەواوی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە تۆ دەبێت پێوەی پابەندبیت. ناتوانیت بڵێیت ئەم مانگە لای دەبەم، بەڵام مانگی داهاتوو بە دووقات قەربووی دەکەمەوە. بۆی هەیە مانگی داهاتوو ئەو هەلەت بۆ نەڕخسێت. گرینگترین بەشی ئەم پرۆسەیە ڕژێمی خۆگری و جێبەجێکارییە تا بۆ هەر دۆلارێك کە دێتە دەستت پەیڕەوی بکەیت. ئەوەی کە گرینگە ئەوە نییە چەند وەلا دەخەیت،بەڵکو ئەوە گرینگە دەبێتە خوویەك کە دووبارە و دووبارە ئەنجامی دەدەیت بۆ هەر سەنتێك کە دەستت دەکەوێت.

هەر کە بوو بەخوو چیدی ئۆتۆماتیکی ڕوودەدات.

"ڕەنگە تۆ ڕێژەی سەدی جیاواز لەوەی ئێمە هەڵبژێریت. ئێمە ٣٠لەسەدامان هەڵبژارد چونکە بارووددۆخی داراییمان لەو کاتەدا تەنها بۆ ئەوەنە گونجاو بوو. ئەگەر تۆ دەتەوێت بە بڕێکی سەدی کەمتریش دەست پێبکەیت ئاساییە. وە زۆر بەسەختی ئاگاداریشت دەکەمەوە با وانەبێت زۆر کەمیش بێت لەبەر دوو هۆکار:

"یەکەم، ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر کەم دیاری بکەیت، ئەوا کاتێ زیاترت دەوێت تا ئەنجامی ویسترا و بەدەست بهێنیت.دووەم،" ئەگەر ئەنجامی باشت بەزووی بەرچاونەکەوت ئەوا ڕەنگە ئارەزووت لەخووەکە نەمێنێت و بەردەوام نەبیت.باوڕم وایە دەبێت تا ڕادەیەم سەخت بێت لەسەرت ، کەمێك قوربانی بدەیت تا شیاوی هەوڵ بۆ دانبێت.چالاك بە. ئەگەر ئەمکارە بکەیت سەرت سوڕدەمێنێت کە چۆن حیسابەکانت بەرزدەبێتەوە.

"شتێکی هەرە گرینگ کە بۆمان دەرکەوت ئەوە بوو ئەو ٣٠ سەنتە داهاتووی ئێمە بوو. ئەگەر ئێستا دەست نەکەین بە بنیاتنانی داهاتوی داراییمان ئەوا هیچ داهاتویەکمان نابێت".

ترەیسی پرسی،" بەلاَم ئەگەر بەڕێوەچونت زۆر زەحمەت بوو، چۆن پارەی پسولەکانت دەدا؟"

دەستم کرد بە پێکەنین،" ئەوە هەمان پرسیارە کە ژمێریارەکەمان، بینی پرسی! گفتوگۆکەمان بەم جۆرە بوو:

"وتم ،"بێتی ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیکەین ئەوەیە لەسەدا ٣٠ی تەواوی ئەو پارەیەی هەمانە بیخەینە لاوە. ئەو پارەیەش بۆ سێ

حیساب دەچێت کە تـەنها بـۆ سـەرمایەگوزاری و بەخشینە. وە حیسابی پاشکەوتیشمان تەنیا بۆ بارودۆخێکی کوت و پڕ و لەناکاوە."

بیتی وتی،"تۆ ناتوانیت ئەو کارە بکەیت! تۆ چەند پسولەیەکت لەسـەرە دەبێت پارەکەیان بدەیت. چۆن پسولەکانت دەدەیت ئەوکات؟"

وتم،" ئێمە شتێك دەدەین بۆ هـەر حیسـابێکی بانکیمـان مانگانـە. ڕەنگـە هـەنێجار کـەمتر لـەوەی داوایدەکـەن بـدەین. ئەگـەر پێویسـت بکـات مۆبایلەکە دێنم و بۆیـان ڕوون دەکەمـەوە کـە گـرەنتی ئـەوەیان دەدەمـێ سەد لە سەد پاروکەیان دەدەمێ بەڵام ڕەنگە کەمێك درێژە بکێشێت."

بـێتی وتـی،" مـن بیرۆکەیـەکی باشـترم هەیـە. بۆچـی تـەواوی پـارەی پسـولەکان نـەدەین بەتـەواوەتی، پاشـان هەرچـی لـێ مایـەوە دەیخەینـە لاوە."

وتم،" ئەوە هەمان ئەو شتەیە هەموان ئەنجامی دەدەن. کێشـەکە ئەوەیـە هەرگیز هیچ نامێنێتەوە. دەی بابەم پلانەوە پابەنـدبین. مـن خـۆم لەگـەڵ خاوەنی کارتە بانکیەکان قسەدەکەم".

بێتی ئاهێکی هەڵکێشا

لیزلـی پرسـی،"ئایـا خـاوەن کارتـە بانکیـەکان شـەو و ڕۆژ بەدواتـەوە نەبوون؟"

وەڵامم دایەوە،" ئەوە پرسیارێکی جوانە. من بـەهیچ شـێوەیەك پێشنیاری ئەوە ناکەم کە پارەی پسولە بانکیەکانتان نەدەن ڕێژەی مایە  پوچ بـوون لـە وڵاتـە یـەکگرتوەکان لـەڕادە بـەدەرە، لـە زۆربـەی دۆخەکانیشـدا ئـەم کەسـانە ویسـتویانە خۆیـان بدزنـەوە لـە دانـی پـارەی پسـولەکانیان و بەرپرسیاریەتی دارایی‌یان . من بەهیچ شێوەیەك لەگـەڵ ئـەوەدانیم. ئێمـە

دڵنیابووینەوە کە تەواوی پسولەکانمان دراوە وە لە گفتوگۆی بەردەوامدا بووین لەگەڵ خاوەن کارتە بانکیەکانماندا کە دڵنیابین لەوەی تێگەیشتون ئێمە تەواوی پارەکەیان دەدەینێ.

"مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە دەمەوێ بڵێم زیاتر لە ڕێگایەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان. تۆ دەبێت لێهاتووبیت. سەیری تەواوی هەڵبژاردەکان بکە. هەڵبژاردەکانت بدۆزەرەوە و دروست بکە. لەخۆت بپرسە،" ئەگەر من پابەند بم بەم پرۆگرامەوە " سەرەتا کرێی خۆت بدە" چۆن دەتوانم وابکەم؟ دەبێت چی شتێکی جیاواز ئەنجام بدەم؟ دووبارەی دەکەمەوە، ئەم کارە تەنها لەپێناو ئەوە نییە بڕێکی زیاتر پارە پاشەکەوت بکەیت. بەڵکو لەپێناو ئەوەدا ئەمڕۆ داهاتووی داراییمان بنیات بنێین. وە من پێتان دەڵێم، ئەو پارەیە زۆر بەخێرایەکی زیاتر لەوەی هەرگیز پێشبینیت کردووە لە حیسابەکانتدا گەشە دەکات.

لیزلی وتی،" دووبارە ڕوونی بکەرەوە ئەو حیسابانە کامانەن؟

لەسەر پارچە کاغەزێك سێ لاکێشەم کێشا: ئەبێ لە لاکێششیابن

سەرمایەگوزاری

بەخشین

پاشەکەوت

"سەرەتا ، ئێمە بڕیارمانداوە پێویستە سەرمایەگوزاری بکەین، کەواتە حیسابێکی سەرمایەگوزاری دادەنێین. دووەم، ئێمە باوڕمان بەو بیرۆکەیە هەیە کە دەڵێت ببەخشە تا وەربگریت، بۆیە حیسابی بەخشین وخێرمان دانا. سێیەم، ئێمە حیسابێکی پاشەکەوتی گشتیمان دانا وەك دەستەبەرییەك بۆ هەر باروودۆخێکی لە ناکاو و دەرفەتێکی تایبەت.

لیزلی بە تێڕامانەوە وتی،" کەواتە بیرۆکەی 'سەرەتا خەرجی خۆت بدە' واتای ئەوە نییە پارەیەکی زۆر خەرج بکەیت بۆ کڕینی جوتێ پێلاوی نوێ یان بۆ گەشتێکی تاهیتی، بەڵکو دەربارەی بایەخدانە بە داهاتووی دارایی خۆت."

وتم،" بەڵێ بەتەواوەتی بەو شێوەیە. وە تۆ خاڵێکی زۆر باشت باسکرد چونکە خەڵکی بەهەڵە لەو وتەیە گەیشتون و دەچن ئەو پارەیەی زۆر بە سەختی کاریان کردووە تا پاشەکەوتی بکەن بەکاری دەهێنن بۆ خۆدەرخستن. وە بەسفری بۆی دەردەچن. هەر وەك نمونەیەکی ڕاستەقینە ئەو ٥,٠٠٠ $ ی کە لە پێشەکی یەکەمین مولکی تاپۆی بەکرێداندا دامان کە دووژووری نوستن و گەرماوێکی هەبوو- یەکەمین بڕە پارە بوو لە حیسابی سەرمایەگوزاریمان دەرمان هێنا".

لیزلی وتی،" زۆر سەختە لەسەدا ٣٠ ئەوەی بەدەستی دەهێنم بخەمە لاوە و بەو لە سەدا ٧٠ ی تر بژیم.

وەلامم دایەوە،" پێم وایە ئەگەر ئاسان بوایە هەموان ئەنجامیان دەدا. چالاك بە. بیربکەوە لەوەی چۆن دەتوانیت پێی هەڵ بکەیت . هێشتاش پێویستە باشتر بیری لێ بکەیتەوە. بیربکەوە نزیکەی تێکڕای ئەو پارەیەی ساڵی پار هاتۆتە دەستت چەند بوو. تێگەیشتیت؟"

لیزلی وەلامی دایەوە،" من تێگەیشتم"

"ئێستا ئەو ٣٠ لەسەدایە ڕەچاو بکە و بیهێنە پێش چاوی خۆت چەنێك پارە ئێستا لە حیسابی بانکیەکەتدا دەبوو ئەگەر ساڵێك پێشتر ئەم ڕێگایە بگرتایەتە بەر."

لیزلی لەژێر لێوەوە پێدەکەنیت بە بیرۆکەکە.

پێشنیارم کرد،" کەواتە بیری لێ بکەنەوە . بیربکەنەوە دەکرێت چی بەدەست بهێنن لەبری ئەوەی کە لە دەستتان داوە"

لیزلی پێی دەچوو سەری سوڕمابێت ، پرسی،" لەدەستم داوە؟"

پێکەنیم،" بەڵێ لەدەستی دەیت.وەك ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەوکارانەی هەمیشە ئەنجامت داوە تەنانەت بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەیت کە خەریکیت چیت، کە هیچ بەرەو پێشی نەبردوویت".

بزەیەکی کرد وتی،" تێگەیشتم مەبەستت چییە."

ترەیسی پرسی،" ئایا تۆ تا ئێستاش ئەو کارە دەکەیت؟ تا ئێستاش لە سەدا ۳۰ کۆی گشتی لادەدەیت؟"

وەلامم دایەوە،"بەڵێ بەردەوامین. تەنها ئەوە نەبێت ئێستا ڕێژە سەدییەکە زۆر لەو لە سەدا ۳۰ یە زیاترە. وە جیاوازیەکیتریش ئەوەیە ئێمە بۆمان دەرکەوتوە یەکەمین شتێك کە پاشەکەوتەکانمانی بۆ تەرخان بکەین سەرمایەگوزارییە."

هەرسێکمان بەردەوام بوین لە قسەکردن وە هەمووشمان زۆر چێژمان لەو ڕێستۆرانتە هەڵبژێردراوەی لیزلی بینیت، جا بەتامی خواردن و خواردنەوەکانیش هەر باس مەکە.

چێژمان لەدوا پاروەکانماندەبینیت، لە کەشێکی ئاسودەبەخشدا سەیری تەواوی چالاکیەکانی ناو پارکەکەمان دەکرد کە مۆبایلەکەی لیزلی زەنگی لێدا..........

ڕاهێنان:

١) تێکڕای گشتی ئەو دەستکەوتە چەند بووە کە لەماوەی ١٢ مانگی پێشوودا دەستی خێزانەکەت کەوتوە؟ ______________ $

ئەگەر لە ماوەی ١٢ مانگی پێشودا لە سەدا ٣٠ی ئەو پارەیە دەستت دەکەوت خستبێتتە لاوە، ئێستا چەنێکت زیاتر پارە لەبەر دەست دەبوو؟ دەستکەوتی ١٢ مانگ □ ٣٠= ______________ $

٢)لە ئێستادا تێکڕای دەستکەوتی مانگانەی خێزانەکەت چەندە؟ ____________ $

- دەستکەوتی مانگانەی خێزانەکەت کەڕەتی ١٢ بکە، بۆ دیاریکردی دەستکەوتی ساڵانەی خێزانەکەت ______________ $

- پێشبینی دەکەیت چی پارەیەکیتری زیادەت بێتەدەست - باجی بۆ گەڕاوە، دیاری، سەرمایەگوزاری، داهاتێکی زیادەی وەدەستهاتوو، هتد. ____________ $

- تێکڕای داهاتی خێزان: ____________ $

- ئەگەر تا ١٢ مانگی دیکە بڕی لە ٣٠% ی بخەیتە لاوە لەو پارەیەی دێتە ماڵەکەتەوە، چەندت پارە دەبێت بۆ پێدانی 'سەرەتا کرێی خۆت بدە'؟

- تێکڕای داهاتی خێزان □ ٣٠ = ______________ $

بەندی چواردەهەم

# هاوەڵەکەم ویستی لێی نییە

بەهێزی لەوەدایە کارێك بکەیت خۆت دەتەوێت
نەك لە پێناو ڕەزامەندی خەڵکی"

"ئیلیزابێس جەنیوەی"

لیزلی بە تامەزرۆییەوە وەڵامی دایەوە،" سلاو".

پەیوەندیکارەکە وتی ،" سلاو لیزلی ، پاتم"

لیزلی پێکەنیت وتی،" پات! هەستم کرد کە ڕەنگە تۆ بیت. چەند باش دەبێت تۆش بۆ خوانی نیوەڕۆ بێیت بۆلامان........ئەگەر چی هەمووشتەکانیشمان خواردوە. تەنها یەك چرکە بوەستە". لیزلی دەنگی مۆبایلەکەی کردە بیستەری دەرەکی.

"پات سلاو لە کیم و ترەیسی بکە".

"سلاو! خۆشحاڵم دەبیستم ترەیسیش لەوێیە. باشە، ئێستا دەبێ باسی تەواوی ئەو شتانەم بۆ بکەن کە باستان کردووە."

ترەیسی هاتە قسە،" خۆزگە تۆش لەگەڵ ئێمەدا لێرەدەبوویت. سوپاس کە پەیوەندیت کردووە. لە ڕاستیدا لە دوای ئەو چاوپێکەوتنەی کۆتا کە تۆ ڕێکت خست لەگەڵ کیم و لیزلیدا لە پەیوەندیدابووم. من ولیزلی باسی گفتوگۆکەی تۆمان دەکرد دەربارە ی پارە و سەرمایەگوزاری ، منیش

ویستن زیاترم گوێ لێبێت، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی ئەمڕۆ لێرەم. گفتوگۆیەکی زۆر نایابمان کردووە. بیرت دەکەین!"

پات وەڵامی دایەوە ،" منیش خۆزگە دەخوازم لەوێ بومایە. چەندین ڕووداو ڕوویانداوە. دەزانم ئەگەر لەگەڵ ئێوەدا بومایە باشتر دەبووم."

پات بەردەوام بوو،" دەزانن من هەندێك لەو قسانەی لە خوانی نیوەڕۆکەی پلازا باسمانکرد بۆ مێردەکەم گێڕایەوە ـ تەنها ئەوانەی دەربارەی سەرمایەگوزاری بوون، نەك ئەو بەشانەی دەربارەی ڕۆژەکانی سەڵتیمان بوو. مێردەکەم پێی ناچوو ئارەزووی ئەوە بکات.بەم جۆرە لێدوانە وەڵامی دایەوە،" ئێمە بەگوێرەی پێویست پارەمان دەست دەکەوێت. وای بۆ ناچم شتێکی باش بێت بیخەمە مەترسیەوە لەپێناو سەرمایەگوزاریدا. ئێمە باش دەبین" . تەواوی گفتوگۆ و هەوڵەکانم ئەمە دەرئەنجامکەمەی بوو. زۆر ناخۆشە دەست بەکارێکی نوێ بکەیت لە کاتێکدا هاوەڵی یەکەمی ژیانت حەزی لێنەکات.لەوەش زیاتر ئەو خۆی پارەی ماڵەکە پەیدادەکات. دڵنیا نیم چۆن دەتوانم ئەمە چارەسەر بکەم."

ئێمە لەلایەکیتری مۆبایلەکەوە بێدەنگی دایگرتبووین.

لە مێشکی خۆمدابیرمکردەوە،"ئەوە پرسیارێکی یەك ملیۆن دۆلاریە. چی دەکەیت ئەگەر هاوەڵی ژیانت ئارەزووی شتێك نەکات و تۆ ئارەزووی بکەیت؟ چۆن دەست پێدەکەیت؟ ئایا پێویستت بە پشتیوانی ئەو دەبێت؟ دەزانم ئەگەر پشتیوانی ئەوت لەگەڵ بێت زۆر ئاسانتر دەبێت. ئەی چۆن ڕەزامەندی ئەو پارەیەی لێ وەردەگریت کە پێویستتە بۆ سەرمایەگوزاری؟ ئەنە تەنها دەربارەی سەمایەگوزاری نییە بەڵکوو

دەربـارەی پەیوەندییەکـە.........ئەمـەخۆی لـە خۆیـدا جۆرێکـە لـە شێتی".

مێشکم نوقمی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بوو سەرم هـەڵبڕیت بینـیم لیزلـی و ترەیسی هەردووکیان سەیری منیان دەکرد وەك بڵـێن،" چـی پێـدەڵێیت؟ شتێکی پێ بڵێ. ئەو دەبێت چی بکات؟"

نەمـدەزانیت چـی بڵـێم . ئـەوەی مـن بەتـەواوەتی پێچـەوانەی هـاوەڵی ژیانەکەی پات بوو. من مێردێکم هەیە هەمیشـە هـانم دەدات فێرببم و تا دێت سـەرمایەگوزاری زیـاتر بکـەم. بـەڵام بیرمکـردەوە چـەندان ئـافرەتم بینیوە هەمان ئەم پرسیارەیان کردووە. بۆیـە دەمزانـی پـات لـەو ڕووەوە تەنها خۆی نییە.

یەکەم وشە کە لە زارم هاتـە دەر ئـەوەبوو،" پـات ، هـیچ وەڵامـێکم نییـە بـۆت. خۆزگـە چارەسـەرێکی جـادوویم پێـدەبوو، بـەڵام پـێم وایـە پرسیارەکەت لە هەموو پرسیارەکانیتر ئاڵۆزترە. ئەمە تـەنها باسـی پـارە نییـە. زۆر ڕوونـە کـە دەربـارەی پەیوەندییەکشـتە . کەواتـە ڕێگـەم بدە بیری لێ بکەمەوە و لەگەڵ چەند کەسێکدا قسەبکەم، دەگەڕێمەوە و پێت دەڵێم بەچی گەیشتوم، باشە؟"

پات وەڵامـی دایـەوە،" ئـەوە زۆر بـاش دەبێـت. سوپاسـت دەکـەم. هەر چوارمان بەردەوام بووین لە قسەکردن. بڕیارماندا کۆتای پێ بهێنین پێش ئەوەی شەقامەکان قەرەباڵغ بـبن. باوەشمـان لەیەکتریـدا ،پـاتیش لـەڕێی مۆبایلـەوە، نەمانـدەزانیت کـەی جـارێکیتر یـەکتری دەبینینـەوە، بـەڵام هەموو دەمانزانیت لە پەیوەدیدا دەبین لەگەڵ یەکدا.

**کێشەیەکی زۆر ناباو نییە**

پرسیارەکەی پات هەر لە بیرم مابوو. دەست بکەیت بەسەرمایەگوزاری و هاوەڵی ژیانت ڕازی نەبێت ، نیشانەیەکم لە ئافرەتاندا بینیوە لەڕووی ئەم بابەتەوە کە لە پیاواندا کەمتر بەرچاو دوکەوێت. ئەویش ئەوەیە زۆرێك لە ئافرەتـان زۆر بـە وریـای و بەبایەخـەوە ڕەچاوی کەسانی دەوروبـەریان دەکەن کاتێك دەیانەوتێ گۆڕانکاریەك یان بڕیـارێکی گـەورە لـە ژیانیانـدا بدەن. باوڕم وایە هەر لەبەر ئەمەشـە کـە زۆرێـك لـە ئافرەتـان ڕاستەوخۆ دەیانـەوتێ دەسـت بکـەن بـە سـەرمایەگوزاری ڕاستەوخۆ ئـەم پرسـیارە دەکـەن. ئافرەتـان بەگشـتی زۆر گرینگـی بـەڕاس کەسـانیتر دەدەن لـە بڕیارەکانیاندا لە کاتێکدا پیاوان زیاتر خوی ئەوەیان هەیە خۆیـان بەتـەنها ڕووبەڕوو ببنەوە.

یەکێك لە هـاوڕێ کچەکانیشـم توشـی بـارودۆخێکی زۆر هاوشـێوەی ئەمـە بوەوە. لێی پرسیم،" ئایا هـەرگیز سـەرنجی منـداڵانت داوە لـە ئاهـەنگی مەلەوانگە؟ ئەگەر داوا لـە کۆمـەڵێك کـوڕ بکـەیت تـا هـەموویان بـەدەوری لێـواری حەوزەکـەدا ڕیـزبن و پاشـان هـەموویان پێکـەوە بـاز بدەنـە نـاو ئاوەکەوە، ئەمە دەبینیت: هەموو ڕیز دەبن بـەڵام دواتـر هـەر کـوڕە و بۆ خۆی هەوڵ دەدات پێش ئەویتر بداتەوە . جاك زۆرترین دووری دەبڕێت ، چارلی لە هەموان دوورتر باز دەدات، پێت باشترین پشتە مەلە لێدەدات، وە دانیش لە هەموان زیاتر لە ژێـر ئاوەکـەدا دەمێنێتـەوە. ئێسـتا هـەمان شت لە کۆمەڵێك کچ داوا بکـە، بزانـە چـی دەبینیـت؟ هـەموان بـەڕێزەوە ڕیزدەبن، دەستی یەکتری دەگـرن و تـا سـێ دەژمێـرن و هـەموو پێکـەوە خۆیان هەڵدەدەنەناو ئاوەکەوە." من هیچ دژی پێشبڕکێ نیم، من حـەزم

لە پێشبڕکێیە. مەبەستم ئەوەیە ئافرەتان بە گشتی ڕەچاوی هەست و بیرکردنەوەی کەسانی دەکەن ،هاوشان لەگەڵ کاریگەری لەسەر دەوروبەر، زۆر زیاتر لە پیاوان. بۆیە شتێکی سروشتیە کە پرسیاری ،"ئەی ئەگەر هاوەڵی ژیانم حەز لە سەرمایە گوزاری نەکات؟" بەزۆری بۆ ئافرەتان دێتە پێش.

من چەندین جار دووبارە ئەم پرسیارەم بیستوە.(هەر بۆ زانیاریتان، بەهەمان شێوە پیاوانیش ئەو پرسیارە دەکەن). بەڵام هەرگیز هیچ وەڵامۆکم بۆی نەبووە. من ببەختم کە هاوبەشێکی ژیانم هەیە، ڕۆبێرت کە نەك تەنها پشتیوانیم دەکات لە سەرمایەگوزاریدا بەڵکی هاندەرێکی بەهێزیشمە تابەردەوام بم لە فێربوون و ڕکابەری گەورەتر بگرمە ئەستۆ. بەردەوام پێم دەڵێت بگە ئەو شوێنەی کە لە و دیوی تواناى چونمە بۆی. بۆیە وەك خۆم ئەزمونی کەسێتیم نییە لەو بابەتەدا. بەڵام چەندین ئافرەت و پیاویش دەناسم کە ڕوو بڕووی ئەم بارودۆخە بوونەتەوە.

*چوار هەڵبژاردن

هەرچەند بەڕوانم تەنها چوار هەڵبژاردن لەبەر دەم ئافرەتاندا دەبینم بۆ ئەم کێشەیە. دەتوانن:

١- لەگەڵ هاوەڵەکەیدا پێکەوە سەرمایەگوزاری بکەن.

٢- بە تەنها خۆی سەرمایەگوزاری بکات و هاوسەرەکەشی پشتیوانی لێ بکا.

٣- بەتەنها خۆت سەرمایەگوزاری بکات بەبێ پشتیوانی هاوسەرەکەی.

٤- سەرمایەگوزاری نەکات.

هەڵبژاردنی ١: ئەوە نمونەی دەبێت. هەر وەك دەڵێن، مێشكی دوو كەس باشترە لە یەك كەس. سەرمایەگوزاری زنجیرەیەك لێهاتووی پێویستە لە گەڕان بە دوای گرێبەستی باشەوە هەتاوەكو وتوێژكردن و لەسەر دەستەواژەكان تا كارێكی باشی لێ دەرچێت. لەزۆری كاتێك دوو هاوسەر پێكەوە كار دەكەن ئەو توانایانەیان دەدۆزنەوە كە نەیاندەزانیت هەیانە وە ئەو بەهرە و تواناییانەش لە ستراتیجیەتی سورمایەگوزاریدا بەكاردەهێنن. وە بەهۆی ئەوەشەوە كە هەردووكیان پێكەوە فێردەبن دەبینن شتانێكی زۆر هەیە كە پێكەوە قسەی لەسەر بكەن . ئەوان پێكەوە بڕیاردەدەن، پێكەوە دەخوێنن و فێردەبن، وە بڕێكی زۆر زیاتریش كات پێكەوە بەسەر دەبەن. بەگوێرەی زۆربەی حاڵەتەكان ئەمە زۆر باشە هەم بۆ پەیوەندی نێوانیان و بەهەمان شێوە بۆ سەركەوتنی سورمایەگوزارییەكەیان.

هەروەك چۆن خانمێك بەناوی جاسمین بۆی نوسیم: "من و مێردەكەم هەردووكمان هەستمان بەوە كرد دەبێت ڕێگەی باشتر هەبێت بۆ ژیانمان لەبری ئەوەی وەك كۆیلەیەكی ئەم كارە هاوبەشە پڕلە دڵە ڕاوكێیەبین. دەستمان كرد بە خوێندنەوەی كتێب پێكەوە،ئەمەش گۆڕانكارییەكی گەورەی ئەنجامدا چونكە تێڕوانینی هەردوكمان لە هەمان كاتدا فراوان بوو. خوێندنەوە و گفتوگۆكردن لەسەر كتێبەكان، وە دۆزینەوەی بیرۆكەی نوێ بوو بە چالا كیەكی چێژ بەخش كە پێكە ئەنجاممان دەدا وە هەروەها چۆنییەتی دابەشكردوی ئەركە سەرەكیەكانی سەرمایەگوزاری خانووبەرەمان وەك ئافرەتێك پێم خۆشە ببینم كە

پشتیوانێکم هەیە" ئەگەر چی لەبەر ئەوە نییە کەپێویستە، تەنیا حەزدەکەم ببینم کە لەلامە.

هەڵبژاردنی ٢: ئەمە دووەمین باشترین شتەکانە ئەگەر پشتیوانی هاوسەرەکەتت لەگەڵ بێت ئەوا ناکەویتە شەڕێکی سەختەوە. ئەو لایەنگری تۆیە، وە واشی بۆ دەچم دەیەوێت سورکەوتوبێت. لە ڕاستی دا لەگەڵ چەندین سەرمایەگوزاردا قسەمکردووە کە دەستیان بە سورمایەگوزاری کردووە.

مێردەکەم دەڵێت،" تۆ بەردەوام بە، من لە پشتتم بەڵام خۆم لە کارەکەدا نابم."

بەزۆری ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە کاتێک تۆ دەست بە پرۆسەکە دەکەیت، بەتایبەتیش کاتێک پارەت بۆ دەگەڕێتەوە، زەحمەتە پشت گوێ بخرێت .لەجیاتی ئەوەی تەنها تەماشاکارێکی نا کارابێت. بۆیە تا دێت زیاتر لەگەڵتدا بەژداردەبێت. هەروەك چۆن لە یەکێك لە وتارەکادا کە پێشکەشم کرد لە وەڵام ئەو پرسیارەمدا 'چۆن مێردەکەت ئارەزووی سەرمایەگوزاری نەبێ وای لێدەکەیت حەزی لێ بێت؟'ئافرەتێك هاواریکرد" پارەی پیشان بدە".

ئەمەش نمونەی پیاوێکەی کە هاوسەرکەی حەزی بەو کارە نەبوو. ئەم نمونەیە بۆیە باس دەکەم چونکە هەدێکجار ئێمەی ئافرەتان درك بەوە ناکەین ئەو پیاوەی لە ژیانماندا هەیە چەند حەز دەکا ئێمە ببین بە بەشێکی گەورەی ژیانی . کە خۆم بەتەنیا دەستمپێکرد، هاوسەریشم لە دوورەوە چاودێری دەکردم . من تەواوی ڕۆژ کاردەکەم، هەندێجار دوو کار دەکەم، پاشان دەگەڕامەوە ماڵەوە ، خواردنێکی کەم و خێرام

دەخوارد، پاشان دەچوومەوە دەرەوە تا یەکەم موڵی پارەی نەقدی هەڵهێنجراوم بدۆزمەوە.

دوای ئەوەی چەندین نەخێرم وەرگرت لە کۆتایدا 'بەڵێ' یەکم لە فرۆشیارێکەوە وەرگرت و زۆر بەخێرای واژووم کرد کە مانگانە بڕی ٣٥٠ $ پارەی نەقدی خەڵهێنجراوی بۆم تێدابوو. باوڕم پێبکە چەندین جار ویست وازبهێنم ، بەڵام سوربون و ئیرادەی بەهێزم وایان لێکردم بەردەوام بم. هاوسەرکەم هەندێجار ڕۆژ هاوکاری دەکردم لەم پرۆژەیەمدا ئەوەش یەکێك لە گەورەترین هاندەرەکانم بوو.

ئەمە بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو. لە دوای ئەوەی تەواوی ڕۆژ کارم دەکرد دەگەڕامەوە ماڵەوە و تا نیوەی شەو دەمامەوە و چاودێری موڵکەکانم دەکرد. هەبوونی یارمەتی ئەو ڕاستە بە دڵنیایەوە بۆم باش دەبوو، بەڵام نەم دەویست بێزاری بکەم بۆ ئەو بابەتە.

بەدرێژای ماوەی بەردەوام بوونی کارکە وردە وردە پێی دڵخۆش بووم ئەو پێداگری، قوربانیدان و باوڕبونمی بەم سەرمایەگوزاریە بینیت وە ئەو پارەی بینیت!

ئەوە کارێکی کەمێك شێتانەیە بتوانیت دوو منداڵ گەورەبکەیت و ڕێککەتنێکی ٤٠ بەشیش بەتەواوی ئەوەی بەهۆیەوە دێتە ڕێت بەڕێوەی ببەیت. هاوسەرەکەم باشترینە. من زۆر شانازی دەکەم بەوەی ئەو کردویەتی. ئەوە دەروازەی گەشەسەندنی کەسێتی بوو بۆ هەردووکمان. ئێمە بینیامان چەند پێویستە بەردەوام بەرەو پێش بچیت و فێربیت. هەرگیز خەیاڵمان نە دەکرد دەکرێت پەیوەندیەکەمان بەو ڕادەیە سەرنجڕاکێش بێت . هیچ شتێك وەك ئەوە نییە پێکەوە هەوڵ دەدەین.

هەڵبژاردنی ٣: ئەمە هەڵبژاردنێکی ئاسان نییە. تۆ تەنیا بەرو جیهانێکی نوێ هەنگاو نانێیت، بەڵکو تۆ ئەمە دەکەیت بەبێ پشتیوانی یەکەم مرۆڤی ژیانت. بۆیە وا خۆم دەرناخەم و بڵێم کارێکی زۆر ئاسانە، چونکە وا نییە. بەلاَم بە تێپەڕبوونی کات، هەروەك ئەو پیاوەی سەرەوە کاتێك هەندێك سەرکەوتن و ئەنجامی دیارت بەدەستهێنا، لەوانەیە هاوسەرەکەت ئاوڕت لێ بداتەوە و ببێت بە گەورەترین پشتیوانت.(لەم ڕووەوە ئافرەت هەیە، لە هەمووکات زیاتر پشت بەو کەسانە دەبەستێن کە لە چواردەوری هەن، بەتایبەتی سەرمایەگوزارەکانیتر). لێرەدا بە گروپە سەرمایەگوزاریەکانی خانمان بایەخیان دەردەکەوێت. بەهەمان شێوەیە یانە وڕێکخراوە سەرمایەگوزاریەکان. ئەگەر لە باردودۆخێکی هاوشێوەی ئەمەدا بووی چوار دەورت پڕ بکە لەو کەسانەی هەمان ئامانج و خولیایان هەیە.

هەڵبژاردنی ٤: پێم خۆش نییە ئەمە تەنانەت بە هەڵبژاردەیەکیش دابنێم بەلاَم لە ژیانی ڕاستیدا ئەوە شتێکە زۆرێك لە ئافرەتان ناچارن هەڵیبژێرن و سەرمایەگوزاری نەکەن. هەر وەك ئافرەتێك پێی وتم،
"ئەگەر مێردەکەم لەگەڵدا نەبێت ئەترسم زۆر بەقورسی لەسەر هاوسەرگیریەکەمان بکەوێت. تەنها بەهیوام ئەویش بێت سەر ئەو ڕایە."
بە داخەوە چارەسەر و وەلاَمی خێرا لەبەردەستدا نییە بۆ قەناعەت هێنان بە هاسەرە نا ئارەزوو مەندەکان. هەرچەندە، هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە ئافرەتان لەسەرتا سەری جیهان ئەو کارە دەکەن

چۆن هاوسەرەکەت قایل دەکەیت

به پرسینی پرسیاری سەرمایەدارەکان،" چۆن وا لە هاوسەرەکەم بکەم حەزی لە سەرمایەگوزاری بێت، ئەگەر ئەو نێر و مێ بێت حەزی لێنەکات؟" من چەند ڕێبازێکی چالاك و کرداریم بیستوە کە خەڵکی بەکاریان هێناوە. ئەمە هەندێکیانە:

**مێگان**

مێگان قەناعەتی بەوە هێناوە کە دەیەوێت بچێتە کایەی سەرمایەگوزایەوە. ماوەی دوو ساڵ بوو ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکیدا دەهان و دەچوو، کاتی ئەوە هاتە پێش تا دەست بەکاربێت. لەگەڵ مێردەکەیدا جێف دانیشت و بۆی ڕوون کردەوە کە دەیەوێت چی بکات وە دەشیەوێت ئەو بەشێك بێت لەو کارە.

وەڵامی مێردەکەی ئەوە بوو،" من کاتی ئەوەم نییە. کارەکەم تەواوی کاتەکانمی بردووە. پێی دەچێت ئەوە بۆ تۆ زۆر گرینگ بێت کەواتە بەردەوامبە. ئاگادارم بکەوە لەوەی ئەنجامتدا".

مێگان نائومێد بوو، بەڵام ئەوەی کە دەیەوێت بزانێت مێگان چی دەکا جۆرێك لە دڵنەوای بوو بۆی. ئەوەی مێگان حەزی لێبوو خانوبەرەی تاپۆی بەکرێدان بوو. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٤ مانگ لە گەڕان لە شوێنە جیاوازەکاندا و فێرونی بازاڕکردن، مێگان توانیتی ئەو خانوە بدۆزێتەوە کە بۆی دەگەڕا. کاتێك لە لێواری شەقامەکەوە سەیری دەکرد، بیرۆکەیەك هات بە مێشکیدا چۆن بتوانێت وا لە مێردەکەی بکات لەم یەکەمین موڵکەدا بەژداربێت . یەککشەمی داهاتوو مێگان پێشنیاری کرد بۆ نانی نیوەڕۆ بچنە دەروە بۆ ئەو ڕێستۆڕانتەی کە بیستویەتی زۆر خۆشە. ئەو ڕێستۆڕانتە نزیکەی ٦ کۆڵانێك دووربوو لەو موڵکەوە کە

مەبەستێتی بیکڕێت، جێف نەخشەکێشی گرافیکیە. ئەو زۆر بلیمەت و هونەری بوو. بۆیە مێگان بەهێواشی بەسەیارەکەیەوە بەر و لای ئەو خانوە لێدەخوڕێت و لەبەردەمیدا وەستا و پرسی،" جێف ئەگەر ئەمە موڵکی تۆ بێت چی دەکەیت تا نوێژەنی بکەیتەوە؟

جێف وتی،" سەرەتا دەبێت حەوشەکەی خاوێن بکەیتەوە. دەروازەی پێداڕۆیشتنەکەی دەکرێت لەبەردبێت و لەبەینیندا سەوزای هەبێت. چەند هەواگۆڕێك و ڕەنگێکی کاڵتر بکرێت شێوازێکی دڵڕفێنەرت بە خانوەکە دەدەات. وە بە دڵنیایەوە دەرگای پێشەوە دەگوازمەوە".

مێگان زەردەخەیەکی کرد وتی،" دەتەوێت ئەوەم لەگەڵدا بکەیت؟"

جێف وتی،" باسی چی دەکەیت؟ ئەمە ئەو موڵکەیە دەتەوێت بیکڕیت، وانییە؟

---

باوڕم وایە دووگەرمترین بابەتەکانی جیهان پەیوەندی و پارەیە. بۆیە کاتێك ئەو دوانە پێکەوە کۆدەکەیتەوە، دەکرێت هەر شتێك ڕوربدات. بێ هیچ دوودڵیەك یەکەمین شتێك کە ئێستا هاوسەرەکان لەسەری شەڕیانە دەتوانیت پێشبینی بکەیت چییە؟ پارەیە.

---

لەو ڕۆژە بە دواوە مێگان و جێف بوونە هاوەڵی یەکتری لەسەرمایەگوزاری خانووبەرەی بەکرێداندا. مێگان بە زیرکمی خۆی زانیتی چۆن ئارەزووی جێف بەلایدا ڕابکێشێت بە هێنانە کایەی توانا ڕاستەقینەکانی جێف. تا ئەوکاتەی مێگان باسی ژمارەوکان و ڕێککەوتن لەگەڵ بریکارەکاندا بکات جێف ناتوانێت لەو کەمتر بایەخی پێبدات.

بەڵام کاتێك بەچاوێکی هەونەرمەندانەوە لە موڵکەکەی ڕوانیت حەزکێی کەسی بۆ دروست بوو بۆ پرۆژەکە.

کاتێك ئەم چیرۆکەم بۆ ئافرەتێکیتر باس کرد کە مێردێکی نا ئارەزوومەندی هەبوو، وتی،" ئەوە نایابە! مێردەکەم حەزی لە باخەوانییە. ئەو تێبینی دەدات بە تەواوی باخچەی دراوسێکانمان کە چۆن باشتری بکەن. ئێستا دەتوانێت!"

ئێدوین

ئێدوین نوسی بووی:

"چۆن تاوانیم هاوسەر و منداڵەکانم حەز لەم کارە بکەن زۆر بە سادەی لەڕێی بەژداری پێکردنیانەوە بوو . ئێمە وەك خێزانەکە یاری مێزی کاش فلۆ ۱۰۱ مان کرد بەمجۆرە منداڵەکانیش لەگەڵ ئێمەدا فێربوون. لە کۆتای هەفەکاندا بەدەووبەردا گەشت دەکەین بە کەرەڤانە بچوکەکەمانەوە دەچین بۆ سەیری موڵکەکانمان. ئێمە یاری 'نرخەکە ڕاستە' مان کرد ـ پێشبینی درێژی بنکەکەی، ژمارەی ژووری نوستن و گەرماوەکان و نرخەکەماندەکرد ـ پاشان هەڵماندەدا تا بزانین هی کاممان لێوەی نزیکترە.بە مانایەکیتر ئێمە بەو یاریکردنە کاتێکی خۆشمان دروست دەکرد و فێردەبوون و هەمووومان بەژداریمان تێدا دەکرد.

لیبا

لیبا لە ڕێبازەکەیدا کەمێك زۆرزانانە ڕەفتاری کردووە. " کاتێك باوکم چاپێکی ' بەگەنجی خانەنشین بە بە دەوڵەمەندی خانە نشین بە' ی پێدام خێرا هەڵمگرت. ئەوە ئەوە بوو کە من دەمویست، لەڕووی

داراییەوە ئازاد بم. هەوڵمدەدا هەموو شەوێك چاپەكانی كلێف نۆت بدەم بە مێردەكەم (ئەو خوێنەرێكی باش نەبوو)، بەڵام هیچ سودێكی نەبوو. ئەم كێشەیەم بۆ هاورێییەكم باسكرد. دەمزانیت ئەو كۆتای هەفتەیە گەشتێكی سەیارەی ٦ كاتژمێری دەكەین ئەو كۆپییەكی 'باوكی دەوڵەمەند و باوكی هەژاری' بە سیدی دەنگس پێدام. مێردەكەم ناچار بوو بۆ ماوەی ٦ كاتژمێر لەناوسەیارەكەدا گیربخوات لەگەڵمدا ،لەوبەر ئەوەی زیاتر لەرێی گوێگرتنەوە فێردەبوو، هیچ هەڵبژاردنێكی تری لەبەر دەست نەبوو گوێگرتن نەبێت. لە كۆتایدا شتێكی سەرسامكەر رووبدا. لەناكاو هەموو شتەكان گۆڕان. ئێمە گفتوگۆیەكی نایابمان كرد لە پاشماوەی گەشتەكەدا دەربارەی ئەو بیرۆكانەو چۆن دەتوانین ژیانمان بگۆڕین. ئێستا ئێمە دەستمان بەكاری سەرمایەگوزاری كردووە و تازە موڵكێكی سەرمایەگوزاریمان كڕیوە.

ئەندریا

ئەندریا تا ئەو پەڕی سەختیەكان چوو، وتی،

"مێردەكەم بریكارێكی بەناوبانگی پشك بوو لە كوالا لامپەر،مالیزیا. لە ساڵی ١٩٩٨، دوای قەیرانە داراییەكەی ئاسیا ، ئەو كارەكەی لە دەست دا. ئێما زیاتر لە نیوەی بەهای ئەوەی هەمانبوو لە بازاڕی پشكەكاندا لەدەستدا. گواستمانەوە بۆ وڵاتە یەككگرتوەكان.مێردەكەم گەڕایەوە سەر پیشەسازی خزمەتگوزاری دارایی، دووبار ئەوەی هەیبوو خستیەوە بازاڕی پشكەكانەوە. منیش لەماڵەوە دەستم كرد بە كارێكی بچوك.تا ساڵی ٢٠٠٠ جانتای حیسابەكانمان لە سەدا ٦٠ زیادیكردووە منیش داوام لێكرد دەست بكات بە فرۆشتن. بێگومان ئەو گوێ ناگرێت بۆ

'ئافرەتێکی هیچ نەزان' . وتی ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ لەو کاردەدا دەبین. بەهۆی ئەوەی ئافرەتێکی باش بووم و ڕێگەم دەدا مێردەکم کاپتنی کەشتیەکە بێت، زۆر لە سەری نەڕۆیشتم. دوو هەفتە دوای ئەوە بازاڕ توشی داشکان بوو. پاشەکەوتەکانی ژیانمان تا ڕادەیەك هەمووی لە ناو چوو . پاشان مانگی ۲۰۰۱/۹/۱۱ هاتە پێش، هەردوو کارەکەمان لە دەسەڵات دەرچوو. بڕێکی زۆر بارمتەی خانوبەرەمان لەسەر بوو وە هیچ پاشەکەوتێکمام نەبوو، هیچ هەڵبژاردنێکیشمان لەبەر دەست نەبوو. ناتوانیت پێشبینی ئەو سەختی و بێزاریە بکەیت کە لە ماڵەکەماندا هەبوو. بە هیچ شێوەیەك بۆ منداڵەکانمان و خۆشمان لەبار نەبوو.

لە کۆتایدا من چوومەوە بەسەر هەستەکانی خۆما: لەڕووی ترس و تووڕەی و بێزاریەوە. وەك زۆربەی ئافرەتان وازم لە وزەی خۆم هێنابوو بۆ مێردەکەم لەبەر ئەوەی ئەو.نان پەیداکەری خێزانەکەم بوو . داوام لە مێردەکەم کرد ئەگەر بۆ یەکجاریش بوە گوێم لێ بگرێت وەك هاوبەشێکی ژیانی بەیەکسانی لەگەڵ خۆیدا لێم بڕوانێت لە هەموو ڕووەکانی ژیانمانە، بەلایەنی داراییشەوە. داوام لێکرد دەست هەڵگرێت لە پەستی وتوڕەبون هەرکات بمانەوێت باسی پارە بکەین. دواملێکرد وەك یەك تیم پێکەوە کاربکەین و دەست هەڵگرێت لە گاڵتەکردن بە بیرۆکەکانم. دواین ئاگادار کردنەوەم پێدا، یان ئەوەتە وەك هاوەڵێك دێتە سەرمێزی گفتوگۆ و پێکەوە کار دەکەین تا لەو تەنگەژە داراییەمان ڕزگارمانبێت یاخود هەر یەکەو بەڕێگای خۆماندا دەڕۆین هەلێکی باشم هاتە پێش، بەهۆی ئەو بارودۆخەی ژیانمانەوە بە تایبەتیش بارودۆخی منداڵەکانمانەوە. خۆشبەختانە گرەوەکەم بردەوە. لە کۆتایدا بوینە یەك تیم، پێکەوە

کارمان دەکرد لە سودی خێزانەکەمان. من چیتر 'هاوسەرە هیچ نەزانەکە' نەبووم بەڵکوو هاوکارێکی باش بووم لەم هاوسەرگیریەدا. ئێستا شتەکان هەمویان پێچەوانە بونەتەوە، ئێمە سێ شوێنی نیشتەجێ بوونی بەکرێدانمان هەیە لە وەکیکی. وە دوو پرۆژەی گەشەپێدانی موڵکەکانیشمان تەواو کردووە. لەماوەی دوو ساڵیتردا وا پێشبینی دەکەم بەرزترین ئاستەکان ببڕین و لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ بین. دەزانم بە دەستهێنانی سەربەخۆی دارایی ئاسان نییە ئەگەر مێردەکەت لایەنگرت نەبێت، وە بە دڵنیایەوە هیوا خوازم هەرگیز مێردەکەت نەگاتە ئەوەی بە هەڕەشەی جیابونەوە بە ئاگابێتەوە.

یەك بیرۆکەیتر

لەکاتی قسەی چەندین کەس لەم ڕووەوە دوو پێشنیار بە دووباری ئامەژەی پێ دراوە. یەکەم پێشنیار ئەمە بوو:

هەرچەند لە تواناتدا هەبوو هەوڵبدە هاوسەرەکەشت بەژداری پێبکەیت لە پرۆسەکەدا. بڕیارت لەسەر هەر جۆرێکی سەرمایەگوزاری دا زۆر بە هێمنی بەژداری پێبکە و وا لەمێردەکەت بکە ئاگاداربێت خەریکی چی دەکەیت و چی فێردەبیت. لەسەرەتادا ڕەنگە دیاریکردنی وتارێکی گونجاوبێت لە ڕۆژنانەیەکدا. یاخود وتوێژ لەسەر ڕای ئەو وتاربێژە بکەن کە باسی خواستی بازاڕی خانوبەرەی ناوخۆی دەکرد. زۆرێك وتویانە کە توانیویانە سەرکەوتوبن لە قایلکردنی هاوسەرەکانیاندا بە بەژداری پێکردنیان لە پرۆسەکەدا نەك بەژداری پێنەکردنیان. کاتێك گفتوگۆی زیاتر لە نێوان ئەو دوو کەسەدا دەبێت نەك کاتێك قسە لەیەکتری دەبڕن، وەك کلیلێك بوو کە قوفڵەکەی پێکراوەتە.

دووەمـین پێشـنیار ئەوەیـە ئافرەتـان خۆیـان یەکـەم هـەنگاو بنـێن و دەسپێشخەربن. ئافرەتێك وتی،" دەمزانی ئەوە لە ئەستۆی خۆمدایە کە دەست پێبکەم. باوڕم هەبوو بەوەی مێردەکەشم ورە وردە دێتە ژێربار. هـەر واش بـوو. ئـەو کـە بینیتـی مـن چـەند ڕێـك و پێـك و بەپەرۆشـەوە کارەکام دەکەم، پێی کاریگەر بـوو. وە کاتێـك چـاوی بـە پـارە کـەوت بـە تەواوی بوو بە تەڵەکەوە !"

## پەیوەندی ئێوە و نێـوانی لەگەڵ پارەدا

تەواوی ئەو چیرۆکانە پرسیارێکی زۆر گرینگ دەهێنێتە کایەوە کـە زۆرێـك لە دەزگیران و هاوسەران ئاماژەیان پێـداوە،" ڕەوشـی پەیودەنییەکـەتان نێوانی چۆنە لەگەڵ پارەدا؟"

بە واتیەکیتر، ئایا بەشـێوەیەکی فـراوان باردودۆخـە پەیوەندیدارەکان بـە پارەوە پێکەوە تاوتوێ دەکەن؟ ئایا تەنها یەکێکتان بڕیـارە داراییـیەکان دەدات یـاخود هـەردوکتان بەیەکـەوە تـاوتوێی دەکـەن و بڕیـاری لەسـەر دەدەن؟ ئایا پارە لەو بابەتانەیە کـە زۆر بـە دەگمـەن پێکـەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەن؟

هۆکاری پرسـیارەکەم دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی بـاوڕم وایـە ٢ گـەرمترین بابەتـەکانی جیهـان پەیوەندییـەکان و پارەیـە. بۆیـە کاتێـك ئـەو دوانـە شانبەشانی یەکتری بخرێنە کـار، دەکرێـت هـەر شـتێك ڕوویـدات. گومـانی تێدا نییە ئـەو بابەتـەی بـە پلـەی یـەك هاوسـەران بەهۆیـەوە شـەڕیانە لـە ئێستادا ـ دەتوانیت پێشبینی بکەیت چییە؟ پارەیە.

"دەتەوێت دەوڵەمەند بیت؟"

رۆبێـرت زۆر لـە سـەرەتای پەیوەندیەکەمانـەوە لێـی پرسـیم،" هـیچ کێشـەیەکت هەیە لەگـەڵ زۆر دەوڵەمەنـد بونـدا؟" لـە دڵـی خۆمـدا وتم،" چەند پرسیارێکی سەیرە! دەبێت کێ کێشەی لەگەڵ ئەوەدا هەبێت؟"

بـە رۆبێـرتم وت،"بێگومـان هـیچ کێشـەم نییـە لـەو ڕووەوە، بۆچـی پرسیت؟".

وتی،" سەرسام دەبیت ئەگەر بزانیت چەندم ئافرەت بینیوە بۆیان زۆر سەخت بووە کە گرینگـی بـە بەدەسـتهێنانی پارەیـەکی زۆر بـدەن. وا بیریان دەکردەوە ئەوە شتێکی ناسروشتیە کە ئامانجت دەوڵەمەند بوون بێت. چەندەها کەس هەن پێیان وایە پارە بابەتێك نییە بـێ پـەروا قسـەی لەسەر بکرێت. زۆر سەیرە پارە کە شتێکە هەموو ڕۆژێکی سـاڵ لـە لایەن هەرکەسێکەوە بـەکاردەهێنرێت، شـتێکی قەدەغـەبێت باسـبکرێت! مـن هەرگیز لەوە حاڵی نەبووم. هـەر وەك باوکـە دەوڵەمەندەکـەی دەی وت،" پارە گرینگترین شتی ژیانت نییـە، بـەڵام کاریگـەری لەسـەر تـەواوی شـتە گرینگـەکانی ژیانـت هەیـە".کاریگـەری هەیـەی لەسـەر ئاسـتی چـاودێری تەندروستیت، خوێندنی خۆت و منداڵەکانت، خواردنـت، شـوێنی نیشـتەجێ بونت، ...هتد. خەڵکی بۆچـی باسـی ناکـەن نـازانم. مـن پـلانم داناوە زۆر دەوڵەمەند بم، بۆیە دەمەوێت بزانم تۆ هەستت چۆنە لـەو بارەیـەوە، هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو پرسیارەم کرد".

لەو کاتە بەدواوە زیاتر لەسەر بابەتی پارە دواین. ئەوشێوازە ژیانەی هەر یەکێکمان دەمانەوێت هەمان بێت بەیەکتری وت. ئێمـە لـەوە دووایـن ئایا قسەکردن یان نـەکردن لـە نـاو خێزانەکانماندا دەربـارەی پـارە لەبەردە

پێشچونە. ئایا کاتێك منداڵ بووینی فێری چی کراوین دەرباری پارە؟ ئەوە زۆربەی تێڕوانینەکانی خێزانەکانمان دەربارەی پارە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ژیانی هاوسەریماندا. پارە پێشکەشی هەر یەك لە ئێمە کردووە؟ بەڕاستی وتوێژێکی زۆر دڵڕفێن بوو- وتوێژێك هەرگیز پێشتر لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەمبوە. زۆربەی ئەو خاڵانەی باسمانکرد پێشتر تەنانەت بیریشم لێ نەکردبۆیەوە. زۆر بوژێنەرەوە و نەستەق بوو، وە بەبێگومان چەندین پرسیاری لە مێشکمدا گەلاڵەکرد .

لێرەدا مەبەستمە لەوەیە ئێمە هەردوکمان تێگەیشتنێکمام دەربارەی ئەوەی لەڕووی پارەوە لەچی ئاستێکدا وەستاوین بۆ دروست بوو. هەروەها دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندین بە ڕوونی و ڕاشکاوی باسی هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە پارەوە بکەین. ئەو ڕوو پۆشە پەنهانەی هەمیشە دەبووە تارمای بابەتەکە لابرا.

چۆن لە پارە بدوێین؟

ئەگەر پارە بابەتێك نییە بتوانین بە ئاشکرا و بێ پەروا قسەی لەسەر بکەین، ئەوا پێویستە ژوانێکی تایبەت ڕێکبخەین و لەگەڵ هاوبەشی ژیانماندا و دەست بکەین بە وتوێژکردن. ئەمانە چەند پرسیارێکن هەردووکتان دەتوانن وەلأمی بدەنەوە وەك دەستپێك:

- دایك و باوکت دەربارەی پارە چییان پێ وتویت؟
- ئایا بیرکردنەوەکانت جیاوازن لە هی دایك و باوکت؟
- پارە چی پێشکەش بە تۆ کردووە؟
- ڕات چییە دەربارەی کەسە زۆر دەوڵەمەندەکان؟
- تا چ ڕادەیەکی دەوڵەمەندی لە لات 'زۆر دەوڵەمەند'یيە؟

زۆربەی خەڵکی لەبەر هەر هۆکار یان چەند هۆکارێك بێت حەز بە باسکردنی پارە ناکەن، بۆیە ئەگەر توشی ناڕەزای لە ناکاو بویت لەلایەن هاوبەشی ژیانتەوە هەرکات ئەو بابەتە لەزمانت بێتەدەر بە ئارامی و نەرمونیانی وەریبگرە. ئەمەش وەك باسکردنی هەر بابەتێکیترە کە لێی ئاسودە نیت ـ زۆر بە سادەی دەتوانیت لە چەند لای جیاوازەوە بۆی بچیت تا ئەو وەڵامەی دەتەوێت دەستت دەکەوتێ. هەر کە یەکەمین هەنگاوم بەرەو ئەو دەروازەیە نا بە وەڵامی خۆم گەیشتم و ئەویتریشی بە سروشتی خۆی بە دوایدا هات.

بچینەوە لای پات

پەیوەندیم بە پاتەووە کرد تا ئەو بابتە تەواو بکەین کە لە پەیوەندیە تەلەفۆنییەکەی پێشوومان‌دا بەنیوە چڵی وازمان لێ هێنابوو. باسی ئەوەمان کرد چۆن دەتوانیت لەگەڵ مێردەکەیدا کێشەی پارە چارەسەر بکات. زۆر سەرسامکەر نەبوو کە بۆم دەرکەوت زۆر بە دەگمەن ئەو بابەنەیان پێکەوە باس کردووە. مێردەکەی پارە پەیدا دەکات و پاتیش پارەی پسولە بانکیەکان دەدات. ئەوە ئەو پەڕی قسەکردنیانە لەسەر پارە. ئەوان باسی کرینە دارایی‌یە مەزنەکانی وەك خانو، سەیارە و پشووەکاینان کردووە. تەواوی سەرمایەگوززاریەکان لە لایەن مێردەکەیەوە کراوە، هەرچی بڕە پارەیەك تەرخان بکرێت بۆ سەرمایەگوزاری وە جار بەجاریش کرینی پشکێك کە لەلایەن بریکارێکەوە پێشنیار کراوە.لەوە زیاتر بابەتی پارە لە ماڵەکەی پاتدا باسکردنی بوونی نەبووە.

پات ڕوونیکردەوە،" ئەمە باشترین ساتەوەختە بۆ من وەك ڕۆژنامە نوسێك ، تا وا لە مێردەکەم بکەم بە ڕوونی و ڕاشکاوی باسی پارە بکات. ئەمە پێویستی بە وریای و ژیریەکی زۆرە بەلآم کاتێکی باشە بۆ دەستپێرکردن".

من هەنێك لە چیرۆکی ئەو سەرمایەگوزارانەم بۆ باسکرد کە هەر وەك ئەم دەستیان پێکردووە.بە بێدەنگی گوێی بۆ گرتبووم. دەمتوانی هەست بەوە بکەم چۆن خانەکانی مێشکی کەوتونەتە جولّە. پات بە ئارەزوومەندیەوە وتی،" سوپاس بۆ باسکردنی ئەوانە، بەڕاستی کاری لێکردم . دەبێت بلّێم، شتێکی باشە کە زانیم چەندین ئافرەت هەن لە هەمان باردودۆخی مندابونەو دەستبەکار بونە و هەولّیان بۆ داوە. من خەریك بوو وازبهێنم لەو بابەتە. ئێستا دەبینم چەند هەلّبژاردنێکم لەبەر دەستە. ئەوەی بۆ من جێی سەرنج بوو ئەوە بوو وابیرم دەکردەوە ئەم بابەتە کەلێنێکی گەورە دەخاتە هاوسەرگیرییەکەمەوە. ئەوەش زۆر نیگەرانی دەکردم. ئێستا دەبیستم لە ئافرەتانی ترەوە کە دەکرێت و چارەسەری هەیە. ئەوەی کە من دەتوانم کۆنترۆلّی دۆخەکە لەدەست بگرم و تەنها چاوەڕێ نەبم و هیوا بخوازم مێردەکەشم بێتە سەر ڕێ. سەرکیترین ئامانجم ئەوە دەبێت وا لە مێردەکەم بکەم لەمەدا بەژداربێت، چونکە ئەمە ئامانجێکی هاوبەشمان پێدەدات و وا دەکات خاوسەرگیرەکەمان بەهێزتر بێت. وە ئەگەر ئەو نەشیەوێت هاوبەشیم بکات، ڕێگە نادەم ئەوە بم وەستێنێت. ئاگادارت دەکەمەوە لە گۆڕانکاریەکان".

تۆنی دەنگی پات بوژابۆیەوە. وتم،" هیوای باشترینت بۆ دەخوازم. من تۆ ئەناسم پات، هەر کات لەسەر شتێك سوربوبێتی توانیوتە ئەنجامی بدەیت.خوات لەگەڵ!"

هەر کە پەیوەندیەکەمان کۆتای پێهێنا ئەو بیرکردنەوە کاتیە لە مێشکدا نەما. چیتر نیگەرانی پات نەبووم. ئەو باش دەبێت. من تەنها کەمێك نیگەرانی مێردەکەی پاتم ئێستا، ژیانی خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

بەندی پازدەهەم

# بۆچی ئافرەتان دەتوانن ببن بە سەرمایەگوزاری مەزن

"ئێمەی ئافرەت ئەوەندەی گرینگی بە بەدەستهێنانی پارە دەدەین، ئەوندە بایەخ بەوە نادەین ڕەنگدانەوەمان لەسەری هەبێت".

"ئیڤی بەکر پرسی، وەلآتەیەکگرتوەکان ـ خەنزەندار، ١٩٥٤"

کاتی ئەوە هاتە بۆ یەکەم جار و هەمیشە لەو چەمکە کۆنەی مێینەبوون بێیە دەرەوە کە زۆرێکمانی پێ گەورە کراوین. دەتوانین ئەو هزرە پوچەی کە دەڵێت ئافرەت و سەرمایەگوزاری پێکەوە نەگونجاون، لە ناو ببەین. (یان وەك چۆن پیاوێکی بێ ئاگا کاتێك پێم وت کتێبێك دەنوسم دەربارەی ئافرەت و سەرمایەگوزاری لە وەلآمدا پێی وتم،" ئافرەت و سەرمایەگوزاری! ئەو دوانە زۆر دژ یکەن! ئەکرێت بوترێت ئافرەت و خەرجکردن. بەلآم نەك ئافرەت و سەرمایەگوزاری". بڕوادەکەن؟ وام بەباش زانیت وەلآمی نەدەمەوە. فێرکراوم بە وریاییەوە جەنگەکەم هەڵبژێرم. ئەو کابرایە هەر شتێك دەکرێت ببێت بەلآم ژیر نییە). دەتوانیتن وا خۆمان دەرخەین لێهاتونین. وەتوانین خۆمان گەمژە و سەرلێشێواو دەخەین کاتێك دێتە سەر باسی دارایی. ئەوە ئەو چەمکەیە کە ئێمەی ئافرەتان بەسەرماندا سەپێنراوە و بۆماوەیکی زۆریش دژی جەنگاوین .

سەرەمیترین خاڵ ئەوەیە ئێمە زیرەکین، ڕاستت بوێت، زۆر زیاتر لەوە دەزانین کە ڕێگەمان پێدراوە فێری ببین. ئێمە توانایەکی لە ڕادە بەدەرمان هەیە. جا ژیریە لە ڕادەبەدەرەکانیشمان هەر باس مەکە. ڕاستییەکە ئەوەیە پارە، سەرمایەگوزاری و دارایی لە ڕابردودا ڕێگە نەدراوە ئافرەت ڕۆڵی تیدا ببینێت........کەواتە چی بکرێت؟

سەردەم گۆڕاوە، ڕۆژگار هەمیشە لە گۆڕاندابوە و گۆڕاوە. چیدی ئەوەی بیانویەکی باش نییە بوترێت،" من لە ڕووی سەرمایەگوزاریوە باش نیم." یان "هیچ لە سەرمایەگوزاری نازانم". لێرەدا چیتر ڕابردوو نابێت ڕێگربێت. ئەوەی گرنگە ئەو هەڵبژاردنەیە کە لەم ڕۆدا بڕیاری لەسەر دەدەین.

هەڵبژاردنەکە لەدەستی خۆت دایە

تا ئەو ڕادەیەی بینیومە دوو هەڵبژاردن هەیە: ١) قبوڵی بکەیت کە هیچ شوێنێکت نییە لە جیهانی پارە و سەرمایەگوزاریدا ـ بەردەوام خەریکی هاوسەنگ ڕاگرتنی چەکی بانکیت بەو پسولەکانی خێزانەکەت بدە. یان ٢) هەڵبژێرە کە کۆنترۆڵی ژیانی دارایی‌ت بکەیت. بزانە کە داهاتوی دارایی‌ت بەخۆتەوە پەیوەندیدارە نەک هیچ کەسێکیتر. لە ڕووی پارەکانتەوە لێهاتوو بە. ئامادە و بەکرداریە و دەست بکە بە گۆڕانکاریەکان.

بەڕاستی کاتی بڕیاردانە. (زۆرێکیشتان زووتر بڕیاری خۆی داوە). دەتوانیت لەسەر هەرچی دەتەوێت بدوێیت. بۆ هەمیشە بیری لێ بکەیتەوە . هەر بەبێ سود و هەنگاو نان تەنها لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە

بکە. بەڵام دەگەیتە خاڵێك کە پێویستە بڕیار بدەیت ئەم ڕێیە بگریتە بەر یاخود ئەویتریان. پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە ئێستا بێت.

ئەمە بڕیارەکەیە: من هەر کارێك دەکەم بۆ سەرکەوتنی دارایی کەسیمە....یاخود نا؟ ئەگەر وەڵامەکە 'نا' یە ، ڕەزامەندیت پیشان داوە کەستێکیتر بەرپرسی خۆشگوزەرانی دارایی‌ت بێت، وە ئەو ئەگەرانەش قبوڵ دەکەیت کە بەهۆیەوە دێتە ڕێت. بەڵام ئەگەر لەلایەکیترەوە، دەتەوێت دەست بەکار بیت ،ئەوا کاتی ئەوەیە بە تەواوی بیانوەکان بخەیتە لاوە و دەست پێبکەیت. زۆر ئاسانە، ئەمە ئەو بڕیارەیە دێتە پێشت.

**هەڵبژاردنەکە لە دەستی خۆتە**

تا ئێستا باسی بەرهەڵستی ، بیرکردنەوەکان و زانیاریە هەڵەکانمان کرد کە بونەتە هۆی ئیفلیج بوونی زۆرێکمان لەوەی پەنجەی پێمان بخەینە ناوی سەرمایەگوزاریەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە بەرە و داهاتو هەنگاوبنێیت. چۆن دەتوانیت ببیت بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتوی بێ وێنە؟ ئەگەر دەتەوێت دەست پێ بکەیت لە کوێوە هەنگاو دەنێیت؟ ئەگەر تۆ خۆت سەرمایەگوزاریت چۆن دەتوانیت سەرکەوتوتربیت؟ پاشماوەی ئەم کتێبە لەو چوارچێوەیەدادەبێت.

**هەواڵە خۆشەکە**

با لە هەواڵە خۆشەکەوە دەست پێبکەین. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە ئافرەتان دەبنە سەرمایەگوزاری نایاب . ئامارەکان ئەوەیان سەلماندوە. تەواوی ئەو ئافرەتە سەرمایەگوزارانەی لە سەرتا سەری جیهان بینیبوە

ئەمەیان سەلماندوە. ڕۆژانە تا دێت ئافرەتی زیاتر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

ئامارەکان ماوە نا ماوە دوپاتیان کردووەتەوە کە ئافرەتان سەرمایەگوزاری سروشتین، ئەمە چەند بەڵگەیەکە:

ـ لێکۆڵینەوەکی کۆمەڵەی نەتەوەی پالّی ۲۰۰۰ بۆ دەزگا سەرمایەگوزاریەکان دەریان خستووە ئەو یانانەی تایبەتن بە تەنیا ئافرەتانەوە تێکڕای دەستکەوتی ساڵانەیان لە ساڵی ۱۹۵۱ وە ۳۲٪ یە لە کاتێکدا ئەو یانانەی تەنها سەرمایەگوزاری پیاون ۲۳٪ یە.

ـ توێژینەوەیەك لە بارەی خووی سەرمایەگوزاریەوە لەلایەن تێرەنس ئۆدین کرا کە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەیڤس، ئەوەی دەرخست کە لە ڕاستیدا ئافرەتان دەستکەوتی زیاتریان بەدەست هێناوە لە پیاوان کە لە ٤١٪ باشتر بووە.

ـ لە لێکۆڵینەوەیەکی (NAIC) دا لە ساڵی ۱۹۹٥ دەریخستوە یانەکانی تایبەت بە تەنها ئافرەتان کاری زۆر باشتریان کردووە لەو یانانەی تەنها پیاون لە ۹ ساڵ لە ۱٥ ساڵی پێشوودا.

ـ لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن مێرڵ لینچەوە ئەنجامدرا کە بەڕێوەبەری سەرمایەگوزاریە، ئەم جۆرە خووە سەرمایەگوزاریانەی دۆزیەوە لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا:

| | ئافرەتان | پیاوان |
|---|---|---|
| بۆ ماوەیەکی زۆر مانەوە لە سەرمایەگوزاریەکی شکستخواردودا | ٣٥٪ | ٤٧٪ |

بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێکردن تا سەرمایەگوزاریەکی گەورە بفرۆشێت
٪٢٨ ٪٤٣

کڕینی موڵکێکی سەرمایەگوزاری چاك بەبێ ئەوەی پێشتر بەدواداچوونی بۆ بکرێت ٪١٣ ٪٢٤

دووپاتکردنەوەی هەمان هەڵەی سەرمایەگوزاری زیاتر لە جارێك
٪٤٧ ٪٦٣

حوکم لە دەستی ئافرەتاندا یە کە بزانن چۆن پارەکانیان بەڕێوەبەرن.

**ئافرەت بەرامبەر پیاو**

چەندەها وتار نوسراوە دەربارەی ئەوەی کێ باشترە لە سەرمایەگوزاریدا - پیاوان یان ئافرەتان. من بە گشتی لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا نیم ڕەگەزێك باشتر بێت لە سەرمایەگوزاریدا لە ڕەگەزێکیتر. ئەمە پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە هەر وەك چۆن گۆرانی بێژی نایاب و گۆرانی بێژی کەم توانتر هەیە. هەر وەك چۆن شێفی بێ وێنە و شێفی زۆر خراپ هەیە. هەر وەك چۆن بازرگانی لە ڕادەبەدەر سەرکەوتو خراپترین و شکستخواردووترین هەیە . بەهەمان شێوە سەرمایەگوزاری براوە و دۆڕاویش هەیە ـ ئەمە پەیوەندی بە خودی کەسەکانەوە هەیە . ئەمە کەوتۆتە سەر توانا و شارەزایەکانی ئەو کەسە هاوشان لەگەڵ ئەزمونەکانیدا کە جیاوازی دروست دەکات لە نێوان سەرکەوت و شکستخواردوو لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا.

هەر وەك وتمان کە چەندین لایەنی سود هەیە بۆ ئێمە وەك ئافرەت ، کاتێك دەچینە جیهانی سەرمایەگوزاریەوە چەندین شت هەن زۆر باشین تیاییاندا، هەندێکیان تەنانەت سروشتین ،یارمەتی دەرن تا ببیتە

سەرمایەگوزاریکی نایاب درك بەوە دەکەم شەرت نییە تاکە تاکەی ئافرەتان ئەم توانەیانەیان تێدابێت، بەڵام زۆرێکمان خۆمان لە زۆربەی خاڵەکاندا دەبینینەوە. ئەوە ئەرکی سەرشانمانە تا لە سودی خۆمان بەکاری بهێنین.

ئەو ٨ لایەنە باشیەی ئافرەتان دەکەن بەباشترین سەرمایەگوزار

١) ئێمە لە وتنی،" نازانم" ناترسین:

دەتوانم بڵێم یەکەمین شتێك کە لە بەرژەوەندی ئافرەتات بێت لە رووی سەرمایەگوزاریەوە ئەوەیە ئێمە ناترسین لە وتنی 'نازانم'، ئێمە زیاتر دەمانەوێت پرسیاربکەین کاتێك لە شتێك تێ ناگەین. ئەو کەسەی پێی وایە دەبێت هەمووو وەلآمێکی پێ بێت، بۆ ئەوەی گەمژە دەرنەکەوێت، ئەوە هەرگیز هیچ فێرنابێت. ئەگەر هەمیشە وا خۆت دەرخەیت هەموو شتێك دەزانیت وهەرکات شتێکت نەزانیت ڕێگە نەدەیت هەستی پێ بکرێت، ئەوا هەرگیز پرسیار ناکەیت تا زیاتر بزانیت. لە فێربوون دەوەستیت. ئەوانەی دەترسن گەمژە دەربکەون لە ڕاستیدا گەمژەن.

هاوڕێکەم فرانك ٨٥ ساڵ تەمەنییەتی . ئەو یەکێکە لە باشترین سەرمایەگوزار و بازرگانەکانی کە من ناسیومە. ئەوەی لەودا زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە حەزی زانینی تەمەن ٧ ساڵێکی هەیە. سەرنج لە هەمووشتێك دەدات و بەردەوام پرسیاردەکات. ڕۆژێك لەگەڵ فرانکدا بووم، پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵمان پێ ناسێنرا.

فرانك پرسی،" تۆ خەریکی چی جۆرە کارێکیت؟"

پیاوەکە وەلآمی دایەوە،" من لە وۆڵ ستریت کار دەکەم. لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا کە سەربەخۆ و گشتی کراون. "

فڕانك وتی،" ئەوە زۆر خۆش دیار! زیاترم بۆ باس بکە".

"ئەم پیاوە ماوەی ٢٠ خولەك قسەی بۆ فڕانك کرد دەربارەی چۆنییەتی سەربەخۆبوون وگشتی بوونی کۆمپانیاکە. فڕانك یەك وشەشی نەوت. تەنها بە ئارەزوومەندیەوە گوێی گرتبوو. کاتێك لەوێ ڕۆیشتین فڕانك ڕوویتێکردم وتی،" ئەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو."

جوانی ئەم چیرۆکە لە وەدایە فڕانك خۆی لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا لە وۆڵ ستریت کاری دەکرد. ئەو چەندین کۆمپانیای کردووە بە کۆمپانیای گشتی. تا ئێستاش ئەوە کاریەتی. سامانێکی گەورەی شارەزایی هەیە لەو بوارەدا، بەڵام هێشتاش کاتی تەرخانکردووە بۆ قسەی ئەو تازە کارە چونکە بۆی هەیە شتێکی نوێ فێر ببێت. فڕانك پێشەنگێکی بۆ وێنەیە. ئەو هەرگیز ناڵێت کە هەموو شتێك دەزانێت هەر لەبەر ئەوەیە زۆر دەزانێن بەرژەوەندی ئێمەی ئافرەت لە وە دا کە زۆر بە متنانە بەخۆبونەوە بڵێت،" نازانم" دەروازەیەك بەڕووماندا دەکاتەوە تا بگەیت بە چەندین وەڵام. وەڵامەکانت لەو پرسیارانەوە دەست دەکەوێت . کە دەپرسی،" دەتوانیت ئەوەم بۆ ڕوون بکەیتەوە؟ من زۆر بەوە ئاشنا نیم". یاخود لەوانەیو نوسراوێك بخوێنیتەوە یان شتێکت لە تەلەفزیۆن گوێ لێبێت کە هەست دەکەیت بە سودە، بەڵام بە تەواوی لێی تێناگەیت، بۆیە دەتوانین بە شێوەیەکی ۆنلاین یاخود لە کتێبخانەدا بە دوایدا بگەڕێیت.

"من زۆر بڕوام بەوە هەیە هەبوونی تەواوی متمانە بەخۆبون بۆ وتنی،" نازانم" یەکێکە لە بەهێزترین ئامرازەکان کە ئێمەی ئافرەتان لەبەر دەستمانە. بێگومان ورە بەرزی دەوێت. وا خۆدەرخستن کە هەموو

وەلامێکت لایە لە متمانە بەخۆنەبوون و قـەدری خـۆ نەزانینـەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە هەستە سـەر پێیـەکانت و بـە شـانازیەوە دان بـەوەدا بنێ 'نازانم'! سەرت سوڕ دەمێنێت چەندە فێردەبیت.

٢) لە تواناماندا هەیە داوای یارمەتی بکەین.

بە پشت بەستن بە خاڵی یەکەم ، دووەم بەرژەوەندی ئێمە لەوە دایـە زۆر زیـاتر لـە پیـاوان لـە تواناماندا هەیـە داوای یارمـەتی بکـەین. دوای نیوەڕوانێك سەردانی هاوڕێکانمماریا و کارڵم کرد لەماڵەکەی خۆیاندا کـە پێکەوە هاوسەرگیریان کردبوو. کارڵ لە دەستشۆرەکەدا سـەر قـاڵ بـوو، هـەر شـتە و بـە لایەکـدا پـەرش و بڵاوبـوبـۆوە، خـەریکی چـاککردنی تەوالێتەکەبوو... ماری بەلای دا تێپەڕیت و زۆر بـە سـادەی وتـی،" کـارل بۆ پەیوەنـدی بـە بـۆڕی چییەوە نەکـەم بپرسـم ئـەبێت کێشـەکەی چـی بێت؟"

کارل وەلامی دایەوە،" پێویست بەوە ناکات. کەمێك چـاوەڕێ بکـە ئێستا چاکی دەکەمەوە".

دوای یـەك کاتـژمێر کـارل لـە دەستشـۆرەکە هاتـە دەر، مانـدوو بێـزار دیاربوو، بـە مـاری وت،" پـێم وایـە دەبێـت پەیوەنـدی بـە بـۆڕی چییەوە بکەیت. کێشەکەی لەوە گەورەترە کە بیرم لێ دەکردەوە". بۆڕیچی هـات تـەواوی تەوالێتەکـەی گـۆڕی و کۆتـای هـات . بێگومـان کـارڵ وتـی،" دەبینیت ، پێم وتیت کێشەیەکی گەورەی هەیـە". دواتـر بۆڕیچییەکە کە هاوڕێی ئەم دوو هاوسەرە بوو بە دزیەوە بە ماری وت، هۆکاری سـەرەکی کێشـەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ یـەك پارچـەی بچـوك کـە دەتـوانرا بـە ئاسـانی لابرێت. بـەلام بـەهۆی ئـەوەی کـالرڵ ئەونـە دەستکاری کردبـوو، چیتر

تەوالێتەکە چاك ناکرایەوە. هەر لە سەرەتاوە ماری ویستی پەیوەندی بە بۆڕیچییەوە بکات و داوای یارمەتی لێ بکات. ئەمەش وەك ئەو دیمەنە وایە کە دوو هاوسەر لە ناوەڕاستی ڕێگای شارۆچکەیەکدا کە هیچ شارەزایی نین ون دەبن و ئافرەتەکە پێشنیار دەکات بوستن و داوای ڕێبەری بکەن. پیاوەکە ڕەتی دەکاتەوە، دەڵێت، "خۆم ئێستا دەیدۆزمەوە لە کوێداین. دڵنیام لە ئاڕاستەیەکی دروستدا دەڕۆین." لە ڕووی سەرمایەگوزاریشەوە ئافرەتان داوای ڕێنیشاندان دەکەن - ئەوان داوای یارمەتی دەکەن. ئەمەش دوو سودی هەیە : یەکەم، شتێکی نوێ فێردەبن. دووەمیش، کات بەوەوە بەفیڕۆنادەن بە گەڕانی بێ هودە لەلایەن خۆیانەوە.

٣)ئافرەتان بازاڕیکەرێکی باشن

زۆربەی ئافرەتان بازاڕیکەرێکی باشن. گرینکی ئەمە لە کوێدایە؟ چونکە دەزانن چۆن سەوداکردنێك دروست بکەن. ڕێساکانی سەوداکردنیش هاوشێوەی ڕێساکانی سەرمایەگوزارییە - بە دوای شتێکدا بگەڕێ کە نرخەکەی لە بەها ڕاستەقینەکەی کەمترە و بیکڕە.

ڕەس هایدن، کە خوێندکارێکی دارایی و نوسەرە، زۆر جوانی وتوە،" ئەگەر ئێمەێ ئافرەت سەرمایەگوزاری بکەین هەروەك چۆن سەوداگەری نۆردستۆرمسمان کرد، دەکەوینە پارەوە. کاتێك پشکەکان توشی کورت هێنان دەبن، ئەوە وەك ١ لەسەدی ٣ داشکاندن کرابێت.

ئەو ئافرەتانەێ کە لە بازاڕکردن دەزانن بەهای جانتای لویس ڤیوتن و پانتۆڵی دۆنا کاران دەزانن. ئەوان شارەزایی بەرهەمەکانن، بۆیە کاتێك شتێك بێتە پێشیان دەزانن. لە ڕووی سەرمایەگوزاریەوە فەرقی نییە -

ئەگەر تۆ شارەزایی گرینگیدان بە پشکێکی دیاریکراوی دەرو دراوسێی خۆت ببیت لە ڕووی خانوی تاپۆی بە کرێدانەوە، ئەوا هەر کات گرێبەستێکی باشت بۆ هەڵکەوت دەزانیت کە باشە. ئەگەر شارەزایی بەرهەمەکان نەبێت و هیچ کاتت تەرخان نەکردبێت بۆ چاودێریکردنی نرخەکان، ئەوا نازانیت بەهای ڕاستەقینەی ئەو بەرهەمە و سەرمایەگوزاریشت چەندە. ڕێساکان هەمانن . شمەکێکی کوالێتی باشی کە بۆ فرۆشە بدۆزەرەوە و بیکڕە.

٤)ئافرەتان ئەرکەکانیماڵەوەیان ئەنجام دەدەن

بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتات ئەرکی ماڵەوەیان ئەنجام دەدەن. بەزۆری ئافرەتان بەهۆی تەنها زانیاریەك لەسەر باشی شتێك نایکڕن. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی سەنتەری نەتەوەی بۆ ئافرەتان و خانەنشین بوون دەرکەوتوە ئافرەتان کاتێکی زۆرتر لە پیاوان تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەو موڵکوی دەیانەوێت سەرمایەگوزاری تێدابکەن . ئەمە ڕێگری دەکات لەوەی کە لەسەر بناغەی حەز و تاکە زانیاریەکی پێش وەختە شتێك بکڕن. هەر ئەمەش وایکردووە هەگبەی پیاوان لاوازبێت.

ئافرەتان کڕیاری موڵکێکی پێشوەختە وترا و کە باشە نین . بەڵکو ئەوان شتێك دەکڕن کە گرەنتیەکی هەبێت.

٥) ئافرەتان دژی زیانن

بەگوێرەی خاڵی ٤، لێکۆڵینەوەکان ئافرەتیان وەك دژەزیان دەرخستوە. بەبراورد لەگەڵ پیاواندا. چەن وتوێژێکم گوێ لێبوە کە وتراوە هۆکاری ئەوەی ئافرەتان نابنە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو ئەوەیە زۆر بە کەمی

ئامادەیٚ زیانکردنن. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە ئافرەتان کەمتر ئامادەی خۆخستنە مەترسیەوەن، کەواتە ئایا ئەمە شتێکی هێندە خراپە؟

من وەك خۆم، هەرکات بەرە و مامەڵەیەکی سەرمایەگوزاری بچم کە هەست بکەم زیاتر جێی مەترسیە و من شارەزاییم لە بارەیەوە نییە، ئەوا لە بارودۆخی ئاسایی زیاتر لێکۆڵینەوەی لێدەکەم وە ئەرکی ماڵەوەم زیاتر دەکەم پێش ئەوەی بڕێکی زۆر پارە لە دەست بدەم ـ ئەگەر ئافرەتان بەڕاستی دژە زیان بن - ئەوا لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکەن لەسەر ئەو موڵکەی دەیانەوێت سەرمایەگوزاری تێدابکەن، ئەمەش بەرەو سەرکەوتنی مەزنتری سەرماسەگوزارییەکەیان دەبات ـ هەر وەك چۆن ئامارەکان سولماندویانە.

یەك هەڵە هەیە ئێمەی ئافرەت دەبێت ئاگاداری بین ئەویش ئەوەیە کە نەویستنی زیانکردن وامان لێبکات لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامدابین. ئەمە بە گشتی پێی دەوترێت ئیفلیجی شیکاری. ئەگەر ئەمەڕووبدا، ئەوا ڕەنگە لە کۆتایدا هیچ کارێکمان پێ نەکرێت. زیان بۆ سودی خۆت بەکاربهێنە، ڕێگە مەدە لەکارت بخات.

**٦)ئافرەتان کەمتر خۆپەرستن**

دڵنیام چەند بەرپەچدانەوەیەکم لەلایەن پیاوانەوە بێ دێت لە بەرامبەر بەم خاڵە.

ئافرەتان لەڕووی سەرمایەگوزارییەوە کەمتر خۆپەرستن. هاوڕێ کچە سەرمایەدارەکانم زۆر کرداری و ڕاستبین و وریای سەرکەوتنەکانی سەرمایەگوزارییەکەیان بوون ئەوە شتێکی شاراوە نییە کە پیاوان کەمێك (یان ئایا زۆرە؟) خۆپەرستن و خۆدەرخەرن و کەش و فش بە

یان وەك ئایڤی بەکر پریست ، کە خەزنەدارێکی ولاتەیەکگرتوەکانە لە سالی ١٩٥٧ وتویەتی، "ئێمەی ئافرەتان هێندە گرینێگی بە بەدەستهێنانی پارە دەدەن بایەخ بەوە نادەن کە ڕەنگدانەوەیان لەسەری هەبێت".

کچەکانم دەیانویست خۆیانی پێدەرخەن پارەبوو. پارەم پیشان بدە! سەرمایەگوزاریەکەیانەوە لێ دەدەن. تەنها شتێك هاوڕێ سەرمایەگوزارە

مایك میلتۆن کە لە دەزگای سەرمایەگوزاری جیهانی کاردەکات نوسیویەتی:

"بەهۆی کارکردنم لە کۆمپانیایەکدا کە مەشق بە خەڵکی دەکات لەسەر چۆنییەتی کارابوونی بازرگانی لە بازاڕی پشکەکاندا، هەزاران کەس هەم لە پیاو هەم لە ئافرەتم بینیوە کە لە مولکێکدا دەست بەکاربونە بە پشت بەستن بە جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە گوزاری. نزیکەی ٨٠ لەسەدی کڕیارانمان مێینەن. بەلام گرەو دەکەم لە سەدا ٨٠ی سەرکەوتوترین سەرمایەگوزارەکان ئافرەتن. بە پشت بەستن بەم ئەزمونە دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەوەی بۆچی ئافرەتان لە پیاوان باشترن لە سەرمایەگوزاریدا. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە، ئەو ڕاستییەشم پێ پشتگوێ نەدەخرت کە ئافرەتان دەتوانن ببنە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتوتر لە پیاوان. بەلام بۆچی؟ پێم وایە دەگەڕێتەوە بۆ سێ وشەی زۆر سادە: خۆپەرستی، خۆپەرستی ، خۆپەرستی. ئەو شتەی زۆربەی پیاوان تیایاندا هەیە ئەویش خۆهەلکێشان و خۆپەرستیە. پیاوان ڕێگە دەدەن ئارەزووەکانیان بڕیاریان بۆ بدات. کاتێك دەبێت شتێك بفرۆشیت دەیهێڵیتەوە. ئەوان

بەترسی لەدەست چونی ئەو دەرفەتە باشەی هاتۆنە پێشیان بڕیاری کڕینیدەدەن. ئەوان ڕەتی دەکەنەوە پرسیار بکەن و داوای یارمەتی بکەن لە ترسی گەمژانە دەرنەکەوتن.

بە مانایەکیتر پیاوان زیاتر حەز دەکەن بەهێز و شارەزا و سەرکەوتو دەربکەون. ئەوان سەرمایەگوزاری لە پێناوی ئەوە ناکەن کە باشترین ڕێککەوتنی کاری بازاڕە بەڵکو لەبەر ئەوە دەیکەن باش دەربکەون.

لەلایەکیترەوە ئافرتان زیاتر پرسیار دەکەن تا بەتەواوەتی تێبگەن کە دەیانەوێت فێری ببن، وە بەزۆری زیاتر بایەخ بە ئامانجەکەیان دەدەن (کە لێرەدا پارە پەیداکردنە) وەك لەوەی بیانەوێت سەرنجی کەسانی دەوروبەریان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. بەشێوەیەکی گشتی کاتێك خەڵکی بیر لە سەرمایەگوزاری دەکەنەوە بیر لە وەرگرتنی دەرفەتەکان و مەترسی دەکەنەوە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرمایەگوزاری پێویستی بە ژیری هەستی زۆر لەوە زیاتر هەیە کە زۆرێکیان درکیان پێکردووە. ژیرهەستی بریتیە لە توانای بیکردنەوەی ئەرێنیانە دەربارەی بارودۆخێك و زۆر هەستیار نەبون لەسەری . ئافرەتان بەگشتی خاوەنی ژیریەکی هەستی زۆرن.

ئەم تایبەت مەندییەش وایکردووە ئافرەتان سەرمایەگوزاری باشیان لێ دەربچێت. لەجیاتی ئەوەی لەپێناو خۆدەخستندا سەرمایەگوزاری بکەن بە گوێرەی پلان کاردەکەن ، نەك لەبەر ئەوەی هەوەسیان لەچییە و ئایا لەسەر حەقن یاخود نا.

٧) ئافرەتان بەخێوکارن

لەڕووی سەرمایەگوزاریەوە ئافرەتان دەوری بەخێوکەری موڵکەکە دەبینن. لەم ڕۆژانەی پێشوودا لەگەڵ سەرمایەدارێکدا قسەمدەکرد دەربارەی یەکێك لە بینای باڵەخانەکانی. ئەو زۆر بە شانازییەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن نوێژەنی کردووەتەوە و شێواز و هەیکەلی باڵەخانەکەی جوانترکردووە. ئاماژەی بەوەدا چ کرێچیگەلێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و کاتی داناوە چاوی بە هەمویان بکەوێت. ئەو چاودێری موڵك و کرێچییەکانی دەکات ئەو بەخێویان دەکات. لە ئەنجامدا کرێچییەکانی پێشنیاری ئەو باڵەخانەیەیان بۆ هاوڕێکانیان کردووە. موڵکەکەی هەمیشە لیستێك لە خەڵکی لە چاوەڕوانیدابون، بەهۆی ئەمەوە لە توانایدا بوو کرێکەی بەبەراورد لە چاو پێشوە زۆربەرزبێت. وە بەهۆی خۆ تەرخانکردنی و بەرزی ڕێژەی داواکاری بەکرێدانی بەهای موڵکەکەی بەردەوام لە زیاد بووندا بوو.

بەشێك لە پرۆسەی بەخێوکردنەکە پەیوەندی بە پێکهێنانی پەیوەندیەکی باشە لەگەڵ کەسانی پرۆژە سەرمایەگوزارییەکەدا. ئەمەش ڕەنگە بازرگانی/ پشکەکان/ بریکاری خانوبەرە، دابینکەری دارایی ، کرێچی، نهێنییە کەسیەکان بۆ پێدانی زانیاری دەربارەی بەرەوپێشچونی داهاتوی شارەکە، پسپۆڕانی باج، وە ئامۆژگاریکارەکان ئەوانەن دەتوانن ناویان بهێنین لێرەدا. هەرچەند پەیوەندی بەهێزتربێت ،زانیاریەکانی بەهێزتر دەبن، ئەمەش ناخەملێندرێت لە هەگبەی سەرمایەگوزارییدا.

٨)ئافرەت لە ئافرەتێکیترەوە باشتر فێردەبێت

هەر لەبەر ئەمەیە بەرەپێشچونێکی فراوان لە یانە ئافرەتانەکاندا دەبینرێت. ئەم یانانە پەلیان هاویشتوە بۆ تەواوی جیهان، وە ئەمانەش

ڕێگا گەلێکی زۆر باشن تا بکرێتەوە بەڕووی دنیای سەرمایەگوزاریدا و فێری ببیت .

ئافرەتان ئەوەی فێری دەبن لە ناو خۆیاندا هاوبەشی پێدەکەن.ئەگەر شتێکی بە کەڵك بدۆزنەوە حەزدەکەن بە هاوڕێکانیشیان بڵێن. لەوانەشە هەر لەبەر ئەمەش بێت یانە سەرمایەگوزاریەکانی تایبەت بە ئافرەتان باشترین بەرەوپێشچونی تێدا یە لەچاو پیاوانەوە. ئافرەتان دەیانەوێت هاوڕێکانیشیان سەرکەوتوبن .

لایەنی خراپی ئەوەیە، ڕەنگە ئافرەتێك هەنێکجار زانیاری لە ئافرەتێکەوە کە هیچ ئەزمونێکی نییە وەربگرێت. ئەوان گوێ بۆ ئامۆژگاریان دەگرن لەبەر ئەوەی "ئەو هاوڕێمە". تکایە دڵنیا بەروە ئەو ئافرەتەی قسەی لەگەڵ دەکەین دەربارەی سەرمایەگوزاری هەمان بیرکردنەوەی تۆی هەبێت – وەك تۆ ئامانجی سەرمایەگوزاری هەبێت. ئەگەر وا نەبێت تەنها کاتێکی زۆرت بەفیڕۆ داوە. بۆ نمونە، هاوڕێکەم میشێل هات بۆ لام وتی دەیەوێت موڵکێکی تاپۆی بەکرێدان لە فینیکس بکرێت. بۆ چەندین ڕۆژ بەدوای موڵکێکدا گەڕاین. لە کۆتایدا خانویەکمان لە خواروی شار لە ناچەیەکی گەشت و گوزاری دۆزیەوە، چواردەوری داربوو و بەسەر حەوزێکدا دی ڕوانیت. ئەوە باشترین شوێن بوو لە تەواوی ئەو ناوچەیە. دوای کۆکردنەوە کرێکان و دانی خەرجیەکان و دەستەبەری خانووبەرە دەبوو مانگانە بڕی ٢٥,٠٠٠$ ی بۆ بگەڕێتەوە. بەڕاستییەکەمین سەرمایەگوزارییەکی موڵکی بێ وێنەبوو. لە نێوان میشێل و و فرۆشیارەکەدا ڕێککەوتنێك کرا، وە میشێل دەبوو دەست بکات بە گەڕان و پشکنینی موڵکەکە ،پاشان من بۆگەشتێکی یەك

مـانگی ولاّتـانی دەرووبـەر چـووم. کاتێـك گەڕامـەوە پەیوەنـدیم بـە میشـێلەوە کـرد و پرسـیم،" کـەی گرێبەسـتی یەکـەمین مـوڵکی تـاپۆی بەکرێـدانت واژوودەکـەیت؟" چـەند سـاتێك بێـدەنگ بـوو، پاشـان وتـی،" بڕیارمـدا لێـی بکشـێمەوە". هەناسـەیەکی قـوڵم هەڵمـژیت و تاڕادەیـەك بێتاقەت بووم، پرسیم،" بۆچی لێی کشایتەوە؟ وا دەردەکـەوت مـوڵێکی زۆر باش بیت بۆت."

میشێل ڕوونیکردەوە،" دوای ئەوەی تۆ ڕۆیشتیت چووم لەگـەڵ کانداسـی هاوڕێمدا قسەمکرد. هەمووشتێکی تایبەت بـە موڵکەکـەم پـێ وت،ئـەویش پێی وتم ئەوە سەرمایەگوزاریەکی زۆر زیاناوی دەبێت".

پرسیم ،" بۆچی وتی زیاناوی دەبێت؟"

میشـێل ڕوونیکـردەوە،" ئـەو پێـی وتم هاوڕێکـەی مـوڵکێکی بەکرێـدانی هەبووە، بەلاّم نەیتوانیوە کرێچی بۆ بدۆزێتـەوە، بۆیـە پـارەی زەرەر کرد بەو هۆیەوە. پێی وتم ئەگەر لەجێی من بوایە نەیدەکڕیت".

دوای بێدەنگیەکی زۆر پرسیم،" ئایا هاوڕێکەت کانداس هـەرگیز مـوڵکێکی بەکرێدانی هەبووە؟"

میشێل وەلاّمی دایەوە،" نەخێر".

بـەدەنگێکی بـەرز لـێم پرسـی،" کەواتـە بۆچـی ئامۆژگـاری لـە کەسـێك وەردەگریت کە بەبێ گومان هیچ نازانێت لەو بارەیـەوە. ئـەوە وەك ئـەوە وایـە لـە ڕووەك خۆرێـك بپرسـی دەربـارەی باشـترین شـوێن کـە گۆشـتی کولاّویان هەبێت. ئەگـەر داوای ئامۆژگاریـت لـە کەسـێك کرد،دڵنیابـەرەوە لەوەی ئەو کەسە دەزانێت دەربارەی چی دە دوێت، کەسـێك ئـەوەی تـۆ دەتەوێت ئەنجامی بدەیت خۆی ئەنجامی دابێت."

بەڵێ . ئافرەت لە ئافرەتێکیترەوە باشتر فێردەبێت. بەڵام دڵنیابەرەوە لەوەی ئەو کەسەی لێوەی فێردەبێت ئەوکارەی تۆ دەتەوێ بیکەیت خۆی ئەنجامی داوە یاخود خەریکی ئەنجامدانێتی.

لەبەر ئەمەیە من زۆر یانە سەرمایەگوزاریەکانی ئافرەتانم بە دڵە. زۆر بەی ئەو ئافرەتانەی لەم یانانەدان تێڕوانینیان لە یەکتری نزیکە و ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی پارە لەو سەرمایەگوزاریەوە کە کردویانە. یانە سەرمایەگوزارییەکان بە گشتی ئەم دوو جۆرەن: ١) فێرکاری و ٢) کۆکردنەوەی سەرچاوە. هەر وەك پێشتریش وتم من زۆر لەگەڵ ئەو یانانەدام کە تەنها فێرکارین و ئافرەتان پێکەوە دەخوێنن فێردەبن. ئەوان باسی ئەو سەرمایەگوزاریە بۆ یەکتری دەکەن کە هەیانە و ئەوەش کە بەدوایەوەن تاهەیان بێت، شان بەشانی ئەوەی چی فێربونە لە ماوەی ئەو کارەدا.

من تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەو یانانەدا نیم ە ئەندامانی پێکەوە پارە کۆدەکەنەوە بە کۆمەڵ موڵکێکی سەرمایەگوزاری دەکڕن. هۆکارەکەشی ئەوەیە هەتاوەکو تەواوی ئەندامەکانی خۆیان یەکلای نەکەنەوە لەسەر ڕێککەوتنەکە، وە تەواوی ڕێککەوتنەکەش نەنوسرێتەوە، دەکرێت ئەگەری نائومێد بوون و بێزاری زۆد زۆربێت. پێشنیار دەکەم فێربون و کاری سەرمایەگوزاریەکە لە یەکتری جیابکرێتەوە.

دەتوانین ئەوە بکەین - پێشتریش کردوومانە!

هیچ نهێنییەکی گەورە بوونی نییە لە پشت چۆنییەتی سەرمایەگوزاریەوە. ئەوەش لایەنە دڵخۆشکەرەکەیە. کلیلی دەستی زۆربەی ئافرەتان ئەوەیە گۆڕانکارییەك لە مێشکیاندا بکەن لە وتنی ،"

ناتوانم" یان "نازانم چۆن" بەخۆیان بڵێن "نەك تەنانەت دەتوانم ببمە سەرمایەگوزار، بەڵکو دەتوانم ببمە سەرمایەگوزاریکی زۆر باش!" یەك نهێنی هەیە دەمەوێت بڵێم — هەر کە چویتە کایەی سەرمایەگوزاریووە.... زۆر چێژبەخش دەبێ. ئەو قسە دڵخۆشکەر و هاندەرانەی کە جار جار لە ئافرەتە سەرمایەگوزارەکانەوە دەیبیستم ئەمانەیە،" نازانم من بۆچی زووتر دەستم پێنەکردووە!" "پارە پەیداکردن زۆر چێژ بەخشە!" "زۆر بە پەرۆشم بۆ رێککەوتنی دواترم!" "من زۆر شت فێربووومە".

ئێستا بۆت روون بۆیەوە؟ ئافرەتان دەبنە سەرمایەگوزاری بێ وێنە! ئێمە زۆرشیاوین بۆ ئەم کارە. تا دێت ئافرەتی زیاتر دەبێت بە سەرمایەگوزار — وە سەلماندوشمانە ئێمە زۆر باشتر لە باشین لەم رووەوە. وە سەلماندوشمانە ئەوە زۆر خۆشە کە پارە پێکەوە دەنێین. زۆر خۆشە کە فێردەبین و گەشە دەسەنین. زۆر خۆشە کە قەدری خۆت زیاتر دەزانیت لە هەر کارێکی نوێدا. لە هەمووشی گرینگتر زۆر خۆشە کە هەست دەکەین جڵەوی ژیانمان لەدەستی خۆماندایە وە بەهۆی ئەمەشەوە هەڵبژاردن و دەرفەتی زیاترمان لە پێشە. ئەوە هەستێکی زۆر هێزبەخش و ئازادی بەخشە.

## بەندی شازدەهەم
# "من ئامادەم دەست پێبکەم"

"بیرۆکەکان وزەن ، وە تۆ دەتوانیت جیهانی
خۆت دروست بکەیت یاخود وێرانی بکەیت بەبیرکردنەوەکانت".
"سۆزان تەیلەر"

تەنها کەسێك لە گروپە سەرەکیکەی هاوای کە پەیوەندیم پێوە نەکردبوو مارسا بوو بۆیە ویستم بەسەری بکەمەوە و بزانم خەریکی چییە.
کاتێك پەیوەندیم پێوەکرد وەلامی دایەوە،"سلاو، مارسات لەگەڵە."
"سلاو مارسا، منم کیم. دەنگی کەسێك لە هاوای ڕابردودا."
داوای لێبوردنی کرد وتی،" خۆشحالم گوێم لە دەنگت دەبێت. زۆر داوای لێبوردن دەکەم نەمتوانیت لە یەکتر بینینەوەکەدا بەژداربم. لەگەڵ پات و لیزلیدا قسەم کردووە. شتەکان زۆر جەنجالن . کاتێك لە پارکەکە قەراری نانی نیوەڕۆتان گرتبوو ویستم تەلەفۆن بکەم بەلام شتێکم بۆ هاتە پێش".
وتم،" کێشە نییە. چەند سانییەیەك کاتت هەیە پێکەوە قسە بکەین؟"
مارسا کە بۆ چەند چرکەیەك دوودڵ بوو پاشان وتی،" بە دڵنیاییەوە ،ئێستا کاتێکی باشە".

دەستم کرد بە قسە،" بەهۆی ئەوەی من و تۆ پێکەوە قسەمان نەکردووە ویستم سلاوێکت لێ بکەم و لە ئەحواڵت بپرسم."

هیچ دەنگێك نەبوو. پرسیم،"مارسا؟ لەسەر هێڵ ماویت؟"

بەخێرای وتی،" بەڵێ ،من لەسەر هێڵم. من زۆر دوودڵ بووم لەوەی لەگەڵ هەمووتاندا دووبارە کۆببمەوە چونکە شتەکان لە ئێستادا بۆ من خۆش ناگوزەرێن. ڕاستگۆیانە پێت بڵێم ،ژیانم هیچ بەو شێوەیە نییە کە پێشتر لە مێشکی خۆمدا وێنام دەکرد کاتێك هەموومان لە هاوای بوون. پات هەندێك لە بەسەرهاتەکانتانی بۆ گێڕامەوە، وە لە ڕاستیدا من هەست بە شەرمەزاری دەکەم لەو حاڵەی ئێستا تیایدام.لەبیرتە چەند حەزم دەکرد ببم بە زەریا ناسێکی جیهانی؟"

وەلامم دایەوە،"زۆر باش لەبیرمە".

وتی،" باشە، نزیکەی دوو ساڵ دوای ئەوە باوکم پەیوەندی پێوەکردم و وتی پێویستی بە یارمەتیە لە کاری خانەوادەکەماندا. باشترین فەرمانبەری وازی هێنابوو وە دەستی بەسەردا گیرابوو. باوکم وتی تەنیا بۆ ماوەی دووو مانگ دەیەوێت کاری لەگەڵ بکەم تا ئەوکاتەی فەرمانبەرێکی نوێ دەهێنێت. من لەو کارەدا گەورە ببوم بۆیە باش شارەزایی بووم، بەلام بازانی بە گشتی ئەو کارە نەبوو کە من حەزم لێی بوو. بۆیە لە ناچاریدا کارەکەی هاوایم جێ هێشت و گەڕامەوە ماڵەوە تا چەند مانگێك یارمەتیدەری بم . نازانم پی ڕوویدا کە تەنها چەند مانگێك بوو بە ساڵێك و پاشان سێ ساڵ. تا ئێستاش هەر وا لێرە کاردەکەم. باوکم ٧ ساڵ پێش ئێستا بازرگانییەکەی فرۆشت، بەلام پارەیەکی زۆری دەست نەکەوت. دایکم و باوکم ژیانێکی ئاسودە دەژیان، بەلام ماوەیەکی

کەم دوای فرۆشتنی بازرگانییەکە باوکم نەخۆش کەوت، بڕێکی زۆری پاشەکەوتەکانمان بۆ چارەسەری پزیشکی ئەو بەکارهێنت. پاشان گیانی لە دەست دا. لەو کاتەوە من دوو کار دەکەم تەنها بۆ ئەوەی سەرم بە بەرزی ڕابگرم."

پرسیم،" پات وتی دایکت نەخۆشە، ئەی ئێستا باشە؟"

وەلامی دایەوە،" بەڵێ، ئێستا باشە. بەلاّم بەهۆی ئەوەی پارەی پێویستی نییە لەوەتەی باوکم مردووە هاتۆتە لای من دەژیت ، لەبەر ئەوەی من تاکە منالّی ئەوم. هەر بۆیە من دوو کار دەکەم تا هەردوکمانی پێ بەڕێوەبەرم. ئێستا کە بەتەمەنترە کێشەی تەندروستیشی زیاتر بووە. ئێمە بیمەمان هەیە، بەلاّم هەرگیز تەواوی پێداویستیەکانمان دابین ناکات. بۆیە سالاّنێکی زۆر سەختبوون بۆم".

"ئەوەی زۆر سەرسامم دەکات ئەوەیە من لە سەرەتای ژیانمدا زۆر بێخەم بووم. کاتێك گەڕامەوە بۆ سان دیاگۆ هەموو شتێك باش بەڕێوە دەچوو. لە زەحمەتیدا نەبووم بۆ دانی کرێ. پارەم دەست دەکەوت بەو کارەی دەمکرد . هەمووشتێك زۆر باش ئاسوودە بەخش بوو. وای بۆ دەچم هەر لەبەرئەوەبوو مامەوە شتەکان بەباشی بەڕێوە دەچوون. "

بەردەوام بوو لە قسەکانی،" بەلاّم دوو کێشەی سەرەکیم لە ژیانێکی ئاسان بۆ گوزەراودا هەست پێکرد. یەکەم، هەمیشە بیر دەکەمەوە لەوەی چی ڕوویدەدا ئەگەر شوێن خەونی بوون بە زەریاناسیم بکەوتمایە، لەو ڕووەوە کەمێك پەشیمانم. دووەم، وا ڕاهاتبووم ڕۆژنا ڕۆژێك ئاوە خلیسکێنەم دەکرد، وە هەر دینارێکی دەستم دەکەوت لە یاری و ئاهەنگ و ڕابواردندا سەرفم دەکرد. بەلاّم ئێستا ئەو ساتانەم لە ڕابردودا

ماونەتەوە، وە من دەبێت ڕووبەڕووی داهاتووم ببمەوە، ژیانم هەر لە ئێستاشدا وەك سەرکەشیەکی زۆر گەورەیە بۆم.

"بۆیە داوای لێبوردنم هەیە. لەبەر ئەوە بوو لەگەڵتاندا کۆنەبوومەوە. بەراستی من لە کێشمە کێشمدام، وە هیچ چێژ لەوە نابینم بگەڕێم".

دڵنیام کردەوە،" تێدەگەم هەستت چۆنە، وە باوڕیشم وایە هاوڕێیەتیەکەمان لەوە گەورەترە."

وتی،" سوپاست دەکەم. من تەنیا نازانم لێرەوە بەرەو کوێ بچم." مارسا وا دەردەکەوت زۆر نائومێدبێت، بۆیە دەرفەتێکم وەرگرت،" با ئەمەت لێ بپرسم، ئایا ئارەزوو دەکەیت چەن: گۆڕانکاریەك بکەیت تا خۆت لەو بارە دەرباز بکەیت؟"

وەڵامی دایەوە،"بەبێ گومان. دەبێت شتەکان گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ناتوانم بەم شێوەیە بەردەوام بم. بەڵام هیچ ڕۆشناییەك لە کۆتای تونێلەکەدا نابینم."

پرسیم،" ئەگەر کتێبێکت بۆ بنێرم دەی خوێنیتەوە؟"

وتی،" بە دڵنیاییەوە دەی خوێنمەوە".

بەردەوام بووم لە قسەکانم،" کەواتە بۆت دەنێرم، دوای ئەوەی خوێندتەوە پەیوەندیم پێوە بکە قسەی لەسەر دەکەین. ناڵێم ئەمە چارەسەری تۆیە، بەڵام ئەگەر زانیاریەکانی سەرنجیان ڕاکێشایت دەکرێت لایەنی کەم دەست پێکێك بێت."

دووپاتیکردەوە،" من دەی خوێنمەوە، هەر کە بەدەستم گەیشت دەست دەکەم بە خوێندنەوەی".

دوای وتنی ئەم قسانە کۆتاییمان بە تەلەفۆنەکە هێنا. کۆپیەکی کتێبی 'باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژارم بۆ مارسا نارد و چاوەڕێی هەواڵی بووم.

"من ئامادەم"

نزیکەی مانگێك دوای ئەوە هات بە مێشکمدا کە هەواڵی مارسام نەبیستەوە. ویستم تەلەفۆنی بۆ بکەم بەلاّم وم ئەگەر ئەو بەڕاستی بیەوێت ژیانی بگۆڕێت دەبێت خۆی ئەهەنگاوەی سەرەتا بێتە پێشەوە. مم ناتوانم ئەوەی بۆ بکەم.

هەر لەو کاتدا مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. لیزلی پەیوەندی دەکرد. ئەو زۆر شاددمان بوو وتی،" باشە من ئامادەم".

پرسیم ،"ئامادەی چیت؟"

ڕوونیکردەوە،" ئامادەم فێری ئەوە ببم کە پێویستە فێری ببم، وە ئەوە بکەم کە پێویستە بیکەم تا ژیانی دارایی‌م بە تەواوی ڕێکبخەم . من وەڕەس بووم لەم جۆرە بەردەوام بوون ،زیاد لە پێویست بەو جۆرە ژیاوم. ئێستا ئامادەی هەنگاونانم! وە ئەمە تەنها قسە نییە.زۆر بەڕاستی مەبەستمە."

وەلاّمم دایەوە،"نازانم چی بڵێم، چی بوە هۆیٚ ئەم خواستە لە ناکاوە بەپەلەیە؟"

لیزلی دەستی کرد بە قسە،" چەند مانگێگ پێش ئێستا هەڵبژێردرام بۆ چوونە وانەیەکی هونەری لە ڤێرمۆنت. ئەوە وانەیەکی دیمەنی سروشتی بوو کە بەتەختەی نیگارکێشانەکانمانەوە چوینە دەرەوە بۆ دەشت و دەرە جوانەکەی ڤێرمۆنت،کە ئەوەش بەبیٚ گومان پەسەندترین کارە

بەلای منەوە . هەمووشتێکم ڕێکخست و بەروارەکەم دیاریکرد لە پایزدا کاتێك هەموو گەلاکان ڕەنگێکی ڕازاوەیان هەیە. من زۆر دڵخۆش بووم بەم گەشتە. ڕۆژی پێشووتر بەڕێوەبەری پێشانگا هونەریەکەم پەیوەندی پێوەکردم وتی دەرفەتێکمان بۆ ڕەخساوە بۆ پیشاندانی کارەکانی هونەرمەندێکی بە ناوبانگ وە دەبێت منیش لەوێ ئامادەبم. ئەو هەرگیز ئەو قسەیەی نەکرد بەڵام وا دەردەکەوت بەڕێوەبەرەکەم بڵێت یان سبەی دێیتە سەر کار یاخود هەرگیز نابێت بێیتەوە."

پرسیم،" کەواتە چیت کرد؟"

بەردەوام بوو لە قسەکانی،" هەستم کرد هیچ هەڵبژاردنێکم لەبەر دەست نییە . دەبێت بچمە سەر کار بۆ پیشاندانەکە. بۆیە پلانەکانی ڤێرمۆنتم هەڵوەشاندەوە ، وە ڕۆژی دواتر چوومەوە بۆ پێشانگاکە. ئێستا تێگەیشتم کاری لە ناکاو دێتە پێش و دەبێت پلانەکان بگۆڕدرێن، بەڵام لەو کاتەدا بینیم چەند کۆنترۆڵم کەمە بەسەر ژیانمدا. وە هەموو ئەمانەش بەهۆی پارەوەیە. ئەوە یەکێك لەو ساتانە بوو کە دەڵێیت' ئەها'. ڕووناکیەکان بەڕوومدا درەوشانەوە و چیتر نامەوێت بگەڕێمەوە دواوە ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بەرەو پێش بچم. "

وتم،" واو! زۆر بۆت دڵخۆشم. وا پێدەچێت هەڵوەشانەوەی ئەو گەشتە باشترین شتێك بوبێت کە بۆت ڕوویدات. تۆی لەو حاڵەتە دەرهێنا کە بڵێی 'دەزانی چی'."

بەبیرلێکردنەوە وتی،" بەڵێ پێ دەچێت وابوبێت".

پرسیم ،" ئەی بەتەمای چی بکەیت؟"

یەکسەر وەڵامی دایەوە،" ئەمە بیرۆکەکەمە، گوێم بۆ بگرە و پاشان ڕای خۆتم پێ بڵێ بزانم پێت باشە یان نا." بە ڕاڕای وتم،" نازانم ئایا بە دڵنیاییەوە دەمەوێت ئەو بیرۆکەیەت ببیستم؟"

بە دڵخۆشیەوە وتی،" بەهیوام. بیرۆکەکە بەم جۆرەیە. دوو ڕۆژی تەواو دادەنێین وخانمانی گروپەکەی هاوای بانگهێشت دەکەین . دەچین بۆ فینیکس. وە دوو ڕۆژ لەگەڵ تۆدا بەسەر دەبەین. وە تۆ ئەو هەنگاوانەی بۆ دەستپێکردن و بەرەو پێشبردنی سەرمایەگوزاریەکەت گرتویانتە بەر بۆمان باس بکە. ڕات چییە؟"

سەرەتا بێدەنگ بووم دواتر وتم،" بڕوانە من تا ئێستاش لە فێربوون دام. بە دڵنیایەوە هەموو وەڵامەکانم لا نییە. وە من شوێنی ئەو ستراتیجیەتە کۆنانە ناکەوم کە زۆربەی پسپۆڕانی دایرای فێری خەڵکی دەکەن. من لە چەند کەسێکی زۆر زیرەکەوە فێربوومە وە ئێستاش کەسانێکی زۆر لێهاتوو لە دەورمن کە ڕۆژانە لە ڕووی سەرمایەگوزارییەکانمەوە لێیانەوە فێردەبم."

لیزلی قسەکانی پێ بڕیم،" من لەوە تێ دەگەم. من دەمەوێت ستارتیجیەتەکانی تۆ فێربیم پاشان بۆ خۆم بەردەوام بم لە فێربوون. بەگوێرەی ئەوەی پێشتر لێتم بیستوە زۆر گرینگن بۆم. ئێستە هەرچەندە کەست لە دەروبەر بێت کە سەرەتا دەستت پێکرد لەلات نەبوون. تۆ وتت هیچت نەبووە کە دەستت پێکردووە. منیش ئێستا هەر وام هیچم نییە....جگە لە ئارزوویەکی بەهێز بۆ فێربون و دەستپێکردن، کەواتە بیرێك لە ڕابردوت بکەوە، تۆ چیت کرد؟ چۆن یەکەم هەنگاوت نا؟ تۆ وتت ئافرەتان باشتر لە یەکەوە فێر دەبن، بۆیە بۆم دەرکەوت ئەگەر

گروپەکە کۆبکەینەوە زۆر شتفێردەبین. ئەوە ئەو ژینگەیەیە کە ناترسین لەوەی پرسیاربکەین. وەك ژینگەی ئەو چاوپێکەوتنانە نییە کە بەژداریم تێیدا کردوو و تەنها ئە کەسانە پرسیاریان دەکرد کە دەیان ویست خۆیان فش کەنەوە بڵێن چەند زیرەکن بەم شێوەیە هەمووومان لە یەکتریەوە فێر دەبین."

پێکەنیم،" لە بیرمە جارێك وتت فرۆشیارێکی باش نیت، ئەمە وتارێکی قەناعەت پێکەری فرۆشیارانە بوو."

وتی،"ئایا وەڵامەکەت بەڵێ یە؟"

ڕوونمکردەوە،" بەڵێ، بەڵام بە دوو مەرج. یەکەم، ئەو دووو ڕۆژە تەنها بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە بەڕاستی دەیانەوێت فێربین. ئەگەر تەنیا بۆکات بەسەربردن لەگەڵ هاوڕێکانیان بێت، باشترە کە نەیەن. ئارەزووی فێربوون و بەتایبەتیش هەنگاو نان ئەبێت لە ناخی دڵیانەوە بێت. نابێت خۆت قایلیان بکەیت."

ڕەزامەندی پیشان دا وتی،" خاڵێکی باشت باس کرد، من بانگێشت نامە ڕێك دەخەم بزانم کێ دێت. وە دووەم؟"

وتم،" دووەمیش، هەر کەسێك بەژدار بوو دەبێت لای ڕوون بێت کە ڕێسایەکی جادووی لە ئارادا نییە من هیچ نهێنییەکی شاراوەم پێ نییە تا بەڵێنتان پێ بدەم لە ماوەی دوڕۆژدا دەبن بە سەرمایەگوزارێکی هەمیشە سەرکەوتو. هەموان دەبێ لەوە تێبگەن سەرمایەگوزاری پڕۆسەیەکە، وە دەبێت ئەوان ئەکری ماڵەوەیان و پیادەشیان بەباشی ئەنجام بدەن تا ببن بە سەرمایەدارێکی لێ زان. نامەوێت بەهۆی پێشبینی نا واقعیەوە بەژدارین. دڵنیای دەتوانیت لە مانە ئاگاداریان بکەیتەوە؟"

لیزای وتی،" دەکرێت دەتوانین بەروارەکەی دیاری بکەین؟"

خەندەیەکم کرد،" بەڵێ دەتوانین خاتوو 'نازانم چۆن کڕین و فرۆشتن بکەم'. بەڵێ زۆر باشە !"

باسی گفتوگۆکەم لەگەڵ مارسادا بۆ لیزلی گێڕایەوە. داوام لێکرد ئەویش بانگێشت بکات. وتم،" زۆر سەیرە ! کاتێك پەیوەندیت کرد بیرم لە مارسا دەکردەوە. مانگێك پێش ئێستا کتێبەکەم بۆی نارد، بەڵام یەك وشەشم لێوەی نەبیستەوە."

بەندی حەڤدەهەم

# لە سەدا نەوەتی سەرکەوتن لە ئامادەبوندایە

بۆ ئەنجامدانی کارێك دەبێت ئامادەبین و دەست پێبکەین، ئەمە وامان لێ دەکات بوێرتربین. قەدری خۆ زانین لە کرداردایە.

"جۆی براون"

وودی ئالین جارێکیان وتی، " ۹۰% ی سەرکەوتن ئامادەبوونە". باوەڕم وایە چەندین ڕاستی لە پشت ئەم وتەیەوەن. چەندان کەس هەن دەڵێن دەمانەوێت کێشمان دابەزێنین، بەڵام کێ لە هۆڵی وەرزشی ئامادە دەبێت؟ هەندێك کەسیتر دەڵێن دەیانەوێت خزمەتێ زیاتر پێشکەشی کۆمەڵگەکەیان بکەن، بەڵام کامیان ئامادە دەبن لە چاوپێکەوتنی ئەنجومەنی شارۆچکەکەیاندا؟ زۆرێکامان دەڵێین دەمانەوێت کارگەلێك بکەین تا ژیانمانی پێ بەرەو پێش بەرین، بەڵام ئایا لە ڕاستیدا ئامادەی کردنی چی کارێکن؟

بەهۆی ئەوەی لەسەری ڕێککەتین من بە پەرۆش بووم ببینم کێ ئامادە دەبێ لە کۆبونەوە دوو ڕۆژیەکەمان کە تایبەتە بە سەرمایەگوزاری. لیزلی هەموو شتەکانی ڕێکخستوە وە بە هەر یەکێك لەو خانمانەی وتوە ئەگەر ویستیان لێیە ئامادەبن بەیانی ڕۆژی هەینی کاتژمێر ۹. لیزلی پێی وتم، "هەموویان ویستویانە ئامادەبن."

پێم وت،" دەی بابپینین کێ دێت".

**ڕۆژی هەینی کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی**

قاوەکەم حازر کردبوو. لیزلی کاتژمێر ٨:٣٠ خولوك گەیشت بە میوە و کولێرەی جۆراوکۆرەوە. بەڵێنی پێدام،"من زۆرم لە کەسیان نەکردووە، زۆر بە سادەی پێم وتن ئەو دوو ڕۆژە چی دەکەین. ناونیشانم بۆ هەمویان ناردوە. وە وتوشمە پێویست ناکات پێویست ناکات پەیوەندیم پێوە بکەنەوە، تەنیا ئەگەر ئەمەیان لەلا گرینگە ئامادەبن."

دوو کوپ قاوەم تێکرد و پێکەوە قسەمان دەکرد. چەند چرکەییەکی دەویست بۆ ٩:٠٠ زەنگی دەرگا لێی دا. هەردوکمان بە دڵخۆشی سەیری یەکترمام کرد، وەك دوو مندالْ وابوین ە بیانەوێت لە خانەی یەکەمی سکەی قیتار یاریکردندا دابنیشن، دەمانزانی ڕێگایەکی زۆر خۆش دەبێت و بە پەرۆش بووین بزانین کێ هاتوە. بەخێرای بەرەو دەرگای پێشەوە چووین و کردمانەوە.

ترەیسی بە هەناسکە برکێوە وتی،" سلاو! ناونیشانێکی باشت پێدام لیزلی.شۆفێری تەکسەیکە باش شارەزایی ڕگاکەبوو. خۆشحالم لێرە دەتان بینم!"

بەخرۆشانەوە وتم،" ترەیسی زۆر خۆشحالم کە لێرەیت!"

وتی،" وا ڕەفتار دەکەیت پێت سەیربێت دەمبینیت هاتووم، وابیرت نەدەکردەوە ئامادەبم؟ هیچ پرسیارێك لە مێشکما نییە دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ڕوویدا."

بەبیری هێناینەوە،"لەبیرتانە ئەو ترسەی ڕووبەڕووم بۆیەوە بەهۆی ئەوەی نیگەرانی ئەوە بووم مێردەکەم لە کار لاببرێت کاتێک کۆمپانیاکە فرۆشرا؟"

هەردووکمان سەرمان بە ئاماژەی بەڵێ لەقاند.

بەردەوام بوو،" هەینی پێشوو کۆمپانیاکە ئەم ئاگادارییە گشتیەی بلاوکردەوە. ماوەی ساڵێك بوو قسە لەوە دەکرا کۆمپانیاکەمان یەکبخرێت لەگەڵ دانەیەکیتردا بەلام لە کۆتایدا بیستمان هەموو ئەمانە هەڵوەشاوەتەوە. بۆیە هەینی پێشوو CEO پەیوەندی پێوە کردین و ڕایگەیاند یەکخستنەکە ڕوونا دات بەلام لەجێی ئەوە کۆمپانیاکەمان فرشراوە بە یەکێك لە گەورەترین ڕکابەرەکانمان! CEO لەگەڵماندا ڕاشکاو بوو پێی وتین بێگومان گۆڕانکاری دەکرێت، بەلام تەواوی هەوڵی خۆیان دەدەن لە کار لابردن بوونی نەبێت، بەلام چۆن دەتوانین بێ حەوسەڵە نەبین دەربارەی هەموو ئەم ڕووداوانە؟"

لیزلی پرسی،"پێت وایە چی ڕوودەدات؟"

ترەیسی وەڵامی دایەوە،"نازانم، بەلام پێتان بڵێم، هەفتەی پێشوو وەك ئەوە وابوو لە مردوو خانە کاربکەین . بە دڵنیایەوە لە کار لابردنیش بوونی دەبێت. کڕیارەکان ئەوە کاری خۆیانە! هەموان لە ترسی لە دەستدانی کارەکانیاندا هەر دێن و دەچن."

---

چەندین کەس هەن دەڵێن دەمانەوێت کێشمان دابەزێنین، بەلام کێ لەوان لە هۆڵی وەرزشکردن ئامادە دەبێت؟

هەندێك كەسیتر دەڵێن دەمانەوێت خزمەتی زیاتر پێشكەش بە كۆمەڵگەكەمان بكەین، بەلام كام یەك لەمان ئامادە دەبێت لە چاوپێكەوتنی ئەنجومەنی شارۆچكەكەیاندا؟

زۆرێكمان دەڵێین دەمانەوێت كار گەلێك بكەین تا ژیانمانی پێ بەرەو پێش بەرین، بەلام لە ڕاستیدا ئامادەی كردنی چی كارێكین؟

---

سەرەڕای ئەمانەش ، لەبەر ئەوەی هیچ كەس نەیدەزانیت لە داهاتوودا چی بەڕێوەیە، هیچ بڕیارێك نەدرا. وەك ئەوە بوو ژیانی هەموان ڕاگیرابێت . فشارێكی زۆرمان لەسەر بوو. بۆیە تا ئێستاش نازانم چی بكەم، هەر لەبەر ئەمەوەیە بەرواری ئەم دوو ڕۆژە زۆر باش بوو. ئەمە تەنیا شتێكە هەستەكەم دەسەلاتم بەسەریدا دەشكێت. خودا دەزانێت نازانم چی كارێك بكەم."

لیزلی وتی،" وای! هیچ وەك زەنگی ئاگادركردنەوە نییە."

ترەیسی پرسی،" ئایا كەسێك لەدەرگا دەدات؟"

ئێمە زۆر سەرقاڵی قسەكردن بوین بەجۆرێك ئاگامان لێ نەبوو كەسێك لە دەرگا دەدات.

پێكەنیتم،" بابزانین ئەم جارەیان كێ لە دەرگایە. هەرسێكمان بەخێرای لەبەر هەیوانەكە چوینە خوارەوە تا بزانین كێیە. هەموومان پێشبینی خۆمان دە وت لەسەر ئەوەی ڕەنگە كێ بێت.

دەرگاكەم كردەوە .

پان بە داوای لێبوردنەوە وتی،" بڕوا ناکەم کە ١٠ خولەك دواکەوتوم! هەمووشتێك ڕێك لە کاتی خۆیدا پلان ڕێژیم بۆ کردبوو. من هەرگیز دوا ناکەوم."

وتم،" وەرە ژوورەوە پات. هەموو باوشمان لە یەکتری داو گەڕیانەوە چێشتخانەکە.

بە دەم خواردنەوەی قاوە و خواردنی میوە و کۆلێرەکانەوە قسەمان دەکرد، تا نزیکی کاتژمێر ٩:٤٥ خولەك ئیتر وا پێیدەچوو گروپەکەمان ئەمەنە کەسەبێت .

مارسا چی بەسەر هات؟

دواتر زانیم مارسا چی بەسەر هاتوە. لیزلی وتی،" مارسا کە تۆ پەیوەندیت پێوە کردبوو لەوە نائومێدتر بوو تا بتوانێت کارێك بکات بارودۆخی بگۆڕێت، ئەو بەڵێنی دابوو ئەو کتێبە بخوێنیتەوە کە بۆت ناردبوو."

لیزلی دواتر دانی پێدا نا کە مارسا تەنها کەس بوو کە وەلامی دابۆیەوە بەبێ هیچ گومانێك لەو دوو ڕۆژەدا بەژدار دەبێت.بۆم دەرکەوت هەرگیز دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە یەك پەڕەش لە کتێبی 'باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار' بخوێنێتەوە. یەك هەنگاویشی نەنابوو تا کارێکی جیاواز لەوە بکات کە خەریکێتی. دڵنیام هیچ لای گرینگ نەبووە ئەم دوو ڕۆژە لای ئێمە ئامادەبێت. ماراس هەر قسەی هەبوو بەلام کرداری سفر بوو. دەیوست ژیانی بگۆڕێت بەلام بەبێ ئەوەی کارێکی جیاواز ئەنجام بدات. لە ڕاستیدا نەی دەویست بگۆڕێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆر گرینگە

تەنیا لەگەڵ ئەوانەدا کار بکەین کە بەڕاستی دەیانەوێت فێربن. ئەگەر وانەبێت وەك یەکێك لە پەسەندترین وتەکانە لام کە دەڵێت:

"هەوڵ مەدە بەراز فێری گۆرانی وتن بکەیت، ئەوە تەنها کاتت بەفیڕۆ دەدات ......بۆ بەرازیش بێزارکەرە."

کەسانێکی زۆر هەن دەڵێن فلان شتمان دەوێت. وەك مارسا، بەلام هیچ هەولێکی بۆ نادەن . پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا ئامادەیت هەر کارێك بکەیت تا بگەیت بەوەی دەتەوێت؟ من خۆم چەندین جار ئەوەم کردووە. کاتێك دەمویست ئەم کتێبە بنوسم، ماوەی سێ ساڵ پێش دەستپێکردنی دەم وت کتێبێك دەنوسم بۆ ئافرەتان دەربارەی سەرمایەگوزاری. هەر دەم وت و هیچیم نەدەکرد. دووبارە ئەو قسەیەم دەکردەوە، بەلام یەك وشەشم نەدەنوسیت. دووبار وام دەتەوە و خۆم دەخلافاند. لە کۆتایدا دوو هاوسەر کە هاوڕێی ئازیزم بوون، یەکیان وتی ،"ئەریێ تۆ ئەو ئامانجەت بەتەمایت بەدی بهێنیت و بینوسیت یاخود نا!" ئەوە تەنها قسەی دڵسۆزانە بوو لە هاوڕێیەکم بیست، ئەویتریشیان وتی،" هە رقسە دەکەیت و قسە دەکەیت و دەیلێیت! ئەی کوا؟"

کارۆڵ

نمونەیکەیتر لەسەر ویستێکی بێ کردار کارۆڵە. لە یەك کاتدا بڕێکی زۆری حیساباتی من و ڕۆبێرتی چارەسەر دەکرد وە بوە هاوڕێیەکی زۆر باش بۆم. هەفتەی دووجار یەکمان دەبینیت بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی دارایی‌مان. ئێمە بەسەر هەموو ژمارەکاندا دەچوینەوە. ئەو سەرمایەگوزارییە جۆراو جۆر و خانوە تاپۆ بەمرێدراوەکانماتی دەبینیت کە چەندمان لێی دەست دەکەوێت وە لەهەر چاوپێکەوتنێکدا پرسیاری

لەسەر سەرمایەگوزاری لێدەکردم. ئەمە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو.

لە کۆتایدا لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکاندا وتی،" من پرسیارێکم هەیە دەربارەی سەرمایەگوزاری." لە ناوەڕاستی قسەکەیدا وەستاندم وتم،" هیچ پرسیارێکیتر مەکە! تۆ ماوەی چەند ساڵە پرسیارم لێدەکەیت، بەڵام ئەی کوا چ هەنگاوێکت ناوە؟"

وەڵامی دایەوە،"هیچ".

ڕوونمکردەوە،" کەواتە چیدی پرسیار مەکە. من چیتر وەڵامی یك پرسیاریشت نادەمەوە لەسەر سەرمایەگوزاری، هەرگیز لەو بارەوە قسەت لەگەڵ ناکەم تا نەبینم کارێکت کردووە کەی یەکەمین کاری سەرمایەگوزاریت دۆزیەوە دەتوانین دووبارە قسە بکەینەوە."

لە چاوپێکەوتنی دواترماندا ، دوو هەفتە دوای ئەوە ، کارۆڵ بە شانازیەوە هاتە ژوورەوە بە پارچە کاغەزێکەوە کە یەکەمین پشکێك کە کڕیویەتی تێیدا تۆمار کرابوو. وتی،" ئەم پشکەم بۆ ئەوە دەوێت بکڕم تا دووبارە دەست بکەینەوە بە قسەکردن. بەڕاستی دەمەوێت دەست بکەم بە کڕینی موڵکی بەکرێدان. بەڵێنت پێدەدەم هیچ پرسیارێکیتر نەکەم دەربارەی خانووبەرە تاوەکو یەکەم موڵکم پەیدا نەکەم.". "بەڵێنەکەی بردە سەر. لەچەند مانگێکدا کارۆڵ خانویەکی بچوکی بەکرێدانی دۆزیەوە، داوای کردبوو و قبوڵیان کردبوو. بەهۆی ئەوەی خۆی پارەی پێویستی نەبوو، داوای لە سەرمایەگوزارێك کرد کە باش دەیناسیت ،ئەگەر حەز بکات ببێت بە هاوبەشی لەم سەرمایەگوزاریەدا. ئەویش ڕازی ببو، بەم شێوەیە کارۆڵ چوە سەر ڕێگەی خۆی. لەو کاتە بەدواوە

توانیتی شتانێك بكرێت بۆ سەرمایەگوزاری كە خانوی تایبەت بە یەك خێزان و شوقەشی تێدابوو، وێڕای چەند باڵەخانییەكی چەند نهۆمی .ئێستا سەرمایەگوزاریكی زۆر چالاكە........وە ئێمە زۆر پێكەوە قسە دەكەین .

كارۆڵ دواتر دانی پێدا نا كە لەڕێی ئەو پرسیارانەوەی دەیكرد لە مێشكی خۆیدا هەنگاوی بەرەوپێش دەنا. بەو شێوەیە بەردەوام بو ، بۆی دەركەوت دوو ساڵ تێپەڕیوە و ئەم هیچیشی نەكردووە. بەو جار لە دوای جار پرسیاركردنە باوەڕی بەخۆی هێنابوو كە چوەتە یاریەكەوە، بەلاّم لە ڕاستیدا تەنیا بیانویەك بوو تا هیچ هەنگاوێك نەنێت.

ئەی جەنیس چی بەسەر هات؟

تازە بەتەما بووین لە چێشتخانەكە بچینە دەر بەرەو ژووری خوێندنەكەمان كە زەنگی تەلەفۆنی ماڵەوە لێی دا. جەنیس پەیوەندی دەكرد. دەنگەكەیم كردە بیستەری دەركی تا هەموان گوێ بگرن.

بەدەنگی بەرز وتی،" تەنها ویستم بزانن بیرم لاتانە. دەزانم دەبوو لەوێ بم. بەلاّم هەواڵێكی زۆر خۆشم پێیە ! "

لیزلی پرسی،" ئەو هەواڵە خۆشە چییە ؟"

بەخێرای وتی،" لە بیرتانە بەردەوام دەم وت من بۆ چونە ناو پەیوەندییەكی درێژ خایەن گونجاو نیم؟ باشە، پێی دەچێت ئەوە گۆڕابێت. كوڕێكم ناسیوە ! ناوی گرێگە. مایەوەكی زۆر نییە دەیناسم . شتەكان تۆزێك سەیرن، وە باوڕ ناكەم بەوەی دەیڵێم، بەلاّم وای بۆ دەچم عاشق بوبێتم ! "

"پات وەها دانیشتە سەرکورسیەکە دەت وت بەریانداوەتەوە سەری.
"تۆ؟ خاتونی 'یان ڕێگەی خۆم، یان تەنها دۆستی ڕێگای گشتی'؟عاشق
بوون؟ هەرگیز بیرم نەکردێتەوە ئەو وشانە لە زمانی تۆ ببیستم. ئەوە
زۆر سەرسامکەرە. هەموو شتێکمان پێ بڵێ دەربارەی ئەو، چەنێك
ئەبێت ناسیوتە؟"

وەڵامی دایەوە،" سێ هەفتە دەبێت، دەزانم ماوەیەکی زۆر نییە. بەڵام
وای بۆ دەچم ئەوە ئەو کەسەیە کە دەمەوێت. ئێمە لە قاوەخانەیەك
چاومان بە یەکتری کەوت لە نزیك نوسینگەکەم. چووم تا کاپوچینۆیەك
بخۆمەوە، لە ڕیزدا وەستابووم تا داوای بکەم، ئەو هاتە ژوورەوە.
هەردوکمان سەیری یەکترمان دەکرد. لە کۆتایدا هات بۆ لام ئیتر
دەستمان کرد بە قسەکردن"

ترەیسی پرسی،"ئەی ژیاننامەی چۆنە؟ چی کارێك دەکات؟"

جەنیس لە قسەکردن بەردەوام بوو،" ئێمە هێشتا باسی ئەوەمان
نەکردووە. پێم وایە توشی ئەزمونێکی کاری ناخۆش بوە، بۆیە
ئاسودەنییە بەوەی جارێ باسی بکات. دەزانم بۆ چەندین کۆمپانیا کاری
کردووە، بە زۆری وەك فرۆشیارێك. لە ئێستادا لە گواستنەوەدایە
دەیەوێت بزانێت دواتر چی بکات. ئەو زۆر زیرەکە، چەندین بیرۆکەی
باشی بازرگانی هەیە. مێشکی وا کار دەکات وەك بڵێی میلێك بە
چرکەیەك دەبڕێت. ئەو زۆر دڵخۆشە بە کارەکەم. تەنانەت باسی ئەوەی
کرد لەگەڵمدا کار بکات. هەرچەند زیاتر بیری لێ دەکەمەوە زیاتر حەز
بەو بیرۆکەیە دەکەم. زۆر جار بۆم ماندووکەر بوە هەموو کارەکان خۆم

بیکەم. شتێکی باشە هاوەڵێکم هەبێت بیرۆکەی پێ بێت و هەندێك لە بارگرانییەکانم لەسەر لادات."

ڕوونیکردەوە،" هۆکاری ئەوەی ناتوانم لەم دوو ڕۆژەدا لەگەڵتاندا بم ئەوەیە هەردوکمان دەچین بۆ سان فرانسیسکۆ بۆ بەسەربردنی پشویەکی ڕۆمانسیانە. هەمووی بیرۆکەی ئەوە. ئەو هۆتێلیشی گرتوە. هەروەها لە یەکێك لەو ڕێستۆرانتە سەرنجڕاکێشە ئیتاڵیانەدا شوێنی گرتوە کە زۆر بە زەحمەت دەتوانیت بۆی بچیت، دەبێت ماوەی سێ مانگ لە چاوەڕوانیدا بیت ئەو خۆی هەموو شتێکی ڕێکخستوە."

ترەیسی خۆی پێنەگیرا پرسیار نەکات،"وتت ئەو لە گواستنەوەدایە، ئەوە بە تەواوەتی مانای چییە؟"

جەنیس ڕوونیکردەوە،" هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە گرێگ لە کارەکەی پێشوی شکستی هێناوە. دەستی بەکارێکی ڕاوێژکاری کرد، دوای ساڵێك بەردەوام بوون لەگەڵ هاوبەشەکەیدا کێشەی بۆ دروست بووە . دوو مانگ پێش ئێستا وازیلێهێناوە، هەر بۆیە ئێستا دەگەڕێت بەدوای کارێکدا تا ئەنجامی بدات. بەهۆی ئەوەی کاری خۆمم هەیە دەزانم ڕەنگە چەند بە ساتەوەختێکی سەختدا تێبپەڕێت، چونکە منیش نزیکەی یەك ساڵ دواتر کەمە کەمە پارەم لە کارکەم دەست دەکەوت، خەریك بوو هەرەس بهێنێت. ئەو شەرمەزار دەبێت ئەگەر بزانێت ئەمەم پێ وتون بەڵام لە ئێستادا ئەو ئەوەندەی پارە بە دەستەوە نییە. هەمووومان شکستمان بینیوە، وە من هیچ کێشەم نییە لەڕووی داراییەوە بۆ ماوەیکی کەم یارمەتی بدەم."

لیزلـی چاونەترسـانە پرسـی،"کەواتـە کـێ پـارەی پشـوەکەی سـان فرانسیسکۆ دەدات؟"

جەنیس وتی،" خۆم. وەك وتم،کێشەم نییە بۆ ماوەیەکی کەم ئـەوە بکـەم تا هەڵسێتەوە سـەر پێـی خـۆی. وە ئـەو بەڕاسـتی لێهـاتوە هـەر واز لـە کارەکەی خـۆی بێنێـت و ئامادەبێـت لای مـن کاربکات،هـەلێکی زۆر بـاش دەبێت بۆ من هاوەڵێکی کارم هەبێت. پێی دەچێت هەموو شتەکان بـە ڕێ و جێی خۆیاندا بڕۆن."

وتـی،" دەزانم ئەمـە شـێتانە دیـارە. دەزانم هـەموو شـتێك زۆر بـەخێرای ڕوویدا. بەڵام لە ڕاستیدا قسەکە لەسەر ئەوەیە گرنگ لەگـەڵ منـدا بـژێت! هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە لەگەڵ کەسێکدا بـژیم.پـێم بڵـێن ئایا مـن شێتم؟"

هەموومان بەدەنگی بەرز لە تەلەفۆنەکەوە هاوارمانکرد،"تۆ شێتیت".

جەنیس بـە پەرۆشـەوە وتـی،" دەزانم، دەزانم. مـن دڵخـۆش و دوودڵیشـم لەهەمان کاتدا. دەبێت بڕۆم. وا بەڕێوەم بۆ فڕۆکەخانـە. بـەهیوای ئـەوەم دووو ڕۆژی زۆر خۆش بەسەر بەرن بەیەکەووە! خواتان لەگەڵ!".

تەلەفۆنەکەم داخست و هەر چوارمان بـە واقوڕمـاوی و بێـدەنگی سـەیری یەکتریمان دەکرد.

ترەیسـی سـەرەتا قسـەی کـرد،" ئایـا ئـەوەی بیسـتم ڕاسـت بـوو؟ ئایا جەنیس وتی ئەو کوڕەی کە سێ هەفتەیە ناسیویەتی داهاتێکی نییـە؟ وە جەنیس خۆی پارەی هەموو شتێك دەدات؟ وە ڕەنگە ئەو کـوڕە بێـت لـە ماڵەکـەی ئەمـدا بـژیت؟ وە پێشـی دەچـوو زۆر کـەم بزانێـت دەربـارەی

کارەکەی، ئایا وتی ئەو کوڕە دەخاتە سەر کارکەی خۆی؟ پێم بڵێن ئەو شتانەم نەبیستوە؟"

لیزلی وتی،" هەر ئەوە بوو بیستت".

ترەیسی زۆر بەبێ متمانەییەوە پرسی،" ئەی هاوار ئەم کچە بیر لە چی دەکاتەوە؟"

وتم،" دەڵێن عەشق کوێرە، ئەمە نمونەیەکی زۆر تەواوە بۆی. "

پات وتی،" بە تێپەڕبوونی کات دەردەکەوێت."

ترەیسی وتی،"لای من وەك کۆڵ هەڵگرەکان دەردەکەوت ئەو کوڕە".

هەموومان تا ڕادەیەك باوڕمان بە دۆخەکە نەبوو.

ترەیسی وتی،"جا لە سەروی هەموو ئەمانەشەوە ئێمە لەبەر کوڕێك وەستێنراین. زۆر ڕقم لەوەیە کاتێك ئافرەتان وا دەکەن. چەند کارێکی گەمژانەیە!"

پات بە مێنێکەوە وتی،"ڕەنگە ئەو کوڕە تەنها قۆزبێت."

لیزلی وتی،" ڕەنگە قۆز و گەنج بێت."

منیش وتم،" ڕەنگە گەنج و قۆز و میراتگری ملیۆنێرێك بێت."

ترەیسی بزەیەکی کرد،"خەریکە لە کۆتایدا تێبگەم".

کاتێك بیرمان لەو پیاوە باشە دەکردەوە بۆ جەنیس هەموپێکەنیتین بەڵام وێڕای شادمانیمان، هەموو بەجۆرێك لە جۆرەکان بۆی نیگەران بوین.

بەندی هەژدەهەم

# با پرۆسەکە دەست پێ بکات

دەتوانیت لە هەرکاتێکی ژیانتدا بێت دەست بکەیت بە فێربوونی شتی نوێ ئەگەر ئارەزووی دەستپێکردنت هەبێت. ئەگەر لە ناخی دڵتەوە حەز بە دەستپێکردن بکەیت، تەواوی جیهان بە ڕووتدا دەکرێتەوە."

"بارپارا شێر"

هەر چوارمان لە دەرگای دواوە بەرەو ژووری میوان ڕۆیشتین، کە وەك نوسینگەیەکی ناوماڵمان لێکردبوو . هەر لەم شوێنەدا و دوو ڕۆژەمان بەسەر دەبەین. هەموومان لەسەر مێزی کۆنفرانس دانیشتین. کۆمەڵێك پارچە کاغەز و قەڵەم جاف لە ناوەڕاستی مێزەکەدا بوو.

لیزلی وتی،" ئەمە زۆر فەرمی دیارە . لە کوێوە دەست پێدەکەین؟"

١)هۆکاری 'بۆچی'ت

با لە قسەکردن دەربارەی ئەوەوە دەست پێبکەین بۆچی هەر یەکێکمان لێرەین. وە بۆچی بڕیارتانداوە هەرچییەکتان لەدەست بێت ئەنجامی بدەن تا لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بن؟"

ترەیسی دەستی پێکرد،" باشە، هەر کە لە دەرگاکە هاتمە ژوور هۆکاری منتان بیست. ڕەنگە ئەوەی کە کۆمپانیاکەمان فرۆشراوە باشترین شتێك بوبێت تا ئێستا ڕوویداوە بۆ من چونکە چاومی بەڕووی ئەو ڕاستییەدا

کردەوە کە من تا ئێستاش لە چەندین ڕووەوە جڵەوی ژیانم لەدەستدا نییە، بەتایبەتیش لە ڕووی کار و پارەوە. ئەوەی کە زۆر کاری لێکردم ئەوە بوو کاتێک ڕاگەیەنراوکە بڵاوکرایەوە من چاوەڕێی ئەوە بووم کەسانێک کە هەرگیز نەمبینیون بڕیار لەسەر داهاتووم بدەن. من تەنها ناوێکم لە لیستەکەیاندا کە لە هەر کاتێکدا بیانەوێت دەتوانن بیسڕننەوە. کەواتە هۆکاری من ئەوەیە هەرگیز نامەوێت لەو بارودۆخەدابم جارێکیتر. ئەوە ژیانی خۆمە، وە لێرە بەدواوە خۆم بڕیار دەدەم داهاتوم چۆن دەبێت وە یەکەم بڕیاریشم ئەوەیە کۆنترۆڵی پارەکانم بگرمەدەست. ئێستا دەبینم بەهۆی پارەوە کۆنترۆڵ کراوم . نەك ئەو لەژێر ڕکێفی مندا بێت ."

لیزلی دوای ئەو دەستی پێکرد،" هۆکاری خۆمم بە کیم وتوە لەماوەی یەکێك لە گفتوگۆکانماندا . هۆکاری من زۆر بسادەییە. تەنها دەمەوێت وێنە بکێشم. ئەوە وا دەکات زۆر دڵخۆش بم. هەست بەشادمانی، متمانەبەخۆ بوون و ژیانەوە دەکەم کاتێك لەبەر دەم تەختەی نیگار کێشانەکەمدا دەوەستم و فڵچەی وێنە کێشانم بە دەستەوەیە. وە بەهۆی ئەوەی کاتێکی زۆر لەسەر کارم زۆر کەم کاتی بەتاڵیم هەیە تا ئەوە بکەم کە حەزم لێیەتی، زۆر بە سادەی ئەوە هۆکاری منە ."

پاشان هەمووومان ڕوومانکردە پات. من زۆر حەزم کرد بزانم پات چی دەڵێت، چونکە ڕاستی بڵێم زۆر لام سەیر بوو ئەمڕۆ لێرە ئامادەیە.

پات بەهێمنی دەستی پێکرد،" لەدوای یەکەمین خوانی نیوەڕۆمانەوە من لە توێژینەوەیەکی زۆر وردا بووم . هەر لەو خوانەوە بوو بۆم دەرکەوت زۆربەی ژیانم بەخەون و ئامانجی کەسانیترەوە بەردەوام بومە، نەك هی

خۆم . من خەریکی بەڕێوەبردنی ژیانی هاوسەر و منداڵەکانم بووم و بەتەواوەتی ژیانی خۆمم بەلاوە نابوو. دوای خوانەکەمان لە نیویۆرک بڕیارمدا ژیانم بەرو پێش بەرم وە لەخۆم پرسی ئاخۆ لە ڕاستیدا چی دەوێت، وەلامەکە سەرسامی کردم.

"گفتوگۆکەمان دەربارەی سەرمایەگوزاری ویستێکی بۆ ئەو کارە لە مندا سەری هەڵدا، وەك دەزانن، من حەزم لە توێژینەوە و پەردەلادانە لەسەر رووی ڕاستییەکان، هەر واشم کرد. ئینتەرنێتم بەکارهێنا و دەستم کرد بە زانیاری وەرگرتن دەربارەی جیهانی سەرمایەگوزاری . ئەوەش زۆر سەرنجی ڕاکێشام. سەردانی ماڵپەڕەکانم کرد و شارەزاییم وەرگرت دەربارەی بازرگانی پشکەکان، خانوبەرە، سەرمایەگوزاری کاری تایبەت، کەلوپەلە بە نرخەکان و چەندین شتی تر. چەندان کاتژمێرم لەبەردەم کۆمپیتەرکەدا بەسەر دەبرد بۆ وەرگرتنی ئەم زانیاریانە. بەلام هەموو ئەوانەم بە نهێنی کرد . هەرگیز لەگەڵ کەسدا باسم نەکرد بە مێردەکەشمەوە. پاشان ساتەوەختە قورسەکە هاتە پێش. هەر وەك پێشتریش پێم وتن مێردەکەم تەواوی بڕیار گشتیەکانی داراییمان دەدات، وە وای بۆ چووم ئەگەر باسی ئەوەی بۆ بکەم بە گرینگ وەری ناگرێت و دەماقاڵەیەکی گەورە دەکەوێتە نێوانمانەوە لەسەر پارە.

پات بەردەوام بوو لە قسەکانی،" بۆیە بڕیارم دا ڕاستییەکەی پێ بڵێم. وە واشمکرد. پێم وت هەستەکەم کە چەندە پشتیوانی هەمووتانم وە ئێستاش دەمەوێت شتێك بۆ خۆم بکەم. بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی دوورودرێژ ، دەمەوێت خۆم لە پێشەنگ دابنێم بۆ ئەوەی بگۆڕێم. پێم وت من دوودڵ بومە لەوەی دەربارەی لایەنی داراییمان لەگەڵت بدوێم

چونکه پـاره هەمیشـه لـه ئەستۆی تۆدابووه.بـۆم ڕوونکـردەوه کـه چـی فێربووم لەڕێی هێڵی ئینتەرنێتەوه وه من دەمەوتێ ئـەوه بکـەم نـەك وەك خولیایەك بەڵکو وەك کارێکی جددی بـەردەوامم. وتم شـتانێکی زۆر مـاوه فێریـان ببم و حـەز دەکـەم پشـتیوانی ئـەوم لەگەڵدا بێت لـەو ڕووەوه، پاشان بێدەنگ بووم و چاوەڕێی وەڵامم کرد."

پرسیم،" ئایا ڕازی بوو؟"

پات وەڵامـی دایـەوه، " خۆزگـه هێنـده ئاسـان دەبـوو. تـا ئێسـتاش بـه تەواوی پاڵپشتیم ناکات بەڵام وای بۆ دەچـم ورده ورده پاڵپشـتیم بکـات. باوڕم وایه ئەمه بەسه بۆ ئەوەی بەرەوپێش بچم تەنانـەت بـەبێ یارمـەتی ئەویش. ئەو کەسێکه دەبێت سەلمێنەرێك هەبێت بۆ کارێك تـا بیکـات، وه کاتێـك بـۆی سـەلما مـن دڵنیـام لەگەڵمـدا دەبێـت. ئـەو هەسـتەکات زۆر وابەستەی کارەکەیـەتی و هـەر ئـەوەش دەبێـت. نـاتوانم بڵـێم ئـەو بـەوه خۆشـحاڵه، بـەڵام هـەر ئـەوه دەزانێـت. هەرچـەند زیـاتر لـەو پیشـەیەدا کاریکردووه کەمتر وا دەردەکەوێت کە چێژی لـێ ببینێت . مـن دەمـەوێت هەڵبژاردنێکی تری پیشان بدەم کە پـێم وایـه هەڵبـژاردنێکی زۆر باشـترە. بۆیه من ئەمه دەکەم بـۆ خـۆم و بـۆ ئـەویش. مـن زۆر بـاوڕم بـەوه هەیـه ئەگـەر ئـەم کارەمـان سـەربگرێت هاوسـەرگیریەکەمان پتـەوتر دەبـێ ، ئەمەش باشترینی پاداشتەکانه."

لیزلی وتی،" واو! ئەی ئافەرین. پیرۆزه."

ترەیسی دانـی پێـدانا،" ئەوانـه هـەر سـێکیان سـێ هۆکـاری 'بۆچـی' زۆر بەهێز دیارن."

هاورایم پیشان دا،" وایە. وە دەبێت بەهێزبێت چونکە ئەو هۆکارەت بەردەوامیت پێدەبەخشێت لەو کاتانەدا کە شتەکان وەك ئەوە بەڕێوە ناچێت کە پلانت بۆ داناوە یاخود کاتێك لەخۆت دەکەویتە گومانەوە یان کاتێك کەسانیتر لێت دەپرسن بەچییەوە سەقاڵیت . وازهێنان هەردەم ئاسانە. ئێوە هەمووتان هاندەری بەهێزتان هەیە بۆ ویستنی ئەوە. دەستتان خۆش بێت!"

٢)لە ئێستادا لەکوێدان؟

وتم،"پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەوەی دەتانەوێ بەکوێ بگەن، دەبێت بزانن لە کوێدان. دەتوانن بیهێننە پێش چاوی خۆتان دەچنە ناو تەکسیەکەوە بەبێ ئەوەی ناونیشانێك لە مێشکتدا هەبێت ؟ یان ئەوەتە بۆ هیچ شوێنێك ناچین، یاخود تەواوی ڕۆژ لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە."

دڵنیام کردنەوە،" کەواتە ئەوەی دواتر پێویستە ئەنجامی بدەن ئەوەیە بزانن لە ئێستادا لە کوێدان لەڕووی داراییەوە. بارودۆخی هەنوکەی داراییت چۆنە؟ وە ڕێگایەکی زۆر ئاسان هەیە تا ئەمەتان بۆ دەرکەوێت.

وتم،" دواجار کە جەنیسم بینیت ئەو باسەم لەگەڵدا کردووە. سەرەتا دەبێت بزانن چەندتان سامان هەیە."

لیزلی بە مۆڕێکەوە وتی،" باشە بۆستن لێرەدا.من جارێ شپرزەبوومە. ساماندار وشەیەك نییە من بمەوێت وەسفی خۆمی پێبکەم ".

پێکەنیتم،" ئەوە ئەو پێناسەیەی سامانە کە من بەکاری دەهێنم : ئەگەر تۆ ئەمڕۆ واز لە کارکردن بێنیت، بۆماوەی چەند ڕۆژ دەتوانیت بژیت بەو پارەیەی کە هەتە؟ بە شێوەیەکیتر بۆ چەند ڕۆژ ،مانگ، ساڵ سامانەکەت بەشت دەکات؟"

هەمان پرۆسەی بۆ جەنیسمان بەکارهێنا بۆ ژماردنی تێکڕای سامانی بۆ هەر یەك لەم خانمانەشمان بەکارهێنا .(بەندی ١١) . ئەمە ئەو هەنگاوانەیە کە پێیدا تێپەبون:

١)پات ، ترەیسی و لیزلی هەریەکەو لیستی خەرجی مانگانەیان نوسیت.

٢) پاشان چەنێك پارەی پاشەکەوت، سی دی، ئەو پشکانەی دەکرێت بفرۆشرێن و لە ئێستادا ساغ بکرێتەوەو وە پارەی نەقدیەکەی لە سەرمایەگوزاریەکەیانەوە دەستیان دەکەوێت.

٣) پاشان بە ژماردنی : دەستکەوت (هەنگاوی ٢) دابەشبکرێت بەسەر خەرجی مانگانەدا(هەنگاوی ١) =سامانەکەت

لێرەوە ورتە ورت دەستی پێکرد.

ترەیسی بە ناڕەزایەوە وتی،" من دڵنیا نیم ئەم ژمارەیە مانای چییە، بەڵام دڵنیام باش نییە. ژمارەکەی بۆم دەرچوە ٢.٧وە، ئەمە یانی چی؟"

وتم،"ئەمە مانای وایە سامانەکەت بۆ ماوەی ٢.٧ مانگ بەشت دەکات. دوای ئەو ماوەیە دەبێت دەست بکەیتەوە بە پێکەوە نانی دەستکەوتی تر."

هاواریکرد،"جا ئەوە وەك پشوویەك وایە".

لیزلی خێرا وتی،" ئەگەر لە شوێنی تۆ بومایە سکاڵام ناکرد. ژمارەکەی من تەنها ٠.٦ . ئەوەش مانای وایە تەنانەت بۆ یەك مانگیش سامانەکەم بەشم ناکات. وای بۆ دەچم لە تاقیکردنەوە دەر نەچووم."

پێکەنیم ،"لێرەدا وەڵامی ڕاست یان هەڵە بوونی نییە. وەڵامەکەت زۆر بە سادەی وەڵامی تۆیە. ئامانج لەم ڕاهێنانە ئەوەیە بزانن لە ئێستادا لە کوێدان . تەنیا ئەمە. وە ئێستا دەزانن."

پات هاتە قسە،" تا ئەو ڕادەیەی بۆم دەرکەوتبێت، من بە تەواوی دڵنیا نیم لە بڕێ دۆلارە پاشەکەوت کراوەکانمان و سەرمایەگوزاریەکانمان ــ کە ئەمە هەر خۆی دەریدەخات من چەند کەم شارەزایی لایەنی داراییمانم. ماوەی ۱۰ مانگ دەبێت سامانەکەمانم خەملاند. تا ڕادەیەك لەو حاڵەتانە بوو کە دەڵێیت 'ئاها' وەك فەرامۆشکردنێك بەهۆی ئەوەی من گوێم پێ نەدا وتم مێردەکەم بەردەوام دەبێت لە کارکردن بەڵام ئەی ئەگەر لەبەر چەند هۆکارێك نەتوانێت کار بکات؟ ئەو کات ئەونەم کات لەبەر دەستدا نابێت تا بگەڕێم بەدوای سەرچاوەیەکی تری داهاتدا بۆ خێزانەکەم. کەسێکی وەك من ئەگەر لە تەواوی ڕۆژیش کار بکەم، تا ئاستی مەحاڵ ە بۆم بتوانم ژیانمان بەڕێوەبەرم وەك ڕۆژنامەنوسێك کەماوەی ۱۷ ساڵە کاری نەکردووە".

۳) پلانەکەتان ـ دەتانەوێت بگەنە کوێ و چۆن دەگەن؟

ئێستا هەمووتان دەزانن لە کوێدان. پیرۆزە. هەنگاویدواترتان ئەوەیە دەتانەوێت بگەنە کوێ؟ بۆ ئەنجامدانی ئەمەش دوو پرسیار هەیە دەبێت وەڵامی بدەنەوە؟"

---

هەنگاوی یەکەم خەملاندنێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەوەی ئێستا لە کوێدایت.
هەنگاوی دووەم بۆ ئەوەیە بزانرێت بەر و کوێ دەچیت.

---

پات پرسی، "پرسیارەکان کامانەن؟"

پرسیاری یەکەم

دەستم کرد بە قسەکردن، " پرسیاری یەکەم ئەوەیە : ئایا ئێوە دەتانەوێت بۆ قازانجێکی مەزن کار بکەن یاخود بۆ پارەی نەقدی هەڵهێنجراو؟ لە بیرتانە پێشتر وتوێژمان لەسەر ئەمە کردووە؟ کاتێك تۆ سەرمایەگوزتاری دەکەیت یان بۆ پارەی نەقدی هەڵهێنجراوە یاخود بۆ قازانجێکی مەزنە. ئەگەر تۆ لە پشکدا سەرمایەگوزاری دەکەیت، ئەوە ئامانجی سەرەکیت قازانجی مەزنە.تۆ دەتەوێت پشکەکەت بەهای بەرزبێتەوە تاوەکو بە نرخێکی زیاتر لەوەی کڕیوتە بیفرۆشیتەوە. ئەگەر خانویەك بکڕیت و نوێژەنی بکەیتەوە و ڕاستەخۆ بیفرۆشیتەوە ئەوا تۆ بۆ قازانجی مەزن کار دەکەیت. لە لایەکیترەوە ئەگەر خانویەك بکڕیت و هەڵیگریتەوە و بیدەیت بە کرێ ئەوا تۆ بۆ پارەی نەقدی هەڵهێنجرو سەرمایەگوزاری دەکەیت.

"بۆ من پەسەندترین شت پارەی نەقدی هەڵهێنجراوە، تا ئەو کاتەی پارەن بەنەقدی بۆ بێتەوە بەبێ ئەوەی خۆم کاری بۆ بکەم ئەوا من ئازادم. من تەنها دەمەوێت سەرمایەیەك بکڕم یاخود دروست بکەم کە بەهۆیەوە لە کۆتای هەموو مانگێکدا پارم بۆ بێتەوە.ئەمە شێوازی منە.

ترەیسی شتێکی زۆر جوانی وت،" دەزانم نامەوێت تا کۆتای ژیانم کار بکەم. لانیکەم نامەوێت ئەوە ئێستا خەریکی ئەنجام دانیم بکەم.وە وا دەبینم ئەگەر بیکڕم و بیهێڵمەوە بەو سەرماسەگوزاریەی کە پارەی نەقدی هەڵهێنجراوم دەست دوکەوێت هەموو مانگێك ،وە بەردەوام ببم لەو شێوازە، ئەوا تا دێت پارەی نەقدی زیاتر دەخرێتە سەری وردە وردە

دەتوانم واز لە کارکردن بهێنم، چونکە تا ئەو کاتەی سەرمایەگوزارییەکم
هەبێت هەموو مانگێك پارەی نەقدیم بۆ دێتەوە.
"بەڵام لە لایەکیترەوە ئەگەر هەموو ئەوەی دەیکرم بۆ سەرمایەگوزاری
پارانجێکی مەزن بێت، ئەوا دەبێت بیان فرۆشم تا پارەم لێیانەوە دەست
بکەوێت. بەم جۆرە دەبێت خەریکی کرین و فرۆشتن بم بۆ ئەوەی
دەستکەوتم زیاد بکەم. لە سەروی هەموو ئەمانەشەوە وا دەردەکەوێت
من برێك پارەی سنوردارم دەست بکەوێت تا پێی بژیم. من دەبێت برێکی
زۆر پارە پێکەوە بنێم تا ئەو ڕۆژەی دەمرم بەشم بکات. بەڕاستش دوو
ستراتیەجیەتی زۆر لێك جیاوازن."
وەلامم دایەوە،" ڕێك وایە. وە تکایە ئەوە بزانن من ناڵێم ئەمەیان لەوی
تریان باشترە یا نا. پارەی نەقدی هەڵهێنجراو ئەو شێوازەیە من بەکاری
دەهێنم. من دەستم کرد بە سەرمایەگوزاری پارەی نەقدی هەڵهێنجراو لە
ساڵی ١٩٨٩ . تا ساڵی ١٩٩٤ من و ڕۆبێرت لە رووی دارایی‌ەوە
سەربەخۆبوونی بەهۆی ئەو پارە نەقدیەوە کە دەستمان دەکەوت. من
باسی ڕێژەیەکی لە ڕادە بەدەری سامان ناکەم. من لەوە دەدوێم ئازادبیت
تا بەردەوام بیت لە کردنی ئەو کارەی بە ڕاستی ئارەزووی دەکەیت
ئەنجامی بدەیت.
"با یەك شتی تریشتان پێ بڵێم، سەرمایەگوزاری سەرەکیم خانووبەرەیە
بۆچی؟ چونکە من حەزم لە خانووبەرەیە. حەزم لە چاودێریکردنی
موڵکەکانە. من حەزم لەشیکردنەوەی موڵکەکانە. من بەدوای لایەنە
باشەکانی موڵکەکانمەوەم، چۆن باشترین سود لەو موڵکە ببینم. وە من
حەزم لە پارەی نەقدی هەڵهێنجراوە. ئێوەش دەبێت ئەو ئامرازە

سەرمایەگوزاریە بدۆزنەوە کە حەزی لێدەکەن، ئەگەر وانەبێت لەوانەیە سەرکەوتو نەبن تێیدا.

"کچێکی هاوڕێم هەیە کە ماوەی ساڵێك بوو هانم دەدا دەست بکات بە سەرمایەگوزاری خانوبەرە.ئەو هەرگیز دەستی پێنەکرد. پاشان ڕۆژێك بەژداری وتارێکی کردبوو لە سەر ئەوەی چۆن پشکێك هەڵدەبژێردرێت زۆر کاریلێکردووە. ئێستا زۆر بەسەرکەوتوی بازرگانی هەڵبژاردنی پشکی دەکات. ئەو حەزی بەوەیە، هەر لەبەر ئەوەشە زۆر باشە تێیدا. بۆیە زۆر گرینگە ئەو سەرمایەگوزاریە هەڵبژێریت کە لە هەموو ئەوانیتر زیاتر بۆت گونجاو ـ ئەو جۆرەیە کە تۆ حەزت لێیە.

پرسیاری دووەم

"کەواتە ئەوە یەکەمین پرسیارە کە پێویستە ئێوە بە بیرم هێنانەوە،" وەڵامی بدەنەوە، ئایا پارەی نەقدی هەڵهێنجراوت دەوێت یاخود قازانجی مەزن؟ پاشان پرسیاری دووەم ئەوەیە ئامانجت چییە؟

لیزلی دەستی پێکرد،" ئامانجم ئەوەیە دەمەوێت سەد لە سەد ئازادبم. من زۆر لەوە دڵنیام. من کۆشکێکی گەورە یاخود سەیارەی سەرنجڕاکێشم ناوێت. من تەنها دەمەوێت وێنە بکێشم، من نامەوێت نیگەرانی پارە بم. ڕقم لەوەیە پێم بوترێت کەی وەرە سەرکار. دەمەوێت بزانم لە ڕووی داراییەوە ژیانم ڕێکخراوە و ناچار نەبم کاریکەم ئەگەر نەمەوێت بیکەم. من زووتر بڕیارم لەسەر پارەی نەقدی هەڵهێجراو داوە بۆ سەرمایەگوزاری دەمەوێت بڕی پێویست پارەی نەقدیم بۆ بێتەوە تا تەواوی خەرجیەکانی ژیانمی پێ بدەم. وە بۆشم دەرکەوت خەرجیەکانم

٥،٠٠٠٢ دۆلار مانگانە. ئەمەش مانای وایە من مانگی ٥،٠٠٠٢ دۆلار پارەی نەقدی هەڵهێنجراوم پێویستە ئەوە ئامانجەکەی منە."

پات وتی،" زۆر ڕوونە. دەزانم ئەوە من نیم کە وابم، بەلاّم من کە هاتوم بۆ ئێرە هیچ ئامانجێکم لە مێشکدا نییە. بیرۆکەکە ئەوە بوو تەنیا دەست دەکەم بە سەرمایەگوزاری و بەردەوام بەرەوپێشی دەبەم، بەلاّم ئێستا دوای ئەنجامدانی ئەو ڕاهێنانە و دەرکەوتنی ئەوەی کە بە موچەی مێردەکەم و پاشەکەوتەکانمانەوە، پارەی پێویستی هەیە تا تەنها یەک ساڵ بەرێمانەوە بەرێت ـ من دەبێت دووبارە بیر لەوە بکەمەوە کێ دەزانێت داهاتوو چۆن دەبێت؟ بە دڵنیاییەوە ئامادەنیم بۆ هەر ڕووداوێکی لە ناماو کە ڕەنگە ڕووبدات. بەڵێ، من دەمەوێت بەگرینگیەکی زیاترەوە لەم بابەتە بڕوانم.

چۆن بگەمە ئەوێ؟

لیزلی بەبێ ئارامی پرسی،" ئێستا کە ئامانجەکەم هەیە، چۆن دەگەمە ئەوێ؟"

وەلاّمم دایەوە،" لێرەوە ئەرکەکانتان دەست پێدەکات ـ ئێستا پلانێك دادەنێن کە دەتان گەیەنێت بە ئامانجەکەتان. چۆن دەتانەوێت بگەنە ئەوێ؟ چەندین ئامرازی سەرمایەگوزاری هەن کە دەبێت تۆ سەرەتا ئەو جۆرە سەرمایەگوزاریە بدۆزیتەوە کە پێی دڵخۆشیت تا شوێنی بکەویت. هیچ شتێك لەوە خراپتر نییە لە شتێك بکۆڵیتەوە کە ئارەزووی ناکەیت. ئەوە دەمباتەوە بیری ڕۆژانی قوتابخانەم کە ناچار دەکرام وانەیەکی وەك سێگۆشەزانی بخوێنم. هەرگیز وام نابینیت لە دەرەوەی قوتابخانە سودی لێ ببینم."

ترەیسی دانی پێدانا،" وا پێی دەچێت هەر لەبەر ئەمەبێت من زینەوەرزانی کەوتوم. توێکاری هیچ بۆ من گونجاو نەبوو."

پاتیش هاتە گۆ،" هەمووتان ئێستا پێم پێدەکەنن چونکە ئەوە بە تایبەت منم. لە تویژنەوەکەمدا لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو لیستێکم هاتە بەر دەست کە چەندین جۆری سەرماەیگوزاری تێدابوو. ئیمەیلێکم بۆ کیم نارد، ئەویش چەند جۆرێکیتری سەرمایەگوزاری بۆ لیستەکە زیاد کرد. منیش کۆپیەکم لێی بۆ هەموتان هێناوە."

لیزلی وتی،" ئێمە پێت پێناکەنین پات، ئەوە کارێکی نایابە. زۆر سپوپاس!"

ئەمەی خوارەوە لیستەکەی پاتە بۆ سەرمایەگوزاری. (چەندین جۆری زیاتر لەوەی لەم لیستەداهەیە بوونی هەیە بەلاّم ئەمە نومەیەکی باشە تا بزانن چی جۆرێك هەیە.)

# جۆرەکانی سەرمایەگوزاریسەرمایەگوزاری

*خانوبەرە — خانویەکی تایبەت بە خێزان

- موڵکێکی فرە چەشن (لەدوو نهۆمیەوە بگرە تا بینایەکی گەورەی چەند نهۆمی) .
- بینای نوسینگە.
- ناوەندی بازاڕکردن/ تاك فرۆشی
- بەشەکانی بنکەی پیشەسازی
- زەویەکی ڕووت

*پەڕاوی سەرمایە

- پشك
- هەڵبژاردنی پشکی
- پەیمان نامە( قەواڵەی دەستەبەری)
- سەرمایەی هاوبەش.
- دەستکەوتی پسولەی خەزنە.
- سندوقی سەرمایەدان
- یەکسانی سەرمایەی تایبەت

*بازرگانی

- بازرگانی تایبەت (ڕەنگە زۆربە چالاکی بەژداربیت لە جێبەجێکردنی کارەکاندا یان سەرمایەگوزاریکی نا چالاك و دەستەوەستان دەبیت)
- مافی دەستوری

- بازارکردن لەڕێی هێڵی ئەنتەرنێتەوە (تۆ کارێك بنیات دەنێیت و لەڕێی پەخشکارانەوە
داهاتێکی دەستگیر دەبێت).

*شمەك

- کانزای گران بەها
- گارۆلین
- نەوت
- گەنم
- شەکرد
- بەراز
- گەنمەشامی
- هتد

*ئالۆگۆڕی بیانی

*سەنەدی بارمتەی باجی

*داهێنانکاری

*سامانی بیرۆکەی

*ماف ئاو و هەوا

ڕوونمکـــردەوە،" پـــات ســـێ جـــۆری ســـەرەکی ســـەرمایەگوزاری دیاریکردووە.خانوبەر، پەڕوای سەرمایە و بازرگانی. وە پاشان هەروەك لەم لیستەدا دەتوانن ببیـنن، چەندین جۆریتر هەیە. تەنانەت دەتوانن ســەرمایەگوزاری لــە ئەســتێرە نوێکـانی وەرزشـیدا بکـەن. زۆرێـك لـە

وەرزشــەوانەکان توانایــەکی داراییـان نییــە تــا بچـنە یانــە وەرزشـیە گەورەکانــەوە، بۆیــە ســەرمایەدارەکان دەتـوانن پـارەی پێویسـیتیان پـێ بدەن بـۆ وەسـفکردن، گشـت و پێشـبڕکێ کـردن. ئەگـەر وەرزشـەوانەکە بتوانێت سەرکەوتوبێت، ئەوا سەرمایەگوزارە کە لـە سـەدا بڕێکـی پـارەی بردنەوەکانی وەرزشە وانەکە وەردەگرێت".

ترەیسـی وتـی،" پێـی دەچێت تـۆ لـە تواناتـدا هـەبێت لـە هـەر شتێکدا سەرمایەگوزاری بکەیت. کەواتـە هـەر کـە جـۆری ئـەو سـەرمایەگوزارییەی دەتەوێت دۆزیەوە ، چیتر پلانەکە چی دەبێت؟ چـۆن بـۆت دەردەکـەوێت چۆن دەتوانیت بگەیتە شوێنی مەبەست، هەر وەك خۆت دەڵێیت؟"

وەڵامم دایەوە،" ئەوە پرسیارێکی باشە، چونکە بـە زۆری کاتێك خـەڵکی پێیان دەوترێت 'پلانێك دابێنێن' دەچـن زۆر لـەوە ئـاڵۆزتری دادەنـێن کـە پێویســتە. بــۆم ڕوونکردنەوە،ئــەوەی دەوترێــت چــۆن بگەینــە ئــەو شوێنە،مانای وایە دەبێت بڕیار لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدەیت :

١)ئـامرازی سـەرەکی سـەرمایەگوزاریم چـی دەبێـت؟ دەکرێـت لـە یـەك شێوازی سەرمایەگوزاری زیاتر بکـەیت، بـەڵام فێربـووم زۆر سـەرکەوتوتر دەبم کە زۆربەی کات و وزەم بۆ یەك جۆر تەرخان بکەم.

٢)لـەو جـۆرە سـەرمایەگوزاریەدا بەتایبـەت سـەرنجت لەسـەر چـی جـۆرە بەرهـەمێك دەبێـت؟ بـۆ نمونـە، ئەگـەر لـە پشـکەکاندا سـەرمایەگوزاری دەکەیت ، کام جۆری پشکی هەڵدەبژێریت؟لە کام بواردا دەبیتـە پسـپۆڕ؟ بۆ من، ئەگەر تەنانەت پشکیە تەکنەلۆژیـەکانیش هەڵبـژێرم زۆر بـەخراپی شکستی تیا دەهێنم. چـونکە هـیچ حـەزم لێیـان نییـە وە هیچـی وا نـازانم دەربارەی تەکنەلۆژیا. ئەگەر پشکەکانیش هەڵبژێرم ئەوا زۆربەی سـەرنجم

لەسەر پشکی خانوبەرە دەبێت. ئەگەر ئێوە خانووبەرە هەڵدەبژێرن وەك جۆری ئامرازی سەرمایەگوزارییەکەتان ئەوا خانوی خێزای تاك، بینای باڵەخانە، بینای نوسینگە، مۆڵەکانی بازارکرد، ...هتد.لەبەر دەستدا دەبێت. بەتایبەتیش ئەگەر تازە دەستت پێکردبێت، ئەوە هەڵبژێرە کە دەتوانیت پسپۆڕی تیادا بەدەست بهێنیت و گرینگی تەواوت بەوە بدەیت. هەر کە هەستت کرد لەگەڵ ئەو جۆرە سەرمیەگوزاریەدا ئاسودەیت، بڕیاربدە دواتر چی بکەیت.

٣)چەنێك کاتم لەبەردەستە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەم؟ وە ئایا چەندم کات لەبەردەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجا بچوکەکانم شانبەشانی ئامانجە سەرەکیەکەم؟

کۆتایم بە قسەکانم هێنا وتم،" ئەمە لەبەر دەستایە تا بزانیت چۆن دەتەوێت بگەیت بە شوێنی مەبەست. دەتوانیت ئاڵۆزتری بکەیت ئەگەر بتەوێت، بەڵام ئاگادارتان دەکەمەوە کە پلانێکی زۆر دووروودرێژ و قوڵ و پڕ وردەکاری دامەنێن کە کاتێکی زۆری بوێت تا هەموو شتێك ڕێکبخەن بە جۆرێك واتان لێدێت هەرگیز دەست پێنەکەن".

لیزلی پرسی،" کاتێك تۆ دەستت پێکرد پلانەکەت چی بوو؟"

زەردەخەنەیەکم کرد،" من و ڕۆبێرت پلانێکی بەهێز و قوڵمان دارشت تا لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆبین پلانەکەمان بەمجۆرە بوو: لەماوەی دوو ساڵدا دوو موڵکی بە کرێدان بکڕین بۆ ماوەی دە ساڵ. ئەوە پلانەکەی ئێمە بوو. ئێمە سەرنجمان خستە سەر خانوی تایبەتی یەك خێزانی. لە کۆتای ئەو ١٠ ساڵەدا وامتن دانابوو تێکڕای ٢٠ بەش خانومان هەبێت

وە پارە نەقدیە هەڵهێنجراوەکەش لە خەرجی ژیانمان زیاتربێت. ئەوە تەواوی پلانەکە بوو. "

ترەیسی پرسی،" ئایا سەریگرت؟"

وتم،"بەڵێ، بەڵام لە هەمان ئەو ماوەیەدا کە سەرەتا پلانمان بۆ دانابوو نا."

هەر سێ ئافرەتەکە تارادەیەك ئائومێد دەهاتنە پێش چاو، بەردەوام بووم،" کاتێك یەکەمین خانوە بوکرێدانە بچوکە دوو ژووری نوستنی و یەك گەرماوییمان کڕیت، دوای ئەوە خانووی دووەم و سێیەمیشمان کڕیت. لە چوارچێوەی پرۆسەکەدا بۆمان دەرکەوت کڕینی بینای باڵەخانەی چەند نهۆمی هێندەی کڕینی خانویەکی یەك ماڵی ئاسانە. بۆیە لەبری ئەوەی ١٠ساڵی بوێت تا مولکێکی ٢٠ بەشیمان هەبێت. تەواوی ٢٠ پارچەکەمان لەماوەی ١٨ مانگدا بەدەست هێنا. لەو کاتەوەی زانیمان لە کوێداین و بەرەو کوێ دەچین و زیاتر گرینگیمان پێدەدا، بەم جۆرە پلانەکەمان ب ماوەیەکی زۆر خێراتر لەوەی پێشبینیمان دەکرد سەری گرت."

پاشماوەی ڕۆژەکە بەردەوام بووین لە خوێندن، قسەکردن، نوسین، نەخشەکێشان و پەیوەندیکردن وتوێژینەوە لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە دوای ئەوەی هەر یەك لە خانمەکان پلانی سەرمایەگوزاریەکانیان ڕێکخست.

لە کۆتای ڕۆژەکەدا لیزلی، پات و ترەیسی تەواوی ئامانجەکانیان بەنوسراو لەبەر دەست بوو وە دەستپێکێکی باش بوو بۆ ئەو پلانەی دایان نابوو. هەموویان خۆشحاڵ بوون بەوەی ئەنجامیان دابوو.لیزلی

وە پارە نەقدیە هەڵهێنجراوەکەش لە خەرجی ژیانمان زیاتربێت. ئەوە تەواوی پلانەکە بوو."

ترەیسی پرسی،" ئایا سەریگرت؟"

وتم،"بەڵێ، بەڵام لە هەمان ئەو ماوەیەدا کە سەرەتا پلانمان بۆ دانابوو نا."

هەر سێ ئافرەتەکە تاڕادەیەك نائومێد دەهاتنە پێش چاو، بەردەوام بووم،" کاتێك یەکەمین خانوە بوکرێدانە بچوکە دوو ژوری نوستنی و یەك گەرماویمان کڕیت، دوای ئەوە خانووی دووەم و سێیەمیشمان کڕیت. لە چوارچێوەی پرۆسەکەدا بۆمان دەرکەوت کڕینی بینای باڵەخانەی چەند نهۆمی هێندەی کڕینی خانویەکی یەك ماڵی ئاسانە. بۆیە لەبری ئەوەی ١٠ ساڵی بوێت تا مولکێکی ٢٠ بەشیمان هەبێت. تەواوی ٢٠ پارچەکەمان لەماوەی ١٨ مانگدا بەدەست هێنا. لەو کاتەوەی زانیمان لە کوێداین و بەرەو کوێ دەچین و زیاتر گرینگیمان پێدەدا، بەم جۆرە پلانەکەمان ب ماوەیەکی زۆر خێراتر لەوەی پێشبینیمان دەکرد سەری گرت."

پاشماوەی ڕۆژەکە بەردەوام بووین لە خوێند، قسەکردن، نوسین، نەخشەکێشان و پەیوەندیکردن وتوێژینەوە لە ڕێگەی هێڵی ئینتەر نێتەوە دوای ئەوەی هەر یەك لە خانمەکان پلانی سەرمایەگوزاریەکانیان ڕێکخست.

لە کۆتای ڕۆژەکەدا لیزلی، پات و ترەیسی تەواوی ئامانجەکانیان بەنوسراو لەبەر دەست بوو وە دەستپێکێکی باش بوو بۆ ئەو پلانەی دایان نابوو. هەموویان خۆشحاڵ بوون بەوەی ئەنجامیان دابوو.لیزلی

تەماشای کاتژمێری قەد دیوارەکەی کرد و پێکەنیت،" ناتوانم باوەڕ بکەم! ئـەوە کـامێر ٧:٠٠ ! ئەوەنـدە سـەرقاڵ بـووین بـە کارەکەمانـەوە لەبیرمانکرد خوانە کۆنە کچانەییەکەمان بەسەر بەرین!".

پات پرسی،" ئەی چی دەڵێن دەربارەی خوانێکی ئێوارەی کچانە؟"

---

لە کاتی دروستکردنی پلانەکەتدا :

١ـ ئامانجەکەت دیاری بکە.

٢ـ پاشان ئەم سێ پرسیارە لە خۆت بکە:

ـ شێوازی سەرەکی سەرمایەگەزاریەکەم چی دەبێت؟

ـ لە ناو ئەو شێوازەدا کە هەڵم بژاردوە زیاتر سەرنجم دەخەمە سەر کام جۆرەیان؟

ـ چەنێك کاتم لەبەردەستە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکەم؟

بەندی نۆزدەهەم

# سێ جۆری پیاوان / سێ جۆری سەرمایەگوزاری

"من بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر ئارامم و دەزانم
لە کۆتایدا دەگەم بەوەی کە دەمەوێت."

"مارگەرین ساچەر"

دوای خواردنی نانی ئێوارە لە ڕێستۆرانتێك دەرکەوت ئەو ڕۆژە بۆ هەمووما ڕۆژێکی دووروودرێژ بووە. گفتوگۆکەمان زۆر لە ناکاو چوە سەر پیاوا، پاسان بەرەو وەرچەرخانێکی سەیر چوو.

من دەستم کرد بە قسە،" من و هاورێکەم چێری گفتوگۆیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشمان کرد دەربارەی پیاوان. هەر وەك چۆن پیاوان بە تێکڕای خێرای ١ بۆ ١٠ بەلای ئافرەتاندا تێدەپەڕن. من و چێری سەیری دەرەوەمان دەکرد و لە و پیاوانەمان دەڕوانیت کە لە دەرەوە بوون و گریمانەی ئەوەمان دەکرد دەکرێت چی جۆرە پیاوێك بن."

چێری وتی،" دەزانی چی، خۆی لە ڕاستیدا سێ جۆر پیاو هەن لەم جیهانەدا."

وەلامم دایەوە،" سێ؟ بەبێ گومان زیاتر لە سێ جۆر هەن."

سوربوو لەسەر قسەکەی وتی،" من سێ جۆرەکەت پێدەلێم پاشان ئەگەر جۆریتر هەبوو پێم بڵێ."

وتم،"ڕێککەوتین."

چێری ڕوونیکردەوە،" ئەو سێ جۆرەی پیاوان بریتین لە کوڕی خراپ، کوڕی باش و کوڕی بێ کەڵك."

وتم،" وا گوێم لێت گرتوە".

پێکەنیت وتی،" کوڕانی خراپ ئەوانەن کە باوکت حەز ناکات لەگەڵیاندا ژوان ببەستیت. ئەم جۆرە دڵخۆشکەر و سەرنجڕاکێشن و ئافرەتان ناتوانن بەرگەیان بگرن - ئەوان زۆر سەرکەشن ،کاری چاوەڕوان نەکراو دەکەن، هەمیشە دەبێت چاوت لەسەریات بێت ، ئەوان بێزارکەر نین، هەمیشە ئارەزووەکانت بەدی دەهێنن. هەرگیز ناتوانرێت لە یاد بکرێن. نابێت سەرت سوڕبمێنێت ئەگەر دڵت بشکێنێت. ئەگەر پەیوەندیەکی خۆشەویستی یاخود ڕق لە ئارادابێت، ئەوا زیاتر کوڕانی خراپ دەستیان تێیدا هەیە.

"دووەم جۆر کوڕە باشەکان ، هەمووومان چەند کەسێکی وامان ناسیوە. ئەوان دەبن بە هاوڕێت. هەموان حەز دەکەن لە نزیکیان بن. دەتوانیت لە گەڵیاندا بدوێیت.ئەوانیش ئاسودەن بە لەگەڵ بونت و ئەگەر کێشەیەکت هەبێت گوێت بۆ دەگرن. زۆر بە دەگمەن لەگەڵ ئەم جۆرە کوڕانەدا دەکەویتە شەڕەوە، چونکە پێش ئەوەی بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت چارەسەری دەکەن. ئەمانە جێی مەترسی نین و زۆر توشی سەر ئێشەت ناکەن. کارەکانیان تێبینی کراوە. هەرگیز لە یەکەم ژواندا لەگەڵ ئەم جۆرە کوڕانەدا ماچ ناکرێیت، چونکە زۆر بەڕێز و بە ڕەوشتن."

پرسیم،" ئەی کوڕە بێ کەڵکەکان کامانەن؟"

"بێ کەڵکەکان ئەو کوڕانەن کە تەنها چەند کاتێکی کەمیان لەگەڵدا بەسەردەبرێت. ئەوان زۆر تەمەڵن! خۆشیەکی کەم لە ژیانیاندا هەیە. ژوانێك لەگەڵ ئەمانەدا بەزۆری بە چوونە سینەمایەك کۆتای دێت. هەرگیز چاوەڕێی ئێوارە خوانێکی لە ناکا و لە سەربانێکی بەرز و ڕازێنراوە بە مۆمدا لە ژێر ئەستێرەکاندا لەمان ناکرێت.بێ کەڵکەکان هەرگیز سەرسامت ناکەن. هیچ کارێکی نایاب ئەنجان نادەن لەبەر ئەوەی نایانەوێت بە تەواوی بکەونە ژێر ڕکێفەوە. هەرگیز هیچ هەلێك نا قۆزنەوە . ئەواز دەیانەوێت هەمووشتێکیان بە جوانی و جێگیری بۆ بەرێوە بچێت. زۆربەی شتەکان لای ئەوان زۆر مەترسیدارە. جا بە کورتی هەر ئەوهان."

دانم پێدا نا،" ئەوانە سێ پێناسەی زۆر ڕوونن، دەتەوێت بڵێیت هەموو کوڕێکی سەر ئەم هەسارەیە دەچێتە چوارچێوەی یەکێك لەم سێ جۆرەوە؟ "

وتی،"دەی تۆ پێم بڵێ، بیر لە کوڕێك بکەرەوە . ئایا ئەویش دەکەوێتە چزورچێوەی ئەم سێ جۆرەوە؟"

دانم پێدا نا،" بەڵێ".

پرسی،"کام جۆرەیان؟"

وتم، " کوڕی خراپ".

پێکەنیت،" بۆت دەرکەوت! ئێستا هەرچەند کوڕت لەبیرە بزانە ئەوان چی؟ گرەوت لەگەڵ دەکەم لەو سێ جۆرە تێناپەڕن."

هەرچەند پیاو کە بەبیرما هات لە ماوەی سێ خولەکدا لـە مێشکی خۆمدا هەڵم سەنگاندن وە زۆر بە دڵنیاییـەوە هـەر کامیـانم لـە چوارچێوەی ئـەو سێ جۆرەدا بینیەوە.

ڕەزامەندیم پیشان دا،" تۆ بردتەوە. هـیچ پێویست بـە جـۆری چـوارەم و پێنجەم ناکات. تۆ زۆر بەباشـی لـەو سـێ جـۆرە دا کۆتکردنـەوە. هـاوڕێ کچەکەم بەم قسەیە زۆر دڵشاد بوو".

کوڕانی خراپ، کوڕانی باش وە کوڕانی بێ کەڵک

پات و لیزلی و ترەیسی هەرسێکیان پێدەکەنیتن. هەستم بەوە دەکـرد لـە مێشکی خۆیاندا ئەو پیاوانەی دەیان ناسیتن پۆلێن دەکرد.

لیزلی وتی،" هاوڕێ کوڕەکەم لە کۆلێژ بەتەواوی لە کوڕە خراپەکان بوو! بـەڵام ئـەوەی زۆر پێکەنیناویـە ئەوەیـە مـن لەگـەڵ کـوڕێکی باشـدا هاوسـەگیریم کـرد. ڕەنگـە بـەهۆی ئـەوەوە بێـت کـە پێکـەوە بـەردەوام نەبوین. لەوانەیە ئەوەی من ویستومە کوڕە خراپەکان بێت. "

ترەیسـیش زەردەخەنـەی دەکـرد،" کـوڕە خراپـەکان دوای یەکـەم ژووان گوڵت بۆ دەنێرن، وە تۆش زۆر شادومان دەبیت. بەڵام ئەگەر لە کوڕە بێ کەڵکەکان گوڵـت بـۆ بنێردرێـت ،نیگـەران دەبیـت، ئایا لـە تـۆ زیـاتر ئـەو پەیوەندییەی دەوێت؟"

پات وتی،" کوڕە باشەکان دەتبەن بۆ پیاسە بە گالیسکەوە بەڵام هەرگیز بۆکاری سێکسی لێت نزیك نابنـەوە. کوڕەخراپـەکانیش لـەژێر بەتانییـەوە چاو شارکێت لەگەڵ دەکەن."

لیزلی وتی،" دوای ئەوەی لە ئاهـەنگی سـەمای قوتابخانـەم هـیچ ژوانـێکم نەبەستیت ناچار لەگەڵ کوڕێکی بێ کەڵك ڕۆیشتم بۆ ژووان، لەبەر ئـەوەی

ئەو هەمیشە لەبەر دەست بوو. ئەو کوڕێکی زۆر شیرین بوو، بەڵام وا دیاربوو تەواوی کچە ناودارەکان لەگەڵ کوڕانی خراپدا بوون. دواتر بۆم دەرکەوت کە لەگەڵ کوڕێکی خراپدا بوون زیاتر بەناو بانگت دەکات."

پات وتی،" وا دیارە زۆر پەیوەندی بە هەڵسوکەوتەوە هەبێت. بیر لە فۆنز بکەنەوە کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەبوو بەناوی "ڕۆژە خۆشەکان"، ئەو باڵای بەرز نەبوو، ئەسمەر و قۆز نەبوو، بەڵام بەبێ گومان ئەو لە کوڕە خراپەکان بوو."

وتم،" باشە بۆچی ئافرەتان زیاتر بە کوڕە خراپەکان کاریگەرن."

"کچێکی هاوڕێم هەیە بەردەوام ژوانی لەگەڵ کوڕە باشەکان دەبەست، بەڵام هەرگیز درێژەی ناکێشا پەیوەندیەکان. بەڵام ئەو کوڕەی هەرگیز لەبیری نەکرد کوڕێك بوو لە خراپەکان کە ٥ ساڵ پێش ئێستا ژوانی لەگەڵیدا بەستبوو."

ترەیسی وتی،" کوڕە خراپەکان تا ڕادەیەك مەترسی دارن. چەند خەساڵەتیکیان هەیە. ئەوان ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، بۆیە هەلی بێ وێنەیان بۆ پێش دێت. مێردەکەم لە کوڕە باشەکانە. کاتێك هاوسەرگیریمان کرد زانیم ژیانمان پێکەوە بە جۆرێك دوو داهاتی و ژیانێکی دەورووبەری شار دەبێت. وە کاتێك بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە و لە خێزان و پیشەکەم دەڕوانم دەبینم ئەوە بە تەواوەتی ئەو ژیانەیە خۆم دەم ویست ـ نەگۆڕی و هەستی دڵنیایی."

لیزلی وتی،" بۆ من، کوڕانی خراپ هەر خراپن وە پلە بەرزەکانیشیان دەکرێت زۆر لوت بەرز بن. هەستێکی نا دیار هەیە، بەڵام ئەگەرەکان لە ڕادەبەدەرن.

پات لە هەمومانی پرسی،" کەواتە لای ئێوە کوڕە خراپەکان کامانە؟".
دەستم پێکرد وتم ،" مایك جاگر- کوڕێکی خراپە."
ترەیسی وتی،" جۆن ماکنرۆی، ئێمینێم،چارلی شین هەموو ئەمانە کوڕی خراپن وە بە دڵنیایەوە ڕامبۆش."
پرسیم،" ئەی کوڕە باشەکان؟"
لیزلی وتی،" ئەگەر فۆنز بە کوڕە خراپەکان حیساببکرێت ئەوا ڕیچی کانینگهام کە لەبەرنامەی 'ڕۆژە خۆشەکان'دایە کوڕێکی باشە. بە تەواوەتی دەتوانرێت بە کوڕێکی باش دابنرێت. ئەی چی دەڵێن دەربارەی بارنی ڕایلّ ی فلینستون؟"
هەموو پێکەنیتین.
پات بە زەردەخەنەوە وتی،" وە بۆ کوڕە بێ کەڵکەکانیش ئەل بانید لە فیلمی' مارید وس چلّدرند' باشترین نمونەیە. هومەر سیمسنیش زۆر بۆ ئەم جۆرە گونجاوە."

سێ جۆرەکەی سەرمایەگوزاری

خەریك بوو تەواوی شەوەکە بەردەوام بین لە ناوهێنان و پۆلێنکردنی تەواوی پیاوانی سەر ئەم هەسارەیە. لە جیاتی ئەوە گفتوگۆکە ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت.
وتم،" دەزانن ، هەر وەك چۆن سێ جۆری پیاوان هەیە، دەتوانین سەرمایەگوزاریش بەسەر ئەو سێ جۆرەدا دابەش بکەین . کوڕانی خراپ، کوڕانی باش و بێکەڵك. هە وەك چۆن توانیمان تەواوی ئەو کوڕانەی ناسیومانن پۆلێن بکەین، دەتوانین هەمان شت بکەین بۆ

سەرمایەگوزاریش."

لیزلی وەڵامی دایەوە،" دڵنیا نیم لەوەی هاوڕات بم".

لێم پرسی‌ن،" ئەگەر هەموو سەرمایەگوزاریەك وەك كوڕی باش و كوڕی خراپ و كوڕی بێكەڵك پۆلێن بكەین ، ئەوا دەتوانین بڵێین سەرمایەگوزاری كوڕی خراپ، سەرمایەگوزاری كوڕی باش و بێ كەڵك چۆنە و چییە؟"

پات وەڵامی دایەوە،" تێدەگەم چی دەڵێیت. بۆ نمونە، سەرمایەگوزاری كوڕی خراپ سەركەشی زیاترە".

وتم،" تەواوە. كوڕە خراپەكان سەركەشن. دەبێت وریابیت و لەسەر پێی خۆت بوەستیت. نابێت لە كوڕە خراپەكان دووركەویتەوە چونكە ڕەنگە كاتێك گەڕایتەوە لەوێ نەمابن . دەبێت زۆر گرینگی بە كوڕی خراپ بدەیت، دەكرێت شتێكی چاوەڕوان نەكراویان لێ ببینرێت. كوڕە خراپەكان ناچارن زیاتر كاری بۆ بكەن، بەڵام لە بەرامبەردا پاداشتێكی باشت دەبێت.....ئەگەر بزانیت چۆن هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكەیت."

ترەیسی ڕایگەیاند،" وە كوڕە باشەكانیش هەرگیز ئازارت نادەن.......زۆر!"

وتم،"بەڵێ، كوڕە باشەكان هێندەی كوڕە خراپەكان چاودێریان ناوێت،بەڵام ناشبێت بۆ هەمیشە بەلایانەوە بنێیت. پیویستیان بەوەیە لەگەڵتدا لە وتوێژ دابن تا بزانن بایەخیان هەیە لات. ئەمان زۆد لێبوردەترن لە كوڕی خراپ. پاداشتەكەت هێندەی ئەو پاداشتەی لە كوڕی خراپ دەستت دەكەوتێت مەزن نابێت، بەڵام كەمتریش توشی مەترسی و زیانت دەكەن."

پرسیم ،" ئەی بێ كەڵك؟"

لیزلی وتی،" بیّ کەڵکەکان بێزارکەرن.ئەوان هیچت بۆ ناکەن!"

پێکەنیتم وتم،" زۆر تەواوە. ئەگەر هەتا هەتایە فەرامۆشیشیان کەیت هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. پێویستیان بەوە نییە چاودێریان بکەیت،لە ڕاستیدا چاوەڕێی ئەوەت لیّ ناکەن چاودێریان بکەیت. هەر لەبەر ئەمەشە پێیان دەوترێت بیّ کەڵك. هیچ زیانێك لە ئارادا نییە لەگەڵ ئەماندا ! وە پاشان دەتوانرێت بوترێت هیچ پاداشتێکی واشت لێیانەوە بۆ نییە."

لیزلی وتی، " ئەوە بیّ وێنەیە ! سەرمایەگوزاریش هەر وەك پیاوان وایە ! بگرە باشتریشە چونکە سەرمایەگوزارییەك لە پێناو سەرمایەگوزاریەکی گەنجتردا بەجێت ناهێڵێت."

ترەیسیش بە گاڵتەوە وتی،" سەرمایەگوزاری بەرپەچی قسەت ناداتەوە."

پاتیش بۆ خۆشی ئەمەی بۆ زیاد کرد،" وە هەرگیز پێویست ناکات نیوەی شەو نیگەرانی ئەوە بیت سەرمایەگوزاری لە کوێیە!"

ئەوەندە بە دەنگی بەرز پێدەکەنیتین ئاگامان لیّ نەمابووهەموو ئەوانەی لە ڕێستۆرانتەکە بوون سەیری ئێمەیان دەکرد.

چی بە چییە؟

ترەیسی ئێمەی هێنایەوە سەر خاڵی مەبەست و پرسی،" کەواتە کام سرمایەگوزارییە کامەیە؟ کام سەرمایەگوزاریە کوڕی خراپ و کامیان کوڕی باش و کامیان کوڕی بیّ کەڵکە؟

پارچە کاغەزێکم دەرهێناز هەرسیّ دەشتەواژەکەم لەسەری نوسیت:

کوڕی خراپ کوڕی باش کوڕی بیّ کەڵك

---

دوو جۆر سەرمایەگوزار هەیە ـ سەرمایەگوزاری چالاك و نا چالاك. ئەگەر دەتەوێت لەرووی داراییەوە سەربەخۆبیت لەرێی سەرمایەگوزاریەوە، ئەوا پێویستە سەرمایەگوزاریکی چالاك بیت.

---

پێشنیارم کرد،" دەی با بەسەر چەند جۆرێکی سەرمایەگوزاریدا بچینەوە تا بزانین دەچنە کام چوارچێوەیانەوە. ئەی چی دەربارەی پشکەکان؟"

پات وەڵامی دایەوە،" ئەگەر من نیازم بێت پشکێك بکرم و بۆ ماوەیەکی در بیپارەیزم، ئەوا دەڵێم ئەمە کوری باشە. چونکە بەردەوام چاودێری دەکەم تا بزانن بەکوێ گەیشتوە و سەرنج دەدەم تا بزانم کۆمپانیاکە بەکوێ گەیشتوە.

پرسیم،" بەلاّم ئەی ئەگەر تۆ پشکێکی بازرگانی بەگوێرەی رۆژ بکرین؟ ئەی ئەگەر بەگوێرەی گۆرانکارییەکانی رۆژانە پشکەکام بکریت و بفرۆشیت؟ لەوانەیە تۆ پشکی ئەو کۆگایەوە تەنها بۆ چەند کاتژمێرێك لا بمێنێتەوە پێش ئەوەی بیان فرۆشن زۆربەی بازرگانە رۆژانەکان هەموو ئەوەی هەیانە دەفرۆشن پێش ئەوەی رۆژەکە تەواوبێت.

ترەیسی وەڵامی دایەوە،" کەواتە وای بۆ دەچم ئەمەیان کوری خراپ بێت، چونکە پێویستە بەدرێژای ئەو رۆژە چاودێری بکەیت.دەبێت زۆد کارابیت ئەگەر بازرگانێکی رۆژانە بیت."

وتم،" خاڵێکی جوانت وت . کەواتە من پشکە ماوە درێژەکان لەژێر پیزی کوری باش و بازرگانی رۆژانەش لەژێر ریزبەندی کوری خراپدا دەنوسم. ئەی چی دەڵێن دەربارەی هەلی هەڵبژاردنی پشکەکان؟

پات هاتـه قسـه،" لەڕاستیدا مـن خـەریکی لێکۆڵینـەوە بـووم دەربـارەی هەڵی هەڵبژاردنی پشکەکان، چونکە مـەیلم بـەلای ئـەو جۆرەدا دەچێت. باوەڕم وایە کە دوو وەڵام هەبێت. ئەگەر ئەو هەلانـەبێت کـە دوای ٦ مـانگ مـاوەی بەسـەر دەچێت، مانـای وایـە تـۆ تـەنها ٦ مانگـت لەبـەر دەستە پارەیـان لـێ پەیـدا بکـەیت یـاخود نـا، کەواتـە ئەمـەیان کـوڕی باشـە. چاودێری دەکەین بەڵام پێویست ناکات زۆر سەرقاڵی بین. بەڵام ئەگەر تـۆ شێوازی هەلی هەڵبـژاردنی پشـکیت بـەگوێرەی دۆخـی ڕۆژانـە هەڵبـژێریت ئەوا ئەمە کوڕی خراپە، چونکە دەبێـت چـرکە بـە چـرکە چـاودێری نرخـی پشکەکە بکەیت. دەبێـت دانـی پێدا بنێم ئـەو کوڕەخراپانـە تـا ڕادەیـەك بیزارم دەکەن."

ترەیسس وەڵامی دایەوە،" کەواتە خانوبەرەش دەکرێت بچێتە ژێـر چـەند چوارچێوەی جیاوە، بەپێی ئەوەی کـام جـۆری سـەرمایەگوزاری خانوبـەر هەڵدەبژێریت."

وتم،" ڕاستە، ئەگـەر مـن پـارە بـە هاوڕێیـەکی سـەرمایەگوزارم بـدەم بـۆ پێدانی پێشـەکی موڵکەکـە، ئـەوا لەبەرامبـەردا ١٠٠م دەگەڕێتـەوە، کـە ئاماژە بەو بڕە سوە دەکات کە هاوڕێکەم دەیدات بە مـن بـەگوێرەی ئـەو بڕەی پارەیـەی مـن بـەوم داوە،هـەموو مانگێك هاوڕێکـەم سـودێك بـەمن دەدات تا ئەو بڕەی پێمداوە لەگەڵ سوەکەیدا پێم بداتـەوە. منـیش ئەمـە ناو دەنێم کوڕی باش. وەتوشـی زیـانێکی زۆر کـەم دەبم ئەگـەر موڵکەکـە بەباشی بەڕێوە نەچێت و هاوڕێکەم نەتوانێت کرێکانی بدات. بـەڵام ئەگـەر سەرمایەگوزاریکی ژیربێت و بزانێت خەریکە چی دەکات، ئەوا زیان و بـڕی سەرمایەگوزاریەکەم کورت خایەن دەبێت."

لیزلی پێکەنیت وتی،" ئەگەردەست هەڵگریت لە پێدانەوەی پارەکان بە گوێرەی رێککەوتنەکە ئەوا کورە باشەکەت دەگۆڕێت بە کوڕێکی زۆر خراپ. بەم شێوەیە توشی کێشمە کێشمت دەکات و پێویستی بە چاودێری زیاتر دەبێت."پرسیم،"ئەی چی دەڵێن دەربارەی بینایەکی ٥٠ بەشی، کە خراپ بەرێوە دەچێت، کرێچی خراپی هەیە وە ٢٠ بەشیشی چۆڵە؟"

هەموو پێکەوە وتیان ،"کوڕی خراپە ."

پرسیم ،"بۆچی؟"

پات وتی،" ئەگەر خراپ بەرێوەبچێت وە چەندین بەشی بەتاڵیشی هەبێت ئەوا پێویستی بە گرینگی پێدانێکی گەلێ زۆر و هەوڵە تا بێتەوە سەر پێی خۆی."

"ئەها ، ئێستا تێدەگەم بۆچی ئەو دراوسێیەم ژیانێکی هاوسەری ئەوەندە پڕ سەختی و نشێوی هەیە، ئەو لەگەڵ کوڕێکی خراپدا هاوسەرگیری کردووە."

لیزلی وتی،" هەر کە دەستت بە لەسەرخۆ چاککردنەوەی و موڵکەکە کرد، دەکرێت لە کوڕێکی خراپەوە بگۆڕێت بە کوڕێکی تا رادەیەک باشتر. هێشتاش دەبێت بایەخێکی زۆری پێ بدەیت بەڵام بەرادەی چاککردنەوە نا."

وتم،" خاڵێکی جوانە. سەرسامم بە هاریکارییە وتەییەکانی لیزلی."

پات وتی،" ئەی سەرمایەی هاوبەش؟"

ترەیسی زەردەخەنەیەکی کرد وتی،" بەپێی ئەزمونی کەسیم دەڵێم کوڕی بێ کەڵکە. پارەکەم دادەنێم و هیوا دەخوازم شتێکی باش

ڕوویـدات. هـیچ ڕووی نـەدا جگـە لـەوەی پارەیـەکی زۆرم وەك ئابونـە دا."وەڵامـم دایـەوە،" هـاوڕاتم، بـۆ K ٤٠١ ش هـەمان شتە. هـەر پـارە دادەنێیت و بڕێکی زۆر کەمت بە تێپەڕیونی کات بۆ دەگەڕێتەوە."

پات پچڕاندمی،" جگە لەوەش کاتێك بازاڕ دادەشکێت چەندین هاوڕێمان بڕێکی زۆری پارە لە k٤٠١ کانیان لـە دەسـت دەدەن. بـەمجۆرەش بـێ کەڵك و تا دێت بەرەو نزمی و شکست دەچێت.

ترەیسـی وتـی،" مـن دەڵـێم کـڕینی زەویـەکی ڕووت کـوڕێکی چـاکە. تـۆ دەتوانیت بیکڕیت و دای بنێیت، پێویست ناکات زۆر بایەخی پێ بدەیت، ئەگـەر چـی بایـەخ بەهـەر بـەرەوپێش چـونێك دەدیـت لـە دەووروبـەری ڕوویـدەن. وە ئەگـەر بتـەوێت شـوقەیەك یـان چـەند نوسـینگەیەك لەسـەر زەویەکەی دروست بکەیت، ئەوا پێویستیەکان و هەوڵ و فێربـوون دەکـرێ زۆر بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ کوڕی خراپ.

پات پرسی،" کەواتە ئەی بێ کەڵکەکان کامانە؟"

وتم،"تۆ دەڵێیت کامانەن؟"

پات پرسی ،"ئایا حیسابی پاشـەکەوت وەك سـەرمایەگوزاری دادەنرێت؟ چونکە حیسابی بانکی هیچت بۆ ناکـات. تـەنها پارەکانـت هەڵدەگریت و هیچیتر. وێـڕای ئـەوەش زیـانی سـفرە وە پاداشتیشـی بەتایبـەتی لـەم دواییانەدا نزیکەی سفرە ."

وەڵامم دایەوە،" نمونەیەکی زۆر جوانە" .

لیزلی وتـی،" سـی دیـش دەچـێتە ڕیـزی بـێ کەڵکەکانـەوە. هـەر وەك بـرا نزەکـەم. تـەنها دادەنیشـێت، هـیچ بەدەسـت ناهێنێـت، وە کەسـیش چاوەڕێی هیچی لێ ناکات ."

ترەیسی وتی،" ئەی چی دەربارەی ئاڵتون و زیو؟"

وەڵامم دایەوە،" ئەگەر من ئاڵتون و زیوێک بکڕم ئەوا حیسابی کوڕی باشی بۆ دەکەم، نرخەکەی لە دەستی خۆمدا دەبێ، وە دەزانم بۆ ڕۆژی دوایش هەر ماوە وەك کوڕی خراپ نییە." پات وتی،" سەرمایەگوزاری کوڕی خراپ دەکرێت زۆر ئازار بەخش بێت ئەگەر نەزانیت خەریکی چی دەکەیت. هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە بۆ ئەم دوو ڕۆژە لێرەین - تا فێرببین چی دەکەین تا توشی ئازار نەبین." ڕوونمکردەوە،" قسەکەن زۆر ڕاستە. بەڵام ڕەنگە جارجاریش هەر ئازار بچێژن. هیچ گرەنتەیك نییە. بەڵام کە فێربون و شارەزابوون ئەو ئازارانە ترسیان بۆ سەر ژینت نابێت."

لیزلی وتی،"یەك شتی تریش، ئەی چی دەربارەی سەرمایەگوزاری کاری؟"

وەڵامم دایەوە،" ئایا دەتەوێت سورمایەگوزاری لە کاری کەسێکی تردا بکەیت یاخود کاری تایبەت بە خۆتە؟"

لیزلی ڕوونیکردەوە،" بابڵێین من بیرم دەکردەوە لە کارێکدا بەژداربم کە هەیە و بەمەوێت ببم بە هاوبەش لەو کارەدا، ئەوا منیش خۆ لە دەستەی جێبەجێرکردن دەبم."

ترەیسی وتی،" پێشتر بەو جۆرە بیرم لێ نەکردبۆیەوە. وای بۆ دەچم چەندین ڕێگا هەبێت بۆ سەرمایەگوزاری لە کاردا. لە ڕاستیدا براکەم بڕێکی کەم پارەی خستە کارێکی نوێوە کە هاوڕێکەی دەستی پێکردبوو. ئەو خۆی هیچ دەورێکی کارای لە کۆمپانیاکەدا نییە. ئەو تەنها بڕێك پارەی دەست دوکەوێت لەبری ئەو پارەیەی کە دای ناوە. من ئەم

جۆرەی سەرمایەگوزاری کار ناو دەنێم کوڕی باش. بەڵام دەبێت دڵنیاببمەوە لەوەی هەرکەسێك کۆمپانیاکە بەڕێوە بەرێت دەبێت بزانێت چی کارێك دەکات."

منیش وتم،" وە ئەگەر هیچ ئەزمونێکیان نەبێت و نەزانن چی دەکەن ئەوا من ئەو جۆرە سەرمایەگوزاریە ناو دەبەم بە قومارکاری."

لیزلی وتی، " ئەگەر من بمەوێت کارێك دەست پێبکەم.....

ترەیسی قسەکەی تەواوکرد،" کوڕی خراپ هەڵدەبژێریت، کەزۆربەی کاتەکان باسی بکەم،هەوڵ و بایەخی بۆ بخەمەکار. ئەمە دەبێت لەسەری سەرەوەی لیستی کوڕە خراپەکان بێت.

**سەرمایەگوزاری چالاك و نا چالاك**

وتم،" ئەمە خاڵێکی باشی هێنایەوە بیرم. دوو جۆری سەرمایەگوزاری هەیە، چالاك و نا چالاك. ئەگەر دەتەوێت لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆبیت لە ڕێگای سەرمایەگوزاریەوە، ئەوا پێویستە سەرمایەگوزاریکی چالاك بیت. گومانم هەیە بگەیت بەوەی دەتەوتێ بە تەنها دانانی پارە لەسەرمایەگوزاریەکی نا کارادا. سەرمایەی هاویەش و k٤٠١ باشن، بەڵام تۆ زیاتر لەوەت پێویستە تا لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بیت. پات پرسی،" چۆن دەزانیت سورمایەگوزاریەك چالاکە یان نا چالاك؟" ڕوونمکردەوە،" هەر کات پارەکەت بدەیت بە کەسێکیتر تا سەرمایەگوزاریت بۆ بکات و تۆ هیچ کارلێکێك و کۆنترۆڵێکی سەرمایەگوزاریەکەت لە دەستدا نییە. من بەوە دەڵێم سەرمایەگوزاری ناچالاك. تۆ تەنها پارە دەدەیت و دوور دەکەویتەوە. لەلایەکیترەوە، بون

بە سەرمایەگوزاریکی چالاك زۆر بە سادەی ئەوەیە بەشێوەیکی کارا لە سەرمایەگوزارییەکەتدا بەژداربیت."

ترەیسی وتی،کەواتە کڕین و بەڕێوەبردنی مولکێکی بەکرێدان سەرمایەگوزاری چالاکە."

هاوڕایم پیشان دا،"ڕاستە"

لیزلی وتی،" وا پێدەچێت تەواوی سەرمایەگوزاریەکانی کوڕی خراپ چالاك بێت. ئەمە زۆر ڕوون دیارە چونکە هەموو ئەو کوڕە خراپانەی ناسیومن کەسانی چالاك بون."

ترەیسی وتی،" وەك زۆرێك لە سەرمایەگوزاریە کوڕە باشەکانیش سەرمایەگوزاری چالاکن، بەلام ڕادەی بەژداریکردن لە پرۆسەکەدا کەمترە."

پات وتی،" وە بێ کەڵکەکانیش سەد لە سەد ناچالاکن."

لیزلی وتی،" وەك برا زڕەکەم".

"سەرمایەی هاوبەش سەرمایەگوزاریەکی نا چالاك دەبێت هەر وەك ٤٠١ k ، تەنها پارە دادەنێم هیچیتر ناکەم.".

ترەیسی ئەمەشی بۆ زیاد کرد،" وە من وای بۆ دەچم زۆربەی سەرمایەگوزارە پشکیەکان سەرمایەگوزاری نا چالاکن. زۆربەی ئەو کەسانەی من دەیان ناسم،کە سەرمایەگوزاری پشکی دەکەن، پارە دەدەن بە بریکارەکە و ئەو بڕیار دەدات پی بکڕێت و بفرۆشێت. بەشێوەیەکی کارا لە سەرمایەگوزاریەکەدا بەژداری ناکەیت، ڕەنگە ئەو لێکۆڵینەوە لە نرخی پشکەکە بکات، بەلام لە نزیکەوە ئاگاردا نییە ئەو کۆمپانیایە بەو پشەکە چی دەکات."

وەڵامم دایەوە،" منیش لەوەدا گەڵت کۆکم ئەگەر تۆ تەنها پشکێك بکڕیت بەهۆی یەك خاڵی گرینگەوە تێیدە ئەوا بە ناچالاك دەژمێردرێت."

ترەیسی وتی،" ساڵانێك پێش ئێستا ئێمە بیمەی ئاساییشی ژیانمان پێ فرۆشرا، وە لێژنەکە ئەمەیان بە سەرمایەگوزاری دانا. بەبێ گومان ئەمە سەرمایوزاریەکی ناچالاکە، چونکە ئێمە تەنیا پارەمان دەدا. هیچ نەم دەزانیت وردەکاریەکانی چین."

پات ڕوونیکردەوە،" کەواتە ئەگەر من سەرمایەگوزارییەك بکرم، بیخەمە ناو دۆلابێکەوە و هەرگیز هیچ بایەخێکی پێ نەدەم تا ڕۆژی فرۆشتنی،ئەوا ئەمەش سەرمایەگوزاری نا چالاکە. کاتێك بریکاری پشکیم پەیوەدنی بە مێردەکەمەوە کرد وتی پێشنیار دەکەم هەندێك لە پارەکانتان بگوازنەوە بۆ پشکی ABC، کە ئێمە هیچمان نەدەزانیت دەربارەی ،ئەوەش هەر سەرمایەگوزاری ناچالاك بوو. یاخود ئەگەر من برێك پارە بخەمە کارێکی تازە دەستپێکراوی هاوڕێیەکمەوە و فەرامۆشی بکەم، ئەوا دووبار ئەمەش نا چالاکە."

لیزلی وتی،" ئێستا هەموو شتێك ڕوونە لام." وتیشی،" سەرمایەگوزاری خانوبەرە نمونەیەکی باشی سەرمایەگوزاری چالاکە. ئەگەر من خانویەك بکرم، چاکی بکەمەوە و بیدەم بەکرێ،ئەوا من زۆر چالاکم لەو سەرمایەگوزاریەدا. ئەگەر خاوەنی بینایەکی مۆڵ بم وە دووکانەکانی بدەم بە کرێ ، ئەمەش سەرمایەگوزاریەکی چالاکە.

وتم،" بەڵام ئەگەر پشکێك بکڕیت لە خانوبەرەی متمانەی کە هاوشێوەی سەرمایەی هاوبەشە، وە پشتگوێی بخەیت تا ئەو کاتەی پشکەکان دەفرۆشیت،ئەوا ئەم جۆرەیان ناچالاکە."

پات پرسی، وە ئەگەر من کارم کڕین و فرۆشتنی پشکەکان بێت،نەك وەك بازرگانی ڕۆژانە،بەڵکو لێکۆڵینەوەی لە کۆمپانیاو کارگەکان بکەم و مێژوویان بزانم و هەرچەند لە توانامدابێت دەربارەی هەر پشکێك زانیاری وەربگرم کە دەمەوێت سەرمایەگوزاری تێدا بکەم، ئایا ئەمە چالاکە یان نا چالاك؟" تریسی یەکسەر وەڵامی دایەوە،"من وای بۆ دەچم ئەوە چالاك بێت، ئەگەر بەشێوەیەکی کارا تێیدا بەژداربیت،لەو دۆخەشدا خەریکی توێژینەوە و فێربوون دەبیت. ئەوکات دەتوانرێت بوترێت سەرمایەگوزاریکی چالاکیت .بە پێچەوانەی ئەو کەسەی زۆر تەمەڵە لەڕووی فێربونەوە و دەیەوێت کەسێکیتر هەموو کارکانی بۆ بکات".

وەڵامم دایەوە،" جوانت وت، من وەك خۆم هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم لە شتێکدا سەرمایەگوزاری بکەیت کە زانیاریت لەسەری نییە. هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە سەرمایەگوزاریکی چالاك بیت تا پارەکەت بەو پەڕی توانایەوە کارت بۆ بکات."

لیزلی ڕایگەیاند،" من ئێستا باشتر وەڵامی پرسیارەکانم دەربارەی سەرمایەگوزاری بۆ ڕوون بۆیەوە. دەتوانم خاوەنی کارێك بم و بەڕێوەبەریشی بم،ئەمەش زۆر کردارییە. دەتوانم سەرمایەگوزاری لە کاری کەسێکیتردا بکەم و تا ڕادەیەك لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەدا بەژداربم،ئەمەش دووبارە چالاکە. بەڵام کەمتر لەوەی پێشوو . ئەمە دەکرێت هەر کارێکی فیزیکی بێت لە دەرەوە یاخود ناوەوەی کۆمپانیادا یان زۆر لە نزیکەوە ئاگادار بیت چی ڕوودەدات لە ناو ئەو کارگە وکۆمپانیایەدا. وە سێیەم شتیش ،دەتوانم پارە بخەمە کۆمپانیایەکەوە و لێی دووربکەومەوە و ئاگاداری هیچ نەبم،ئەمە سەرمایەگوزاری ناچالاکە."

وتم،"تۆ وەلآمی پرسیارەکەی خۆتت دایەوە".

**پوختەی قسەکان**

تریسی پوختی کردەوە وتی،" ئەمە ئەوەیە کە تێگەیشتم. سێ جۆر پیاو هەن،وە سێ حۆر سەرمایەگوزاریش هەن، کە ئەمانەش کوڕی خراپ، کوڕی باش، و کوڕی بێکەڵکە. هەر جۆرێك لە جۆرکانی سەرمایەگوزاریش دەچێتە چوارچێوەی یەکێك لەو شێوازانەوە دەتوانیت سەرمایەگوزاریەکی زۆر نا چالاکت هەبێت کە ئەوە واتا هیچ بەژدارییەکی کرداریت لەو سورمایەگوزاریەدا نییە و لە بەرامبەریشدا دەکرێت سەرمایەگوزاریەکی زۆر زۆر چالاکت هەبێت کە پێویستی بە هەوڵ و بایەخ پێدانە. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام خودی سەرمایەگوزچری چالاك یان نا شالاك نییە بەڵکو سەرمایەگوزاری چالاك یاخود نا چالاك هەن!"

وتم،"جوان پوختت کردەوە. سەرەڕای ئەو قسانەش، من ناڵێم جۆرێکی سەرمایەگوزاری خراپتر یان باشتر لە جۆرێکیترە. بۆ ئەوەی ببیت بە سورمایەگوزارێکی سەرکەوتو زۆر گرینگە لایەنە باشی و خراپیەکانی جۆرەکانی سەرمایەگوزاری بزانیت. لە خۆت بپرسە،" ئایا زیان و دەستکەوتی ئەو سەرمایەگوزاریەی هەمە چییە؟ چاوەڕێی ئەوە مەبە تەنها سەرمایەیەکی هاوبەش تەواوی پێداویستیەکانی تەمەنی خانەنیشینیت دابین بکات. ئەوە بۆ وەها کارێك دا نەنراوە، هەر وەك چۆن ناکرێت بوترێت سەرمایەگوزاری خانووبەرەش سەرمایەگوزاریەکی حازر بەدەستە. دەبێت بزانیت چی بە چییە، وە ئەو جۆرە هەڵبژێریت کە زۆر بۆت گونجاوە. ئەگەر تۆ ئامانەجت سەربەخۆی دارایییە، نابێت تەنیا سەرمایەگوزار بیت و بەس ،دەبێت چالاك بیت ."

بەندی بیستەم

## سەرەکیترین چوار کلیلی بوون بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو

"ئەگەر پیاوێك فێری خوێندەواری بکەیت، تەنها کەسێکت فێرکردووە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك فێری خوێندەواری بکەیت ئەوا خێزانێکت فێرکردووە."

"ڕوبی مانیکن"

بەیانی ڕۆژی دواتریش کاتێك بەرەو ژووری چاوپێکەوتنەکە دەچوین دەربارەی ئەو سێ جۆرە پیاوە گاڵتەمان دەکرد .

دوای ئەوەی هەموان لە شوێنەکانی خۆیان لەسەر مێزەکە دانیشتن وتم،" پێش ئەوەی دەست بکەنەوە بە دارشتنی پلانەکانتان دەمەوێت چەند کلیلێکی سەرمایەگوزاریتان پێ بڵێم کە بە تێپەڕبوونی ئەو چەند ساڵەی پێشوو فێربووم. بەهۆی ئەنجامدانی چەندین هەڵەوە، فێری ڕێگا سەختەکان بووم."

لیزلی وتی،" ئەگەر من لە هەڵەکانی تۆوە پەند وەربگرم لە جیاتی ئەوەی خۆم بیان کەم،ئەوا بە تەواوی ویستەوە گوێم بۆ گرتوی ."

وتم،"بەڵێ وایە. ئەوانە تەنها کاریگەری لەسەر بەفیڕۆ دانی پارەکانماوە نەبو بەڵکو بوە هۆی لەدەستدانی چەندین دەرفەت و کاتمان."

پان بە گەرمی وتی،" کەواتە با گوێ بیستیان بین."

کلیلی ۱:

دەستم پێکرد،" کلیلی یەکەم کە خۆشتان ئاشنان پێی، یەکەمە بۆ دەستپێکردنی هەر سەرمایەگوزاریەك:

"خۆت بۆ فێربوون و شارەزابوون تەرخان بکە"

"ئەم خاڵە دەربارەی فێربونە. هەرچەند زیاتر بزانیت باشتر کارەکانت دەکەیت. چەند ئەرکێکی ماڵەوە ئەنجام بدە پێش ئەوەی دەست بکەیت بە سەرمایەگوزاری. چەندان سەرچاوەی نایاب هەن دەتوانیت پشتیان پێ ببەستیت. کەمێك شارەزی پێش وەختە جیاوازی دروست دەکات لە نێوان پارە پەیداکردن و پارە لە دەست دان.

"نابێت ڕاستەوخۆ خۆت هەڵدەیتە قوڵای بنی حەوزی مەلەوانییەکەوە ئەگەر سەرەتا لانی کەم فێری ئەوە نەبوبێت کە چۆن لە ناو ئاوەکەدا خۆت بگریت، بەو جۆرەبێت نوقوم دەبیت.خۆ هەڵدانە نا سەرمایەگوزاریشەوە بەبێ هەبوونی شارەزایی پێش وەختە هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەو خۆ خنکاندنەدا. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی پشتگیری لە تۆڕی پیشەسازی بازاڕکاری دەکەم ئەوەیە کۆمپانیا باشەکان دابەشکارەکانیان فێر دەکەن. ئەوان فێری هەموو شتێکیان دەکەن لە فرۆشی داراییەوە تا گەشەپێدانی کەسێتیش. کۆمپانیا باشەکان تەنها بایەخ بە فرۆشیاران نادەن بوڵکو پشتیوانی خەڵکی دەکەن تا لە هەموو ڕووەکانی ژیانیانەوە سەرکەوتوبن."

کۆمپانیای باوکی دەوڵەمەند کۆمپانیایەکی فێرکاری داراییە. ئێمە هیچ شتێك نا فرۆشین و پێشنیاری سەرمایەگوزاریش پێشکەش ناکەین. تەواوی ئەوەی پێسکەشی دەکەین فێربونە. پاشان لەسەر

موشـتەریەکانمان خۆیـان وەسـتاوە تـا ئـەو جـۆرە سـەرمایەگوزاریە بدۆزنەوە کە بۆیان گونجاوە ".
"شـان بەشـانی زنجـیرەی بەرهەمـەکانی بـاوکی دەوڵەمەنـد، بەرهـەمی فێرکاری تریشمان هەیە، کە پێم وایە پێویستە بۆ هەر کەسێك کە لـەڕووی سەرمایەگوزارییەوە جدییە. ئەو بەرهەمانەش مێزی یاری پـارەی نەقـدی هەڵهێنجراو Cash Flow 101 ە.
"کاتێك من و ڕۆبێرت لە ساڵی ١٩٩٤ خانەنشین بوین، خەڵکی بـەردەوام پرسیاریان لێ دەکردین،" چۆن ئەو کارەتان کرد؟ چۆن لـە تەمـەنی ٣٧ ساڵی خانە نشین بون؟ (ڕۆبێرت ٤٧ ساڵ بوو). ئەو شتەی من و ڕۆبێـرت هەردوکمان حەزمان لێی بوو یاری بوو.
"زۆربەمان کاتێك منداڵ بووین یاریمـان کـردووە، بـۆردی یـاری هەڵێبێنـە، چاوشارکێ، ڕاوڕاوکێ، وە بێگومان مەتەڵیش." لە بیرمـە لـە تەمـەنی ١٢ ساڵیمدا پاسکیلێکم لێ دەخوڕیت لەسەر شـەقامەکان لەبـەیانیانی ڕۆژانـی شـەممەدا کـە هەسـتم دەکـرد زۆر ئـازاد و دڵخۆشـم. دەچـوم بـۆ یـاری دووگۆڵی. مـن لەگـەڵ وەرزشـدا گـەورە بـووم، تـا ئێسـتاش حـەزم لێیـە هەجۆرە گەمەیەك بکەم."
لە ساڵی ١٩٩٥ ڕۆبێـرت بیرۆکـەی دروسـتکردنی مێزێکـی یـاریکردنی بـۆ هـات کـە لـەو بـۆردەدا هانگـاو بـە هـەنگاوی گرتومانەتـە بـەر بـۆ ئـەوەی لەڕووی داراییەوە سەربەخۆبین تێدابوو. فێرکردنیش دەبێـت چـێژ بـەخش بێت (هەر وەك چۆن پارە پەیداکردن شتێکی خۆشـە). بۆیـە ئێمـە مێـزی Cash FLOWمـان دروسـتکرد بـۆ ئـەوەی خـەڵکی لـە کـاتی فێربـوونی سەرمایەگوزاریدا کاتێکی خۆش بەسـەر بـەرن. ئـەو بـۆردە ڕەنگدانـەوەی

ڕاستەقینەی شێوازی بیرکردنەوەی من وڕۆبێرتە وە دەبێت چی بکرێت وەك سەرمایەگوزاریك. ئەوەی ئێستا بۆمان دەردەکەوێت لەڕێی ئەو گەواهی نامانەی بەدەستمان دەگات ئەوەیە لە سەدا ٨٥ بۆ ٩٠ی ئەو کەسانەی نوسراویان بۆ ناردوین دەربارەی سەرکەوتنیان لە سەرماسەگوزاریدا دەڵێن کە ئەو یاریەییان کردووە بەبەردەوامی. یاریەکە خەڵکی بەرەوکردار دەبات.

ئەمە خشتەی قوچەکی فێربونە، کە ئەمە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکە لە ساڵی ١٩٦٩ لە لایەن دەیڵەوە ئەجامدراوە. لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات چۆن تاکەکان بە باشترین شێوە فێردەبن. ئەوەی زۆر کاریگەرە ئەوەیە بنکەی قوچەکەکە ئەو ڕێگایانەن کە کەمترین کاریگەریان لەسەر فێربون هەیە. ئەوانە کامانەن؟ خوێندنەوە و وانەپێدان کە دوو ڕێگای ە بنچینەی فێرکردن لە قوتاخانەکاندا.(هەرچەندە من خوێندنەوەی ئەم کتێبە لەلایەن ئێوەوە بەرز دەنرخێنم) .کاریگەرترین تەکنیکەکانی فێربون کامانەن؟ ئەزمونی ژیانی ڕاستەقینە و لاسایکردنەوەی ڕێگا تاقی کراوەکان کاریگەرترینن. کەسەکان بە کردار زیاتر فێردەبن هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە بۆردی یاریکردنمان دروستکردووە: کە ئەزمونێکی تاقیکراوەیە،تا بابەتی سەرمایەگوزاری لەڕێیەوە فێربکرێت.

قوچەکی فێربون(دایبنینەوە)

| | قوچەکی فێربوون | |
|---|---|---|
| سروشتی بەژداری کردن | کردنی شتە واقعیەکان | دوای دو هەفتە لە بیرمان دەمێنێت |
| چالاک | لاسایکردنەوەی ئەزمونێکی ڕاستەقینە | ٩٠٪ ی ئەوەی دەیلێین و دەیکەی |
| | ئەنجام دانی سیمینارێکی کارتێکەر | |
| | پێشکەشکردنی وتارێك | |
| | بەژداریکردن لە گفتوگۆیەکدا | |
| | بەژداریکردن لە گفتوگۆیەکدا | |
| ناچالاک | بەبەر چاوتەوە ئەنجام بدرێت | |
| | سەیرکردنی پێشانگایەکی نمایش | ٥٠٪ ی ئەوەی دەیبیستین دەی بینین |
| | سەیرکردنی وێنەکان | لە سەدا ٣٠ ی ئەوەی دەیبینین |
| | سەیرکردنی وێنەکان | |
| | بیستنی وشەکان | 20% ی |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئەوەی دەی بینین |
| | خوێندنەوە | ١٠٪ ی ئەوەی دەیخوێنینەوە |

"بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ فێربوونی سەرمایەگوزاری یاری Cash Flow بکەن. دەتوانیت بیکڕیت و لەگەڵ هاوڕێکانتدا یاری پێ بکەیت، یاخود بچیتە ناو ماڵپەرەکان و یانەی Cash Flow ی ناوچەکەی خۆت بدۆزەرەوە. یانەکان چەند یانەیەکی فێرکارین کە ئەندامانی پێکەوە یاری دەکەن و هاوشانی چەندینچالاکی تری سەرمایەگوزاری."

ترەیسی زۆری کرد،" دەی با ئەم شەو پێکەوە ئەو یاریە بکەین!"

لیزلیش ڕازی بوو،" ڕایەکی زۆر باشە بۆ کۆتای هێنان بەم کۆبونەوە دوو ڕۆژیەمان".

"وێڕای ئەم یاریە و بەرهەمەکانیتری باوکی دەوڵەمەند چەندین سەرچاوەیتر لەبەر دەستە.کتێب ،سی دی، دی ڤی دی، سیمینار، ڕۆژنامەکان، ماڵپەڕەکان و ڕێکخراوە سەرمایەگوزاریەکان لیستەکە تا ڕادەیەك بێ کۆتایە. تۆ پێویستە بەناو سەرچاوەکاندا بگەڕێیت و ئەو زانیاریەی دەتەوێ بەدەستی بهێنیت ."

"بێگومان هیچ مامۆستایەکی باشتر لە ئەزموونەکانی ژیانی ڕاستەقینە نییە، بۆیە پێتانوا نەبێت پێش هەر هەنگاوێك پێویستە چەندین ساڵ لێکۆڵینەوە بکەیت "

کلیلی ٢:

دووەم کلیل کە ڕێژەیەکی زۆر ترەسەکانمان لا دەبات بریتیە لە:

"لە کەمەوە دەست پێ بکە"

هەر جۆرێکی سورمایەگوزاری هەڵدەبژێریت لە کەمەوە دەست پێ بکە. پێشبینی هەڵەش بکە. تۆ هەڵە دەکەیت.

"بەو ئافرەتانەم وت کە دەیان وت لە سەرمایەگوزاری دەترسین چونکە دەترسین هەڵە بکەین، نابێت لە هەڵەکردن بترسێیت ،تۆ هەر هەڵە دەکەیت، من گەرەنتی ئەوە دەکەم. مادام ئەمە دەزانییت چیدی مەترسە."

"هەرگیز یەکەم هەڵەم لەبیر ناکەم کە لە یەکەمین خانوی بەکرێدانمدا کردم. دوای ئەوەی موڵکەکە بوو بەهی خۆم،دوای ٦ مانگ کرێ چییەکان چۆڵیان کرد. بیرم کردەوە،"ئەها! هەلێکی زۆر باشە، بڕی کرێکەی مانگانە ٢٥ دۆلار زیاد دەکەم! بەهۆی ئەوەی من پارەیەکی نەقدی مانگانەی ٥٠ دۆلارم دەهاتە دەشت، ئەوە دەبوە هۆی ئەوەی پارە نەقدیەکەم لە سەدا ٥٠ زیاد بکات. خۆم دانابوو ئەم کارە ئەنجام بدەم. "هەڵەکەم ئەوەبوومن سەیرم نەکرد بزانم کرێی خانوەکانی ئەو دەوروبەرە چەندە بە بەراوردی ئەوەی من. ئەگەر من لێکدانەوەی خۆم بکردایە بۆم دەر دەکەوت ئەو نرخەی داوای دەکەم لەهی هەموو ئەوانەی

لە دەوروبەرمن بەرزترە. لە ئەنجامدا خانوەکە بۆ ماوەی سێ مانگ بەچۆڵی مایەوە.بۆیە لەبری قازانجرکردنی ٧٥$ زیاتر بڕی ١,٥٠٠$ زەرەر کرد. وانەیەکی باشم لەمەوە وەرگرت .

"کەواتە هەڵە بکە بەبڕێکی کەمی پارەوە. فێری بنچینەکان ببە. دەتەوێت پشکێك بکڕیت ، تەواوی هەوڵت بۆ یەك پشك تەرخان مەکە. چەند پشکێك بکڕە. ئەگەر دەتەوێت خانوبەرە بکڕیت ئەوا لە ١ بۆ ٣ بەشی دەست پێ بکە نەك بینایەکی ١٥٠ بەشی. چاوەڕێ مەبە لەگەڵ یەکەم کارت ئامانجەکەت بپێکیت . ئەمە پرۆسەیەکە لە ماوەی بەردەوام بونتدا فێردەبیت، بۆیە پێیەکانت بخەرە ناو ئاوەکە،فێربە و بەردەوام بە. ئەمە بلیتی یانسیب نییە.

ساڵانێك پێش ئێستا هاوڕێیەکم پێشنیاری کێتبێکی بۆ کردم دەربارەی قەواڵەی بارمتەی باجی. ئەم قەواڵەیە بۆ ئەوە دروستکرابوو کاتێك خاوەن موڵکەکە باجی موڵکەکەی نادات لەو بەشە خانوەدا، دەبێت تۆ باجەکەی بدەیت، وە ئەگەر ئەو هەرگیز باجی نەدا دەتوانیت موڵکەکە خانوەکە بۆ خۆت هەڵگریتەوە بەو بڕە باجەی بەردەوام لەبەرامبەر ئەو موڵکەدا داوتە. ئەگەرخاوەنەکەی خۆی باجەکەی دا، ئەوا سزاکانی ئەو بۆ درەنگپێدانی ڕاستەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ تۆ لەگەڵ تەواوی ئەو باجانەی کە داوتن.

'چارەسەری لە سەدا ١٦'

"چوومە دەرەوە و دوو بەرگم هێنا لە کتێبی 'چارەسەری لە سەدا ١٦' یەکێکیان بۆ خۆم و ئەویتریان بۆ ڕۆبێرت. بۆیە سەرەتا خۆمان خەرك کرد بە فێربونەوە. پاشان چوین بۆ شوێنی بەکرێدانی شارۆچکەکە، ئەوە ئەو شوێنەبوو دەتوانیت ئەو قەواڵانەی لێ بکڕیت. هەنگاو بە هەنگاو

شوێنی ئەو پرۆسەیە کەوتین کە لەو کتێبەدا پوخت کرابۆیەوە. ئێمە بەبڕی ٥٠٠ $ لەو قەواڵانە کڕیت. بەو بڕە کەمە ئێمە چوینە یاریەکەوە و فێری پرۆسەکەش دەبوین ڕاستەوخۆ.

"بۆم دەرکەوت خەڵکی بەزۆری بە هەڵەدا دەچن لە هەڵبژاردنی باشترین جۆری سورمایەگوزاریدا. ئەو سەرکایەگوزارییەی کە باشترین دەستکەوتت لێی دەست دەکەوێت. ئەمە دەتوانێت کەسەکە لە کاربخات بەهۆی ئەوەی کێ دەڵێت باشترین سەرمایەگوزاریە.دەتوانیت بۆ هەمیشە تەنها سەیری بابەتەکە بکەیت. بەدەست پێکردن لە بڕی کەمەوە دەتوانیت ئەزمونی ژیان بەدەست بهێنیت ،لەسەر ژمارەی سەرمایەگوزاریەکان و بڕیاربدەیت کامیان سودی زیاتری بۆت هەبووە.

کلیلی ٣:

هەر وەك چۆن من و ڕۆبێرت بۆ قەواڵەی بارمتەی باجی ئەنجاممان دا:
"بڕێکی کەم پارە بخەرە کار"

سێ هۆکار هەیە دەری دەخات بۆچی ئەمە گرینگە بۆ سەرکەوتن. یەکەم هۆکار زۆر ڕوون و دیارە. تا ئەو کاتەی بڕێکی کەم پارەت لە کاردابێت لە یاریەکەدایت. تا ئەو ئاستەش تەنها تیۆر بوە. بۆ ئەوەی ببیت بە سەرماییەگوزار دەبێت بچیتە ناو یاریەکەوە. من ناوی دەبەم بە یاری چونکە تۆ دەیبەیتەووە، هەندێجاریش دەیدۆڕێنیت. پێناسەی سەرمایەگوزار بریتیە لە کەسێك، کۆمپانیایەك، یان دامەزرراوەیەك کە پارەی لە شتێکدا خستوەتە کار بۆ سەرمایەگوزاری . ئەگەر پارکەت تەرخانکراوی سەرمایەگوزاری نەبێت ئەوا تۆ سەرمایەگوزار نیت."

"ئەمەش بەرەو هۆکاری دووەمان دەبات، بڕێکی کەم پارە واتا بڕێکی کەم زیان، بڕێکی زۆر پارەش دەکرێت زیانێکی گەورەی بەدواوەبێت.هەر کاتێك دەست بە سەرمایەگوزاریەکی نوێ دەکەی ڕەچاوی کەمی شارەزایی و ئەزمونم دەکەم لەو ڕووەوە. من ڕەچاوی هەڵەکردنیش دەکەم، کە ڕەنگە پارە زەرەر بکەم بەو هۆیەوە. من دەتوانم بەخستنەگەڕی بڕیکی کەم پارە هێندەی خستنگەڕی بڕێکی زۆر پارە شارەزایی وەبرگرم."

"هۆکاری سێیەمیش کە لە هەمویان گرینگترە، ئایا هەرگیز تێبینی ئەوەت کردووە چەندە ئارەزووت زیاد دەکات بۆ کارەکە کاتێك پارەکەت خستوەتەکار؟ دراوسێیەکم ئەم ماوەیپێشوولێگزرێکی شکلّ گۆڕاوی کڕیت. پێش کڕینی ئەو سەیارەیە هیچ حەزێکی بۆ سەیارە نەبوو. کاتێك بڕیاری کڕینی سەیارەیەکی نوێی دا، لەپڕێکدا بوو بە پسپۆڕی سەبار لە ناو دەرودراوسێدا. ئەو چەندین توێژینەوەی کردبوو پێش بڕیاردانی تەواوەتی ،ئەوە زۆر پێشبینی نەکرا و سەخت بوو بۆی.بەلاّم ئەو کارەی کرد چونکە ئارەزوویەکی زۆری بۆی هەبوو- پارە تایبەتیەکانی خۆی.

"نمونەیەکیتر کوڕی هاوڕێیەکمە کە تەمەنی ١٠ ساڵمە. ڕۆژێك بەبێ وبست گوێبیستی باوکی دەبێت کە باسی کڕینی زیوی دەکرد. پرسیاری لە باوکی کرد دەربارەی زیو و هۆکاری کڕینی زیوی لێ پرسی.

"دوای نیوەڕوانێك پەیوەندیەکی تەلەفۆنیم بۆ هات، باوکەکە بوو. ئەو وتی،" بێنی کوڕم دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات."

"بێن تەلەفۆنەکەی وەرگرت وتی،" کیم، من ١٠ پارەی زیویم کڕیوە بە پارەی ڕۆژانەم! بۆ هەر پارەیەکی زیوی ٧,٦٠ $م داوە، بەهەموی

دەکاتە ٧٦,٠٠٠$، ئایا پێت وایە لە ماڵەوە هەڵیگرم یاخود بیخەمە سەر هەژماری بانکیم؟ پێم خۆشە لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ ئەم لاو لا بەڵام باکم دەڵێت دەبێت لە شوێنێکی سەلامەتدا هەڵیگریت. من ١٠ دراوی زیوم هەیە!"

"بێن هەموو ڕۆژێك سەیری نرخی دراوی زیوی دەکرد. بۆ مامۆستاکەشی باسکردوو، ئەویش داوای لە بێن کردبوو وتارێك لە پۆلدا پێشکەش بکات دەربارەی سەرمایەگوزاری. نرخی زیو ئەو ڕۆژە ٥٠.٨ دۆلار بۆ هەر هۆقەیەك دراوی زیوی بوو. لە ڕاستیدا فێرخوازانی تر بۆیان حیساب کرد ئاخۆ چەنی پارە دەستکەوتوە لەو ڕۆژەی کە سەرەتا پارە زیوییەکانی کڕیوە! بێن ئێستا زۆر حەز لە زیو دەکات، وە خەریکی زانیاری وەرگرتنە دەربارەی کانزا بەنرخەکانیتر. تەمەنی تەنها ١٠ ساڵە!

"یەك تێبینی : بێن لە قوتابخانووە فێرنەبوو. هەر وەك لە قوچەکی فێربوندا پیشاندراوە، ئەو بە کردار باشتر فێربوو. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە تەنیا لە سەدای فێرخوازان لەڕێی تەکنیکەکانی قوتابخانەوە فێردەبن. لە سەدا ٨٠ی خەڵکی لەو ڕێگایەوە ناتوانن فێرببن. بەهۆی حەزی بۆ زیو،بێن زیاتری خوێندەوە چونکە لە ڕێی هێڵی ئینتەرنێتەوە دەربارەی زیوی دەخوێندەوە، وە توانای بیرکاری لە ڕادە بەدەر گەشەی سەند لەبەر ئەوە ئەو بیرکاری لە ژیانی ڕاستەقینەدە جێبەجێ دەکات.

"ئەوەی لەم چیرۆکە فێربووین ئەوەیە ئەگەر دەتەوێت فێری سەرمایەگوزاریەکی نوێ بیت، بیکڕە - بەڵام بە بڕێکی کەم."

کلیلی ٤:

پەندێك هەیە دەڵێت، "دەنگیی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە".خەڵکی هەمیشە بەدوای بازاڕ گەرمیەوەن. جا ئەگەر بازاڕێکی تازە دۆزرابێتەوە لە لاس فێگاس، یاخود باواڕی تەکنەلۆژیای خەیاڵی، نوێترین مۆدێل، هەلی کاری نوێ هەموو کەسێك بە پەلەقاژە بۆی دەچێت. بەڵێ،هەمیشە دەنگی دەهۆڵ لەسەروکۆلانەکان خۆشتر دێتە بەرگوێت وەك لە ناو ماڵەکەتدا.

کلیلی چوارەم بریتیە لە:

"لە دەوروبەری خۆتەوە دەست پێبکە"

"ئەگەر چی تازە دەستپێکردویەك بیت یاخود تەمەنێکە سەرمایەگوزاری دەکەیت هێشتاش پێشنیار دەکەم لە دەوروبەری خۆتەوە دەست پێ بکە. ئەمە مانی چییە؟ مانای وایە لەو شتانەوە دەست پێبکە کە دەیان نزانیت. ئەمە بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوەیە کەبڕیار لەسەر شتێك بدەیت بەهۆی ناوبانگ بەرزییەوە.

پشکی تەکنەلۆجی بۆ زۆربەی خەڵکی نمونە بوە لەسەرئەو کەسانەی سەوداگەری دوور لە ماڵی خۆیان دەکەن. ئەگەرچی بناغەکان نەماون هەر کەسەو لەگەڵ خوشکێکی پارەی دەخستە ئەم جۆرە پشکانەوە. ئەو کەسانەی هەرگیز لە بازاڕی پشکەکاندا سەرمایەگوزاریان نەکردووە گرەویان دەکرد ئەم پشکانە ڕزگارکەریان دەبێت ،وەك هەمووماڵ دەزانین بڵقەکان تەقین و خەڵکیش ملیۆنان پارەیان زەرەر کرد.

ستەر لینچ کە بەڕێوەبەری پێشووی Fidality Magellan Fundە و نوسەری 'Learn to Earn' ە دەربارەی پشکەکان زۆر جوانی وتوە:

## ژنی دەوڵەمەند

"هەر کاتێك شتێك دەکڕیت لە کۆگایەك، هەمبەرگرێك دەخۆیت، یاخود چاویلکەیەکی بەرخۆر دەکڕیت،ئەوا تۆ کۆمەڵێك زانیاری بەنرخت دەست دەکەوێت. بەگەڕان بە دەوروبەرتدا،دەتوانیت بزانیت چی بۆ فرۆشتن دەشێت و چی ناشێت. بە ڕوانین لە هاوڕێکانت نزیکیت لێیانەوە دەتوانیت بزانیت چی جۆرە کۆمپیتەرێك دەکڕن، وە چی مارکەیەکی شەراب دەخۆنەوە، سەیری چی فیلمێك دەکەن. ئەمانە هەموویان سەرەداوی باشت پێدەدەن تا پشکی باش هەڵبژێریت.

"سەرت سودەیمێنێت بەبینین ئەوەی پشکی باش دەتوانیت هەڵبژێریت . چەندین تازە کار سەرکەوتونەبوون لە درك پێکردنی ئەو سەرەداوە گرینگانە. ملیۆنان کەس لە پیشەسازیەکلاندا کاردەکەن و هەرگیز لەو ئاستەی تێیدان بەرەوپێش ناچن . دکتۆرەکان دەزانن کام کۆمپانیای دەرمان باشترین دەرمان دروست دەکات، بەڵام زۆرجار خۆیان پشکی کۆگای دەرمان ناکڕن. خاوەن بانکەکان دەزانن کام بانکە بەهێزترینە و کەمترین تێچویان هەیە و ژیرانەترین قەرزدان دەکەن، بەڵام نابینستیت کە پشکی بانکی بکڕن. خاوەن کۆگاکان و ئەوانەی مۆڵەکان بەڕێوەدەبەن زانیاریانە هەیە دەرابەری ئاستی فرۆشی مانگانەو، وە بە دڵنیایشەوە دەزانن کام تاك فرۆشانە زۆرترین کالآ دەفرۆشێت. بەڵام ئایا چەند بەڕێوەبەری مولکمان هەیە کە خۆیان بەرەوپێش بردوە لە ڕێگای سەرمایەگوزاری کردن لە بواری پشکی بازرگانی تاك فرۆشیدا؟ ئەم دەرفەتانە نەك تەنها لە ئاسی شارەزایی کەسەکانەوە نزیکن بەڵکو ڕێك لەبن چنگی خۆیاندایە.

"لە گەشتێکدا بۆ سەنگافورە ئافرەتێك لێم نزیك بوەیەوە وتی،" من لە سینگافورە دەژیم، بەڵام بیستومە بازاڕی خانوبەرە لە ئۆرلاندۆ و فلۆری ا زۆر باشە. دەتوانم خانوبەری ئەویێ بکرم؟ "

"سەرەتا نازانم ئایا ئۆرلاندۆ بازاڕی باشە یان نا. دووەمیش، تەنانەت ئەگەر واش بێت باش نابێت. ئەو خانمە هەرگیز سەرمایەگوزاری خانوبەرەی نەکردوو پێشتر. لێم پرسی،" ئایا چویتە بۆ ئۆرلاندۆ یان ئایا لە پلاننتدا هەیە بەم زوانە گەشت بکەیت بۆ ئەویێ؟"

وەلامی دایەوە،" ئۆۆو نەخێر. بیرم کردەوە موڵکەکە لەرێگای ئینتەرنێتەوە بکرم".

پێم وت،" من بەگشتی ئامۆژگاری نادەم. بەلام ئەمە دۆخێکی کت وپڕبوو. لە رێگەی ئینتەرنێتەوە موڵك مەکرە. ئەگەر تازە دەست پێدەکەیت ئەوا موڵك لە شارێك مەکرە کە هەرگیز نەچویتە بۆی و شارەزایی نیت. بەدوای ئەو موڵکانەدا بگەرێ کە لەشوێنی نیشتەجێ بوونی خۆتەوە نزیکترن. وە لە هەمووش گرینگتر هەندێك بخوێنەوە دەربارەی سەرمایەگوزاری خانوبەرە".

من کێشەم نییە لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵە دەکرێت، بەلام پێویست ناکات گەمژانە رەفتاربکرێت. ئەم ئافرەتە خەریك بو- کارێك بکات کە توشی زیانێکی گەورە دەبوو بەهۆیەوە.

سێ هۆکار بۆ ئەوەی پێویستە نزیکی شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆت بێت کاتێك دێتە سەر باسی خانوبەرە من حەز دەکەم نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆم بێت لەبەر سێ هۆکار:

"یەکەم، بۆ ئەوەی دەستم بگات بە تەواوی ئەو ناوچەیەی کە سەرمایەگوزاری لێ دەکەیت. پێویستە بزانیت ئایا نرخەکان لە بەرزبونەوە یان دابەزیندان، ئایا هیچ بازرگان و کۆگایەك لەو ناوچەیەدا کار دەکەن، ئایا بەهای موڵکەکە چۆنە، یاخود ئاخۆ خواستی گشتی ناوچەکە لە زیاد بوون یان کەم بونەوەدایە؟ ئەمانە هۆکارێکن کە دەبێت ئاگاداریان بیت. بۆیە کاتێك موڵکێك دەخرێتە ڕوو بۆ فرۆشتن ،تۆ لەو بوارەدا شارەزایی تەواوت دەست دەکەوێت، وە دەشزانیت ئایا ئەو موڵکەیە کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت و دەتەوێت سەرمایەگوزاری تیابکەیت."

"دووەم، ئەگەر کێشەیەك هاتە پێش بۆ موڵکەکە پێویست بەوە ناکات بلیتی تەیارە ببڕیت و سەیارەیەك بەکرێ بهێنیت تا بچیت کێشەکە چارەسەر بکەیت وە پاشان دووبارە بگەڕێیتەوە بۆ فڕۆکەخانە و بە فڕۆکەیەکیتر بێیتەوە بۆ شاری خۆت . ئەمە هەم زۆرت پارەو کاتیش لێ دەبات."

"سێیەم هۆکار کە من پێشنیار دەکەم نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونت بێت ئەوەیە ئەگەر من هەمیشە پێم وابێت لە شارەکانیتر ڕێککەوتنی فرۆشتنی باشتر هەن،هەمووکاتەکانم بە ڕاکە ڕاك بەدوا سەدان موڵکی باش لە سەرتاسەری جیهاندا بەفیڕۆ دەڕوات. لەبیر ئەوە دەچم سەرنج دەدەم لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو ی نزیك خۆم". لە پڕ سەرسام دەبیت کە دەبینین چەندین ڕێککەوتنی فرۆشتنی سەرمایەگوزاری باشت دێتە پێش.

گەورەترین هەڵەی سەرمایەگوزاریم

"بۆچی من زۆر جەخت لەم بابەتە دەکەمەوە؟ لەبەر ئەوەی گەورەترین هەڵەی سەرمایەگوزاریم بەهۆی وەرنەگرتنیی ئامۆژگاریەکانی خۆمەوە ڕوویدا.

"من و ڕۆبێرت لە میامی بووین، بەحیسابی خۆمان باشترین سەرمایەگوزاری هاتە پێشمان کە موڵکێکی بازرگانی بوو بۆ یانەی گشتی تەندروستی تەرخان کرابوو. بینایەکی نزیکەی ٤٥,٠٠٠ پێ ڕووبەری بوو. ئێمە لەسەر نرخ ڕێکەوتین، وە دەستمان کرد بە دۆزینەوەی تەواوی وردەکاریەکانی.

"بەهۆی ئەوەی من پێشتر لەم جۆرە موڵکەم نەکڕی بوو وە شارەزایی فلۆریدا نەبووم، بریکارێکی یاسای خانوبەرەم هێنا تا ئەو ڕێککەوتنە ئەنجام بدات کە بۆم پێشنیار کرابوو. یەکەم کێشەم ئەوە بوو بریکارەکەم تایبەت بە ناوچەی ئەریزۆنابوو وە لە جیاوازی یاساییەکانی فلۆریدا تێنەدەگەیشت. دووەم کێشەش بریکاری فرۆشتنەکە بوو کە ئاستی ئەزمونی لەڕادەبەدەر بوو، وەك بریکارەکەی ئێمە نەبوو ،بگرە زۆریش بە پێچەوانەوە بوو. بۆیە لە جیاتی ئەوەی وتوێژ دەربارەی موڵکەکە بکەن بوو بەوتوێژوێژی کێبرکێی نێوان هەردوو بریکارەکە، موڵکەکەی منیش بوو بە ناوبژیوانی ئەم دۆخە. وێڕای هەموو ئەمانە بەپێی ئەوەی ئەم موڵکە زۆر ئاڵۆزتر لەوە بوو کە من پێشتر کارم لەسەری کردووە، لە شارێکدا کە شارەزایی نەبووم،ڕێگەم بە بریکارەکەم دا لەبری من قسەبکات و گفتوگۆ بکات. هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. لەمەوە فێربووم بریکاری خانوبەرە کاری ئەوە نییە وتوێژبکات لەسەر

موڵکەکە، بەڵکو کاری ئەوەیە پرسیارگەلێك بهێنێتە کایەوە و کێشەکە دیاری بکات. لەوە بە دوای لەسەر خۆمە بەردەوامی پێ بدەم یاخود نا."

"جا بەکورتێکەی، ئێمە ماوەی ٥ مانگ بەردەوام بوو. ئەوەی زۆر ئاڵۆزتری کردبوو ئەوەبوو من شارەزایی ئەو ناوچەیەم سفربوو کە دەم ویست سەرمایەگوزاری لێ بکەم. تێگەیشتم ئێمە جارێ تەنیا کارمان لەسەر ڕێککەوتنەکەی سەرەتابوو هێشتا ماوەی پشکنین و لێکۆڵینەوە دەستی پێنەکردبوو.

"گەیشتینە ئاستێك خۆم و ڕۆبێرت پێکەوە چوین بۆ میامی تا ڕووبەڕوو فرۆشیارەکە ببینین. لە چەند خولەکێکدا خاڵە سەرەکیەکانمان جێگیر کرد و پاشان گەڕاینەوە بۆ وڵاتی خۆمان.ڕۆژی دواتر ڕێککەوتنکە گەیشتە سەر مێزەکەم و بریکاری فرۆشتنەکە هەموو ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبون گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو وە ئێستا فرۆشیارەکە خۆی گەشتی ناوچە دوورەکان دەکات.

"لە کۆتایدا پاش چەند مانگێك ، شەوێك نزیك کاتژمێر ١٠ پەیوەندیەکم پێوەکرا لەلایەن بریکارەکەمانەوە.وتی،" فرۆشیارەکە موڵکەکەی لە بازاڕی فرۆشتندا لابردوە، تەواو بوو لەدەست چوو." دواتر بۆم دەرکەوت کێشەی تر لە کایەبووە. بەڵام لەو کاتەدا ئەم هەستە خنکێنەر لە دڵمدابوو. هەموو ئەو کات، هەوڵ و قەواڵە یاساییانە بوون بە هیچ! پەیوەندیم بە فرۆشیارەکەوە کرد ئەویش پێی ڕاگەیاندم ڕێککەوتنەکە هەڵوەشاوەتەوە. نزیکەی نیوە شەو بوو. من بێزار و توڕەبووم. بەڵام توڕەبوونی من لە فرۆشیارەکەو بریکارەکە نەبوو، من لەگەڵ خۆمدا باڵان قڕبووم.ئەو ڕێککەوتنە ئاڵۆزبوو بەهۆی ئەوەی کە من هیچ شارەزایی

لەسەر ئەو ناوچەیە نەبوو، وە لەهەمان کاتدا بەو جۆرە موڵکانە ڕانەهاتبوم. بەڵام لە ناخی دڵمەوە دەمزانیت یەك هۆکار هەیە بۆ بوونی تەواوی ئەم تەنگەژانە. هۆکارەکەش من بووم - من متمانەن بە خۆم نەبوو . باوڕم نەبوو وەك پێویست زانیاریم هەبێت. لەوە ترسابووم کە شکست دەهێنم. ڕێگەم دا ترسەکانم بەسەرمدا زاڵ بن، بەجۆرێك بوە هۆی لەناوبردنی ڕێککەوتن نامەکە. کە بیر لەو کاتە دەکەمەوە دەبینم ئەویش جۆرێك لە مامەڵەی بازرگانی خانوبەرە بوو کە تەنیا چەند شکستێکی کەم لێوەی فێربووم . وانەیەکی زۆر گەورە بوو بۆم.

"بۆیە نزیکی کاتژمێر ١ ە و من هەر لۆمەی خۆم دەکردو زیاتر و زیاتر. هەموو ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە ئەوەبوو،" دوای ئەو هەموو کات و هەوڵدانە ئێستا دەبێت مامەڵەیکی نوێ بدۆزمەوە لەجێی ئەمە ئەنجامی بدەم!"

"گەڕامەوە ناو ئۆفیسی ماڵەکەم لەوێ کۆمپیتەرەکەمی لێ بوو کە پڕبوو لە زانیاری و لێدوانی خانوبەرە کە لەلایەن بریکارەکانەوە نێردرابوو. ڕاستەوخۆ دەستم کررد بە گەڕان لەناو ئەو هەموو زانیاری و پێشنیارە خانووبەرەیە کە من دەمێك بوو پشتگوێم خستیوون بەهۆی خەریك بوون بە مامەڵەی موڵکەکەی میامیەوە.

"کات بوو بە ٢ی شەو، ئەو زانیاریانەی چەند مانگێك پێشتر بەدەستم گەیشتبوو دەربارەی موڵکێك کۆم کردبۆیەوە، هەر چەند زیاتر سەیرم دەکرد زیاتر حەزم لێی دەبوو. بیرمکردەوە،" ئاخۆ ئەگەری ئەوە هەیە ئەو موڵکە ئێستاش بەردەست بێت؟" بەیانی زوو دەواری کاتژمێر ٧ پەیوەندیم بە بریکارەکەوە کرد کە زۆر باش دەمناسیت وباوڕم پێی بوو،

وتم" کرێگ ئەو خانوە دەزانیت کە چەند مانگێك پێش ئێستا قسەمان لەسەری کرد کە لە شەقامی ئەوبەری نوسینگەکەی تۆوەیە؟ ئایا تا ئێستاش ماوە؟" وتی،" لە ڕاستیدا نەیانخستە لیستی فرۆشتنەکانەوە. ئەوان تەنها پیشانی چەند کڕیارێکی تایبەتیان داوە. پەیوەندی بە بریکارەکەوە دەکەم تا زانیاری لێ وەربگرم." "سێ خولەك دواتر پەیوەندی پێوە کردمەوە وتی،" بریکارەکە وتویەتی ئەگەر حەزتان لێی بێت دەی فرۆشم." پرسیم،" چەندی لێ داوا دەکات؟"

کرێگ وتی،"نرخی تەواوەتی". پرسیم،" بە بەهای چی؟"

دووبارە "نرخی تەواوەتی" وەڵامەکەی بوو. وتم،"من دەمەوێت".

"سەیریەکەی لەوەدابوو ئەم موڵکو زۆر لە موڵکەکەی میامی دەچوو، بەهۆی ئەوەی من زۆر باش شارەزایی ئەو ناوچەیە بووم،وە هەروەها من ئێستا زۆر فێربوومە دەربارەی ئەم جۆرە موڵکانە، تەواوی مامەڵەکە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا تەواوبوو. وێڕای ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو مامەڵەیەدا باشترین بریکارم ناسیت کە باوڕبونمی بە بریکارەکان نوێ کردەوە."

"ئێستا ئەم موڵکەم باشترین سەرمایەگوزاریە بۆم لەڕووی ئەو پارە نەقدیەوە کە لێی دەستم دەکەوێت و بەهای کڕینەکەیەوە. بەم جۆرە گەورەترین هەڵەم بوو بە باشترین سامان بۆم هەم لەڕووی زانیاریەوە و هەم لەڕووی پارە نەقدیە هەڵهێنجراوەکانمەوە.

دەتانەوێت لەهەموو ئەمانە سەیرتر ببیستن؟ ئەم موڵکە تەنیا دوو کۆڵان لە ماڵی خۆمەوە دوور بوو.

"هەر وەك وتم، من پێم خۆشە سەرمایەگوزاریەکەم لەخۆمەوە نزیك بێت".

بەندی بیست و یەك

# ٥ کلیلی تر بۆ بوون بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو

"زۆر لەمێژە سەربەخۆیم بە گەورەترین بەخششی

ژیان و بناغەی تاواوی باشیەکان زانیوە"

"ماری ئۆڵستن کرافت"

ترەیسی وتی،" ئەوە وانەیەکی زۆر مەزنە کە وەریبگریت، فێرببیت متمانەت بە خۆت هەبێت."

پات وتی،" پێم وایە ئەوە بابەتێکی گرینگە بۆ ئافرەتان بەتایبەتی لەرووی پارە و سەرمایەگوزاریەوە، چونکە ئەمە بۆ زۆربەمان شتێکی نوێیە. چی شتێکی ئەو وانەیە گەورەترین کاریگەری لەسەرت هەبوو؟"

وەڵامم دایەوە،" دەتوانم بڵێم ترسەکانم دەربارەی سەرمایەگوزاری ئەو شەوە لەناوچوون. سەرمایەگوزاریەکانم بوون بە سەرمایەگوزاری تەواوەتی. زۆربەی هەست و کاردانەوە و دوودڵیەکانم ڕەوینەوە. فێربووم تەواوی ترس و نیگەرانییەکانم هیچ پەیوەندیان بە سەرمایەگوزاریەوە نییە،بەڵکو زیاتر کار لەخۆم دەکەن. وای بۆ دەچم لە کۆتایدا توانیم جیاوازی نێوان خۆم و سەرمایەگوزاریەکانم بزانم . من زۆربەی

کات،هەمیشە نا، لە توانامدایە ڕوونی بکەمەوە ئەم سەرمایەگوزاریە چۆنە،بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەم هەستەکانم ڕاستییەکان بشارنەوە."

ترەیسی وتی،" ئەم ڕێنماییانە بە ڕادەیەکی زۆر توشی لێ ئاڵۆزبوونی کردووم، ئایا هیچ شتێکیتر هەیە فێربوبێتی لەو ڕێگایەدا؟"

وەڵامم دایەوە،" پێنج خاڵی تریشم هەن پێم وایە بەسودن".

ترەیسی وتی،" کەواتە بەردەوام بە".

کلیلی ٥:

ئەو چوار دەروازەیەی پێشوو بەرەو ئەم دەروازەیەمان دەبات:

"خۆت ئامادەی بردەنەوە بکە"

"هەموو حەزمان لە سەرکەوتنە. حەز دەکەین ببەینەوە. هەر وەك چۆن ئێنس لۆمباردی کە ڕاهێنەری تیمی گرین بەی پاکەرزە دەڵێت،" تۆ شکستخواردویەکی باشم پیشان بدە منیش شکستخواردوەیکت پیشان دەدەم." ئێمە لەم یاری سەرمایەگوزاریەداین بە ئامانجی بردنەوە."

"ئەگەر تازە دەستت پێکردووە پێویستە هە لە سەرەتازە ئەزمونی چەند سەرکەوتنێك بکەیت. بەشوێنکەوتنی ئەو کلیلانەی لە ١ تا ٤ خۆت بۆ فێربوون تەرخان بکە،لە کەمەوە دەست پێبکە، بڕێکی کەم پارە بخە کار، لە دەوروبەری خۆتەوە دەست پێبکە ــ باوڕم واسە ئەزمونی سەرکەوتن لە هەر سەرمایەگوزاریەك زۆر زیاتر دەبێت.

"وا بکە لە یەکەم سەرمایەگوزاریدا بیبەیتەوە. ئەمە بۆچی زۆر گرینگە؟ لەبەر ئەم سێ هۆکارە:

ۆکاری یەکەم: سەرکەوتنێکی کەم لەسەرەتادا دەبێتە هۆی زیادبوونی
متمانە بەخۆ بونت وەك سەرمایەگوزارێك. کاتێك شکست دەهێنیت بە
تایبەتی لە یەکەمین سەرمایەگوزاریتدا،ئەوا گومانەکانت دەست بە
سەرهەڵدان دەکەن. چەند بیرکردنەوەیەك بە مێشکتدا دێت وەك "لە
وانەیە من بۆ ئەمە لەبار نەبم"، "نامەوێت پارەی زیاتر لەدەست بدەم"،
"کێ هەڵەخەڵەتێنم،من ناتوانم ئەو کارە بکەم!" کاتێك لە
سەرمایەگوزاری یەکەمتدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت زۆر بۆت ئاسانتر
و خۆشترە دەست بە سەرمایەگوزاری دووەم بکەیت. زۆر جار دەبیستم
خەڵکی خۆیان لە مامەڵەی بچوك لادەدەن و ڕاستەوخۆ لە مامەڵەی
گەورەوە دەست پێ دەکەن. لەجیاتی کڕینی خانوویەکی دوو نهۆمی
دەچن بینایەکی ١٠٠ بەشی دەکڕن. ئەوان هیچ ئەزمونێکیان نییە و
نازانن چۆن موڵکێکی گەورە بەڕێوەبەرن بۆیە زۆر بەخێرای هەڵەی زۆر
دەکەن. کرێنشینان زۆر بەزووی چۆڵی دەکەن چونکە بەدەمیانەوە
نەچونە. تێچووەکان بەجۆرێك زیاد دەکەن کە چیتر دەسەڵاتت بەسەریدا
ناشکێت، بۆیە تا دێت کرێچی کەمتر و کەمتر دێنە بەردەرگات بۆ بەکرێ
گرتنی بیناکە. ڕێژەی نهۆمە چۆڵەکا زیاد دەکات. بەر لەوەی پێی بزانیت
ئەم کەسانە کە دەیانەوێت بنچینەکان وەلا بنێن مانگانە پارەیان لە کیس
دەچێت تا لە کۆتایدا دەڵێت،" دەبینیت! هەر دەمزانیت سەرمایەگوزاری
خانوبەرە سودی نییە و سەرناگرێت!"

" ئەو سەرمایەگوزاریەی کە ٢٠٠ هەڵبژاردەی پشکی بە ٥,٠٠ $ بۆ
هەر پشکێك دەکرێت و بڕی ١٠٠,٠٠٠ دەخاتە سەرمایەگوزاریەوە
ڕەنگە زۆر ژیرتر بێت لە سەرمایەگوزارێك کە یەکەمجاری بێت و ٢٠٠

پشك بكرێت بۆ هەمان زەخیرەكراوی پشكی بە ٣٠,٠٠٠ $ بۆ هەر پشكێك و بەبڕی ٦٠٠,٠٠٠ $ سەرمایەگوزاری دەكات.

متمانە بەخۆبوون پاڵنەرێكی بەهێزی سەركەوتنی سەرمایەگوزاریە، وە هەروەها پێكهاتەیەكی بەرهێزیشە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆی دارایی‌ت. هەر چەند متمانە بەخۆبوونی زیاترت بۆ دروست بێت بەهۆی ئەو سەركەوتنە سەرەتاییانەوە ،زیاتر متمانەت بە بڕیارەكانت دەبێت لەڕووی سەرمایەگوزارییەوە. هەرچەند زیاتر متمانەت بە خۆت بێت كەمتر ترس دەبێتە كۆسپی سەر ڕێت. ئەو سەركەوتنە سەرەتاییانە بێ ئەندازە هاندەرت دەبێت بۆ سەركەوتن."

"هۆكاری دووەم: لەوانەیە كەسانێك هەبن لە دەورووبەرت كە جەخت لەوە دەكەنەوە سەرمایەگوزاری زیانائویە. ئەوان كەسانێكن كە بەرگە ناگرن ئەوەی لە نوسراوێكدا بینیویانە دوو هاوسەر تەواوی پاشەكەوتەكانی ژیانیان لە دەست داوە بە خستنەكاری لە بازاڕی كڕین و فرۆشتنی پشكەكاندا یان شكستێكی گەوری سەرمایەگوزاری خانوبەرە. ئەوان ئەو نوسراوانە ڕاستەوخۆ دەنێرن بۆت. ئەم كەسانە دەیانەوێت دایم خۆیان لەسەر حەق بن وە بۆ ئەوە دەژین تا پێت بڵێن،"خۆ من ئەوەم پێ وتیت!" گرەو دەكەم یەك یان دوو لەو جۆرە كەسانە دەناسیت. ئەوان چاوەڕێ دەكەن سەرمایەگوزاریەكەت شكست بهێنێت تا پەیوەندیت پێوە بكەن و دڵنەوایت بكەن بۆ ئەو شكستەت،"ئەها ئەها شیرینم لەبیرتە پێم وتیت سەرمایەگوزاری زیانائوییە، بەڵام تۆ خۆت ویستت وات بەسەر بێت." تۆ بەڕاستی ئەوت دڵخۆش كرد! كەواتە با ژیانیان خۆش

نەکەین،ژیانی خۆمان خۆش بکەین. بیسەلمێنە ئەوان هەڵەن!
سەرکەوتنت باشترین تۆڵە سەندنەوەیە".
هۆکاری سێیەم: تۆ دەتەوێت پارە پێکەوە بنێیت. ئەمە ناوی ئەم
یاریەیە. گەرەنتی ئەوە دەکەم هەر کە بڕی یەکەمی دەستکەوتت بینیت
کە لە ئەنجامی هەوڵەکانتەوەیە هەموو شتێك زۆر خۆشتر دەبێت لات.
لەبیرت بێت، ئەمە یاریە هەندێ جار دەیبەیتەوە وە هەندێجاریش
دەیدۆڕێنیت. بەڵام یاریەکانیش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشە، وە پارە
پەیداکردنیش خۆشە!"

سەرمایەگوزاریکی زیانبار

لە خاڵی دووەمدا ئاماژەم بە زیان دا،بەزۆری خەڵکی وابیر دەکەنەوە
سەرمایەگوزاری زیاناوییە. ئەمە ڕاست نییە. سەرمایەگوزارییەکەم
کەمترین زیانی بۆم هەبوو. ئەو کەسانەی دەڵێن سەرمایەگوزاری
زیاناوییە کەسانێکن سەرمایەگوزاری ناکەن یاخود دەیکەن بەبێ ئەوەی
زانیاری و شارەزاییان هەبێ دەربارەی ئەوەی سەرمایەگوزاری تێدا
دەکەن.

"بۆ نمونە، هەر ئەو ئافرەتەی خەڵکی سینگافورەبوو دەیویست موڵکێك
لە فلۆریدا بکرێت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، ئەمە زیاناویە. بگرە زیاتر لە
زیانیشە، گەمژەییە. هیچ زانیاری لەسەر سەرمایەگوزاری خانوبەرە نییە،
هیچ شارەزایی بازاڕی فلۆریدا نییە، هیچ شارەزایی نییە لەسەر
بەڕێوەبردنی موڵك و سەرەڕای ئەمانەش هەزاران میل لە موڵکەکەیەوە
دووربوو. ئەو خۆی بەرەو شکست هەنگاوی دەنا. ئەگەر بچوایە ئەو

موڵکەی فلۆریدای بکڕیایە ئەوە وەك قسەی بەرپەچکارانی لێ دەهات کە دەڵێن،" دەمزانیت سەرمایەگوزاری خانوبەرە زیاناویە."

"ڕاستییەکە ئەوەیە سەرمایەگوزاری زیانبار نییە. ئەو کەسە خۆی زیانکارە. ئەو خۆی هیچ زانیاری و ئەزمونێکی نەبوو. ئەو دەیەوێت کورتە ڕێگاکان بگرێتە بەر. ئەو وەلامی خێرا و ئاسانی دەویست لەجیاتی ئەوەی کات و هەوەڵی بۆ تەخان بکات و ببێت بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو. هە وەك وتم ئەو خۆی زیانکارە نەك سەرمایەگوزاری.

"ئایا هەرگیز لەسەر بناغەی قسەی خەڵکی دەربارەی باشی موڵکێك بڕیارت داوە؟ خەڵکی بەردەوام وا دەکەن . منیش وامکردووە. کەسێك پێت دەڵێت زانیاریەکی دڵنیای هەیە کە ئەو پشکە قازانجی زۆر دەبێت! پێت دەڵێت،" وا باشە زۆر بەخێرای بەدەستی بهێنیت." وە تۆش بەبێ ئەوەی هیچ بزانیت دەربارەی کۆمپانیا و بەرهەمەکە دەچیت دەیکڕیت. ئەمە زیاناویە.

"هاوڕێیەکم هەیە پێی وابوو باشترین ستراتیجیەتی سەرمایەگوزاری هەموو جیهان دەزانێت. هەموو بەیانیانێك یەکەم شت کە دەیکرد دەچوو پەسەندترین بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەلایەوە هەڵ دەکات. سەردێڕی قسەکان هەر پشکێکی باسبکردایە لە سەرەتای ڕۆژدا دەچوو دەیکڕیت. ئەو وابیری دەکردەوە ئەگەر هەواڵبێژی تەلەفزیۆن هەر پشکێك بەرز بنرخێنێت ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانیتر بیکڕن و خۆیان نرخەکان دەستکاری بکەن و بەرزی بکەنەوە. پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە تەواو بێت ئەوەی کڕیبوی دەیفرۆشتەوە. لە سەرەتاوە پارەی دەست دوکەوت بەم ستراتیجیەتە. ئەوە بازاڕێکی هەرەمەکی بوو، بەردەوام بازاڕ لە

بەرزبونەوەدا بوو. ئەو پێویستی بەوە نەبوو زۆر خۆی خەریك بكات . بەڵام دواتر بازاڕ دابەزیت. ئەو دڵنیا بوو لەوەی پلانەكەی سەركەوتو دەبێت. بۆیە بەردەوام لەسەری دەڕۆیشت. ئەو خۆی بەوە قایل دەكرد، "دەزانم دەتوانم ئەو پارەیەی لە دەستم داوا بیگێڕمەوە". لە كۆتایدا وازی هێنا. نزیكەی ١٠,٠٠٠ $ ی لە دەست چوو. ستراتیجیەتەكەی لەسەر هیچ بناغەو ڕاستییەك نەبوو. ستراتیجیەتەكەی پشت بەستوبوو بە وتاربێژ و بەهابەرزكەرەوە تەلەفزیۆنییەكانەوە،بەبێ زانیاری و ئەزمون. ئەمە زیاناویە. ئەگەر دەتەوێت پارەكەت بۆهەر جۆرێكی سەرمایەگوزاری تەرخان بكەیت سەرەتا فێری ئەو جۆرە ببە، لە كەمەوە دەست پێبكە، بڕێكی كەم پارە بخەكار و لە دەوروبەری خۆتەوە دەست پێبكە، خۆت ئامادەی سەركەوتن بكە، بەتایبەتی لە یەكەم سەرمایەگوزاریتدا. متمانە بەخۆبوونت بنیاد بنێ. بە بێ گومان هەڵەش دەكەیت بەڵام هەرچەند هەڵەی زیاتر بكەیت زیاتر فێر دەبیت. هەرچەند زیاتر فێرببیت ئەگەری زیان كەمترە و گریمانەی سەركەوتن زیاد دەكات. كەواتە لە دەستپێكەوە خۆت بۆ سەركەوتن دابنێ."

كلیلی ٦:

ئەم كلیلە زۆر بۆ ئافرەتان شیاوە:

"چواردەورەكەت بە وریایەوە هەڵبژێرە"

"چواردەورەكەت كەسانێكن لە دەوروبەرتن. لەوانەیە چەندین بازنە لە ژیانتدا هەبن . لەوانەیە بازنەی خێزان،كار و بازرگانیت هەبێت یاخود

بازنەی هاوڕێ کچەکانت . ئەگەر خولیایەکت هەیە یاخود جۆرێك وەرزش دەکەیت، ئەوە تۆ بازنەی تایبەت بەو حەزانەشت هەیە.

"وە لەڕووی سەرمایەگوزاریشەوە تۆ بازنەی سەرمایەگوزاریت هەیە. ئەمەش ئەو کەسانەی دەوروبەرت دەگرێتەوە کە بەژدارن یاخود پشتوانیت دەکەن لە ئامانجە سورمایەگوزاریەکەتدا . باباسی هاوڕێ و ئامۆژگاری کار و گروپەکانی ئافرەتان بکەین.

"خاڵی یەکەم: هاوڕێکانت دەستنیشان بکە. هاوڕێکەم جەین چەندین ئامۆژگاریێ زۆر ژیرانەی پێشکەشکردم چەندساڵێك پێش ئێستا. من باسی ئەو ئامانجەم بۆی کرد کە بۆ کۆمپانیای باوکی دەوڵەمەند هەم بوو . کە ئامانجێکی گەورە و دیاربوو. پێم وت دەمەوێت دەربارەی ئەم خەونە مەزنەم بە خەڵکیش بڵێم تا زیاتر ڕاستی دەربکەوێت لە مێشکمدا. بۆم دەرکەوت هەرچەند لای کەسانیتر زیاتر باسی ئامانجەکەم بکەم هەلی بەدەستێهنانی زیاتر دەبوو."

قسەکانی جەین بۆم بریتی بوو لە،" شتێکی باشە ئامانجەکانت لای کەسانیتر باس بکەیت ،بەلآم وریابە لای کێ باسی دەکەیت. هەموان پشتیوانیت لێناکەن بۆ گەیشتن بەوەی دەتەوێت."

چی؟ باوڕم نەدەکرد. من کەسێکی گەشبینم . هەمیشە بەباشترین شێوە بیر لە هەموو کەس و شتێك دەکەمەوە. من سودی گومانیش بە خەڵکی دەڵێم. ئێستا ئەم پێم دەڵێت وریابم و بزانم ئامانجەکەم لای کێ باس دەکەم!

زۆر بەزووی بە ئەزمون تێگەیشتم ئەو مەبەستی چی بوو، وەبۆشم دەرکەوت کە زۆر ڕاست دەکات.

له ئاهەنگێکی نیۆیۆرك ئێڤ بووم لەگەڵ کۆمەڵێکی چوارکەسیدا قسەم دەکرد دەربارەی بڕیارە چارەنوس سازەکانی نیویۆرك. هاوڕێیەکمان هاتە ناو قسەکان و بە شادمانیەوە ئامانجی ساڵی داهاتووی باسکرد. وتی،" من بە هیچ کەسێکم نەوتوە، بەڵام ئەمساڵ مەترسی لەسەر تەندروستیم هەبوو ،ماوەی سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانەبووم.

ئەمە بەهۆی ئەوەوە ڕوویدا هەمیشە تەندروستسم خستبوە کۆتای لیستی کارە پێشەنگەکانمەوە. بۆیە ئامانجی نوێم ئەوەیە ٣٠ پاوەند لە کێشم کەم بکە. ڕاهێنەرێکی تایبەتم دۆزیوەتەوە کە هەفتەی سێ جار ڕاهێنانم پێبکات. دەزانم دەتوانم ئەوە بکەم!"

"هەر پێنجمان دەستخۆشیمان لێکرد بۆ ئەو ئامانجەی و هانمان دا هەوڵی بەدەستهێنانی بدات. هەر ئەونە کە دوور کەوتەوە لێمان یەکێك لە ئافرەتانی گروپەکە ڕوویتێکردم و بە فیسکەوە پێی وتم" ئەو هەرگیز ناتوانێت سەرکەوتوبێت تێیدا. ئەو پێشتر هەوڵی ئەوەی داوە، سودی نەبوە و سەری نەگرتوە. وای بۆ ناچم فێری بنەماکان بوبێت. "جەینیش ڕێك مەبەستی ئەمە بوو کاتێك وتی وریابە ئامانجەکەت لای کێ باس دەکەیت. نازانم بۆچی ئەو ژنە وەها تێڕوانینێکی خراپی لەسەر ئەو هاوڕێیە وت. لەوانەشە بەهۆی بەغیلی پێبردن، کینە، کێ بڕکێ یاخود ڕەنگە بەهۆکاری سیاسی بێت،بەڵام سەد لە سەد دیاربوو ئەم ئافرەتە لەلایەنی هاوڕێکەی نەبوو. کاتێك تۆ هەوڵ دەدەیت بۆ ئامانجەکەن دوا شتێك کە بیری لێ دەکەیتەوە با بیر و ڕا نەرێنییەکانی خەڵکی بێت. خودا دەزانێت هەر خۆی مێشکی خۆمان زیاد لە پێویست ئەو بیری نا

مەنتیقیانەی تێدایە. کەواتە هاوڕێیەک کە ورەکان دابەزێنێت کەی هاوڕێیە؟

"هەندێك جار سەرکەوتنی تۆ یان ئامانجێکی نوێ کە دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرکەوتنەکانت دەبێتە هۆی ترساندنی کەسانێك و دەرخستنی ڕادەی نا سەرکەوتوییان. کەسانێك کە لە ژیاناندا بەرەو پێش ناچم داخ لە دڵن بەرامبەر ئەوانەی بەرەوپێش دەچن یان دەیانەوێت بەرەوپێش بچن. بۆیە تەنها ڕێگایەك تا وایان لێ بکات زیاتر هەست بە ئاسودەی بکەن ئەوەیە ورەی ئەو کەسانە دابەزێنن کە دەیانەوێت ئامانجێك بەدەست بهێنن. خەڵکی پێیان خۆش نییە بێدەسەڵاتیەکانیان بدرێتەوە بە چاویاندا.

"هاوڕێکەم مارگرین کە زۆربەی پیشەکانی لەبواری کارتەلەفزیۆنیدا بوو دەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو. وتی،" هۆکاری ئەوەی زنجیرە فیلمەکان بینەری زۆرترە ئەوەیە خەڵکی پێیان خۆشە ببیستن کەسانێك ژیانیان زۆر ناخۆشترە لە ژیانی خۆیان، تا بتوانن بەخۆیان بڵێن،" دەبینیت ژیانم بەو ڕادەیەش خراپ نییە." کاتێك دەبینن کەسانێك لە ژیانێکی نزمتردان زیاتر قەناعەت دەهێنن بەو ژیانە سەرنەکەوتوەیان و دووبارە هەست بەباشی دەکەن دەربارەی خۆیان."

دەتوانیت هەستی پێ بکەیت کەسانێك زۆر بە دڵسۆزیەوە دڵخۆشن بە سەرکەوتنەکانت بە پێچەوانەشەوە کەسێك ڕەنگە بڵێت،" پیرۆزت بێت، بەڵام تۆ بەوە دەزانیت کە لە دڵیانەوە نییە."

"دانی پیادەنێم من کەسێکی زۆر بەرگریکارم ، حەز دەکەم بیبەمەوە، وە منیش ئەو جۆرە بەخیلیەم جار جار هەیە . من هەست بەوە دەکەم

چونکە سەرکەوتنی کەسانێك بەبیرم دەهێنێتەوە دەبوو چی شتێکم بکردایە لە ژیانمدا کە نەمکردوو. باوەڕم وایە سروشتی مرۆڤ هەر وایە. ئێستا کاتێك ئەو هەستی حەسودیەم لا دروست دەبێت بڕیاری ژیرانەتر دەدەم لەبری ئەوەی کینە لە دڵ بگرم، ئەو هەستە بەکاردەهێنم وەك هاندەرێکم بەرەو باشتربوون.

کەواتە، نهێنییەکە ئەوەیە دەورووبەرت پڕبکەیت لەو کەسانەی کە بە دڵسۆزیەوە پشتیوانیت دەکەن و هانت دەدەن تا بە ئامانجەکەت بگەیت. چەند ساڵێك پێش ئێستا بڕیارێکم دا کارێك بکەم هاوڕێیەتی زیاتر دروست بکەم. بەڕاستی من چێژ دەبینم لە ژیان لەناو خەڵکیدا،ژیان زۆر کورتە . "بۆیە، کاتێك دێیتە ناو ئەم بواری سەرمایەگوزاریەوە وریابە لەوەی کەسانی دەوروبەرت کێن. ئامانجەکانت بۆ کەسانێك باس بکە کە بیرکردنەوەیان لێتەوە نزیکە و ئامانجی هاوشێوەی ئەوەی تۆیان هەیە، کەسانێك کە پاڵت دەنێن بەرەو سەر نەك بتگێڕنەوە بەرەو خوارەوە. هاوڕێیەتی کەسانێك بکە کە دەیانەوێت فێربن و بەرەوپێش بچن و پاڵپشتیت دەکەن بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین خەونەکانت. ڕەنگە خۆت ببینیتەوە لەگەڵ چەندین هاوڕێی نوێدایت .

خاڵی دووەم: ڕێگانیشاندەر بۆ خۆت بدۆزەرەوە. ڕێگانیشاندەرکانت کەسانێکن ئەو کارانە دەکەن کە تۆ دەتەوێت ئەنجامی بدەیت و کارامەن لە بواری خۆیاندا. ڕەنگە بۆ هەر بوارێك لە بوارە جیاوازەکانی ژیانت ڕێگانیشاندەرێکت هەبێت: ڕێگا نیشاندەری سەرمایەگوزاری، ڕێگانیشاندەری کار، لەشجوانی، وە هەروەها ڕێگا نیشاندەری ژیانی کەسیت . هاوڕێی زۆر باش و هاوکاری سەرمایەگوزاریم کێن یەکێکە لە

ڕێگانیشاندەرەکانم،ئەو خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای بەڕێوەبردنی موڵکیە لە باشوری خۆرئاوا و هەروەها سەرماسەگوزاریشە. ئەو هەموو لایەنەکانی سەرمایەگوزاری موڵکی دەزانێت. هۆکاری حەزکردنم بەکارکردن لەگەڵ کین دا ئەوەیە من و کین پێکەوە گفتوگۆ دەکەین دەربارەی مامەڵەیەکی باشی موڵکداری. زۆر کەم دەخایەنێت تا باشی و خراپی موڵکەکە ڕوون بکەینەوە. هەموو جارێ دوای هەر چاوپێکەوتنێك من وەك کۆلارەیەکی باڵەفڕ وام چونکە کە دێمە دەرەوە زۆر زیاتر دەزانم لەو کاتەی کە هاتمە چاوپێکەوتنەکەزە.

ئەو پرسیارەی زۆرێك دەیپرسن ئەوەیە،" چۆن ڕێگانیشاندەرێك دەدۆزنەوە؟ من خۆ ڕایەکی جادوویم پێ نییە بۆ ئەم کارە. زۆربەی ڕێگا نیشاندەرەکانی ژیانم بەڕێکەوت ناسیوە. وتەیەك هەیە دەڵێت،" کاتێك قوتابی ئامادەبێت، مامۆستا خۆی پەیدا دەبێت." بۆم دەرکەوت ئەوە ڕاستە. کاتێك تۆ خۆت ئامادەیت و دەتەوێت فێربیت،ئەو ڕێنیشاندەر خۆی دێتە ڕێت .

خاڵی سێیەم، گروپێکی سەرمایەگوزاری خانمان بۆ خۆت بدۆزەرەوە. هەر وەك پێشتر وتم ئافرەتان لەیەکتریەوە زۆر باشتر فێردەبن. هەر لەبەر ئەمەیە هانی ئافرەتان دەدەم کە گروپی فێربونی سەرمایەگوزاری پێکبهێنن تا ئافرەتانیتر بتوانن سودیان لێ ببینن. دووبارەی دەکەمەوە کە من لەگەڵ ئەو گروپانەم تەنیا تایبەتە بە فێربوون نەك ئەوانەی ئەندامانێ پێکەوە پارە کۆدەکەنەوە بۆ کڕینی سەرمایەگوزارییەك، تۆ دەبێت هاوەڵە سەرمایەگوزاریەکە ژیرانە هەڵبژێریت.

"ئەگەر گروپێکی سەرمایەگوزاریتان پێکهێنا، یا مەرجەکانتان لەجێی خۆیدا بێت . تەنها ئافرەتێك بانگێشتی گروپەکەتان بکەن کە داهاتوی دارایییان بەلاوە گرینگە و دەخوازن فێربن و هەنگاوبنێن. داوا لەو ئافرەتانە بکە بێنە گروپەکەوە کە بیرکردنەوەیان لێتەوە نزیکەو ئامادەیی ئەوەیان هەیە بیرۆکە و هەلێ نوێ بدۆزنەوە.

"بەشێوەیکی پرۆفیشنالانە چاوپێکەوتنەکان بەڕێوەبەرن. بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پارەکانت کارێکی پیشەگەرانەیە. لە کاتی خۆیدا دەست پێبکەن و لە کاتی خۆیدا کۆتای پێبهێنن. خشتەی کارت هەبێت بۆ هەر چاوپێکەوتنێك. من بەژداری ژمارەیەکی بەرچاوی گروپەکانی خانمان بوومە، لە هەمویان سەرکەوتوتر ئەوانەیتن بوو کە هەر لە سەرەتاوە ئاستێکی باش و مەرجی کاریگەریان لەسەیر ئەندامەکان داناوە.

"یانە سەرمایەگوزاریەکانیش ڕووگەیەکی باشە تا کەسانی شارەزاییان لێوە بهێنیت و وتارتان بۆ بدات تا بەرەو بە زانیاریەکانت بدات. چەندان کەسی لێهاتوو هەن لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا وە بۆم دەرکەوتوە دیاریترین و سەرکەوتوترینیان ئەوانەن کە شارەزاییەکانیان لەگەڵ خەڵکیدا هاوبەش پێدەکەن. ڕەنگە کاتی ئەوەیان نەبێت یەك بە یەك ڕێنوینیتان بکەن بەلاَم زۆرجار دەتوانن بۆ کاتژمێرێك قسە بۆ گروپێك بکەن.

"خاڵی هەرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە دەوروبەرت پڕ بکەیی لەو کەسانەی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانتەوە بەرەوپێشت دەبەن، لەگەڵتدا ڕاستگۆن و هانت دەدەن بەردەوامبیت لەماوەی بەرز و نشێویەکاندا، تا بە ئامانجەکەت بگەیت بەتایبەتیش ئامانجی دارایێت."

کلیلی ٧:

زۆربەی خەڵکی کاتێک دێتەسەر باسی سەرمایەگوزاری تەنیا بەدوای سەرە خاڵەکانەوەن، "پێم بڵێ چی بکەم"، "تەنیا وەڵامم بدەرەوە"، "من ٥,٠٠٠$ م هەیە لەچیدا بەکاری بخەم؟"

ئەوان چارەسەری خێرایان دەوێت . بۆ ئەوەی ببیت بە سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو وا باشە بەبیری خۆتی بهێنیتەوە کە: "سەرمایەگوزاری پرۆسەیەکە"

"هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆی دارایی پرۆسەکەیە. بە تەنیا شەوێك روونادات . هیچ شتێکی هاوشێوەیەی ئەو قسەیە نییە کە دەڵێت 'لەپرێ ببیت بە کورێ' لەناکاو دەوڵەمەند بیت. ئەمە وەك فێربوونی زمانێکی نوێیەە، ناتوانیت بە رۆژێك بە زمانێکی پاراو قسە بکەیت. سەرەتا چەند وشەو و دەستەواژەیەك فێردەبیت، راهێنان دەکەیت تا فێردەبیت چۆن لە گفتوگۆیەکی ماوە درێژدا بەو زمانە بدوێیت. لەوانەیە چەند هەڵەیکی شەرمەزارکەر لە پرۆسەکەدا بکەیت ، کەمە کەمە ئەگەر بەردەوام بیت دەبینیت بە شێوەیەکی رەوان بەو زمانە دەدوێیت.

"هەر هەڵەیە دەیکەیت وات لێدەکات زیرەکتربیت. سەیری ڤیدیۆیەکی ئار بوکمینیستەر فوڵەرم کرد کە خەریکی دروستکردنی راگری گومەزێك بوو - کە یەکێکە لە بەناوبانگترین داهێنانەکانی . گروپێك فێرخواز خەریکی دانانەوەی ئەو گومەزەبوون هەوڵی دابوو دروستی بکات، بەڵام هەرگیز پێی نەکرا، هەمیشە تێك دەڕوخایەوە. ئەم جارە فێرخوازەکان دڵنیابوون کە خسڵەتە دروستەکانی دەزانن و دەتوانن گومەزەکە راگیربکەن. کاتێك لە کۆتای پێکهێنانی نزیك بوونەوە فوڵەریش لە

سەرەوە تەماشای دەکردن، دووبارە گومەزە کە ڕووخا. فێرخوازەکان بۆیان جێی باوڕ نەبوو، نائومێد و خەمباربوون. بەلاّم فولەر لە لایەکیترەوە شادمان بوو. لە خۆشیدا سەرو خواری بوو شتێکی بەم جۆرەی وت،" ئێستا دەتوانم ببینم هەڵەکەمان چی بوو! ئەمە بێ وێنەیە. ئێمە ئێستا هەنگاوێك نزیکترین لە بنیاتنانی گومەزێکی سەرکەوتو!"

فوڵەر دڵتەنگ نەبوو. ئەو دەیزانیت کە لە ناوەندی پرۆسەکەدایە وە هەر هەنگاوێکی پرۆسەکە لێهاتوی زیاتری پێدەدات و نزیکتری دەکاتەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکەی . پرۆسەکە بۆ من هەرگیز کۆتای نایات. ئایا من پێم خۆشە هەڵەبکەم؟ نا. زۆریش ناخۆشە. بەلاّم دەزانم دەبێت ئەو هەلاّنە بکەم تاوەکو فێرببم و وردە وردە بگەم بەوەی دەمەوێت. ئەگەر من لە ساڵی ١٩٨٩ کە دەستم کرد بە سەرمایەگوزاری بچومایە بەلای کڕینی بینایەکی ملیۆنان دۆلاریەوە و سەرکەوتو بومایە تێیدا دوو شت ڕووی تێدەکردم. یەکەم: وان بیر دەکردەوە زۆر بلیمەتم و شتانێك دەزانم دەربارەی سەرمایەگوزاری کە لە ڕاستیدا تەنها بەختم هەبووە سەری گرتوە. دووەم: من دووبارە هەمان شتم دەکردەوە، چونکە وای بۆ دەچووم لێهاتووم،بەلاّم ئەمجارە بە شکستێکی گەورەوە لێی دەر دەچووم . چونکە نەم زانیوە چی بوەتە سەرکەوتنم لە سەرمایەگوزاری یەکەممدا.هەر بۆیە هیچ ڕێگەیەك نا زانم تا دووبارەی بکەمەوە. بە بەردەوامی ڕۆیشتن لەگەڵ پرۆسەکەدا فێربە هەنگاو بە هەنگاوی بویت دەتوانین بە دووبارەی هەمان ئەو ڕێگایە بگریتە بەر بۆ سەرکەوتن.

"ئیلیزابێس تەیلەر کە خانمە ئەکتەرێکە، جوان لە پرۆسەکە تێگەیشتوە.ئەو دەڵێت،" شتێك نییە کە خۆت هەت بێت و خاوەنی بیت، بەڵکو دەبێت بەدەستی بهێنیت."

کلیلی ٨:

بۆ ئەوەی پەرە بسێنیت و لایەنی سەرمایەگوزاریت بەرو پێش بەریت هیچ جێگرەوەیەك بوونی نیو:

"هەمیش بەردەوام بە لە فێربوون"

لە ڕاستیدا ئەمە کلیلی سەرکەوتنە . هیچ شتێك بە جێگیری نامێنێتەوە بازاڕەکان بەردەوام لە گۆڕاندان. یاساکان بەردەوام لە گۆڕاندان. بۆ ئەوەی بۆ سەرمایەگوزاریکی سەرکەوتو پێویستە لەگەڵ گۆڕانی خواستی بازاڕدا لە گۆڕاندابیت . ئەمەش مانای وایە دەبێت بەردەوام لە فێربووندابیت. سێ شوێن هەیە دەبێت دۆخی خۆتیان تیا دیاری بکەیت، بەردەوام بە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا، لەپێش گۆڕانکاریەکانەوە بە یان بەلای گۆڕانکاریەکاندا تێپەڕە و فەرامۆشیان بکە .

"کارین کە سەرمایەگوزاریکی زۆر سەرکەوتوی خانوبەرە بە هاوڕێیەکی وتوە کە بەژداری دەکات لە خولێکی دوو ڕۆژی تایبەت بە خانوبەرەدا کە لە لایەن کۆمپانیاکەوە بەڕێوە دەچێت. لە هاوڕێکەکی پرسی بوو ئاخۆ حەز دەکات ئەویش بەژداربێت.

هاوڕێکەم لێی پرسی بوو،" بۆچی تۆ بەژداری خولی تایبەت بە خانوبەر دەکەیت؟ ئەوە کاری بەردەوامی ڕۆژانەی تۆیە. تۆ زۆر سەرکەوتویت، ئاخر ئەوان چییان پێیە تا لێیانەوە فێربیت؟"

کارین وەڵامی دابۆیەوە،" ڕەنگە هەر ئەمە هۆکاری ئەوەبێت من لە سەرمایەگوزارەکانیتری خانوبەرە باشترم . من هەمیشە بەدوای ئەو خولانەوەم . چەندین زانیاری نوێی لیّ وەردەگرم. من هەرگیز ناوەستم لە فێربوون."

هاوڕێکەم لەگەڵ کارین دا نەچووبوو. ئەو خۆشی سەرمایەگوزاری خانوبەرەیە. کێشەکە ئەوەیە ماوەی سێ ساڵە هیچ موڵکێکی نەکڕیوە و نەفرۆشتوە چونکە ڕێسا کۆنەکەی چیتر کار ناکات، وە ئەویش بەدوای ڕێگای نوێدا ناگەڕێت. ئەو بڕیاری داوە بوەستێت لە فێربوون.

"هاوڕێیەکیترم هەیە ناوی فرانکە لە تەمەنی ٨٠ کانیدایە. من وا دەبینم ئەو زۆر دەژێت چونکە هەرگیز ناوەستێت لە فێربوون من هەفتانە نوسراوی دەربارەی جیهانی ئابووری و سەرمایەگوزاریم لە لایەن فرانکەوە پێدەگات. هەفتەیەك لە چینە و پێداچوونەوە بۆ سەرچاوە داراییەکانی دەکات کە سەربەخۆ بوە. هەفتەی دواتر لە ڤانکوڤەر، کەنەدایەو بەژداری وانەیەکی هونەرییە. من و ڕۆبێرتی بانگێشتی یەکێك لە کارە تایبەتیەکانی لە سکۆتلەند، ئەریزۆن کرد بۆ بیرۆکەیەکی نوێی شێوازی ئەپارتمانێك.

ئەو زۆربەی جار لە سیمیناری باوکی دەوڵەمەند بەژداری دەکات. ئەو لە نوێترین و باشترین کۆمپیتەرە تەکنەلۆجیەکان تێدەگات و بەکاریان دەهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەی بەشێوەیەکی چوست و چالاکتر. ئەو هەریگز نەوەستاوە لە فێربوون. وە من بەبەختم کە دەتوانم بەردەوام لێیەوە فێر ببم.

فێربوونی بەردەوام هەوڵی دەوێت، تۆ ناتوانیت فێری ئەوە ببیت تا نیوەی ماراسۆنێك ڕابکەیت بە تەنهاگەڕان لە ئینتەرنێتدا. تۆ دەبێت بچیتە ،پێڵاوەکانت لە پێ بکەیت و بڕۆیتە سەر شۆستەی ڕاکردن. لەوانەیە پێویست بکات ڕاهێنەرێك بۆ خۆت بدۆزیتەوە و هێواش هێواش لە مەودای کەمەوە دەست پێبکەیت تا وات لێدێت بتوانیت ١٣ میل ڕابکەیت بەبێ وەستان و وەڕەس بوون. ئەمە تەنیا خۆگری جەستەی نییە، بەڵکو پێویستی بەهێزی ئاوەزیشە. تۆ دەبۆت بەردەوام مێشکت ڕابهێنیت.

"کەواتە لە پێناو تەندروستیت و سەرکەوتنی دارایىت بەردەوام بە لە سەرکەوتن.

کلیلی ٩:

"ئێستا دەمەوێت لەوە دڵنیاتان بکەمەوە، هەرگیز کلیلی ژمارە ٩ لەبیر ناکەن. ڕەنگە ئەمە لە هەموو ئەوانی دی گرینگتر بێت. بەڵێن بە خۆت بدە هەمیشە ئەم یاسا بەسودە بەبیری خۆت بهێنیتەوە".

پرسیم،"بەڵێن بدەم؟"

ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە،" بەڵێ بەڵێن بدە!"

کلیلی ژمارە ٩ بریتیە لە:

"چێژ ببینە"

"من زۆر بە گەرمی پێشنیار دەکەم ئاهەنگ بگێڕیت بۆ هەر سەرکەوتنێکت بە درێژای ڕێگاکە. ستایشی خۆت بکە کاتێك سەرکەوتیت.جا دەکرێت سەرکەوتنەکەت بردنەوەی دارایی، زاڵ بوون بەسەر بەربەستێك، وەلا نانی ترسو چون بەرەو ئامانج بێت. بۆت

یاخود هەست بکەیت
رکەوێت چەندین مانگە خەمی پارەت نەبووە، یاخود هەست بکەیت
ەواوی متمانەت بە خۆتە و جڵەوی ژیانت لە دەستی خۆتە. چەندین
ەرکەوتنت لە ڕێدایە، ئەوانەش چێژبەخشن و شیاوی ئاهەنگ بۆ گێڕانن.
ـەوەی زۆر چێژبەخشترە دۆزینـەوەی سـەرمایەگوزاری دواتـرت و
ەردەوام بوونی سەرکەوتنی هەر یەك لە سەرمایەگوزاریەکانت، بزانیت
چۆن داهات و ڕادەی پارەی نەقدی هەڵهێنجراوت زیاد بکەیت، فێربوونی
شتێکی نوێ کە وا دەکات سەرمایەگوزاری دواترت باشتریش بێت، وە بە
تایبەتیش ببینین پارەت بۆ دێتەوە.ئەمانە هەموو چێژ بەخشن.

کورتەی باسەکە

وتم،"ئەوانە ٩ کلیلی سەرەکی منن بۆ بون بە سەرمایەگوزاریکی
سەرکەوتوو. هیچ پرسیارێکتان هەیە؟"

لیزلی وتی،"سەد لە سەد دڵنیابوومەوە. 'چێژ ببینە' زۆر لای من کاریگەر
بوو."

بە گاڵتەوە وتم،" لەبیرتان بێت بەڵێنتان دا".

ترەیسی وتی،" منیش ئێستا شتەکان ڕوونترن لام. ئێستا باش تێدەگەم
ئەمە پرۆسەیەکە. وە تا ئەوکاتەی سەرمایەگوزاری بکەم پرۆسەکە دوای
نایات، چونکە هەمیشە زیاتر و زیاتر هەیە تا فێری ببیت."

پات پێشنیاری کرد،" بەو بۆنەیەوە، من تێبینیم لەسەر ٩ کلیلەکە
نوسیوە. دڵخۆش دەبم یەکی کۆپیەکتان بدەمێ!"

بەندی بیست و دوو

# "پلانەکەم پیشان بدە"

---

ئافرەتان وەك كیسی چاوان، بیان خەیتە ئاوی گەرمەوە بەهێزتردەبن.
"ئیلینۆر ڕۆزفێلت"

---

هەر چوارمان پاشماوەی ڕۆژەکە خەریکی ئاڵۆڕکردنی بیر و ڕا و زۆر ڕوونتر لێکدانەوەی ئەوەی هەر کام لەم خانمانە چییان دەوێت. وە بەشێوەیەکی واقیع بینانە لێمان دەڕوانیت تا بزانن پێویستە چی بکرێت بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست.

لە کۆتای ئەو دوو ڕۆژەدا وزەی کەسانی ژوورەکە زۆر بەرزبوو. وا هەستمان دەکرد تازە لە مەشقێکی ماندووکەر لێبوینەتەوە، بەڵام هەستێکی زۆر خۆش بوو. ئەوەی دامان نابوو ئەنجامی بدەین بەجێمان گەیاند. هەر یەکێك لە خانمەکان پلانی کرداری لەبەر دەستی بوو وە هەر وەك لیزلی وتی،" زۆر بە پەرۆشم بچمەوە ماڵ و دەست بکەم بە جێبەجێکردنی."

ترەیسی و پات و لیزلی وەك ڕۆژی ڕووناك لێیان دیاربوو سەربەخۆی دارایی هەر ئەوەیە کە ئەمان دەیانەوێت. پلانی هەر یەکێکیان لەوی تریان جیاواز بوو. بۆ کۆتای هێنان بە کۆبونەوە دوو ڕۆژیەکەمان هەر ئافرەتەو کورەتەی پلانەکەی بە گروپەکە وت.

**پلانی لیزلی.**

لیزلی یەکەم کەس دەستی پێکرد،" پێش ئەوەی بێم دەمزانیت پلانەکەم بنیات نانی پارەی نەقدی هەڵهێنجراوە تاوەکو ژیانمی پێ بەڕێوەبرەم. هەر وەك بە هەمووتانم وت، من ڕقم لەوەیە نیگەرانی پارەب ، وە زۆر زیاتر لەوەش ڕقم لەوەیە پێم بوترێت کەی بێمە سەر کار و کەی دەتوانم کاتی خۆم وەربگرم.ئەوەی نیازمە بیکەم بەردەوام بونە لە کارکردن، چونکە ئەمە تاکە سەرچاوەی داهاتمە لە ئێستادا، بەلآم من ۲۰ لە سەدی دەخەمە لاوە بۆ دەستپێکردن لە تەواوی ئەو پارانەی دەستم دەکەوێت و دەیخەمە حیسابی سەرمایەگوزاریەوە. ئەوە بۆم زۆر زەحمەت دەبێت ،بەلآم دەمەوێت ئەو حیسابی سەرمایەگوزارییەم بە زووی زیاد بکات".

لیزلی بەردەوام بوو،" من ئارەزووی خانوبەرە دەکەم. خۆم دێتە پێش چاو خاوەنی چەند خانویەکی بەکرێدانم، لە ڕێی هێڵی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بە کەسانێکەوە دەکەم کە خەریکی خانوبەرەن، وە ژینگەیەکی جوان بنیات دەنێم تا خەڵکی تێیدا بژین . من چەند شوێنێکی دەرودراوسێ دەزانم کە پێم وایە زۆر باش دەبن بۆ بەکرێدان. هەر کە گەیشتمە ماڵەوە دەچم لێکۆڵینەوە لەو ناوچانە دەکەم. هەر وەك تۆش وتت شارەزاییەکانم لەسەر چەند شوێنێکی کەمدا قاڵ دەکەمەوە ،دوو کەسیس هەن کە زۆر باشیان دەناسم،لەوانەیە زۆر حەزیان لەو هاوبەشیکردن بێت لەگەڵمدا. ئەوە زۆر بە وریاییەوە جێبەجێ دەکەم. ئەوان هەردوکیان خۆیان خۆیان پێگەیاندوە ،بۆیە دەزانم بە تەنها

قسەکردن لە گەڵیاندا شتانێك فێردەبم. دەزانم کارەکەم بە گران لەسەر دەکەوێت،بەڵام بەباشی ئامادەییم."

پلانی ترەیسی

ترەیسی تا ڕادەیەك ڕێبازێکی جیاوازی گرتەبەر،" فرۆشتنی ئەو کۆمپانیایەی کاری بۆ دەکەم بەڕاستی چاومی کردەوە. هەرگیز درکم پێنەکردبوو چەند کەم جڵەوی ژیانم لە ژێر دەستمە هەروەها چەندە پەیوەستی کارەکەمم. من حەزم لە جیهانی بازرگانییە، وە حەز دەکەم بۆ خۆم کار بکەم. کاتەکەی زۆر گونجاوە. تەنانەت ئەگەر کۆمپانیاکەم لەسەر کاریش بمهێڵێتەوە هەرگیز تیایدا سەرکەوتو نابم . چونکە هۆکاری زۆر باش کارکردنم لەوێ دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی من ژیانم بۆ ئەو کۆمپانیا و کارە تەرخان کردبوو. من لە کاتژمێر 6:30 خولەکەوە لە نوسینگەکەی خۆم دەبووم زۆر بە دەگمەن پێش ٨ ی ئێوارە لە ماڵەوە دەبووم. تەنانەت کاتێك لەسەر کاریش نیم بیر لە کارەکەم دەکەمەوە. بۆیە پێویستم بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەییە."

ڕوونیکردەوە،" ئەمە پلانی منە. دەچمەوە لەگەڵ مێردەکەم دادەنیشم و بەوردی پێداچوونەوە دەکەم بە پێداویستیە داراییەکانی ئێستاماندا، پاشان دەمەوێت دوو شت بکەم. یەکەم، دەست دەکەم بە کارکردن بۆ خودی خۆم. من دەتوانم هەر بەیانی سێ پڕە هەڵبژێرم ئەگەر بمەوێت! چەند کەسێکی دەرەوەی کۆمپانیاکەم هەن کە دەیانناسم چەند جارێك داوایان لێکردووم کاریان لەگەڵ بکەم لەسەر بنەماکانی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان، ئێستاش باشترین کاتە. سێ پڕۆژە هەن سبەی وەریان دەگرم. ئەمە هەموو کاتەکانم ناگرێت و نابێت خۆشم بخەڵەتێنم بڵێم

هێندەی پیاسەکردن لە پارکێکدا ئاسانە. من دەتوانم هێندەی ئەوەی ئێستا و بگرە زیاتریش پەیدا بکەم بە تەنیا ئەو سێ پرۆژەیە. دووەم: کات تەرخان دەکەم بۆ دەستپێکردنی سەرمایەگوزاریم. من لەگەڵ قسەکەی لیزلیدام، تەنها دەمەوێت ئەو سەرمایەگوزاریە پێکبهێنم کە دەبێتە هۆی ئەوەی پارەی نەقدیم دەست بکەوێت. دڵنیا نیم لەوەی کام جۆری سەرمایەگوزاری هەڵ دەبژێرم. من لە نێوان خانوبەرەی بەکرێدان و بازرگانیدا ماومەتەوە. دەتوانین من و مێردەکوم پێکەوە ئەوە بکەین. دەزانم زۆر خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر هەموو ئەمانەی بۆ باس بکەم. بۆیە هەنگاوی دواترمان ئەوە دەبێت چی جۆرێکی سەرمایەگوزاری هەڵبژێرین. بەڵێن دەدەم لە ماوەی هەفتەیوکدا وەلامی ئەوە بە هەر سێکتان ڕابگەیەنم. نامەوێت هیچ چرکەساتێکی ئەم دوو ڕۆژەم بێ سود لێ بڕوات. دەزانن چی، ئەوەی لە هەمووی زیاتر دڵخۆشم دەکات ئەوەیە بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا ئەونەی بیرم بێت هەست دەکەم کۆنترۆڵی ژیانم لە دەستی خۆمە."

**پلانەکەی پات**

پات وتی،" وا پێدەچێت حەزێکی سروشتیم بۆ هەڵبژاردنی پشکی هەبێت. لەوانەیە بەهۆی توانای توێژینەوە و بەدوادا گەڕانم بێت، من زۆر ئاسودەم بە کارکردن لەسەر ئینتەرنێت و جیهانی هەڵبژاردەی پشکی بازرگانیش زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم. بەگوێرەی ئەوەی تێگەیشتم ئەمە بابەتێکی ئاسان نییە، بۆیە دەمەوێت لە زیرەکترین کەسەکانەوە فێربیم. من ڕەچاوی باشترین بەرنامەکان و ڕێنمونیکارکان دەکەم لەم بوارەدا. وە

لە زۆر کەمەوە دەست پێدەکەم و بڕێکی کەم پارە دەخەمە کار. هەر بە بیرکردنەوە لێی هەست بە وزەیەکی زۆر دەکەم!".

پات بەردەوام بوو،" هەرگیز بە تەواوەتی دەستبەرداری نوسینەکانم نابم. من بڕێك پارەی پاشەکەوت کراوم هەیە کە لە و ئەرکانەوە دەستم کەوتوە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا ئەنجامم داون. بەشێك لەو پارەیە بەکاردەهێنم بۆ فێربوونم. بۆم دەرکەوت ئەو پارەیەی دەستمان دەکەوێت لە بازرگانیدا لە شێوەی سەرمایەگوزاری قازانجی مەزن و پارەی نەقدی هەڵهێنجراودان ئەمەش ئەوەیە کە من دەمەوێت. هەر بۆیە هەر پارەیەکم دەست بکەوێت لە بازرگانی هەڵبژاردنی پشکیدا ڕاستەوخۆ دەیخەمە سەر حیسابی سەرمایەگوزاری پارەی نەقدی هەڵهێنجراوم. ئەم پارەیەش بە تێپەڕبوونی کات بەکاردەهێنم بۆ کڕینی ئەو سەرمایەگوزاریانەی کە پارەی نەقدی هەڵهێنجراویان لێوە بەدەست دەهێنرێت.

"کەواتە من لە ڕێگای بازرگانی هەڵبژاردنی پشکیەوە پارە پەیدا دەکەم. ئەوەی دەستم دەکەوێت بەکاری دەهێنم بۆ سەرمایەگوزاری. ئەم پلانە بۆ من بەسودە چونکە وا دەکات پارەی خۆم بەدەست بهێنم لە ڕێگای سەرمایەگوزاریەوە بەبێ ئەوەی پشت بە مێردەکەم ببەستم. ئەگەر ئەو بڕیاربدات لەگەڵم بێت زۆر باشە دەتوانین خێراتر ئەم پلانە جێبەجێ بکەین. ئەمەش بۆ من نمونەی دەبێت. بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوو ڕێگای خۆم دەگرم بەرەو سەربەخۆی.

پات وتی،" دوو شتیتریش. من پەیوەندیم بە دوو ئافرەتەوە کردووە وتیان حەز دەکەن دەست بکەن بە گروپی فێربوونی سەرمایەگوزاری. با

ڕوویەڕوو بیان بینم بزانم تا چەند لەو ڕووەوە جدین. باوڕم وایە پاڵپشتی بەردەوام زۆر یارمەتیدەر دەبێت . بەو جۆرەش زۆر چێژ دەبینم و بیرۆکەی چاوەڕواننەکراوم بۆ دروست دەبێت. زانیاری ناو کتێبەکان سەرچاوەیەکی باشی داهاتی ناکردارین. ئەوە شتێکە من وەك نوسەرێك هەمیشە ویستومە ئەنجامی بدەم ـــ نوسینی ڕۆمان. لە ڕاستیدا دەستپێکی کتێبێکم لە ناو کۆمپیتەرکەمدا نوسیوە کە چەندین ساڵە تیایدا ماوەتەوە. ئێستا دەزانم ئەوە ئامانجێکی باشە بۆ پێکان، بەڵام من هەرگیز کتێبم وەك سەرچاوەیەکی پارەی نەقدی هەڵهێنرجاو و داهاتێکی ناکارا ڕەچاونەکردووە. وەك نوسەرێك هەمیشە ویستومە کتێبێکم بۆ چاپ بکرێت. بەڵام ئێستا دەتوانم ببینم دەکرێت حەزی نوسینم بکەمە پلانێکی دارایی هەروەها هەوڵ دەدەم وتاری زیاتر بنوسم تا بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بفرۆشمەوە وەك سەرچاوەیەکی داهات بۆ سەرمایەگوزاریکردنم. گرینگترین شت لەلام وەك ترەیسی وتی، دەمەوێت لەسەر هەمان ئەو گروتینەبم کە لەم دوو ڕۆژەدا وەرمگرتوە. من زۆر دڵخۆشم.

کردن بەرامبەر هەبوون

لیزلی وتی،" ئەوە خاڵێکی گرینگە. چەندان کار هەیە دەبێت بیکەین و من نامەوێت کە لێرە چوومە دەرەوە سەرنجم لەسەریان نەمێنێت. دەزانم هەر لەبەر ئەمەیە پێویستە کەسێك یان چەند کەسانێکم لە دەوروبەربێت کە لەسەر هەمان ئەو ڕێگایە بڕۆن کە من لەسەریم. بەڵام چۆن ڕێگە نەدەم تەواوی 'کردنەکان' لەسەرم قورس نەبن؟"

وەلآمم دایەوە ،" پرسیارێکی جوانە ئەگەر بەیەکجار سەرنجت بخەیتە سەر تەواوی ئەو شتانەی دەبێت بیان کەیت،بەبێ گومان بۆی هەیە ببێتە هۆی لاوازکردنی گروتینت بۆ ئەو پلانە،چونکە پەرێشانت دەکات. من چەند ساڵ پێش ئێستا هەمان پرسیارم کرد، کەسێك کە من زۆر پێی سەرسامم بەمجۆرە وەلآمی دایەوە:

بون ـ کردن ـ هەبوون

بون بوونی خودیتە، تۆ کێیت.کردن بریتیە لە کردارەکانت،چی دەکەیت . هەبوون بریتیە لەوانەی هەتن، چی شتێکت هەیە. بۆیە ئەوەی کە تۆ کێیت و چی دەکەیت دیارخەری ئەوەیە کە هەتە. بۆ نمونە، ئەگەر تۆ دەتەوێت منداڵێکت ببێت ئەوا تۆ دەتەوێت ببیت بە دایك. ئەوەی پێویستە بیکەیت ئەوەیە دووگیان بیت، پشکنینی لای دکتۆر بکەیت، ئاگاداری تەندروستیت بیت، خۆت بۆ منداڵەکە ئامادەبکەیت و لە کۆتایدا منداڵەکەت ببێت. ئەوەی گرینگە ئەوەیە، تۆ لەسەرەتاوە ئەوەی لە مێشکتدا دات نابوو ئەو هەموو کار نەبوو بەڵکو تەنها سەرنجت لسەر ئەوەبوو کە دەتەوێت پێی بگەیت ـ 'دەمەوێت منداڵم هەبێت'.

بەردەوام بووم،" هەموو ئەوەی پێویستە سەرنجی لێ بدەن ئەوەیە کە دەتانەوێت هەتان بێت چونکە ئەوە هاندەرت دەبێت لەوەی بیربکەیتەوە لەو کارانەی دەتەوێت بیان کەیت. پات، ئەگەر دەتەوێت وتارێکت لە گۆڤاری تایمدا بلآوبکرێتەوەئامانجت ئەوەیە ببیت بە چی؟"

وەلآمی دامەوە ،" دەمەوێت ببم بە باشترین نوسەر."

پرسیم،" وە دەبێت چی بکەیت؟"

وەلامی دایەوە،" دەبێت بزانم گۆڤاری تایمز چی جۆرە وتارێکی دەوێت. ڕەنگە خۆشم چەند خولێکی تایبەت بە نوسین وەربگرم تا تواناکانم بەرەوپێش بەرم.دەبێت توێژینەوە دەربارەی وتارەکە بکەم و پاشان بینوسم. پێویستە بزانم ئەم وتارە بۆ چی جۆرە کەسانێك دەنوسم، دەبێت بیدەمە دەست کێ و پاشان خەریکی کارەکانی تر بم. ئەگەر وتارەکەم ڕەتبکرێتەوە دەبێت بەردەوام بم لە پرۆسەکە و هەتا بلاودەکرێتەوە. زەحمەتە تەواوی هەنگاوەکانی ڕێگاکەت بزانیت، لە ڕاستیدا ئەگەر تەواوی هەنگاوەکانی پرۆسەکەم بزانیبا لەزانەیە هەرگیز دەستم پێنەکردایە ."

وتم،" ڕێك بەو جۆرەیە. سەرنجت بخەرە سەر ئەوەی دەتەوێت هەت بێت، ئەو کارانەی دەبێت بیان کەیت خۆیان دێنە ڕێت. تا ئەم ئاسنە ئەوەی کە تۆ کێیت و چی دەکەیت تۆی گەیاندوە بەوەی ئێستا هەیت. ئەگەر دەتەوێت ئەوەی ئێستا هەتە بیگۆڕیت، کە ئەمە ئەوەیەی ئێمە دوو ڕۆژە باسی دەکەین، ئەوا دەبێت ئەوەی کە تۆ کێیت و چی دەکەیت بگۆڕیت. ئەگەر وا نەکەیت ئەوە هەر بەوجۆرە دەمێنیتەوە کە هەیت، وە بەگوێرەی ئەوەی لە هەر یەکێکتانم بیست، ئێوە دەتانەوێت ئەوەی هەتانەی بیگۆڕن و بەرەوپێشی بەرن،ڕاستە؟

هەموو بە نیشانەی بەڵێ سەریان لەقاند.

ترەیسی پرسی،"چۆن دەتوانین کەسێتیت بگۆڕیت؟"

وتم،" پات بە نمونە وەربگرە. ئەگەر ئەو وتارەکانی بفرۆشێت دەبێت بە باشترین نوسەر. پات تاوانی خۆی نییەبەلام ئێستە یەکێك نییە لە نوسەرەکانی جیاهان بەهۆی کەمی مەشقیەوە. بۆیە دەبێت خۆی

بگۆڕێت. هەر وەك ئەو وتی" لەوانەیە بەژداری خولی نوسین بکات تاوەکو گەشە بە تواناکای نوسینی بدات،وە لەگەڵ ئەو بار و سەردەمەی ئێستادا خۆی بگونجێنێت کە دەیەوێت وتاری بۆ بنوسێت. دەتوانێت چاوی بە باشترین سەرنوسەرەکان بکەوێت و پەیوەندی لەگەڵیاندا دروست بکات،کاتێك وتارەکەی ڕەتکرایەوە، ئاسایی وەریبگرێت و دووبارە وتار بنوسێت و پێشکەشی بکاتەوە . بەکردنی هەموو ئەمانە بوونی خۆی دەگۆڕێت. ئەو لە نوسەرێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ نوسەرێکی نایاب. دەزانن چۆن دەڵێم؟"

ترەیسی وەڵامی دایەوە،" بەڵێ. کەواتە من بۆ بە دەستهێنانی خەونەکەم دەبێ ببم بە خاوەنکارێکی مەزن و سەرکەوتو، کە لە ئێستادا وانیم. هەروەها ببیم بە باشترین سەرماسەگوزار کە لەئێستادا ئەویش نیم. کەواە ئامانجەکەم و ئەوەی دەمەوێت هەمبێت دیاری دەکات دەبم بەچی و چی دەبێت بکەم."

وتم،"زۆر ڕاستە. زۆربەی خەڵکی سەرەتا سەیری ئەو هەموو کارە دەکەن کە دەبێت ئەنجامی بدەن، ئەویش کارێکی زۆر زۆرە. بەو جۆرە هەرگیز ناگەن بەوەی دەیانەوێت هەیان بێت."

پات بە دەنگی بەرز بیرکردنەوەکانی دەبڕیت،"وەك ئەوەیە کەسێك بڵێت" ئەگەر دەمزانیت دەبێ ئەو هەموو کارە بکەم هەرگیز دەستم پێنەدەکرد!"

لیزلی وتی،"ئەوە ڕاستە. من تەنیا بایەخ بەوە دەدەم کە دەمەوێت هەم بێت و ئەوەی پێویستە چی بکەم تا بگەم بەوەی دەمەوێت خۆی دێتەڕێم."

*متمانەت بەخۆت هەبێت

ترەیسی وتی،" دەزانم وەختە درەنگ دەبێت بەڵام یەك پرسیاری ترم هەیە. دەزانم کاتێك لەسەر کار بڕیارێکی سەخت دێتە بەردەستم هەرکە ڕاستییەکانم زانست چەند بەربەرستێك دێنە بەردەم بیرکردنەوە و پێشبینییەکانم. ئایا ئەمە لە سەرماسەگوزاریشدا ڕوودەدات؟ چونکە من پێم وایە پێشبینییە هەستیە سروشتیەکانی ئافرەتات دەکرێت کاریگەری هەبێت."

وتم،"دەتوانم دەزمونی خۆمت پێ بڵێم لەو ڕووەوە. ڕۆژێك پێش ئەوەی یەکەم مامەڵەی خانوی بەکرێدانم مۆربکەم، هێشتاش ڕاڕا بووم. جارێ دەم وت 'بەڵێ دەیکڕم'، دواتر دەم وت' نانا بێت بیکڕم'. وەخت بوو خۆم شێت دەکرد. لە کۆتایدا بە خۆمم وت،" تۆ هەر چەند لە تواناتدا هەبوو زانیاریت لەسەری کۆکردووەتەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە متمانەت بە خۆت هەبێت ." لە خۆمم پرسی 'بەردەوام ببم یاخود نەبم'، لەوەڵامدا' بەدەوام بوون' لە دڵمدا جێگیر بوو. ڕۆژی دواتر موڵکەکەم کڕیت دەرکەوت سەرمایەگوزاریەکی بێ وێنەیە بۆم.

"ئێستا ئەگەر پرسیاری بەردەوام بوون یان نەبوون لە خۆم بکەم ،بەبێ ئەوەی توێژینەوە بکەم و ڕاستییەکان بزانم و تەواوی بڕیارەکانم لەسەر بناغەی هەستێکی ئەرێنی چاونەترسانە بدەم، ئەوا کارێکی گەمژانە دەبوو. وە بۆشم دەرکەوتوە هەرچەند مامەڵەی زیاتر بکەم هەستی ناوەکیم بەهێزتر دەبێت. هەندێجار پرسیار لە خۆ دەکەم و بیردەکەمەوە،"بۆچی ئەو پرسیارەم کرد؟" وە پاشان بۆم دەدەکەوێت ئەوە سەرکیترین دەروازەی تەواوی مامەڵەکە بووە."

"لەسەرەتای ژیانی سەرمایەگوزاریم پشکی کۆکا کۆلام کڕیت لە ڕێگای بریکارێکی پشکیەوە کە بەهۆی ئەو هاوڕێی هاوبەشەی هەمان بوو ناسیومە. من کڕیم و بایەخێکی ئەوتۆم پێنەدا هەتا ڕۆژێك نرخەکانم پشکنیت و بۆم دەرکەوت دەستکەوتێکی باشم بەدەستهێناوە لەو پشکەوە. پەیوەندیم بە بریکارەکەوە کرد وتم،" دەمەوێت پشکەکانی کۆکا کۆلام بفرۆشم."

ئەو خێرا وەڵامی دایەوە،" نا، ئێستا مەی فرۆشە من دڵنیام بەردەوام نرخەکان لە زیادبووندا دەبن. بڕوانە، من پسپۆڕم تێیدا و دەزانم لەبارەی چییەوە دەدوێم."

پێم وت،"ڕەنگە نرخەکەی زیاد بکات بەڵام من بەو دەستکەوتە دڵخۆشم و دەمەوێت بیفرۆشم."

"بەردەوام پێی دەوتمەوە تۆ چەنێك پارەت دەست دەکەوێت و چەند بێتاقەت دەبیت لە خۆت ئەگەر ئەمڕۆ بیفرۆشیت. کەمە کەمە قایلی کردم و نەم فرۆشت. لە ماوەی یەك هەفتەدا نرخی پشکەکان ڕووی لە دابەزین کرد. لە کۆتایدا پشکەکەم بە زیان فرۆشت. ئەوە یەکێك بوو لەو بارودۆخانەی باوڕم بەخۆم و هەستی ناخم دەکرد.

"دەبێت بڵێم گەورەترین هەڵە کە ئەمجامدا نەك لە سەرمایەگوزاریدا بەڵکو لە ژیانی خۆمدا ـ ئەو کاتانەبووە کە متمانەم بەخۆم نەبووە، ئەو کاتانەی ڕێگەم بە خەڵکی داوە قایلم بکەن و وام لێبکەن کارێك بکەم کە خۆم ڕام لەسەری نەبووە. بەڵام هەر جۆرێك بووە ئەنجامم داوە . ئەوە ئەو کاتانەیە من لەگەڵ خۆمدا ڕاست نەبوومە، کاتێك بەرەو کارێك چوومە

یەکانگیر نەبووە لەگەڵ بیرکردنەوە و باوەڕەکانم توشی زۆرترین کێشەی کردووم .

"هاوڕاتم ترەیسی منیش پێم وایە هەست و پێشبینی ناخمان دەوری خۆی هەیە لە جیهانی سەرمایەگوزاریدا. من بەردەوام گوێی لێ دەگرم. بەڵام تەواوی بڕیارەکانم بەگوێرەی ئەوە نادەم. هەمیشە سەرنج لە هەستە ناوەکیەکانم دەدەم ، ئەرکەکانم جێبەجێی دەکەم و ڕاستییەکان و زانیاریەکان کۆدەکەمەوە. لەخۆم دەپرسم ئەگەر هەمووشتێك باش بوو ئەوا بەرەوپێش هەنگاو دەنێم."

لیزلی پێکەنیت،"هەستەکانی ناخم پێم دەڵێن ئێمە هەموومان لەو ڕووەوە زۆر باشین."

پێم ڕاگەیاندن،" با پشویەکی کورت وەرگرین و پاشان دواین چیرۆکتان بۆ باس دەکەم پێش ئەوەی کۆتای پێ بهێنن."

بەندی بیست و سێیەم

# بەو پەڕی وزەوە

"کەشتی لە بەندەرەکاندا پارێزراوە، بەڵام کەشتیەکان بۆ ئەوە دروست نەبوون لە بەندەرەکان ڕابگیرێن."

"گرەیس هۆپەر"

پێم ڕاگەیاندن دەمەوێت دوایین چیرۆکتان بۆ باس بکەم، پاشان کاتی ئاهەنگ گێڕانە.

دیاریەکی تایبەت

لە ڕۆژی ئاهەنگی کریسمسی ٢٠٠٤ دا ڕۆبێرت دیارییەکی دایە دەستم تا بیکەمەوە. ئەو خۆی زۆر دڵخۆش بوو بەم دیارییەی. چاوەکانی دەدرەوشانەوە بەوەی کاردانەوەی من بەرامبەر ئەم دیارییە ببینێت. من نەم توانیت بە خێرای پێویست دیاریەکە بکەمەوە. کاغەی دەوری سندوقەکەم دڕاند و لامبرد و کردمەوە، ئۆۆ خوایە! ئەمەی تێدا بوو: خولێکی چوار ڕۆژی شۆفێری پێشبڕکێکردن لە قوتابخانەی ئامادەی بۆندرانتی خاوەن بەهێزترین پێشکەشکردنی پێشبڕکێی شۆفێری لە بۆنیکس، ئاریزۆنا.

"کەمێك بە واق ورماوی سەیری ڕۆبێرتم کرد، هەرگیز ناکرا وەها شتێك لە لیستی کریسمسدا هەبێت.

ڕۆبێرت وتی،" دانەیەکم بۆ خۆم و تۆش کڕیوە ! "

بیرمکردەوە،"ئەوو ئێستا تێدەگەم، ئەو دیاری بۆ خۆی کڕیوە و پێچاویەتەوە تا من بۆی بکەمەوە و هەڵیپچڕم ."

پرسیم،" قوتابخانەی پێشبڕکێ بۆچی؟"

وتی،"وابیرم کردەوە کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین، وە ئێمە حەزمان لێیە پێکەوە فێرببین،بۆیە دەتوانین بەرنامەی بۆ دابنێین."

"قوتابخانەی پێشبڕکێی سەیارە هەرگیز لە پێشەنگی ئەو کارانە نەبوو کە ویستومە پێش مردنم ئەنجامی بدەم. بەڵام کێ ئەوەی واژووکردووە و بەروارەکەی دیاری کردووە."

یەکەم ڕۆژ لە قوتابخانەی پێشبڕکێدا

ئێمە لەسەر ڕێگای گشتی بوین لە ماڵی خۆمانەوە دەچووین بۆ قوتابخانەی بۆندرانت، کە لە ناو بیابانێکدا بوو. یەکەم ڕۆژمان لە قوتابخانەکە هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو ئاخۆ پێشبینی چی بکەم. دەبێت بڵێم ئێمە هەردوکمان کەمێك دوودڵ و نیگەران بوین. من هەرگیز نەچوومە بۆ پێشبڕکێی سەیارە لە ژیانمدا. کاتێك گەیشتین ناومان تۆمارکرد و لە شوێنێکی پۆلەکەدا دانیشتین ـ ئاوها باشتر بوو . ڕێنمونیکارەکە هاتە ژوورەوە و بەخێرهاتنی کردین و چەند بەرچاوڕوونییەکی پێداین . یەکێك لە ڕێنمونیکارەکان پێشنیاری کرد پەڕاوی دڵنیای مۆر بکەین، چونکە ئەو وتی،" ئەگەر سەیارەکە تێکبشکێنن دەبێت پارەکەی بدەن."

بیرمکردەوە،" سەیارەکەتێك بشکێنین؟ ئایا ئەکرێت سەیارەکەم بشکێنم؟" ئەمەزۆر نایابوو، من چیتر نیگەران نەبووم، بەڵکوو نیگەرانیم گۆڕا بۆ تۆقین."

"هەر یەك لە قوتابیانی خولەکە داوایان لێکرا هەستن و ڕونی بکەنەوە بۆچی لێرەن. ئێمە ١٢ کەس بووین لە پۆلێکدا. دوای خۆناساندنەکان، من و ڕۆبێرت سەیرێکی یەکتریمان کرد وەك ئەوەی بەیەك بڵێین چی هەڵەیەکی گەورەمان کرد. بۆمان دەرکەوت ١٠ کەسەکی تر یان شارەزایی بوارەکەبوون یاخود تازە هاتونەتە پێشبڕکێی سەیارەوە . ئەوان لەوێ بوون تا تواناکانیان برەوپێبدەن. من و ڕۆبێرت تەنها کەس بووین لە ئاریزۆناوە هاتبوین . شۆفێرەکانیتر لە ئەورووپاو، باشوری ئەمریکا و ژاپۆن و سەرتاسەری وڵاتە یەکگرتوەکانەوە هاتبون. کاتێ سەرەی من هات و هەستامە سەر پێ ڕامگەیاند بەدەنگێکی لەرزۆکەوە،" من لێرەم تا کاتێکی خۆش بەسەربەرم."وە پاشان بەخێرای دانیشتمەوە. هەستم دەکرد من هیچ لەم بوارە حاڵی نیم و حەزمدەکرد هەرچی زووترە لەوێ بچمە دەرەوە. ئۆو وێڕای هەموو ئەوانەش ، من تاکە ئافرەتی پۆلەکەمان بووم.

"ڕێنمایارەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو بۆی ڕوونکردینەوە کاتژمێری یەکەم چی دەکەین،"ئێوە دەچنە سەیارەکانی خۆتانەوە،ئێمە مەشقی بڕینی چەندین بەربەرستتان پێدەکەین و تاقیکردنەوەی خێرایتان پێدەکەین . لە کۆتا تاقیکردنەوەدا سەیارەکانتان بەوپەڕی خێرای لێدەخوڕن لەسەر شەقامەکە، کاتێك ئێمە ئامازەمان بۆ کردن،کاری ئێوە

ئەوەیە بڕێکێکی لەناکاو بەو پەڕی هێزتانەوە بگرن و لە ماوەی چەند خولەکێکدا بە تەواوی بوەستنەوە."

"بەڵێ ترس و تۆقان لە مندا زیندوو بوو" .

"هەر کەسەو بەدلەی سور و کڵاوی شۆفێری خۆمانمام خەڵبژارد و لەبەرمانکرد. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا بەرەو لای سەیارەکە،دڵم خێراتر لێی دەدا، بەردەوام لەدڵی خۆمدا دەم وت،" ئەی هاوار خۆم توشی چی کردووە من لێرە چی دەکەم؟" زۆر بە وریایەوە لە پشت سوکانی سەیار کارڤێتەکەمەوە دانیشتم. شوێنی دانیشتنەکەم جێگیرکرد، ئاوێنەکەم ڕێکخست،سەیرم کرد تا بزانم چۆن قایشی سەلامەتیم ببەستم و پاشان هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و سویچی سەیارەکەم بادا و سەیارەکەم هەڵکرد.

ڕێنمایکارەکەم لێس سەری خوارکردەوە لە جامەکەوە وتی،" هەموان بەدوای سەیارەکەی پێشەوەدا دەڕۆن یەك لە دوای یەك بەرەو کۆرسی پێشبڕکێکە. کاتێکی خۆش!"

لەخۆم پرسی،"باشە بۆ وتم هاتووم تا کاتێکی خۆش بەسەر بەرم؟ ئەوە هەڵەبوو.پێم نا بەبەنزیندا و بینیم چیتر ڕێگای گەڕانەوە نییە.

"من دەبێت ستایشی قوتابخانەی پێشبڕکێی سەیارەی بۆندرانت بکەم بۆ ئەو توانایەیان لە پێشبڕکێدا. لەوێ من کەسێك بووم هیچ شارەزاییەکم لە پێشبڕکێی سەیارەدا نەبوو . وە بەهۆی ڕێنماییەکانی ئەوانەوە توانیم ڕاهێنان دوای ڕاهێنان کۆتای پێ بهێنم، زۆر بەسەختی لە تەواوی ڕێگاکەدا هەناسەم بۆ دەدرا. جار جار ڕێنماییکارەکەم دەهات لە شوێنی شۆفێر یاخود شوێنی گەشتیار دادەنیشت لە ناو سەیارەکەمدا تا جوانتر

پێم بڵێن پێویستە چی بکەم. بۆیە هەردەم وام هەست دەکرد هۆکارێکی سەلامەتیم هەیە ئەگەر پێویستم پێی بێت. ئەوە بەرنامەیەکە کە زۆر بە گەرمی بۆتان پێشنیار دەکەم. قوتابخانەی بۆندرات منی گەیاندەوە شوێنێك زۆر لەسەروی ئەوەوە بوو کەبیرم دەکردەوە پێی بگەم.تەنیا خۆتی بۆ ئامادەبکە. دوو هەست هەبون لە تەواوی ئەو چوار ڕۆژەدا ئەزمونم کرد" ترسێکی لە ڕادە بەدەر و شادمانی. جگە لەو دوانە هیچیتر نەبوو لەو نێوەندەدا.

پێشبڕکێکە ڕۆژی دووەم

هەر ڕۆژە و ئاستێکی نوێی ترسم ئەزمونکرد . ئێمە بە کورتی بەرنامەی ڕۆژەکەمان پێ وترا. پێم وایە ئەو کورتەیە زۆر ترسناکتر بوو لە خودی شۆفێریەکە. ئەوانەی بیستم دەربارەی ئەوەی لەو ڕۆژەدا چی دەکەین لەلام پێشبینی نەکراو بوو کاتێك لە پۆلەکەدا دانیشتبووم. لەڕۆژی دووەمدا دەچوینە مەیدانی ڕاستەقینەی کێبڕکێکەوە............وە ئێمە پێشبڕکێمان لەگەڵ یەکتریدا دەبوو بکردایە ئەو ڕۆژە. چاوێکم لە ڕۆبێرت داگرت و بەهێمنی پێم وت،" ئەمە بیرۆکە شێتانەکەی تۆیە ــ ئێمە لێرە چی دەکەین؟ تەنیا لەبیرت بێت...... ئەمە هەمووی خەتای تۆیە".

---

ئایا تۆ بەوپەڕی وزەوە دەڕۆیت؟ ڕێنماییکاری شۆفێریەکە لێی پرسیم،" کیم تۆ تا ئێرە نەهاتویت تاوەکو ئێستا بکشێیتەوە".

بەو پەڕی وزەوە کارکردن بووب بە یەکێك لە چەمکە نوێیەکانی ژیانم".

---

من هـەموویانم ئـەنجام دا . گـەورەترین بردنـەوەی ئـەو ڕۆژە کاتێـك بـوو ڕاهێنانمان دەکرد بۆ دەستپێکی پێشبڕکێکە. پێمـان وتـرا سـەیارەکانمان لەسەر هێڵی پێشبڕکێکە لە نزیك یەکتری جێگیر بکـەین. ئێمـە بـە کۆمـەڵ سەیارەکانمان لێخوڕیـت بـە خێراییەکـەی کـەم تـا دەسـتپێکێکی باشمـان هەبێت لە پێشبڕکێی سەیارەکەدا.

"بەڵێ، بەو جۆرە سـەیارەکان پێکـەوە ڕیزکـابوون، بەهێواشـی بـەدەوری خاڵی مەبەستدا لێمـان دەخوڕیـت، هـیچ سـەیارەیەك نـابوو پـێش ئـەویتر بکەوێت هەتا ئاڵاکـە نەشـەکێنرێتەوە. سـەیری ئـەو شـوێنەم دەکـرد کـە ڕێنمایکارەکە بە ئاڵاکەوە وەستابوو چاوەڕێی ئامارژەپێدان بـوو. لـەناکاو ئاڵاکەی شەکاندەوە و دەستمان کرد بە ڕۆیشتن! هەر شۆفێرە و ئەویتری خافڵگیر دەکرد تا شوێنی بگرێـت و هـەر شـۆفێرە و چـاوەڕێی ئـەوە بـوو پێش هەموان بکەوێت. ئێمە بۆ چەندجارێك ئەو کارەمان دووبـارەکردەوە. لە دوو جـاری یەکەمـدا خـۆم خسـتە لاوە و ڕێگـەم بـە شـۆفێرەکەی تـردا پێشم بکەوێت. ترسم لێنیشتبوو، بۆ جاری سـێیەم دەمزانیـت دەبێـت زۆر خێراتر بڕۆم. ئێمە سـەیارکانمان بـەدوای یەکـدا سـەرەوژوور دا ،ئـەمجارە زیاتر لە هێڵی کۆتا نزیك بـووم. بەهێواشـی لەسـەر هێڵەکـە دەڕۆیشـتین و چاوەڕێی ئامارژەی ئاڵاکە بووین. زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوان بووم ـ ئـەوە دەستی پێکرد ڕێنیشاندەرەکە ئاڵاکەیٚ شەکاندەوە و بۆی دەرچـووم. مـن لـەو کۆمەڵـەی لـە دەورم بـوون دوورکەوتمـەوە و تـەنیا یـەك کەسـم لـە پێشەوە بوو کـە درەنـگ ئامـارژەی ئاڵاکـەی بینیبـوو. پێشـی کـەوتم! بـە شانازیەوە بە خۆمم وت،" بۆ ئافرەتێك خراپ نییە". دواتر بۆم دەرکـەوت

ئەو گەنجەی لێم بردبۆیەوە زۆر دڵگران بوو بە دۆڕاندنی بە تایبەتی لەلایەن ئافرەتێکەوە،ئەوەش وایکرد زیاتر چێژ لە سەرکەوتنەکەم ببینم.

پێشبڕکێکە ڕۆژی سێیەم

ڕۆژی سێیەمیش وەك ڕۆژی پێشوو ترسێنەر و شادی بەخش بوو. هەر کە پشووم دا و چەند ساتێك ئارامم گرت - دووبارە ڕێنمایکارەکە زەنگەکەی لێدایەوە. چەندین بەرزی و نشێویان دروستکردبوو بۆ هەر ڕاهێنانێك کە پێیان دەکردین.

"لە کۆتای ڕۆژی سێیەمدا دووبارە گەڕاینەوە پۆلەکانمان بۆ باسکردنی کورتەی بەرنامەی ڕۆژەکە. هەر ئەو کاتیش بەرنامەی ڕۆژی چوارەمیان پێ دەوتین. ڕێنمایکارەکەم دەستی پێکرد،" ئەم سێ ڕۆژەی پێشوو ئێوە فێری بنەماکان بونە . فێری ئەوەبوونە چۆن سەیارەکانتان جڵەوگیر بکەن لە پێچکردنەوە و لێژی و خولانەوە و هتد . بەیانی هەمویان پێکەوە دەکەن. بەیانی دووبارە دەچنەوە ناو سەیارەکانتان . ئێوە ڕێسای یەکەمی پێشبڕکێی سەیارە فێر دەکرێن وە دەبێت بەو پەڕی خێراییەوە پێشبڕکێی یەکتری بکەن لە گۆڕەپانەکەدا. بەهۆی ئەوەی یاسای سەیارەی یەك کەسی دەبێت یەك کەسی تێدا دابنیشێت، ڕێنماییکارەکەتان دەتوانێت ڕێتان بدات ئەگەر بەرە و تەنگی بچن . ئەوان ناتوانن لەناو سەیارەکەدا لەگەڵتاندابن. تۆ بەس بە تەنیا خۆتیت."

"بۆ ئەوانەتان کە شارەزاییان لە پێشبڕکێدا نییە، هەر وەك چۆن منیش نەم بوو، شێوازی سەیارەی یەك نەفەری پێشبڕکێیەکی تەواوەتی سەیارەیە. شوێنی دانیشتنی شۆفێر زۆر بچوکە دەبێت خۆت بخنیتە شوێنی دانیشتنەکەوە و پێیەکانیشت ڕاست لەبەردەمتدان لەسەر

پایدەری سەیارەکە. هۆرمۆنی ئادرینالینم فشاری زیاد دەبوو. گوێم لە ڕێنیشاندەرەکەم بوو قسەی بۆ دەکردم دەربارەی ئاستێکی نوێی ترس . من و ڕۆبێرت هیچی وا پێکەوە قسەمان نەکرد ئەو ئێوارەیە کاتێک دەگەڕاینەوە ماڵەوە. مێشکم وەخت بوو بتەقێت، بیرم لەوە دەکردەوە ڕۆژی دوای دەبێت چیم بێتەپێش.

لە مێشکمدا دەنگی ئەو پێکدادانی سەیارانەی لە پێشبڕکێدا هەن دەزرینگایەوە کە لە ESPNدەیبینیت . چۆن دەمتونیت بخەوم؟

پشبڕکێکە ڕۆژی چوارەم

ئەمە ساتەوەختی ڕووبەڕووبونەوەبوو. کاتێک چومە پۆلەکەوە لە کاتی ئاسایی بێدەنگتر بوو . تەنها شۆفێرە زۆر بە ئەزمونەکان خەریکی وتوێژ بوون . ئەوانیترمان بە بێدەنگی وا خۆمان دەردەخست تا ڕادەی مەرگ نەترساوین .

ڕێنیشاندەرەکە هاتە پۆلەکەوە و دەستیکرد بەڕوونکردنەوەی ئەوەی لەم ڕۆدا چاوەڕێی چی بین. بەڕاستی بە ئاگای هێننامەوە بە وتنی، "ئەگەر سەیارەکەتان لە کۆنترۆڵ دەرچوو، ئەگەر لە ڕێڕەو دەربچن، ئەگەر سەیارەکانتان بشکێنن یان بە شۆفێرێکیتردا بکێشن........ ئەوانیتری دوای ئەوە پێویست نەبوو.

"بەرەو ژووری لۆکەری خانمام چووم تا خۆم بگۆڕم. بەهۆی ئەوەی من تاکە ئافرەت بووم لەوێ، ژووری لۆکەرەکە هەر بۆ خۆم بوو. ئەمە کاتێکی زیاتری پێدەدام تاوەکو ترسەکانی ناخم کپ بکەمەوە . بیرمکردەوە،" باوڕ ناکەم پارەم بۆ وەها شتێك داوە ــ ئەمە شێتانەترین کارێکە لەهەموو ژیانم کردوومە. دەبوو هەر یەکەم ڕۆژ کە پەڕاوی

دڵنیایـان پـێ مـۆرکردین ئەمـەم بزانیایـە. هەمیشـە دەمتوانیـت وا خـۆم دەرخەم نەخۆشم. مەبەسـتم لـە واخۆدەرخسـتن چـییە؟ مـن نەخۆشـم!"

تەواوی ئەو بیرکردنەوانە لەمێشکمدا دەهاتن و دەچوون .

"چومە دەرەوە ڕۆبێرت چاوەڕێی دەکردم. بەبێدەنگی ڕۆیشـتین، دەسـت لـە نـاو دەسـت بـەناو ڕێڕەوەکـەدا چـووین بـەرەو مەیـدانی یاریەکـە کـە سـەیارەی یـەك نەفـەری لـێ ڕاگیرابـوو. وەك ئـەوە وابـوو ڕۆژی یەکـەم دووبارە بوبێتەوە. ڕێنیشاندەرەکان خەریکی پشکنینی سـەیارەکان بـوون تا بزانن هـەموان بـۆ سـەیارەکانیان گونجـاون. بـەرەو لای ئـەو سـەیارەیە بـرام کـە ئـەو ڕۆژە لـێم دەخوڕیـت. ڕێنیشـاندەرەکەم لـێس زەردەخـەنی بەڕوومدا کرد و چەند گاڵتەیەکی کرد لەگەڵمدا تا ترس لە مێشکم دەرکات . شوێنی دانیشتنەکە هێنـدە تونـد بـوو چـوونە شـوێنی شـۆفێرەوە وەك لەپێکردنی پانتۆڵێك بوو زۆر لە قیاسی خۆت بچوکتر و تەسکتر بێت .

**بزوێنەری سەیارەکانتان بخەنە کار**

کاتێك لە نـاو سـەیارەکانماندابووین و پشـتێنی سـەلامەتیمان تونـد کـرد و ئاوێنەکانم جێگیرکرد،ڕاهێنانم لەسەر چۆنییەتی گۆڕینی گێڕەکان دەکرد، چونکە زۆر جیاواز بوو لە گێـڕی ئـەو سـەیارەیە پێشـتر لێمـان دەخوڕیـت .دەرگای گەورەی گۆڕەپانی ڕووبەڕووبونەوەکە کرایەوە، دواتر گوێبیستی ئەم وشـانەبووم،" باشـە، ئێسـتاش هـەمووتان بزووێنـەری سـەیارەکانتان بخەنەکار . " هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و دوای سـێیەم هـەوڵی سـەختم بزوێنەرەکە کەوتە کار. پاشان یەك لە دوای یەك بەدوای سـەیارەی یەکـەم دا ڕۆیشتین بەرەو سەرهێڵی وەستانی پێشبڕکێ کاران.

بەهۆی ئەو کڵاوەی لەسەرمدا بوو گوێ بیستی یەك بە یەکی هەناسەکانم بووم . بە تەواوەتی سەرنجم لەسەر ئەوە بوو سەیارکەم بخەمە شوێنی دروست،هیچیتر نا. لەسەر هێڵی پێشبڕکێکە ڕێنیشاندەرەکەم دواهەمین ڕێنماییەکانی پێدەوتم و وتی،" کاتێك ئامادە بوویت بچۆرە سەر ڕێگاکە چەند پێچێکی بچوك تاقی بکەرەوە تا بزانیت سەیارەکە چۆنە".

"تەواوی بوێری خۆمم کۆکردەوە و هێواش هێواش لە بازنەکە دەرچوو بەرەو ڕێگای پێشبڕکێکە. لەم کاتەدا باشترین شۆفێرەکان بە خێراییەکی باشەوە پێش کەوتن و دەستیان بە ململانێکە کردبوو.کاتێك بەرەو یەکەمین لێژای دەچووم بەدەنگی بەرز تێبینیم بەخۆم دەدا چی بکەم،" هێواشتر! هێواشتر! بەرەو لوتکە! بەرەو لوتکە! بەرەو لوتکە! خۆتی لێبدە! برۆ! برۆ! برۆ!" بەیەکەمین سوڕانەوە توانیتم ئەنجامی بدەم. هۆرمۆنی ئادرنالێنم زۆر هەڵکشابوو . خێرای خۆمم کۆکردەوە، بەهەر قۆناغێکدا کە تێدەپەڕیتم زیاتر هەستم بە متمانە بەخۆبوون دەکرد . ڕێنیشاندەرەکە ئامازەی بە هەموومان دا بچینە ژوورەوە، ئێمە بە دوو مەشقی تردا تێپەڕیتین کە خۆشیان لەسەر ڕێگامەوە پێشڕەویان دەکردین.

"دوای دوو کاتژمێر لەگەڵ سەیارەکانماندا ڕاهاتین و تەواو بڕیارماندا کە ئێستا ئامادەی پشبڕکێین. "کاتێك ئاڵا شەکێنەرەوەکەتان بینیت ئامازەتان دەداتێ،مانای وایە کاتی ئەوەیە بەرەو گۆڕەپانەکە بەڕێ بکەون . یەك سوڕی هێواش لێدەن و لەسەر هێڵەکە بوەستن ." یەکێك لە ڕێنیشاندەرکان بەبیری هێنایەنەوە،" ڕێگە بە خێراترین سەیارەکان بدەن تێپەڕن. ئەگەر لە ڕێگادا ڕووبەڕووی کێشەیەك بونەوە دەستان

بەرزبکەنەوە کەسێك دێتە یارمەتیتان. ئەنجامی هەر سێ ڕۆژەکە لەم ڕۆدا دەردەکەوێت. بەختێکی باش!"

"دوای وتنی ئەمە هەموومان کلاّوەکانمان کردە سەرمان، بەرەو ناو سەیارەکانمان چوین، لە سەر هێڵەکە دەرچوین بەرەوشەقامی ململانێکە. زۆر هەستێکی خۆشم هەبوو کە توانیومە تا ئەو ئاستە بگەم. لە دەیەمین سوڕانەوەمدا بووم کە گەیشتم بە یەکەمین پێچکردنەوە پێش ڕێگا ڕاستەوخۆکە، کاتێك چومە ناوچەکەوە جڵەوی خێرای سەیارەکەم لەدەست دا وە سەیارەکەم زۆر بەخێرای بە لێژاییەکەدا تێپەڕین. لە کاتێکدا لە کێشمەکێشمی پارەیزگاریکردن لە جڵەوگیری سەیارەکەمدا بووم، سەیارەکەم دەستی کرد بە خولانەوە. بەبێ بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ کاردانەوەم هەبوو ئەو کارەم کرد کە لە ماوەی سێ ڕۆژی پێشوودا فێرکرابووم، وە پاشا ٤بۆ ٥ جار سوڕانەوە بەدەوری خۆیدا سەیارکەم وەستا لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا، ڕووم لە دواوەبوو. بیرمکردەوە،" واو! ئەنجامم دا! هەر ئێستا بەسەر گەورەترین ترسمدا کە لە دەستدانی کۆنترۆڵی خێرای سەیارەیە سەرکەوتم. من کۆنترۆڵم لە دەستدا، وە باشیشم." ستایشی خۆم دەکرد. متمانە بەخۆ بوونم تا دەهات زیادی دەکرد."

### وانەیەك کە ژیانمی گۆڕیت

سەیارەکەم پێچکردەوە و جارێکیتریش سوڕامەوە. بەلاّم ئەگەرچی لەسەر ڕێگای خۆم بووم سوڕەکانم تەواوکردبو و جڵەوی سەیارەکەم لەژێر دەست بوو هەستم بە بێزاری دەکرد. لە کاتێکدا سەیارەکەی پێشووم لێ دەخوڕیت شۆفێرەکان پێشم دەکەوتن بەلاّم منیش پێشی

زۆرێك لە شۆفێران دەكەوتم. شانبەشانی ئاوانیتر دەچووم. لەم شێوازی سەیارەی یەك نەفەریە هەموان پێشم دەدەنەوە، من پێش كەسم نەداوەتەوە . ئەم دەزانیت بۆچی هەر لە كێشمەكێشمی ئەو دۆخەدابووم. چەندین جاریتر سوڕامەوە پاشان لە كۆتایدا سەیارەكەم گەیاندە سەر هێڵەكە.

"لیس هاتە سەرەوە بۆ لام، لێی پرسیم،" تۆ لەوێ بە بارودۆخێكی سەختدا تێدەپەڕیتی ،وا نییە؟"

وەلآمم دایەوە،" بەڵێ تێناگەم بۆ! هیچ كێشەم نەبوو پێشتر بە تێپەڕبون بەلای سەیارەكاندا، بەلآم ئەمڕۆ هەموان پێشم دەكەون . وا هەست دەكەم زۆر هێواش لێدەخوڕم".

"پاشان شتانێكی پێ وتم كە بەڕاستی ژیانمی گۆڕیت. لیس وتی،" پێم بڵێ، ئایا تۆ بەو پەڕی وزەوە پێشبڕكێ دەكەیت؟"

پرسیم،" تەواوی وزە؟ مەبەستت ئەوەیە ئەوپەڕی وزەی بەنزینی بدەمێ؟ "

وەلآمی دایەوە،"بەڵێ مەبەستم ئەوەیە. ئایا بەو پەڕی وزەوە لێدەخوڕیت؟"

بەخێرای وەلآمم دایەوە،" نەخێر، بەوپەڕی وزەوە لێناخوڕم".

لێس ئامـاژەی كرد بەرەو سەیارەكانیتر وتی،" بەلآم ئەوان بەوپەڕی وزەوە لێ دەخوڕن".

وتم،"وە هەر لەبەر ئەوەیە پێشم دەكەون، لەبەر ئەوەی ئەوان بەوپەڕی وزەوە لێ دەخوڕن؟ نازانم ئاخۆ دەتوانم ئەوە بكەم".

"پاشان لێس سەیری چاوەکانی کردم و زەردەخەنەیەکی کرد و ئەم وشە جادوییانەی پێ وتم،" کیم ، تۆ تا ئێرە نەهاتویت تاوەکو بکشێیتەوە" بە وتنی ئەمە دوور کەوتەوە و ڕۆیشت.

لەبیری خۆمدا وتم،" بەنەفرەت بێت! ئەمە هەرگیز تەواو نابێت.تەنانەت لە کاتژمێرەکانی کۆتا خولەکیشدا پێم دەوترێت خێراتر بڕۆم و بگەمە شوێنێکی دوورتر."

"بۆ چەند ساتێك دانیشتم دەمزانی لێس سەیرم دەکات. بە هێواشی لە دەروازەکەوە بەرەو گۆڕەپانەکە لێم خوڕیت و دڵنیاش نەبووم کە خەریکم چی دەکەم. چاوەڕێی ڕێگایەك بووم ، خێرایم زیادکرد و دووبار گەڕامەوە ناو ململانێکە. سوڕێکم دا و قسەکانی لیس لە مێشکمدا دە خولانەوە،"تۆ تا ئێرە نەهاتویت تا بکشێیتەوە" لە دوەمین سوڕانەوەمدا پایدەرەکەم قەپاتکرد، وەك دەوترێت ، بە چەند خولەکێك بەوپەڕی وزەوە لێم دەخوڕیت. پێش تەواوکردنی ئەو ئەو سوڕەم یەکەم سەیارەم تێپەڕاند، لە قوڵای دڵمەوە هاوارم دەکرد لە خۆشیدا. دووبارە گەڕابوومەوە ناو ململانێکە.

"ئەوەی سەرسامی کردم ئەوەبوو بۆم دەرکەوت زۆر ئاسانترە پێچکردنەوەکان بۆم کاتێك بەوپەڕی خێرای لێم دەخوڕیت لە چاو ئەو کاتەوە کە هێواش لێم دەخوڕیت. بەڕاستی لە خەیاڵ بەدەربوو!"

"زۆر سەرنجم دابووە شۆفێرەکەم، هەموو پێچەکانم بەباشی بڕیت، کە هەرگیز لەبەر خێرای ئالا شەکێنەرەکەم نە دەبینیت. من تەینا کەس بووم لە ململانێکە بەردەوام بووم. هەموو ئەوانیتر چەند ساتێك بوو لەسەر هۆڵی پێشبڕکێکە چاوەڕێ بوون.

"سەیارەکەم وەستاند و کاتێك کڵاوەکەم لەسەرم داکەند زۆر بە دڵخۆشی زەردەخەنەم دەکرد. لێسیش لەوێ بوو.وتی،" ئەنجامت دا! پیرۆزە!" وەڵامم دایەوە،"ئەوە خۆشترین شت بوو! هەستم کرد باشتر لێدەخورم کاتێك بەوپەڕی وزەوە لێم دەخوڕیت. ئەمە دەبێتە چەمکێکی نوێی ژیانم." وتی،" شتێك هەیە پێم نەوتویت. نەم دەویست بەهانەو بیانویەکت بدەمە دەست تا خۆت بەدەستەوە نەدەیت."

لێم پرسی،"باسی چی دەکەیت؟"

لیس دەستی کرد بە قسە،" زۆرێك لە ئافرەتان بەم خواەدا تێپەڕیون، لە سەرەتادا بەوپەڕی وزەوە لە شێوازی سەیارەی یەك نەفەریدا نەبوونە" .

وتم،"وەك من." لیس بەردەوام بوو،"بەڵێ ،بەڵام یەك جیاوازای هەبوو." پرسیم جیاوازیەکە چییە؟"

لیس وتی،" کاتێك دەهاتنە کەناری جادەکە هەمان ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ تۆدا کردم لەگەڵ ئەوانیشدا دەمکرد، هێشتاش لە سەدا ٩٠ی ئەو ئافرەتانە بەوپەڕی وزەوە لێیان نەدەخوڕیت. بۆیە پاشەکشەیان دەکرد و بەردەوام نەدەبوون. ئەمەم پێ نەوتیت چونکە نەم دەویست بەخۆت بڵێیت،" زۆربەی ئافرەتەکان بەردەوام نەبوون بۆیە منیش بەردەوام نابم." کلیلەکە ئەمەیە: ئەگەر بەوپەڕی وزەوە لێنەخوڕیت ئەوە تەواوی ئەوەی تایبەتە بەم یارییە لەدەست دەدەیت. بەبێدەنگی لە مێکشی خۆمدا وتم،" ئەگەر بەوپەڕی وزەوە نەڕۆیت هەموو ئەوەی پەیوەندی بە ژیانتەوە هەیە لەدەستی دەدەیت.

"ئەو کۆرسە ژیانمی گۆڕیت".

## بەندی بیست و چوارەم

# ئێوارە خوانێك لەگەڵ كچەكاندا

"لە ڕۆژی لە دایك بوونەوە تا تەمەنی ١٨ ساڵی هەر كچێك پێویستی بە دایك و باوكێكی باشە، لەتەمەنی ١٨ بۆ ٢٤ ساڵی پێویستی بە جوانییە. لە تەمەنی ٣٥ بۆ ٥٥ ساڵی پێویستی بە كەسایەتیەكی باشە. لە ٥٥ ساڵی بەرەو سەر پێویستی بەهەبوونی پارەی نەقدی باشە."

"سۆفی تاكەر"

ترەیسی وتی،" وای بۆ دەچم تۆ لەو كارەدا پێشڕەویت كرد بۆ ئەوانیتر".

تەنها زەردەخەنەیەكم كرد.

پێم ڕاگەیاندن،" باشە، كەواتە با كۆتای پێ بهێنین".

هەمووومان خۆمان ئامادەی ئێوارە خوانێكی خۆش كردبوو.

خۆمان گۆڕیت و چوینە ناو سەیاركەمەوە و ڕۆیشتین، بەڵام بەو پەڕی وزەوە لێم دەخوڕیت . چوین بۆ شوێنێكی ئەو نزیكانە كە ڕێستۆڕانتێكی ئیتاڵی لێ بوو ،كە بە پاستای ئامادەكراوی ئیتاڵی و ماسی كالاماری تازە بەناوبانگ بوو. شاگردی ڕێستۆڕانتەكە سەیارەكەی بۆ پارك كردین، وە خاوەن چێشتخامەكە لە كاتێكدا دەچوینە ژوورەوە بەخێرهاتنی كردین وتی،" مێزەكەتان ئامادەیە. كاتێكی خۆش بەسەربەرن."

لیزلی دوپاتی کردەوە،" وا دەکەین".

شاگردەکە لێمان نزیك بۆیەوە و پرسی،" دەتانەوێت بۆ هەر یەکێکتان خواردنەوەیەك بهێنم؟"

پات ڕێکخەرەکەمان وەلامی دایەوە،" پێم وایە کەمێك شەراب داوا بکەین؟"

پێی دەچوو هەموومان پێمان باش بێت.

پات داوای کرد و شاگردەکە چوو بەدەم داواکاریەکەوە.

لیزلی وتی،" ئەم دوو ڕۆژە ڕۆژی گۆڕەری ژیان بوون بۆ من. مێشکم لە خۆشیدا دەسوڕێت بەو هەموو شتەی لێتانەوە فێربووم. سوپاستان دەکەم".

---

ئەمە پێکی ژیانێکی زۆر خۆش! پێکی تەندروستی،دڵخۆشی وە پێکی ئەو پارە نەقدییە هەڵهێنجراوەی کە بەهۆی خەونەکانمانەوە دەستی دەهێنین.

---

هەموو بە ڕیز لە چواردەوری مێزەکە بۆچونی خۆماندەوت دەربارەی ئەوەی ئەو دوو ڕۆژەی تێپەڕیت چی مانایەکی بۆمان هەبووە و نیازمان بوو چی شتێکی جیاواز ئەنجام بدەین.

ترەیسی ڕای لەسەر ئەم دوو ڕۆژە ئەوە بوو،" ژیانم هەرگیز بە هەمان شێوەی پێشوو نابێت. پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە دەمزانیت بەو هەموو شتەوە کە لە کۆمپانیاکەمدا گۆڕابوو شان بەشانی سەختی لایەنی دارایی ئەگەر ئەوەی خەریکی ئەنجامدانی بووم نەیگۆڕم ئەوا هەر وەك پێشوو

دەمێنمەوە و هەمان دەستکەوتم دەبێت و بگرە خراپتریش. دوای چەندین ساڵ بۆ یەکەمین جارە هەست دەکەم کۆنترۆڵی ژیانم لەدەستی خۆمدایە."

لەو کاتەدا شاگردەکە بەو شەرابەوە کە پان داوای کردبوو دەرکەوت و پەرداخەکانیشی بەدەستەوە بوو، و ئامادەی شڵەقاندنی شوشەی شەرابەکە بوو.

لیزلی ڕایگەیاند،"من دەمەوێت پێکێك بنۆشین! "

هەموومام پەرداخەکانمان بەرز کردەوە.

"هەر هەموومان پیرۆزمان بێت . ئەو پشتیوانی و هاندانەی بۆ یەکتریمان هەبوو سەرسامی کردم. زۆر ڕوونە کە هەر یەکەمان دەمانەوێت ئەو ئامانجە داراییەی هەمانە بەدی بهێنین، وە من هەست دەکەن ئەگەر ئامانجەکەم بەدی نەهێنم ئەوا بە دەستی خۆم هەر یکێکتانم سەرشۆڕکردووە. ئەمەش زۆر هاندەرم بوو کە بەردەوام ببم. زۆر خۆشحاڵم کە بەشێکم لە گروپەکە. بەخۆشی خۆمانەوە!"

هەمووو وتمان ،"بەخۆشی! بۆ خۆمان...

ترەیسی ئەمەشی بۆ زیاد کرد،"بۆ خۆمان.......وە سەربەخۆی داراییمان!"

دووبارە پێکەکانمان نۆشکرد.

## گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە

پات دەستیکرد بە قسە،" ئەم بەیانییە لە خەو هەستام بیرم لەو نیوەڕۆ خوانە چارەنوس سازە دەکردەوە کە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا لە هۆنولیۆ هەمان بوو. هەموومان تا ڕادەیەك بیرکردنەوەمان لەیەکەوە نزیك بوو د

بەدوای ئامانجە پیشەییەکانمانەوە بوین. زۆر دڵڕفێنە کاتێك بیر لەو هەموو ئاڕاستەیە دەکەمەوە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا گرتومانەتە بەر. ئێستا ئێمە دزای ٢٩ساڵ لێرەین، لەبری ئەوەی زۆر بەپەرۆشەوە بەدوای ئامانجە پیشەییەکانمانەوەبین، دووبارە لەسەر هەمان ڕێگا و شێوازی بیرکردنەوەی یەکترین بەڵام ئەمجارەیان بەدوای ئامانجە سەرمایەگوزارییەکانمانەوەین."

لیزلی وەڵامی دایەوە،"ئەوە بۆ منیش گۆڕانێکی زۆرە، کە ببینم من وەك هونەرمەندێك کە تەنیا مامەڵەم لەگەڵ پێنوسی ڕەنگاو ڕەنگدا بووە ،دوو ڕۆژی تەواو خەریکی خوێندن و توێژینەوەکردن بومە دەربارەی پارە، سەرمایەگوزاری وتەواوی پلانەکەم بخەمە کار بۆ سەربەخۆی دارایی. ئەمە زۆر سەرسامم دەکات . هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کارێکی لەم جۆرە بکەم. هەردەم وا بیرم دەکردەوە لایەنی دارایی و سەرمایەگوزاری شتانێکن لە تێکەیشتنی من بەدەرن. بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتوە دەتوانم ئەنجامی بدەم...... وە من خۆشحاڵم بەو کارە!"

ترەیسی هاتە قسەکانەوە،" هەرگیز هەستم بەوە نەکردبوو ئەو ترسەی لە ناخمدا هەبوو دەربارەی کار لەدەستدانی مێردەکەم و لەکارکەوتنی خۆم ببێتە هۆی ئەوەی ڕێگە بە کەسانیتر بدەم کۆنترۆڵی ژیانم بکەن. من چاوەڕێ بووم بەڕێوەبەرەکەم پێم بڵێت ١٠ ساڵی داهاتووم چۆن دەبێت و دەگەڕامەوە ماڵەوە بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکم هەبێت لەو ڕووەوە. لۆمەی خۆم دەکەم کە پێشتر هەستم بەوە نەکردووە، بەڵام زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە. ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە بەهیوام

بەردەوام بم چونکە دڵنیام ئەو کات گۆڕانکارییەك ڕوو دەدات لە سودی کارە نوێیەکەم. ئەمەش گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەیە! "

وەڵامم دایەوە،" زۆر جوانت پێکا ترەیسی . هەموو ئەمە لە پێناو گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەیە. گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەت. تۆ چیتر کارەکەت و موچەکەت وەك پاڵپشتێکی ژیانت نابینت ،وایە؟"

ترەیسی وەڵامی دایەوە،"بە هیچ شێوەیەك . هەموو ژیانم وا بیرم دەکردەوە تەنیا ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی پارە، لە ڕێگەی هەبوونی موچەیەکەوەیە. هەر چەندم پێ بدرایە هەر ئەوەندەم دەست دەکەوت، کە ئەوەش بڕێکی سنورداره . ئێستا بیرکردنەوەم بەلای پەیداکردنی پارەوەیە بەبێ سنور. ڕەچاوی ئەوە دەکەم چەندم پارە دەست دەکەوێت هەم لەڕێگای کارەکەمەوە و هەم لەڕێی سەرمایەگوزاریەکەمەوە. بەڕاستی ئەوە لە ڕادەبەدەر و بێ کۆتایە. هەر ئەمەش وای کردووە ئەم دوو ڕۆژە بۆ من بەهیچ بەهایەك پێواتە نەکرێت."

لیزلی وتی،" پێش دەستپێکردنی ئەم وتوێژەمام وام دەزانینت تەنیا ڕێگا بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر لەڕێی کارکردنی زیاترەوەیە. وام دەزانیت موچەش ڕۆڵێکی زۆری هەیە. تەینا بە بریکردنەوە لە کاری دووەم و سێیەم بێزار دەبووم. بەلاّم لە کارەکەی ئێستام وەك ئامرازێك دەڕوانم بۆ گەیشتن بە سەریەخۆی دارایی‌م . لەمەولا کارکردنم لە پێشانگا هونەریەکە بە تێڕوانینێکی زۆر جیاوازەوە دەبێت چونکە کاتێکی زۆرم بە نیگەران بوون بۆ پێدانی پارەی پسولەکانم بەفیڕۆ داوە ،وە نیگەرانی ئەوە بووم نەتوانم ئەو کارانە بکەم کە دەمەوێت ئەنجامی بدەم. بۆ

یەکەمجار لە ژیانمدا دەتوانم ڕووناکی ببینم لـە کۆتـای تونێلەکـەدا. بـەڵام دەبێت بڕۆم ئەنجامیان بدەم."

گۆڕانکاری لە خۆتەوە دەست پێدەکات

وتم،" زۆر خۆشەکاتێك دەبینیت شتەکانی دەوروبەرت گۆڕانیـان بەسـەردا دێت دوای ئەوەی خۆت دەگۆڕیت."

لیزلی هـاوڕای پیشـان دا،" ئـەوە ڕاسـتە. مـن بـە شـێوەیەکی جیـاواز لـە کارەکــەم دەڕوانم.بــە جیــاواز لــە بەڕێوەبەرەکــەم دەڕوانم، تەنانــەت بەشێوەیەکی جیاواز لە پسـولەی قـەرزەکانم دەڕوانم. بـەڵام هـیچ کـام لـە کار و بەڕێوەبەر و پسولەکانم نەگۆڕاون. من گۆڕاوم! بیردەکەمەوە ئەگـەر جیاواز لە مێردی پێشووشم بڕوانم موعجیزە ڕوودەدات."

پـات پێکـەنیت وتـی،" دەزانم مەبەسـتت چییە. مـن هـاتم بـۆ ئێـرە بـەو ئومێدەی مێردەکەم بگۆڕێت، بەڵام ئەوەی دەبێت بگۆڕێت ئـەو نییـە،منم. من لەو بیرکردنەوەیەوە کە دەم وت ناتوانم وەها کارێك بکـەم بـەبێ ئـەو، بەڵام ئێستا دەبینم ئەوە خۆمم دەبێت هەنگاوە سەرەتاییەکان بنێم. وای بۆ دەچم ئەویش وردە وردە هاوبەشـیم دەکتت،بـەڵام ئـەوەش لـە ئەستۆ خۆمدایە. وەك ئەوە وایە قورساییەکی زۆرم لەسەر شان بێت."

وتم،"کـێ دەزانێـت! ڕەنگـە چـەندین گۆڕانکـاری سەرسـوڕهێنەری تێـدا ببینیـت کاتێـك دەگەڕێیتــەوە بــەهۆی ئــەو گۆڕانکارییــەی بیرکردنــەوەی خۆتەوە."

پات بەو بیرۆکەیە پێکەنیت.

پات ڕایگەیاند،" بەهۆی ئەوەی من بە ڕێکخەری گروپەکە دانراوم پێشنیارێکم هەیە. ئێمە باسی ئەوەمان کرد دەبێت وابکەین گرو تەوژمی ئەم دوو ڕۆژەمان بمێنێت. پێم وایە ئەوە زۆر گرینگە.

لیزلی وتی،" وا پێدەچێت هەمان ئەو شتە پێشنیار بکەیت کە من بیرم لێ دەکردەوە."

"پێشنیاری ئەوە دەکەم دوای ٦ مانگی داهاتوو پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بە کۆمەڵمان هەبێت بۆ ماوەی یەك کاتژمێر، ئەمەش مانگی جارێك دووبارە بکەینەوە تەنیا بۆ ئەم چوارەمان . بەهۆی ئەوەی ترەیسی و لیزلی و من تازە دەست پێدەکەین،دەزانم ئەم کارە زۆر یارمەتیدەرمان دەبێت . وە ئەگەر کیم حەزبکات زانیاریەکانی خۆیمان پێ بڵێت ،ئەوا چەندین وتوێژی نایاب دەکەین هاوشانی چەندین سەرکەوتنی مەزن. ئێوە چی دەڵێن؟"

هەر چوارمان ڕازی بووین. پات ویستی بە دڵنیاییەوە ڕۆژ وکاتی یەکەمین پەیوەندی بە کۆمەڵمان دیاری بکات.

هەر لەو کاتەدا شاگردی چێشتخانەکە بەدەرکەوت،" خاوەن چێشتخانەکە تێبینی ئەوەی کرردوە هەر چوارتان ئەم ئێوارەیە بەبۆنەی شتێکی زۆد گرینگەوە ئاهەنگ دەگێڕن بۆیە چوار پەرداخ شەرابی وك ستایشێك پێشکەش کردوون ئەو پیرۆزبایتان لێ دەکات" .

ئێمە بە خۆشحاڵیەوە سوپاسی شاگردەکە و خاوەنی چێشتخانەکەشمان کرد.

ئەم جارە ترەیسی هەستایە سەرپێ و وتی،" پێکێك دەنۆشین. سوپاس بۆ هەمووتان، بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی زۆر هەست دەکەم کۆنترۆڵی

ژیانمم لە دەستە. ئەمە پێکێک بۆ ژیانێکی خۆش بۆ هەموومان،بۆ تەندروستی و بەختەوەریمان....وە بۆ ئەو پارە نەقدییە هەڵهێنجراوەی بەهۆی ئەو خەونە مەزنانەمانەوە بە دەستی دەهێنین."

بەخۆشی!"

**کۆتای**

پەراوێز، لەمالی خۆم بوین کاتێك پات سەیری نامەکانی مۆبایلەکەی کرد. نامەیەکی دەنگی لە جەنیسەوە بۆ هاتبوو. ئەو بە دڵتەنگیەوە دەی وت،" من بیرم لەچی دەکردەوە؟! ئایا من شێت ببوم؟ ئەو کورە بەدوای دانانی پەیوەندیەکەوە نەبوو، ئەو تەنها بەدوای بەرژەوەندی خۆی و پارە بۆ خەرجکردنی بەلاشەوە بوو! چی بیّ قیمەتێك بوو! ناتوانم باوڕ بکەم هەستم بەوە نەکرد. تەنانەت ئەوەندە جوانیش نەبوو! بێگومانم ئێوە دوو ڕۆژی زۆر خۆشتان پێکەوە بەسەربردوە . خۆزگە منیش لەوێ دەبووم . ئەوەی خۆم بەسەر خۆمم هێنا ئەوەبوو کاتەکانم لەگەڵ ئەو کوڕەدا بەفیڕۆدا کە وامدەزانیت ئەو داهاتووی منە لە کاتێکدا دەبوو لەگەڵ ئێوەدابومایە و خەریکی بنیات نانی داهاتووم بومایە."

# دوا وتە

زۆربەی خەڵکی دەڵێن پارە گرینگترین شتی ژیان نییە. ڕەنگە ڕاست بێت. لەگەڵ ئەوەشدا پارە کاریگەری لەسەر تەواوی شتە گرینگەکانی ژیانمان هەیە وەك (تەندروستی، خوێندن و هەروەها شێوازی ژیانت).
لە کۆتایدا، پارە یەکێك لەم دوو شتەت بۆ دەکڕێت: کۆیلەیاتی یاخود ئازادی. کۆیلەی کارەکەت، قەرزەکانت تەنانەت هەندێجار کۆیلەی پەیوەندیەکانت. لە بەرامبەریشدا دەکرێ سەربەخۆیت بۆ بکڕێت تا بەو جۆرە بژیت کە خۆت بڕیاری لەسەر دەدەیت .
بە گرینگی دان بە پارە لە ژیانمدا ، سەربەخۆیم کڕیت . ئەوە بەلای منەوە گرینگە ..... زۆر بەسادەی دەتوانم بڵێم لەبەر ئەوەی ڕقم لەوەیە پێم بوترێت پێویستە چی بکەم.

سوپاس بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە.

# دەربارەی نوسەر ـ کیم کیۆساکی

بەهۆی بەپەرۆشی بۆ فێرکردنی ئافرەتان، کیم کیۆساکی ئەزمونی ژیانی لە کاری بازرگانی، خانوبەرە و سەرمایەگوزاریدا بەدەست هێناوە بۆ پاڵپشتیکردنی خوێندنی سەرمایەگوزاری. وتاربێژێکی کاریگەرە ،میوانی چەندین بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بوە، خاوەنی بەرنامەی 'خانمی دەوڵەمەند'ە وێڕای ئەوەش سەرنوسەری ماڵپەڕی (womanEntrepreuneur.com)ە.

کیم ملیۆنەرێکە کە خۆی خۆی پێگەیاندوە و خۆشبەختانە هاوسەرگیری کردووە(وێڕای ئەوەش ئافرەتێکی سەربەخۆیە). یەکەمین کتێبی بە ناوی 'ژنی دەوڵەمەند' ە کە کتێبێکە تایبەت بە سەرمایەگوزاری بۆ ئافرەتان، بۆیە پڕفرۆشترین کتێب بووە لە یەکەمین هەفتەی دەرچونیدا و هەر لەو ئاستەشدا مایەوە بۆ ماوەی ١١ مانگ دوای دەرچونی. خانمی دەوڵەمەند پڕ فرۆشترین پەرتوکی بوو لە مەکسیك، باشوری ئەفریقا، هیندستان، ئوستراڵیا و سەرتاسەری ئەوروپا.

کیم پشتی بە کتێبی نێو دەوڵەتی 'باوکی دەوڵەمەند' بەستوە بۆ پیشاندانی دیارترین ئامارەکانی پەیوەندیدار بە ئافرەت و پارەوە، وە لە ڕێگای کتێبی 'ژنی دەوڵەمەند' ەوە وسایتی (www.richwoman.com) کۆمەڵگایەکی بنیات ناوە بۆ فێربون و بەرەوپێشچونی ئافرەتان.

کیم کیۆساکی چۆیە ناو جیهانی بازرگانیاوە بە دەستبەکاربوونی لە بەرزترین ئاژانیسی ڕێکلام لە هۆنولیۆ. لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا گۆڤاری

هۆنولیۆی بەڕێوەدەبرد کە لە خزمەت کۆمەڵگەی کاری بازرگانیدا بوو. زۆری نەبرد تا ڕوحی فێرکاری بازرگانی لە کیمدا بەدەرکەوت و دوای دوو ساڵ دەستی بە یەکەمین کاری تایبەت بەخۆی کردووە. کۆمپانیایەکی گرێبەستی موڵکی بوو کە مۆرکی نەتەوەی پێوەبوو.زۆری نەخایاند دوای ئەوە بوو بە هاوەڵی ڕۆبێرت کیۆساکی لە کۆمپانیایەکدا کە لە وێوە فێری بەڕێوەبردنی کاری بازرگانی بووە. کارەکەیان گەشەی سەند بۆ ١١ نوسینگە لە ٧ وڵاتی جیاجیادا و سیمیناریان بۆ دەیان هەزار بەژداربوو پێشکەش دەکرد.

لەساڵی ١٩٨٩ کیم دەستی کردووە بە پیشەی سەرمایەگوزاری خانوبەرەی بەکڕینی موڵکێکی بچوکی دوو ژووری نوستنێ و یەک گەرماوی کە بۆبەکرێدان بوو لە پۆرتلاند، ئۆرگن. لە ئێستادا کۆمپانیا سەرمایەگوزاریەکانی کیم موڵکی ملیۆمان دۆلاری دەکڕێت و دەفرۆشێت و بڕێوە دەبات.

کیم و ڕۆبێرت کە لە ساڵی ١٩٨٤ هاوسەرگیریان کردووە، سیمینارە فێرکاریەکانیان فرۆشتوە. لە ساڵی ١٩٩٤ خانەنشین بووە.

کیم و ڕۆبێرت کە دامەزرێنەری کۆمپانیای باوکی دەوڵەمەندن، کە کۆمپانیایەکە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی باوکی دەوڵەمەند و بیرکردنەوە داراییەکانی. لە ڕێگای کتێب، یاری و چەندین ئامرازی تری فێرکارییەوە. تا بوە بە دەمەزراوەیەکی نیودەوڵەتی و شوێنی خۆی گرتوە."

"من کتێبی ژنی دەوڵەمەندم نوسیوە چون باوڕم وایە جیهان دەبێتە شوێنێکی باشتر ئەگەر خانمانی دەوڵەمەندی زیاترمان هەبێت".




باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار

نوسەر: ڕۆبێرت کیۆساکی

بابەت: ئابوری خود

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

قیاس: ١٤- ٢١

ژمارەی لاپەرە: ٢٧٦

نرخ: ٥٠٠٠ هەزار دینار

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم کتێبە، وە هۆکاری ئەوەی لە ٢٠٠٠ وە پڕفرۆش ماوەتەوە، بۆ تێگەیشتن بوو لەوەی کە چۆن زیادبوونی زیرەکی دارایی دەکرێت بەکاربێت بۆ چارەسەری گەلێك کێشەی باوی ژیان. بە بێ ڕاهێنانی دارایی، زۆربەی جار ئێمە هاوکێشە باو و ستانداردەکان بەکاردێنین بۆ ژیانکردن: بە سەختی کار بکە، پاشەکەوت بکە، قەرز بکە و باجی زۆر بدە. ئەمڕۆ، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە زانیاری باشترە.




منداڵی دەوڵەمەند

منداڵی زیرەك

نوسەر: رۆبێرت کیۆساکی

بابەت: پەروەردەی دارایی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

قیاس: ١٤- ٢١

ژمارەی لاپەرە: ٤٣٢

نرخ: ٧٠٠٠ هەزار دینار

ئەم کتێبە بۆ ئەو دایك و باوکانە نووسراوە کە درك بەوە دەکەن دونیا گۆڕاوە وگومانی ئەوەیان هەیە کە سیستەمی ئێستای پەروەردەمان بە شێوەیەکی دروست و گونجاو خۆراکی پێویستیە تایبەتیەکانی منداڵەکانیان نادات. ئەم کتێبە بۆ ئەو دایك و باوکانە نووسراوە کە دەیانەوێت ڕۆڵێکی چالاکتر ببینن لە پەروەردەی منداڵەکەیاندا، لە بری ئەوەی بەرپرسیاریەتیەکە بۆ سیستەمی قوتابخانە بەجێبهێڵن.

# RICH WOMAN
# KIM KIYOSAKI

زۆر سوپاس بۆ بایەخدانت بە کتێبی (ژنی دەوڵەمەند). پێم وایە کات و پەیام و فەلسەفەی ئەم کتێبە لەم ڕۆژگارەدا زۆر پێویستترە لەچاو پێشووەوە بۆ تەواوی ئافرەتانی جیهان. بۆچی؟ چونکە جیهانی ئەمڕۆی ئافرەتان زۆرجیاوازترە لە سەردەمی دایك و دایە گەورەو دایکی دایکمانەوە. یاساکان بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە پارەو سەرمایەگوزاری داراییەوە گۆڕاون.